# مووسا
# شازادەی میسر

# مووسا
# شازادەی میسر

## هاوارد فاست

بەرگی دووەم

وەرگێڕانی
**ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل**

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- **مووسا شازادەی میسر**
- **نووسینی:** هاوارد فاست
- **وەرگێڕانی بۆ فارسی:** زەبیحوڵڵای مەنسووری
- **وەرگێڕانی بۆ کوردی:** ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** محەمەد – ڕێدار – سازگار
- **بەرگ:** ئاسۆ مامزادە
- **چاپ:** یەکەم – بەرگی دووەم ٢٠٠٩
- **ژمارەی سپاردن:** ١٠١٥
- **نرخی هەردوو بەرگ:** ٨٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٢٤٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



# پێرست

١٧- ڕووداوێکی دڵتەزێن ........ ٧
١٨- گەڕانەوە ........ ٣١
١٩- زێد ........ ٦١
٢٠- داواکاریی لە فیرعەون ........ ١٠٣
٢١- لە پێناوی کۆیلەیەکدا ........ ١٤١
٢٢- هەڵاتن ........ ١٧٧
٢٣- شوانێك لە میدیان ........ ٢١٧
٢٤- زوڵم لە ڕادە تێدەپەڕێ ........ ٢٦٣
٢٥- نکوولّیی فیرعەون ........ ٢٨٩
٢٦- فیرعەون دەترسێ ........ ٣٣٥
٢٧- لە چاوەڕوانیی هەلێکی گونجاودا ........ ٣٦٩
٢٨- چوونە دەرەوە لە میسر ........ ٤٠٥
٢٩- لە ناوچوونی لەشکری فیرعەون ........ ٤٣٧

-١٧-

## ڕووداوێکی دڵتەزێن

پەیوەندی نێوان مووسا و غولامەکەی، پەیوەندی نێوان غولام و خاوەن غولام نەبوو، بەڵکو پەیوەندییان وەکو پەیوەندی دوو دۆستی دڵسۆز وابوو.

مووسا هەستی بەهەر شتێك بکردبایە بۆ غولامەکەی خۆی باسدەکرد و نوونیش هەستی خۆی بۆ مووسا ئاشکرا دەکرد.

کاتێك ئەو ماڵە وەدەرکەوت، نوون پەنجەی بۆ خانووی پزیشك درێژ کرد و گوتی: سەروەرم ئایا دەزانی یەکەمجار چ کاتێك ئەم ماڵەمان بینی؟

مووسا گوتی: سێ ساڵ بەسەر ئەو زەمەنەدا تێدەپەڕێ.

نوون گوتی: ئەوسا من و تۆ، سێ ساڵ لە ئێستا لاوتر بووین. ئێستا واپیر بووین و ریشمان دەگاتە ناوەڕاستی سنگمان.

مووسا ئاوێنەی بە دەستەوە گرت و لە خۆی ڕوانی. پاشان، ئاوێنەکەی دایە دەست غولامی خۆی تا ئەویش تەماشای خۆی بکا.

نوون کە ئەو ریشە درێژەی خۆی لە ئاوێنەدا بینی گوتی: سەروەرم من لەبەر ئەوەی غولامی تۆم هەرکاتێك ریشم درێژ بێ هیچ خەوشێکی تێدا نییە، بەڵام ئەگەر تۆ بەم ریش و قژە تێکچرژاوەی سەرتەوە، بچیە لای دەزگیرانەکەت، تووشی وەحشەت دەبێ.

مووسا وەڵامیدایەوە: ڕاستدەکەی. دەبێ ئێمە سەر و ریشی یەکتری بتاشین و قژی سەرمان شانە بکەین ئینجا بچینە لای مریت ئاتوون.

مووسا و غولامەکەی بە ئاژۆی بەلەمەکەیان، کە خەڵکی ناوچەکە بوو، گوت کە بیانگەیەنێتە لێواری شەت تاکو بتوانن لە وشکانی بێنەخوارەوە.

پاش ئەوەی بەلەمەکە گەیشتە لێواری شەت، بە گوریسێك بەلەمەکەیان بە بەردێکەوە بەستەوە تا ڕێژەوی ئاوەکە بەلەمەکە نەبا. پاشان مووسا کەرەسەی ریش تاشین و شانەی لە بەلەمەکە دەرهێنا، یەکەمجار نوون ریش و سمێڵی مووسای تاشی و قژی شانەکرد. پاشان



مووساش دەستی کرد بە تاشینی ریش و سمێڵی غولامەکەی خۆی و بە شانە قژی سەری ئەو لاوە دەشتەکییەی ڕێك و پێك کرد.

پاش ئەوەی ئارایشکردن تەواو بوو، مووسا گوتی کە پێویستە جل و بەرگی ڕەسمیی خۆی لەبەربکا. پاش ئەوەی کە مووسا جل و بەرگی خۆی گۆڕی، ئینجا نۆرەی نوون هات کە جل و بەرگی خۆی بگۆڕێ.

بەر لەوەی کە ئەوان لە کۆشەوە بکەونە ڕێ، مووسا، چەند کراسێك و کەمەربەندێکی زیوینی بۆ غولامەکەی خۆی کڕیبوو. ئەو ڕۆژە نوون یەکێك لەو کراسانەی لەبەرکرد و مووساش یاریدەیدا تا کەمەربەندی زیوین لە پشتی خۆی ببەستێ.

ریش تاشین و شانەکردنی سەروقژ و جل گۆڕین، تا نزیکی نیوەڕۆی لەکاتی مووسا و نوون گرت. دوای ئەوە مووسا و نوون بەرەوڕووی ماڵی سپی کەوتنە ڕێ. مووسا بەبێ چەك (مانای شمشێر یان چەقۆ) بەرەو ئەو ماڵە هەنگاوی نا بەڵام نوون چەقۆیەکی بەبەرکەمەر و شمشێرێکی بە شانییەوە هەڵواسی.

مووسا لە پێشەوە ڕۆیشت و نوونیش لە پشت سەروەری خۆیەوە کەوتە ڕێ تاکو خۆیان بگەیەننە ماڵی پزیشکی گۆشەنشین.

پێش ئەوەی مووسا بەرەو سەر زەوینی کۆش بڕوا، لەو شەوەدا کە لە ماڵی پزیشکی بەسەربربدبوو، باسی ئەوە کرا کە ئەو ماڵە، لە لێواری ڕووباری نیل، لەسەر بەرزاییەك هەڵکەوتبوو، بۆیە مووسا و نوون بۆ ئەوەی کە بتوانن خۆیان بگەیەننە ماڵی پزیشکی گۆشەنشین دەبوایە بەهەورازدا سەربکەون.

مووسا لە نوون زووتر گەیشتە ئەو پەرستگایەی، کە لەو شەوەدا کە لە ماڵی پزیشکی گۆشەنشیندا مابۆوە، چەند کاتژمێرێکی لەوێ بەسەربرد بوو.

کاتێك مووسا گەیشتە نزیکی پەرستگاکە، بە حەپەساوی ڕاوەستا، چونکە بینی بەشێك لەو پەرستگایە وێران بووە. پاشان چاوی بەتەرمی منداڵێك کەوت کە دیاربوو منداڵی یەکێك لە کەنیزان و غولامەکانە و ئینجا بە نوونی گوت: ئایا تەرمی ئەم ساوایە دەبینی؟

نوون چەمایەوە و دەستی لە لەشی منداڵەکەدا و هەستی کرد کە بەکاریگەری گەرمی هەوا و تیشکی خۆر، لاشەی منداڵەکە وەکو چەرم وشك بۆتەوە.

مووسا گوتی: من لە وێران بوونی ئەم پەرستگایە و تەرمی ئەم ساوایە سەرم سوڕماوە، بە دووری نازانم کە ئەم منداڵە لە ترسان هاتۆتە ئێرە و لەبەر ئەوەی کە زانیویەتی ئێرە پەرستگایە، وای وێناکردووە کە لێرە، لە مەترسیی لە ئاماندا دەبێ.

نوون گوتی: سەروەرم، بەڵام هاتنی ئەم منداڵە بۆ پەرستگا، نەیتوانیوە منداڵەکە لە مەترسی رزگاربکا و هەر بەو جۆرەی کە دەیبینی منداڵەکەیان کوشتووە.

ئەو خوێنەی کە لەبەر منداڵەکە رۆیشتبوو، بەهۆی ئەوەی کە باران نەبارییبوو و بەرەنگی رەش خۆی دەنواند، پیشانی دەدا کە ئەو منداڵەیان کوشتووە.

نوون گوتی: سەروەرم، من وا وێنادەکەم کە خواکانی کۆش لەم پەرستگایەوە تێپەڕیون و ئەم وێرانکارییە و کوشتنی ئەم منداڵە، کاری ئەوانە!

مووسا قسەی ئەم لاوەی سەلماند، چونکە لە میسرەوە کەسێك بەوێدا نەدەهات تاکو پەرەستگاکە وێران بکا و منداڵێك لە پەرستگا بکوژێ. بۆیە دەبێ کەسانێك لە کۆشەوە هاتبنە ئێرە و ئەو پەرستگایەیان وێران کردووە و ئەم منداڵەیان کوشتووە.

مووسا زاتی ئەوەی نەدەکرد بە نوون بڵێ کە چ پرسێك بەنێو مۆژەیدا هاتووە، سەری خۆی بەرزکردەوە و چاوێکی لە ماڵی پزیشك کرد.

دەزانین کە لە نێوان پەرستگاکە و ماڵی پزیشکدا هێندێك مەودا هەبوو، سەرەڕای ئەوەش کە لە رێگای رووبارەوە بە باشی نەدەکەوتە بەرچاو، مووسا سەرنجی دا کە هێندێك لە ماڵەکەش وێران بووە. لە بەشێکی دیکەدا رەشاییەکش کە لە ئاکامی ئاگرتێبەربوونەوەیە، دەکەوێتە بەرچاو.

نوونیش وەکو خاوەنەکەی خۆی، وێرانیی ماڵەکە و رەشاییەکی، کە لە ئاکامی ئاگرتێبەربوونەوە بوو، بینی. مووسا گوتی: با بەرەو ماڵەکە بچین.

کاتێك ماوەیەك رێگایان بڕی، گەیشتنە بەشێك کە لە رابردوودا باخچەی هەبوو و لەوێدا گوڵیان پەروەردە دەکرد. مووسا و غولامەکەی بینییان کە هەموو بنەگوڵەکان بەهۆی ئەوە کە ئاویان بۆ نەچووە، وشك بوون. وادەردەکەوت کە ماوەیەك تێدەپەڕی بەسەر ئەوەی کە ئەو گوڵانە ئاویان پێنەگەیشتووە.

کاتێك گەیشتنە ماڵەکە تەرمی پزیشکی گۆشەنشین کەوتە بەرچاوی مووسا.

مووسا لە رووی نیشانەکانی دەست و پێ و ئەندام و جل و بەرگەوە، ئەو پزیشکەی ناسییەوە نەك لە رووی رووخسارییەوە، چونکە لاشەی پزیشکی گۆشەنشین سەری پێوەنەبوو.



مووسا تێگەیشت کە بەو هۆیەوە سەری پزیشکیان بڕیوە و بردوویانە، تا نەتوانرێ لاشەکەی مۆمیا بکرێ. چونکە لە میسر پێداویستی مۆمیا کردنی لاشە ئەوەبوو کە سەری هەبێ و لاشەی بێ سەریان مۆمیایی نەدەکرد. ئەوان وایان بیر دەکردەوە کە مۆمیاکردنی لاشەیەك کە سەری پێوە نەبێ هیچ مانایەکی نابێ.

میسرییەکان لەو رووەوە لاشەی مرۆڤیان مۆمیادەکرد کە باوەڕیان وابوو ئەگەر لاشەیەك مۆمیا بکرێ پاش مردن زیندوو دەبێتەوە. مانای ئەوەی کە هۆکاری مردنی لاشە بووە، پاش ئەوەی کە مردوو خرایە نێو گۆڕەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە و لە نێو لاشەکەیدا دەتوێتەوە و زیندووی دەکاتەوە. بەڵام مردوویەك کە سەری پێوەنەبێ، پاش ئەوەی کە دەخرێتە نێو گۆڕەوە، زیندوونابێتەوە چونکە سەری پێوە نییە تا دووبارە ژیانی تازە ببێتەوە.

کەوابوو بە باوەڕی میسرییان، مۆمیاکردنی مردوویەك کە سەری نییە، کارێکی بێهوودەیە چونکە ئەو مردووە هەرگیز زیندوو نابێتەوە.

پرسی زیندووبوونەوەی مردووان، باوەڕی هەموو میللەتانی کۆن بووە. لە تواناادا نییە میللەتێك لە رابردوودا بدۆزرێتەوە کە باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی مردووان نەبووبێ، چونکە خەڵکی کۆن نەیاندەتوانی ئەوە قبووڵ بکەن کە مردن، کۆتایی ژیانی مرۆڤ بێت. ئەوان مرۆڤیان لە بەرامبەر بوونەوەرانی دیکەدا ئەوەندە باڵاتر دەزانی کە پێیان وابوو مردن، حاڵەتێکە هەروەکو خەوتن وایە. هەر بەو جۆرەی کە مرۆڤ پاش خەوتن دووبارە بەخەبەردێتەوە، پاش مردنیش دیسانەوە ژیانی دەست پێدەکاتەوە.

ئەمڕۆش، سەرەڕای ئەوەی کە زانست، لە بەرامبەر چەند هەزار ساڵ بەر لە ئێستا زۆر پێشکەوتووە، بیری مردنی یەکجارەکی، بۆ زۆران کەس، شایانی قبووڵ کردن نییە و وا وێنادەکەن کە پاش مردن زیندوو دەمێننەوە. بەو پێیە نابێ میسریانی کۆن سەرکۆنە بکرێن لەبەر ئەوەی کە باوەڕیان بەوە بووە مرۆڤ پاش مردن، زیندوو دەبێتەوە.

مووسا، پاش دۆزینەوەی لاشەی ئاتوون مووسا، مانای پزیشکی گۆشەنشین، لاشەی مریت ئاتوون، کچەکەی ئەوی دۆزییەوە. مریت ئاتوون بەسەر روودا کەوتبوو و نێزەیەکی لە پشتی درابوو. بەو نێزەیە ئەویان بەزەوییەوە دووریبوو. نێزەکە پیشانی دەدا کە مریت ئاتوون بە دەستی جەنگاوەرانی کۆش کوژراوە، چونکە لە جۆری نێزەی جەنگاوەرانی کۆش بوو کە مووسا بە چاکی دەیناسی.

دایکی مریت ئاتوون و هەموو غولام و کەنیزەکانیشیان کوشتبوون.

نوون، لەو ساتەدا کە لاشەی منداڵەکە لە پەرستگادا دۆزرایەوە، سەرنجی لە خاڵێك گرت کە مووسا دیقەتی لێنەگرتبوو. ئەم خاڵەش ئەوەبوو کە ماوەیەکی درێژ بەسەر کوژرانی خەڵکی ماڵی پزیشکی گۆشەنشیندا تێدەپەڕی، بەڵام بەهۆکاری وشکیی هەوا و نەبارینی بارانەوە لاشەکان شی نەبوونەتەوە بەڵکو وشك بوونەتەوە.

وشکیی لاشەکان، نوونی حاڵی کرد کە پتر لە ساڵێك بەسەر کوژرانی خەڵکی ئەم ماڵەدا تێدەپەڕێ و لەوانەیە دوو ساڵ پێشتر کوژرابن.

نوون نەیتوانی تێبگا کە بۆچی تا ئەو کاتە ئەو لاشانە ئاشکرا نەبوون. ئایا لە ماوەی یەك یان دوو ساڵ، کە بەسەر کوژرانی خەڵکی ئەو ماڵەدا تێدەپەڕێ، کەسێك نەچۆتە نێو ئەو ماڵەوە تا چاوی بەو لاشانە بکەوێ، یان کەسانێك کە چوونەتە نێو ئەو ماڵەوە و پاش بینینی تەرمەکان رۆیشتوون، چونکە پێیان وابووە کە کوژرانی خەڵکی ئەو ماڵە پەیوەندی بەوانەوە نییە.

لەوانەشە لە ماوەی ئەو یەك یان دوو ساڵەدا هیچ کەسێك پێی نەنابێتە نێو ئەو ماڵەوە، چونکە ماڵێکی دوورەدەست بوو و تەنیا دۆستانی ئاتوون مووسا لەوانەبوو لە کاتی تێپەڕبوونیان بەو ناوچەیەدا بچنە ماڵی پزیشکی گۆشەنشین. لەوانەیە لەو ماوەیەدا، هیچ کەسێك لە دۆستانی ئەو پزیشکە لەوێوە تێنەپەڕی بن تا بچنە نێو ئەو ماڵەوە.

لەو ساتەوە کە مووسا لاشەی دەزگیرانی خۆی، مریت ئاتوونی دی، بێدەنگ بوو. مووسا ئیتر هیچ قسەی نەکرد. نوون بە مووسای گوت: سەروەرم، من دەزانم تۆ تا چ رادەیەك غەمباری، بەڵام گیرخواردنی تۆ لێرە کارێکی بێ سوودە. ئەگەر دەتەوێ ئەو لاشانەی کە سەریان هەیە مۆمیا بکرێن، ئەوا دەبێ بچیتە کەرنەك، کە لێرەوە نزیکە و لەوێ کارسازیی بۆ مۆمیاکردنی لاشەکان ئەنجام بدەی.

مووسا وەڵامینەدایەوە.

نوون گوتی: من باوەڕم وایە کە دەبێ ئەم لاشانە و بە لای کەمەوە تەرمی مریت ئاتوون و دایکی و باوکی بنێژرێن تاکاتی ئەوە دێت کە لاشەکان مۆمیا بکرێن و لەبەر ئەوەی لاشەکان وشك بوونەتەوە، لە ژێر خاکی ئێرەدا کە زیاتر لمە، نارزێن.

مووسا دووبارە وەڵامی غولامەکەی خۆی نەدایەوە.



نوون گوتی: سەروەرم، ئایا مۆڵەت دەدەی من بە یاریدەی ئاژۆی بەلەمەکە، کە لە لێواری رووبارەکەیە لاشەکان بنێژم و پاشان لێرە بڕۆین و تۆ لە کەرنەك کاری مۆمیاکردنی لاشەکان ئەنجام بدەی.

مووسا هەر ئاوا بێدەنگ مابوو و نەیدەتوانی قسە بکا. نوون بێدەنگی خاوەنەکەی خۆی بە نیشانەی رەزامەندی وەرگرت و بە ئاژۆی بەلەمەکەی گوت کە بێت.

ئاژۆی بەلەمەکە، وای وێناکرد کە ئەو بۆ نانی نیوەڕۆ بانگهێشت دەکەن. ئەو وای بیرکردەوە کە مووسا و نوون، میوانی ئەو خاوەن ماڵەن و ویستوویانە کە داوەتی میوانییەکە لەگەڵ ئەودا بەیەکەوە بخۆن. بەڵام کاتێك کە چووە نێو ماڵەکە و چاوی بە لاشەکان کەوت، تێگەیشت کە جگە لە مووسا و نوون، کەسی تری تێدا نییە و هەموو خەڵکی ئەو ماڵەیان کوشتووە.

نوون داوای لە ئاژۆی بەلەمەکە کرد کە دەست لە لاشەکان بدا و بڵێ کە ماوەی چەند بەسەر مردنی ئەوانەدا تێپەڕبووە.

ئەو پیاوە دەستی لە لاشەکاندا و گوتی: ئەوانە بەلای کەمەوە ساڵ و نیوێك پێش ئێستا کوژراون.

نوون گوتی: منیش هەر ئاوابیردەکەمەوە.

ئاژۆی بەلەمەکە پرسی: ئەوانە کە کوژراون بۆچی لاشەکانیان مۆمیایی نەکردوون و نەیان ناشتوون؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك نەهاتۆتە ئێرە تا بە کوژرانی ئەمانە بزانێ. ئێمە یەکەمین کەسین کە پاش ساڵ و نیوێك یان دوو ساڵ پێ دەخەینە نێو ئەم ماڵە. ئێستا تۆ یاریدەی من بدە تا گۆڕیان بۆ هەڵبکەنین و لاشەکان بە خاك بسپێرین تا لە پاشان سەروەری من بۆ مۆمیاکردنیان دەستبەکاردەبێ.

لەو رۆژەوەی کە مووسا لەگەڵ نوون و ئاژۆی بەلەکەمە، لە ماڵی پزیشکی کوژراو، کەوتە رێ تاکو بەرەو کەرنەك بڕوا، تا ئەو رۆژەی کە چوونە نێو ئەو شارەوە، یەك تاکە وشە قسەی نەکرد. ئەو، تەنانەت بۆ پێویستترین شتیش، لێوی لێك نەکردەوە. هەرگیز داوای لە غولامی خۆی نەکرد کە خواردن یان ئاوی بداتێ. بەڵام نوون کە دەیزانی خاوەنەکەی تینوو یان برسییەتی، هەر لەو دەمانەدا کە مووسا لە رابردوودا، نانی دەخوارد، خواردنی بۆ ئامادە

دەکرد و جامێك ئاوی بەلێوییەوە دەنا تا بیخواتەوە و لە کاتی خەوتن، لە نێو بەلەمەکەدا، جێ خەوی بۆ ئامادە دەکرد تا بحەسێتەوە.

ئاژۆی بەلەمەکە، ئەو ڕۆژەی کە بەکرێگیرا و بوو بە خزمەتکاری مووسا، نەیدەزانی کە ئەو کوڕی پاشای میسرە.

یەکەمین جار، کە ئەو پیاوە ئەم بابەتەی زانی، ڕۆژێك بوو کە مووسا و نوون لە لێواری شەتی نیل ریشی یەکتریيان تاشی و مووسا جل و بەرگێکی شیکی پۆشی و گەوهەری پاشایەتی بەخۆیدا کرد.

ئەو ڕۆژە، ئاژۆی بەلەمەکە تێگەیشت ئەو لاوە، کە ئەو وای وێنادەکرد یەکێکە لە ئەفسەرە ئاساییەکانی سووپای میسر، کوڕی پاشای میسرە.

گوتمان تا ئەو ڕۆژەی کە مووسا هێشتا نەگەیشتبووە نێو ماڵی پزیشکی گۆشەنشین، هێز و گوڕی تێدا بوو، چونکە دەیزانی کە بە زوویی دۆستانی خۆی دەبینێ. بەڵام پاش ئەوەی کە چووە نێو ماڵی پزیشك و چاوی بە لاشەکان کەوت، چالاکیی ئەو لە بەین چوو و غەمێکی گەورە جێگای ئەو چالاکییەی گرتەوە.

ئاژۆی بەلەمەکە، کە یاریدەی نوونی دابوو تا لاشەکان بە خاك بسپێرن، تێدەگەیشت کە ئەو غەمە گەورەی ئەم لاوە، لە کوژرانی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەو خانووەدا دادەنیشتن.

ئاژۆی بەلەمەکە، پاش ئەوەی تێگەیشت کە مووسا گیرۆدەی گەورەترین نائومێدی بووە، کە لەوانەیە تووشی هەر کوڕە لاوێك ببێت، جاروبار لەبارەی ژیان و مردنەوە قسەی دەکرد، بەڵام ڕووی ئاخاوتنی لەو نەدەکرد، بەڵکو بەجۆرێك قسەی دەکرد کە هەروەکو بڵێی لەگەڵ خۆیدا قسە دەکا و بیرەکانی وی بێ ئیرادە دێنە سەر زمانی. مەبەستی ئاژۆی بەلەمەکە ئەوەبوو کە ئەو پیاوەلاوە کەمێك سەبووریی بەدڵدابێت.

ئاژۆی بەلەمەکە کە پیاوێکی بەساڵداچوو بوو، دەیگوت: مردن و ژیان هەروەکو یەك وان و ئەم دووانە جیاوازییان لە نێواندا نییە. ژیان وەکو ئاوی ڕووباری نیل وایە، کە لەم ڕووبارەدا دەڕوا و مردنیش بریتییە لە ئاوی هەمان ڕووبار بەڵام کاتێك کە دەچێتە نێو جۆگا بچووکەکانی ئاودێرییەوە و مەزراکانی میسری خواروو (مانای میسری باکوور) پاراو دەکا، خەڵك واوێنادەکەن، ئاوێك کە لەو جۆگایانەوە دەڕوا، جیایە لەو ئاوەی کە لەم ڕووبارەدا دەڕوا. لە حاڵێکدا کە هەردووکیان یەك ئاون و لە یەك جێگاوە، مانای لە ئاسمانەوە دێت.



ژیان و مردنیش هەر یەکێکە و جیاوازییان لە نێواندا نییە، جگە لەوەی کە یەکێکیان، وەکو ئاوی ئەم ڕووبارە لە تاڤگەکانەوە جۆشوخرۆشکی تێدایە و ئەویتر وەکو ئاوی هەمان ڕووبار لە جۆگا بچووکەکانی ئاودێریدا بەبێ جۆش و خرۆشە.

کاتێك ئێمە مردوویەك دەبینین، لەبەر ئەوەی کە تەماشا دەکەین ناجوولێتەوە و قسە ناکا، واوێنادەکەین کە مردووە، چونکە هەروەکو کەسانی زیندوو، لە نوختەیەکەوە ناچێ بۆ نوختەیەکی تر و قسە ناکا و هاوارێك لەوییەوە نایەتە بەرگوێ. بەڵام هەمان مردوو، جووڵانەوەی هەیە و جیاوازییەکی لەگەڵ ئێمەدا کە زیندووین، نییە و جیاوازی ئەو لەگەڵ ئێمەدا، وەکو جیاوازی ئاوی جۆگا بچووکەکانی مەزراکانی دەوروبەری نیلە لەگەڵ ڕووباری نیل کاتێك کە لە تاڤگەکانەوە هەڵدەڕژێ. بۆیە نابێ ئێمە بۆ کەسانێك غەمبار بین کە مردوون و واوێنا بکەین کە ئەوانە ئیتر بوونیان نییە. چونکە ئەوانە وەکو ئێمە زیندوون و هەن و ئێمەش ڕۆژێك ئەگەر بمرین، ئەوا هەر زیندووین و هەین.

بەڵام ئەم دڵنەواییانە نەیتوانی غەمی مووسا کەمبکاتەوە و سەبوریی ئەم پیاوە لاوە بدات.

پاش ئەوەی کە چوونە ناو شاری کەرنەکەوە، مووسا غولامەکەی خۆی بۆ (خانەی مردووان)ی ئەو شارە، مانای ئەو جێیەی کە لەوێ مردووەکانیان مۆمیادەکرد، نارد تاکو لەبارەی مۆمیاکردنی لاشەکانی ماڵی پزیشکی کوژراو بکۆڵێتەوە.

مەبەستی مووسا، کە تەنیا پاش چوونە نێو شاری کەرنەك زمانی لێك کردبۆوە، ئەوەبوو کە ئایا دەتوانرێ لاشەگەلێکی کە ساڵ و نیوێك یان زیاتر لە مردنیان تێدەپەڕێ و بەهۆکاری کاریگەریی هەوا و گەرمی خۆر وشکبوونەتەوە، مۆمیا بکرێن یان نا؟

غولامەکە ڕۆیشت و پاش لێکۆڵینەوە گەڕایەوە و مووسای ئاگادارکردەوە کە دەتوانرێ ئەو لاشانە مۆمیا بکرێن، بەڵام شێوەی مۆمیاکردنی ئەوانە لەگەڵ مۆمیاکردنی لاشەی تازە جیاوازیی هەیە.

مووسا بەغولامی خۆی گوت، برۆ ساغی بکەوە کە ئایا دەبێ لاشەکان، لە ماڵی کوژراوەکانەوە بگوازرێنەوە بۆ ئێرە تاکو لێرە مۆمیابکرێن یاخود دەکرێ لەوێ هەر لەو جێیە، مۆمیا بکرێن.

نوون وەڵامی هێنایەوە کە دەتوانرێ لاشەی وشك لە شوێنی مردنی خۆیاندا مۆمیا بکرێن، چونکە بەهۆی وشکبوونەوەی ماسولکە و دەمار و ئێسقانەکانی لەشەوە، ئیتر دانانی مردووەکان لە نێو ئەستێرکی پڕ لە ئاوی سوێر و گیراوەی دیکە، کارێکی پێویست نابێ.

پاش ئەوەی کە بڕیاردرا مۆمیاکاران لە کەرنەکەوە بچنە ماڵی پزیشك و لاشەکان، لە هەمان جێ مۆمیا بکەن و بە خاکیان بسپێرن، مووسا تێگەیشت کە بۆ دانی کرێی مۆمیاکاران، چوونی ئەوان بۆ ماڵی پزیشك، گەڕانەوەی ئەوان لەو ماڵە، خەرجیی هەڵکەندنی گۆڕەکان و بنیاتنانی بینایەك لەسەر گۆڕەکان زێر و زیوی نییە، بەڵام مووسا گەوهەری پێبوو. مووسا چەند گەوهەرێکی دا بە نوون تا بچێتە لای گەوهەر فرۆشان و گەوهەرەکان بفرۆشێ و زێڕ و زیو وەربگرێ و خەرجییە پێویستەکانی لێبدات.

نوون گوتی: سەروەرم، ئەگەر گەوهەر فرۆشان ئەم گەوهەرانە بەدەستی منەوە ببینن، واوێنا دەکەن کە من ئەمانەم دزیوە و نە تەنیا هەر لێم ناکڕن بەڵکو دەمدەنە دەستی دارۆغە.

مووسا پرسی: چ بکەم؟

نوون گوتی: سەروەرم، تۆ خۆت لەگەڵ مندا وەرە بۆ لای گەوهەر فرۆشان و پێیان بڵێ کە من ئەو گەوهەرانەم داوەتێ تاکو بیانفرۆشێ. ئینجا تۆ بگەڕێوە و من خۆم دەیانفرۆشم و زێڕ و زیو وەردەگرم و دەگەڕێمەوە.

مووسا لەگەڵ غولامی خۆی کەوتە ڕێ و چووە لای گەوهەر فرۆشان و بەوانی گوت: ئەم لاوە غولامی منە. من چەند دانە گەوهەرم داوەتێ تا بیانفرۆشێ و پارەکەیانم بۆ بێنێتەوە.

گەوهەر فرۆشان کاتێك ئەو لاوەیان بینی، ڕێز و حورمەتێکی، کە دەبوایە لە بەرامبەر کوڕی فیرعەون ڕەچاوی بکەن، بەجێهێنا و مووسا گەڕایەوە. کڕیارانی گەوهەر، لە ترسی مووسا، گەوهەرەکانیان بە نرخێکی باش لە نوون کڕی و نرخی گەوهەرەکانیان بە ئەڵقەی زێڕ دا و نوون گەڕایەوەو زێڕەکانی لە بەردەمی مووسا دانا.

مووسا، چەند ئەڵقەیەکی زێڕی بۆ خەرجی خۆی هەڵگرت، پاشماوەکەشی بە غولامەکەی خۆی سپارد و پێی گوت کە بچێتە لای مۆمیاکاران و بەهەر جۆرێك کە مایەی ڕەزامەندیی ئەوان بێ، هەقیان بداتێ و ئەوان بباتە ماڵی پزیشك. لە کاتی چوون بۆ ئەوێ دەبێ بەلای پەرستگای ڕامسیسی دووەم، کە نفی سەرۆکی تەلاسازانی پاشایەتی سەرقاڵی دروست



کردنیەتی، تێبپەڕێ و ئەویش لە چۆنایەتی کاری خۆی ئاگادار بکاتەوە تا ئەویش بزانێ کە ئەو بۆ مۆمیاکردنی لاشەکان و بە خاك سپاردنیان دەڕوا.

نوون پرسی: سەروەرم، ئایا پێویست دەکا بە نف بڵێم ئێمە بۆ مۆمیاکردن و ناشتنی لاشەکان دەچین؟

مووسا گوتی: بەڵێ، چونکە نف لە دۆستانی ئاتوون مووسا بوو و لەوانەیە بیەوێ پێش ئەوەی کە لاشەی پزیشك مۆمیا بکەن و بینێژن، چاوی پێبکەوێ.

جگە لەمەش، تۆ نازانی کە دەبێ لەسەر گۆڕەکان چ دروست بکرێ، چونکە تۆ تەلارساز نی، بەڵام نف تەلارسازە. ئەو دەزانێ کە دەبێ لەسەر گۆڕی ئاتوون مووسا و مریت ئاتوون و دایکی چ بینایەك دروست بکرێ. ئەگەر خۆشی لەگەڵ تۆدا نەیەت، یەکێك لە تەلارسازانی خۆی لەگەڵ ژمارەیەك لە کرێکاران لەگەڵ تۆدا دەنێرێ تا لەسەر گۆڕەکان بینایەك دروست بکەن تا گۆڕەکان لە بەین نەچن.

نوون لە مووسای پرسی: تۆ چ دەکەی ئایا دەچیتە پایتەخت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من، ئەلێرە دەمێنمەوە تا کارەکەی تۆ تەواو دەبێ و دەگەڕێیەوە بۆ ئێرە.

نوون پرسی: سەروەرم، لە کوێ دادەنیشی؟

مووسا گوتی: لە کوێ هەڵبسوڕێ لەوێ دادەنیشم.

نوون پرسی: سەروەرم، کێ خواردن بۆ تۆ ئامادە دەکا، کێ کارەکانت جێبەجێ دەکا و کێ چاودێریی تۆ دەکا؟

مووسا وەڵامیدایەوە: خۆم کارەکانی خۆم ئەنجام دەدەم. لە حاڵی پێویستدا، بۆ تاشینی سەر و ریشی خۆم دەچمە سەرتاشخانە، بەڵام لە بارەی خواردن و خۆراك ئامادەکردنیش، لەبەر ئەوەی حاڵی من بەجۆرێك نییە کە ئارەزووی خواردنم هەبێ، دەتوانم بە خواردنێکی سادە دابین ببم.

نوون نەیویست کە مووسا بەجێ بێڵێ، بەڵام دەیزانی کە دەبێ بڕوا و لاشەکان لە ڕێگەی مۆمیاکارانەوە مۆمیا بکا و بیاننێژێ. ئینجا لەگەڵ وەستایەکی مۆمیاکار و دوو شاگردا بە بەلەم کەوتە ڕێ تا گەیشتە جێگایەك کە لە لێواری ڕووباری نیل سەرقاڵی دروست کردنی پەرستگای ((ڕامسیسی دووەم)) بوون و ئەو پەرستگایەیان لە ناخی چیایەکدا بە ڕێگەی بەردتاشیی دەهێنایە دەرەوە.

نوون، پاش گەیشتنی بەوێ، چووە لای نفی سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی و پێی گوت کە بۆ مۆمیاکردن و ناشتنی لاشەکان دەڕوا و داوای لە نف کرد کە لە بارەی دروست کردنی بینایەك کە دەبێ لەسەر گۆڕەکان دروست بکرێ، بڕیار بدات.

نف گوتی: من تا سێ ڕۆژی تر لێرە کارم هەیە و ناتوانم لێرە دووربکەومەوە، بەڵام پاش سێ ڕۆژ، کارەکەم بەجۆرێك دەبێ کە دەتوانم بە جۆرێکی کاتی بە کەسانیتری بسپێرم. تۆ بڕۆ و من پاش سێ ڕۆژی تر دەکەومە ڕێ و لە ماڵی پزیشکدا یەکدەگرینەوە. بۆ دروست کردنی بینایەی گۆڕەکانیش ژمارەیەك کرێکار لەگەڵ خۆمدا دەهێنم.

سێ ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی نوون، نف بە بەلەمی خۆی، کە ژمارەیەك کرێکار و ئامێری کارکردنیشی پێبوو، کەوتە ڕێ. بەلەمێکی تریش، لە پشت وییەوە کەرەسەی بیناکردنی هەڵگرتبوو.

کاتێك نف گەیشتە ماڵی ئاتوون مووسا، بینی وا لاشەکانیان لە نێو گۆڕە کاتییەکاندا دەرهێناوە وکاری مۆمیاکردنیان دەستپێکردووە.

وەستای مۆمیاکار گوتی: لەبەر ئەوەی لاشەکان وشك بوونەتەوە، ئەو کارانەی کە لە خانەی مردوواندا بۆ مردووەکان بەڕێوە دەچێ، بۆ ئەمانە پێویست نییە. تەنیا دەبێ ناو کەللەسەر و ناو سنگ و هەناویان بەتاڵ بکرێ و بەداودەرمان پڕ بکرێتەوە ئینجا لاشەکان بەشریت بپێچرێنەوە.

نف، چونکە لە پەرستگای رامسیسی دووەم کاری هەبوو، نەیتوانی لە دوو ڕۆژ زیاتر لە ماڵی پزیشك بمێنێتەوە و فەرمانی دروستکردنی بینایەی گۆڕەکانی بە وەستایەك سپارد کە سەرۆکی کرێکارەکان بوو. پێش ئەوەش ڕێگای گەڕانەوە بگرێتەبەر بە نوونی گوت: من دەگەڕێمەوە تا لە پەرستگا بەسەر کارەکانی خۆم رابگەم، بەڵام تۆ پاش ئەوەی کە دەگەڕێیتەوە پێکەوە دەچینەوە بۆ کەرنەك. من لەوێ سەروەری تۆ دەبینم و لەبەر ئەوەی دەبێ من بگەڕێمەوە بۆ پایتەخت ئەویش لەگەڵ خۆمدا دەبەم.

نوون لە ماڵی پزیشك دا، لاشەکانی بە خاك سپارد و پاش ئەوەی بینای گۆڕەکان تەواو بوو، گەڕایەوە. ئینجا لەگەڵ نفدا کە لە پەرستگای رامسیسی دووەمەوە کەوتبووە ڕێ گەیشتە کەرنەك و خۆی گەیاندەوە مووسا.

نف کە پاش ماوەیەکی زۆر دووریی، چاوی بە مووسا دەکەوت، بە بینینی ئەو پیاوە لاوە خۆشحاڵ بوو، لەبەر ئەوەی تێگەیشت کە مووسا یەکجار غەمبارە، بۆ ئەوەی هەرچی زووتر



لەو ناوچەیە دووربکەوێتەوە، مووسای خستەسەر بارێکی وا کە سواری بەلەمەکەی ئەو بێت و لەگەڵ ئەودا بەرەو باکوور بڕوا.

مووسا قسەی نەدەکرد و هەروەکو ئەوە بوو کە هەر ئاگاشی لەوە نەبێ کە نف لە نێو بەلەمەکەدایە. جاری واهەبوو ماوەی یەك کاتژمێر چاوی لە نوختەیەکی تایبەتی دەبڕی و چاوی لەو جێیە هەڵنەدەگرت تا پێچ کردنەوەی ڕووباری نیل وای لێدەکرد کە چاو لە جێگایەکی دیکە ببڕێ.

هیچ کام لەو ڕووداوانەی کە لە دەوروبەری ئەو لە بەلەمەکەدا، یان لە هەردوو بەری ڕووباری نیل ڕوویدەدا، سەرنجی ئەوی ڕانەدەکێشا و نەیدەتوانی ئەو لە حاڵی واق وڕماندا بێنێتە دەرێ.

ئەو بەلەمەی کە نف و مووسا و نوونی هەڵگرتبوو، بەخێرایی دەڕۆیشت، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەك سەوڵ لێدەری هەبوو، کەڵکی لە ڕێژەوی ئاوی ڕووباری نیل وەردەگرت.

ڕۆژان، سەوڵ لێدەران، بێ پسانەوە سەوڵیان لێدەدا و بەلەمەکە ماوەیەکی درێژ مەودای دەبڕی، بەڵام پاش ئەوە کە شەو دادەهات، سەوڵ لێدەران، سەوڵەکانیان لە ئاو دەردەهێنا و بەدرێژایی لە نێو گۆڕایی بەلەمەکە دایاندەنان. دوای ئەوەی خواردنی شەویان، کە بریتی بوو لە نان و زەیتون و هەنجیر و ئاوی ڕووباری نیل، دەخوارد، لە نێو گۆڕایی بەلەمەکە دەخەوتن.

لەوە و بە دواوە تا بەیانی، کە سەوڵ لێدەران لە خەو هەڵدەستان، بەلەمەکە دوا بە دوای ڕێژەوی ئاوی ڕووباری نیل ڕێگای دەبڕی و خێراییەکەی لەگەڵ خێرایی جووڵانەوەی ئاوەکە یەکسان بوو.

بەڵام دەبوایە سوکاندارێك بە بەردەوامی بێدار بوایە و ئاگاداری سوکانی بەلەمەکە بوایە تا بەلەمەکە خۆی بە لێواری ڕووباردا نەدا یان لەگەڵ بەلەمەکانی دیکەدا کە لە شەتی نیلدا دەجووڵانەوە، خۆی پێکدانەدا.

لە ڕۆژی یەکەمی سەفەردا، پاش ئەوە کە شەو داهات، سەوڵ لێدەران نانیان خوارد و خەوتن. خودی نف سوکانی بەلەمەکەی گرتە دەست. دەبێ ئێمە ئەوەش بزانین کە سوکانی بەلەمەکەشتییەکان، لەو سوکانانە جیابوو کە ئیمڕۆ لە نێو کەشتییەکاندا دەیبینین. لەو کاتەدا سوکانی بەلەم بریتی بوو لە سەوڵێکی درێژ کە بە جۆرێکی تایبەتی پشتەوەی بەلەمەکەی رادەگرت و بەو سەوڵە ڕێنوێنی بەلەمەکەیان دەکرد.

نوون لە پەنا نف بوو، بەڵام مووسا لەو لای بەلەمەکە پاڵ کەوتبوو. ئەو وادەهاتە بەرچاو کە خەوی لێکەوتبێ.

نف و نوون، قسە و باسیان بوو و ئاخاوتنی ئەوان لەبارەی مووساوە بوو.

نف لە غولامەکەی پرسی: ئایا راستە سەروەری تۆ چوو بوو شاری زێڕین بدۆزێتەوە؟

نوون گوتی: ئەم بابەتە راستە و سەروەری من، لەگەڵ من و سووپایەکی بچووك بۆ دۆزینەوەی (شاری زێرین) کەوتە ڕێ.

نف پرسی: ئایا پیاوێکی وەکو مووسا، کە خوێندەواریی هەیە و دەتوانێ بنووسێ و بخوێنێتەوە و لە منداڵی و سەرەتای لاویدا لای باشترین مامۆستایانی میسر خوێندوویەتی، نەیدەزانی کە شاری زێرین بوونی نییە و ئەوەی لە بارەی وییەوە دەگوترێ ئەفسانەیە؟

نوون گوتی: سەروەری من دەیزانی کە شاری زێرین بوونی نییە و ئەوەی لە بارەی ئەو شارەوە دەگوترێ ئەفسانەیە، بەڵام پاشا فەرمانی بە فەرماندەی سووپای میسر کردبوو، کە ئەو، بۆ دۆزینەوەی شاری زێرین بنێرێ. سەروەری من ناچار بوو کە فەرمانی پاشا لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکا. جگە لەوەش سەروەری من سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێ و وەکو من نەزان نییە، بە کەسێکی میسری دەژمێردرێ. کام میسری هەیە کە لە ناخی دڵەوە باوەڕی بە بوونی شاری زێرین نەبێ. ئێمە پاش ئەوەی گەیشتینە شاری دوگانا، سەروەری من گوتی شاری زێرین ئێرەیە.

نف گوتی: ئایا دیواری ماڵەکانی ئەو شارە زێڕ بوون؟

نوون گوتی: نا، بەڵام سەروەری من دەیگوت لەبەر ئەوەی کە لەو شارەدا موحتاجیی و ئێرەیی و بووغز و کینە بوونی نییە و هەمووان بە بەردەوامیی لە شادیدان، بۆیە شاری زێڕینە.

نف پرسی: ئایا لەو شارەشدا سەروەری تۆ لەگەڵ کەسدا تێکەڵاو نەبوو؟

نوون گوتی: نا، سەرەڕای ئەوەی کە خەڵکی ئەو شارە هۆگریی زۆریان لەگەڵ سەروەری مندا پیشاندا و حەزیان دەکرد کە ئەو هاوسەرێك بۆ خۆی دیاری بکا و ئەگەر دەرەتان بوو لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەو بایەخێکی بە پێشنیارەکەی ئەوان نەدا.

لەو سەردەمەدا، باوەڕی میسریان وابوو کە ئەگەر مرۆڤ نەخۆش بکەوێ و لە ئاوی رووباری نیلدا خۆی نقووم بکا، نەخۆشییەکەی نامێنێ. هەر کاتێك غەمبار بێ و لە ئاوی رووباری نیل خۆی نقووم بکا یان لە لێواری ئەو رووبارە دابنشێ و دیقەت لە تێپەڕبوونی



ئاوەکە بگرێ، غەمەکەی نامێنێ. هەر کاتێك دووچاری کێشەیەك ببێ و لە لێواری شەتی نیل دابنیشێ و چاو لە رەوتی ئاوەکە بکا، ئەو کێشەیەی لابەلا دەبێ.

ئەو باوەڕەی کە میسرییان دەربارەی خاسیەتەکانی شەتی نیل، لە بارەی لابردنی کێشەکانی مرۆڤ هەیانبوو، لە بارەی مووساوە بە راست دەردەچوو.

چونکە ئەو، کە نەیدەویست و، لە راستیدا نەیدەتوانی لێوی قسەکردنی لێك بکاتەوە و تەنانەت لەگەڵ نف دۆستی دێرینی خۆشیدا قسە بکا، پاش ئەوەی کە ماوەیەك لە شەتی نیلدا سەفەری کرد و بەرەو باکوور رۆیشت، لە رووی روحییەوە باشتر بوو.

رۆژانی یەکەم، مووسا، لە نێو گۆڕایی بەلەمەکە دادەنیشت و دیقەتی لە هەردوو بەری رووباری نیل دەگرت. کاتێك لە تەماشاکردنی لێوارەکانی ماندوو دەبوو، پاڵ دەکەوت و لە نێو گۆڕایی کەشییەکەدا دەخەوت.

ئەو هەرگیز داوای خواردن و خواردنەوەی نەدەکرد. غولامەکەی لە کاتی دیاریکراودا خواردن و خواردنەوەی بۆ دەبرد. بەڵام پاش چەند رۆژ، مووسا لێوی قسەکردنی لێککردەوە و جارێك لەگەڵ نوون و جارێك لەگەڵ نفی سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتیدا قسەی دەکرد.

نوون لە هاتنە گۆی خاوەنەکەی خۆی بەجۆرێك خۆشحاڵ بوو بوو کە دەتگوت گیانێکی تازەی وەبەردا هاتووە، چونکە لەو رۆژانە کە مووسا بەهۆی مردنی مریت ئاتوونی دەزگیرانییەوە قڕوقەپی لێکرد بوو، نوون هەمیشە خەفەتی دەخوارد. ئەو نەیدەتوانی بە ئیشتیاوە خواردن بخوا، بەڵام کاتێك کە مووسا هاتەوە قسە، نوون، ئیشتیای کرایەوە و بە سەروەری خۆی دەگوت: سەروەرم، لەو رۆژەوە کە تۆ دەستت بە قسەکردن کردووە هەر چەند دەخۆم تێرنابم. خواردنەوە بەجۆرێك چێژم پێدەبەخشێ، وابیردەکەمەوە کە هیچ کەس بە ئەندازەی من چێژی لێوەرنەگرتووە و چێژیشی لێ وەناگرێ.

مووسا پاش ئەوەی کە هاتەوە قسە، لەبارەی رووداوەکانی کۆش قسەی لەگەڵ نفدا کرد. شتە سەرسامهێنەرەکانی ئەو وڵاتە و هەروەها لەبارەی سەرچاوەی رووباری نیل قسە و باسی بۆ نف گێڕایەوە.

یەکێك لەو شتانەی کە مووسا بۆ نفی گێڕایەوە، ئەو جەنگە گەورەیە بوو کە لە نێوان سووپای رەوانەکراوی میسر و رەشپێستاندا هەڵایسا و لەو جەنگەدا رەشپێستان قەتڵ و عام کران.

مووسا گوتی: سەرەڕای ئەوەی کە خۆشم لەو جەنگەدا بەشداریم کرد، پاش کۆتایی هاتنی جەنگ واقم وڕمابوو کە بۆچی دەبێ مرۆڤەکان بەرببنە گیانی یەکتری و یەکتری بکوژن. لە حاڵێکدا کە دنیا ئەوەندە بەربەرینە کە بەشی هەموو کۆمەڵی مرۆڤان، جێگای دانیشتن و کەرەسەی گوزەرانی ژیانی تێدایە. هیچ کەس پێویستی بەوە نییە کە خۆراکی دەمی یەکێکی دیکە بفڕێنێ و جل و بەرگ لەبەر یەکێکی دیکەدا دابڕنێ و لەبەر خۆی بکا.

من سەرەڕای ئەوەش کە لە مامۆستایانی خۆم بیستبوو کە جیهان زۆر بەرینە، بەڵام تا ئەو رۆژەی کە رێگای سەروچاوەی رووباری نیلم نەگرتبوو، بە بەرادەی پێویست لەبارەی بەرفراوانی دنیا زانیاریم نەبوو. پاش ئەوەی کە ئەو سەفەرە دوورودرێژەم دەستپێکرد، تێگەیشتم کە جیهان چەند بەرفراوانە و تاچ رادەیەك زەوی و زاری لەبار بەڵام ناشایان بەدانیشتن هەیە کە ئەگەر مرۆڤەکان لەوێدا بژین دەتوانن لە رێگەی کشتوکاڵەوە ژیانی خۆیان دابین بکەن.

من، لەو سەفەرەدا، تێگەیشتم کە ئەگەر دە ئەوەندەی دانیشتووانی وڵاتی میسر و وڵاتی کۆش، خەڵك لەو زەوی و زارانەدا دابنیشن و کشتوکاڵ بکەن و ئاژەڵداریی بکەن، ناتوانن تەنانەت نیوەی ئەو زەوییانەش بەکاربهێنن. من کاتێك کە گەیشتمە سەروچاوەی رووباری نیل و شاری دوگانا، لە خەڵکی ئەو شارە گوێم لێبوو کە ئەگەر بەرەو باشوور بڕۆم دەبێ بە ئەندازەی ئەو رێیە کە لە پایتەختەوە تا ئەوێ پێواومە، بپێومەوە بێ ئەوەی کە بگەمە کۆتایی دنیا.

نف گوتی: ئەوەی کە تۆ دەیڵێی راستە. دنیا ئەوەندە بەرفراوانە کە هەر چەندێك دانیشتووانی تێدا بێ دەتوانن بە رێگەی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەوە بژێویی خۆیان دابین بکەن و بێ ئەوەی کە ببێتە هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤەکان بەرببنە گیانی یەکتری و خواردن لە دەمی یەکتری بفڕێنن. بە قسەی خۆت، جل و بەرگ لەبەریەکتری دابڕنن و لەبەر خۆیانی بکەن. لەبەر ئەوەیە کە میللەتانی جیهان خواوەندگەلێکی جۆربەجۆریان هەیە و هەر میللەتە پەیڕەوی لە ژمارەیەك لە خوایان دەکەن و ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ئەمان لە کاتی خۆیدا جێبەجێی دەکەن.

من نامەوێ بڵێم کە خوایانی خەڵك لەسەر هەقن یان ناهەقن، بەڵکو دەمەوێ بڵێم کە میللەتانی جیهان، بە بۆنەی ئەوەی کە ملکەچی خوایانی خۆیانن، دەبن بە خاوەن خوویەکی تایبەت بەخۆیان.



هێندێك لە میللەتان، بە پەیڕەویی کردن لە خوایانی خۆیان، باوەڕێکی وایان لە لادروست دەبێ کە دەبێ کەسانیتر قەتڵ و عام بکەن و هەرچی هەیانە بەتاڵان لێیان بستێنن.

هێندێکی تر، دیسانەوە بە پەیڕەوی کردن لە خوایانی خۆیان، تەنانەت کوشتنی مەڕێکیش بەکاری شیاو نازانن تا دەگاتە مرۆڤ. ئەوانە باوەڕیان وایە کە دەبێ مرۆڤ قەناعەتی بەوە هەبێ کە هەیەتی و نابێ بچێتە سەربارێکی وا دەستی تەماعکاری بۆ ماڵی کەسانیتر درێژ بکا.

هێندێك لە میللەتان، وەکو دانیشتووانی شاری دوگانا کە تۆ دیتووتە، هەرچی کە هەیانە بەیەکەوە دەیخۆن و هیچ کام لەوان حەز ناکا شتێك بەدەست بهێنێ کە لە سنووری پێداویستی ئاسایی و گشتی بەدەربێت چونکە خواکانی ئەوان ئاوایان گوتووە.

لەو کاتەدا نوون قسەکەی نفی بڕی و گوتی:

بەڵام دانیشتووانی شاری دوگانا خوایانیان نەبوو، ئێمە ئەم بابەتەمان لە خۆیان پرسی و ئەوان نکولێییان لە بوونی خوایان دەکرد.

نف گوتی: ئەمە نابێ و مەحاڵە میللەتێك خاوەنی خوا نەبێ.

نوونی گوتی: سەروەری من شایەتە کە ئێمە لە دانیشتووانی شاری دوگانامان پرسی کە خوایانی ئێوە کێن، ئەوان وەڵامیان دایەوە کە خوایان نییە.

نف گوتی: تەنانەت میللەتێك کە دەڵێن خوامان نییە، خوایان هەیە. خوای ئەوان هەر ئەو خوایەیە کە یاسا و نەریتی فێری ئەوان کردوە و فەرمانی داوە کە بەپێی ئەو رێسایانە رەفتاربکەن. هیچ میللەتێك نییە کە خوای نەبێ و هیچ تاکێك نییە کە پەیڕەویی لە خوایەك یان خوایانێك نەکا.

تەنانەت ئەو کەسەی کە دەڵێ خوای نییە و باوەڕی بە هیچ خوایەك نییە، پەیڕەویی لە خوایەك یان چەند خوایەك دەکا. ئەوان رێساکانی ژیان فێری ئەو دەکەن و وای لێدەکەن کە رەفتاری جوان یاخود خراپ، رووخۆش یان رووگرژ بێت.

من دەڵێم تەنانەت ماسییەکانی کە لە نێو ئەم رووبارەدا مەلە دەکەن و مراوییەکانی کە لە لێوارەکانی رووبارەکە دەفڕن خوایان هەیە. رێساکانی ژیان لە خواوە فێردەبن و ئەگەر خوا، یاساکانی ژیان فێری ئەوان نەکا، ناتوانن زاوزێش بکەن.

نوون بە سەرسامییەوە گوتی: من تا ئەمڕۆ نەمدەزانی کە ماسی و مراوییەکانیش خوایان هەیە.

نف گوتی: نە تەنیا هەر ماسی و مراوییەکان، بەڵکو هەر بوونەوەرێکی زیندوو کە لە وشکانی یان لە ئاو یان لە هەوادا دەژین، خوایان هەیە. ئەگەر خوایان نەبێ ناتوانن بژین. تایبەتمەندیی هەر بوونەوەرێکی زیندوو لە فەرمانەکانی خوای وییەوە سەرچاوەی گرتووە.

تەنانەت دەتوانم بڵێم کە بوونەوەری بێ گیانی لە بابەتی ئاگر و ئاویش خوایان هەیە.

نوون پرسی: چۆن بوونەوەری بێ گیانیش خوایان هەیە، من دەمەوێ بزانم خوای ئاو و خوای ئاگر کامەیە؟

نف گوتی: خوای ئاگر هەمان ئەو خوایەیە کە فەرمان بە ئاگر دەکا کە بسوتێنێ، خوای ئاویش هەمان ئەو خوایەیە کە فەرمان بە ئاو دەکا ئاگر دابمرکێنێتەوە. لە نێو میللەتاندا، دەستەگەلی ئەوتۆ هەن کە خوایانی باشیان هەیە، یەکێك لەوانە میللەتێکە کە لە کێوی قافەوە بۆ بازرگانی دێنە میسر و بێگومان سەروەری تۆ ئەوانەی دیوە.

مووسا گوتی: بەڵێ، من ئەوانم دیوە و دەزانم کە ئەوان خەڵکانێکن بەهێز و قژ زەرد و چاو شینن.

نف گوتی: کاری ئەوان بازرگانییە و بەردەوام خەریکی سەودا و مامەڵەن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەچن. لەوێ کاڵای ئەو وڵاتە دەکڕن و سواری کەشتی خۆیانی دەکەن تا بیبەن لە وڵاتێکی تر بیفرۆشن. ئەوان خوایەکیان هەیە بە ناوی (پرومتە) کە دەڵێن لەسەر کێوی قاف دەژی.[1]

ئەوان باوەڕیان وایە کە پرومتە خوایەکە بە بەزەییە، هەرگیز کارێکی وا لەوییەوە روونادا کە بایسی ئازاردانی خەڵکی بێت و بەردەوام کۆشش دەکا کە مەترسی لە خەڵك دووربخاتەوە. ئەگەر رۆژێك یەکێك لە تاکەکانی مرۆڤ، لەوانەی کە باوەڕیان بەو هەیە گیرۆدەی مەترسییەك ببێ، ئەوا بەهۆی ئەوەیە کە پرومتە لەو ساتەدا خەریکی دوورخستنەوەی مەترسییە لەسەر یەکێکی تر و دەرفەتی نەبووە کە مەترسی لەسەر ئەو دووربخاتەوە. ئەگەر ئەو دەرفەتی هەبوایە مەحاڵ بوو رێگا بدات یەکێك کە باوەڕی بەو هەیە دووچاری مەترسی ببێ.

پرومتە هەموو شتێکی بۆ ئەوە هێناوەتە ئاراوە کە مرۆڤ کەڵکی لێوەربگرێ گیانلەبەرانی گیاخۆر و ماسی خەڵقکردووە تاکو مرۆڤ گۆشتەکەیان بخوا و چێژیان لێبکا و

(١) مەبەست لە کێوی قاف چیاکانی قەوقازە. (و- ف).



سکی خۆی تێربکا. هەروەها گیا و گوڵی بۆنخۆشی بۆیە هێناوەتە ئارا تا مرۆڤ بە بۆنی خۆشی ئەوان، شاد و سەرحاڵ ببێ.

یەکێك لە کارە سوودبەخشەکانی کە پرومتە بە قازانجی مرۆڤەکان، مانای ئەوانەی کە باوەڕیان بەو هەیە، کردی، ئەوە بوو کە ئاگری لەسەر کێوی قاف هێنایە خوارەوە و دایە دەستی مرۆڤ و رێگای کەڵك وەرگرتنی ئاگری فێری ئەوان کرد و پێی گوتن کە بۆ خۆ گەرمکردنەوە لە وەرزی زستان و هەروەها بۆ ئامادەکردنی خواردن و تواندنەوەی فلزەکان کەڵکی لێوەربگرن.

کەسانێکی کە باوەڕیان بە پرومتە هەیە، دەڵێن کە جیهان ئاگری تێدانەبوو و پاش ئەوەی کە پرومتە ئاگری لەسەر کێوی قاف هێنایە خوارێ و دایە دەستی باوەڕدارەکانی خۆی، میللەتانی دیکە رێگای کەڵك وەرگرتنی ئاگریان لە پەیڕەوانی پرومتەوە وەرگرت. هەر کەسێك لە هەر نوختەیەکی دنیاوە کە کەڵك لە ئاگر وەردەگرێ، رێگای کەڵك وەرگرتنی لە ئاگر، لە پەیڕەوانی پرومتە فێربووە.

پرومتە، کە یەکجار بە بەزەییە، بە پڕەوانی خۆی گوتووە کە هەرگیز دەست بۆ لێدان و بریندارکردن و کوشتن نەبەن. ئەوان بۆ ئەوەی کە هەرگیز لە کەسێك نەدەن و برینداری نەکەن و نەیکوژن، لە کاتی شەڕ و دەمەقاڵێدا لە جێگای خۆیان ناجوڵێن و دەستیان ناجوڵێنن تا دواجار تووشی لێدان و بریندارکردن و کوشتن نەبنەوە.

پەیڕەوانی پرومتە، لە رووی سروشتی رەفتار و خوو، یەکێکن لە بەبەزەیترین میللەتانی دنیا. بە دەگمەن وا رێکدەکەوێ بەیەکەوە دەمەقاڵێ بکەن تا دەگاتە شەڕ و کێشە. ئەگەر کەسێك دەساڵ لە نێو ئەو میللەتەدا بژی، گوێی لەوە نابێ کەسێك بە دەنگی بەرز قسە بکا. ئەوان تەنیا لە دوو کاتدا بە دەنگی بەرز قسە دەکەن: کاتێکیان ئەوەیە کە لە بیابان یا لە چیا بیانەوێ بانگی کەسێك بکەن و دووەمیان ئەو کاتەی کە گۆرانی دەڵێن.

ئێستا ئەو میللەتە لەگەڵ میللەتی هاتی بەراوورد بکە تا بزانی تا چ رادەیەك جیاوازیی لە بەینیاندا هەیە.

تاکەکانی میللەتی هاتی، خەڵکێکی توندوتیژ و بەدخوون، تەنانەت گوفت و لوفتی دۆستانەی نێوانیشیان هەر جنێودانە. لەسەر نالێکییەکی بچووك، دەست دەدەنە یەخەی یەکتری و لە یەکتری دەدەن یان یەکتری بریندار دەکەن. ئەگەر دەستیان بە نێزە رابگا، ئەوا بە سنگ یان سکی ئەویتریدا دەکا. بەدەگمەن رێکدەکەوێ کە چەند کەسێك لە میللەتی

هاتی پێکەوە بیرە یان شەڕاب بخۆنەوە و پاش ئەوەی کە مەست دەبن، شەڕوکێشەیان نەبێ. کێشەی ئەوان لە دواجاردا، ئەگەر بە کوشتن کۆتایی نەیەت ئەوا بە جۆرێکی حەتمی دەبێتە هۆی بریندار کردن. هۆکاری توووندوتیژی تاکەکانی میللەتی هاتی ئەوەیە کە خواکانی ئەوان توندوتیژ و شەڕانین و توانای بەسەرخۆدا زاڵبوون و نەرموونیانییان نییە. جا لەبەر ئەوەی خوایانی میللەتی هاتی خوایانێکی بێبەزەیی و خوێنرێژ بوون و بە کورتی خوای هەر میللەتێك، خولڤێنەری رەفتار و خووی ئەو میللەتەیە. هەر میللەتێکت بە رەفتار جوان و بەبەزەیی هاتە بەرچاو، بزانە کە خواکانی ئەو میللەتە رەفتار جوان و بەبەزەییە و هەروەها بە پێچەوانەشەوە.

مووسا گوتی: من بیستوومە ئەوانەی، کە پرومتە بە خوای خۆیان دەزانن، پرومتەیان لە سەر کێوی قاف حەپس کردووە، مانای بەزنجیر بە چیاکەوە بەستوویانەتەوە تا نەتوانێ رابکا.

نف گوتی: حەپس کردن و بەزنجیر بەستنەوەی پرومتە لەسەر کێوی قاف، تەنیا درکەیە و پەیڕەوانی پرومتە ئەویان زنجیر نەکردووە و بەکێوەکە نەیانبەستۆتەوە، بەڵکو هۆگریی و خۆشەویستی ئەوان بۆ پرومتە بە رادەیەکە کە ئەو خوایەیان بنەجێ کردووە. ئەو هەرگیز لە جێگایەك دوورناکەوێتەوە کە پەیڕەوانی خۆی لێ دەژین و ناچێتە جێگایەکی دیکە. لە حاڵەتێکدا کە دەتوانێ لە هەموو وڵاتانی تر بژی. ئەو بۆ هەر جێگایەك بڕوا پێشوازی لێدەکەن و ئەگەر پێشوازیشی لێ نەکەن، پاش ماوەیەکی کەم پرومتە خۆشەویستیی خۆی لە نێو دڵی ئەو خەڵکەدا دەچێنێ. چونکە ئەو لەو خوایانەیە کە خاوەن خۆشەویستی و بەزەییە. هۆگریی بە یاریدەدانی مرۆڤەکان و دابینکردنی خۆشگووزەرانیی ئەوانەوە هەیە. بەڵام هۆگریی و خۆشەویستی خەڵکی وڵاتانی قاف بۆ پرومتە بە رادەیەکە کە ئەویان ناچارکردووە لەو وڵاتەدا بمێنێتەوە و لەوێوە بۆ جێگایەکی دیکە ناگوازێتەوە. لەڕاستیدا، خەڵکی وڵاتانی قاف، بەخۆشەویستی خۆیان پرومتەیان بەزنجیر بەستۆتەوە، نەك ئەوەی کە بەزنجیرێکی مەعدەنیی بە کێوەکەوە بەستبیانەتەوە.

نوون گوتی: بەو پێیە بێ ئەو خوایە، هەرگیز ناتوانێ لە وڵاتی قافەوە بچێتە جێگایەکی دیکە؟

نف گوتی: تا ئەو رۆژەی کە پەیڕەوانی ئەویان خۆشدەوێ، پرومتە ناتوانێ بچێتە جێگایەکی دیکە.



نوون پرسی: ئەگەر پرومتە، کە پەیڕەوەکانی خۆشیان دەوێ، لە وڵاتی قاف بڕوا چ روودەدا؟

نف وەڵامیدایەوە: ئەگەر، ئەو خوا باشە لە وڵاتی قاف بڕوات، دوای ماوەیەکی کەم خەڵکی ئەو وڵاتە گیرۆدەی یەك یان چەند خوایەکی تر دەبن و ئەو خوایانەش ئەگەرێکی زۆری هەیە خوایانێکی باش نەبن.

نوون پرسی: لەبەرچی خوایانێکی باش نابن؟

نف گوتی: رێسای گشتی ئەمەیە کە کاتێك میللەتێك، خوایەکی باش لە دەستدەدا دووچاری یەك یان چەند خوایەکی خراپ دەبن.

نوون پرسی: لە چی را میللەتێك خوای باش لە دەستدەدەن؟

نف گوتی: هەر میللەتێك وەختێك شایستەیی ئەوە لە دەست دەدەن کە خوایەکی باشیان هەبێ، ئەو خوایە لە دەستیان دەردەچێ.

نوون پرسی: بەهۆی چییەوە قەومێك شایستەی هەبوونی خوایەکی باش لە دەستدەدەن؟

نف گوتی: وەختێك قەومێك گەندەڵ و گومڕا دەبن و لە رێگەی راست دەردەچن، شایستەیی هەبوونی خوایەکی باش لە دەستدەدەن. ئینجا کە خوای باشیان لە دەستدا، گەندەڵبوونی قەومەکە زیاتر دەبێ و دەگاتە جێگایەك کە ئیتر ئەو قەومە بەهۆکاری گەندەڵییەوە نابووت دەبێ.

نوون گوتی: ئەی سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی میسر، ئەوەی تۆ لەبارەی پرومتە، خوای وڵاتی قاف گوتت سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام ئێمەی دەشتەکیانیش لەبارەی خوای خۆمانەوە رووداوێکی سەرنجڕاکێشمان هەیە.

نف پرسی: ئەو رووداوە سەرنجڕاکێشە چییە؟

نوون گوتی: لە سەردەمێکی زۆر دوور، کە ناتوانرێ بگوترێ کەی بووە، مرۆڤ لە جێگایەك ژیاوە کە لەوێ هەرگیز ئازاری برسێتی و تینوێتی و سەرما و گەرمای نەدیتووە.

لەو سەر زەوینەدا کە ئەوێ بە بەهەشت یان جەننەت ناودەبرا، هەوا نە گەرم بووە و نە سارد. مرۆڤ، هەرگیز نەخۆش نەدەکەوت و بە نەخۆشی نەدەمرد. خوای ئێمە لەو سەر زەوینەدا بە مرۆڤی گوت هەرچی دەتەوێ بخۆ و هەرچی دەتەوێ بیخۆوە، تەنیا لە خواردنی میوەی یەك درەخت خۆت بپارێزە. مرۆڤ پرسی ئەو دەرختە کامەیە؟

خوای ئێمە بە مرۆڤی گوت: ئەو درەختە میوەیەکی هەیە کە بە ناوی زانین دەناسرێ و تۆ نابێ لەو میوەیە بخۆی.

مرۆڤ پرسی لەبەرچی نابێ لە میوەی ئەو درەختە بخۆم؟

خوا گوتی لەبەر ئەوەی ئەگەر لە میوەی ئەو درەختە بخۆی، دەبی بە زانا و پاش ئەوەی کە بووی بە زانا، جیاوازی نێوان چاك و خراپ دەکەی و دەچیتە حالێکی واوە کە پەی بە هۆکاری شتەکان ببەی. ئەو کاتە من ناتوانم رێگا بدەم کە تۆ لە بەهەشت بژی. من تۆ لە بەهەشت دەردەکەم و پاش ئەوەی کە لە بەهەشت دەرکرای، تۆ بەدبەخت دەبی.

مرۆڤ گوتی: من لە میوەی درەختی زانین ناخۆم تا لە بەهەشت دەرنەکرێم و دووچاری بەدبەختی نەبم.

بەڵام هەر کاتێك بە نزیك درەختی زانیندا تێدەپەڕی و چاوی بە میوەی گەورە و جوانی ئەو درەختە دەکەوت، بەخۆی دەگوت واباشە لەو درەختە نزیك ببمەوە و میوەی گەورە و جوانی ئەو درەختە لێبکەمەوە و بیخەمە نێو دەممەوە و بیخۆم. گومانی تێدا نییە میوەی ئەو درەختە لە هەموو میوەکانی دیکەی بەهەشت بەتامترە.

لە ئاکامدا رۆژێك، مرۆڤ نەیتوانی خۆی بپارێزێ و لە درەختی زانین نزیك بۆوە و میوەی ئەو درەختەی لێکردەوە و خستییە نێو دەمییەوە. هەر کە ئەو میوەیە لە گەرووی چووە خوارەوە، بوو بە زانا، بەڵام هەر لە هەمان ساتدا ئەویان لە بەهەشت بەدەرنا. ئەو ناچار بوو پاشماوەی تەمەنی لە بیابانەکانی کەنعان بەسەرببا. ئێمە کوڕانی ئیسرائیل لە پاشماوەی ئەوین کە هەموو تەمەنی خۆمان لە بیابان دەبەینە سەر.

مووسا، پاش ئەوەی کە ئاخاوتنی نوون تەواو بوو، رووی کردە نف و گوتی: دەمەوێ شتێکت پێ بڵێم کە بە بیستنی یەکجار سەرسام دەبی.

نف پرسی: ئەو شتە چییە؟

مووسا گوتی: ئەوەی دەمەوێ پێت بڵێم ئەوەیە کە من لە نەژادی ئیسرائیل و لە تیرەی (لوی)م.

نف بێ ئەوەی وەڵامێکی مووسا بداتەوە چاوی تێبڕی.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئایا تۆ باوەڕناکەی کە من لە نەژادی ئیسرائیل و لە تیرەی (لوی) بم؟

نف گوتی: بەڵێ، من باوەڕم بەوە هەیە.



مووسا، کە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد سەرۆکی تەلاسازان، ئاوا بە زوویی باوەڕ بە قسەکەی بکا، گوتی سەرم سوڕدەمێنێ لەوەی کە تۆ چۆن بێ ئەوەی داوای روونکردنەوەم لێبکەی باوەڕت بە قسەکەم کرد؟

نف گوتی: لەبەر ئەوەی کە ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی، نهێنی لە دایکبوونی تۆی بۆ من گێڕابۆوە.

مووسا گوتی: ئەو لەمبارەیەوە هیچی بە من نەگوتبوو.

نف گوتی: بێگومان بە پێویستی نەزانیوە کە ئەم بابەتە بە تۆ بڵێ. پاش ئەوەی کە ئەو، نهێنی لە دایکبوونی تۆی بە من گوت زانیم کە ئارەزووی دایکت، هەروەها ئارەزووی ئاموون تپیش ئەوەبوو کە تۆ رۆژێك ببیتە پاشای میسر و رمێن بە پەرستنی خوای نەبینراو و بێ شێوە، بدەی تاکو خەڵك لە جیاتی خوایانی میسر، کە هەرکامیان شێوەیەکی هەیە، یەك خوا، کە نابینرێ و شێوەی نییە، بپەرستن.

پاشان نف پرسی: ئایا لە بیرت ماوە کە من تۆم لەگەڵ خۆمدا بردە سەر زەوینی کۆش کە لە ناوچەی دەلتا هەڵکەوتووە، تا شێوازی دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە، کە لەوێ دروستیان دەکرد، پیشانی تۆ بدەم؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

نف گوتی: رۆژێك کە من تۆم دەبردە ئەوێ، وات خەیاڵ دەکرد کە بۆیە دەمبردییە ئەوێ تا شێوازی دروستکردنی ئەمباری دانەوێڵە ببینی و لەوانەیە وات وێناکردبێ کە من دەمەوێ شارەزایی خۆم لە بارەی تەلاسازیی و بیناکردندا فێری تۆ بکەم. لە حالێکدا کە من دەمویست تۆ لەسەر زەوینی کۆش کە لە ناوچەی دەلتای نیل هەڵکەوتووە، هاونەژادانی خۆت ببینی و سەرنج بدەی ئەوانە کە لە قەومی ئیسرائیلن لەوێ چۆن ژیان دەبەنەسەر.

مووسا گوتی: لەو کاتەدا من سەرنجم لەم بابەتە نەدابوو. من نەمدەزانی کە تۆ مەبەست ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل پیشانی من بدەی.

نف گوتی: من دەمویست ئەوان پیشانی تۆ بدەم، تا تۆ بزانی کە قەومی ئیسرائیل و هاونەژادانی تۆ لە میسر، بە چ ئازار و سەختییەکەوە دەژین، چۆن ناچارن کە لە هەموو ژیانی خۆیاندا بەرد و کەرپووچ و گڵ بۆ فیرعەون هەڵبگرن و کۆیلەیی بۆ بکەن. بۆ ئەوەی ئەگەر رۆژێك بەپێی ئارەزووی دایکت و ئاموون تپ، لەسەر تەختی پاشایەتی میسر

دانیشتی و بووی بە پاشای ئەم وڵاتە، کۆیلەکانی قەومی ئیسرائیل لە وڵاتی میسر ئازاد بکەی.

ئەو رۆژەی کە من هاونەژادانی خۆتم پێ نیشاندای، تۆ وەکو ئەمڕۆ پیاوێکی پێگەیشتوو نەبووی، بەڵام ئەمڕۆ پیاوێکی پێگەیشتووی، چونکە بە کاریگەری سەفەری دووروودرێژ و ململانێ لەگەڵ کێشەی جۆربەجۆر و بەشداریی کردن لە نەبەردی ترسناکدا، تاقیکردنەوەت بە دەستهێناوە و ئامادەیی پیاوەتی تۆ، بەهێز بووە.

مووسا گوتی: ئەی نف، مەبەستی تۆ لەم قسەیە چییە؟

نف گوتی: مەبەستم ئەوەیە کە پێت بڵێم ئەمڕۆ تۆ پیاوێکی تەواو و پێگەیشتووی، کەسێك نایەت ئەرك و وەزیفەی تۆ دیاری بکا. تۆ خۆت دەبێ کار و ئەرکی خۆت دیاری بکەی و بزانی کە دەبێ چ بکەی.

لەو سەفەرەدا، ئەو بەلەمەی کە مووسا و نف و نوونی هەڵگرتبوو، هەروا بەردەوام لە شەتی نیل دەڕۆیشت و هەروا بەرەو باکوور دەچوو تا دەگەنە پایتەختی میسر. مووسا لە بارەی ژیانی رابردووی نف زانیاری وەرگرت. لەوانەش زانی کە نف لە لاویدا داوای کچێکی کردووە و هەر بەو جۆرەی کە باوکی (مریت ئاتوون) بە مووسای گوت کە ئارام بگرێ و دان بە خۆیدا بگرێ، باوکی ئەو کچەش ئامۆژگاری نفی کرد کە دان بەخۆیدا بگرێ تاکو بەحاڵێکی دارایی باشترەوە، زەماوەند لەگەڵ کچەکەیدا بکا و ئەم دووانە، بۆ ژیانی ئەم دنیایەیان ببنە خاوەن خانوو، هەروەها گۆڕیش بۆ ژیانی دنیای رۆژئاوایان دابین بکەن.

نف ساڵانێك رەنجی کێشا و کاری کرد و سەرمایەی کۆکردەوە. ئینجا چووە لای باوکی دەزگیرانەکەی و پێی گوت ئێستا بەئەندازەیەك ماڵ و سامانم هەیە کە دەتوانم زەماوەند لەگەڵ کچەکەت بکەم.

باوکە رەزامەندیی لەسەر زەماوەندی ئەم دووانە دەربڕی و ئەوان بوونە ژن و مێردی یەکتری. بەڵام ئەو ژنە، لە کاتی منداڵ بوونیدا ماڵئاوایی لە ژیان کرد و مردنی ئەو ژنە کە ئەوینداری نف بوو ئەو تەلارسازەی بە توندیی غەمبارکرد.

لەوە بە دواوە نف نەیتوانی لەو ماڵەدا، کە ژنەکەی تێیدا ماڵئاوایی لە ژیان کردبوو، بژی. ئەو خانووەی فرۆشت و لەوە بە دواوە بەردەوام لە ژووری کارەکەی خۆی، لە کۆشکی پاشایەتی میسر، دانیشت و لە بەرەبەیانانەوە تا دەمی شێوان، سەرقاڵی کارکردن دەبوو.



پاروویەك خواردەمەنی سادە و، زیاتر نان و هەنجیر یان نان و زەیتونی دەخوارد و هەر لە هەمان ژوورێشدا دەنووست.

بەڵام پاش ئەوەی کە دۆستەکانی ئەو، لە بابەتی شازادەخانم ئەنخاس ئاموون دایکی مووسا و ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی و خودی مووسا، یا مردن یان لە پایتەخت دوورکەوتنەوە، نف لە کۆشکی پاشایەتی میسر، خۆی بە ناڕەحەت بینی، ناچار بوو کە بۆ ژیانی خۆی خانوویەك دیاری بکا تا ناچار نەبێ تاکاتی شەویش هەر لە کۆشکی پاشایەتیدا بمێنێتەوە. لەبەر ئەوە خانوویەکی کڕی کە زۆر لە کۆشکی پاشایەتی دوور نەبوو و شەوانە بۆ نووستن دەچووە ئەو ماڵە.

## -١٨-

# گەڕانەوە

سەرەنجام ئەو سەفەرە درێژە کۆتایی هات و ئەو بەلەمەی، کە ڕێبوارەکانی هەڵگرتبوو، لەوانەش مووسا، گەیشتە پایتەختی میسر. بەلەمەکە لە لێواری شەتی نیل ڕاوەستا تا ڕێبواران بێنەخوارێ.

کاتێك کە ڕێبوارەکان لە بەلەمەکە هاتنەخوارەوە، هەموو ئەوانەی کە لە لێواری نیل کاریان هەبوو، لە بابەتی بەلەمەوان و سەوڵ لێدەر و کۆڵکێش و دەلاڵ و مامەڵەچییان و ئەوانەی کە لە لێواری شەتی نیل خۆراك و خواردەمەنی ئامادەکراویان دەفرۆشت، نفی سەرۆکی تەلارسازی کۆشکی پاشایەتییان دەناسی و لە بەرامبەر ئەودا ڕێزیان نواند، بەڵام هیچ کەسێك مووسای نەناسی، چونکە نیشانەگەلی شازادەیی لە بابەتی گەردانە و دەستبەند و گەوهەر و شتی تر، لەبەر ئەودا نەدەبینرا.

هیچ کەسێکیش وێنای نەدەکرد کە نوون غولامی مووسا بێت، چونکە هەردووکیان شانی پان و ماسولکەی ئەستووریان هەبوو. خەڵك کە ئەم دووانەیان دەبینی وایان وێنا دەکرد کە لە دانیشتووانی کەنعان یان بابل بن.

لە نێوان ئەو جل و بەرگەی کە لەبەر نووندا بوو، لەگەڵ ئەو جل و بەرگەی کە مووسا لەبەری کردبوو جیاوازییەکی زۆر بەدی نەدەکرا. خەڵك نەیاندەتوانی تێبگەن کە کام لەوانە بەندەیە و کامیش خاوەنبەندەیە.

کاتێك کە مووسا پێی لە کەشتییەکە هێنایەدەرێ، ئەو دەنگانەی دووبارە کەوتنەوە بەرگوێ کەسێ ساڵ پێشتر گوێ لێی بوو بوو. بۆن و بەرامێکی کە زیاتر لە سێ ساڵ بوو بۆنی نەکردبوو، کەوتەوە بەر لووتی. بەڵام کاتێك چاوی بەدیوارەکانی کۆشکی فیرعەون کەوت، ئەوانی وەکو ڕابردوو بە ئەستوور نەهاتە بەرچاو. لە حاڵێکدا کە دیوارەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهاتبوو.

جادەکانی شاریش، وەکو پێشان، لەبەرچاوی پان و پۆڕ نەدەهاتنە بەرچاو، لە حاڵێکدا کە پانیی جادەکان کەم نەبووبوونەوە.



مووسا دیقەتی دا کە بۆچی دیوارەکانی کۆشکی پاشایەتی وەکو جاران نابینێ و لەبەرچی جادەکانی شار، وەکو پێشوو لەبەرچاوی ئەو زۆر بەپانیی نایەنەبەر چاو.

ئەو تێگەیشت کە لە ڕابردوودا، هەموو شتێکی بەچاوی منداڵێکەوە، ئینجا نەوجەوانێکەوە تەماشا دەکرد. لە حاڵێکدا کە پاش گەڕانەوە بۆ پایتەخت، هەموو شتێکی بەچاوی پیاوێکی پێگەیشتوو و دنیادیدە تەماشا دەکرد.

وەزعی مووسا، پاش گەڕانەوە بۆ پایتەخت، تارادەیەك هەر بە وەزعی پیاوێك دەچوو کە پاش ساڵانێك، هەر بۆ نموونە پاش پازدە بیست ساڵێك، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێك و دەبینێ ئەو ماڵە، کە بە منداڵیی حەوشەکەی هەروەکو گۆڕەپانێکی گەورە دەبینی، لەبەرچاوی وی ئەوەندە بچووکە کە ناتوانێ بە ئاسوودەیی لە گۆڕاپی ئەو ماڵەدا هەنگاو هەڵێنێتەوە و بە ڕێگادا بڕوا.

لە حاڵێکدا لە کاتی منداڵیدا، نەك هەر بە تەنیا لەو سەری ئەو ماڵەوە دەچووە ئەو سەر و غاری دەدا، بەڵکو دەیتوانی لەوێ لەگەڵ هاوتەمەنانی خۆشیدا یاری بکا.

مووساش پاش گەڕانەوە بۆ پایتەختی میسر، وەکو منداڵێك وابوو کە پاش ماوەیەك دووریی، لە کاتێکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی پێگەیشتوویییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێك کە شوێنی ژیانی قۆناغی منداڵی وی بووە و ئێستا ئەوێ ئەوەندە بە بچووکی دەبینێ کە سەری سووڕماوە چۆن بە منداڵیی ئاوا بە گەورەیی ئەوێی بینیووە.

پێش ئەوەی ڕێبوارەکان لە بەلەمەکە بێنە خوارێ، نف گوتبووی کە مووسا و نوون لە ماڵەکەی ئەو دابنیشن، چونکە مووسا حەزی نەدەکرد بچێتەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی و لەوێ بژی.

خانووی نف، بە کەرپووچ دروستکرابوو و پێنج ژووری هەبوو. خانووەکە، هەروەکو هەموو خانووەکانی میسر (لەو زەمانەدا) هەیوانێکی هەبوو تا لە ڕۆژانی گەرمدا بتوانن لەو هەیوانەدا دابنیشن.

سەرەڕای ئەو پێنج ژووە، چێشتخانەیەکیش لەو خانووەدا هەبوو. هەروەها سەربانەکەی خۆی هەروەکو سەربانی هەموو خانووەکانی میسر، بە جۆرێك دورست کردبوو کە شەوانی هاوین بتوانن لە سەری بخەون.

ماڵەکەی نف باخچەیەکیشی تێدابوو کە درەختی زەیتون و هەنجیری تێدابوو. کاتێك مووسا چووە ناو ئەو ماڵەوە، سەری سووڕما، چونکە چاوەڕێی ئەوەبوو کە ماڵی نف لەوە گەورەتر ببینێ.

نف شوێنەواری سەرسووڕمانی لە نیگای مووسادا بینی و گوتی: دەبینم کە تۆ بە بینینی ئەم ماڵە سەرسام بووی و هەقیشتە کە سەرسام ببی، چونکە بەخۆت دەڵێی پیاوێکی وەکو من، کە کۆشکی گەورەم بۆ کەسانیتر دروست کردووە، دەبێ خانوویەکی لەمە گەورەتر بۆ خۆم دروست بکەم.

بەڵام من خانوویەکم دەویست کە تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکەم. من لەم خانووەدا ئاسوودەم و ئەم خانووە پێنج ژوورە، بۆ ژیانی من کە ژن و منداڵم نییە، بەسە. خزمەتچیانیش، جێگای تایبەتییان بۆ نووستن هەیە.

خزمەتچییەکانی نف، بریتی بوون لە نۆکەرێك و چێشت لێنەرێك و باخەوانێك. مووسا بینی کە لەم خانووەدا ژنی تێدا نییە و نف کەنیزەی نییە.

لە میسر نەریت وابوو کە پیاوانی بێ ژن یان پێگەیشتوو، کەنیزەیەك یان چەند کەنیزەیەك رابگرن. ئەو کەنیزانە، (جاریە)ی ئەوان بوون و هیچ کەسێك بوونی کەنیزەی لە ماڵی پیاوانی رەبەندا بە عەیبە نەدەزانی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە تێگەیشت لەو ماڵەدا ژنی تێدا نییە، رازی بوو، بەڵام نەك لە روانگەی خۆیەوە، بەڵکو لە روانگەی نفەوە، چونکە وابیری دەکردەوە کە ئەگەر ببینێ کەنیزەیەك یان چەند کەنیزەیەك لە ماڵی نفدا هەیە، نرخی مەعنەوی ئەو پیاوە، لەبەرچاوی وی کەم دەبۆوە.

ماوەی مانەوەی نف لە پایتەخت درێژەی نەکێشا، ئەو ماڵەکەی خۆی بە مووسا و نوون سپارد و گەڕایەوە تا چاودێری کاروباری بینایەی پەرستگای رامسیسی دووەم بکا.

نف بە خزمەتچییەکانی خۆی نەگوت کە میوانی ئەو کێیە، تەنیا ئەوەندەی درکاند کە ئەو یەکێکە لە دۆستانی ئەو و تا ئەو کاتەی کە حەزی لێیە دەتوانێ لەو ماڵەدا بمێنێتەوە.

مووسا، بەوە خۆشحاڵ بوو کە لە پایتەختی میسر بەجۆرێکی نەناسراو دەژی و کەس ئەو ناناسێ، بەڵام دەیزانی کە دەبێ بچێتە کۆشکی پاشایەتی و ستی مووسای سەرۆکی تۆماری موڵکەکان ببینێ، چونکە مووسا کاتێك پێی نایە پایتەختەوە تەنانەت یەك ئەڵقە زێری نەبوو. ئەو هەموو گەوهەرەکانی خۆی خەرج کردبوو و دەبوایە بەشێك لە سامانی خۆی لە ستی مووسا وەربگرێ و خەرجی بکا.

رۆژێك کە مووسا کەوتەڕێ تاکو بچێتە (فیرعەون) مانای کۆشکی پاشایەتی، بێ ئەوەی کە جل و بەرگی خۆی بگۆڕێ و جل و بەرگی پاشایەتی لەبەربکا، بەرەو ئەو کۆشکە کەوتە رێ.



هۆکاری ئەوەش کە جل و بەرگی پاشایەتی لەبەرنەکردبوو، ئەوەبوو کە مووسا هەر بەو جۆرەی کە پاش مردنی مریت ئاتوون، گەوهەر و خشڵەکانی خۆی لە دەستدابوو، جل و بەرگی پاشایەتی لە بەین چوو و لەو کاتەدا کە دەیویست بچێتە (فیرعەون)، نەیدەتوانی جل و بەرگی پاشایەتی و گەوهەر و خشڵ بۆ خۆی دابین بکا.

ماوەیەك پێش ئەوەی کە مووسا بچێتە ناو پایتەختی میسرەوە، لەوێ، کەسانی دەرباری پاشایەتی زانیارییان هەبوو کە ئەو شازادەیە دەگەڕێتەوە، چونکە پاش ئەوەی کە مووسا لە شاری زێرین گەڕایەوە و چووە ناو کۆشەوە، ئاگاداری فەرماندەی سووپای میسری کردەوە کە دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ پایتەختی میسر. فەرماندەی سوپا بێ دواکەوتن هەواڵی بەڕێکەوتنی مووسای بۆ پایتەخی میسر، بۆ فیرعەون بەرێ کرد.

دەربارییەکانی میسر، لە بارەی ئازایەتییەکانی مووسا، لە نەبەردەکانی کۆش و هەروەها لە چوونی وی بەرەو شاری زێرین، ئاگادارییان هەبوو. لەبەر ئەوەی فەرماندەی پێشووی سوپای رەوانەکراوی میسر، بەتێروتەسەلی ئازایەتییەکانی مووسای بە راپۆرت بەرێکردبوو و پاش ئەویش فەرماندەی دوای ئەو، راپورتگەلێکی دەربارەی مووسا بۆ پایتەخی میسر بەڕێکرد هەروەها راپۆرتی نارد کە مووسا بۆ دۆزینەوەی شاری زێرین بەڕێکەوت.

لە پایتەخی میسر لەنێو شازادە و شازادە خانم و دەربارییەکاندا، ئەفسانەیەك لە بارەی مووسا هاتە ئاراوە پوختەی ئەفسانەکەش ئەوەبوو کە مووسا، کوڕی فیرعەون و شازادەخانم ئەنخاس ئاموونی هاوسەری فیرعەون یەکجار بەهێز و ئازا و جەربەزەیە. فیرعەون لە مووسا ترسا و ئەوی لەگەڵ سوپای رەوانەکراوی میسر ناردە وڵاتی کۆش تا لە جەنگەڵەکانی ئەوێ بکوژرێ، بەڵام مووسا لە کۆش نەکوژرا و ئازایەتییە بەرچاوەکانی ئەو بەدەرکەوتن. پاشانیش کەوتە رێ تا شاری زێرین بۆ فیرعەون بدۆزێتەوە.

شازادە و شازادەخانم و دەربارییەکان نەیاندەزانی دەبێ لە چ رێگایەکەوە مووسا چووبێتە شاری زێرین. بەڵام بە پێی ئەو ئەفسانانەی کە بەسەر زاروزمانانەوە بوون، دەیانگوت کە مووسا لە رێگای شاری زێڕین، لەگەڵ گیانلەبەرانی ترسناکدا جەنگاوە و بەسەریاندا زاڵ بووە. لەو سەفەرەدا نەگیانلەبەرانی دڕندە و ترسناك توانییان بەربەستی لە تێپەڕبوونی ئەو بکەن و نەمارە ژەهراوییەکان کە چزوویان لە یەك ساتەوەختدا مرۆڤ لە بەین دەبا.

کاتێك مووسا گەیشتە کۆشکی پاشایەتی و ویستی بچێتە نێو کۆشکەوە، پاسەوان کە ئەوی نەناسی پێشی بەچوونە ژوورەوەی وی گرت و مووسا هاواری کرد: ئەفسەری پاسەوان لە کوێیە؟

ئەفسەری پاسەوان پاش ئەوەی گوێی لە دەنگی ناوبرا بوو، تێگەیشت ئەو کەسەی کە بەو جۆرە هاوار دەکا و داوای ئامادەبوونی ئەفسەری پاسەوان دەکا، لە ریزی کەسانی ئاسایی نییە، چونکە کەسانی ئاسایی زاتی ئەوە ناکەن کە لە دەروازەی کوشکی پاشایەتی میسر بەم جۆرە هاوار بکەن. بۆیە بە پەلە خۆی گەیاندە مووسا و لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو جل و بەرگی پاشایەتی لە بەردا نەبوو، ئەفسەری پاسەوان لە رووی ئەندام و قەڵافەتەوە، ئەوی ناسی و گوتی: ئاها! ئەی کوڕی پاشا، بەخێربێی.

مووساش ئەفسەری پاسەوانی ناسی و بینی کە ئەو یەکێکە لە شازادەکان، بەڵام لەو شازادانەی کە دایکیان کەنیزە بوو. مووسا بە سەرسوورماوییەوە بینی کە ئەفسەری پاسەوان، لێوی خۆی سوور و برۆکانیشی رەش کردووە و پاشان دیقەتی دا کە پاسەوانیش لێوی سوور و برۆکانی رەشن.

مووسا ئاگادار بوو پاسەوان و ئەفسەرە پاسەوانەکان، کە دەبوایە پارێزگاریی لە کۆشکی پاشایەتی پایتەخت، کە بە فیرعەون دەناسرێ، بکەن، لەو شازادانە هەڵدەبژێردرێن کە دایکیان شازادەخانم نەبووە، بەڵام پێش بەرێکەوتن بەرەو کۆش نەیبینیبوو کە ئەوان لێویان سوور و برۆکانیان رەش بکەن.

مووسا زانی کە لە ماوەی دووریی وی لە کۆشکی پاشایەتی لە میسر، ئاڵوگۆڕێك لە رووی پاسەوانان و ئەفسەرەکانیان روویداوە. لە ئەنجامدا ئەو شازادانەی کە دایکیان شازادەخانم نەبووە، پاسەوان و ئەفسەری پاسەوانی فیرعەونن، خۆیان وەکو ژنان ئارایش دەکەن.

پاش ئەوەی کە ئەفسەری پاسەوان مووسای ناسی، فەرمانی بە پاسەوان کرد کە رێگا بدا مووسا بچێتە ناو کۆشکەوە و مووساش چووە ژوورەوە.

چوونە ژوورەوەی مووسا لە ماوەی یەك ساتدا گەیشتە بەرگوێی هەموو ئەفسەر و پاسەوانان و هەموویان لە ژوورەکانی خۆیان هاتنە دەرەوە تا مووسا ببینن.

ریش و سمێڵی مووسا چاك کرابوو، بەڵام قژی درێژ و پڕ و تێکەڵ بوو. ئەم قژە، دەکەوتە سەر شانی پانی ئەو لاوە بەهێز و باڵا بەرزە، شێوەیەکی پڕ لە مەزنایەتی و ترسناك و لە هەمانکاتدا شکۆمەندیشی دەدایە.



لەو رۆژەوە کە مووسا لە میسر چووە دەرەوە، تا ئەو رۆژە کە پێی نایەوە نێو کۆشکی پاشایەتی پایتەخت، دەستی هیچ سەرتاشێکی میسری بەر قژی ئەو نەکەوتبوو تا بە سەلیقەی تایبەتی سەرتاشەکانی میسر، قژی کورت بکاتەوە و ئارایشی بکا و مووی زیادە، لە بناگوێ و دەوروبەری ملی لاببات.

ئامادەبوونی ئەو لاوە باڵابەرز و چوارشانە بەو ماسولکە بەهێزانەی مەچەکەکانییەوە و بەقژی درێژ و چڕی سەرییەوە، لە پەنا شازادەکانی میسر، کە هەموویان هەروەکو ژنان خۆیان ئارایش کردبوو، بووە مایەی شەرمەزاریی شازادەکان، چونکە هەموویان هەستیان کرد کە لە بەرامبەر ئەودا بچووك و ناچیزن و بەجۆرێکی بێ سێ و دوو، مووسا لە هەموویان باڵاترە.

مووسا، چەند هەنگاوێکی لە نێو باخی پاشایەتیدا هەڵێنا و لە دەوروبەری خۆیەوە سەرنجی لە شوورەیەك دا کە لەوێ شازادەکان هونەری شمشێر و نێزەوەشاندن و تیرهاوێژی و باقی هونەرەکانی دیکەی جەنگ فێردەبوون. ئەو تێبینی کرد کە نەوەیەکی نوێ لە شازادان لەو حەوشەیە سەرقاڵی فێربوونی هونەرەکانی جەنگێن.

کاتێك مووسا لە میسر دەچووە دەرەوە، ئەو شازادانە هێشتا منداڵ بوون. لەو کاتەدا، بە نەوجەوان دەژمێردران و بڕیارەکانی کۆشکی پاشایەتی، ئەوانی ناچاردەکرد کە هونەرەکانی جەنگ فێر بن، بەڵام ئیتر مامۆستای ئەوان، ستی هوپ سەرداری بەساڵداچووی جەنگیی نەبوو. مووسا بێ ئەوەی کە لەبارەی ستی هوپ پرسیار بکا، زانی ئەو پیاوەی کە هونەرەکانی جەنگیی فێری ئەو کردووە مردووە.

مووسا چاوی بۆ هەر لایەك دەگێڕا، یەکێك لە بیرەوەرییەکانی قۆناغی منداڵیی یان سەرەتای لاویی بەبیردا رادەبووری. بیرەوەرییەکانی رابردووی، ویژدانی وا سەرقاڵ کرد کە بۆ ماوەیەکی کاتیی، هۆکاری هاتنی خۆی بۆ کۆشکی پاشایەتی لە بیرچۆوە.

پاش چەند خولەکێك وەبیری هاتەوە کە ئەو هاتووە تا ستی مووسای سەرپەرشتیاری تۆماری موڵکەکان ببینێ و دان و ستاندنی لەگەڵدا بکا. بە ئەفسەری پاسەوانی گوت: من هاتووم ستی مووسا ببینم.

ئەفسەری پاسەوان، یەکێك لە پاسەوانانی بەدوا شوێنی کاری سەرۆکی تۆماری موڵکەکاندا نارد و کاتێك ستی مووسا زانی کە مووسا گەڕاوەتەوە بۆ پایتەخت و دەیەوێ ئەو ببینێ، دیقەتی دا کە واباشە خۆی بچێتە لای مووسا.

پیاوە لاوەکە بینی کە ستی مووسا لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەرەوە و هەنگاوی نا تابەرەو رووی ئەو بێت.

مووسا سەرەڕای ئەوەش کە ئەو پیاوەی لە دوورەوە دەبینی، تێگەیشت کە قەڵەوتر بووە و دەرپەڕینی ورگی، لە جاران زیاتر بووە و بەهۆی قەڵەویی زۆرەوە ناچارە کە بەهێواشییەوە هەنگاوبنێ.

ستی مووسا لە دوورەوە مووسای بینی و سەرەڕای ئەوەش کە ئەو جل و بەرگی پاشایەتی لەبەردا نەبوو و گەوهەر و خشڵی پێوەنەبوو، سەرۆکی موڵکەکان ئەوی ناسییەوە.

ئەو دەیزانی کە ئەو لاوە جێگەی نەفرەتی پاشایە و ئاگادار بوو کە فیرعەون بۆ ئەوەی مووسا لە پایتەخت و وڵاتی میسر دووربخاتەوە، ئەوی رەوانەی کۆش کردووە. ئەو پیاوێکە کەوتۆتە بەر غەزەبەوە، بەڵام دوا رۆژ خوێندنەوە، وای لەو پیاوە دەکرد کە لە بەرامبەر ئەودا رێز بنوێنێ و هەروەکو فەرماندەی سوپای میسر، بەخۆی دەگوت لەوانەیە فیرعەون بمرێ و پاش ئەو، مووسا، کە پیاوێکی بەهێزە و بەجۆرێکی رەسمی کوڕی فیرعەونە و لە بنەچەی شازادە خانم ئەنخاس ئاموونە، بگاتە پاشایەتی و دەبێ من بەجۆرێك رەفتاربکەم کە ئەگەر ئەو بوو بە پاشا رقم لێ هەڵنەگرێ.

ستی مووسا پاش ئەوەی کە گەیشتە نزیکی مووسا، ئەو پەڕی رێزی لە بەرامبەر ئەو لاوەدا بەجێهێنا و گوتی: من بە دیداری تۆ یەکجار خۆشحاڵم و دەڵێم کە ئەم کۆشکە بە هاتنی تۆ، رووناکتر بۆتەوە. من و کەسانیتر لێرە، دەمانزانی کە تۆ دێیتە ئێرە پاشاش لەمبارەیەوە هەر ئاگادار بوو و ئێستا کە تۆ هاتوویە ئێرە واباشترە کە بچیتە لای پاشا.

مووسا گوتی: ئەی ستی مووسا، منیش لەوەی کە پاش ماوەیەك توانیومە بگەڕێمەوە بۆ ئێرە، خۆشحاڵم، بەڵام من نەهاتووم تابچمە لای فیرعەون، بەڵکو ئەوەی کە منی هێناوەتە ئێرە ئەوەیە کە پێویستم بە زێر هەیە و هاتووم، تا لە هەقی موڵکەکانی دایکم زێر وەربگرم.

ستی مووسا هەردوو دەستی خستە سەر سنگی و بەجۆرێك چەمایەوە کە سەری نزیکی ئەژنۆکانی کوڕە لاوەکە بۆوە و پاش ئەوەی کە سەری بەرزکردەوە بە وشەگەلێکی کەپێش ئەو رۆژە هەڵبژێردرابوون و دەسبەجێ نەبوون، گوتی:

ئەی شازادەی میسری، ئەوەی کە لە لایەن دایکتەوە بە من سپێردراوە، هەر ماوە. من تەنانەت دەستکاری یەك ئەڵقەی مسیشم نەکردووە تا دەکاتە زیو و زێر، بەڵام تۆ بەر لەوەی کە لە بیری سوودوەرگرتن لە سامانی دایکت بیت واباشترە کە بچیتە لای پاشا.



مووسا بە پەنجەی دەست جل و بەرگەکانی خۆی پیشانی سەرپەرشتیاری تۆماری موڵکەکان دا و گوتی: بەم جل و بەرگەوە بچمە لای پاشا؟

ستی مووسا گوتی: تۆ پیاوێکی ئازای جەنگیی و تازە لە مەیدانی جەنگ دەگەڕێیەوە، کەسێك کە لە مەیدانی نەبەرد دەگەڕێتەوە، هەر بەو جل و بەرگەی لە بەریدایە دەچێتە لای پاشا. کاتێك پاشا فەرمان دەدا کە پیاوێك ببنەلای وی بۆ ئەوەیە کە چاوی بەو کەسە خۆی بکەوێ نەك جل و بەرگەکەی.

پاشا فەرمانی داوە کە پاش ئەوەی دەگەڕێیتەوە، تۆ ببنە لای ئەو. خۆشت دەزانی کە فەرمانی وی دەبێ لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ببێ.

مووسا کە بینی ستی مووسا لە بارەی فەرمانی فیرعەونەوە قسە دەکا، ناچار بوو بە هەمان جل و بەرگی کە لە بەریدابوو، لەگەڵ ستی مووسا، بۆچوونە لای پاشای میسر، بکەوێتە رێ.

هەر جارێك کە مووسا دەچووە لای فیرعەون، وەزعی وی لەگەڵ وەزعی پێشوو جیاوازی هەبوو، وارێك نەدەکەوت کە مووسا، دووجار بە وەزعێکی لێکچوو، بچێتە لای پاشای میسر.

جارانی پێشوو، کە مووسا دەچووە لای فیرعەون نەفرەتی بەرامبەر ئەو هەبوو، بەڵام ئەو رۆژە کە دەبووایە بچێتە لای پاشا نەفرەتی لە رۆژانی تر زیاتر هەبوو.

کاتی منداڵیی، هەر جارێك کە مووسا پێی دەنایە نێو تەلاری دیداری گشتییەوە، لە شکۆی ئەو تەلارە و هەیبەتی فیرعەون دەترسا، کە چی ئەو رۆژە کاتێك دەیویست بچێتە نێو تەلاری دیداری گشتییەوە، ترسی نەبوو، چونکە ئەو مووسای شەڕدیدە و رەنجی سەفەر چێشتووە، هەمان مووسای سەردەمانی منداڵی نەبوو.

دەربارییانی میسر، دەیانزانی کە مووسا دەگەڕێتەوە، بەڵام کاتێك چاویان بە مووسا کەوت و تێگەیشتن کە ئەو لاوە دەیەوێ بچێتە نێو تەلاری دیداری گشتیی پاشا، سەریان سووڕما. چونکە تا ئەو رۆژە وا رێك نەکەوتبوو کەسێك بەو جل و بەرگە پەرپووتەوە بچێتە نێو تەلاری دیداری گشتیی فیرعەون، مانای بچێتەلای بە دەسەڵاتترین پیاوی جیهان.

ئەگەر ئەو کەسەی دەچووە نێو تەلاری دیداری گشتییەوە، بیانی بووایە، جوانترین و گرانترین جلی قەومەکەی خۆی دەپۆشی و بەو جلەوە دەچووەنێو تەلاری دیداری گشتیی. ئەگەر شازادەیەکی میسریش بوایە، ئەوا دەبوو بە جلی شازادەیی و بەرگی پاشایەتییەوە پێ بنێنە

نێو تەلاری دیداری گشتییەوە. کەسانی ئاسایش ئەوا ڕێگەیان پێ نەدەدرا بچنە ناو ئەو تەلارەوە و تەنانەت بەربەستییان لێدەکرا کە بچنە نێو کۆشکی فیرعەونەوە.

مووسا سەرنجی دا کە دەربارییان بە سەرسامی و سووکایەتییەوە سەیری ئەو دەکەن. بەڵام لە نیگای ئەوان هەستی بە ناڕەحەتیی نەدەکرد، چونکە بەهۆی تاقیکردنەوەوە لەو قۆناغە تێپەڕیبوو کە نیگای سەرسامیی گرتووی وێرا بە سووکایەتی پێکردنەوە، ئازاری ئەو بدا.

پێش ئەوەی کە مووسا بچێتە نێو تەلاری دیداری گشتییەوە، بە فیرعەونیان گوتبوو کە ئەو لاوە جل و بەرگی شازادەیی لە بەردانییە و بە جل و بەرگی شازادەیی ئاساییەوە هاتووە. فیرعەون گوتبووی با بە هەمان جل و بەرگەوە بێتە ژوورەوە. هەر بۆیە فیرعەون بە بینینی مووسا بەو جل و بەرگەوە سەرسام نەبوو، بەڵام لە باڵای بەرز و سنگ و شانی پانی وی، سەرسام بوو. فیرعەون چاوەڕێ نەبوو تا ئەو ئەندازەیە مووسا بە بەهێزی ببینێ، بەتایبەتیش پاش گەڕانەوە لە سەر زەوینێك کە زۆرێك لە پیاوانی بەهێز لەوێ گیانیان لە دەستداوە و نەگەڕاونەوە.

فیرعەون ئاماژەی بۆ مووسا کرد کە لە تەختی پاشایەتی نزیك ببێتەوە.

لەبەر ئەوەی پێشتر وەزعی تەلاری دیداری گشتییمان ڕاڤەکرد بوو، دووبارەی ناکەینەوە و ئێمە دەزانین کاتێك فیرعەون بانگی کەسێکی دەکرد پێی دەگوت کە لە تەخت نزیك ببێتەوە ئینجا قسەی لەگەڵدا دەکرد. کەسانێك کە لە تەلار بوون گوێیان لە دەنگی وی نەدەبوو.

مووسا بە فەرمانی فیرعەون لە تەختی پاشایەتی نزیك بۆوە و چاوی لە ڕووخساری پاشای میسر بڕی. ڕووخساری فیرعەون لەچاو ئەو کاتەی کە مووسا لە میسر چووە دەرەوە زۆر نەگۆڕابوو.

لەو کاتەدا پەنجا و پێنج ساڵ لە تەمەنی فیرعەون تێدەپەڕی، سی و هەشت ساڵی لەو تەمەنە لەسەر تەختی پاشایەتی بەسەر بردبوو. خەڵك ڕاهاتبوون کە ئەو وەکو شەتی نیل بە نەمر بزانن و وابیربکەنەوە کە هەرگیز نامرێ.

پەنجا و پێنج ساڵ تەمەن و، سی و هەشت ساڵ پاشایەتی لە کۆشکی پاشایەتی میسر، ڕووداوێکی نائاسایی بوو، چونکە لە کۆندا، پاشاکانی هێندێك لە زنجیرەکانی سوڵتانەکانی میسر، بەشێوەیەکی تێکڕایی، تەمەنیان لە بیست و چوار یان بیست و پێنج ساڵ، تێنەدەپەڕی. هێندێك لەوانە ژەهرخواردوو دەکران، هێندێکیان بەهۆی ئەوەی نەشتەرگەری کەللەسەریان بۆ دەکرا، ماڵئاواییان لەم دنیایە دەکرد. ئەوەبوو کە تەمەنی پەنجا و پێنج ساڵە



و، پاشایەتیی سی و هەشت ساڵەی ڕامسیسی دووەم، لەبەرچاوی میسرییەکان بە ڕووداوێکی لە ڕادەی ئاسایی بەدەر دەژمێردرا، ئەوان وا گومانیان دەکرد کە خوایانی میسر، بۆ هەتا هەتایە ئەو بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

ڕامسیسی دووەم، حکوومەتی میسری بەجۆرێك بەهێزکرد کە پێش ئەوە، کەمتر قۆناغێکی واهەبووە کە میسر ئەوەندە بەهێز بێت. ئەو پاشایە میسری کرد بە خاوەنی سوپایەکی بەهێز و خەزێنەی خۆی پڕاوپڕ لە زێر و زیو کرد. بەڵام خەڵکی میسر، لە قۆناغی پاشایەتی ڕامسیسی دووەم هەژار بوون، شارەکانی میسری سەروو وێران بوون. کۆیلەتی لە میسر بەجۆرێك بەرمێن کەوت، کە لە هیچ قۆناغێکدا بەو بەربڵاوییە نەگەیشت.

مووسا پاش ئەوەی لە تەختی پاشایەتی نزیك بۆوە و ساتێك لە فیرعەونی ڕوانی، سەری بۆ خوارەوە داگرت. پاشای میسر گوتی: دەبینم کە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی من گەڕاوەتەوە، ئایا ڕاستە دەڵێن کە تۆ سەروچاوەی ڕووباری نیلت بینی؟

ئەم ڕستەیە بە جۆرێك لە دەمی فیرعەونەوە دەرچوو کە لایەنی ستایش کردنی تێدابوو و هەروەکو بڵێ ئەگەر ئەوەی دەیڵێن ڕاست بێت، دەبێ ئافەرینت لێ بکرێ.

مووسا گوتی: ئەی پاشا و خاوەنی دەسەڵاتی دنیا، من سوپاست دەکەم.

ڕامسیسی دووەم گوتی: سەرەڕای ئەوەی کە ماوەیەك لێرە دووربووی، دەبینم کە دابەکانی دەرباری منت پاراستووە و لەگەڵ ئەوەشدا کە گەوهەرەکانت لە دەست داوە بەڵام دابەکانی دەربارت فەرامۆش نەکردووە. بۆ ئەوەی کە پیاوێك هەر بەو جۆرەی کە هەیە ببینی باشتر وایە کە گەوهەری نەبێ. بەڵام تۆ وەڵامی پرسیارەکەی منت نەدایەوە و پێت نەگوتم کە ئایا سەروچاوەی ڕووباری نیلت بینی یان نا؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا کاهینان دەڵێن سەروچاوەی ڕووباری نیل لە سەر زەوینی خوایانە.

ڕامسیسی دووەم گوتی: من کارم بە گوتەی کاهینان نییە. لە تۆ دەپرسم ئایا سەروچاوەی ڕووباری نیلت بینی یان نا؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئێمە، بە درێژایی ڕووباری نیل کە پاشان بوو بە ڕووبارێك، ئەوەندە ڕۆیشتین تاگەیشتینە دەریاچەیەك و ئینجا هەر بە درێژایی هەمان ڕووباردا گەڕاینەوە. من نەمتوانی تێبگەم کە ئایا ئەو ڕووبارە، بەشی بنەڕەتی شەتی نیلە یان یەکێکە لە لقەکانی وی.

فیرعەون پرسی: ئایا شاری زێڕینت دۆزییەوە؟

مووسا گوتی: ئێمە، شارێکمان نەدۆزییەوە، بەڵام کاتێك گەیشتینە دەریاچەکە، بینیمان کە کۆمەڵە کۆڵێتێك لەوێ دروست کراون و کۆمەڵێك لە ڕەشپێستانی کورتە باڵا لەو ناوچەیە دەژین و ئەوان زێڕیان نییە.

کاتێك کە فیرعەون قسەی لەگەڵ مووسادا دەکرد، دەوروبەری تەلاری دیداری گشتیی، ژمارەیەك لە دەربارییان و هەروەها ژمارەیەك کەسانی وڵاتانی دەرەوە لەوێ ئامادە بوون و بە حاڵی ئەدەب نواندنەوە ڕاوەستابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە مەودایەك لە نێوان کۆشکی پاشایەتی و ئەواندا هەبوو، گوێیان لێ نەبوو کە فیرعەون چ دەپرسێ و مووسا چ وەڵامێك دەداتەوە.

ڕامسیسی دووەم بێدەنگ بوو و مووساش کە ئیتر پرسیاری لێ نەدەکرا، سەری داگرتە خوارەوە.

ڕامسیسی دووەم بەدیقەتەوە لەو لاوەی دەڕوانی و دەهاتەوە بیری کە سێ ساڵ و نیو پێش ئەو مێژووە، ڕۆژێك فەرمانی دا کە قازێك بۆ فاڵگرتنەوە ڕاوبکەن، لاشەکەی ببنە لای کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون تا لە ڕووی ئەو شتەوە کە لە نێو سیقەتۆرەی قازەکەدایە تێبگا کە وەزعی فیرعەون لە داهاتوودا چۆن دەبێ.

کاهینی گەورەی ئاموون، بەردێکی ڕەشی لە نێو سیقەتۆرەی قازەکەدا دۆزییەوە، چووە لای فیرعەون و پێی گوت مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە تۆ دەکا و ئەو مەترسییە لاناچێ تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێ کە لەهەر کەسێك دەترسی ئەو کەسە لەناوببەی.

فیرعەون لە پایتەختی خۆیدا، لە یەك کەس دەترسا. ئەو کەسەش مووسا بوو، چونکە بە فیرعەونیان گوتبوو کە مووسا نکوولیی لە خواکانی میسر دەکا. ڕامسیسی دووەم، دەیزانی لە نێوان کەسێك کە خوای نەبینراو دەپەرستێ و لەگەڵ ئەو، کە باوەڕی بە خوا بینراوەکانی میسر هەیە، ئاشتی نایەتە ئارا. هەر کەسێك کە خوای نەبینراو دەپەرستێ دەبێ بکوژرێ تا ئەو بتوانێ بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە درێژە بە پاشایەتی خۆی بدات.

فیرعەون تەنانەت نەیدەتوانی تەحەمموول بکا کە کوڕەکەشی، ئەگەر خوای نەبینراو بپەرستێ، لە ژیاندا بمێنێ. هەر بۆیە فەرمانی کرد کە مووسا وەکو فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان، لەگەڵ سوپای ڕەوانەکراوی میسردا بچێتە کۆش. پاش ماوەیەکیش فەرمانی دا کە مووسا بۆ دۆزینەوەی شاری زێڕین بکەوێتە ڕێ.



فیرعەون لەوە وریاتر بوو کە نەزانێ شاری زێڕین بوونی نییە، بەڵام دەیویست مووسا بەئەنجامدانی کارێکەوە ببەستێتەوە کە نەتوانێ بگەڕێتەوە، بەڵام پاش سێ ساڵ و نیو بینی کە مووسا گەڕاوەتەوە.

ڕامسیسی دووەم کوڕی زۆری هەبوو، بەشێوەیەك کە ناوی هێندێکیانی نەدەزانی. تەنانەت شێوەی هێندێك لە کوڕەکانی خۆی نەدەهاتەوە بیر، بەڵام هیچ کام لە کوڕەکانی، وەك مووسا خاوەنی باڵای بەرز و سنگ و شانی پان، نەبوون. لەو ڕۆژەدا کە مووسا لە تەلاری دیداری گشتییدا لە بەرامبەر ئەو ڕاوەستابوو، پاشای میسر بینی کە ئەو لاوە، باڵابەرزتر و چوارشانەتر و بەهێزتر بووە وەك لەو کاتەی کە لە میسر چووە دەرەوە.

لە دەوروبەری تەلار کەسانێك هەبوون دەیانزانی فیرعەون لە دیداری کوڕەلاو ناڕازییە، چونکە ئەو چاوەڕێی ئەوەبوو کە ئەو لاوە لە کۆش یان لە ڕێگای دۆزینەوەی شاری زێڕین بکوژرێ و هەواڵی مردنەکەی بۆ بێنن.

یەکێك لەو کەسانەی کە لەو تەلارەدا ئامادەبوو و لەمبابەتەش ئاگادار بوو، ستی مووسا سەرۆکی تۆماری موڵکەکان بوو. ئەو، پاش ئەوەی کە زانی مووسا زیندووە و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ پایتەختی میسر، بە فیرعەونی گوت: ئەو پیاوە کە ئاتوون دەپەرستێ، میسر وێران دەکا و ئامرازی کاریگەر بۆ لاوازکردنی ئەو پیاوە ئەمەیە کە سامان و موڵکەکانی دایکی نەدرێتێ.

ستی مووسا ئەگەر مووسای بە کوڕی فیرعەون نەزانیبایە دەیگوت ئەو پیاوە دەبێ بکوژرێ، بەڵام چونکە وای وێنادەکرد کە ئەو لاوە کوڕی پاشای میسرە، لەو کاتەدا کە لە لای فیرعەون بەدگۆیی لەبەرامبەر ویدا دەکرد، گوتی دەبێ ئەو لاواز بکرێ.

پاش چەند دەقیقەیەك بێدەنگی، کە هەموو ئامادەبووان بە نیشانەی تووڕەیی فیرعەونیان زانی، پاشای میسر بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی ئاسایی، بە جۆرێك کە کەوتە بەرگوێی ژمارەیەك لەو کەسانەی کە لەوێ ئامادەبوون، پرسی: تۆ بۆچی بۆ پایتەخت هاتوویەوە؟

مووسا گوتی: بۆیە هاتووم تا بەشێك لەو سامانەی کە دایکم بە منی بەخشیوە، وەربگرم و لە ژیانی خۆمیدا خەرج بکەم، چونکە بۆ درێژەدان بە ژیان پێویستم بە زێڕ هەیە.

فیرعەون گوتی: هەر چەندەش کە بەمنیان گوتووە واباشترە کە ماڵ و سامانی دایکت نەدەم بەتۆ، بەڵام من کەسێك نیم کە لە ماڵ و سامانی کوڕەکانم بدزم، ستی مووسا ماڵ و سامانی دایکت دەداتە تۆ.

مووسا گوتی: ئەی پاشا سوپاست دەکەم!

پاشای میسر گوتی: من نامەوێ سوپاسم لە زمانی تۆوە گوێ لێبێ، چونکە دەزانم تۆ لە دڵی خۆتدا دەتەوێ من بکوژی، یان هەروەکو هەڵۆ دەبی کە حەز دەکا دڵی لاشە بێنێتە دەرێ.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، من لەسەر زەوینی کۆش، ئەوەندەم دیمەنی کوشتار بە دەستی ئەفسەر و سەربازانی تۆ، کە بۆ تەمبێ کردنی دانیشتووانی کۆش چوو بوون، بینیوە، کە هەرگیز دەستی خۆم بۆ کوشتنی هیچ کەسێك بەرزناکەمەوە بەتایبەتی بۆ کوشتنی پاشا!

پاشای میسر گوتی: من دەزانم تۆ بەرامبەر بە من کینەت لە دڵدایە و چاوەڕوانیی رۆژێك دەکەی کە بتوانی من بکوژی.

مووسا گوتی: من نامەوێ تۆ بکوژم چونکە بۆ جێبەجێکردنی دادپەروەری رێگاگەلی دیکە هەیە و من ئارام دەگرم تاکاتی جێبەجێکردنی دادپەروەری دێت.

لە ماوەی سی و هەشت ساڵدا، کە رامسیسی دووەم لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دانیشبتوو، هیچ کەسێك بەو جۆرە لەگەڵ ئەودا قسەی نەکردبوو، چونکە هیچ کەسێك ئازایەتی ئەوەی تێدا نەبوو لەگەڵ پاشایەکداکە سەروەری گیان و ماڵی تیرەی مرۆڤە، بەو جۆرە قسە بکا. پاشای میسر بەجۆرێك لەو سەرەڕۆیییە سەرسام بوو کە گوتی: ئەی پیاو کە نیوەی ناوێکت هەیە، کام لە خوایانی میسر پشتیوانیت لێدەکەن کە ئاوا بە لەخۆباییەوە قسە دەکەی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: هیچ یەکێك لە خوایانی میسر پشتیوانی لە من ناکەن.

فیرعەون گوتی: هەوڵ بدە کە هەر لەم ساتەدا یەکێك لە خوایان بکەی بە پشتیوانی خۆت تا بتوانی لەم تەلارە بە زیندوویی بچیتە دەرەوە، ئەگەر نا لاشەکەت لێرە دەبەنە دەرەوە.

مووسا گوتی: ئەی پاشا هەمووان دەزانن کە تۆ ئەنخاس ئاموونت کوشت و پاش کوشتنی منیش، هەمووان دەزانن کە تۆ منیشت رەوانەی لای وی کردووە.

فیرعەون بە بیستنی ئەم قسەیە لەرزی، لەرزینەکەشی لە شتێکی جیا لە تووڕەییەوە سەرچاوەی دەگرت، چونکە دوای سی و هەشت ساڵ لە پاشایەتی، ئەمە یەکەمجار بوو کەسێك زاتی ئەوەی کرد بەو رەقییەوە قسە لەگەڵ ئەودا بکا. فیرعەون لە سەیری ئەو دیاردەیە لەرزی پێداهات.

رامسیسی دووەم، لە تینوتاوی لەرزین و سەرسامی، بەجۆرێکی کاتی، دەسەڵاتی خۆی لە بیرچوو و چەند جارێك هەناسەی قووڵی هەڵکێشا و لەرزینی لەش و تووڕەییەکەی نەما و بە ئەسپایی بە مووسای گوت: تۆ ئەگەر لە جیاتی دوژمنایەتی لەگەڵ من، هیمەت بکەی دۆست



و هاودەستی من بی، کۆمەڵە ئیمتیازێکت بەدەست دەهێنا کە هیچ شازادەیەکی میسری پێش تۆ و لە زەمانی ژیانی باوکیشدا، ئەو ئیمتیازانەی بەدەست نەدەهێنا.

مووسا گوتی: لەمەڕ ئیمتیازی ژیانەوە، من ئەوەندەی کە بۆ درێژەدانی ژیان پێویستە قەناعەت دەکەم و لەوە زیاترم ناوێ.

فیرعەون گوتی: ئەوی لاو، جۆری قسەکردنی تۆ بە شێوەیەکە کە کۆتایی بە دان بەخۆداگرتنی من دەهێنێ من تا ئەمرۆ، لەبارەی تۆ دانم بەخۆمداگرتبوو. کاتێك کە دەرکەوت تۆ لەگەڵ خوایانی میسردا دۆستایەتیت نییە، کاهینان بەمنیان گوت کە تۆ بکوژم، بەڵام من تۆم نەکوشت، کەچی تۆ ئەوەندە بەسەرەڕۆ دەبینم کە لەوانەیە فەرمانی کوشتنی تۆ دەربکەم. من سەرم سووڕماوە کە تۆ بەهێز و توانای کێ، یان چی، بەو جۆرە لەگەڵ مندا قسە دەکەی؟

مووسا گوتی: من بە پاڵپشتی یەك هەقیقەت بەمجۆرە قسە دەکەم، ئەم هەقیقەتەش ئەوەیە کە تێدەگەم فیرعەون لەمن دەترسێ و من نازانم هۆکاری ترسی فیرعەون لەمن چییە، بەڵام دەزانم کە لەمن دەترسێ.

فیرعەون بۆ ئەوەی ئامادەبووان قسەکانی ئەویان گوێ لێ نەبێ، بە ئەسپایی قسەی دەکرد، گوتی: ئەی لاو، میهرەبانیی لەگەڵ ترسدا تێکەڵ مەکە. من لە بەرامبەر تۆدا میهرەبانیی دەنوێنم، بەڵام لە تۆ ناترسم.

چۆن دەکرێ پاشایەکی وەکو من، کە بە ئاماژەی پەنجەیەك دەتوانی تۆ لەناوببا، لە لاوێکی وەکو تۆ، کە هیچ کەسێك پشت و پەنات نییە، بترسم. من ئەو کاتەی کە تۆ لەم کۆشکەدا دەژیای میهرەبانییم بەرامبەرت دەنواند و ئێستاکەش کە گەڕاویتەتەوە میهرەبانیی بەرامبەرت دەنوێنم.

من ناوی بەزەیی هاتنەوە ناهێنم و ناڵێم بەرامبەر تۆ بەزەییم هەیە، چونکە دەزانم تۆ گوتەکەی من قبوڵ ناکەی، بەڵام دەڵێم میهرەبانیی دەنوێنم. میهرەبانیی من سێ هۆی هەیە، هۆی یەکەمیان ئەوەیە کە تۆ کوڕی ئەنخاس ئاموونی. دووەمیان ئەوەیە کە تۆ لە نێو شازادەکانی میسردا لە رووی بەرزیی باڵاو پانیی سنگ و شان و هێزی بەدەنییەوە تازیاری و سێیەمیان ئەوەیە کە ستی کف، فەرماندەی سوپای من کە تۆی لەگەڵ خۆی بۆ کۆش برد و لەوێ مرد، بەر لە مردنی چەند نامەیەکی لەبارەی ئازایەتی و راستگۆیی تۆوە نووسی و لە نامەکاندا دەیگوت کە تۆ سەرەڕای ئەوە کە ئازایت، وەکو سەربازێکی ئاسایی ملکەچی بڕیار و دیسپلینەکانی و هەر فەرمانێکت پێ بکەن، بێچەندوچۆن لە کاتی خۆیدا جێبەجێی دەکەی و

هێزی بەرگەگرتنی ماندوویی تۆ، لە رادەی ئاسایی بەدەرە. کاتێك کە ئەفسەر و سەربازان لە تینی ماندوویەتیدا لە پەل و پۆ دەکەون، تۆ هەمدیس دەتوانی زەحمەت بکێشی و بێدار بمێنیتەوە.

ستی کف لەو نامانەدا کە دەربارەی تۆ بۆ منی دەنووسی، دەیگوت لە نێو هەموو ئەفسەر و سەربازانی سوپای ئەودا، تۆ تەنیا کەسی کە شەراب و بیرە ناخۆیەوە و گرنگیی بەژنان نادەی. ستی کف بەجۆرێك لە هەمبەر خەسڵەتەکانی تۆ توشی سەرسامیی هاتبوو کە لە نامەیەکدا بۆ منی نووسی ئەگەر کوڕێکی وەکو تۆی هەبوایە هیچی دیکەی لە خواکان نەدەویست.

من بەو هۆکارانە تا ئەمڕۆ خۆم لە کوشتنی تۆ بواردووە، چونکە نەمدەویست لاوێك کە خاوەنی ئەم سیفەت و ئیمتیازانە بێت، لەناو ببەم. بەڵام تۆ سەرەڕای ئەوە کە خاوەنی کۆمەڵە سیفەتێکی جۆربەجۆری کەچی لە بیری سەلامەتیی دۆستانی خۆتدا نیت!

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: لەبەرچی من لە بیری سەلامەتی دۆستانی خۆمدا نیم؟

فیرعەون گوتی: تۆ پاش ئەوەی کە هاتیتەوە ناو پایتەختی من، لە ماڵی نف بنەجێ بووی و بیرت لەوە نەکردەوە کە بنەجێ بوونی تۆ لە ماڵی سەرۆکی تەلاسازانی من و قبووڵ کردنی میوانداریی وی لەوانەیە بەنرخی ژیانی ئەو تەواو ببێ.

مووسا بە تۆقینەوە پرسی: ئایا تۆ دەتەوێ نف بکوژی؟

فیرعەون گوتی: نەمگوت ژیانی ئەو لە بەین دەچێ، بەڵکو گوتم کە لەوانەیە ژیانی ئەو لە بەین بچێ. تۆ کە دەڵێی کە من لە تۆ دەترسم بۆچی لە ماڵی نف بنەجێ بووی کە مەترسییەکی ئیحتیمال لێکراو بۆ ژیانی وی پێك بهێنێ؟

تۆ کە لاوێکی هۆشیاری دەبێ تێبگەی، کەسێك، کە پاشای میسر، بە قسەی تۆ، لێی دەترسێ، دۆستایەتی لەگەڵ هەر کەسێکدا بکا، مەترسی مردن بۆ ئەو دۆستەی خۆی پێکدەهێنێ. چونکە کەسێك کە پاشای میسر لێی دەترسێ، دەبێ لە بەین بچێ تا پاشا لە دڵەڕاوکێدا نەبێ. هەر کەسێکیش کە داڵدەی ئەو کەسە بدات، یان دۆستایەتی وی بکا سەری بە فەتارەت دەچێ.

مووسا گوتی: من بیرم لەمە نەکردبۆوە.

فیرعەون گوتی: تۆ ئەی لاو، داوای یاریدە لە نف دەکەی و میوانداریی وی قبوڵ دەکەی، کە چی داوای یاریدە لە من ناکەی.



مووسا گوتی: من بەو هۆیەوە میوانداریی ئەوم قبوڵ کرد کە ئەو پاشا نییە.

فیرعەون گوتی: ئەی مووسا، سیفەتی تۆ، سیفەتی پیاوێکی گەورەیە، بەڵام لە کاتی ئاخاوتندا وەکو منداڵ قسە دەکەی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە تۆ هێشتا تێنەگەیشتووی فیرعەون تا چ رادەیەك دەسەڵاتی هەیە، پەیت بەوەنەبردووە کەسێك کە خاوەنی دەسەڵاتی موتڵەقە، تا چ رادەیەك دەسەڵاتدارە!

تۆ، لە رۆژێکی کە لە دایکبووی تا دەگاتە ئەمڕۆ، سەرەڕای ئەوە کە شازادەی، دەسەڵاتی موتڵەقت نەبووە تاکو پەی بە چۆنایەتییەکەی ببەی، کەسێك کە خاوەنی دەسەڵاتی موتڵەقە، هەموو کەسێك لە بەرامبەر خۆیدا وەکو خۆڵ دەبینێ و تیرەی مرۆڤ، لە بەرچاوی ئەو، لەگەڵ خۆڵ یان گیانلەبەرانی دیکە جیاوازی نییە.

کەسێکی وەکو من کە پاشا و خاوەندی میسرە، دەتوانێ لە یەك رۆژدا سەدەها هەزار کەس لە بەین ببا بێ ئەوەی کەسێك بتوانێ پێی بڵێ بۆچی فەرمانی کوشتنی ئەوانەت دەرکردووە.

ئەی لاو، بزانە کە چێژی دەسەڵات لە هەموو چێژەکانی تر زیاترە. کاتێك کە دەبینێ کەسێك لە بەرامبەریدا دەکەوێتە سەر زەوی، هەر بە راستی خۆی وەکو خوایانی میسری بەخاوەن دەسەڵات دەبینێ.

سەیرکە... هەر ئێستا نموونەیەکت لە دەسەڵاتی خۆم پیشان دەدەم، پاش ئەم قسەیە، فیرعەون، هەردوو لەپی دەستی خۆی لێکدا و. بەجۆرێك کە دەنگێکی لێ بەرزبۆوە و ئینجا گوتی: ئێرە چۆڵ کەن.

هەر لەگەڵ هاتنە دەرەوەی ئەم قسەیە لە زاری فیرعەون، گەورە پیاوان کە لە تەلاری دیداری گشتیی بوون، کە لە نێو ئەوانەدا چەند کەسێك لە باڵوێزانی سوڵتانی وڵاتانی دیکەی تێدا بوون، لە ژوورەکە چوونە دەرەوە. پاش چەند ساتێك هیچ کەسێك لەو تەلارەدا نەما.

فیرعەون بە مووسای گوت: ئایا بینینت کە فەرمانی من بە چ خێراییەك جێبەجێ کرا؟

ئایا دیقەتت دا کە هەمووان، تەنانەت باڵوێزانی سوڵتانەکانیش، بەخێرایی لە ژوورەکە چوونە دەرەوە؟ چونکە دەیانزانی ئەگەر دوابکەون و درەنگ بچنە دەرەوە دەبنە هۆکاری تووڕەیی من.

هەر بەو جۆرەی کە من بە چەند وشەیەك ئەم تەلارەم لە خەڵك چۆڵ کرد، ئاواش دەتوانم وڵاتی میسر لە دانیشتووان چۆڵ بکەم، بەڵام من ئەم وڵاتە لە دانیشتووان چۆڵ ناکەم، چونکە بوونی قەومی میسر، بۆ درێژەپێدانی مەزنایەتی من پێویستییەکە.

تۆ شتێکت بەمن گوت کە پیشانی دەدا تۆ لە کاروکردەوەی سوپای من لە میسر حەپەساو یان بێزاری، بەڵام ئەگەر دە قەومی دیکەی بێگانەی وەکو قەومی کۆش لەناو بچێ، من نەسەرسام دەبم و نەغەمبار، چونکە مانەوەی قەومگەلی بێگانە و نابووت بوونی ئەوان، بەندە بە بەرژەوەندی من، ئەگەر بەرژەوەندی من پێویست بکا، قەومگەلی بێگانە تادواین کەس لەناودەبەم.

بە ڕوانینی من، ئەوەی کە بایەخی هەیە، بە پلەی یەکەم بریتییە لە دەسەڵات و مەزنایەتی من، ئینجا دەسەڵاتی میسر، ئێستا تۆ ئەی لاو دەتەوێ پاشایەکی ئاوا لەناوبەری؟

مووسا گوتی: من نەمویستووە پاشا لەناوبەرم؟

پاشای میسر گوتی: تۆ ئەگەر بتتوانیبایە منت لەناودەبرد، بەڵام لەبەر ئەوەی نەتتوانی، مەبەستەکەی خۆت پیادە نەکرد.

مووسا گوتی: ئاوا نییە و من نەمویستووە پاشا لەناوببەم.

پاش ئەوە، بێدەنگ مان و مووسا لە بیرانەوە راچوو و بیری لە گوتەکانی فیرعەون کردەوە. ئەو تێگەیشت کە ئەو پیاوە راست دەکا و لەناوبردنی پیاوێك کە بەو ئەندازەیە دەسەڵاتی هەیە کارێکی ئاسان نییە.

پاشان، سەرنجی دا کە ئەو بەشەش لە گوتەکەی فیرعەون کە لە بەرامبەر ئەودا میهرەبانیی بەجێهێناوە، راستە. ئەگەر رامسیسی دووەم بەراستی مەبەستی بووایە کە ئەو بکوژێ، فەرمانی بە فەرماندەی سوپای رەوانەکراوی میسر دەکرد کە ئەو بکوژێ. ئەویش بێ دواکەوتن مووسای دەکوشت. کەوابوو فیرعەون نەیویستووە ئەو بکوژێ، بەڵکو لەوانەیە ویستبی تەمبێی بکا.

مووسا هەستی کرد فیرعەون کە کوڕی زۆری هەیە، پەی بەوە بردووە کە هیچ کام لەو کوڕانە لە رووی لەش و لار و ئەندام و سیفەتگەلی روحییەوە لێهاتوویی ئەویان تێدانییە کە بە کوڕی وی بژمێردرێن. ئەو کوڕێکی دەویست باڵابەرز و چوارشانە و بەهێز و ئازا و دلێر، ئەم سیفەتانەشی لەودا دۆزیوەتەوە, هەر بەو هۆیەش ئەفسانەی هاوسەرەکەی خۆی، لەبارەی وییەوە (مانای مووساوە) پاش ئەوەی کە گەورە بوو، قبووڵ کرد.

مووسا لەوەگەیشتبوو کە فیرعەون پیاوێکی هۆشیارە و تێدەگا کە پیاوێکی بێ هۆش و بێ توانا ناتوانێ ئەو ئیمپراتۆرییە گەورەیە، کە هەر رامسیسی دووەم هێناویەتە ئاراوە، دروست بکا.



پاشایەکی ئاوا بەهێز و هۆشیار، لەسەروەختێکیشدا کە زەمانێك بەسەر تەمەنی ویدا تێدەپەڕی و منداڵێك نییە فریوی ئەفسانە بخوا، چۆن دەکرا کە ئەفسانەی هاوسەرەکەی لەبارەی ئەوەی کە ئەو کوڕی فیرعەون بێ، قبووڵ دەکا.

کەوابوو وادیارە فیرعەون، پاش ئەوەی کە بینی ئەو گەشەی کردووە و لاوێکی بەهێزی لێدەرچووە، ئەو ئەفسانەی قبوڵ کرد تا بتوانێ ئەو بە کوڕی خۆی بناسێنێ و بەهەموو کەسێکی پیشان بدا کە ئەو کوڕێکی ئاوا باڵابەرز و چوارشانە و جوان و دلێری هەیە.

پاشای میسر بێدەنگییەکەی شکاند و لەو کوڕە لاوەی پرسی: ئایا کاتێك کە ستی کف فەرماندەی سوپای من، ماڵئاوایی لە ژیان کرد تۆ لە لای بووی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ ئەی پاشا.

فیرعەون گوتی: بەمنیان گوت کە ئەو بە نەخۆشی مردووە نەك بە برینی تیر.

مووسا بە ئەرێنی وەڵامیدایەوە.

فیرعەون پرسی: لە کاتی مردندا وەزعی ئەو چۆن بوو؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، لە کاتی مردندا وەزعی ئەو هەروەکو وەزعی کەسانیتر بوو کە من مردنی ئەوانم دیوە.

فیرعەون پرسی: ئایا لە مردن دەترسا؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نا، هەستم دەکرد کە ئەو لە مردن ناترسێ بەڵکو لەبارەی چۆنیەتی مردنی خۆی و رووداوی پاش مردن ترسی هەبێ.

فیرعەون پرسی: مەبەست چییە؟

مووسا گوتی: ئەو لەو مردنە دەترسا کە بۆچی بە نەخۆشی دەمرێ و لە مەیدانی جەنگدا نەکوژراوە.

فیرعەون گوتی: هەموو سەربازانی ئازا و شەڕدیتوو، بەمجۆرەن و حەز دەکەن کە لە مەیدانی شەڕدا بکوژرێن نەك لە نێو جێدا بەنەخۆشی بمرن. بەڵام پیاوانی دلێر و جەنگاوەریش زۆر هەن کە لە دەیان شەڕی گەورەدا بەشداری دەکەن و دەیان جار بریندار دەبن و نامرن، کە چی نەخۆشییەك لەناویان دەبا.

مووسا گوتی: ستی کفیش لە پاش مردن، دەترسا و ترسی وی لەوەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە دوور لە خوایانی میسر دەمرێ و لە کاتی مردندا ناتوانێ یاریدە لەوان وەربگرێ.

فیرعەون گوتی: ئەمەیان بووە جێگەی سەرسامیی من، چونکە ستی کف پیاوێك نەبوو کە باوەڕێکی پتەوی هەبێ. ئەو وەکو هەموو سەربازانی من، خواکانی بە تەواوی نەدەناسی و لەوانەبوو کە ناوی خوایەکی لەگەڵ خوایەکی دیکەدا لێ تێکدەچوو. من چاوەڕێ نەبووم پیاوێکی وەکو ستی کف، لە کاتی مردندا، لە دووری خواکانی میسر ناڕەحەت ببێ.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، من واوێنا دەکەم کە خووگرتن، بووە هۆکاری ئەوەی کە ستی کف لە کاتی مردندا کەوتبێتە بیری خوایانی میسری و لە دووریی ئەوان نیگەران بووبێ.

چونکە ئەو پیاوێکی لادێیی بوو، هەروەکو هەموو لادێییانی تر، لە منداڵییەوە باوەڕی بەخوایان هێناوە، گەرچی پاش ئەوەی کە بووە سەرباز و لە شەڕ و شۆڕاندا بەشداربوو، باوەڕی بەخوایانی میسری سست بوو، بەڵام لەناونەچوو و من بیستوومە کە مرۆڤ لە کاتی مردندا ئەو شتانەی دێنەوە بیر کە بە منداڵی بینیوویەتی یان بیستوویەتی.

فیرعەون گوتی: لەوانەیە وابێ. ئینجا بابەتی ئاخاوتنەکەی گۆڕی و گوتی: ئەی مووسا، تۆ گوتت کە من لە بیری لەناوبردنی تۆدا نەبووم و نەتوویستووە کە من لەناوبەری؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی پاشا.

پاشای میسر گوتی: من حەزدەکەم باوەڕ بەو قسەیەی تۆ بکەم.

مووسا گوتی: پاشا من ڕاستی دەڵێم و هیچ کاتێك بیری کوشتنی تۆ بە مۆژەی مندا نەهاتووە.

ڕامسیسی دووەم ماوەی چەند ساتێك بێ ئەوەی پێڵوەکانی بەیەکدا بدا، لە چاوەکانی مووسا ورد بۆوە. لەو چەند ساتەدا فیرعەون پەی بەوەبرد کە ئەو لاوە ڕاست دەکا. گەرچی دوژمنی ئەویش بێت بەڵام هەرگیز ناکەوێتە سەربیری کوشتنی ئەو. ئەوەی کە بووە هۆکاری ئەوەی کە پاشای میسر تێگەیشت کە مووسا ڕاست دەکا ئەوە بوو کە کاتێك چاوی لە چاوەکانی ئەو لاوە بڕیبوو، بیریشی دەکردەوە.

ئەو بیری دەکردەوە: ئەم لاوە کە ئەوەندە سەرەڕۆیی تێدایە کە بە من دەڵێ تۆ لە من دەترسی، ئەگەر لە بیری کوشتنی من بووایە بە ڕاشکاویی پێی دەگوتم کە نیازم وابووە تۆ بکوژم.

کەسێك بە پاشای میسر، کە بەهێزترین پیاوی جیهانە، بڵێ تۆ لە من دەترسی، ئەوەندەش ئازایەتی تێدایە کە پێی بڵێ نیازم وابووە تۆ بکوژم. ئێستا کە مووسا دەڵێ هەرگیز نیازی کوشتنی تۆم نەبووە، دەبێ باوەڕ بە قسەکەی بکرێ. بۆیە گوتی: زۆرباشە مووسا، تۆ دەتوانی



بڕۆی و سەرۆکی تۆماری موڵکەکانیش هەرچی کە تۆ بتەوێ دەتداتێ و میهرەبانیی من بەرامبەر بەتۆ، بەردەوام دەبێ.

مووسا لە پایتەخی میسر بنەجێ بوو، بەڵام هەرگیز لە پایتەخت بەن نەبوو و بەهەر چوار لادا و بەتایبەتی بەرەو باکوور دەرۆیشت و گەڕانی دەکرد.

ئەمڕۆ شەتی نیل لە نزیکی دەریا بۆ دوو لق دابەش دەبێ و دەڕژێتە دەریاوە. لە دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا و زەمانێك، کە هیرودۆت مێژووی خۆی نووسی، شەتی نیل لە نزیکی دەریا بۆ حەوت لق دابەش دەبوو.

لەسەردەمی ڕامسیسی دووەم، ژمارەی لقەکانی شەتی نیل لە نزیکی دەریا، زیاتر بووە و لە قەباڵە میسرییەکاندا قسە لەبارەی بیست لقەوە کراوە. لەبە ئەوەی لقەکانی شەتی نیل لە نزیکی دەریا، یەك سێگۆشەی پێکدەهێنا بۆیە یۆنانییەکان ئەو ناوچەیەیان بە دەلتای نیل ناو برد و (دەلتا) پیتی (د)ێی یۆنانییە کە بەشێوەی سێگۆشە بووە.

مووسا کە ماوەیەك لە باکووری میسر دوور بوو، حەزی دەکرد لە ناوچەی دەلتادا گەڕان و سووڕان بکاو شوێنەکانی ئەو ناوچەیە ببینێ. جا بۆ ئەوەی ئامرازێکی گەڕانی هەبێ، ڕایسپارد بەلەمێکی بۆ دروست بکەن کە دوو کەس بتوانن تێیدا بژین. مانای ئەو بەلەمە هەروەکو ماڵی ئەو دوو کەسە وابێ و بتوانن لە ناویدا بخەون.

مووسا ئەو بەلەمەی بۆ خۆی و نوونی غولامی خۆی بەڕادان دا. ئەو بە وەستای بەلەمی گوت کە ئەو بەلەمە لە هەمانکاتدا، بەرین و فراوان بێ، دەبووایە بەجۆرێك دروست بکرێ کە دوو کەس و لە کاتی پێویستدا یەك کەس، بتوانێ بەلەمەکە لێبخوڕێت.

بەلەمەکەیان بەپێی خواستی مووسا دروست کرد و نەهەر تەنیا جێگایان بۆ خەوتن تێدا دروست کرد، بەڵکو چێشتخانەشی هەبوو. مووسا و نوون، دەیانتوانی خواردنی خۆیان لە نێو بەلەمەکەدا ئامادە بکەن و ناچار نەدەبوون بۆ ئامادەکردنی خواردن بەرەو لێوار بڕۆن.

مووسا و غولامەکەی، بەو بەلەمە لە ناوچەی دەلتای نیلدا دەگەڕان. جاری واهەبوو تا نزیکی دەریاش دەچوون. لەو گەڕانانەدا نوون، بەردەوام لەگەڵ سەروەری خۆی بە زمانی لاوی (لوی) قسەی دەکرد تا وایلێهات مووسا زمانی لاوی لە غولامەکەی خۆیەوە فێربوو.

مووسا مەرامی خۆی لەسەر ئەوە چڕکردەوە کە زمانی لاوی فێر ببێ و بە غولامی خۆی گوت: من لەبەر ئەوەی لە قەومی (لاوی)م کە یەکێکە لە دوازدە تایفەکەی قەومی ئیسرائیل، بۆیە دەبێ زمانی قەومی خۆم بزانم.

مووسا، کە زمانی لاوی لە غولامی خۆیەوە فێربوو، لە بەرامبەردا، نووسینی بەخەتی میسری فێری ئەو لاوەکرد و نوون توانی بە خەتی نیگارینی میسر بنووسێ و بخوێنێتەوە.

مووسا زۆر حەزی دەکرد خۆی بگەیەنێتە سەر زەوینی کۆش (کوشین) کە لە رۆژهەڵاتی دەلتای نیل هەڵکەوتووە، چونکە دەیزانی ئەوێ مەسکەنی باوك و دایکی بووە، بەڵام سڵی لە سیخوڕانێ فیرعەون دەکردەوە، نەیدەویست سیخوڕەکانی پاشای میسر تێبگەن کە ئەو چووەتە سەرزەوینی کوش.

چەندین جار وارێککەوت کە مووسا لەسەر زەوینی کۆش نزیك بۆوە، بەڵام بەلەمێکی لە پێش خۆی یان لە پاش خۆی دەبینی دەگەڕایەوە و بیری دەکردەوە کە فیرعەون تەنانەت لەناو سەر زەوینی کوشیشدا سیخوڕی هەیە، ئەگەر ئەو پێ بنێتە ئەوێ، سیخوڕەکان هەواڵی هاتنی ئەو دەدەن بە پاشای میسر.

جاری واش هەبوو مووسا لەگەڵ نوون، بە سواری بەلەمەکەی خۆی بەرەو باشوور دەڕۆیشت و خۆی دەگەیاندە جێگایەك کە لەوێ نف سەرۆکی تەلارسازانی سەرقاڵی بنیاتنانی پەرستگایەکی گەورە و لە راستیدا سەرقاڵی بەردتاشیی ئەو پەرستگایە بوو، چونکە ئەو پەرستگایەیان وەکو تەلارەکانی دیکە لە بەرد و کەرپووچ دروست نەدەکرد، بەڵکو لە ناخی بەرد دایان دەتاشی و مووسا دەیبینی کە ژمارەیەکی زۆر لە بەردتاشەکان، هەمیشە خەریکی داتاشینی بەردن.

یەکێك لەو شتانەی کە لەوێ مایەی سەرسووڕمانی مووسا بوو، ئەوەبوو کە بینی نموونەیەکی بچووکی پەرستگاکەیان لە بەرد دروستکردووە. بەردتاشەکان، پەرستگاکە لە رووی ئەو نموونەیەوە دادەتاشن و بەرزیی ئەو نموونە بچووکەش سێ گەز بوو.

مووسا لەوێ لەگەڵ سەرۆکی بەردتاشەکان کە پیاوێك بوو بە ناوی ((شپ تت)) ئاشنایەتی پەیداکرد و بوو بە دۆست. ئەو بە سەرسامییەوە لەو پیاوەی گوێ لێبوو کە ئەو یازدە نموونەی لە پەرستگایەك کە فیرعەون دەیویست. دروستی بکا، لەبەرد داتاشیوە و ئەم نموونانەی خستۆتە بەرچاوی پاشای میسر. فیرعەون دە نموونەی رەت کردۆتەوە و نموونەی یازدەیەمی پەسند کردووە و فەرمانی داوە کە پەرستگاکە وەکو نموونەی یازدەیەم دروست بکەن.

مووسا بینی کە لە نموونەی پەسندکراودا، کە پەرستگا کە لە رووی ئەو دروستکراوە و لە راستیدا بەردتاشیی دەکرێ، چوار پەیکەری رامسیسی دووەمی لە هەردوو لای پەرستگا داناوە. سەرۆکی بەردتاشان دەیگوت پاش ئەوەی کە بەردتاشیی پەیکەرەکان تەواو بوو، بەرزی هەر پەیکەرێك بیست و حەوت گەز دەبێ و پەیکەرەکان روویان بەرەو رۆژهەڵات دەبێ، بە جۆرێك کاتێك کە خۆر هەڵدێت تیشکی خۆر لەسەر پەیکەرەکان تیشك دەداتەوە[1].

(شپ تت) سەرۆکی بەردتاشان، پیاوێکی کورتە باڵاو لاواز بوو. نف، سەرۆکی تەلارسازان ئەوی بە مووسا ناساند و گوتی: ئەی مووسا، ئێمە لێرە سەرقاڵی دروستکردنی گەورەترین تەلاری بەردینین لە جیهاندا. هەرەمەکانی میسر لەم تەلارە گەورەترە، بەڵام هەرەمەکان لە کۆمەڵە بەردێکی زۆر دروست کراوە کە بەهۆی قسڵ پێکیانەوە بەستوون و لەم تەلارە بەردینەدا کەس قسڵ بەکارناهێنێ، بەڵکو ئەم پەرستگایە لەبەرد دادەتاشن.

نەخشەی پەرستگاکە من کێشاومە، بەڵام ئەو کەسەی کە دەبێ پەرستگاکە دروست بکا، ئەوە شپ تتە. ئەو دروستکەری ئەم تەلارە مەزنەیە و بە دەستی کرێکارانی بەردتاش ئەو تەلارە دروست دەکا. رۆژێك کە ئەم تەلارە بەردینە تەواو بوو، دەبینرێ کە لە سەرانسەری ئەم بینایەدا یەك درزی نییە و تۆسقاڵێك قسڵ بەکارنەبراوە.

شپ تت، سەرۆکی بەردتاشان بە مووسای گوت: نف لەبارەی منەوە زێدەڕۆیی دەکا و زیاتر لە ئاستی لێهاتوویی خۆم، ستایشم دەکا، بەڵام من چێژ لە قسەکانی وەردەگرم، چونکە بنیادەم هەر بەفیترەتی خۆی چێژ لە پێداهەڵگوتنی کەسانیتر وەردەگرێ هەرچەندە بشزانێ کە ئەو شایانی ئەو ستایش کردنە نییە.

ئەو، ئەوەندە ستایشی منی کرد کە ئەگەر ئاگاداری توانای خۆم نەبوومایە، وام وێنادەکرد کە من ئەو بینایەم بنیاتناوە. لە حاڵێکدا کە کاری من لەم بینایەدا، کاری کرێکارێکی ئاساییە و بەهای من لەو کرێکارانە زیاتر نییە کە لە بیناکانی پاشادا سەرقاڵی کارکردنن.

خولقێنەری ئەم بینایە نفە، کە نەخشەی بنیاتنانی ئەم بینایەی کێشاوە. ئەگەر ئەو نەخشەی بۆ نەکێشابا، ئێمە توانای کارکردنمان نەبوو و لە عۆدەی کێشانی نەخشەی بیناکە

---

(١) ئەم پەرستگایە کە لەلایەن نف، تەلارسازی تایبەتی رامسیسی دووەم، بنیات نرا، هەمان ئەو پەرستگایە یە کە ئەمڕۆ بەناوی پەرستگای ((ئەبو سمبل)) دەناسرێ. بەهۆی بنیات نانی (سد العالی) لەسەر رووباری نیل لە ساڵانی ١٩٦٠- ١٩٦٧ ئەم پەرستگایە نقووم دەبوو، دەوڵەتی میسر بە هاوکاری یونسکۆ بەسەرفکردنی بڕی سی ملیون دۆلار یان زیاتر، پەرستگاکەیان بۆ خاڵێکی بەرز گواستەوە تا نەکەوێتە بن ئاوی دەریاچەی (ناسر). (و.ف)٠

نەدەهاتین، چونکە ئێمە نەزانین و زانیاریمان لەسەر زانستی بیرکاری و ئەندازە نییە. نف زانایە و بیرکاری و ئەندازە دەزانێ.

لەناکاو سەرۆکی بەردتاشان دیقەتی دا کە ئەو کەسەی گوێی لە قسەکانی وی راگرتووە کوڕی فیرعەونە و گوتی: ئەی کوڕی پاشا، ئێمە هەموومان کە لەم بینایەدا کاردەکەین و پێش ئێستاش لە بیناگەلی دیکەدا کارمان دەکرد، کرێکاری ئاسایین. لە میسر یەك بنیاتنەری گەورە و ئەسڵیی بوونی هەیە ئەویش پاشای میسرە.

ئەوەی من دەیڵێم بە بەڵگە پشت ئەستوورە، بەڵگەکەشم ئەوەیە کە پێش رامسیسی دووەم لەم وڵاتەدا تەلارسازی نەخشەکێش و بەردتاش هەبوون. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش کرێکاری بیناسازی و بەردتاش هەبوون. ئەی بۆچی ئەم بینایانەی کە ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا هەن، دروست نەدەکران؟

هۆکارەکەی ئەوەبوو کە لەو زەمانەدا رامسیسی دووەم بوونی نەبوو، تا ئەم تەلارە گەورانە بنیات بنێ.

مووسا گوتی: ئەی سەرۆکی بەردتاشان، ئەوەی گوتت لە یەك رووەوە راستە و دەبێ کەسێك هەبێ خەرجی بنیاتنانی بیناگەلی گەورە بە ئەستۆ بگرێ تا ئەو بینایانە دروست بکرێن، بەڵام بەهای پیاوانی هونەرمەند کە لە بنیاتنانی بیناکاندا بەشداری دەکەن، دوو دڵی هەڵناگرێ.

پاشا، هەرچەندێك زێڕ و زیو بدات ئەگەر لەم وڵاتەدا پیاوانی هونەرمەندی وەکو نف و تۆ نەبن، بیناگەلی بەمجۆرە گەورە و جوان، بنیات نانرێ.

لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لە ناو یەکێك لە کارگەکانی بەردتاشیدا بانگی سەرۆکی بەردتاشانیان کرد، ئەو پیاوە مۆڵەتی لە مووسا و نف خواست تا بڕوا. پاش ئەوەی کە ئەو رۆیشت، نف گوتی: ئەی مووسا سەرۆکی بەردتاشان لە تۆ ترسا و بەبیری هاتەوە کە تۆ کوڕی پاشای، هەر بەو جۆرەی کە گوێت لێبوو فیرعەونی بە بنیاتنەری واقیعیی ئەم پەرستگایە و بیناکانی دیکە دانا.

مووسا گوتی: من دیقەتم لەم خاڵە دا و وام وێناکرد کە ئەو هەر بە راستی فیرعەون بە بنیاتنەری ئەم پەرستگایە و بیناکانی دیکە دەزانێ.

نف گوتی: ئەی مووسا، لەگەڵ ئەوەشدا کە من نەخشەی ئەم پەرستگایەم کێشاوە و شپ تت، بەرپرسیارێتی بەردتاشیی پەرستگاکەی بەئەستۆ گرتووە، ئەگەر فیرعەون نەبووایە ئەم تەلارانە نەدەهاتنە ئاراوە.



ئەو بۆ تەواوکردنی هەر کام لەم تەلارانە، کە فەرمانی بنیاتنانیان دەردەکا، ماوەی تەواوکردنی دیاری دەکا و دەڵێ تەلاری ناوبراو دەبێ لە کاتی دیاریکراودا تەواو ببێ. هەر کاتێك تەلارێك لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا تەواو نەبێ، تەلارسازی ئەو تەلارە دەکوژێ. ئەگەر پیاوێك سەرپەرشتیاری تەلار بێت کە تەلارساز نەبێ و لە کاتی دیاریکراودا تەلارەکە تەواو نەبێ، ئەو کەسە لەناو دەبا. لە ئەنجامی ئەو سەختگیرییە، بنیاتنانی تەلارەکان لە میسر درێژە ناکێشێ. نەك وەکو زەمانی رابردوو کە بنیاتنانی تەلارێك، جاری واهەبوو نیو سەدە درێژەی کێشاوە.

مووسا پرسی: فیرعەون بۆ تەواوکردنی ئەم پەرستگایە، ماوەی چەندی دیاری کردووە؟

نف وەڵامیدایەوە: فیرعەون داوای لێکردم کە پێی بڵێم لەماوەی چەنددا ئەم پەرستگایە تەواو دەکەم، بەڵام من لە وەڵامدا پێمگوت کە ناتوانم ماوەی دروست کردنی ئەم پەرستگایە دیاری بکەم.

من بە پاشای میسرم گوت ئەو بینایەی کە من ماوەی تەواوکردنی دیاری دەکەم، لەو جۆرە بینایانەیە کە بە بەرد و کەرپووچ دروست دەکرێ من کە تەلارسازم، دەزانم لە دروستکردنی بینادا، چەند بەرد بەکاردەهێنرێ و چەند کەرپووچ کاردەکرێ و ماوەی چەند درێژە دەکێشێ تا وەستاکان بتوانن بەرد و کەرپووچەکان بخەنە سەریەکتری.

من قەبارەی بیناکە لەبەرچاو دەگرم و حسابی دەکەم کە لە رۆژێکدا وەستاکان چەند کار دەکەن. ئینجا تێدەگەم کە بیناکە لە ماوەی چەنددا تەواو دەبێ. بۆ ئیحتیاتیش، ماوەی یەك ساڵ زیادە دەخەمە سەر ئەو ماوەیەی کە لە رووی حسابەوە بە دەستم هێناوە، تا ئەگەر رووداوگەلێکی ناچاوەڕوانکراو هاتە پێشەوە، تەواوکردنی بیناکە بە دوانەکەوێ. بەڵام ئەم پەرستگایە لە بەرد دادەتاشرێ و من لە حسابی ئاستی کارکردنی کرێکارانی بەردتاشی زانیاریم نییە.

کاتێك پاشا تێگەیشت کە من ناتوانم بڵێم کە ئەم پەرستگایە لە ماوەی چەنددا تەواو دەبێ، داوای لە شب تت کرد کە پێی بڵێ پەرستگاکە لەماوەی چەنددا تەواو دەکا.

ئەو دەیزانی ئەگەر بێتوو ماوەیەکی دیاریکراو بە پاشا بڵێ و پەرستگاکە لە سەروادەی خۆیدا تەواو نەبێ ئەوا دەکوژرێ. لەبەر ئەوە گوتی ئەی پاشا، ئەو شوێنەی کە پەرستگاکەی لێ دروست دەکرێ یەکێکە لە گەرمترین ناوچەکانی وڵاتی میسر، لەوێ، بەهۆی گەرمیی هەواوە، کرێکارانی بەردتاش نەخۆش دەکەون یاخود دەمرن. من ناتوانم پێشبینی بکەم کە نەخۆشی و مردنی ئەوان،

تا چ رادەیەك کارەکان بە دوادەخات. سەرەڕای ئەوەش کە بۆ ڕاهێنانی بەردتاشانی نوێ، فێرگەیەك دادەمەزرێنێن بۆ ئەوەی هەمیشە، کرێکارانی تازەکار لەوێدا پەروەردە بکەین، بەڵام دیسانەوە ناتوانم پێشبینی بکەم کە بەردتاشیی پەرستگاکە چ کاتێك تەواو دەبێ.

مووسا گوتی: ئایا فیرعەون پۆزش هێنانەوەی شب تتی قبووڵ کرد؟

نف وەڵامیدایەوە: نا، بەڵکو ئەوی خستە ژێر فشارەوە تا پێی بڵێ کە چ کاتێك بەردتاشیی پەرستگاکە تەواو دەکا. سەرەنجام شپ تت گوتی: ئەی پاشا، پاش سێ ساڵ من پێت دەڵێم کە بەردتاشیی پەرستگا چ کاتێك تەواو دەبێ. من لەو سێ ساڵەدا، ئاستی پێشکەوتنی کار لەبەرچاو دەگرم و رادەیەکی مامناوەندی لە دواکەوتنی کار بەهۆی نەخۆشی و مردنی کرێکاران حساب دەکەم، پاش ئەوە دەڵێم کە پەرستگا چ کاتێك تەواو دەبێ.

مووسا پرسی: ئایا ئەو قسەکەی شپ تتی قبووڵ کرد؟

نف وەڵامیدایەوە: فیرعەون هەمیشە ڕوانینی مەنتیقی تەلارسازان و بەردتاشان قبووڵ دەکا، هەر بۆیە ڕوانینی شپ تتی قبوڵ کرد.

نوون پرسی: پاشا بۆچی ئەو پەرستگایە دروست دەکا؟

نف گوتی: بۆ ئەوەی تا کۆتایی جیهان هەر کەسێك، کە بە پەنای ئەم پەرستگایەدا تێپەڕی، چوار پەیکەری وی، کە بەرزیی هەرکامیان بیست و حەوت گەزە و لەبەرامبەر پەرستگا روو بە ڕۆژهەڵات ڕاست بۆتەوە، ببینێ و لەبەرامبەر مەزنیی ئەواندا تووشی حەپەسان ببێ و بڵێ ئەمە ڕامسیسی دووەم پاشای گەورەی میسرە، کە ئامۆونی دەپەرست و ئەم پەرستگایەی بۆ ئەو دروست کردووە.

نوون پرسی: ئایا ئەم پەرستگایە هەرگیز وێران نابێ؟

نف: ئەم پەرستگایە هەرگیز وێران نابێ. تەنانەت بوومەلەرزەش وێرانی ناکا. هەرکاتێك بوومەلەرزەیەکی زۆر بەهێز و درێژیش لێی بدات، تەنیا لەوانەیە درزگەلێك لە ناوپەرستگاکەدا دروست بکا، بەڵام لە ناوی نابا. تەنیا یەك شت مەترسی بۆ سەر ئەم پەرستگایە هەیە، ئەویش ئەوەیە کە پاش ساڵانێك لەم ناوە لە بەرامبەر شەتی نیل بەنداو دروست بکەن. هەر بەو جۆرەی کە سوڵتانەکانی پێشووی میسر لە میسری سەروو بەنداویان دروست کرد و تەنانەت لەو کاتەشدا ئەم پەرستگایە لە ناوناچێ بەڵکو تەنیا ئاو دایدە پۆشێ.



ئەگەر ئەمەش ڕوویدات، دیسانەوە ئەم پەرستگایە لەناوناچێ. بەڵام قوڕولیتەی ڕووباری نیل لە کاتی هەستانی ڕووباردا زیاد دەبێ و پەرستگا دەکەوێتە ژێر قوڕولیتەوە. پاش ماوەیەك هیچ کەسێك نازانێ کە پەرستگایەکی ئاوا لە جیهاندا هەبووە.

پاش ئەوەی کە مووسا و نوون لەم سەفەرە گەڕانەوە، مووسا نەخۆش کەوت. پزیشکی میسری، کە لە مامۆستایانی خانەی ژیان (زانستگای پزیشکی میسر) بوو، نەخۆشی مووسای بە نەخۆشی جگەر دیاری کرد و گوتی کە جگەری وی ئاوساوە.

پزیشك بە مووسای گوت کە ترسی لەو نەخۆشییەی خۆی نەبێ، چونکە هەڵئاوسانی جگەر مەترسیدار نییە، بەڵام بەو مەرجەی کە چارەسەر بکرێ.

مووسا پرسی: بە چ ڕێ و شوێنێك دەبێ چارەسەری خۆم بکەم؟

پزیشکی میسری وەڵامیدایەوە: چارەسەری نەخۆشییەکەی تۆ دووشتە: یەکەمیان داشۆرینی دەریچەی داوێن و، دووەمیان خواردنەوەی (شەربەتی سرکە و هەنگوین) کەسێك کە لە ڕۆژێکدا یەك جامی گەورە لەو شەربەتە بخواتەوە هەرگیز دووچاری نەخۆشییەکانی جگەر و سەفرا نابێت.

پزیشك بە مووسای گوت: لە ڕۆژانی داهاتوودا کاتێك سەیری ئاوێنە دەکەی، دەبینی کە ڕەنگی ڕوخسارت زەرد هەڵگەڕاوە، بەڵام لە زەرد هەڵگەرانی ڕەنگی ڕوخسارت مەترسە و ئەگەر بینیت پێستی لەشت هەروەکو ڕەنگی ڕوخسارت زەردبووە دیسانەوە ترست لێی نەبێ.

نوون پرسی: بۆچی ڕەنگی شازادەی میسر زەرد هەڵدەگەڕێ؟

پزیشك گوتی: ئێستا جگەری وی هەڵئاوساوە و نەخۆشکەوتووە. لە ئاکامی نەخۆشیی جگەر، سەفرا لە جیاتی ئەوەی کە بچێتە ناو سکییەوە دەچێتە ناو خوێنی لەشییەوە. لە ئەنجامی ئەمەدا ڕەنگی ڕوخسار و پێستی لەشی وی زەرد خۆی دەنوێنێ. ئەم زەردییە بەردەوام دەبێ تا ئەو ڕۆژەی کە جگەر چاك دەبێتەوە. لەو کاتەدا سەفراش هەروەکو قۆناغی لەشساغی، وەکو پێشوو دەچێتەوە ناو سکییەوە.

هەر بەشێوەی کە پزیشك پێشبینی کرد بوو، مووسا کە بۆ ژیانی خۆی خانوویەکی لە پایتەخت کڕیبوو، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و لاوازیی بەجۆرێك بەسەر ئەودا زاڵ بوو کە نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێ و بەرێگادا بڕوا. نوون شەو و ڕۆژ چاودێری دەکرد و بەپێی ڕاسپێریی پزیشك، ئەوی دەشوشت و (شەربەتی سرکە و هەنگوینی) بۆ ئامادە دەکرد.

ورده ورده مووسا چاك بۆوه، زەردیی روخسار و پێستی لەشی، کەمبۆوە و لە جێگا ڕاست بۆوە. چونکە خاوەنی لەشولارێکی بەهێز بوو، پاش نەمانی نەخۆشییەکە، بەخێرایی تەندروستی باش بوو و ئیشتیای خواردنی زیادی کرد و ڕۆژانە کە لەگەڵ غولامەکەی خۆی لە ماڵەوە دەهاتە دەرێ و لە بازاڕ شتی دەکڕی و دەیهێنایەوە بۆ ماڵەکەی و لەگەڵ غولامەکەیدا خۆی دەیخوارد.

لە بازاڕی پایتەختی میسر، دەیان جۆر خواردنی ئامادەکراویان دەفرۆشت. بۆنی ماسی تازە و سوورکراوە و مراوی برژاو، ناو لووتی برسییەکانی دەلاواندەوە.

ئەو خواردەمەنییانەی کە لە بازاڕی میسر ئامادەدەکران، تەنیا لە گۆشت و باڵندە و ماسی نەبوون، بەڵکو چێشت لێنەرانی میسری، دەیان جۆر شیرینیان ئامادە دەکرد. هەر کاتێك کەسێك لە بازاڕی پایتەختی میسرەوە تێدەپەڕی، بۆن و بەرامی شیرینییەکانی کە بە (هەنگوین) و بادەم و ئاردی گەنم و ڕۆن ئامادەدەکران، تاسەو ئیشتیای ئەو کەسەیان دەکردەوە.

کاتێك کە مووسا نەخۆش کەوت و لە جێداکەوت، کێشی لەشی کەمبۆوە. ڕۆژێك کە لە ئاوێنەدا لەخۆی ڕوانی، زەندەقی لە لاوازبوونی روخساری خۆی چوو، بەڵام پاش ئەوەی کە هۆکاری نەخۆشییەکەی لە بەین چوو، چاك بۆوە و چونکە ئارەزووی خواردنی زۆر زیادی کرد و خواردنی زۆری دەخوارد، قەڵەو ببوو.

نوون، لە ئامادەکردنی خواردن، جگە لە ئامادەکردنی چەند خواردنێکی سادە، زانیاری نەبوو. بۆ ئەوەی کە بتوانێ خواردەمەنی بەتام بۆ مووسا ئامادە بکا، زانیاری لە چێشت لێنەران وەردەگرت ئەو کە شێوازی ئامادەکردنی خواردنێکی باشی لە هەر چێشت لێنەرێك وەردەگرت، ئەڵقەیەکی زیوی دەدایە. هەر بۆیە چێشت لێنەرەکان ڕازیی دەبوون کە شێوازی فێرکردنی ئامادەکردنی خواردن فێری ئەو بکەن. ئێرەیی پیشەیی لەواندا، ڕێگریی لەوە نەدەکرد کە نهێنییەکانی ئامادەکردنی خواردن بدرکێنن.

هەر جارێك کە مووسا ڕەزامەندیی لەبارەی خواردنەکانی نوونەوە دەردەبڕی، ئەو غولامە سەرحاڵ دەبوو، بەخۆی دەگوت کە هەر زەحمەتێکی کە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی خاوەنەکەی خۆی بیکێشێ، شتێکی گونجاوە.

یەکێك لەو خواردنانەی کە نوون بۆ مووسای ئامادەکرد، خواردنێك بوو کە گوێزی تێدا بەکاردەهات. لە میسر، گوێز بە دەست نەدەکەوت ئەوان، گوێزیان لە لوبنانەوە بۆ دەهات.



ڕۆژێك چێشت لێنەرێك لە بەرامبەر وەرگرتنی ئەڵقەیەکی زیودا، شێوازی ئامادەکردنی خواردنێکی فێری نوون کرد، کە کەرەسەکانی بریتی بوون لە گۆشت و گوێز و باینجان و چەند جۆرێك سەوزە. ئەو بە نوونی گوت: گۆشتی مەڕ ورد بکە و کاکڵە گوێز بکوتە و لەگەڵ گۆشت و چەند جۆرێك سەوزەدا تێکەڵی بکە و پاشان بیخەرە ناو باینجانەوە و ئینجا باینجانەکان لەناو ڕۆندا سووربکەرەوە و لەناو مەنجەڵێکدا دایبنێ تا بە چاکی پێدەگا. نوون ئەو خواردنەی بۆ خاوەنەکەی خۆی ئامادەکرد. مووسا، لە خواردنی ئەو چێشتە بەتامە بە جۆرێك ڕەزامەندی دەربڕی کە غولامەکەی خۆی ماچ کرد.

تا ئەو ڕۆژە، وارێك نەکەوتبوو کە مووسا، لە کاتی خواردنی چێشتێکدا، تا ئەو ڕادەیە لە غولامی خۆی ڕازی بووبێ.

یەکێك لەو شتانەی کە نوون، لە چێشت لێنەرانی میسرییەوە فێری بوو، ئەوە بوو کە پیاز و سیر، خواردن خۆش دەکا. تامی زۆرێك لە خواردنەکان، پاش ئەوەی پیاز و سیری لەگەڵدا تێکەڵاو دەکرێ چەند بەرامبەر زیاد دەبێ.

پیاز و سیر، دوو ڕیشەی گیایی بوون لە گیاکانی ئێران کە لەو وڵاتەوە چووە بابل و لەوێوە چووە ناو وڵاتانی ترەوە لەوانەش وڵاتی میسر.

سەرەڕای ئەوەی ماوەیەك بەسەر چوونی پیاز و سیر بۆ ناو وڵاتی میسر تێدەپەڕی، خەڵکی ئاسایی میسر، بەگیای جوانکارییان دەزانی، بەدەگمەن کەڵکیان لێ وەردەگرتن. بەڵام هێندێك لە چێشت لێنەران دەیانزانی کە پیاز و سیر، خواردنەکان خۆش و بەتام دەکەن. ئەوان نهێنی ئەمەیان فێری نوون کرد و پێیان گوت کە چۆن لە کاتی چێشت لێناندا کەڵك لە پیاز و سیر وەردەگیرێ. مووسا تام و چێژی لەو خواردنانە وەردەگرت کە پیاز و سیری تێدا بوو. پاش ئەوەی کە بوو بە پێغەمبەر و کەوتە سەروکاری ئەوەی کە کۆیلەکانی ئیسرائیل، ئەوانەی کە لە سەرزەوینی کۆش(کوشین لە دەلتای نیل) لە میسر دەژیان، ڕزگار بکا، نەریتی خواردنی پیاز و سیری لە نێو ئەو قەومەدا کردە شتێکی باو. کۆیلەکانی ئیسرائیل کە لە میسر دەژیان، کە تا ئەو کاتە پیاز و سیریان نەبینیبوو، بە جۆرێك تام و چێژیان لەو دوو گیایە وەرگرت کە لە قۆناغەکانی سەردەمانی داهاتوودا، پیاز و سیر، بوون بە یەکێك لە خواردنە هەمیشەیی و پەسندەکانی بەنی ئیسرائیل.

پاش ئەوەی کە مووسا چارەسەر کرا و لە ئاکامی خواردنی خواردەمەنی بەتاموچێژ، کە نوون بۆی ئامادە دەکرد، قەڵەوبوو، لە پایتەختی میسر، سەروەختی بەرپاکردنی جەژنی بەر فراوانی هاتە پێشەوە.

جەژنی بەر فراوانی، ساڵی یەکجار بەرپادەکرا. میسرییەکان لەو جەژنەدا ئومێدەواربوون کە بە بەرپاکردنی ئەو جەژنە، بەروبوومی وڵات فراوان ببێ.

جەژنی بەر فراوانی تاکە جەژنێك بوو کە هەموو چینەکانی میسرییەکان، تەنانەت غولام و کەنیزەکانیش بەشدارییان تێدا دەکرد. لەو رۆژەدا بەرواڵەت جیاوازیی چینایەتی لە میسر لەناودەچوو.

جەژنی بەر فراوانی، نیوەڕۆ دەستی پێدەکرد. ژن و پیاو لە ماڵ دەهاتنە دەرەوە و منداڵانیش لەگەڵ باوك و دایکی خۆیان دەکەوتنەڕێ. ژمارەیەکیان دەمامکیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. ئەو دەمامکەیان لە کاغەز دروست دەکرد، مانای کاغەزێك کە لە گیای ((پاپیرۆس)) بەدەست دەهات.

هەر بەو جۆرەی ئەمڕۆ، کە لەهەر وڵاتێکدا چەند جۆرێك کاغەز هەیە، لەو کاتەشدا لە میسر، لە گیای پاپیروس سێ جۆر کاغەزیان دروست دەکرد. بۆ دروستکردنی دەمامك سوودیان لە جۆرێك لەو کاغەزانە وەردەگرت. دەمامکیان لەسەر شێوەی گیانلەبەران و باڵندە دروست دەکرد و رەنگیان دەکرد و لەسەر دەم و چاوی خۆیان دادەنا.

بەڵام دەمامکەکان، پاش ئەوەی کە ژن و پیاو خواردنیان دەخوارد و بیرە یان خواردنەوەیەکی دیکەیان دەخواردەوە، لەسەر دەکرا. چونکە پێش خواردن و خواردنەوە، چالاکی مرۆڤ بە رادەیەك نەبوو کە ئەوان والێبکا دەمامك بخەنە سەریان.

پاش ئەوەی کە دەمامك دەخرایە سەر دەم و چاو، دیمەنێکی سەیر و سەمەرە و پێکەنین هێنەر دروست دەبوو. هەمووان، لەوانەش منداڵان پێدەکەنین، چونکە هەر ژن و مێردێکی میسری کە دەمامکی لەسەر دەم و چاوی دادەنا، بە شێوەی یەکێك لە گیانلەبەران دەردەچوو.

لەو حاڵەدا، جیاوازی نێوان دەسەڵاتداران و کەسانی نەدارا، ئەربابەکان و غولامان و کەنیزان نەدەما، چونکە هەموویان لە شێوەی گیانلەبەراندا بوون و دەمامکێکی کاغەز بەدەم و چاویانەوە بوو.



هەموو دانیشتووانی پایتەخت بەهەمان وەزع بوون، لە حاڵێکدا کە هەموویان سەرقاڵی گۆرانی گوتن بوون، بەرەو پەرستگای ئاموون دەچوون و لەبەر ئەوەی بەرینی گۆڕەپانەکە بە ئەندازەیەك نەبوو کە هەموو دانیشتووانی پایتەخت لەوێدا کۆببنەوە، رێگەیان بۆچوونە ژوورەوەی خەڵك بۆ ناو پەرستگا نەدەدا، بەڵام دەرگاکانی پەرستگا کراوە بوون و خەڵك، پەیکەرەکانی ئاموون، واتە گەورەترین خواکانی میسریان دەبینی.

یەکێك لە کاتە بەرجەستەکانی جەژنی بەر فراوانی، کاتێك بوو کە سروودی تایبەتی ئەو جەژنە دەخوێندرا. یەکەمجار کاهینەکان، لەناو پەرستگا، دەستیان بەخوێندنی سروود دەکرد. پاشان دانیشتووانی پایتەخت کە لە دەوروبەری پەرستگا بوون، دەستیان بە چڕینی گۆرانی دەکرد.

لە پایتەختی میسر، مەگەر منداڵان، ئەگینا کەس نەبوو ئەم سرووده نەزانێ. دوای ئەوەی کە چڕینی سروودەکە دەستی پێدەکرد، هەموو دانیشتووانی پایتەخت، سروودەکەیان دەخوێند و ئاوازی بە کۆمەڵی ئەوان، هەموویانی دەخستە خرۆشانەوە.

مووسا وەکو هەموو دانیشتووانی پایتەخت، لە جەژنی بەر فراوانی بەشداریی کرد، بەڵام بیرەی نەخواردەوە و دەمامکی لەسەر دەم و چاوی دانەنا، بەڵام مۆڵەتی بەغولامەکەی خۆیدا دەمامك بخاتە سەر دەم و چاوی خۆی و لە خۆشیی و شادی گشتیدا بەشداری بکا.

## -١٩-

# زێد

پاش جەژنی شادی، بەرنامەی ژیانی مووسا لە پایتەختی میسر، هەروەکو ڕۆژانی پێش نەخۆشییەکەی بوو. ئەو لەگەڵ نوون، سواری بەلەمەکەی خۆی دەبوو و جارێك بەرەو باکوور و ناوچەی دەلتا و جارێك ڕێگای باشووری دەگرتەبەر و خۆی دەگەیاندە ئەو پەرستگا بەردینەی کە نف دروستی دەکرد. ئەو تەماشای کاری بەردتاشانی دەکرد و هەر کاتێك کە نفی بدیبایە و کاتەکەشی بەگونجاو بزانیبایە، لەگەڵ ئەو پیاوەدا باسی خوای نەبینراو و بێ شێوەی دەکرد.

ڕۆژێك کە موسا و غولامەکەی بەسواری بەلەم، لە یەکێك لە لقەکانی ئاوڕێژگەی ڕووباری نیل(هەمان ئەو جێیەی کە یونانییان لە پاشاندا بەناوی دەلتا ناویان دەبرد) دەجوولاّن و نزیکی سەرزەوینی کوش، شوێنی دانیشتنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان، دەبوونەوە، نوون گوتی: سەروەرم حەزدەکەم زێدی خۆم کە بیابانی (کەنعان)ە ببینم بەڵام حەزناکەم لەو بیابانە بژیم.

مووسا پرسی: بۆچی؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی ماوەیەکە من لە میسر دەژیم و لەو ڕۆژەوە کە من بوومەتە غولامی تۆ، حاڵی ژیانی من گۆڕانی بەسەرداهاتووە. من ڕاهاتووم خواردەمەنی باش بخۆم و جل و بەرگی باش لەبەر بکەم و هەر چەندێك پێویستم بێ، زێڕ و زیو خەرج بکەم. لەبەرئەوە پاش ئەم حاڵە من ناتوانم لە بیابانی کەنعان بژیم و لە دەشتە بەرفراوانەکانی ئەو وڵاتەدا بەکەمێك شیری مەڕ یان بزن دابین ببم و جل و بەرگی زبر کە لە خوری مەڕ و مووی بزن ڕێسراوە، لەبەر بکەم.

تۆش سەروەرم ئەگەر دەتەوێ سەرزەوینی کۆش ببینی، پاش ئەوەی کە ئەوێت بینی، لەو ناوچەیە گیرمەبە، چونکە شازادەیەکی وەکو تۆ، لە ناوچەیەکی وەکو کۆش کە شوێنی دانیشتنی کۆیلەکانە، ناتوانێ بژی. مرۆڤ تا ئەو کاتەی کە شازادەیە، پلەی باڵاتر و پەسەندتری لە میسریان هەیە و هەر میسرییەك لە کۆیلەکان باڵاترە و تۆ هەم میسریشی و هەم شازادەش.



مووسا چەند ساتێك بێدەنگ بوو و پاشان گوتی: مرۆڤ نابێ چییەتی خۆی لەیاد بچێتەوە.

نوون گوتی: چییەتی هەر کەسێك بەدەستی خواکانە نەك بەدەستی مرۆڤ.

مووسا نەیویست وەڵامی غولامەکەی خۆی بداتەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر وەڵامێکی ئەو پیاوە بداتەوە، ئەوا باس و خواسێکی درێژ دێتە پێشەوە.

کاتێك نوون بینی کە مووسا بێدەنگ بووە، وای وێناکرد کە مووسا قسەکەی ئەوی قبوڵ کردووە. دوای ئەوە بەلەمەکە گەیشتە جێگایەك کە نوون گوتی: سەروەرم، سەرزەوینی کۆش نزیکە ئایا حەزدەکەی بگەڕێیتەوە؟

مووسا هەستایە پێ و لە نێو بەلەمەکەدا ڕاوەستا و بەدیقەتەوە تەماشای پاش و پێشی خۆی کرد و بینی کە ڕووبار بەلەم و کەشتی تێدا نییە، گوتی: بەرەو سەرزەوینی کۆش بڕۆ.

نوون لە فەرمانی مووسا سەری سووڕما، چونکە لەوی بیستبوو کە لەوانەیە لە سەرزەوینی کۆش سیخوڕەکانی فیرعەون هەبن و لەوانەیە ئەو ببینن و هەواڵ بدەنە پاشای میسر کە مووسا چووەتە کۆش. بۆیە پرسی: سەروەرم ئایا گوتت کە بەرەو کۆش بڕۆم؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی نوون.

نوون گوتی: سەروەرم، لەوێ تۆ دەکوژن.

مووسا گوتی: جل و بەرگی شازادەیی لەبەرخۆم دادەنێم و نیشانەکانی پاشایەتیش دادەگرم.

پاش ئەم قسەیە، مووسا، جل و بەرگی پاشایەتی، کە لەبەریدا بوو، لەبەرخۆی دانا و جل و بەرگی ئاسایی لەبەرکرد. ئینجا گەردانەی زێڕینی لە ملی خۆی کردەوە و لە بەشێکی بەلەمەکەدا، کە جێگای تایبەتی هەڵگرتنی کەل و پەلی بەنرخ بوو، داینا.

پاش ئەوەی مووسا جل و بەرگی خۆی گۆڕی، دووچاری خرۆشانێکی سەیر هات، چونکە دەیزانی کە بەرەو سەرزەوینێك دەڕوا کە لەوێ چاوی بە ژیان هەڵێناوە.

مووسا، لە ڕابردوودا یەکجار چووبووە ئەو سەرزەوینە و هاونەژادان و هاونیشتمانانی خۆی لەوێ بینیبوو. بەڵام لەو کاتەدا نەیدەزانی کە ئەو لە نەژادی ئیسرائیلە و لە دانیشتووانی سەرزەوینی کۆشە، ئەو، ناوچەکەی بەچاوی ڕێبوارێکەوە دەبینی کە پێ دەنێتە نێو وڵاتێکی تازەوە نەك وەکو سەوداسەرێکی نیشتمان کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمانی خۆی. بەڵام لەو ڕۆژەدا، وەك هەر نیشتیماندۆستێك کە پاش ماوەیەك دووریی لە نیشتیمان، بەرەو زێد و نیشتیمان دەگەڕێتەوە، بەرەو سەرزەوینی کۆش دەڕۆیشت.

پیاوی لاو لە خۆی دەپرسی ئەوەی کە من بەرەو سەرزەوینی کۆش دەبا چارەنووسە یان ئیرادەی خۆم.

پاشان دیقەتی دا کە ئەوەی ئەو بەرەو کۆش دەبا ئیرادەی خودی خۆیەتی، چونکە ئەوەندە بەسە کە بە غولامەکەی خۆی بڵێ بگەڕێوە تا ئەویش بەلەمەکە بگێڕێتەوە و لە جیاتی کۆش، بەرەو پایتەختی میسربڕوا، بەڵام مووسا نەیدەتوانی فەرمان بە غولامی خۆی بکا کە بەلەمەکە بە ئاراستەی پایتەخت وەربگێڕێ.

ئەو بەخۆی دەگوت: من دەزانم کە تەنیا فەرمانێکی من بۆ گەڕانەوە، بەسە و، من لە جیاتی ئەوەی کە بەرەو کۆش بچم، دەتوانم بەرەو پایتەخت بگەڕێمەوە، کەچی ناتوانم ئەم فەرمانە دەربکەم.

لەو کاتەدا مووسا تێگەیشت کە گەرچی مرۆڤ، بەئیرادەی خۆی هەرشتێکی بیەوێ دەیکا، بەڵام هێندێك کات ئیرادەی وی پاشکۆی ئارەزوویەکی بەهێزە و بەجۆرێکیشە کە ناتوانێ ئەو ئارەزووە لە بەین ببا. لەوانەیە چارەنووس هەمان ئەو ئارەزووە بەهێزە بێت و لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بەسەر ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵ ببێ، وا وێنادەکا کە چارەنووس ئەو ناچار دەکا کە ئەم کارە بکا.

لەو رۆژەوە کە مووسا تێگەیشت کە ئەو لە سەرزەوینی کۆش لە دایکبووە و لە نەژادی ئیسرائیلە، دەیویست بچێتە ئەو ناوچەیە و هاونەژادانی خۆی ببینێ. ئەو دەرفەتی وەگیرنەدەکەوت تا خۆی بگەیەنێتە کۆش، بەڵام بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی خەڵکی کۆش و حاڵ و باری ژیانی ئەوانەوە کەڵکی لە هەموو دەرفەتێك وەردەگرت.

ئەو بیستبووی کە کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش، خەڵکێکن خاوەنی لەشولارێکی بەهێز و تێکسمڕاون و کوێرەوەریی ژیان، ئەوانی بەجۆرێك پەرەوەردە کردووە کە جگە لە دابین کردنی پێداویستییە زۆر سەرەکییەکانی ژیان، کە چەندوچوونیان لەگەڵدا ناکرێ، دەمیان بۆ قسەکردن لێك ناکەنەوە، نموونەی ئەوان نوونی غولامی مووسا بوو کە تاماوەیەك قسەی نەدەکرد و جگە لە بەڵێ و نەخێر وشەیەکی تری لەدەم نەدەهاتە دەرەوە.

مووسا بیستبووی کە خەڵکی سەرزەوینی کۆش سواڵکەریان نییە، لەو وڵاتەدا، بەپێچەوانەی پایتەختی میسر، دەرۆزەکردن بوونی نییە. پاش ئەوە تێگەیشت کە ژیانی خەڵکی کۆش ئەوەندە سەختە کە سواڵ ناهێنێتە ئاراوە چونکە سواڵ، لە سەرزەوینێك دێتە ئاراوە کە لەوێدا دەرەتانی ئەوە هەبێ شتێك لە کەسانی تر وەگیربکەوێ.



سواڵکەر لە جێگایەك دێتەئاراوە کە شتێك لە پاشماوەی سفرە بمێنێتەوە و خاوەن سفرەکان، ئەو بەرماوەیە بدەن بە سواڵکەرەکان. لە سەرزەوینێکدا کە شتێك لەسەر سفرە بەجێنەمێنێ، دەرەتانی هاتنەئارای سواڵکەر نییە. لە سەرزەوینی کۆش، هیچ کەسێك شتێکی نییە کە لە پێداویستی بنەڕەتی خۆی زیاد ببێ تا ئەو زیادەیە بداتە سواڵکەران، و هەر لە سۆنگایی ئەمەوە لەوێ سواڵکەر پەیدا نابێ.

مووسا، بیستبووی کە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە سەرزەینی کۆش ئەوەیە کە هەموو ئەرکە مەزهەبییەکانی خۆیان بەجێبهێنن و یەکەیەکەی خواکانی، کە لە بیابان دەپەرستران، بپەرستن. هیچ شتێك لە ئەنجامدانی ئەرکە مەزهەبییەکانی کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش نەدەبووە بەربەست و ئەوان لە ژێر باری قامچی سەرپەشتیارە میسرییەکانیشدا، ئەرکە مەزهەبییەکانی خۆیان بەجێدەهێنن.

مووسا دیقەتی لەوەگرتبوو کە بە تەنیا ئومێدی دیداری غولام و کەنیزانی ئیسرائیلی لە کۆش نییە کە ئەو بەرەو ئەو سەرزەوینە کێش دەکا، بەڵکو حەزدەکا کە خۆی ئەو ناوچەیە ببینێ و سەیر بکا کە وەزعی زەوی و زار و لێواری لقەکانی رووباری نیل و گۆلاو و زۆرنگاوەکان چۆنە، هەروەها ژیانی گیانلەبەرانی وشکانی و باڵندەکان لەو ناوچەیەدا چۆنە.

جاری یەکەم کە مووسا چووە کۆش، وەزعی سروشتیی زەوی و زار و لێواری رووبارەکان (لقەکانی رووباری نیل) و گۆلاو و زۆنگاو و گیانلەبەرەکان سەرنجی ئەوی رانەکێشا. بەڵام دەیزانی ئەگەر جارێکی تر بچێتەوە ئەو ناوچەیە، لەبەر ئەوەی کە دەیزانی پێی ناوەتە نیشتیمانی خۆیەوە، هەموو شتێك بەچاوی خۆشیی لێهاتن و لاپرسەنییەوە سەیر دەکا و لەبەرامبەر هیچ شتێکی (گوشین) بێباکانە و بێبایەخ، ناڕوانێ.

بەشێك لەو زانیارییانەی کە مووسا دەربارەی قەومی دانیشتووی سەرزەوینی کۆش (کوشین) بەدەستی هێنا، لە ئاموون تەپەوە وەریگرت، مانای لە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی کە یەکجار زۆر مووسای خۆشدەویست و ئەگەر بهاتبایە کوڕێکی هەبوایە لەوانە بوو ئەوەندەی مووسای خۆش نەویستبایە.

ئاموون تب بە مووسای گوت کە ئەو دەستەیەی کۆیلەکان، کە لە سەرزەوینی کۆش دەژین، ئەگەر ئازاد بن و سەرپەرشتیارێکیان هەبێ، دەتوانن کاری گەورە ئەنجام بدەن، چونکە ئەوان توانایان تێدایە و تاقیکردنەوەیان هەیە. ئەگەر شتێك فێری ئەوان بکرێ، وەری دەگرن و لەنێو هۆشی خۆیاندا هەڵیدەگرن.

مووسا دروستیی ئەم قسەیەی کاتێك بۆ دەرکەوت کە کەوتە سەرباری ئەوەی غولامەکەی خۆی فێری نووسین و خوێندنەوە بکا. چونکە نوون، غولامەکەی مووسا، کە لە قەومی کۆش بوو، هەرچی مووسا دەیگوت فێری دەبوو. هەرجارێك کە مووسا، یەك وشەی میسری دەنووسی، نوون بێ ئەوەی هەڵە بکا دەیتوانی ئەو وشەیە بنوسێتەوە.

جاری یەکەم کە مووسا چووە سەرزەوینی کۆش، کۆیلەتیی هاونەژادانی خۆی تاڕادەیەك بەکارێکی ئاسایی دانا.

ئەو، کاتێك کە بینی چاودێرانی میسری، لە حالێکدا کە قامچییان بەدەستەوەیە، چاودێری کۆیلەکان دەکەن و ئەگەر یەکێکیان کەمتەرخەمی بکا دەدرێتە بەرقامچی، زۆر سەری سووڕنەما، چونکە دەیزانی کە ئەوانە غولامن و غولامی تەمەڵ دەبێ بەرقامچی بدرێ بۆ ئەوەی کە کەمتەرخەمی نەکا.

لەو زەمانەدا مووسا، هێشتا وەکو پێویست لەوە نەگەیشبوو کە غولامیش ئەگەر دەدرێتە بەرقامچی هەست بەئازار دەکا.

ئەو، لەوە دەگەیشت کە کۆیلەکانیش هەروەکو شازادەکانی میسر مرۆڤن و گیانیان لەبەردایە، بەڵام لە جۆرێکی ترن و هەربۆیە دەتوانرێ کە بدرێنە بەرقامچی. مووسا وەبیری دەهاتەوە کە تەنانەت ئەنخاس ئاموون، کە بەپێچەوانەی ناوەکەی خۆیەوە، خوای نەبینراوی دەپەرست، غولام و کەنیزانی بەجۆرێکی دیکە دەزانی و بەرقامچی دانی ئەوانی بەکارێکی شیاو دەزانی.

بەڵام لەو رۆژەدا، کە مووسا بە سواری بەلەمەکەی خۆی لەگەڵ نوون بەرەو سەرزەوینی کۆش دەچوو، روانینی لە بارەی کۆیلەکانەوە گۆڕابوو.

لەو رۆژەدا مووسا پەی بەوەبرد کە کۆیلەکانیش وەکو ئەو مرۆڤن و هەر بەو جۆرەی کە ئەویش بەلێدانی قامچی (ئەگەر بێتوو لێی بدەن) ئازار دەچێژێ، کۆیلەکانیش ئازار دەچێژن و پێستی ئەوانیش لە پێستی کەسانێتر ئەستوورتر نییە.

لەو رۆژەدا مووسا تێگەیشت، خواوەند، کە پەروەردگاری هەموانە، دانیشتووانی سەرزەوینی کۆشی بۆ ئەوە دروست نەکردووە کە ئەوان کۆیلەبن. هەروەها تێگەیشت کە وەزعی لە دایکبوونی هەموو ئەوانەی کە لە سکی دایکیان دێنە دەرەوە، یەکسانە.



کەسانێك کە لە سەرزەوینی کۆش دەژین، بەو هۆیەوە بوونەتە کۆیلە، کە فیرعەون ویستوویەتی ئەوانە ببنە کۆیلە و بەرد و کەرپووچی بۆ هەڵبگرن. و بەخۆڕایی بیناگەلێکی گەورەی بەردینی بۆ دروست بکەن.

مووسا تێگەیشت ئاموون و باقی خواکانی دیکەی میسر، کە رێگە دەدەن گرووپێك خەڵك لە ریزی ئەشرافان بن و گرووپێکی دیکە کۆیلە بن، خواگەلێکی ستەمکارن. ئەو، کە خوای نەبینراو دەپەرستێ، دەبێ شەڕی خوایانی ستەمکاری میسر لەسەرسەری خەڵکی سەرزەوینی کۆش، کە هاونەژادانی ئەون، دووربخاتەوە.

لە حالێکدا کە مووسا لەو بیرانەوە راچووبوو، بەلەمەکە گەیشتە جێگایەك کە دەبووایە بێنە خوارەوە. نوون بە مووسای گوت: دەبێ ئەلێرە بێینە خوارەوە.

مووسا فەرمانی دا کە بەلەمەکە لە لێوار نزیك ببێتەوە و پاش ئەوەی گەیشتنە نزیکی لێوار، مووسا لە نێو بەلەمەکە هەستا و پێی لەسەر وشکانی دانا. پاشان بەلەمەکەی گرت تانوونیش هاتە سەر وشکانی. ئینجا مووسا و نوون بە هاوکاری یەکتری، بەلەمەکەیان لە ئاوەکە راکێشایە دەرێ و بەشێکی بەلەمەکەیان خستە سەر وشکانی تاکو رێژەوەی ئاوەکە، بەلەمەکە لەگەڵ خۆیدا نەبا.

لەوێ کە مووسا و نوون پێیان خستە سەر وشکانی، بەهۆی ئەوەی کە لە لێواری رووبار بوو، گیاوگۆڵی لێبوو، بەڵام هەر کە ماوەیەك لە لێواری رووبار دوورکەوتنەوە، گیاوگۆڵی سەوزی لێوار، بوو بە گیایەکی زەرد و ئینجا گیاوگۆڵی وشك و پاش ئەویش، زەوی بەیاریان کەوتە بەرچاو.

لەبەر ئەوەی لەوێ، رووباری ئاودێری لێنەبوو تا ئاوی رووباری نیل بۆ ناو زەویوزارەکان ببرێ و زەوییەکانی پێ بەراو بکرێ. سەرەڕای ئەوەش کە لە نێوان ناوچەی وشك و رووباری نیل، مەودایەکی زۆر نەبوو، بۆ پاراوکردنی زەوی و زارەکان کەڵکیان لەئاوی رووباری نیل وەرنەدەگرت. ئەوێ بەجۆرێك خاکەکەی بەیار بوو هەر کە شنەبایەك هەڵی دەکرد، گێژەڵووکەی تۆزوخۆڵ دەچووە ئاسمان.

مووسا، کە زانیاریگەلێکی لەبارەی وەزعی دانیشتووانی کوشەوە بەدەستهێنابوو، دەیزانی کە بۆچی کۆیلانی ئەوێ رووبار هەڵنابەستن تا ئاوی رووباری نیل ببنەسەر زەوییەکان، و زەوییەکان بەراوبکەن. ئەگەر ئەوان بۆ کاری ئاودێری رووباریان هەڵبەستبایە و لە زەوییەکانی

کۆش، کشتوکاڵ و چاندن بهاتبایە ئاراوە، هەر کە بەروبووم پێدەگەیشت، سەربازانی فیرعەون دەهاتن و بەروبوومی ئەوانیان دەبرد.

پیاوانی لاوی سەرزەوینی کۆش، نەیاندەتوانی کشتوکاڵ بکەن، چونکە ئەوان دەبووایە بەردەوام بەخۆڕایی بۆ فیرعەون سەرقاڵی کاروباری بیناکردن بوونایە. تەنیا بەساڵداچووان و ژنان، لەگەڵ منداڵان کە هێشتا پێیان نەنابووە قۆناغی لاوییەوە، دەیانتوانی رووبار بۆ ئاودێری هەڵببەستن و زەوی بکێڵن و تۆو دابچێنن و بەرێکوپێکی کاری داشتن بکەن تا کشتوکاڵ بەروبووم بدات. ئەوان تێگەیشتبوون کە ئاکامی دەست رەنجی ئەوان بەنسیبی سەربازانی فیرعەون دەبێ، هەر بۆیە دەستیان بۆ کاری کشتوکاڵ نەدەبرد.

مووسا و نوون، کە مەودایەك رێیان تەی کرد، دوو بزنی لاوازییان بینی کە لە لایەکەوە دەچوونە لایەکی تر و بەدووا گیاوگۆڵ و ئالیکەوە بوون. نوون گوتی: گەرچی زەوی ئێرە وشك و برینگە و گیاوگۆڵی نییە، بەڵام کەسانێك کە لێرە دەژین لەبەر ئەوەی لە رووبارەوە نزیکن، دەتوانن مەڕەکانی خۆیان لێرە بلەوەڕێنن و من سەرم سووڕماوە کە بۆچی دانیشتووانی ئێرە، مێگەلە مەڕیان نییە.

مووسا گوتی: من دەزانم کە بۆچی خەڵکی کۆش مێگەلە مەڕیان نییە، چونکە ئەگەر بێتوو مەڕ بەخێوبکەن و قەڵەویان بکەن، سەربازان دێن و مەڕە قەڵەوەکان دەبەن. لەبەر ئەوە خەڵکی ئێرە نایەن دەست بە بەخێو کردنی مێگەلە مەڕ بکەن و تەنیا بزن بەخێو دەکەن. ئەویش لەو جۆرە بزنانەی کە دەیبینی، چونکە ئەگەر بزنی قەڵەویان هەبێ، سەربازان دێن و دەیانبەن.

پاش ئەوەی لە بزنە لاوازەکان تێپەڕین، گەیشتنە وێرانەیەك کە مارمێلکەی جوان لە لایەکەوە دەچوون بۆ لایەکی دیکە، وەزعی وێرانەکە وای پیشان دەدا کە ئەوێ کووخگەلێکی زۆری لێبووە. نوون گوتی: ئێرە شاری کۆنی کۆش بووە.

سەرەڕای ئەوەی کە ماوەیەك بەسەر وێرانبوونی ئەوێدا تێدەپەڕی و وەزعی کاولگەکە، کۆنیی وێرانەیی ئەوێی ئاشکرا دەکرد، بۆنی بۆگەنیووی لاشە، دەکەوتە بەر لووتی بنیادەم. وادەردەکەوت لە کاتی وێران بوونی (یان وێران کردنی) ئەو گوندە، ژمارەیەك لە خەڵك یان گیانلەبەران، لە ژێر کەلاوەکەدا ماونەتەوە و لاشەکانیان، هەر لەو جێیەدا ماوەتەوە و هێشتا بۆنی بۆگەنیی لاشە رزیوەکان دەگەیشتە بەرلووتی بنیادەم.



دوای ئەوەی لەوێرانەکە تێپەڕین، دیسانەوە ماوەیەك رۆیشتن تا گەیشتنە چاڵێك لەوێ لەبەر ئەوەی لە دەوروبەری چاڵەکە چەند دارخورمایەك روابوون و سێبەریان هەبوو، مووسا و غولامەکەی ماوەیەك بۆ پشوودان لە ژێر سێبەری درەختی خورماکان دانیشتن.

مووسا سەری بەسەر چاڵەکەدا شۆڕکردەوە و لەناو چاڵەکەدا ئاوی بینی، وا دیار بوو کە چاڵەکە قووڵ نییە.

رووباری نیل، کە بەخاکی میسردا تێپدەپەڕێ، لە هەر دوو بەری هێڵی رۆیشتنی خۆیدا، تا ماوەیەك زەوییەکە شێدار دەکا. لە بیابانی میسر لە نزیکی رووبار، لەهەر نوختەیەکدا ئەگەر چاڵ هەڵ بکەنن، بێ ئەوەی چاڵەکە زۆریش قووڵ ببێ، دەگەنە ئاو.

کاتێك مووسا و غولامەکەی، گەیشتنە لێواری چاڵەکە، سێ منداڵی رووت لە ژێر سێبەری دارخورماکان خەریکی یاری کردن بوون، وادەهاتە بەرچاو کە تەمەنیان شەش یان حەوت ساڵێك بێت.

منداڵەکان بەجۆرێك سەرقاڵی یاری کردن بوون، کە چاویان لە هاتنی مووسا و نوون نەبوو. کاتێك چاویان بەوان کەوت، لە تینی سەرسووڕمان و ترساندا، چاویان ئەبڵەق ببوو.

مووسا کە شوێنەواری سەرسووڕمان و ترسی لە چاو و رووخساری ئەواندا بینی، دیقەتی دا کە ئەگەر منداڵەکان، لە ناکاو، دوو تیمساح یان دوو شێریان بدیبایە، ئەوەندە دووچاری حەپەسان و ترس نەدەبوون.

هۆکاری ترسی زۆری منداڵەکان، ئەوەبوو کە بینییان ئەم دوو نەفەرە میسرین و هاتنی میسریان بۆ سەر زەوینی کۆش بەردەوام بەدبەختی دەهێنێ. منداڵەکان لە باوك و دایکی خۆیانەوە فێربوون کە دەبێ لە میسرییان بترسن. چونکە هەر کاتێك چەند میسرییەك بێنە ناو سەرزەوینی کۆش، بۆ ئەوەیە کە ژمارەیەك لە کوڕە لاوەکان کە گەیشتوونەتە تەمەنی لاوی، بە کۆیلە بگرن و بۆ کارکردن لە کارگەکانی بیناکردنی فیرعەون لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن. یاخود هاتنیان بۆ ئەوەیە کە کچان، ئەوانەی کە تەمەنیان گەیشتۆتە یازدە یان دوازدە ساڵی و دەبووایە ببنە کەنیزە، لە دایك و باوکیان جیا بکرێنەوە و ببرێنە بازاڕەکانی کۆیلە فرۆشان تا وەکو کۆیلە بیان فرۆشن، یاخود زانیارییان پێگەیشتووە کە خەڵکی کۆش مەڕیان هەیە و هاتوون مەڕەکانی ئەوان بۆ خۆیان ببەن.

هەرگیز واڕێك نەکەوتبوو چەند میسرییەك بێنە ناو سەرزەوینی کۆش و نەبووبنە مایەی بەڵاو بەدبەختی. بۆیە منداڵەکان بە بینینی مووسا و نوون، بەجۆرێك تووشی سەرسووڕمان و

ترسان بوون که هێزی جووڵانەوەیان لە بەردا نەما. نوون کە تێگەیشت منداڵەکان ترساون، بە زمانی لاوی قسەی لەگەڵدا کردن تاکو ترسی ئەوان بڕەوێتەوە. بەڵام ئەو زمانە ئاشنایەش نەیتوانی ترسی ئەو منداڵانە لە بەین ببا.

پاش چەند دەقیقەیەك کە منداڵەکان تەماشای ئەو دوو کەسەیان دەکرد، لەناکاو پشتیان تێکردن و هەڵاتن و بەو پەڕی خێراییەوە لەو ناوە دوورکەوتنەوە.

مووسا پرسی: ئایا منداڵەکان لە قسەکانی تۆ گەیشتن و لە مانای قسەکانی تۆ حاڵیی بوون؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی وەڵامێکی منیان نەدایەوە من ناتوانم بڵێم ئایا لە قسەکانی من حاڵیی بوون یان نا!

لەناکاو مەسەلەیەك بە بیری مووسادا هات و لە غولامی خۆی پرسی: ئایا لێرە، جگە لە زمانی لاوی زمانێکی دیکەش هەیە؟

نوون گوتی: بەڵێ سەروەرم، چونکە جگە لە قەومی لاوی، قەومی دیکەی ئیسرائیلیش لێرە هەن. زمانی قەومە جۆربەجۆرەکانی ئیسرائیل بریتییە لە چەند زارێکی ناوچەیی و کەسێك یەکێك لەو زارانە بزانێ، دەتوانێ زارێکی دیکەش حاڵی ببێ.

مووسا تێگەیشت کە غولامەکەی دەیەوێ بڵێ چی، ئەو مەبەستی ئەوەبوو کە زمانی هەموو قەومەکانی ئیسرائیل یەکێکە، بەڵام زارەکانی قەومەکان لە یەکتری جیاوازن. لەوانەیە منداڵەکان، بە زارێکی جیا لە زاری لاوی قسە بکەن و لەوانەیە نەیانتوانیبێ لە زمانی نوون حاڵی بن. چونکە منداڵ ناتوانێ لە ساتەکانی یەکەمین جاردا زارگەلێکی جیا لە زاری خۆی تێبگا.

پاشان مووسا و نوون، سفرەیەکی کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان لە بن سێبەری دارخورماکان راخست و دەستیان کرد بە نان خواردن. پاش ئەوەی لەنان خواردن بوونەوە، مووسا بە غولامی خۆی گوت: هەستە بابڕۆین.

نوون سفرەکەی کۆکردەوە و هەستایە سەرپێ و کەوتنە رێ.

نوون شمشێر و تیروکەوان و تیردانی پڕ لە تیری پێ بوو، بەڵام مووسا جگە لە دارێکی درێژ کە وەکو وەکاز کەڵکی لێوەردەگرت، شتێکی تری پێنەبوو.

پاش ئەوەی کە ماوەیەکی دیکەش رۆیشتن، کۆمەڵە کوخێك وەدەرکەوتن. پێش کوخەکان چاڵێك دەکەوتەبەرچاو کە لە دەوروبەری گیای پاپیرۆس سەوز بوو بوو.



مووسا تێگەیشت کە گیای پاپیرۆس، بەو هۆیەوە لە دەوروبەری چاڵەکە دەچێنن تاکو سێبەر لەسەر ئاوەکە بکا و بەهۆی گەرمای خۆرەوە ئاوی ناو چاڵەکە نەبێ بە هەڵم.

ژنێك لە لێواری چاڵەکە خەریکی ئاوکێشان بوو، ژنێکی تریش لە یەکێك لە کوخەکانەوە بەرەو لای چاڵەکە دەهات. چەند ژن و منداڵێش لە بەرامبەر کوخەکان بەرچاودەکەوتن.

ئەو ژنەی کە ئاوی دەکێشا، مووسا و نوونی بینی و زۆر ترسا. ئەگەر لەو دەمەدا سەتڵە ئاوەکەی لە چاڵەکە نەهێنایە دەرێ، ئەوا لە ترسا سەتڵەکەی لەناو چاڵەکەدا لێ بەجێ دەما. ئەوەی کە هۆکاری ترسانی ئەو ژنە بوو، ئەوە بوو کە بینی ئەو دوو نەفەرە جل و بەرگی میسریان لەبەردایە.

نوون کە بینی ئەو ژنە زۆر ترساوە، بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەی (سارە) تۆ لە من مەترسە، چونکە من تۆ دەناسم و تۆش من دەناسی. من دەزانم تۆ کچی (جید)ی و منیش نوونم کوڕی (ئفالا)م و تۆ لە دایکەوە دەبیتە خزمی من.

ژنە لە وەڵامدا گوتی: وا نییە، تۆ نوونی کوڕی ئفالا نیت، چونکە نوونی کوڕی ئفالایان بە کۆیلەیی بردووە و لەبەر ئەوەی لاوێکی سەرکێش بوو، ئەویان کوشتووە.

نوون گوتی: من نوونم و ئفالاش باوکم بوو، ئایا دەتەوێ نیشانەیەکی وردی باوکم هەڵبدەم تا بزانی کە من درۆناکەم. تۆ بە دیقەتەوە لە من بڕوانە و بەوانیتریش بڵێ کە بێن و بەدیقەتەوە لە من بڕوانن تا بزانن کە من نوونم.

ژنەکە گوتی: وا نییە، نوون مردووە و مردوو ناتوانێ راست بێتەوە و جل و بەرگی میسریی لەبەربکا و بەرێگادا بڕوا.

پاشان ژنەکە پرسی: ئەو پیاوەی کە لە پەنای تۆ وەستاوە و دارێکی بەدەستەوەیە کێیە؟

نوون گوتی: ئەو خاوەنی منە، پیاوێکە کە منی کڕیوە و ڕەزامەندیی داوە تا من بێمە ئێرە هاونەژادان و خزمەکانی خۆم ببینم.

ژنە گوتی: ئەی پیاوانی میسری، ئەگەر بۆ ئەوە هاتوون تا شتێك لە ئێمە بستێنن، ئەوا بزانن کە ئێمە هیچمان نییە. لێرە نە تەنیا یەك ئەڵقەی زیو، یان ئەڵقەی مس بەدەست ناکەوێ، بەڵکو یەك دەنکە گەنمیشمان نییە کە بیدەینە ئێوە، بڕۆن و وازمان لێ بێنین.

لە کاتێکدا کە نوون و ئەو ژنە قسەیان دەکرد، ژنەکانی دیکەش لە کوخەکانی ترەوە هاتنە دەرەوە و لەگەڵ منداڵەکانیان نزیکی چاڵەکە کەوتنەوە. ئەوان منداڵەکانیان لە پشتی خۆیان دەشاردەوە و دیار بوو لەوە دەترسان میسرییەکان منداڵەکانیان لە بەردەستیان بێننەدەرەوە و

لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن. هەروەها بە حەپەساویی و وەحشەتەوە لەم دوو لاوەیان، کە جل و بەرگی میسرییان لەبەردابوو، دەڕوانی.

لەناکاو پیاوێکی بەساڵداچوو لە یەکێك لە کوخەکانەوە هاتە دەرەوە و خۆی گەیاندە ژنەکان و بە ناوەڕاستی ئەواندا تێپەڕی تا لە مووسا و نوون نزیك کەوتەوە.

ئەو پیاوە، قژ و ریشێکی سپی و درێژی هەبوو. مووسا بە بینینی ئەو پیاوە بە تەمەندا چووە و ریشی سپی پیاوەکە سەری سووڕما، بەڵام نەك بەهۆی ئەوەی کە پیاوەکە بەتەمەنداچووە، بەڵکو بە بۆنەی ئەوەی کە پیاوەکە کەمئەندام نەبوو.

مووسا دەیزانی کە کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش، پاش ئەوەی کە بە کۆیلە دەکرێن، بە دوو مەرج دەتوانن لە زێدگای خۆیاندا بژین: یەکەمیان کە دەست و پێوەند و چاودێرانی فیرعەون بڕیاربدەن کە ئەوان لە خودی کۆشدا سەرقاڵی کارکردن بن و لەوێ خانوو یان ئەمباری دانەوێڵە یان شتی تر بۆ فیرعەون دروست بکەن. دووەمیان: ئەگەر لە کاتی کارکردندا کەمئەندام بن و ئیتر نەتوانن کاربکەن. لەو حاڵەدا مۆڵەتیان دەدرایە کە بگەڕێنەوە بۆ سەرزەوینی خۆیان و تا رۆژی ماڵئاوایی لە ژیان، لەوێ ژیان بەرنەسەر.

ئەو پیاوە بەتەمەنداچووە کەمئەندام نەبوو. مووسا بەخۆی گوت: بێگومان دەبێ ئەو لەو کۆیلانە بێت کە لە خودی کۆشدا خەریکی کارکردن بووە. لە هەمان ناوچەدا تەمەنی خۆی تێپەڕاندووە و ریشی سپی و درێژ بووە.

پیاوە بەتەمەنداچووەکە لە نوون نزیك بۆوە و مووسا لە شێوازی تێڕانینییەوە تێگەیشت کە ئەو پیاوە، چاوەکانی کز و توانای بینینی لاوازە.

پیاوە بەتەمەنداچووەکە، ماوەیەك لە رووخساری نوون وردبۆوە و ئینجا روو بەو ژنەی کە نکوڵیی لە ئەسڵیی نوون دەکرد و هەروەها روو بە چەند ژنی تر کە لە دوو پیاوە میسرییەکە نزیك کەوتبوونەوە، بە ئاوازێکی سەرکۆنەکردن و پەیگیرانەوە گوتی: مەگەر ئێوە شێت بوون؟ ئەم پیاوە نوونە، نوونی کوڕی (ئفالا)یە و دایکشی (زیلاف) و کچی (پاشور) بوو، پاشور پاش ئەوەی کە میسرییەکان بە کۆیلەیان کرد، خەتەنەیان کرد.

ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە لە نەژادی یەعقوب مانای لە نەژادی ئیسرائیلە، لە حاڵێکدا کە من دەمزانی ئەو کەسێکی (میدیانی)یە و ئێوە دەزانن کە خەڵکی (میدیان) لە نەژادی ئیسرائیل نین، بەڵکو لە نەژادی ئیبراهیم و ژنەکەی وی (کەتورە)ن. لەبەر ئەوەی لە



نەژادی ئیبراهیم و کەتورەن، ئێمەی ئیسرائیلی ئامادەین کە ئەوان بە خزمی خۆمان بزانین بەڵام ئامادە نین ئەوان بە نەژادی رەسەنی ئیسرائیل قبوڵ بکەین.[٣]

پیاوەبەتەمەنداچووەکە، پاش ئەوەی کە گوتی پاشور میدیانی بووە، مانای خەڵکی وڵاتی میدیان بووە، ناوی باپیرانی باوك و دایکی ئەوی هێنا و لەبارەی هەرکامیانەوە شتێکی باس کرد.

مووسا لە زۆر بڵێی ئەو پیاوە کە بێ پسانەوە ناوی باپیرانی باوك و دایکی نوونی هەڵدەدایەوە، ماندوو بوو و سەرسامیی پیشاندا کە چۆن نوون لە قسەکانی ئەو پیاوە ماندوو نابێ و قسەکانی پێنابڕێ.

نوون بێ ئەوەی کە قسەکانی پیاوە بەساڵداچووەکە ببڕێ گوێی لە قسەکانی و روونکردنەوەکانی پیاوەکە راگرتبوو. سەرەنجام یەکێك لە ژنەکان لە وزەیدا نەما و هاواری کرد: هەی پیرەمێردی شێت، بۆ ئەوەندە قسە دەکەی؟ ئێستا زانیمان کە نوون کوڕی ئفالایە و پێویست ناکا ئەوەندە قسە بکەی و ناوی باپیرانی هەڵبدەیەوە. ئینجا رووی کردە غولامی مووسا و گوتی: نوون، بۆچی هاتووی و چیت لە ئێمە دەوێ؟

پێش ئەوەی نوون وەڵامێك بداتەوە هاواری ناڕەزایەتی و تووڕەیی پیرەمێردی بەساڵداچوو بەرزبۆوە و رووی کردە ژنەکە و گوتی: من پیاوێکی بەساڵداچووم، بەڵام تۆ نەدەبوایە من بە شێت بانگ بکەی چونکە من وەکو باپیری تۆم و کاتێك کە تۆ منداڵ بووی لەسەر ئەژنۆکانی من دادەنیشتی. ئێستا وات لێهاتووە کە بە من بڵێی پیرەمێردی شێت. من داوا لە خواکان دەکەم نەفرەتت لێبکەن.

ئەو ژنە کە کەوتبووە بەرمەترسیی نەفرەتی خواکانەوە، ویستی وەڵامێکی توندی پیاوەکە بداتەوە، بەڵام ژنێکی دیکە هەڵیدایە و پێی گوت: (میریام) وازی لێبێنە، ئەو پیرەمێردە ئەقڵی نییە و لە بەیانیانەوە تا شەو نەفرەت لە هەموو کەس دەکا.

پیاوە بەساڵداچووەکە، هەروا بە ئاوازێکی تووڕەیی و سەرزەنشت کردنەوە گوتی: ئەو زەمانە چی لێهات کە پێرەمێردان رێزیان لێدەگیرا؟ لەو رۆژەوە کە ئێمە بووینەتە کۆیلە،

(٣) «میدیان» وڵاتێك بوو لە باکووری دەریای سوور و رۆژهەڵاتی کەنداوی عەقەبەی ئێستا. وێرانەکانی شاری میدیان دۆزراوەتەوە و کەتورە مانای بخور بخور. بریتی بوو لە ئەسپۆن و (کوندر: دارێکی هیندییە لەدارزەیتون دەچێ بەڵام بێ بەرە) شتی تر کە لە کۆندا دەیانسوتاند تا گوڵاوەکەی بەهەوادا بڵاوبێتەوە و بۆنی هەوا خۆش بکا.

هەموو شتێك لەناوچووە. چونكە كۆیلە لە چوارپێ و لە سەگێك هیچ و بێ نرخترە. ڕێزگرتن لە لای كۆیلە مانایەكی نییە، بەڵام لەو سەردەمانەدا كە ئێمە ئازاد بووین و هێشتا نەكرابووین بە كۆیلە، ژنێك زاتی ئەوەی نەدەكرد لە بەرامبەر پیرەمێردێكدا دەمی بكاتەوە و قسە بكا تا بەوەڕادەگا بە شێت ناوی ببا.

ژنێكی دیكە هاواری كرد: پیرەمێرد، ئەمڕۆ خۆر زۆر گەرمە، ئەگەر تۆ لەوە زیاتر لێرە ڕابوەستی گەرمای خۆر زیاتر شێتت دەكا. بگەڕێوە بۆ ماڵەوە.

لە میانی ئەو دەمەتەقێیەدا كەس سەرنجی لە مووسا نەدابوو. تەنانەت منداڵەكانیش تەماشای وییان نەدەكرد، بەڵام سەرنجیان لەسەر نوون هەڵنەدەگرت، چونكە نوون چەكی پێبوو مووسا چەكی پێنەبوو. شمشێر و چەقۆ و كەوان و تیردانی نوون، زۆر سەرنجی منداڵەكانی ڕاكێشابوو و زۆر حەزیان دەكرد دەستیان بخەنە سەر ڕووی شمشێر و كەوانی غولامی مووسا. ئەگەر بۆیان كرابا، یارییان پێ دەكرد، بەڵام لە نوون دەترسان.

مووسا، لەو ماوەیەدا كە گوێی لەو مشت و مڕە ڕاگرتبوو، سەرنجی دا كە مشت و مڕێكی جیدی نییە، بەڵكو ژن و پیاوەكە بۆ خۆشیی خۆیان ئەو مشت و مڕە دەكەن هەرچەندە ئاوازی قسەكانیان ڕواڵەتی تووڕەیی و نەفرەتی پێوە دیارە.

مووسا تێگەیشت كە ژیانی ئەو كۆیلانە بە ئەندازەیەك یەك ڕەنگە كە ئەگەر هەلێكیان وەگیربكەوێ و بە یەكەوە دەمەتەقێ بكەن، وەكو ئەوە وایە كە پێكەوە گاڵتەوخۆشیان كردبێ، چونكە جۆرە گۆڕانێك لە ژیانی ئەواندا دێنێتەدی.

نە ئەو ژنانەی كە لەگەڵ پیرەمێردەكەدا كێشە و بەردەیان بوو، دەیانویست كە بگرەوبەردەی لەگەڵدا بكەن و نەپیاوە بەساڵداچووەكە، كە دەیگوت خواكان نەفرەت لەو ژنە بكەن، دەیویست كە ئەو ژنە بكەوێتە بەر نەفرەتی خواكانەوە.

هەروەها موسا دیقەتی دا كاتێك كە پیاوی بەساڵداچوو داوای لە خوایان كرد كە نەفرەت لەو ژنە بكەن، ئەو ژنە تووشی وەحشەت نەهات، لە حاڵێكدا كە كەسێكی میسری لە هەڕەشەیەكی ئاوا دەترسا.

مووسا پەی بەوەبرد كە درێژیی ماوەی كۆیلەتیی، باوەڕی مەزهەبیی ئەو قەومەی لەقكردووە. باوەڕی مەزهەبیی ئەو قەومە هەر لە باوەڕی مەزهەبیی نوون دەچێت، كە لەو كاتەدا ئەوی كڕی و لەو كاتەدا نوون باوەڕی بە خواكانی قەومی خۆی نەبوو.



پاشان پیاوێكی شەل، لە شوێنی كوخەكانەوە لە نوون نزیك بۆوە و بەدیقەتەوە بەویدا هەڵڕوانی و ئینجا گوتی: من (نفی)م برای ئفالام و تۆ برازای منی.

پاشان ڕوو بەو كەسانەی كە لەوێ ئامادە بوون گوتی: بێ دوودڵی ئەم پیاوە، نوون كوڕی ئفالایە و برازای منە. پاشان نوونی ماچ كرد و پێی گوت: نوون، تۆ ئەمڕۆ هەتیو كەوتووی، چونكە باوك و دایكی تۆ مردوون. باوكت، لە كاتێكدا كە لەسەر ئەسكەلە، كەرپووچی بۆ پاشای میسر هەڵدەگرت، كەوتە خوارەوە كوژرا. دایكشت دوای ئەو، بە نەخۆشی، ماڵئاوایی لە ژیان كرد و برا بچووكەكەت بە تا مرد و خوشكەكەشت لە كاتی منداڵبووندا، بەسەر منداڵەوە چوو.

پیرەمێردی بەساڵداچوو كە یەكەمین كەس بوو نوونی ناسی، گوتی: ژیان بۆ ئێمە جگە لە كوێرەوەری و مردن شتێكی دیكە نییە.

ژنەكان، كاتێك ئەم قسەیەیان گوێ لێبوو لە بانگی گریانێیاندا. ئەوان بۆ هەتیوكەوتنی نوون دەگریان. مووسا گوێی لێبوو كە ژنەكان لە كاتی گریاندا، ناوی خزمە مردووەكانی نوون دەبەن و هەروەكو ئەوەی خۆیان خاوەنی ماتەمی بن. هێندێك لە ژنەكان بە نوونیان گوت: ئەوە بۆ ناگری؟ ئەی گوێت لێ نەبوو كە تۆ هەتیو كەوتووی و باوكت و دایكت و براكەت و خوشكەكەت مردوون؟ بەڵام نوون نەیتوانی بگریا و ژنەكان بە گریانەوە لە نوون نزیكبوونەوە و دەستیان بەسەریدا هێنا و نوونیان لە نێوەڕاستی خۆیان گرتبوو. ئنیجا ئەویان بەرەو كوخەكان برد و هیچ كامیش لە ژنەكان و پیاوەكان ئاوڕێكیان لە مووسا نەدایەوە و هەروەكو بڵێی ئەو هەر بوونیشی نییە.

بەڵام منداڵەكان كە لە سەرەتادا سەرنجێكیان بەلای مووساوە نەبوو، پاش ئەوەی كە نوون ڕۆیشت، چواردەوریان گرت و بەسەرتاپای ئەویاندا دەڕوانی. لەبەر ئەوەی زانییان كە مووسا لە خۆییان دوورناخاتەوە، دەستیان لە پێڵاوەكانی دا و داوێنی جلەكەیان گرت و وەكازەكەی ئەویان بەدەستەوە گرت بێ ئەوەی كە مووسا دەست لە وەكازەكەی بەربدا.

مووساش بەرەو كوخەكان ڕۆیشت و لە ژێر سێبەری یەكێك لە كوخەكان دانیشت و پشتی بە دیوارەكەوەدا و منداڵەكانیش لە بەرامبەر ئەودا ئەڵقەیان بەستبوو.

مووسا، بینی منداڵەكان، كەم تەمەنن و كەسێكی تێدا نییە كە تەمەنی گەیشتبێتە دوازدە ساڵان. گەرچی پاشای میسر كوڕانی تەمەن دوازدە ساڵییان بە كۆیلە نەدەگرت، چونكە كوڕێكی دوازدە ساڵیی ناتوانێ لە عۆدەی كاری بینایی بێت. بەڵام مووسا دەیزانی لەو

سەرزەوینەدا، هەر کە کوڕان گەیشتنە تەمەنی باڵق بوون، دەبنە کۆیلە و ئەوان ڕاپێچ دەدەن تا لە کارگەکانی بیناکردندا، بەرد و کەرپووچ و خۆڵ بۆ فیرعەون بکێشن.

مندالآنی بچووك کە هێشتا تەمەنیان نەگەیشتبووە چوار پێنج ساڵیی، جل و بەرگیان نەبوو. بەلآم مندالآنی گەورەتر کراسێکی پیس و دڕاویان هەبوو. سەرەڕای ئەوەی کە جل و بەرگی پەڕپووتیان لەبەردابوو، مووسا دیقەتی دا کە هەموویان تاڕادەیەك جوانن. بەخۆی گوت ئەم کوڕانە، پاش ئەوەی کە گەورە دەبن، دەبن بە خاوەنی ئەندام و قەلآفەتی لەبابەتی من.

مووسا سەرنجی دا منداڵەکان ئەو کاتەی کە دەیانەوێ لەگەڵ یەکتردا قسە بکەن، زمانی خۆیان بەکاردەهێنن، بەلآم ئەو کاتەی کە دەیانەوێ لەگەڵ ئەودا قسە بکەن، وشەی میسری دەخەنە نێو زمانی خۆیانەوە. ئەم بابەتە نیشانەی هۆشیاریی ئەوانە و ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو مندالآنە لەوە تێدەگەن کە هەرگا بەو زمانە لەگەڵ مووسادا قسە بکەن، لەوانەیە ئەو لە قسەکانیان تێبگا.

مووسا چێژی لە بینینی منداڵەکان وەردەگرت و هەستی دەکرد کە ئەو ساتە، یەکێکە لە ساتە خۆشەکانی ژیانی ئەو.

مووسا تەنیا لە سەردەمی منداڵیدا، ئەو کاتەی کە لە کۆشکی پاشایەتیدا دەژیا، لەگەڵ مندالآندا ژیانی بەسەر بردبوو. پاش ئەوەی کە گەورە بوو و پێی نایە قۆناغی پیاوەتییەوە، هەلی بەردەست نەدەکەوت کە ژیان لەگەڵ مندالآندا بەسەرببات.

ئەو لە سەردەمی منداڵیدا، چێژی لە ژیان لە نێو مندالآندا وەرنەدەگرت، چونکە خۆشی هەر منداڵ بوو، بەلآم لەو کاتەدا لەوێ تێدەگەیشت کە ژیان لەگەڵ مندالآندا مایەی چالاکی و خۆشیی گەورانە. بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ بزانێ ئەو مندالآنەی کە چواردەوریان گرتووە لە نەژادی خودی خۆی بن.

مووسا لە کیژۆڵەیەکی پرسی ئایا حەزدەکەی ملوانکەیەکی مرواری بەملی خۆتەوە بکەی؟

کچە بچکۆلەکە لە منداڵەکانی دیکەی پرسی مرواری چییە؟

منداڵەکانی دیکەش نەیانزانی مرواری چییە. مووسا بۆی ڕوونکردنەوە کە مرواری گیانلەبەرێکە لە بنی دەریا لە نێو سەدەفدا دەژی. سەدەفی مرواری لە ژێر ئاوەوە دەردەهێنن و دەیشکێنن و مرواری لەناو سەدەفەکە دەهێننە دەرەوە. پاش ئەوەی کە مرواریییەکە لە سەدەف هاتەدەرەوە، لەبەر هەوا و خۆر ڕەق دەبێ. پاشان مووسا بەو کیژۆڵەی گوت: ئەگەر تۆ حەزدەکەی من ملوانکەیەکی مرواریت دەدەمێ تا بە ملی خۆتیەوە هەڵبواسی.



کیژۆڵەکە کاتێك گوێی لێ بوو کە مووسا ملوانکەیەکی دەداتێ زۆر خۆشحاڵ بوو، کەوتە شادی و بەزمەوە، منداڵەکانی تریش بەدوا ئەو کیژۆڵەیەدا کەوتنە خۆشیی و شادییەوە. یەکێك لەوان لەسەر داوێنی مووسا دانیشت و لێی پرسی: ناوت چییە؟

پیاوە لاوەکە گوتی: ناوم مووسایە.

منداڵەکان بە پێکەنینەوە گوتیان ئەمە ناوێکی میسرییە.

مووسا وەلآمیدایەوە: ئا، ئەمە ناوێکی میسرییە. کوڕێکی دە ساڵانە گوتی: ئەمە نیوەی ناوێکە و نیوەکەی تری ناوەکەت چییە؟

مووسا گوتی: ناوی من نیوەی تری نییە و ناوم مووسایە.

ئەو منداڵە پرسی: ئێمە بە چ ناوێکەوە بانگی تۆ بکەین؟

مووسا پرسی: ئایا ئێوە حەز دەکەن لەگەڵ مندا ببنە دۆست؟

هەمان ئەو کوڕە گوتی: چۆن دەکرێ ئێمە لەگەڵ میسرییەکدا ببینە دۆست؟

مووسا گوتی: ئێوە دەتوانن لەگەڵ مندا ببنە دۆست، چونکە من لەگەڵ میسرییەکانی دیکە جیاوازیم هەیە.

ئەو کوڕە پرسی: ئایا لەبەر ئەوەی ناوت مووسایە لەگەڵ میسرییەکانی دیکە جیاوازیت هەیە؟

مووسا گوتی: من لە دوو ڕووەوە لەگەڵ میسرییەکانی دیکە جیاوازیم هەیە: یەکەمیان ئەوەیە کە ناوم مووسایە و هەروەکو زانیتان ناوی من نیوەی ناوێکە، دووەمیشیان ئەوەیە کە من جیا لە میسرییەکانی تر، مانای ئەو میسرییانەی کە پاشای میسرن، خەڵك ئازاردەرنیم و ئازار بە خەڵك ناگەیەنم.

یەکێك لە کوڕەکان گوتی: ئێمە بیستوومانە کە هەر میسرییەك کارێکی هەیە، پێمان بڵێ ئەی تۆ چ کارێك دەکەی؟

مووسا وەلآمیدایەوە، من کوڕی پاشای میسرم.

کاتێك ئەم قسەیە لە دەمی مووسا هاتە دەرەوە هەموو منداڵەکان قاقا پێکەنین و بەجۆرێك وەجموجۆڵ کەوتن هەروەکو بڵێی پێکەنیناوی ترین قسەیان گوێ لێبووە.

هیچ یەکێك لەوان وێنای ئەوەی نەدەکرد ئەم قسەیە ڕاست بێت. هەموویان وایان گومان دەکرد کە مەبەستی مووسا لەم قسەیە ئەوەیە کە هەمووان پێبکەنن و بۆ ئەوەی کە پێکەنین و شادی دووبارە بێتەوە، چەند جار لە مووسایان پرسی کە چ کارێك دەکا. هەر جاریش کە

مووسا وەڵامیدەدایەوە کە کوڕی پاشای میسرە، منداڵەکان قاقا پێدەکەنین و بەجۆرێك دەکەوتنە بەزم و شادی کە هەروەکو بڵێی بەهەمموو ئارەزووەکانی خۆیان گەیشتوون. مووسا بە شادمانیی منداڵەکان شادمان دەبوو و لە دڵی خۆیدا دەیگوت چەند باش دەبوو کە هەموو خەڵك سادەیی و چالاکی سەردەمی منداڵیی خۆیان بپاراستبایە و لە جیهاندا دوژمنایەتی و کینە و خۆخوازیی بوونی نەبووایە.

منداڵێك لە مووسای پرسی: ئێستا تۆ بە چ ناوێکەوە بانگ بکەین.

پیاوی لاو وەڵامیدایەوە: بەناوی خۆم یان بە نیوە ناوی خۆم کە مووسایە بانگی من بکەن.

منداڵێکی دیکە کە پازدە ساڵە دەهاتە بەرچاو لە مووسای پرسی: کەسێك کە کوڕی پاشایە چ کارێك دەکا؟

مووسا وەڵامیدایەوە: هیچ کارێك.

منداڵەکان جارێکی تر قاقا پێکەنین و منداڵەکە پرسیاری کرد: ئایا کوڕی پاشای میسر وەکو باوکی خۆی تەلاران بنیات نانێ؟

مووسا گوتی: نا.

ئەو منداڵە پرسی: ئایا کوڕی پاشای میسر ناچێتە کۆڕی جەنگ؟

مووسا گوتی: با، دەچێتە جەنگ.

لە مووسایان پرسی کە ئایا چۆتە جەنگ؟

ئەو وەڵامی ئەرێنی دانەوە.

ئاخاوتنی مووسا لەگەڵ منداڵەکان درێژەی کێشا، نەمنداڵەکان لە پرسیارکردن ماندوو دەبوون و نە مووسا، لە وەڵامدانەوەی ئەوان هەستی بە ماندوویی دەکرد.

مووسا، هەستی کرد سێبەری دیوار و درەختەکان درێژ بووە و عەسرێکی درەنگ هاتووە.

تا ئەو کاتە، بەجۆرێك لەگەڵ منداڵەکاندا سەرگەرمی ئاخاوتن بوو کە نوونی نەدەهاتەوە بیر، بەڵام کە بینی سێبەرەکان تەواو خۆیان لێك کێشاوەتەوە، غولامی خۆی هاتەوە بیر و بیری کردەوە کە ئەو چ دەکا، بەڵام هەر لەو کاتەدا نوون، لە حاڵێکدا کە ژنەکان چواردەوری ئەویان گرتبوو، لە یەکێك لە ماڵەکانەوە هاتەدەرێ و بەرەو رووی مووسا هات.

کاتێك نوون گەیشتە لای سەروەری خۆی پۆزشی هێنایەوە و گوتی: لەوەی کە دواکەوتم لێم ببوورە، چونکە کەسێك کە پاش ماوەیەکی درێژ دەگەڕێتەوە لای خزمەکانی خۆی، ئەگەر قسەوباسی وی لەگەڵ ئەواندا درێژە بکێشێ، دەبێ پۆزشی لێ قبووڵ بکرێ.



پاش ئەوە، مووسا و غولامەکەی کەوتنە رێ تا بگەڕێنەوە. منداڵەکانی گوندەکەش بەدوایان کەوتن و تامەودایەك مووسا و نوونیان بەرێ کرد. پاش ئەوەی کە منداڵەکان ماندووبوون و گەڕانەوە، مووسا لە غولامەکەی خۆی پرسی: تۆ لەبارەی منەوە چیت بەوان گوت؟

نوون گوتی: پێم گوتن کە تۆ یەکێکی لە ئەفسەرانی گەورەی سوپای میسر و فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی، بەڵام ئێستا لەکاتی پشووداندان دای و کاتی خۆت بە راوشکار لەناوچەی دەلتای رووباری نیل بەسەر دەبەی. من لەبەر ئەوەی لە شەڕەکاندا ئازایەتیم نواندووە، تۆ رەزامەندیت لەسەر ئەوە داوە کە وەکو پاداشت دانەوە من بهێنیتە ئێرە تا چاوم بە خزمەکانی خۆم بکەوێ.

مووسا پرسی: ئایا هەموو ئەو کەسانەی کە لەم گوندەدا دادەنیشن لە تیرەی ((لاوی))ن؟

نوون گوتی: بەڵێ سەروەرم، گوندێکی تریش لەم نزیکانە هەیە کە دانیشتووانی ئەویش لە تیرەی (لاوی)ن.

لە کۆندا، لێرە، نزیکەی هەزار و پێنج سەد کەسی لاوی دەژیان، بەڵام چونکە خەڵکی ئەو ناوە کۆیلەن، وەکو هەموو کۆیلەکانی تر زوو دەمرن. ژمارەی لاویان لێرە زۆر کەمبۆتەوە. من پێشبینی دەکەم کە رەچەڵەکی لاویان لێرە دەبڕێتەوە.

مووسا لە نوونی پرسی: ئایا تۆ بە دانیشتووانی ئەم گوندەت گوت کە من کوڕی فیرعەونم؟

نوون گوتی: نا سەروەرم، من تەنیا گوتم کە تۆ فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی سوپای میسری.

مووسا پرسی: ئایا ئەوان لە تۆیان پرسی کە من ناوم چییە؟

نوون گوتی: بەڵێ، ئەوان لە منیان پرسی و من هاتەوە بیرم کە تۆ چەندان جار باسی یەکێك لە دۆستانی کۆنی خۆتت بەناوی ئاموون تپ، کە سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی بوو، دەکرد، منیش گوتم کە ناوی تۆ ئاموون تپە.

مووسا گوتی: بەڵام کاتێك کە منداڵەکان دەوری منیان دابوو و قسەیان لەگەڵدا دەکردم، من پێم گوتن کە ناوی من مووسایە.

نوونی گوتی: ئاه، ئایا تۆ بەوانت گوت کە ناوت مووسایە؟

مووسا گوتی: من هەقیقەتم بەوان گوتوە، من ناوم مووسایە و ناتوانم ناوێکی تر بۆ خۆم دابنێم.

نوون گوتی: من وابیردەکەمەوە کە هێندێك کات ئاقڵترین پیاویش لەوانەیە شێت بێت!

مووسا بەبیستنی ئەم قسەیە، کە سووکایەتی بوو، تووڕە بوو و دەم و چاوی تێکنا و گوتی: نوون، تۆ لە بیرت چووە کە تۆ غولامێکی و ئەگەر ئەم مەسەلەیەت فەرامۆش نەکردبایە ئاوا لەگەڵ مندا قسەت نەدەکرد.

نوون سەرنجی دا کە بەرامبەر بە سەروەری خۆی سنووری بەزاندووە و گوتی: راستە، من لە بیرم چوو بوو کە من غولامم و داوات لێدەکەم کە لێم ببوری.

ئیدی مووسا لەگەڵ غولامەکەی خۆیدا قسەی نەکرد تا گەیشتە لێواری رووبار و سواری بەلەم بوون و رێگای گەڕانەوەیان گرتەبەر.

نوون کە مووسای لەخۆی تووڕەکردبوو، دەیویست شتێکی پێ بڵێ بەڵام زاتی نەدەکرد قسە بکا.

پاش ئەوەی کە بەلەمەکە ماوەیەك لەنێو رووباردا (وەکو گوتمان کە لقێك بوو لە رووباری نیل) رۆیشت، نوون زاتی دایە بەر خۆی و گوتی: سەروەرم، ئەمرۆ دەبێ شتێکت پێ بڵێم کە تائێستا نەمگوتووە و دەزانم تۆ لە من تووڕە بووی. تووڕەبوونی تۆ بووە هۆکاری ئەوەی کە ئەو شتەی دەبوایە پێت بڵێم لە نێودڵی خۆمدا هێشتمەوە و تا ئەم ساتە پێم نەگوتی:

مووسا پرسی: ئەوەی دەتەویست بیڵێی و تائێستا نەتگوتووە چییە؟

نوون گوتی: سەروەرم، من دەمویست بڵێم کە ئاخێزگەی تۆ، هەمان ئەو گوندە بوو کە ئەمرۆ لەوێ بووین و باوك و دایکی تۆ لەو گوندەدا دەژیان.

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: یانی من لەو گوندە هاتوومەتە دنیاوە؟

نوون گوتی: بەڵێ سەروەرم، تۆ لە نێو ئەو خانووەدا لەدایکبووی کە پشتت بەدیوارەکەیەوە دابوو. لە هەمان ئەو ماڵەدا بوو تۆیان لە نێو سەبەتەکەدا، کە کونەکانیان گرتبوو، دانا و پاشان بە رووباری نیلیان دادای.

مووسا بە توندی بە خرۆشان کەوت و گوتی: بۆچی زووتر ئەم بابەتەت بە من نەگوت و بۆچی بەرلەوەی لە گوندەکە بگەڕێینەوە ئەو شتەت ئاشکرا نەکرد.

نوون پرسی: ئایا من دەمتوانی لەبەرچاوی خەڵکی گوندەکە بەتۆ بڵێم کە تۆ لەو خانووەدا لە دایکبووی و باوك و دایکی تۆ، لەو خانووەدا دادەنیشتن؟ من بە دانیشتووانی گوندەکەم گوتبوو کە تۆ فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی سوپای میسری، من چۆن دەمتوانی لەبەرچاوی ئەوان بە تۆ بڵێم تۆ لەم خانووەدا لە دایکبووی.



مووسا سەلماندی کە غولامەکەی ئەو لەبەرچاوی لاوییەکان نەیدەتوانی بەو بڵێ کە ئەو لەو خانووەدا لە دایکبووە.

نوون گوتی: پاش ئەوەی لە گوندەکە گەڕاینەوە من ویستم ئەم بابەتە بە تۆ بڵێم، بەڵام تۆ لە من تووڕەبوی، من ترسام و نەمتوانی ئەم بابەتەت پێی بڵێم.

مووسا گوتی: ئەگەر من لەو گوندە هاتبمە دنیاوە، لەوانەیە ئێستاش خزمەکانی من هەر لەوێ مابن.

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی ژمارەی لاوییەکان کەمە و ئەوان پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، هەموو لاوییەکان خزمی دووری یەکترین، بەڵام تۆ لەو گوندەدا خزمێکی نزیکیشت هەیە.

مووسا پرسی: ئەو چی منە؟

نوون وەڵامیدایەوە: ئەو خوشکی تۆیە.

مووسا پرسی: ئایا ئەمرۆ لەو گوندەدا من چاوم بەخوشکی خۆم کەوت؟

نوون گوتی: بەڵێ سەروەرم، خوشکی تۆ هەمان ئەو ژنە بوو کە بەناوی (میریام) بانگ دەکرا.

مووسا لە بیرانەوە چوو، هەوڵیدا کە قەڵافەتی ئەو ژنە لەبەرچاوی خۆی بەرجەستە بکا و تێبگا کە چ شێوەیەکی هەبووە.

کاتێك کە مووسا لە گوندی لاویان بوو، سەرنجی لە رووخساری ژنەکان نەدابوو، بەڵکو تەنیا گوێی لە قسەکانیان راگرتبوو.

مووسا -هەر بەو جۆرەی کە باسمان کرد- پیاوێکی خۆپارێز و پاك بوو. جوانیی ژنانی میسر لە پایتەختی ئەو وڵاتە، کاریگەییان لەسەر ئەو نەبوو، چ جای ژنانێك کە لەسەر زەوینی کۆش دەژیان و کۆیلەتی و کوێرەوەریی، ئەوانی ناشیرین کردبوو. هەر بۆیە مووسا نەیتوانی قەڵافەتی میریامی خوشکی خۆی بێنێتە بەرچاو. بەڵام بەباشی ئەوەی دەهاتەوە بیر کە یەکێك لە ژنەکانیان بەناوی میریام بانگ دەکرد. پاشان لە نوونی پرسی: ئەو ژنە کە تۆ دەڵێی خوشکی تۆیە ئایا شێوەی لە من دەچێ؟

نوون گوتی: بەڵێ سەروەرم، بەڵام تۆ لاوێکی خاوەن سامانێکی زۆری و دەتوانی هەرجۆرێك کە حەزت لێبێ بژی، لە حاڵێکدا خوشکی تۆ، وەکو هەموو ژنانی دیکەی لاوی، هەژار و کۆیلەیە و هەر بۆیە وەکو تۆ جوان نایەتە بەرچاو. بەڵام ئەگەر ماوەیەك لێرە دووربێت و بەئازادی بژی و ناچارنەبێ هەمیشە زەحمەت بکێشێ، جوان دەبێ.

مووسا ئەو قسەیەی سەلماند، چونکە بەبیری هاتەوە کە هەموو ئەو منداڵانەی کە لەو گوندەدا چاوی پێکەوتن جوان بوون، چونکە ئەوان وەکو باوك و دایکیان ئازار و ڕەنجیان نەدەکێشا. ئیتر مووسا لەبارەی خوشکی خۆیەوە هیچی تری لە غولامی خۆی نەپرسی. بەلەمەکە لە نێو لقی ڕووباری نیلدا درێژەی بە ڕێگای خۆیدا.

پاش ئەوەی مووسا لە سەرزەوینی کۆشەوە گەڕایەوە بۆ پایتەختی میسر، چاوی بە دۆستی خۆی سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی کەوت و نف لێی پرسی: پاش ئەوەی کە چوویتە کۆش و خەڵکی ئەوێت بینی، چ هەستێکت لەلادروست بوو؟

مووسا گوتی: کاتێك چاوم بەو جێگایە کەوت کە تێیدا لە دایکبووم، تەماشای خزمەکانی خۆم کرد کە چ جۆرە کەسانێکن، ڕووبەڕووی حاڵەتێکی وابوومەوە کە ناتوانم وەسفی بکەم و هەروەکو ئەوە وابوو کە دنیا گەیشتۆتە کۆتایی خۆی یان بۆ من گەیشتبووە کۆتایی خۆی.

نف پرسی: تۆ تەمەنت چەندە؟ مووسا وەڵامیدایەوە: ئێستا لە بیست و چوارەمینساڵی تەمەنم دام.

نف گوتی: تۆ ئێستا لە قۆناغێکی تەمەنت دای کە کۆتایی قۆناغی لاوییە. مانای بە قۆناغی پیریی لاوی دێتە ژماردن. تا ئەمڕۆ، تۆ سێ قۆناغت لە تەمەنی خۆت تێپەڕاندووە کە قۆناغی منداڵی و قۆناغی هەرزەکاری و قۆناغی لاوییە.

لەو سێ قۆناغەدا، ڕۆژان، بەهێواشییەوە بەسەرتۆدا تێدەپەڕین، چونکە مرۆڤ هەر چەندێك تەمەنی منداڵتر بێ، ڕۆژان، دووردرێژ تر لەبەرچاوی ئەو خۆی دەنوێنێ. لەبەرچاوی منداڵێك، یەك ڕۆژ، لە خۆرهەڵاتنەوە تا دەگاتە خۆرئاوابوون، بە ئەندازەی یەك وەرزی ساڵ خۆی دەنوێنێ، بەڵام مرۆڤ هەر چەندێك گەورەتر دەبێ، تێپەڕبوونی زەمان لەبەرچاوی خێراتر دەبێ و لە قۆناغی پیریدا، ساڵان، لەبەرچاوی مرۆڤ ئەوەندە بەخێرایی تێدەپەڕن هەروەکو بڵێی، لە چەند ڕۆژێك بەولاوە زیاتر نییە.

مووسا گوتی: کاتێك من ڕۆژانی سەردەمی منداڵی خۆم دێنمەوە بەرچاو، واهەست دەکەم کە ئەو ڕۆژانە لە ڕۆژانی ئێستا درێژتر بوون.

نف گوتی: لە قۆناغی منداڵی و قۆناغی هەرزەکاریدا، ڕۆژان، درێژتر دێنە بەرچاوی مرۆڤ و لەشی مرۆڤ دووچاری ماندوویی نابێ.

ئایا دیتووتە منداڵێکی پێنج ساڵە لەو ساتەدا کە بەرەبەیان چاوی لەخەو دەکاتەوە، تا ئەو کاتە کە شەو دادێ و خەوی لێدەکەوێ، بێ ئەوەی یەك خولەك دوا بکەوێ و پشووبدات سەرقاڵی یاری و بەزمە، بێ ئەوەی کەلەم هەموو یاری و بەزمە وەڕزببێ؟

بەڵام ئەگەر پیرەمێردێك بە ئەندازەی نیوکاتژمێر وەکو منداڵێکی پێنج ساڵە یاری و بەزم بکا، لەبەر شەکەتی و بێتاقەتی لەبەین دەچێ.

لە قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری لاویدا، رۆژان، دوورودرێژ دێنە بەرچاو. هێزی بەدەن، روو بە گەشەیە و مرۆڤ لە زەحمەتکێشان ماندوو نابێ، بەڵام کاتێك قۆناغی بەساڵدا چوون دێتە پێشەوە، هێزی بەدەن، لاواز دەبێ و رۆژان، لەبەرچاوی مرۆڤ بەخێرایی تێدەپەڕن.

تۆ هێشتا بەساڵدانەچووی، بەڵام لە قۆناغێکدای کە پاش ئەوە، قۆناغی لاویت بەسەردەچێ.[٤] لێرە بەدواوە، رۆژانت بەخێرایی تێدەپەڕن و تۆ ناتوانی زەحمەت بکێشی، چونکە هەر زەحمەتکێشانێك تۆ ماندوو دەکا.

مووسا گوتی: ئەی نف، مەبەستی تۆ لەم پێشەکییە چییە؟

سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی وەڵامیدایەوە: مەبەستی من ئەوەیە ئەگەر تۆ لە ژیانی خۆتدا، بتەوێ کارێکی گەورە بەجێ بێنی، دەبێ هەر ئێستا دەست بەو کارە بکەی، چونکە ئەگەر کاری تۆ لە ئێستاوە دەست پێنەکا، لە زەمەنی ژیانی تۆدا ناگاتە ئەنجام و دیار نییە کە پاش خۆت کەسێك درێژە بەو کارە دەدا تا بە ئاکام دەگا.

هیچ کارێکی گەورەش لە ماوەیەکی کەمدا بەرهەم نادا، تەنانەت بنیاتنانی تەلارێك، ساڵانێك درێژە دەکێشێ و ئەگەر بیانەوێ تەلارێکی وەکو هەرەمەکان بنیات بنێن، دەبێ نیو سەدە خەریکی کارکردن بن.

مووسا بێدەنگ بوو. نف گوتی: ئەی مووسا، پاش ئەوەی کە چوویە سەرزەوینی کۆش و هانەژادانی خۆتت بینی، ئایا سەرنجت نەدا کە کارێکی گەورەت لە پێشە و دەبێ ئەو کارە ئەنجا بدەی؟

---

(٤) سەرەڕای ئەوەش کە مووسا تەمەنی لە بیست و چوار ساڵ زیاتر نەبووە، نف پێی گوتووە کە قۆناغی لاویت کۆتایی هاتووە، لەبەر ئەوەی لەو سەردەمەدا لە میسر و وڵاتانی تردا، خەڵك بەهۆی نەزانییان لە بنەماکانی تەندروستی بە زوویی دەمردن، هەروەکو گوتمان کە رادەی مامناوەندی تەمەنی فیرعەونەکانی میسر لە هێندێك سەردەمدا بیست و پێنج ساڵ بووە، بەڵام مووسا هەروەکو دەزانین —بەهۆی ئەوە کە بەدەنی بەهێز بووە و لەکارە دزێوەکان دوور بوو، تەمەنێکی درێژ ژیا. (و. ف)



مووسا وەڵامیدایەوە، گوتم کاتێك کە زێدی خۆم و هاونەژادانی خۆمم بینی، هەروەکو ئەوەبوو کە دنیا بۆ من گەیشتۆتە کۆتایی.

سەرۆکی تەلارسازان گوتی: ئەی مووسا، ئەو وەسفەی کە تۆ دەیکەی، بەجۆرێك کە من بتوانم بزانم هەستی تۆ چۆنە، مانایەکی سوودبەخشی نییە، تۆ پێم بڵێ ئایا تۆ پاش بینینی هاونەژادانی خۆت خۆشحاڵ بووی یان غەمبار؟

مووسا گوتی: من پاش بینینی هانەژادانی خۆم خۆشحاڵ نەبووم، وا وێنادەکەم کە بەبینینی هیچ شتێکیش خۆشحاڵ نابم. لە ژیانمدا تەنیا یەك جار خۆشحاڵ بووم ئەویش ئەوە شەوە بوو کە لە ماڵی ئاتوون مووسا، پزیشکی گۆشەنشین بوو. هەمان ئەو ماڵە بوو کە تۆ لە نزیك تاڤگەی رووباری نیل دروستت کرد، میوان بووم.

نف گوتی: هۆکاری خۆشحاڵیی تۆ لەو شەوەدا، ئەوە بوو کە یەکەمیان لەو مێژووەدا لاوێکی نۆزدە ساڵە بووی و ئەمرۆ بیست و چوار ساڵ لە تەمەنت تێدەپەڕێ. لە نۆزدە ساڵیدا مرۆڤ دەوروبەری خۆی بە چاوێکی جیاواز لە چاوی قۆناغی بیست و چوار ساڵی دەبینێ.

دووەمیان ئەو ماڵە، لە رووی شێوازی تەلارسازی و نەخشەی بیناوە، باشترین ماڵێکە کە لە میسر دروست کراوە. لە نێوان ماڵی (ئاتوون مووسا) کە نزیك تاڤگەی رووباری نیلە و ئەو کوخانەی کە دانیشتووانی کۆش بۆ ژیانی خۆیان دروستیان کردووە، جیاوازیی هەیە. چوونە نێو ماڵێکی جوان، مرۆڤ شادمان دەکا و بە پێچەوانەشەوە چوونە نێو ماڵێکی بچووك و تاریك، مایەی غەم و کەسەر دەبێ.

لەو کاتەدا سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی، جارێکی دیکە لە مووسای پرسی: ئایا لە کاتی بینینی هاونەژادانی خۆت هەستت نەکرد کە لە بەرامبەر ئەواندا، ئەرکێکت هەیە و دەبێ کارێك بکەی کە وەزعی ئەوان باشتر ببێ؟

مووسا کاتێك ئەو قسەیەی گوێ لێبوو، بە دیقەتەوە لە سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی روانی و گوتی: پێم گوتی کاتێك خۆم لە سەرزەوینی کۆش بینی وەکو ئەوەبوو کە لە دنیایەکی دیکەدام.

نف جارێکی تر پرسی: ئایا بیرت نەکردەوە کە تۆ دەتوانی ژیانی ئەو کەسانە کە لە کۆش دەژین و لە نەژاد و تیرەی خۆتن باشتر بکەی؟

دیسانەوە مووسا بە سەرسامییەوە لەو پیاوەی روانی. هۆکاری سەرسامییەکەی لەوەڕا بوو کە سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی بەو جۆرەی کە بۆ خۆی دەیگوت پیاوانی

سەرزەوینی کۆش بە بێگاری دەگرت و ئەوانی والێدەکرد کە بۆ بیناکردنی تەلارەکانی فیرعەون بەرد و کەرپوچ و خۆڵ بکێشن. هەر لە هەمان کاتیشدا لە مووسای دەپرسی ئایا بیرت نەکردۆتەوە کە دەبێ ژیانی هاونەژادانی خۆت باشتر بکەی؟

سەرۆکی تەلارسازان کە سەرنجی لە سەرسوورمانی مووسا گرتبوو، گوتی: دەبینم لە پرسیارەکەی من سەرت سوورماوە، ئایا دەکرێ بپرسم هۆکاری سەرسوورمانی تۆ چییە؟

مووسا وەڵامیدایەوە، هۆکاری سەرسوورمانی من ئەوەیە کە تۆ ئەی نف، بە من دەڵێی کە بۆ باشتر کردنی وەزعی ژیانی هاونەژادانی خۆم دەستپێشکەری بکەم، لە حاڵێکدا کە تۆ خۆت ئەوانت ناچارکردوە و ناچاریان دەکەی کە کار بۆ پاشای میسر بکەن بێ ئەوەی کە کرێ وەربگرن و کرێی ئەوان ئەو خۆراکەیە کە بۆ تێرکردنی سکی ئەوان دەرخواردیان دەدرێ.

نف گوتی: کاتێك فیرعەون لە بەرامبەر بیناکردنی تەلارەکانی خۆی نایەوێ کرێ بداتە کرێکاران و ئەو دەڵێ دەبێ کرێکارانی بیناسازیی لە کۆیلەکان و لەوانەش کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش هەڵبژێرێ، ئایا من دەتوانم بەو بڵێم واز لە کارکردن بە کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش بهێنە؟ ئەگەر من قسەیە بەو بڵێم ئایا دەسبەجێ فەرمان نادا سەرم لە لەشم جیابکەنەوە؟

مووسا گوتی: من ئەمە دەسەلمێنم کە تۆ ناتوانی بە فیرعەون بڵێی کە واز لە کارکردن بە کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش کە بۆ بیناکردنی تەلارەکان کاردەکەن، بێنە، بەڵام تۆ دەتوانی رێگریی لەوە بکەی کە ئەوان دارکاری بکرێن و نەهێڵی لەشی ئەوان بە لێدانی دار لە خوێندا شەلاڵ ببێ؟

نف گوتی: ئەم کارەش لە توانای مندا نییە و دارکاری کردنی غولامەکانی میسر، بۆتە پاژێك لە دەسەڵاتی پاشایەتی و تا ئەو رۆژەی رامسیسی دووەم زیندووە و پاشایە، کۆیلەکان لە میسر دارکاری دەکرێن. ئەگەر رامسیسی دووەم مرد و یەکێك لە کوڕەکانی جێگەی ئەوی گرتەوە، دیسانەوە کۆیلەکان دارکاری دەکرێن.

مووسا گوتی: گومان لەوەدا نییە کە پاش رامسیسی دووەم یەکێك لە کوڕەکانی، لە جێگای باوکی دەبێتە پاشای میسر.

نف گوتی: نابێ بەم جۆرە بێ. تۆ نابێ بهێڵی ئەو وەزعە لە میسر درێژەی هەبێ. نف کە تا ئەو کاتە بە ئارامییەوە قسەی دەکرد، لەناکاو هاتە خرۆشان و گوتی: ئەی مووسا، ئایا تۆ نابینی وەزعی میسر بە چ ئاوایەکە و خەڵك چۆن بەدەست ستەمی فیرعەون ئازار دەچێژن؟



لەم وڵاتەدا تەنیا خەڵکی سەرزەوینی کۆش و کۆیلەکانی تر گیرۆدەی زۆرداریی نین، بەڵکو هەر کەسێك کە لە میسر دەژی ئەگەر لە چینی کاهینانی ئاموون و شازادەکان نەبێ، ناچارە تا ئەو رۆژەی زیندووە ستەمی فیرعەون بچێژێ. تەنانەت ئەفسەرانی سوپا، لە ستەمی فیرعەون پارێزراونین و ژیان بە بێبەشی دەبەنەسەر، شتێك بەنسیبی ئەوان نابێ مەگەر بە جۆرێك کە جەنگێك بێتە پێشەوە و ئەوان بەرەو وڵاتێکی دیکە برۆن و بتوانن خەڵکی ئەو وڵاتە تاڵان بکەن.

رامسیسی دووەم جگە لەوەی کە هەرچی زۆرتر زێر بە دەست بهێنێ و پەرستگای زیاتر بۆ ئاموون بنیات بنێ، ئامانجێکی تری نییە، ئەویش نەك بەو زێڕەی کە بەدەستی هێناوە، بەڵکو بەئارەقی نێوچاوانی غولامان و خەڵکی میسر.

هەر ساڵێك کە تێدەپەڕێ، ژمارەی جوتیاران لەم وڵاتەدا کەم دەبێتەوە، لە بەرامبەر ئەوەدا ژمارەی کۆیلەکان زیاتر دەبێ و ژمارەی کۆیلەکان بە ئەندازەیەك زۆرە، کە ئیتر کەس بە مردنی ئەوان نیگەران نییە، چونکە دەزانن هەر چەندێك لە غولامان بمرن دەتوانن جێگای ئەوان بە کۆیلەی دیکە پڕ بکەنەوە.

هەر کەسێك کە لەم وڵاتەدا دەژی، رووبەڕووی مەترسییەکی گەورەیە، تەنیا ئەگەر کاهینی پەرستگای ئاموون یان لە شازادەکان بێ. ئەگەر سبەینێ فیرعەون بیر لەوە بکاتەوە کە پەرستگایەك بۆ ئاموون دروست بکا کە سەد بەرامبەری هەرەمی گەورە بێ، هەمو تاکەکانی ئەم وڵاتە، جگە لە شازادە و کاهینەکان، دەکاتە کۆیلە. ئەگەر بۆ کێشانی نەخشەی هەرەم پێویستی بە من نەبێ، منیش دەکاتە کۆیلە و بەزەبری دار ناچارم دەکا بەرد و کەرپووچ و خۆڵ بکێشم.

مووسا گوتی: ئەی نف من جارەهای جار گوێم لە تۆ بووە کە بە بنیاتنانی ئەو تەلارانە، کە فیرعەون بنیاتیان دەنێ خۆشحاڵی، لەوانەش کە دەتگوت ئەو پەرستگایەی کە ئێستا خەریکی دروستکردنی و چوار کۆتەڵی فیرعەون لە بەرامبەر ئەو پەرستگایە دێتە بنیاتنان کە هەرگیز لە بەین ناچێ.

نف گوتی: کام هونەرمەند هەیە کە بە هاتنەدی بەرهەمێکی هونەریی خۆشحاڵ نەبێ، بەتایبەتیش بەرهەمێك بێ کە بزانێ دەمێنێتەوە؟ کەسێك کە شمشێرێکی جوان و بڕندە دروست دەکا، سەرەڕای ئەوەش دەزانێ کە ئەو شمشێرە بۆ کوشتنی خەڵك بەکاردەهێنرێ، بەڵام چێژ لە دروستکردنی وەردەگرێ.

منیش کە پیاوێکی هونەرمەندم، لە هێنانەدی تەلارگەلێك، کە دەزانم دەمێنێتەوە، چێژ و خۆشی وەردەگرم و وابیردەکەمەوە کە هەزاران ساڵی تر، خەڵك لە بەرامبەر ئەو تەلارانە کە من

دروستم کردوون رادەوەستن. بەچاوی سەرسامیی و ستایشەوە لەو تەلارانە دەڕوانن. هەر بەو جۆرەی کە ئەمڕۆ ئێمە لە بەرامبەر هەرەمەکاندا دووچاری سەرسامیی دەبین و زمانی ستایش دەخەینەکار و ئافەرین لەو تەلارسازە دەکەین کە نەخشەی ئەو هەرەمەی کێشاوە، بەڵام من پیاوێکم باوەڕم بە خوای بێ شێوە و نەبینیراو هەیە. ئەو بەتیرەی بنیادەمی گوتووە کە نابێ خەڵکی بە کۆیلە بکرێن و هەر کەسێك کار بۆ کەسێکی دیکە بکا دەبێ کرێی کارەکەی وەربگرێ.

بەدرێژەکێشانی ئەم حاڵە تا دە ساڵی تر، چ لە ژیانی رامسیسی دووەم، چ پاش سەردەمی ئەو، لەم وڵاتەدا جگە لە شازادە و کاهینەکان، هەموان دەبن بە کۆیلە تا بۆ وی یان بۆ جێنشینەکەی وی تەلار دروست بکەن.

من ناتوانم نکوڵیی لەوە بکەم کە هێندێك لەو تەلارانە بۆ خەڵك سوودی هەیە، بۆ نموونەش ئەمبارەکانی دانەویڵە کە لە میسر دروست کراون، بۆ خەڵك سوودیان هەیە، بەڵام من دەڵێم کە خوای ئێمە ئاتوون گوتوویەتی تەنانەت ئەم کارە سوود بەخشانەش دەبێ بە دەستی ئەو کرێکارانە دروست بکرێن کە کرێی کاریان دەدرێتێ و کەسێك کە دەتوانێ ئەم وەزعە لە میسر بگۆڕێ و میللەتی میسر لە کۆیلەیی ئازاد بکا، تۆی.

مووسا بێدەنگ بوو و سەری بۆ خوارەوە داگرت و لە بیرانەوە چوو.

نف گوتی: ئەی مووسا، دایکت دەیویست تۆ لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنێ، تا تۆ پەرستنی خوای بێ شێوە و نەبینراو، بەرمێن بخەی و ئایینی خوایانی ستەمکار، کە لە هەموویان گەورەتر ئاموونە، لە بەین بەری، بەڵام فیرعەون دەستی ئەوی لە کاروبارەکان، راگرت.

ئاموون تپ سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی، دەیویست تۆ لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنێ تا بەهۆی تۆوە، ئایینی خوای بێ شێوە و نەبینراو بەرمێن بکەوێ، بەڵام فیرعەون ئەویشی کوشت و فەرمانی کرد کە سەری براوی وی پیشانی تۆ بدەن.

لەو قۆناغەدا تۆ لاوێکی تەمەن بیست و چوار ساڵ نەبووی. تازە لە قۆناغی منداڵییەوە پێت دەنایە قۆناغی لاوییەوە. بەڵام ئەمڕۆ پیاوێکی تەمەن بیست و چوار ساڵی، لە قۆناغێکی تەمەندای کە هێزی بەدەنی و روحیی پیاو، گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتووی تەواو.

تۆ لەم قۆناغەدا دەبێ بۆ بەرمێن دانی ئایینی خوای نەبینراو، دەست پێشکەری بکەی و میللەتی میسر لە کۆیلەتی رزگار بکەی.

ئاتوون دەڵێ هەرگا کە من بمەوێ تیرەی بنیادەم رێنوێنی بکەم، کوڕی خۆم لەسەر شێوەی یەکێك لە رۆڵەکانی بنیادەم دەنێرم تا هۆکاری رزگاری مرۆڤ، فەراهەم بکا. تۆ ئەی مووسا،



کوڕی خوای بێ شێوە و نەبینراوی و دەبێ هانەژادانی خۆت و میللەتی میسر، لە کۆیلەتی رزگار بکەی. ئایینی خوایانی زۆرداری میسر لابەری و ئایینی خوای نەبینراو رابگەیەنی.

مووسا گوتی: ئەی نف، تۆ چۆن دەڵێی کە من کوڕی ئاتوونم؟

سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: وەزعی ژیانی تۆ واپیشان دەدا کە ئاتوون تۆی وەکو کوڕی خۆی هەڵبژاردووە تا ببیتە هۆکاری رزگاری میللەتی میسر و هاونەژادانی خۆت.

تۆ کوڕی یەکێك لە کۆیلەکانی ئیسرائیل بووی، کە لە سەرزەوینی کۆش دەژیان و دەژین و ئەوان تۆیان خستە ناو سەبەتە و بەئاویان دادای. لە هەمان کاتدا کە خەریك بوو نقوم دەبووی، شازادەخانم ئەنخاس ئاموون گەیشت و تۆی لە نقومبوون رزگارکرد. ئەو گوتی کە تۆ کوڕی ئەوی و لە پشتی رامسیسی دووەم پاشای میسری. ئەویش قسەکەی قبوڵ کرد. ئەنخاس ئاموون تۆی گەورە کرد و تۆی گەیاندە قۆناغی پێگەیشتوویی و نەیهێشت ئازارێك بە تۆ بگا.

ئایا ئەمانە بەڵگەی ئەوەنین کە ئاتوون دەیویست تۆ وەکو کوڕی خۆی هەڵبژێرێ تاکو ئایینی ئەو پەرەپێبدەی و نەریتی پەرستنی خوایانی زۆردار لابەری؟

کەسێك کە دێتە ناو ئەم وڵاتە و تەلارەکانی ئەوێ دەبینێ، وا وێنادەکا کە خەڵکی ئەم وڵاتە لە بەختەوەرترین خەڵکی جیهانن، بەڵام پاش ئەوەی ماوەیەکی لێرە بەسەربرد، تێدەگا کە میللەتی ئێرە بەخت رەشترین میللەتی جیهانە.

ئەی مووسا، باووباپیرانی تۆ، پێش ئەوەی کە لە سەرزەوینی کۆش بژین و دووچاری کۆیلەیی بن، لە بیابانەکانی کەنعان بەدژوارییەوە دەژیان و هێندێك جار بەبرسێتی دەمانەوە. بەڵام کۆیلە نەبوون و بە ئازادی دەژیان، بەڵام ئەمڕۆ ئەم میللەتە کۆیلەیە. تۆ ئەی مووسا، دەبێ ئەو میللەتە ئازاد بکەی.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئایا تۆ دەڵێی کە من بۆ نابووت کردنی خوایانی میسری دەستپێشکەری بکەم؟

سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی گوتی: بەڵێ.

مووسا گوتی: خواکانی میسر پارێزگارێکی گەورەیان هەیە کە فیرعەونە.

نف گوتی: لەبەر ئەوەی خواکانی میسر پارێزگاریان هەیە، خوا نین، چونکە خوای واقیعی پێویستی بە پاریزگار نییە، بەڵکو ئەو خۆی پارێزگاری لە کەسانیتر دەکا.

مووسا گوتی: بەهەرحاڵ فیرعەون ڕێگانادا کە من خوایانی میسری لەناوبەرم و ڕێگانادا کە من لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشم.

نف گوتی: ئەی مووسا، تۆ ئەگەر بتەوێ و دەستپێشکەری بکەی، دەتوانی لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشی. ئەگەر پاشایەتی میسریش نەبێ دەتوانی ببیتە پاشای وڵاتێکی دیکە و بەلای کەمەوە هاونەژادانی خۆت ڕزگار بکەی تاکو پاشان نۆرەی ڕزگاری میسرییەکانیش دێ.

مەرجی یەکەمی هەرکارێك، ئیرادەیە و پاش ئەویش دەستپێشکەرییە. ئەگەر کەسێك شتێکی بوێ و دەستپێشکەری بۆ نەکا، ئەوا تا کۆتایی تەمەنی پێی ناگا. بەڵام کە دەستپێشکەری بۆ کارکردن کرد، دەبێ بەڕادەیەك لە کارەکەی بەردەوام بێ تا دەگاتە ئەنجام.

مووسا گوتی: ئەی نف بەر لەوەی وەڵامێکی بنەبڕی تۆ بدەمەوە دەبێ سەفەرێك بۆ سەرزەوینی کۆش بکەم.

نف پرسی: بۆچی دەتەوێ بچیتە ئەوێ؟

مووسا گوتی: بۆ ئەوەی خوشکم ببینم.

نف پرسی: بۆچی لەو سەفەرەی دواییدا کە چوویتە کۆش خوشکەکەت نەدی؟

مووسا گوتی: کاتێك کە چوومە کۆش نەمدەزانی کە خوشکێکم هەیە. من وام وێنادەکرد کە هەموو خزمەکانم مردوون، بەڵام پاش ئەوەی لەوێ گەڕامەوە، نوون پێی گوتم کە خوشکێکم لە کۆش هەیە.

نف گوتی: زۆرباشە، بڕۆ خوشکەکەت ببینە و پاش ئەوەی لەوێ گەڕاییەوە، بڕیاری خۆت بەمن بڵێ.

جارێکی تر مووسا، لەگەڵ نوونی غولامی خۆی، سواری بەلەم بوو و بەرەو باکوور کەوتە ڕێ تا خۆی بگەیەنێتە سەرزەوینی کۆش جێگای دانیشتنی قەومی ئیسرائیل.

ئەو جارەیان مووسا، جلێکی باشتری لەجاری پێشوو لەبەرکرد، هەرچەندە جلی شازادەیی لەبەردا نەبوو، بەڵام هەر کە پێی نایە سەرزەوینی کۆش و خەڵکی ئەوێ، ئەویان بەو جلەوە بینی، سەرسامیی دایگرتن.

نوون گوتی: بە میریام کچی ئوم ڕام (عومران) بڵێن بێتە ئێرە.

زۆری نەبرد میریام هات و لە نوون نزیك بۆوە.

میریام لەڕووی قەڵافەت و ئەندامەوە لە مووسا دەچوو، بەڵام جوانی تێدا نەبوو.



منداڵان لە کۆش، تا ئەو کاتە کە منداڵ بوون، جوان بوون، بەڵام کاتێك کە گەورە دەبوون جوانییان لە دەست دەدا، چونکە دژواری هەمیشەیی و برسێتی و ناسازیی ئاوهەوا، ئەوانی ناشیرین دەکرد.

میریام، خوشکی مووسا، تەمەنی لە بیست و شەش ساڵ زیاتر نەبوو و تەنیا دوو ساڵ لە مووسا گەورەتر بوو، بەڵام وەکو ژنێکی چل ساڵە و بەڵکو زیاتریش دەهاتە بەرچاو. هەر کەسێك کە چاوی بەو دەکەوت پێی وابوو کە پیرەژنێکە.

ژنی بەخت ڕەش لە نوون نزیك کەوتەوە و بە وەحشەتەوە پرسی: بۆچی منت بانگ کردووە و چیت لەمن دەوێ؟

نوون ئاماژەی بۆ مووسا کرد و گوتی: ئەوە سەروەری منە و دەیەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکا.

میریام بەوەحشەتەوە پرسی: لە زمانی منەوە پێی بڵێ کە من هیچم نییە بیدەمە ئەو و هەروەها ئەویش ناتوانێ هیچ لە من وەربگرێ.

دوای ئەوەی نوون، مووسای بە میریام ناساند، گوتی: ئەو کوڕی پاشایە.

کاتێك میریام زانی مووسا شازادەیە زیاتر تووشی وەحشەت هات و هاواری کرد:

کچەکەم لە کوێیە؟

کیژێك کە هێشتا بچووك بوو و تەمەنی لە دوازدە ساڵ زیاتر نەبوو لە دایکی نزیك بۆوە و میریام هاواری کرد: ئەگەر بیانەوێ تۆ ببەن تا ببیتە کەنیزی کوڕانی فیرعەون، من بە هەردوو دەستی خۆم تۆ دەخنکێنم.

نوون هەوڵیدا ئەو ژنە ئارام بکاتەوە و گوتی: ئەی میریام کچی ئوم ڕام، من دڵنیات دەکەم کە سەروەری من بۆ ئەوە نەهاتووە کە کچی تۆ یان کچێکی تر ببا، ئەو ئازاری خەڵك نادا و ئازار بەخەڵکی ئێرە ناگەیەنێ.

میریام پرسی: ئەگەر ئەو بۆ ئەوە نەهاتووە کە ئازار بە ئێمە بگەیەنێ و مەبەستی ئەوە نییە کچەکانی ئێمە ببات ئەی بۆچی هاتۆتە ئێرە؟

نوون گوتی: ئەو، بەهۆی ئەوەی کە هۆگری ئێمەیە هاتۆتە ئێرە.

میریام گوتی: کەسێك کە کوڕی پاشای میسر بێ چۆن دەکرێ هۆگری ئێمە بێت؟

نوون گوتی: ئەم سەروەرە گەورە، فرمێسکی چاوەکانی ئێمەی دی و گوێی لە ئاهونالێنی ئێمە بوو و تەماشای کرد کە تا چ ڕادەیەك ئازار دەچێژین و زوڵم و ستەم دەبینین، بەزەیی پێماندا هاتەوە و ئێستا هاتووە کە تۆ ببینێ و قسەت لەگەڵدا بکا.

میریام پرسی: بۆچی دەیەوێ من ببینێ و قسەم لەگەڵدا بکا؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ یەکێکی لە تاکە بەخت ڕەشەکانی سەرزەوینی کۆش، ئێستا لەگەڵ مندا وەرە تا لەگەڵ خۆم بتبەمە لای کوڕی فیرعەون.

بەڵام میریام دەترسا بچێتە لای مووسا و نوون دەستی گرت و بردییە لای مووسا. ئەو ژنە هەر کە گەیشتە لای مووسا، هەردوو ئەژنۆیێ دادایە سەر زەویی و نێوچاوانی بەزەوییەوە ناو وێڕای دەربڕینی بەزەیی گوتی: ئەی شازادەی میسر، ئێمە کۆیلەین و لەم جیهانەدا کەس لە ئێمە سووکتر و بێچارەتر نییە، بەزەییت بە ئێمەدا بێتەوە و کچەکەم، کە تاکە دڵنەوای ئارامیی دڵمە، با لە لای من بێت و لێمی مەستێنە چونکە من لەم کچەم زیاتر کەسم نییە. مێردەکەم (ئەفەر) کە کاری بینایی بۆ فیرعەون دەکرد کەوتە ژێر بەرد و مرد. دوو کوڕیشم پاش ئەوەی کە هاتنە دنیا مردن و هەروەها باوك و دایکیشم مردوون و برا شیرەخۆرەکەشم هەر کە هاتە دنیاوە بە ئاوی ڕووباری نیلیان دادا.

ئەی شازادەی میسر، کچەکەمم لێ مەستێنە و لەبەرامبەر ئەوەدا من ئامادەم لە پایتەختی میسر دەرۆزە بکەم و هەرچی کە لەم ڕێگایەوە دەستم دەکەوێ بیدەم بە تۆ.

مووسا، لە بیستنی ئەم قسانە بە جۆرێك دڵتەنگ بوو کە نەیدەزانی قسە بکا. نوون، دەستی ئەو ژنەی گرت و گوتی: ئەی میریام، من بەتۆم گوت ئەو بۆ ئەوە نەهاتووە کە کچەکەی تۆ ببا، هەستە و مەترسە.

ژنەکە بە یاریدەی نوون هەستایە پێ و لەبەرامبەر موسا ڕاوەستا. کراسەکەی خۆڵاوی ببوو و فرمێسکی چاوەکانی بەسەر ڕووخساری خوڵاوی وییەوە تنۆکە قوڕییان پێکهێنابوو. مووسا بینی هێشتا لە چاوەکانی ئەو ژنە فرمێسك هەڵدەڕژێ و لێوەکانی لە ترسان دەلەرزن، گوتی: میریام، لە من مەترسە، ترست لە من نەبێ، من نەهاتووم تا ئازارت پێ بگەیەنم و کچەکەت بەرم.

میریام کە دیاربوو باوەڕی بە گوتەی مووسا نەکردووە گوتی: ئەی شازداەی میسر، بەزەییت بەمندا بێتەوە و کچەکەم مەبە، چونکە من جگە لەو کەسی ترم نییە.

مووسا گوتی: ئەی میریام، گوێ بگرە، من کوڕی ئوم ڕامم و دایکم ناوی (جوشبەد) بوو و من ئەلێرە لە دایکبووم و کاتێك کە هاتمە دنیاوە منیان لەسەبەتەیەك هاویشت و ئەو سەبەتەیەشیان بە ڕووباری نیل دادا.



ئەو ڕۆژەی کە منیان لەسەبەتە هاویشت و لە نێو ئاوی ڕووباری نیل بەرەڵایان کردم، هاوسەری پاشای میسر، بە سواری کەشتی لە ڕووباری نیل تێدەپەڕی و منی لەو سەبەتەیەدا بینی، منی لە ئاوگرتەوە و بردمییە پایتەختی میسر و لە کۆشکی پاشایەتی ئەوێ، منیان خستە ژێر چاودێری. من خواردنی هاوسەری فیرعەونم خواردوو و جلی ئەوم لەبەرکرد و گەورە بووم. من وامدەزانی کە کوڕی ئەنخاس ئاموونم تاکو بۆم دەرکەوت کە من لە خەڵکی ئەم سەرزەوینەم و لە ڕۆڵەی ئیسرائیلییان و لە تیرەی لاوییانم. هەر بۆیە هاتمە ئێرە تا تۆ ببینم، تۆ خوشکی منی و من برای تۆم و ئێمە لە یەك باوك و دایکین. باوکی ئێمە ناوی ئوم ڕام (عومران) و دایکیشمان ناوی جوشبەد (یوکابد) بووە.

لە حاڵێکدا کە مووسا قسەی دەکرد بە دیقەتەوە لە قەڵافەتی ئەو ژنەی دەڕوانی تا تێبگا کە گوتەکانی چ کاریگەرییەك لەسەر ڕووخساری ئەو ژنە دادەنێ، بەڵام لە قەڵافەتی ئەو ژنەدا بچووکترین نیشانەیەك کە ئاماژە بۆ ئەوە بکا کە میریام باوەڕی بە قسەکانی ئەو کردووە، بەدەرنەکەوت. تەنیا جۆرە نیشانەیەکی گاڵتەپێهاتن لە قەڵافەتی ئەو ژنەدا بەدیاریدا و مووسا تێگەیشت کە ئەو ژنە وا وێنادەکا کە ئەو، گاڵتە بەوی دەکا.

مووسا جارێکی تریش گوتەکانی خۆی دووبارە کردنەوە تا میریام ڕازی ببێ کە ئەو برای ئەوە. بەڵام ئەو ژنە پاش کۆتایی هاتنی قسەکانی مووسا گوتی: ئەی شازادەی میسر، من سوێندت دەدەم گاڵتەم پێ مەکە.

لەو کاتەدا مووسا سەرنجی دا کە ئەگەر ئەویش لە جێگای ئەو ژنە بووایە، پیاوێکی میسری بە جل و بەرگێکی ئاوا شیکەوە و بە ناونیشانی کوڕی پاشا بهاتبایە و بەوی بگوتبایە کە من برای تۆم، قەناعەتی نەدەهات و یەقینی هەبوو کە مەبەستی ئەوەیە گاڵتەی پێبکا، کوڕی فیرعەون لە کوێ و کەنیزێکی دانیشتووی سەرزەوینی کۆش لە کوێ.

مووسا سەرنجی دا کە سەرباری جیاوازی گەورەی چینایەتی، ئەوەی کە ڕێگرە لەوەی کە ئەو ژنە باوەڕ بە گوتەکانی وی بکا، باوەڕ و بڕوای ئەو ژنەیە، واتە باوەڕبوون بەخورافەیە.

مووسا، دەیزانی کە خەڵکی سەرزەوینی کۆش خوڕافە پەرستن و خوڕافە بەجۆرێك لە نێو ڕوحی ئەواندا جێگای گرتووە، کە ناتوانن هێندێك شت قبووڵ بکەن. یەکێك لەو شتانەی کە بۆ ئەوان شیانی قبووڵ کردن نییە ئەوەیە کە پیاو یان ژنێك لە خەڵکی لاوییان یان باقی تیرەکانی دیکەی بەنی ئیسرائیل، لەگەڵ میسرییەکدا خزم بێت.

مووسا، دەیزانی کە خەڵکی ئەو سەرزەوینە، سەرەڕای ئەوەی کە کۆیلەن و هەموو ژیانی خۆیان بە خۆڕایی کار بۆ پاشای میسر دەکەن و بەدەستی سەرپەرشتیارانی میسری دارکاریی دەکرێن، خۆیان بە نەژادێکی پاك دەزانن و میسرییان لە بەرامبەر خۆیاندا بە ناپاك دەزانن. ئەگەر میسرییەك ئامادە بێ لەگەڵ کچێك لە خەڵکی کۆش زەماوەند بکا، ئەوان کچەکەی خۆیانی نادەنێ.

ئەوان جاری وایە ناچارن کە بەچاوی خۆیان ببینن میسرییەکان، کچەکانیان دەبەن، بەڵام خودی خۆیان، هەرگیز، کچی خۆیان نادەن بە کەسێکی میسری. بۆیە میریام ناتوانێ ئەوە قبووڵ بکا کە پیاوێکی میسری برای ئەو بێت. قبووڵ کردنی ئەم بابەتە دەکەوێتە دەرەوەی سنووری باوەڕی ئەوەوە.

ئەو دەتوانێ ئەوە قبووڵ بکا کە رامسیسی دووەم، فەرمانڕەوای چارەنووسی ئەوە و دەتوانێ بەوە رازی بێت کە رۆڵەیەکی تازەبوو بکەن بە قوربانی و لە نێو سەبەتەیەکیدا دابنێن و لەسەر شەتی نیل بەرەڵای بکەن، بەڵام ناتوانێ ئەوە قبووڵ بکا کە میسرییەك برای ئەو بێت.

مووسا، کە زانی گوتەکانی کار لە میریام ناکا و مەحاڵە ئەو ژنە خۆی بە خوشکی وی بزانێ، ئەڵقەیەکی زێڕی بەرەو میریام راداشت و گوتی: ئەم ئەڵقە زێڕە دەدەم بە تۆ.

میریام وەك نیشانەی رەت کردنەوە سەری راوەشاند، مانای زێڕم ناوێ.

مووسا پرسی: بۆچی ئەو ئەڵقە زێڕەم لێ وەرناگری؟

میریام گوتی: چونکە دەزانم تۆ دەتەوێ ئەم ئەڵقەیە بدەیە من و کچەکەم بەری.

مووسا گوتی: ئەی میریام، سوێند دەخۆم کە من نامەوێ کچەکەی تۆ ببەم. ئەم زێڕە دەدەم بەتۆ تا تۆ بەم زێڕە شتێك بۆ خۆت و کچەکەت بکڕی. بەڵام میریام ئامادە نەبوو کە ئەڵقەکە وەربگرێ و ئەو دەیگوت: تۆ دەتەوێ کچەکەم ببەی.

مووسا ئەڵقە زێڕەکەی هەڵدایە بەر قاچی میریام و بە نوونی گوت: با بگەڕێینەوە.

ئەوان گەڕانەوە و خۆیان گەیاندەوە رووبار و سواری بەلەم بوون. نوون کەوتە سەوڵ لێدان و بەلەم بە ئاراستەی باشوور کەوتە جووڵان. هەر ئەوەندە بەلەم کەوتەڕێ، مووسا دەستی بە گریان کرد و بەجۆرێك فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوارێ، کە نوون بۆ خاوەنەکەی نیگەران بوو و گوتی: سەروەرم، بۆچی دەگری؟

مووسا بێ ئەوەی وەڵامێکی غولامی خۆی بداتەوە فرمێسکی دەڕشت.



لەو رۆژەوە کە نوون ببووە غولامی مووسا، تەنیا یەکجار بینی کە مووسا ئاوا دەگری و ئەویش زەمانێك بوو لە وڵاتی کۆش کە دەکەوێتە باشووری میسر، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی گەورە، مووسا تەرمی کوژراوەکانی لە مەیدانی جەنگ کەوتە بەرچاو.

مووسا -بەو جۆرەی کە باسمان کرد- پاش گەڕانەوە لە وڵاتی کۆش و گەیشتن بە ناوچەی تاڤگەکانی رووباری نیل، تەنانەت بە بینینی تەرمی دۆستانی خۆی گریانی نەهات. بەڵام ئەو رۆژە بەدبەختیی هاونەژادانی خۆی، ئەوی هێنایە گریان. ئەو تێگەیشت کە درێژە کێشانی کۆیلەیی و تەحەمول کردنی ستەمی زۆر و باوەڕبوون بە خورافە، هاونەژادانی ئەوی بەجۆرێك بەخت رەش کردووە کە کاتێك خۆشبەختییەك روو لەوان دەکا، ناتوانن قبوڵی بکەن.

ئەوانەی راڤەی حاڵی مووسایان نووسیوەتەوە، تا ئەم سەردەمە، جگە لە ریوایەتە مەزهەبییەکان کە لە کتێبە مەزهەبییەکانی قەومی ئیسرائیل دا نووسراونەتەوە، بەڵگەنامەیەکی دیکەیان لەبەردەستدا نەبووە.

ناتوانرێ رەخنە لەوان بگیرێ کە بۆچی بۆ نووسینەوەی راڤەی حاڵی مووسا کەڵکیان لە بەڵگەنامە مێژووییەکان وەرنەگرتووە، چونکە بەڵگەگەلی مێژوویی پەیوەست بە مووسا، تا کۆتایی سەدەی بیستەم لە بەردەستی مێژوونووساندا نەبوو.

هەر بۆیە پیاوێکی قووڵ و وردبینی وەکو (رینان) مێژوونووس و نووسەری فەرەنسی، کە مێژووەکانی، لە بارەی مووسا و عیسا، بەشێکن لە کتێبە کلاسیکەکان، نەیتوانی بۆ نووسنی راڤەی حاڵی مووسا، کەڵك لە بەڵگەگەلی مێژوویی زۆر وەربگرێ.

زەمانێك کە (رینان) مێژووی مووسای دەنووسی، سەردەمێك بوو کە زانایان نامیلکەکانی میسر و پاپیرۆسەکانی ئەو وڵاتەیان خوێندبووە.

نەریتی میسریانی کۆن وابوو لەو گیایە، کە بە پاپیرۆس دەناسرا، کاغەزیان دروست دەکرد و لە سەریان دەنووسی و کتێبە میسرییەکانیش هەر لەسەر پاپیرۆس دەنووسران. کتێبەکان بەشێوەی تۆمار بوون و بەکارهێنانی کاغەز تاڕادەیەك زۆر بوو.

(ئشتری بیر) زانای رۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی باوەڕی وایە کە لە میسر، بەتێکڕایی لە هەر ساڵێکدا هەشت سەد تا هەزار تەن کاغەز بەرهەم دەهات کە بەشێکی لە نێو میسر کەڵکی لێوەردەرگیرا و بەشێکی تری بۆ وڵاتانی دەرەوە رەوانە دەکرا.

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەیەم و پاش ئەویش لە سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، بڕێکی زۆر لە نووسراوەکانی میسر، کە لەسەر پاپیرۆس ژمارەبەندی کرابوون، بەردەست کەوتن و ماوەیەکی

پێچوو تا زانایان و مێژوونووسان توانییان ئەو نووسراوانە ڕێك بخەن و پۆلێن بکەن. لەبەر ئەوەی کە کەسانێك لە میسر، کاری هەڵکۆڵینی مێژووییان دەکرد، نەدەیانزانی لە ژێر خاك، بەڵگەنامەی کام قۆناغی مێژوویی بەدەست دێت.

ئەمڕۆ ئێمە دەزانین کە بیست و چوار زنجیرە لە فیرعەونەکان لە میسر، تا پێنج سەد ساڵ پێش لە دایکبوونی مەسیح، پاشایەتییان کردووە.

بەڵام ئەمە بەدەر لەهەر گومانێك لە ئەنجامی ماندووبوونی ئەو زانایانە کە نزیکەی سەد و پەنجا ساڵ، بەڵگەنامە مێژووییەکانی میسریان بە یەکتری بەراورد دەکرد و ڕووداوەکانیان لە ڕووی پاش و پێشی زەمەنەوە، ڕیزبەندی دەکرد، بەدەست هاتووە. ئێستاش ئەمە بە تەواوی زانراو نییە کە ژمارەی زنجیرەکانی پاشایەتی میسر، ناگۆڕێ و لەوانەیە لە داهاتوودا، لە ژێر خاکەوە کۆمەڵە بەڵگەیەك بەردەست بکەون کە نیشانی بدەن، کە ئەو زنجیرەی ئەمڕۆ وێنای دەکەین، یەکەمین زنجیرەی پاشاکانی میسر بووە، زنجیرەی تریش هەبوو.

لە مێژووی میسر، تا سەد ساڵ پێش ئێستا کەسێك بەناوی مووسا، بوونی نەبوو و نەدەزانرا کە لە نێو پاپیرۆسەکانی میسردا ئەم ناوە بوونی هەیە. بەڵام لەناکاو لە ژێرخاکەوە کۆمەڵە بەڵگەیەك کەوتنە بەردەست، کە لەوێدا ناوی مووسا دەکەوتە بەرچاو، بەڵام چەندین ناو مووسا، بەجۆرێك کە لەسەرەتادا زانایان دووچاری سەر لێشێواوی بوون، لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی تێبگەن کە کام لەو مووسایانە، مووسای پێغەمبەری ناسراوی بەنی ئیسرائیلە.

لەبەر ئەوەی کە بەشێوەی پلە بە پلە کەڵك لە بەڵگەنامەگەلی مێژوویی وەردەگیرا، لە میسر، مووسا بەشی دووەمی ناوەکان بوو و خودی مووسا —هەروەکو گوتمان- ئەم مانایەی هەبوو: ((منداڵی پێدراو))، کە ئەمە بەناوێکی ناتەواو دەژمێردرا، چونکە نەدەزانرا ئەم منداڵە لە لایەن کێوە دراوە بەڵام کاتێك دەیانگوت (ستی مووسا) ئەم ناوە، تەواو دەبوو و دەزانرا کە ستی ((یەکێك لە خوایانی میسری)) ئەو منداڵەی داوە.

خۆشبەختانە (بۆ مێژوونووسان) بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە قۆناغی مووسا بە خەتێك نووسرابوون کە بە خەتی ئەلیفوبێی (نیگارین) دەژمێردرا، ئەگینا زانایان، نەیاندەتوانی ناوەکانی ئەو هەموو مووسایانە، لەوانەش ناوی پێغەمبەری گەورەی بەنی ئیسرائیل بخوێننەوە.

لە میسری کۆن، چەند خەتێك پەیدابوون کە دوو خەت، لەوانە یەکێکیان نیگارین بوو و ئەوی دیکەیان ئەلفوبێ بوو کە بەیاریدەی وێنە بوو.



میسریانی کۆن، زۆر شتیان بەخەتی نیگارین دەنووسی، بەڵام نەیاندەتوانی ناوی کەسەکان بنووسن. کاتێك دەیانویست لە بارەی کاهینێکەوە بنووسن، وێنەی پیاوێکیان دەکێشا کە سەری تاشرابوو، چونکە کاهینانی میسر، سەری خۆیان دەتاشی، بەڵام نەیاندەتوانی ناوی کاهینەکە بنووسن و بۆ نەوەکانی داهاتووی بەجێبێڵن.

هەروەها کاتێك دەیانویست ناوی فیرعەون بنووسن، وێنەی فیرعەونیان دەکێشا. لە زەمانی پاشایەتی ئەو فیرعەونەدا هەمووان ناوی ئەویان دەزانی، بەڵام پاش مردنی ئەو، هەمووان ناوی ئەویان لە بیردەچۆوە و کەس نەیدەتوانی بزانێ کە ئەو چ ناوێکی بووە.

پاشان میسرییەکان، خەتی ئەلفوبێی نیگارینیان داهێنا. لەو خەتەدا، وێنەکان، بەشێوەی ئەلف و بێی دەنگدار، دەرچوون و هەر کەسێك کە یەکێك لە پیتەکانی ئەلف و بێی دەدی، دەیتوانی، دەنگی ئەو پیتە بهێنێتە سەر زمان، و لەوە و بەدواوە میسرییەکان توانیان کە ناوی کەسەکان بنووسن و بۆ نەوەکانی داهاتووی بهێڵنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ زانایانی میسرناس، لەبارەی جۆری گۆکردنی زۆرێك لە ناوەکانی پاشا، شازادە، سەردار و هونەرمەندانی میسر جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە مانای وشەکان بەباشی تێدەگەن، بەڵام هێندێك لە پیتەکانی ئەلفوبێی میسری بە دەنگێکی تر گۆ دەکەن چونکە هیچ مامۆستایەك نەبووە کە دەنگی پیتەکانی ئەلفوبێی میسری فێری زانایانی مێژوویی ئەمڕۆکە بکا.

بەڵام دیسانە خۆشبەختانە ناوی مووسا یەکێك لەو ناوانەیە کە زانایانی میسرناس لەبارەی شێوەی گۆکردنی وییەوە هیچ جیاوازییەکیان نییە، چونکە پیتی (میم) و دەنگی (واو)، و پیتی (سین) و دەنگی ئای، لە ئەلف و بێی نیگارینی میسریدا ناسراوە و هەموو زانایان، لەبارەی ئەم دوو پیتە و ئەم دوو دەنگەوە، گۆشەنیگای هاوچونیان هەیە. ئێمەش ئەگەر بمانەوێ ناوی مووسا بە ڕاستی گۆبکەین دەبێ بەشی دوایی ئەم ناوە بە دەنگی ێ بخوێنینەوە (لەسەر کێشی دێ ).

زانایانی میسرناس لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بەدواوە، پاش ماوەیەك خوێندنەوە، مووسای گەورەیان لە بەڵگەنامە مێژووییەکانی میسردا ناسییەوە و زانییان کە مووسا، بێ هیچ سێ و دوویەك بەڕەهایی، هەمان پێغەمبەری گەورەی بەنی ئیسرائیلە. ئەوان بینییان کە ڕاڤەی ژیانی ئەو لە هێندێك بەشەکانی و ناوەکانی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوانەی لە ڕیوایەتە مەزهەبیەکاندا هاتووە هاوڕێك دێتەوە و لە ڕاڤەی ژیانی مووسادا، شتگەلێکیان دیتەوە کە لە

داستانە مەزهەبییەکانی کتێبی پیرۆزدا نییە، لەوانەش گریانی وی پاش ئەوەی لەسەر زەوینی کۆش (کوشین) دەگەڕێتەوە.

کاتێك کە مووسا دەگریا، بیری دەکردەوە، لەبارەی ئەو شتەی کە نف بۆ ئەوی پێشنیار دەکا دەبێ دەستپێشکەرییەکی بنەڕەتی بکا. ئەگەر نەتوانێ قەومی میسر لە زوڵمی فیرعەون رزگار بکا، بەلای کەمەوە هاونەژادانی خۆی کە هەموویان لە نەژادی ئیسرائیلن، لە زوڵمی پاشای میسر رزگار بکا.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە مووسا دەگریا، نوون بێدەنگ بوو. پاش ئەوەی گریانی مووسا تەواو بوو، نوون گوتی: سەروەرم، بۆچی گریای؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من بۆ چەند شتێك گریام:

یەکەمیان بۆ بەدبەختیی تایفەی خۆم. دووەم لەبەر ئەوەی کە من تا ئەمڕۆ بۆ رزگاری ئەوان و هەروەها ئازادکردنی قەومی میسر، هەنگاوێکم نەناوە و وەختی خۆم بەشێکی لە جەنگ و بەشێکی لە گەڕاندا خەرج کردووە.

سێیەمین هۆ کە منی والێکرد بگریم ئەوە بوو، کە بینیم لە نێوان ژیانی من و ژیانی تایفەکەمدا جیاوازییەکی زۆر هەیە. من وەکو شازادەیەك دەژیم و ئەوان ژیانێك دەژین کە لە خوار ئاستی ژیانی ئەو کۆیلانەشە کە لە میسردا لە نزم ترین ئاستدا دەژین. بەڵام لێرە بەدواوە، من بەنیازم دەست لە کاروباری دیکە بکێشمەوە و ئەو ئەرکەی کە بۆ خۆمم هەڵبژاردووە، جێبەجێی بکەم. تۆش ئەی نوون لێرە بەدواوە، هەڵسوکەوتێکی کە لە گەنجێتییەوە سەرچاوە دەگرێ، لە من نابینی و لێرەوە دەبینی کە کارەکانی من لە داهاتوودا کاری پیاوێك دەبێ کە پەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی بردووە.

نوون گوتی: سەروەرم، من هەرگیز جووڵانەوەیەکم ، لە تۆدا بەدی نەکردووە کە لە گەنجێتییەوە هاتووە.

من لەو رۆژەوە کە بووم بە غولامی تۆ، نەمدی تۆ بیرە یان شەراب بخۆیەوە و لەگەڵ ژناندا هاوئامێزی بکەی. جارەهای جار دیقەتم لێگرتووی تا تێبگەم حاڵی تۆ لە پەنای ژنانی لاودا چۆنە. من دەمدی تۆ ئەوەندە بە بێبایەخییەوە سەیری ئەو ژنانەت دەکرد کە من ئاوا بەبێبایەخییەوە سەیری ئەو سەوڵەی دەستم ناکەم. من بە خۆمم دەگوت چۆن دەکرێ پیاوێکی لاو، ئەویش پیاوێك کە لە تیرەی ئێمە بێ، ئەوەندە لە بەرامبەر ژناندا بێبایەخ بڕوانێ.



لە رۆژی یەکەمەوە کە من بوومە غولامی، تۆ تێگەیشتم کە تۆ پیاوێکی لە کەسانی تر بەرجەستەتری، دەتوانی کاروبارێك بکەی کە کەسانیتر نەیانکردووە. خۆزگە لەو کارە نوێیانەت کە دەیگریەبەر، منیش هاوبەش بکەی ئەویش نەك ئاوا کە لەگەڵ تۆدا بەرامبەر ببم، بەڵکو وەکو غولامێك لە کارەکانتدا هاوکارت بم.

ئیتر تا گەڕانەوە پایتەخت رووداوێك نەهاتە پێشەوە.

پاش گەڕانەوە بۆ پایتەختی میسر، مووسا چووە ماڵی نف تا پێی بڵێ کە ئەو بڕیاری خۆی داوە و مکوومە لەسەر ئەوەی کە بۆ رزگاری قەومی میسر و قەومی ئیسرائیل، راپەڕێ. بەڵام بە مووسایان گوت کە نف بۆ کارێکی گەورە لە پایتەخت دەرچووە و تا ئەو کارە بە ئەنجام نەگەیەنێ ناگەڕێتەوە بۆ پایتەخت.

سێ رۆژ پاشتر، لە لایەن نفەوە پەیامێك گەیشتە مووسا. هەڵگری پەیامەکە گوتی کە بە هۆی ئەوەوە نف کاری هەیە ناتوانێ بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت. جا بۆ ئەوەی بتوانن یەکتری ببینن و پێکەوە ئاخاوتن بکەن، بانگهێشتی تۆ دەکا کە بێیت تا لە بیابان، لە لێواری رووباری نیل، لەگەڵ ئەودا یەك بگرنەوە.

مووسا ئارەزووی دەکرد کە زووتر نفی سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی ببینێ و پێی بڵێ کە ئەو ئامادەیە بۆ رزگاری میللەتی میسر و قەومی ئیسرائیل دەست بەکار بێت.

مووسا جارێکی دیکە لەگەڵ نوون سواری بەلەم بوو و ئەمجارەیان بەرەو باشوور کەوتنە جووڵان تا گەیشتنە ئەو جێگایە، کە نف لەوێ چاوەڕێی دەکردن.

مووسا تەماشای کرد نف، لەگەڵ ژمارەیەك لە تەلارسازان و ئەندازیاران سەرقاڵی راوێژکردنە. وێڕای ئەوەش کە مووسا تەلارساز و ئەندازیار نەبوو، نف بەرێزەوە ئەوی لە پێشەوەی کۆڕەکە دانا و گوتی: ئێمە سەرقاڵی راوێژکردنین تا بتوانین پایەیەکی بەردین و بنەکەی لێرەوە بۆ پایتەختی میسربگوازینەوە و لە پەنا کۆشکی پاشایەتی دایبنێین.

پاش ئەم گوتەیە، نف، بە پەنجەی دەست نوختەیەکی نیشانی مووسادا و گوتی: ئەو پایە بەردینەیە کە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ پایتەخت.

مووسا بە سەرسامییەوە گوتی: من ئەو پایە بەردینەم لە نزیکەوە دیوە و دەزانم کە سی گەز بەرزاییەتی، و پایەیەکی ئاوا گەورە زۆر قورسە.[٥]

نف گوتی: قورسایی خودی پایەکە ئەوەندە زۆر نییە، بەڵام قورسایی بنەکەی زۆرە. پاشا فەرمانی کردووە کە ئەم پایە بەردینە دەبێ بەبنەوە بگوازرێتەوە بۆ پایتەخت و لە پەنا کۆشکی پاشایەتی دابمەزرێ بێ ئەوەی کە پایەکە لە بنەکەی جیابکرێتەوە.

مووسا گوتی: من دەزانم ئەو پایە و بنەکەشیان لەیەك پارچە بەرد داتاشیوە و هەردووکیان لە ناوەڕاستی بەرد هێناوەتە دەرێ.

نف گوتی: ئایا دەزانی قورسایی پایەکە و بنەکەی کە نابێ لە یەکتریش جیابکرێنەوە چەندە؟

مووسا گوتی: نا

نف گوتی: قورسایی پایەکە و بنەکەی بیست و یەك هەزار خەروارە.

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: چۆن دەتوانرێ شتێك، کە قورسایی بیست و یەك هەزار خەروار بێ لە جێگای خۆی بجوولێنرێ. گەورەترین بەردی هەرەمەکان لە هەزار و پێنج سەد خەروار قورس تر نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەڵگرتنی وی ئامرازگەلێکی ئەوتۆیان فەراهەم کرد کە مرۆڤ بە بیستنی سەرسام دەبێ.

نف گوتی: پاشا فەرمانی کردووە کە ئەم پایە و بنەکەی، کە قورساییەکەی بیست و یەك هەزار خەروارە، بۆ پایتەخت بگوازرێتەوە. بەڵام بێ ئەوەی بۆ چەند بەشێك پارچە پارچە بکرێ و ئینجا لە پایتەخت بە یەکەوە بلکێتەوە، ئێمە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانی پاشا چارەیەکی ترمان نییە.

مووسا گوتی: من تەلارساز و ئەندازیار نیم، بەڵام ژیرییەکی ساغم هەیە و ژیریی ساغی من پێم دەڵێ بەردێك بیست و یەك هەزار خەروار قورسایی هەبێ، دەرەتان نییە لە جێگای خۆی بجوولێنرێ.

نف گوتی: ئێمە دەزانین کە هەڵگرتنی بەردێك کە بیست و یەك هەزار خەروار قورسایی هەبێ، پێویستی بە ئامادەکردنی ئامرازگەلێکە کە لە یەکەمین جاردا وادێنە بەرچاو مەحاڵ بێ،

(٥) پایە (لاکێو) لە میسری کۆن بریتی بوو لەو بەردە گەورانەی کە بەشێوەیەکی ستوونی دادەتاشران، لە ڕۆژانی سامالّدا، لەبەر سێبەرەکانیان، حیسابی کات رادەگیرا هەروەها پایەکە لە هەمانکاتدا لایەنێکی پیرۆزیی مەزهەبیشی هەبوو. (ز. م)



بەڵام ئێمە ناچارین کە ئەم ئامرازانە هەرچەندە دژوار بن و خەرجییان زۆر بێت، دابین بکەین. هەرکات فیرعەون فەرمانی جێبەجێکردنی کارێك دەدا، خەرجییەکانی هەرچەندە زۆر و زەوەندەش بێت دەیدا.

دوای ئەوە نف گوتی: ئێمە بۆ هەڵگرتنی ئەم پایە و بنەکەی لێرەوە بۆ پایتەخت، ڕێگایەکمان لەبەر چاو گرتووە کە ئەویش ئەوەیە، بەهۆی ئەوەی کە پایەکەی لە لێواری رووبار هەڵکەوتووە، لە ژێر پایەکەوە دەریاچەیەك بێنینەوە ئاراوە و کەشتییەك دروست بکەین کە تەحەمولی بیست و یەك هەزار خەروار قورسایی بکا و پاش ئەوەی دەریاچەیەکی دەسکرد دروستکرا، کەشتییەکە بخەینە ناو ئەو دەریاچەیە. پاشان هەردوو لای پایەی بەردین بەتاڵ بکەین، بەجۆرێك کە پایەکە بکەوێتە ناو کەشتییەکەوە و پاش ئەوە دەتوانرێ بگەیەنرێتە پایتەخت.

لەوێش بۆ دامەزراندنی پایەکە، دەبێ دەریاچەیەك لە لێواری رووباری نیل و کۆشکی پاشایەتی دروست بکرێ تا کەشتییەکە بتوانێ بچێتە ناوییەوە. پاش ئەوە کە کەشتییەکە دەچێتە ناو ئەو دەریاچەیەوە، پەیوەندی دەریاچەکە لەگەڵ رووباری نیل دەبڕین و ئاوی دەریاچەکە وشك دەکەین، لە ئەنجامدا کەشتییەکە دەکەوێتە سەر زەوی و لەبەر ئەوەی بنی کەشتییەکە وەکو هەموو کەشتییەکانی دیکەی شەت تەختانییە، دەبێتە بنی ئەو پایە و ژێرەکەی. ئینجا ئێمەش تەختە زیادەکانی کەشتییەکە دەبڕین، ئەو بەشەش کە ئێمە ناتوانین بیبڕین، بەهۆی ئەوەی کە کەوتۆتە بنی پایەکە، هەر ئاوا وەکو خۆی بەجێ دەهێڵین و دەوروبەری پایەکەش بە تەلارێك دادەپۆشین و پایەکەش بەپێی فەرمانی فیرعەون لە پەنا کۆشکی پاشایەتی جێدەگرێ.

مووسا گوتی: ئایا دەتوانرێ لە ژێر ئەو پایە دەریاچەیەکی دەسکرد دروست بکرێ؟

نف، بە پەنجە پایەکەی نیشانی مووسادا و گوتی: بەو جۆرەی کە دەیبینی پایەکە لە جێیەکی بەرز جێی گرتووە و ئێمە دەتوانین لە ژێر پایەکە دەریاچەیەك دروست بکەین کە هاوئاستی ئاوی نیل بێت و کەشتی بتوانێ لە شەتی نیلەوە بێتە ناو ئەو دەریاچەیە یاخود لێی بچێتە دەرەوە.

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی بنی پایەکە بەردە، لەوانەیە ئەو کاتەی کە ئێوە دەتانەوێ بنی پایەکە بۆش بکەن، رووبەڕووی بەرد دەبنەوە و ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە تاشین و هەڵکۆڵینی بەرد، چەند کارێکی دژوارە؟

نف گوتی: ئێمە بیرمان لەمە کردۆتەوە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە فیرعەون فەرمانی داوە کە پایەکە و بنەکەی بۆ میسر بگوازرێتەوە، ئێمە ناچارین کە بەردەکە داتاشین و وردی بکەین و لە ژێرەوەی بنی پایەکە دەریاچەیەك دروست بکەین.

مووسا گوتی: هەموو ئەو شتانەی کە گوتت لەوانەیە دەرەتانی جێبەجێکردنی هەبێ، بەڵام من تێناگەم چۆن دەتوانرێ پارچە بەردێك کە بیست و یەك هەزار خەروار قورسایی هەبێ، لە نێو کەشتیدا جێگەی بێتەوە و کەشتییەکە نقوم نەبێ[1].

نف گوتی: پاش ئەوەی کە ئێمە دەریاچەکەمان دروست کرد، بەجۆرێك ژێرەوەی پایەکە بۆش دەکەین کە بەشێوەیەکی پلەبەپلە بەلادا بکەوێ و بەجۆرێك بکەوێتە ناو کەشتییەکە، کە کەشتیەکە نەشکێت و نقوم نەبێ.

مووسا گوتی: ئایا وا باشتر نییە کە ئەم پایەیە هەر لەو جێیەی ئێستای خۆی بمێنێتەوە و نەگوازرێتەوە بۆ پایتەخت، یان هەر نەبێ تەنیا پایەکەی بگوازرێتەوە بۆ پایتەخت و بنەکەی نەگوازرێتەوە؟

نف گوتی: ئەگەر فیرعەون رەزامەندی بدابایە کە ئێمە تەنیا پایەکە بگوازینەوە بۆ پایتەخت، کاری ئێمە بەڕادەیەك ئاسان دەبوو کە ئێمە دەمانتوانی لە ماوەی سی یان چل رۆژی تر، پایەکە لە پایتەخت دابمەزرێنین.

مووسا گوتی: ئەگەر ئەو پایەیە لێرە بۆ پایتەخت بگوازرێتەوە و لە پەنا کۆشکی پاشایەتی دابمەزرێ، ئەوا خودی پایەکە ئەو کۆشکە جوان دەکا نەك بنەکەی.

نف گوتی: فیرعەون تەنیا بۆ جوانی ناوێ، بەڵکو ئومێدی بەوەیە کە پایەکەش بپارێزێ.

مووسا ویستی لە بارەی خاسیەتی پارێزگاریکردنی پایەکە شتێك لە نف بپرسێ، بەڵام سەرنجی دا کە کۆڕەکە بۆ ئەم پرسیارە لەبار نییە، لە نفی پرسی: خەرجی گواستنەوەی ئەم پایە بەردە بە بنەکەیەوە بۆ پایتەخت چەندی تێدەچێ؟

سەرۆکی تەلارسازان گوتی: خەرجی گواستنەوەی ئەم پایەبەردە بە بنەکەیەوە بۆ پایتەخت، لە خەرجی دروستکردنی هەرەمی گەورە زیاترە. من هێشتا لەبارەی ئەو خەرجییەوە حسابێکم نەکردووە، بەڵام بەشێوەی مەزندە پێشبینی دەکەم کە دەبێ سەد هەزار کرێکار بۆ ماوەی دە تا پازدە ساڵ بخرێتە کارەوە.

---

1 دروست کردنی کەشتییەك کە بتوانێ قورساییەکی بیست و یەك هەزار خەرواری (نزیکەی شەش هەزار تـۆن) هەڵبگرێ لە ئەقڵ دوور نییە. ئەمڕۆ کەشتی ئەوتۆ دروست دەکەن سەد هەزار تۆن و بگرە زیاتریش هـەڵبگرێ، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی حاڵی پیشەسازی دنیای کۆن، دروستکردنی کەشتییەکی ئاوا کە بەناو شەتیـشدا بـڕوا، کارێکی گەورە بووە، چونکە ئاوی شەت لەبەرئەوەی شیرینە، کەشتی زیاتر بە ئاودا دەچێتە خوارەوە. (ز. م)



مووسا ویستی بڵێ کە سوودی ئەم کارە چییە و لە ئەنجامی ئەم کارەوە چ سوودێك بە فیرعەون یان کەسانیتر دەگا، بەڵام جڵەوی زمانی خۆی گرت، چونکە سەرنجی دا کە لە نێو تەلارسازان و ئەندازیاراندا کەسانێکی تێدایە کە پاشای میسر بە خوا دەزانن و باوەڕیان وایە کە هەرچی پاشای میسر بیکا کارێکی گونجاوە.

مووسا پێش دواین سەفەری خۆی بۆ سەرزەوینی کۆش، لەوە سەرسام نەدەبوو کە فیرعەون بۆچی دەیەوێ سەد هەزار کرێکار، ماوەی دە یان پازدە ساڵ بخاتە کارەوە تا پایەیەك لەوێوە بۆ پایتەخت بگوازنەوە و لە پەنا کۆشکی پاشایەتی دایبمەزرێنن، بەڵام پاش دواین سەفەر کە بۆ کۆش چوو، بیری گۆڕا، چونکە بینی کە هاونەژادانی ئەو چەند بەدبەخت و چەوساوەن، کە تەنانەت خەیاڵی ئەوەی کە رۆژگارێك لەو چارەڕەشییە رزگاریان ببێت، بە مۆژەیاندا رانابوورێ.

پێش چوونە کۆش، پێویستی جیدی بوون بۆ باشبوونی هەلومەرجی ژیانی خەڵك بەلای مووساوە گرنگییەکی زۆری نەبوو. ئەو، وەکو هەموو ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا تێربوون، بیری لە کەسانی برسی نەدەکردەوە. بەڵام پاش ئەوەی کە لە کۆش گەڕایەوە، هەستی بەرپرسیاریی لە بەرامبەر برسییان و زوڵملێکراوان، لەویدا جووڵا و بە خۆی گوت: من بەرپرسیاری بەدبەختی و هەژاریی خەڵکی کۆشم و دەبێ ئەوان لە برسێتی و ستەم رزگار بکەم.

پێش چوونی مووسا بۆ سەرزەوینی کۆش، ئەو، دروستکردنی هەرەمێکی گەورەی وەکو هەرەمی گەورەی میسر، کە ساڵانێك درێژەی کێشا و بەشێوەیەکی هەمیشەیی سەد هەزار کرێکار کاریان تێدا دەکرد، بەکارێکی ئاسایی دەزانی. ئەو وای بیردەکردەوە، کە فیرعەونی میسر، مۆڵەت پێدراو بووە کە بۆ پەرستنی خوایانی میسر یان بۆ گۆڕیی خۆی، ئەو هەرەمە دروست بکا، بەڵام لەو کاتەدا، لەبەر ئەوەی تەرزی بیرکردنەوەی گۆڕا بوو، کاری فیرعەون و دروستکردنی هەرەمی گەورەی پەسند نەدەکرد و وای بیردەکردەوە کە ئەگەر فیرعەون ئەو سەد هەزار کرێکارە، لە جیاتی دروستکردنی هەرەمی گەورە بخستبایە کارێکەوە کە سوودەکەی بۆ خەڵك بووایە، وەزع و حاڵی ژیانی میسرییان باش دەبوو، ئەو رۆژەش کە لە کۆڕی تەلاسازان و ئەندازیارانی میسری دانیشتبوو، هەر ئەو بیرەی کردەوە.

ئەو، لەوە حاڵی بوو کە گواستنەوەی پایەی بەرد و بنەکەی بۆ پایتەختی میسر، سوودی هیچ کەسێکی تێدانییە، بەڵام ئەگەر سەد هەزار کرێکار لە کارێکی دیکەدا بخەنەکار کە بۆ بەرژەوەندی گشتی بێ، ئەوا سوودی کارەکەی بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە، بەڵام مووسا نەیدەتوانی لەبەردەمی تەلارسازان و ئەندازیاراندا تیوریی خۆی بە نف بڵێ. ئەو گوتی: من هاتمە ئێرە تا

تۆ ببینم و راوێژ و باست لەگەڵدا بکەم، ئایا ئەمڕۆ کاتی ئەوەت هەیە دانوستان لەگەڵ مندا بکەی؟

نف گوتی: راوێژی ئێمە بە زوویی تەواو دەبێ و من ئامادەم دەمی عەسر دانوستانت لەگەڵدا بکەم.

عەسری ئەو رۆژە نف، مووسای بردە جێگایەکی چۆڵ و دانیشتن. مووسا چۆنیەتی سەفەری خۆی بۆ کۆش بۆ سەرۆکی تەلارسازان گێڕایەوە و گوتی: ئەم سەفەرە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من کردووە، من، بڕیارم داوە راپەڕم و بۆ رزگارکردنی خەڵکی سەرزەوینی کۆش و میللەتی میسر، دەست پێشکەری بکەم. ئەگەر نەمتوانی هەردووکیان رزگار بکەم، ئەوا دەمەوێ هاونەژادانی خۆم لە کۆیلەتی رزگار بکەم و ئەوان لە برسێتی و هەژاری بێنمە دەرێ.

دوای ئەوە مووسا، ئاخاوتنی خۆی بەمجۆرە درێژەپێدا؛ ئەمڕۆ لە کاتی کۆڕی راوێژدا ئەم بیرە بەمۆژەمدا هات کە بگەڕێمەوە بۆ پایتەخت و بچمە لای فیرعەون و پێی بڵێم کە سەد هەزار کرێکار، کە دەبێ ماوەی دە یان پازدە ساڵ کاربکەن تا پایەی بەرد و بنەکەی بۆ پایتەخت بگوازنەوە، بخاتە نێو کارێکەوە کە سوودێکی بۆ میسرییان تێدابێ. هەروەها پێی بڵێم کە گواستنەوەی پایەی بەرد و بنەکەی بۆ پایتەختی میسر، بچووکترین سوودی بۆ خەڵکی ستەم دیتووی میسر تێدا نییە.

مووسا کە بڕیاریدا بوو لە رێگای ئامانجی خۆی هەنگاوبنێ، ماڵئاوایی لە نف کرد و لەگەڵ غولامی خۆی، نوون، سواری بەلەم بوو. ئینجا بەدرێژایی رێڕەوی رووباری نیل بە ئاراستەی باکوور، کەوتە جوولان.



## -٢٠-

## داواکاریی لە فیرعەون

مووسا دوای ئەوەی چووە نێو پایتەختەوە، کەوتە سەرباری ئەوەی کە بچێتە لای فیرعەون و پێی بڵێ کەواز لە گواستنەوەی پایەی بەرد و بنەکەی بۆ پایتەخت بهێنێ. ئەو غولامانەش کە ئەو دەیەوێ ئەو کارەیان پێ بسپێرێ، بابخاتە کارێکی دیکەوە کە بۆ خەڵکی میسر، مانای بۆ خەڵکانی بێ دەرەتان، سوود بەخش بێ.

تا ئەو کاتە، هەر جارێك کە مووسا دەچووە لای فیرعەون، پاش رەزامەندی لە لایەن پاشای میسرەوە بوو، مووسا ئەو جارەیان دەیویست بێ ئەوەی کە لە لایەن پاشاوە رەزامەندی درابێت، بچێتە لای و شتێکی پێ بڵێ کە لە مێژووی میسردا بێ پێشینە بوو.

تائەو رۆژە، لە وڵاتی فیرعەوناندا هیچ کەسێك بە پاشای میسری نەگوتبوو کە واز لە کارێکی گەورە بهێنێ کە فیرعەون دەیویست بە ئەنجام بگا.

لاری بوون لە جێبەجێکردنی حوکمی پاشای میسر، گوناهێك بوو لێخۆشبوونی بۆ نەبوو، تا بەوەڕادەگا بیانەوێ ناڕەزایەتی لەبەرامبەر کارێکدا بنوێنن، کە روویەکی مەزهەبیی هەبێ. گواستنەوەی پایەی بەرد بۆ پایتەختی میسر، روویەکی مەزهەبیی هەبوو. لە وڵاتی میسر، خەڵکی ئاسایی نەیاندەتوانی بچنە لای فیرعەون. بەڵام شازادە و کاهین و ئەفسەرانی پلەبەرز دەیانتوانی بچنە دەرباری میسر و فیرعەون ببینن. ئەمە بەو مەرجەی دەبوایە ئەوە بڵێن کە بۆ چ مەبەستێك دەیانەوێ دیدەنی وی بکەن. ئەگەر هۆکاری دیدەنییەکە ئەوەندە گرنگ بووایە کە شایانی ئەوە بێت بە فیرعەونی رابگەیەنن، پاشای میسر، مۆڵەتی دەدا کە داواکار بەدیدەنی ئەو بگا. پاشان بەرەچاوکردنی ئەو تەشریفاتە کە لە پێشاندا راڤەکرا، لە تەلاری دیداری گشتیدا، قسەکانی خۆی بەفیرعەون رابگەیەنێ.

سەرباری ئەوەش کە مووسا شازادە بوو، لە نێو دەرباری میسردا، هەمووان ئەویان بە کوڕی فیرعەون دەزانی، بەڵام دیسانەوە لە مووسایان پرسی کە بۆ چ مەبەستێك دەیەوێ بچێتە لای فیرعەون.

مووسا گوتی: من دەمەوێ ڕێگا لە زێدەخەرجییەك، کە لەم وڵاتەدا دێتەپێش و ڕوویەکی بەفیڕۆدانی تێدایە، بگرم.

لە مووسایان پرسی: ئەو زێدەخەرجییە کامەیە؟

مووسا وەڵامیدایەوە کە ناتوانێ بە کەسانی تری بڵێ و پێویستە تەنیا بە پاشا بگوترێ.

گوتەی مووسایان گەیاندە فیرعەون. پاشای میسر ڕەزامەندی دا کە مووسا بچێتە لای و ئەوەی دەیەوێ با بیڵێ.

مووسا جارێکی دیکە لە تەلاری دیداری گشتیی کە پێشتر باسی لێوەکرا، گەیشتە لای فیرعەون و بە ئاماژەی پاشای میسر، لە تەختی وی نزیك کەوتەوە.

رامسیسی دووەم لە مووسای پرسی: دەتەوێ بڵێی چی؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، دەمەوێ لە بارەی بابەتێکەوە قسە بکەم کە واپێشبینی دەکەم بیروڕای تۆ دەگۆڕێ، بەڵام بۆ پەی بردن لە بارەی ئەو شتەوە کە دەمەوێ بیڵێم بەسەر تووڕەیی خۆتدا زاڵ بە.

فیرعەون پرسی: ئەو بابەتە چییە؟

مووسا وەڵامیدایەوە : ئەو بابەتە بریتییە لە گواستنەوەی پایەی بەرد و بنەکەی بۆ پایتەخت، بۆ ئەوەی لە پەنای کۆشکی پاشایەتی دابمەزرێ.

فیرعەون لە گوتەکەی مووسا سەری سووڕما و گوتی: کاتێك لە تۆیان پرسی کە بۆچی دەتەوێ من ببینی، تۆ گوتت دەتەوێ بە من بڵێی کە ڕێگا لە زێدەخەرجییەك بگیرێ کە ڕووی بەفیڕۆدانی تێدایە، کەچی ئێستا لەبارەی پایەی بەردییەوە قسە دەکەی و بابەتی پایەی بەردیی پەیوەندی بە زێدەخەرجییەوە نییە.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، بابەتی زێدەخەرجییەکە بەو پایە بەردییەوە، پەیوەستە.

فیرعەون کە هێشتا تێنەگەیشتبوو مووسا دەیەوێ چ بڵێ، پرسی: چۆن؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا ئەم پایە و بنە بەردینەکەی دەبێ دە تا پازدە ساڵ زیاتر بەرێگاوەبێ تا دەگاتە پایتەخت و بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەبێ سەد هەزار کۆیلە، بۆ گواستنەوەی پایە و بنەکەی بۆ پایتەخت، سەرگەرمی کارکردن بن. دوای ئەوەش کە پایەکە گەیشتە پایتەخت و لەپەنای کۆشکی پاشایەتی دامەزرا، چ سوودێکی بۆ تۆ و خەڵکی وڵاتەکەت دەبێ؟

فیرعەون وەڵامیدایەوە: چ سوودێك لەوە باشتر هەیە کە من هەزار ساڵ بژیم.



مووسا چاوەڕێی ئەم وەڵامە نەبوو، بە سەرسامییەوە پرسی: ئەگەر ئەم پایەیە بۆ پایتەخت بگوازنەوە ئایا تۆ هەزار ساڵ دەژی؟

رامسیسی دووەم وەڵامیدایەوە : بەڵێ، ئەم مەسەلەیە (ئوزیریس) پێی گوتم.(٦)

مووسا پرسی: ئەی پاشا، ئوزیریس چۆن بە تۆی گوت کە هەزار ساڵ دەژی؟

رامسیسی دووەم وەڵامیدایەوە : ئوزیریس لە خەودا بەمنی گوت کە ئەگەر ئەم پایە و بنەکەی بگوزامەوە بۆ پایتەخت و لە پەنای کۆشکی خۆمدا داینێم، بەجۆرێك کە سێبەری پایەکە بکەوێتە سەر کۆشکەکەی من، ئەوا هەزار ساڵ دەژیم. من لە ئوزیریسم پرسی ئەی ئەگەر لە پەنای پایەکە کۆشکێك بنیات بنێم کە سێبەرەکەی بکەوێتە سەر کۆشکەکەی من چۆنە؟ ئوزیریس وەڵامیدایەوە: دەبێ پایە و بنەکەی بگوازرێنەوە بۆ پایتەخت تا سێبەری پایەکە بکەوێتە سەر کۆشکی من لەم شارەدا و بنیات نانی کۆشك لە پەنای پایەکە بێ ئاکامە. هەر بۆیە من فەرمانم بە نف داوە تا کەرەسە و ئامرازی گواستنەوەی پایە و بنەکەی فەراهەم بکا.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئەم پایە و بنەکەی بیست و یەك هەزار خەروار قورساییەتی.

فیرعەون گوتی: ئەگەر قورسایی بە قەدەر قورسایی هەرەمی گەورەش بێت دەبێ بگوازرێتەوە بۆ پایتەخت و لێرە لە پەنا کۆشکی من دابمەزرێ تا سێبەرەکەی بکەوێتە سەر کۆشکی من و من هەزار ساڵ بژیم.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئایا تۆ باوەڕت بەوە هەیە کە لە خەودا دیتووتە یان بیستووتە؟

فیرعەون گوتی: ئەگەر جگە لە ئوزیریس، کەسێکی تر لە خەودا دەربارەی ژیانی من شتێکی بە من بگوتبایە باوەڕم پێنەبوو، بەڵام ئوزیریس خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوایە (گۆڕستان)ە.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئایا تۆ باوەڕت وایە ئوزیریس، کە بەرد تاشان، کۆتەڵی وی بە فەرمانی تۆ دەتاشن، خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوایە. ئایا شتێك کە بەرد تاشان دایدەتاشن و بەدەستی ئەوان دروست دەکرێ و ئەگەر ئەوان داینەتاشن دروست ناکرێ، تۆ بەخوای دەزانی؟

تا ئەو کاتەی کە مووسا لە بارەی خەونی فیرعەون قسەی دەکرد، فیرعەون بە ئارامییەوە گوێی لێ ڕاگرتبوو چونکە نکوڵی کردن لە ڕاستی و دروستی خەون بینین بە گوناه نەدەژمێردرا، بەڵام پاش ئەوەی کە مووسا نکوڵی لە خوابوونی ئوزیریس کرد، فیرعەون تووڕە

(٦) یەکێك بوو لە خوایانی میسری کۆن. (ز. م).

بوو و گوتی: مووسا، ئایا تۆ کافری؟ ئەگەر ئۆزیریس خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوا نییە، ئەی خوای مەرگ کێیە؟

مووسا وەڵامیدایەوە : خوای مەرگ کەسێکە کە بەدەستی بەرد تاشان دروست ناکرێ تا ئەگەر ئەوان کۆتەڵی بۆ دانەتاشن بوونی نەبێ.

ئەو کەسانەی کە لە تەلاری دیداری گشتیدا بوون، گوێیان لێنەبوو کە فیرعەون و مووسا بەیەکەوە باسی چی دەکەن، چونکە لە نێوان تەختی پاشایەتی و کەسانی دەربارداً، ماوەیەك مەودا هەبوو. فیرعەون کاتێك دەیویست لەگەڵ کەسێکدا قسە بکا، بانگی دەکردە پێشەوە تا لە تەخت نزیك ببێتەوە. کاتێك کە قسە و باسیان دەبوو، کەسانی تر لە نێو تەلاردا نەیاندەتوانی گوێیان لە قسەکانی ئەوان بێت.

ئەوانەی کە لە نێو تەلاردا بوون، دەنگی فیرعەون و مووسایان گوێ لێنەدەبوو، بەڵام بەچاو هەردووکیان دەبینران و ئەوان دەیاندی کە ڕەنگی فیرعەون گۆڕا و زەرد هەڵگەڕا و پاشان ڕووخساری تاریك بوو.

ساڵانێك بوو کە کەسانی دەرباری میسر، بەو جۆرە ڕەنگ گۆڕانی فیرعەونیان نەدیتبوو. ئەوان نەیاندەتوانی تێبگەن کە مووسا چی گوتووە کە ڕەنگی فیرعەون ئاوا گۆڕاوە.

فیرعەون بە دەنگی بەرز گوتی: بەو قەرارە بێ تۆ خوایانی میسری ناپەرستی و باوەڕت بە ئۆزیریس خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوا نییە؟

ئەمجارەیان چونکە دەنگی ڕامسیسی دووەم بەرزبوو، بەر گوێی ئەو کەسانە کەوتەوە کە لە تەلار ئامادە بوون و هەموویان لەم قسەیە تووشی وەحشەت هاتن. هێندێکیان کە ئازایەتی کەمتریان تێدابوو لە ترسان لەرزین، چونکە سەرکۆنەکردنی فیرعەون نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو ڕۆژە، سەری مووسا لە لەشی جیادەبێتەوە.

سەرکۆنەکردنی فیرعەون بەجۆرێك توند بوو کە ئامادە بووان وایان بیردەکردەوە کە مووسا گیانی بە ساغی ناباتە دەرەوە، مەگەر بەشێوەیەك کە مووسا بڵێ من باوەڕم بە ئۆزیریس خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوا هەیە، بەدەر لەم حاڵەتە، فیرعەون، فەرمانی دەدا کە مووسا بکوژن، ئینجا ئەو لە تەلاری دیداری گشتیی دەبەنە دەرەوە و دەیبەنە شوێنی لە مل دان و سەری لە لەشی جیادەکەنەوە. بۆ ئەوەش کە ساخ بێتەوە فەرمانی فیرعەون لە کاتی خۆیدا جێبەجێکراوە، سەری مووسا دەهێنن و پیشانی فیرعەونی دەدەن.

مووسا بێدەنگ بوو و وەڵامی ڕاشکاوانەی پرسیاری فیرعەونی نەدایەوە.



مووسا دەیزانی ئەگەر وەڵامی پرسیاری فیرعەون بداتەوە و بڵێ باوەڕم بە ئۆزیریس نییە ئەوا فیرعەون ناچار دەکا کە فەرمانی کوشتنی دەربکا.

بەڵام ئەگەر وەڵام نەداتەوە ڕامسیسی دووەم تووشی ئەو ناچارکردنە ناکا.

کاتێك فیرعەون بێدەنگی ئەو لاوەی بینی، دەنگی هێواش کردەوە گوتی: من وام پێشبینی کردبوو کە تۆ کافر بووی. ئەمجارەشیان کەسانێکی کە لەنێو تەلاردا بوون گوێیان لێ نەبوو فیرعەون چی گوت:

مووسا گوتی: ئەی پاشا، من باوەڕم بە تۆ زیاترە تا ئۆزیریس.

فیرعەونی میسر پرسی: ئایا باوەڕت وایە کە من لە ئۆزیریس باڵاترم؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی پاشا.

فیرعەون بەم وەڵامە ڕازی بوو، چونکە وای وێناکرد کە مووسا ئەگەر نکووڵی لە خوای مەرگ و سەرزەوینی ڕۆژئاوا دەکا، ئەوە باوەڕی بەو هەیە و ئەو لە ئۆزیریس بەباڵاتر دەزانێ. بۆ ئەوەش کە ئامادەبووان ئەو دانپێدانانەی مووسایان گوێ لێ بێ کەستایشی فیرعەون دەکا، بە دەنگێکی بەرز پرسی: ئایا باوەڕت وایە کە من لە ئۆزیریس باڵاترم؟

مووساش بەدەنگێکی بەرز، بەجۆرێك کە ئامادەبووان گوێیان لێ بێ، گوتی: بەڵێ ئەی پاشا من تۆ زۆر لە ئۆزیریس بەباڵاتر دەزانم.

کەسانێك کە لە تەلاری دیداری گشتیی ئامادە بوون تێگەیشتن کە مووسا لە مەترسی کوشتن ڕزگاری بوو، لەبەر ئەوەی دەڵێ فیرعەون لە ئۆزیریس باڵاترە، فیرعەون ئەو ناکوژێ.

ڕامسیسی دووەم هەروەکو ژمارەیەك لە فیرعەونەکانی پێشوو، خۆی بە یەکێك لە خوایان دەزانی و باوەڕی وابوو کە گۆشت و ئێسقانی ئەو لە گۆشت و ئێسقانی خوایانە.

وێنەی ئادەمیزادیی فیرعەونەکان، ڕێگری ئەوە نەبوو کە ئەوان خۆیان بە خوا بزانن، هێندێکیان خۆیان بە خوای گەورەی میسر دەژمارد. باوەڕیان وابوو کە ئەوان ئامونن و ئەو ڕێزەی کە بۆ خوایانی میسریان دادەنا، لە واقیعدا ڕێزێك بوو کە لە خۆیان دەنا.

کەسانێك، کە لەمجۆرە بیرکردنەوە سەرسام دەبن، واباشە ئەوە بە بیر خۆیان بهێننەوە کە لە سەدەی حەڤدەیەمی زاینییدا لە کیشوەری ئەورووپا، لویسی چواردەیەم پاشای فەرەنسا، خۆی بە خۆر دەزانی و باوەڕی وابوو کە ئەو، خۆرێکە هەموو جیهان ڕووناك دەکاتەوە. خۆری ئاسمان، پرشنگی ڕووناکی ئەوە و هەر بەو جۆرەی کە تیشکی چرا لەسەر ڕووی ئاوێنە دەشکێتەوە، وێنەی ئەویش لە ئاسمان پرشنگی داوەتەوە و بەشێوەی خۆر دنیا ڕووناك دەکاتەوە. لویسی

چواردەیەم لە سەدەیەکدا ئەم باوەڕەی هەبوو کە سەردەمی (نوێبوونەوە) دەستی پێکردبوو و زانستە نوێیەکان پەرەیان دەستاند. خەڵك، یا بەلای کەمەوە چینی ڕۆشنبیر، زانیاری ئەوەی بەدەست هێنابوو کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسووڕێتەوە و ئەستێرە گەڕۆکەکانی تری دنیای خۆریش بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕینەوە.

لە دەمێکدا کە لویسی چواردەیەم پاشای فەرەنسا، لە سەدەیەی حەڤدەیەمدا خۆی بە خۆر بزانێ و باوەڕی وابێ کە خۆری ئاسمان، پرشنگی ئەوە کە لە ئاسماندا تیشکی داوەتەوە، ئەوا نابێ فیرعەونەکانی میسر سەرکۆنە بکرێن کە خۆیان بە خوا دەزانی یاخود باوەڕیان وابوو کە ئەوان ئاموون، خوای گەورە.

بەسەرنج دان لەم خاڵەی سەرەوە، کاتێك مووسا بە فیرعەونی گوت کە ئەو لە ئوزیریس بەباڵاتر دەزانێ، دڵنەوایی هەستی خۆپەسندی پاشای میسری کرد. رامسیسی دووەم لە هەمبەر مووسادا نیازپاکی تێدا وەدەرکەوت و گوتی: من تێنەگەیشتم مەبەستی تۆ لە ڕێگرتن لە بەفیرۆدان چییە؟

مووسا بە هێواشیەوە کە ئامادەبووان گوێیان لێ نەبێ، گوتی: ئەی پاشا، بۆ ئەوەی کە پایەی بەردین و بنەکەی بگاتە پایتەختی میسر، دەبێ سەد هەزار نەفەر، ماوەی دە ساڵ تا پازدە ساڵ بخرێنە کار، ئایا پاشا سەرنجی لەوە داوە کە ئەگەر ئەم سەد هەزار نەفەرە بخرێنە نێو کارێکەوە کە بەرهەمەکەی بۆ میسرییەکان بێت، تا چ رادەیەك کاریگەریی لەسەر هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی خەڵك دەبێ؟

فیرعەون پرسی: ئەم سەد هەزار نەفەرە لە چ کارێکدا بەکاربخرێن؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئەگەر سەد هەزار نەفەر ماوەی دە یا پازدە ساڵ، بخەیە کار، ئارەزووی فیرعەونەکانی پێشووی میسر کە دەیانویست دەریای قلزم بە دەریای رۆم ببەستنەوە، دەچێتە واری کارکردنەوە. لە نێوان ئەم دوو دەریایەدا لە ناوەڕاستی میسردا، مێرگێك دێتە ئارا کە کەشتییەکان دەتوانن لە دەریای رۆمەوە بێنە نێو دەریای قلزمەوە و وڵاتی میسر، لە ئەنجامی هەڵکەندنی ئەم مێرگەوە دەبێتە گەورەترین ناوەندی بازرگانی دنیا، چونکە تەواوی ئەو کەشتییانەی کە لە رۆژهەڵاتەوە بۆ باکوور یان بۆ رۆژئاوا دەڕۆن لەم مێرگەوە تێدەپەڕن.[٧]

(٧) لە سەردەمی مووسا، دەریای ناوەڕاست ناوی دەریای رۆم نەبووە، بەڵام ئێمە بۆ ئاسانی بابەتەکە بەم ناوەوە ناومان بردووە. (نووسەر).



ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگری کە چۆن بە بەردەوامی کەشتی لەم مێرگەوە تێدەپەڕن، سەرنج دەدەی کە لە ئەنجامی وەرگرتنی باجی ڕێگا لە کەشتییەکان، داهاتێکی زۆر بەدەست تۆ دەکەوێ. ئەو داهاتە ئەوەندە زۆر دەبێ کە ئیتر تۆ ناچار نابی بۆ بەدەستهێنانی زێڕ، سووپای خۆت بۆ وڵاتانی دیکە بنێری.

ئەگەر نەشتەوێ ئەم مێرگە بهێنیتە ئارا و ئەم دوو دەریایە بەیەکەوە ببەستی، دەتوانی ئەم سەد هەزار نەفەرە والێبکەی کە لە هەردوو بەری شەتی نیل، لە بیابان، رووباری ئاودێری فراوان و قووڵ هەڵبکەنن و لەبەر هەر یەکێکیان بەنداو دروست بکەن تا لە کاتی هەستانی رووباری نیل، هەر رووبارێکی ئاودێری، وەکو دەریاچەیەك بێت بۆ پاشەکەوت کردنی ئاو و لەو حاڵەتەدا لە سەرزەوینی میسر، چەندان بەرامبەری ئەمڕۆ بەرهەم بەدەست دێت.

فیرعەون پرسی: ئایا تۆ دەڵێی کارێك کە بۆ خواکان ئەنجام دەدرێ، رابگرم و لە جیاتی ئەوە کارێك بکەم کە بە خوایانەوە پەیوەست نییە و بەڵکو بە خەڵکەوە پەیوەستە؟

مووسا وەڵامیدایەوە : ئەی پاشا، هەموو تەمەنی خۆت لە پێناوی خواکاندا کارت کرد و ئاکامێکت لێ بە دەست نەکەوت، ئێستا تەنیا جارێك بۆ خەڵك کار بکە و جا تەماشای ئەنجامەکەی بکە.

فیرعەون گوتی: تۆ چۆن دەڵێی کە من لە پێناوی خوایاندا کارم کرد و ئاکامێکم بەدەست نەکەوت؟ ئەو هەموو زێڕەی کە من لە خەزێنەی خۆمدا هەمە لە لایەن خوایانەوە دراوەتە من. ئەو تەمەنە درێژەش کە من ژیاوم، لە لایان خوایانەوە بە من بەخشراوە. هیوادارم پاش ئەوەی کە پایەی بەردین و بنەکەی بۆ پایتەخت دەگوازمەوە، هەزار ساڵ بژیم. ئایا بە باوەڕی تۆ هەزار ساڵ ژیان ئەوەندە نرخەی نییە کە من سەد هەزار نەفەر، ماوەی دە یان پازدە ساڵ بخەمە کارەوە؟

بۆ تۆ نازانی لە رابردوودا تەمەنی پاشایانی میسر چەند بووە، من تا ئێستا نزیکەی سێ بەرامبەری تەمەنی تێکڕایی فیرعەونەکانی پێشوو، ژیاوم. ئێستاش بە جۆرێك خۆم بە ساغ و تەندروست دەبینم، وا بیردەکەمەوە کە دەتوانم بە یاریدەی ئوزیریس، خوای مەرگ و سەرزەوینی رۆژئاوا، هەزار ساڵ بژیم.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، هۆکاری تەمەن درێژی تۆ ئەوەیە کە نەتهێشتووە پزیشکانی میسر کەللەی سەرت کون بکەن و ئەگەر ئەوان، سەری تۆیان کون بکردبایە، تۆش، وەکو پاشاکانی پێشوو، بە زوویی لەم جیهانە کۆچت دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی کە مووسا هێندێك قسەی ئەوتۆی دەکرد کە تا ئەو ڕۆژە کەس زاتی ئەوەی نەکردبوو ئەو قسانە بە فیرعەون بڵێ، پاشای میسر، بە قسەکەی دوایی مووسا پێکەنی، چونکە ئەو سەرنجی دا کە ئەو لاوە پەی بە یەکێك لە نهێنییە بنەڕەتییەکانی تەمەن درێژیی وی بردووە. ئەگەر ئەویش لەکاتی نەخۆشیدا ڕەزامەندی لەسەر ئەوە بدابایە کە سەری کون بکەن، ئەوا دووچاری هەمان چارەنووسی سوڵتانەکانی رابردوو دەبۆوە و لە لاویدا گیانی لە دەست دەدا.

پزیشکەکانی کۆنی میسر، چارەسەری بنەڕەتی هەموو نەخۆشییەکانیان لە کون کردنی کەللەی سەردا دەبینی، هەروەکو پزیشکەکانی ئەمڕۆ، هۆکاری بنەڕەتی هەموو نەخۆشییەکان بە میکروب یان ڤایرۆس دەزانن. پزیشکەکانی کۆنی میسر، باوەڕیان وابوو کە هۆکاری سەرهەڵدانی هەموو نەخۆشییەکان، هەڵمێکە کە لە نێو سەردا کۆدەبێتەوە و بۆ چارەسەکردنی نەخۆشییەکان، دەبێ کەللەی سەر کون بکرێ تا هەڵمەکە بێتەدەرەوە.

لە سەدا پەنجای ئەو کەسانەی کە کەللەی سەریان کون دەکرا، دەمردن. بە دەگمەن وارێك دەکەوت یەکێك لە پاشاکانی میسر، پاش ئەوەی کە کەللە سەریان کون دەکرد، بە زیندوویی بمێنێتەوە.

رامسیسی دووەم هەرگیز ڕێگای نەدەدا پزیشکانی میسر کەللە سەری کون بکەن، کەچی کەسانی تری رادەسپارد کە بۆ چارەسەرکردن، ڕەزامەندی لەسەر کون کردنی کەللە سەریان بدەن.

پرسی کونکردنی کەللە سەری فیرعەونەکانی میسر، چەکێك بوو بە دەستی کاهینە خاوەن دەسەڵاتەکانی میسر. ئەوان بۆ ئەوەی فیرعەونێك لەناو بەرن و فیرعەونێکی دیکە لە جێگەی ئەودا دابنێن پەنایان دەبردە ئەم بەر ئەم ڕێ و شوێنە، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە لە میسر، نەخۆش کەوتن، بە نیشانەکانی گەورەیی دەژمێردرا. فیرعەون و ئەشرافانی سەر بەدەرەوەی میسر، نەخۆش بوون، یاخود کارێکیان دەکرد کە نەخۆش بن، ساغی و سەلامەتی لەنێو ڕەشانگی خەڵکدا بە پەڵەی ڕۆژ ڕەشی و بەدبەختی دەژمێردرا.

لە سەردەمی رامسیسی دووەم بەمجۆرە نەبوو. فیرعەون و ئەشرافانی سەربەدەرەوەی میسر، خۆیان نەخۆش نەدەخست، چونکە جۆری بیرکردنەوە لە چاو رابردوو گۆڕانی بەسەرداهاتبوو. بەڵام ڕێ و شوێنی چارەسەرکردنی هەموو نەخۆشییەکان، کە شکاندنی کەللەی سەرە، ڕمێنی هەر هەبوو. لە سەدەکانی دوایشدا هەر لە ناو نەچوو. (ئەسکەندەر) کە سێ سەدە پێش زایین



چووە میسر، لەوێ نەخۆش کەوت پزیشکانی میسرییان هێنایە ژوورسەری، ئەوان گوتیان دەبێ کەللە سەری کون بکرێ تا ئەو هەڵمەی لە نێو کاسەی سەریدا کۆبۆتەوە و ئەوی نەخۆش خستووە، بێتە دەرەوە.

(سترابون) یاوەری ئەسکەندەر، لە کتێبی سەفەرنامەکەی خۆیدا دەنوسێ: (من نەمهێشت سەری ئەسکەندەر کون بکەن، چونکە دەمزانی دەبێتە هۆی مردنی. پاشان ئەسکەندەر چاك بۆوە و دوای ئەوەی لەسەر جێگا هەستایەوە. بە شوکرانەی ئەوەی کە لە میسر چاك بۆتەوە، خۆی بە کوڕی ئاموون خوای گەورەی میسر زانی. لەوە و پاش ئەسکەندەر بوو بە خاوەنی دوو باوك یەکێکیان (زیوس) کە یەکێك بوو لە خوایانی یۆنان و ئەوی تریان (ئاموون) خوای گەورەی میسر.

پاش پێکەنین، فیرعەون گوتی: تۆ ڕاستت گوت تەمەن درێژیی من بەوەشەوە بەندە کە خۆم لە پزیشکان بەدوورگرتووە، بەڵام چاودێری خوایانیش لە تەمەن درێژیی مندا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، لە بارەی پێشنیاری من دەڵێی چی، ئایا ئامادەی کە ئەم سەد هەزار نەفەرە، کە دەتەوێ لە گواستنەوەی پایەی بەردین و بنەکەی بیخەیتە کار، لە کارێکدا رابسپێری کە سوودەکەی بۆ میللەتی تۆ بگەڕێتەوە و میللەتی میسر، لە ژیانێکی باشتر بەهرەمەند بێ. من واوێنا دەکەم کە وەزیفەی پاشای میسر ئەوەیە کە بۆ باشترکردنی وەزعی میللەتی خۆی دەست پێشکەری بکا.

فیرعەون بە مووسای گوت: وەرە پێشتر.

مووسا لە تەختی فیرعەون زیاتر هاتە پێشەوە. فیرعەون گوتی: من بۆیە پێم گوتی کە زیاتر وەرە پێشەوە تا قسەکانم بەرگوێی هیچ کەسێك لەوانە نەگاتەوە کە لەنێو تەلاردان. پاشان بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانیدا: ئەگەر تۆ بیستووتە کە هێندێك لە سوڵتانەکانی میسر گوتویانە کە وەزیفەی ئەوان ئەوەیە کە بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی میللەتی میسر، کۆشش بکەن، ئەوە بزانە کە بۆ فریودانی عەوامی خەڵکە، ئەو دەست پێشکەرییانەی کە ئەوان بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی میللەتی میسر کردوویانە، ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە کەسێکی میسری لە جیاتی ئەوەی لە ڕۆژێکدا قاپێکی بچووك پاقلە بخوا، قاپ و نیوێکی خواردووە. باش بوونی وەزعی ژیانی خەڵکانی میسر، هەرگیز لەو سنوورە تێپەڕی نەکردووە.

هەر هەمان ئەو پاشایەی میسر کە گوتوویەتی ئەرکی وی ئەوەیە وەزعی ژیانی کەسانی میللەتی میسر باش بکا، هەرگیز بەوە رازی نەبووە کە یەك ئەڵقە لە زێری خەزێنەی خۆی بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی میسرییان خەرج بکا. بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە بەدەستی میسرییەکان و لەسەر بودجەی خۆیان ژیانی ئەوان باشتر بکا. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت ئەو کاتەی کە هەر میسرییەك توانیویەتی لە رۆژێکدا لە جیاتی قاپێك، قاپ و نیوێك پاقلە بخوا، سەرجەمی بودجەی ژیانی میللەتی میسر، لە سەرەتای ساڵەوە تاکو کۆتایی ساڵ، بە ئەندازەی بودجەی دوو رۆژی پاشای میسر بووە.

هەر کامێك لە سوڵتانەکانی میسر کە لەم جۆرە قسانەیان کردووە، مەبەستیان فریودانی خەڵك بووە. ئەگەر نا ئەوان دەیانزانی کە دەبێ هەموو تاکەکانی میسر کۆیلە بن و زەحمەت بکێشن تاکو پاشای میسر، هەموو تەمەنی خۆی، بە باشی و شکۆمەندیی ژیان بەرێتە سەر.

ئەگەر مەبەستی سوڵتانەکانی میسر، دابین کردنی خۆشگوزەرانی خەڵکی میسر بووایە، دەیانتوانی لە ماوەی دە رۆژدا، میللەتی میسر، لە رووی گوزەران و پێداویستی ژیانەوە بە ختەوەر بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی درۆیان دەکرد هەرگیز یەك هەنگاوی گەورەیان بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵك هەڵنەگرت.

منیش هەروەکو ئەوان هەموو شتێکم بۆ خۆم دەوێ، بوونی میللەتی میسر، لەو رووەوە بۆ من بایەخی هەیە کە دەبێ من پاشای ئەوان بم و هەموو میسرییەکان زەحمەت بکێشن تا من بەخۆشی ژیان بەرمەسەر.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، تۆ کە دەتوانی کەرەسەی رزگاری میسرییان فەراهەم بکەی لەبەرچی ئەوان دەخەیە تەنگەتاوییەوە؟

فیرعەون گوتی: ئەی لاو، وەرە نزیك تر تاکو خاڵێکی دیکەت پێ بڵێم.

پیاوە لاوەکە دیسانەوە لە رامسیسی دووەم نزیك تر بۆوە. ئینجا رامسیسی دووەم گوتی: ئەگەر من کەرەسەی رزگاری میسرییان فەراهەم بکەم، ناتوانم خوایەتی بەسەر ئەواندا بکەم.

مووسا پرسی: لەبەرچی؟

رامسیسی دووەم گوتی: لەبەر ئەوەی ئەوان تا ئەو رۆژە من بە خوا دەزانن کە خۆیان کۆیلەبن. ئەگەر ئەوان لە کۆیلەتی رزگاریان ببێ، ئیتر من بەخوای خۆیان نازانن. لەبەر ئەوە دەبێ ئەوان هەر بە کۆیلە بمێننەوە تاکو من بتوانم خوایەتی بکەم.

کاتێك مووسا ئەم قسەیەی لە فیرعەون گوێ لێبوو لە تینی حەپەساندا دەمی بەش بۆوە.



ئەو، تا ئەو رۆژە، وای وێنا دەکرد کە هەژاری و سەختی ژیانی میللەتی میسر، رووداوێکی رێکەوتە و ئەگەر فیرعەون بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی خەڵك هەنگاو نانێ، پێداگریی لەسەر ئەوەش ناکا کە میللەتی میسر بەدبەخت و چارەڕەش بن. بیری مووسا تەنانەت بۆ ساتێکیش بەوە نەدەگەیشت کە دەستی ئەنقەست لە کارەکەدا هەیە و فیرعەون لە رووی ئەنقەستەوە، میسرییەکان دووچاری هەژاری و تەنگەتاوی دەکا تا ئەوان بۆ پاروویەکی مەمرە و مەژی، ناچاربن کە کوڕان و کچانی خۆیان بفرۆشن.

لەو رۆژەدا پەردە لەسەر چاوی مووسا لاچوو و تێگەیشت کە فیرعەون بە دەستی ئەنقەست میسرییەکان برسی دەکا و بە جۆرێك دەیانخاتە ژێر گوشارەوە، کە دایکان و باوکان، منداڵەکانی خۆیان دەفرۆشن.

دانوستاندنی فیرعەون لەگەڵ مووسا درێژەی کێشا بوو و کەسانێك کە لەنێو تەلار بوون لە درێژەکێشانی ماوەی دانوستاندنەکە سەریان سووڕمابوو و نەیاندەتوانی تێبگەن بابەتی ئاخاوتنەکە چییە کە ئەم دوو کەسە ئەوەندە بە یەکەوە قسە دەکەن.

فیرعەون گوتی: ئێستا ئەی مووسا ئایا بە قسەکانی من قەناعەتت هات و تێگەیشتنی کە لە میسر، وەزعی خەڵك دەبێ هەر بەو جۆرە بێ کە ئەمڕۆ هەیە؟ ئایا دەیسەلمێنی کە هەڵگرتنی پایەی بەردین و بنەکەی بۆ پایتەخت بۆ ئەوەی کە من بتوانم هەزار ساڵ بژیم لە ژیانی چل نەوە لە میسرییەکان، گرنگ ترە؟

مووسا قسەکانی فیرعەونی نەدەسەلماند، بەڵام نەیدەتوانی پێی بڵێی کە کارەکەی هەڵەیە، چونکە لەوانەبوو رامسیسی دووەم فەرمانی کوشتنی وی دەربکا، هەر بۆیە سەری داخست و بێدەنگ بوو. پاشای میسر گوتی: لەبەر ئەوەی وەڵامی قسەکەی خۆت وەرگرت، ئیتر راوەستانی تۆ لێرە پێویست نییە و دەتوانی بڕۆی.

مووسا بەو رێوشوێنەی کە خۆی دەیزانی و لەگەڵ تەشریفاتی دەرباردا دەهاتەوە، لە تەلاری دیداری گشتیی هاتە دەرەوە. ئەم دانوستاندنە ئەوی حاڵی کرد کە نابێ ئومێدی بەوەبێ کە لە لایەن پاشای میسر، بۆ رزگارکردنی میسرییان و قەومی ئیسرائیل کە لەو وڵاتەدا کۆیلە بوون، هەنگاوێك هەڵبگیرێ.

تا ئەو رۆژە، مووسا، هێشتا ئومێدی بە فیرعەون بوو و بە خۆی دەگوت ئەگەر کەسێك پەیدا ببێ و راستییەکانی ژیانی خەڵکی میسر بە رامسیسی دووەم بڵێ، ئەو، بۆ رزگارکردنی میسرییەکان هەنگاو هەڵدەگرێ و قەومی ئیسرائیل ئازاد دەکا.

هەرچەندە، سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی بە مووسای گوتبوو کە قەومی ئیسرائیل بە فەرمانی خودی فیرعەون بە کۆیلە کراون تا بە خۆڕایی لەو تەلارانەدا کار بکەن کە ئەو بنیاتیان دەنێ، کەچی وێڕای ئەوەش ئەو بەخۆی دەگوت کە فیرعەون ئاگاداری وەزعی قەومی ئیسرائیل نییە و ئەگەر بیزانیبایە کە ئەوان تا چ رادەیەك چارەڕەشن، ئەوانی ئازاد دەکرد تا بۆ نیشتیمانی خۆیان بگەڕێنەوە یاخود لەناو میسر، بۆ قازانجی خۆیان سەرقاڵی کشتوکاڵ بن.

مووسا بە خۆی دەگوت کە هەرگا، نەفەرێك ئەوەندە مێرخاسیی تێدابێ کە راستییەکان بگەیەنێتە فیرعەون، ئەو، بڕیاری خۆی بەرامبەر قەومی ئیسرائیل دەگۆڕێ و ئەوان ئازاد دەکا. بەلام لەو رۆژەدا، بە تەواوی لە رامسیسی دووەم نائومێد بوو. چونکە کاتێك پاشا بڵێ کە دەبێ میسرییەکان کۆیلە بن و لە زەلیلیدا ژیان بەرنەسەر تاکو ئەو بتوانێ خوایەتی بکا، چۆن رەزامەندی دەدا قەومی ئیسرائیل، کە قەومێکی بێگانەیە، لە کۆیلەتی رزگاری بێ و بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی یان لە میسر بە ئازادی بژی. کەسێك بەزەیی بە میللەتی خۆیدا نەیەتەوە، بەزەیی بە میللەتێکی بیابانیشدا نایەتەوە.

مووسا، لەبەر ئەوەی دەیزانی کە نف چاوەڕێیە تا زانیاری لەبارەی ئەنجامی دانوستاندنی وی لەگەڵ فیرعەون وەربگرێ، لەگەڵ نوون، سواری بەلەم بوو و بەرەو ئەو جێیە کە پایە بەردینەکەی لێبوو، رۆیشت چونکە دەیزانی نف لەوێیە.

مووسا، ئەنجامی دانوستاندنی خۆی لەگەڵ فیرعەون، بۆ سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی باسکرد، نف لێی پرسی: ئەی مووسا ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟

مووسا گوتی: من ئیتر هیچ ئومێدێکم بە رامسیسی دووەم نییە و دەزانم کە ئەو هەرگیز بۆ باشکردنی وەزعی ژیانی میسرییەکان هەنگاوێك نانێ.

تاکە رێگای رزگاریی هاونەژادانی من ئەوەیە کە من ئەوان لە میسر بەرمە دەرێ و بیانگەڕێنمەوە بۆ نیشتمانی خۆیان.

هەروەها گوتی: ئایا بردنە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لە میسر، لە رێگەی منەوە هەڵاتنە؟

نف گوتی: بەڵێ، ئەم کارەی تۆ پیشانی دەدا کە تۆ ناتەوێ ئارەزوویەکی کە دایکت بۆ تۆی دەخواست، ئەنجام بدەی، ئایا دایکت ئارەزووی ئەوەی دەکرد کە تۆ قەومی ئیسرائیل لە میسر بەریە دەرەوە یاخود دەیویست تۆ ببیتە پاشای میسر و ئایینی خوای نەبینراو لە میسر پەرە پێبدەی.



مووسا گوتی: دایکی من تەنیا بەرژەوەندی خۆی لەبەرچاو دەگرت نەك بەرژەوەندی رۆڵەکانی ئیسرائیل.

نف پرسی: بەڕای تۆ کام لەم دوو بەرژەوەندە گرنگترە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەرژەوەندی قەومی ئیسرائیل کە هاونەژادی منن.

نف گوتی: ئەی مووسا، تۆ هەر دەڵێی لە بیرت چۆتەوە کە میسریت، هەروەکو ئەوەی لە بیرت چووبێتەوە کە لەم وڵاتەدا، واتە لە سەرزەوینی کۆش هاتوویە دنیا و لە قۆناغی شیرەخۆرەییدا تۆیان هێناوەتە کۆشکی پاشایەتییەوە.

تۆ وەکو ئەوە وایە لە بیرت چۆتەوە کە تۆ کوڕی فیرعەونی، واتە کاهینان و دەرباری میسر و خەڵکی ئەو وڵاتە تۆ بە کوڕی ئەو دەزانن، ئەویش چ کوڕێك. کە لە سکی شازادە ئەنخاس ئاموونە و پاش مردنی رامسیسی دووەم تۆ دەبی بەجێنشین. دەبیتە پاشای میسر. تۆ ئایینی خوای نەبینراو پەرە پێدەدەی و میللەتی میسر لە بەدبەختی رزگار دەکەی و قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی رزگار دەکەی. تۆ، ئیمتیازێکی ئاوا لە رادەی ئاسایی بەدەر، کە خوای نەبینراو بە نسیبی تۆی کردووە، دەتەوێ لە دەست خۆت بدەی و تاج و تەختی میسر بەرەڵا بکەی و لەگەڵ مشتێك ئیسرائیلیدا، لەم وڵاتە بڕۆی و پاشماوەی تەمەنی خۆت لە بیابانە بەیارەکاندا بەسەر بەری.

ئایا بەرەڵاکردنی تاج و تەختی میسر و چوون بۆ بیابان بۆ رزگارکردنی مشتێك لە کەسانێك کە هانەژادی تۆن، وەکو بڕیاری هەڵاتن لە ژێر باری ئەرکێکی گەورە کە بەسەر شانی تۆوەیە، نییە؟

ئەمڕۆ لەم وڵاتەدا، تۆ تاکە سەرچاوەی ئومێدی یەکتاپەرستانی و هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە خوای تاکوتەنیا هەیە، ئومێدیان بە تۆیە کە بە پاشایەتی بگەی و پەرە بە ئایینی یەکتاپەرستی بدەی.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم وڵاتەدا باوەڕیان بە ئاتوون، خوای تاکوتەنیا و نەبینراو هەیە زۆر نییە و ئەگەر تۆ بڕۆی، هەمووان نائومێد دەبن.

ئەی مووسا، بمێنەوە و پاش مردنی فیرعەون، لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دانیشە و رمێن بە ئایینی یەکتاپەرستی بدە.

مووسا گوتی: ئەی نف، تۆ لەبارەی نهێنی لە دایکبوونی من ئاگاداری و دەزانی کە من نە لە پشتی فیرعەون و نە لە سکی شازادە ئەنخاس ئاموونم.

فیرعەونیش ئەوە دەزانێ و گەرچی تا ئەمڕۆ یەکجاریش ئەم بابەتەی لە ڕووی من نەداوە و بە منی نەگوتوە کە من کوڕی ئەو و شازادە خانم ئەنخاس ئاموون نیم، بەڵام من دەزانم کە ئەو ئاگاداری ئەم بابەتەیە.

ئێستا بەم حاڵ و وەزعەوە چۆن دەتوانم پاش مردنی ئەو، لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنیشم؟ ئەگەر ئەو بە تەمابوایە من بە جێنشنیی خۆی دابنێ، ئەم بابەتەی باس دەکرد و ئاشکرای دەکرد کە من جێنشینی ئەوم و پاش ئەو، دەبێ بە پاشایەتی بگەم. ئەم بێدەنگییە ئاشکرای دەکا کە فیرعەون مەبەستی ئەوەیە یەکێك لە کوڕەکانی خۆی، کە دەزانێ لە پشتی خۆیەتی، بکا بە جێنشینی خۆی.

سەرۆکی تەلارسازان گوتی: ئەی مووسا، فیرعەون، بەشێوەیەکی ئاشکرا تۆی بە جێنشینی خۆی ڕانەگەیاندووە، بەڵام هەروەکو خۆشت دەزانی هیچ کام لە کوڕەکانی خۆشی وەکو جێنشینی خۆی هەڵنەبژاردووە. بەو پێیە کە فیرعەون جێنیشنی ڕەسمیی نییە، پاش ئەوەی کە ماڵئاوایی لە ژیان کرد، تۆ دەبیتە پاشای میسر، چونکە لە کوڕەکانی وی، هیچ یەکێکیان لە ڕووی خەسڵەتی بەدەنی و ڕوحییەوە هاوشانی تۆ نابن.

مووسا گوتی: من وابیردەکەمەوە کە ئەو بەو هۆیەوە یەکێك لە کوڕەکانی خۆی دیاری نەکردووە کە وا وێنا دەکا نامرێ و لێرەش بەدواوە بەهیوای ئەوەیە کە بە گواستنەوەی پایەی بەردین و بنەکەی بۆ پایتەخت، هەزار ساڵ بژی.

نف گوتی: لەوانەیە ئەم گریمانەی تۆ ڕاست بێت، چونکە من هەرگیز نەمبیستووە ئەو لەبارەی مردنی خۆیەوە قسە بکا. لە حاڵێکدا ئێمەی میسری، ئەوەندەی کە لە بیری مردن و فەراهەم کردنی کەرەسەی ژیانی دنیای ڕۆژئاوادابین، ئەوەندە لە بیری ژیانی خۆمان لەم دنیایەدا نین. ڕامسیسی دووەم لەم ڕووەوە لە میسر، پیاوێکی ئاوارتەیە.

من هەرگیز لە لایەن وییەوە فەرمانی بنیاتنانی هەرەمێکم نەدراوەتێ تا پاش مردنی وی، لەو هەرەمەدا بنێژرێ، هەرگیز لە دەمی فیرعەونەوە گوێم لەوە نەبوو کەبڵێ ڕۆژێك دێت دەمرم.

مووسا پرسی: ئایا تۆ خۆت لەو کاتەدا کە لەگەڵ فیرعەوندا قسەت دەکرد بابەتی مردنت نەهێنایە پێشەوە؟

نف گوتی: من لە هیچ کاتێکدا زاتی ئەوەم نەکردووە دەربارەی مردن قسە بکەم، چونکە دەمزانی تووڕە دەبێ، ئینجا کەوابێ چ پێویست بەوە دەکا دەربارەی مردن لەگەڵ ئەودا بدوێم؟



من پیاوێکی تەلارساز بووم، دەبووایە فەرمانەکانی ئەو، بۆ بنیات نانی تەلارەکان لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکەم، ئیتر پەیوەندی بەمنەوە نییە کە بۆچی بۆ ئارامگای خۆی لە پاش مردن، هەرەمێك بنیات نانێ تاکو کەرەسەکانی ژیانی لە نێو هەرەمدا، دوور لە دەستی کەسانیتر، پارێزراو بێ.

بۆیە بەداخەوە دەڵێم، کە هێندێك لەو کەسانەی کەلەم وڵاتەدا باوەڕیان بە خوایانی میسری هەیە، لەگەڵ باوەڕی خۆیان، ڕاستگۆ نین و دەست بۆ ئارامگای مردووان دەبەن تا کەسەرەکانی ژیانی کەسانیتر لە دنیای ئەولا، بفڕێنن.[٨] تەنیا هەرەمە کە لە دەستی دزان، پارێزراوە و دزەکان ناتوان بۆ دزینی پێویستییەکانی مردووەکان لە دنیای پاش مردن بچنە نێو هەرەمەوە.

مووسا گوتی: گریمان پاش مردنی فیرعەون من بوومە جێنشینی ئەو و لەسەر تەختی پاشایەتی میسر، دانیشتم، ئایا دیارە کە دەبێ من تاکەی ئارام بگرم تا فیرعەون بمرێ و من لە جێگای ئەو دابنیشم؟ تۆ ئەی نف، دەزانی ئەمڕۆ پەنجا و شەش ساڵ لە تەمەنی فیرعەون تێدەپەڕێ و سی و نۆ ساڵە کە ئەو پاشای میسرە، گەرچی ئێستا تین و گوڕی لاوانی تێدا نییە، بەڵام باوەڕ بکە لە چاو تەمەنی خۆی هەر گەنجە و من بە دووری نازانم کە سی و نۆ ساڵی تریش لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنشێ. لەو کاتەشدا من پیاوێکم تەمەنم دەبێتە شەست و چوار ساڵ، ئینجا من بۆ ڕمێن دان بە ئایینی خوای نەبینراو چ کارێکم لە دەست دێ؟

نف گوتی: ئەی مووسا، سەرەڕای سەلماندنی ئەو قسەیەی کە یەکێك لە هۆکارەکانی تەمەن درێژیی فیرعەون ئەوەیە کە ئەو خۆی لە پزیشکان بە دوور دەگرت و ئەگەر بهاتبایە، پزیشکەکان چارەسەری وییان بکردبایە، ساڵانێك بوو ئەو مردبوو. بەڵام دەبێ شتێکت پێ بڵێم کە خۆم لە زمانی دۆستێکی خۆمەوە گوێم لێبووە کە پزیشکە.

---

(٨) میسریانی کۆن و بەتایبەتیش دەست ڕۆیشتووەکانیان، هێندێك دەفرو قاپ و قوماش و زێڕ و زیو و گەوهەر و شتی دیکەیان لە نێو گۆڕی خۆیاندا دادەنا، تا لە دنیای پاش مردن کەڵکی لێ وەربگرن و وایان بیردەکرەوە کە لەو دنیاش بۆ کڕینی پێداویستییەکانی خۆیان، ئاتاجیان بە زێر و زیو دەبێ. هەژاران کە نەیاندەتوانی زێڕ لە نێو گۆڕەکانی خۆیاندا دابنێن، زیو و مسیان دادەنا. دەست ڕۆیشتوان تەنانەت ئاسنشیان، کە لەسەرەتادا نرخی زۆر لە زێر بەرزتر بوو، لە نێو گۆڕەکانیان دادەنا، هەروەکو کە (توت ئانخ ئاموون) پاشای میسر، پارچەیەك ئاسنی بەقورسایی چوارسەد گرام، لە نێو گۆڕەکەی خۆی دانا و لەم سەدەیەدا لەگەڵ هەڵکۆڵینە مێژووییەکان، بەردەست کەوت. (ز.م)

تۆ خۆشت ئەو پزیشکەت بینی و چاوت بە ماڵەکەشی کەوت کە لە نزیك تاقگەکانی نیل هەڵکەوتووە و هەروەها دەزانم کە کچەکەیت خۆشدەویست. ئەو پزیشکە کە پیاوێکی بەرچاو روون بوو، بەمنی گوت کە هیچ کەسێك بۆ هەتاهەتایە بە زیندوویی نامێنێتەوە، چونکە لە نێو سینەی مرۆڤەکاندا دڵێکی ئەوتۆ نییە کە بۆ هەتاهەتایە لێبدات.

ئەو بەمنی گوت کە دڵی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لێدەدات، جا ئەو دڵە لە نێو سینەی پاشایەك بێت یان لە سینەی کۆیلەیەکی میسریدا بێت.

وەزعی ژیان و جۆری خواردن لەماوەی کارکردنی دڵی مرۆڤ کاریگەرە، بەڵام هەموو دڵێك لە لێدان دەوەستێ و لە لێدان وەستانی دڵ، نیشانەیەکی هەیە، کاتێك ئەم نیشانەیە لە کەسێکدا بە دیاریدا، دەریدەخا کە دڵی ئەو کەسە تا ماوەیەکی درێژ کارناکا و ئەم نیشانەیەش لە فیرعەون بەدەرکەوتووە.

مووسا گووتی: ئەو نیشانەیە چییە؟

نف گوتی: ئەی مووسا، ئەوەی کە پێت دەڵێم، لای هیچ کەسێك مەیدرکێنە، چونکە ئەگەر بیدرکێنی و بە گوێی فیرعەون بگاتەوە من و تۆش دەکوژێ.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئایا تۆ، من بە پیاوێك دەزانی کە نهێنی دۆستێك، ئەویش کە دۆستێکی وەکو تۆ بێ، بدرکێنم؟

نف گوتی: ئەی مووسا، ئەو شتەی کە من پێت دەڵێم خاڵێکە کە لە هەموو وڵاتی میسر، هیچ پزیشکێك نییە کە ئاگای لێ بێ تەنیا دۆستەکەی خۆمان، پزیشکی گۆشە نشین، کە بەدەستی رەشەکانی سەرزەوینی کۆش کوژرا، ئاگای لێبوو. ئەو پیاوە زانایە، لە رۆژێکدا کە ئێمە دەربارەی تەمەنی فیرعەون قسەمان دەکرد، ئەو رازەی پێ گوتم. ئەو بەشێوەیەکی درکە، بەناوی (دەنگی ئوزیریس) ناوی لێنا و تۆ دەزانی کە ئەو خوای تاك و تەنیا و نەبینراوی دەپەرست و باوەڕی بە (ئوزیریس) نەبوو.

مووسا گوتی: دەنگی ئوزیریس چییە؟

نف گوتی: ئەو دۆستەمان بە منی گوت هەر کاتێك ئەگەر (دەنگی ئوزیریس) لە گوێی فیرعەون یان کەسێکی تردا، جا پیاو بێت، یان ژن، پەیدابوو، بەڵگەی ئەوەیە دڵی ئەو کەسە، کە ئەو دەنگە لە گوێی خۆیدا دەبیستێ، پاش ماوەیەك لە لێدان دەوەستێ.

مووسا گوتی: ئەی نف، لەبارەی دەنگی ئوزیریس زیاتر بدوێ تابزانم چییە.



نف گوتی: دۆستی ئێمە، ئاتوون مووسا، پزیشکی پەناگرتوو، دەیگوت کاتێك ژن و پیاو دەگەنە قۆناغێك کە تەمەنیان لە وەستانی دڵیان نزیك بۆتەوە، یەکێك لە گوێکانی ئەوان دەست بە دەنگدانەوە دەکا و پاش ماوەیەك گوێی دووەمیش دەکەوێتە دەنگدانەوە. جا لەبەر ئەوەی دەنگی هەردوو گوێ ئاماژە بەوە ەکا کە دڵ لە لێدان دەوەستێ و مردن نزیك دەبێتەوە، ئاتوون مووسا بۆ گاڵتە ناوی ئەو دەنگەی بە (دەنگی ئوزیریس) ناونا کە مانای دەنگی خوای مردن و سەرزەوینی رۆژئاوایە.

مووسا گوتی: لە چ قۆناغێکی تەمەندا، ئەم دەنگە دەگاتە بەرگوێی مرۆڤ؟

نف گوتی: من ئەو پرسیارەم لە ئاتوون مووسا کرد، ئەو گوتی پەیدابوونی ئەم دەنگە لەناو گوێی مرۆڤدا، کە تەنیا خاوەنەکەی گوێی لێ دەبێ و ناگاتە بەرگوێی کەسانی تر، مێژوویەکی دیاریکراوی نییە.

جاری واهەیە دەنگی گوێ لە تەمەنی چل ساڵیدا دەست پێدەکا، جاری واهەیە لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا و جاری واش هەیە لە تەمەنی شەست ساڵیدا و زیاتریش، بەڵام بەهەر حاڵ، پەیدابوونی ئەم دەنگە لە گوێدا نیشانەی ئەوەیە کە دڵ لە لێدان دەوەستێ و مردن بە زوویی دەگاتە سەرسەری ئەو کەسە.

لە میسر، هیچ پزیشکێك ئاگاداری ئەم نهێنییە پزیشکییە نییە، تەنیا ئاتوون مووسا کە پزیشك و زانابوو، پەی بەم نهێنیە برد و بەمنی گوت کە ئەم نهێنییە لای هیچ کەسێك نەدرکێنم و لە بیرم بێ کە ئەگەر هەر کاتێك فیرعەونی میسر گوتی کە گوێی وی دەنگ دەداتەوە، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پاش ماوەیەك دڵی لە لێدان دەوەستێ و ماڵئاوایی لە ژیان دەکا.

مووسا پرسی: ئەی نف، ئایا گوێی فیرعەون کەوتۆتە دەنگدانەوەوە.

نف وەڵامیدایەوە : بەڵێ ئەی مووسا، ئەو خودی خۆی، دووجار لە حاڵێکدا کە من لە لای بووم، گوتی گوێکانم دەنگ دەدەنەوە.

مووسا پرسی: ئایا پزیشکی فیرعەون ئاگاداری ئەم مەسەلەیە بوو؟

نف وەڵامیدایەوە : هیچ گومانێکی تێدانییە کە ئەو ئاگاداری ئەم مەسەلەیە هەیە، چونکە لەم دووجارەدا کە فیرعەون، لە کاتێکدا کە من لەوێ بووم گوتی گوێکانم دەنگ دەدەنەوە پزیشکەکەی خۆی لەوێ بوو. گومانی تێدا نییە کە لە کاتی دیکەشدا ئەم بابەتەی بە پزیشکی خۆی گرتووە.

مووسا پرسی: ئایا پزیشکی وی لەوە ئاگادار بوو کە دەنگی گوێی فیرعەون سەرەتای چییە؟

نف گوتی: ئەو و پزیشکانی تری میسر، وا وێنادەکەن کە مەسەلەی دەنگی گوێ وەکو سپی بوونی قژی سەروڕیش وایە و نیشانەی مەترسی نییە.

مووسا پرسی: پاش ئەوەی دەنگی گوێ بیسترا، چەند ماوەی پێدەچێ تا دڵ لە لێدان بوەستێ و مرۆڤ ماڵئاوایی لە ژیان بکا؟

نف گوتی: من لە ئاتوون مووسام گوێ لێبوو کە مێژوویەکی دیاریکراوی نییە، بەڵام کاتێك دەنگی هەردوو گوێ دەستی پێکرد و بەردەوام بوو، نیشانەی ئەوەیە کە پیاو یان ئەو ژنەی کە گوێکانی بەجۆرێکی هەمیشەیی دەنگ دەداتەوە دووچاری وەستانی دڵ دەبێ و بەرەو دنیای ڕۆژئاوا کۆچ دەکا.

مووسا پرسی: بەو پێیەبێ تۆ پێشبینی ئەوە دەکەی کە فیرعەون دەمرێ.

نف گوتی: بەڵێ ئەی مووسا.

پیاوە لاوەکە پرسی: ئایا کەسێك کە دووچاری دەنگدانەوەی گوێکانی دەبێ، کەرەسەیەکی چارەسەری نییە، چونکە دەرەتان هەیە کە هێندێك لە نەخۆشییەکان چارەسەبکرێن.

نف گوتی: ئاتوون مووسا ڕێگای چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییەی بە من گوت و ئاگاداری کردم کە ئەو ژن و پیاوەی کە گیرۆدەی دەنگدانەوەی هەمیشەیی گوێکان دەبن، ئیتر نابێ خواردنی ئامادەکراو بخۆن و ئەگەر خۆیان لە خواردنی خواردەمەنی ئامادەکراو بپارێزن، دەنگدانەوەی گوێ و مەترسی وەستانی دڵ لە بەین دەچێ.

مووسا پرسیاری کرد: ئایا تۆ ئەم ڕێگای چارەسەرکردنەت بە فیرعەون نەگوت؟

نف وەڵامیدایەوە : نەخێر.

مووسا پرسی: لەبەرچی پێت نەگوت کە خواردەمەنی ئامادەکراو نەخوا تاکو دەنگدانەوەی هەمیشەیی گوێکانی لەبەین بچێ؟

نف گوتی: ئەگەر من بمویستایە بە فیرعەون بڵێم کە خواردەمەنی ئامادەکراو نەخوا، دەبوایە پێی بڵێم کە دەنگدانەوەی گوێ نیشانەی چ مەترسییەکە. ئەگەر ئەوەشم پێ بگوتبایە کە دڵی لە لێدان دەوەستێ و دەمرێ، منی دەکوشت. تەنانەت ئەگەر منی نەشکوشتبایە، سەرکۆنەی دەکردم کە بۆچی قسە لە مەسەلەیەکدا دەکەم کە لێی نازانم. فیرعەون پێی دەگوتم کە تۆ تەلارسازی نەك پزیشك، ئەوەش روون و ئاشکرایە کە پزیشکی پاشای میسر و هەموو پزیشکەکانی دیکەش قسەکەی منیان قبوڵ نەدەکرد، چونکە مەحاڵە پزیشکێکی میسری دان بە نەزانی خۆیدا بنێت و بەوە رازی بێت کە لە پزیشکیدا شتێك هەیە کە ئەو نایزانێ.



مووسا گوتی: ئەی نف، سەرباری ئەو حاڵەش من باوەڕم وایە کە تۆ پێویستە ئەم بابەتە بە فیرعەون بڵێی و ئەو، لە خواردنی خواردەمەنی ئامادە کراو هۆشیار بکەیەوە.

نف گوتی: بۆ تۆ نازانی فیرعەون چەند زۆر خۆرە و لەهەر ژەمێکدا، چەند خواردن لە گۆشتی باڵندە و ماسی و گۆشتی مەڕ و گوشتی گیان لەبەری کێوی، کە هەموویان ئامادەدەکرێن، دەخوا. ئەگەر بە فیرعەون بڵێن کە لە خواردنی خواردەمەنی ئامادە کراو خۆی بپارێزێ و تەنیا بە خواردەمەنی خاو، قەناعەت بکا، قبوڵ ناکا.

لەگەڵ ئەوەشدا، من ئەگەر لە گیانی خۆم نەترسا بام، سەرباری ئەوەش کە ئەو خوایانی میسری دەپەرستێ. و منیش ئاتوون دەپەرستم. ئەم بابەتەم بە فیرعەون دەگوت، چونکە ئەگەر ئەو نەبووایە، من نەمدەتوانی هونەری خۆم پیشان بدەم. فیرعەون بووە هۆکاری ئەوە کە هونەری من دەربکەوێ و من بە یەکێك لە بەرجەستەترین تەلارسازانی دنیا بزانن. بەڵام هەر بەو شێوەی کە گوتم، ئەگەر من بە فیرعەونم بگوتبایە کە دەنگدانەوەی گوێکانی ئەو، نیشانەی مەترسییە و دڵی لە لێدان دەوەستێ، منی دەکوشت. منیش لە ترسی گیانی خۆم، ئەوم لە مەترسییەکە ئاگادار نەکرد و لە پاشانیشدا هەر پێی ناڵێم، من دڵنیایی تەواوم هەیە کە هۆشیارکردنەوەکە بێ سوود دەبێ، چونکە پیاوێکی زۆرخۆری وەکو ئەو، کە سوورە لەسەر خواردنی خۆراکی بەتام و چێژ، دەست لە خواردنی خواردەمەنی ئامادەکراو هەڵناگرێ.

هەرچۆنێك بێ ئاگاداربە، فیرعەون، بەپێچەوانەی وێناکردنی تۆوە، ماوەیەکی درێژی لە ژیاندا نەماوە و بەرەو دنیای ڕۆژئاوا کۆچ دەکا. پاش ئەو، تۆ دەبێتە پاشای میسر و دەتوانی هاونەژادانی خۆت ئازاد و خۆشگوزەران بکەی و میللەتی میسریش بەختەوەر بکەی. لە حاڵێکدا ئەگەر بتەوێ ئەمڕۆ دەست پێشکەرییەك بۆ ئازادکردنی هاونەژادانی خۆت و بەختەوەرکردنی میللەتی میسر بکەی، دەکوژرێی.

لەوەش بترازێ، تۆ ئەگەر بتەوێ هاونەژادانی خۆت لە سەرزەوینی کۆش بەریە دەرەوە و ئەوان بۆ بیابانەکانی کەنعان بگوازییەوە، لەگەڵ تۆدا نایەن چونکە دەزانن کە کوڕی فیرعەونی و کۆیلەکانی قەومی ئیسرائیل متمانە بە کەسێك ناکەن کە کوڕی پاشای میسر بێ.

تۆ خۆت گوتت کاتێك کە چوویە سەرزەوینی کۆش، خوشکی خۆت ئامادە نەبوو تۆ بە برای خۆی بزانێ، لە حاڵێکدا کە غولامی خۆشت، نوون، شایەتیشی بۆ دای کە تۆ برای ئەوی.

کاتێك خوشکی خۆت ئامادە نەبێ کە تۆ بە هاونەژادی خۆی بزانێ، چۆن دەتوانی چاوەڕوانیی ئەوە لە ئیسرائیلییەکانی تر، کە لە سەرزەوینی کۆش دادەنیشن، تۆ بەهی خۆیان

بزانن و قەناعەت بکەن کە تۆ دەتەوێ ئەوان لە کۆیلەتی رزگار بکەی؟ بەڵام پاش ئەوەی کە دەبیتە پاشای میسر، هەرچی بتەوێ دەتوانی بیکەی و قەومی مارپەرست، کە هاونەژادی خۆتن، بۆ ئاتوون رێبەری بکەی تاکو ئەوان خوای تاك و تەنیا و نەبینراو، بپەرستن.

مووسا گوتی: من ناتوانم ئارام بگرم تا ئەو کاتەی فیرعەون دەمرێ و ئینجا بۆ کارێك کە رەچاوم کردووە، هەنگاو هەڵبگرم. من دەمەوێ هەرچی زووترە دەست بەکاربم. ئەگەر نەشتوانم میللەتی میسر لە بەدبەختی رزگار بکەم، هاونەژادانی خۆم کە یەکجا چارەڕەشن، لە چارەڕەشی رزگار دەکەم.

سەرۆکی تەلارسازان پرسی: ئەو رێگایەی کە هەڵتبژاردووە چییە، چۆن دەتوانی میللەتی میسر و هاونەژادانی خۆت رزگار بکەی؟ تۆ ئەگەر دان بە خۆتدا بگری، لە داهاتوودا، پاش ئەوەی کە رامسیسی دووەم بۆ دنیای رۆژئاوا کۆچی کرد، دەتوانی لە میسر دەسەڵات بگریە دەست و ئایینی خوای تاك و تەنیا و نەبینراو، پەرە پێبدەی. هەرچەندە شازادەکانی میسر، پاشایەتی تۆش قبووڵ نەکەن و بڵێین نابێ تۆ ببیتە پاشای میسر.

مووسا پرسی: چۆن؟

نف گوتی: کاتێك پیاوێکی بەهێز و لێهاتووی وەکو رامسیسی دووەم دەمرێ، لە زەمەنی ژیانیدا هیچ کەسێك نییە وابیر بکاتەوە کە جێگەی ئەو دەگرێتەوە، مەیدان، بۆ دەسەڵاتدارێتی پیاوێکی خاوەن ئیرادە، کە دەزانێ چی دەوێ و دەبێ چ بکا، ئاوەڵا دەبێت.

ئەمڕۆ، هەروەکو بەچاوی خۆت دەیبینی — لە میسردا کەسێك نییە کە وابیر بکاتەوە پاش مردنی رامسیسی دووەم جێگەی ئەو دەگرێتەوە، لەوەتی جیهان هەیە، هەر ئاوا بووە و دوای ئەوەش هەرئاوا دەبێ. کاتێك پیاوێکی بەهێز و خاوەن ئیرادە دەمرێ، جێگاکەی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و ژمارەیەك لە کەسانی لاواز لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە ملەوە بەڵکو بتوانن جێگای ئەو پیاوە بەهێزە بگرنەوە.

پاش مردنی فیرعەونیش هەرئاوا دەبێ و شازادەکانی میسر، کە هەموویان لاواز بێ ئیرادەن، لەگەڵ یەکتریدا دەکەونە ملەوە تا جێگای فیرعەون بگرنەوە. لەو کاتەدا، مەیدان بۆ سەرکەوتنی تۆ ئاوەڵا دەبێت. هەر بەو پێیەی کە تۆ لە هەموو شازادەکانی میسر بەهێزتریی و خاوەن ئیرادەی و دەزانی چ دەکەی. جا ئەگەر بتەوێ بزانی کە دەبێ چ بکەی، دەبیتە پاشای میسر و هاونەژادانی خۆت و میللەتی میسر، لە زۆرداریی رزگار دەکەی.



ئەگەر شازادەکای میسر، پاشایەتی تۆیان قبووڵ نەکرد و هەموو لە دژی تۆ یەکیان گرت، دیسانەوە تۆ لە رێگەی هاونەژادانی خۆتەوە، دەتوانی دەسەڵات بگریە دەست و شازادەکانی میسر ناچار بکەی ملکەچیت بۆ بکەن.

مووسا پرسی: ئایا من دەتوانم بەهۆی هاونەژادانی خۆمەوە، لەم وڵاتەدا، شازادەکانی میسر ملکەچ بکەم و دەسەڵات بگرمە دەست؟

نف گوتی: بەڵێ دەتوانی. هەر بەو جۆرەی لە رابردوودا، هاونەژادانی تۆ، لەم مەملەکەتەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست.

مووسا بە سەرسامییەوە پرسی: ئەی نف، تۆ دەڵێی چی؟ ئایا لە رابردوودا، هاونەژادانی من، واتە رۆڵەکانی ئیسرائیل، لەم وڵاتەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست؟

نف گوتی: لەو زەمانیدا، هێشتا یەعقوب، کە هاونەژادەکانت ئەویان بە ئیسرائیل ناودەبرد، بوونی نەبوو. بەڵام باپیرانی یەعقوب هەبوون، و ئەوانیش بە هاونەژادانی تۆ دەژمێردران. دەتوانین ئەوان بە کوڕانی ئیسرائیل ناوبەرین، وەك بڵێی لەو زەمانەدا ئیسرائیل بوونی نەبووە.

مووسا بە واق وڕماوییەوە پرسی: لە چ زەمانێکدا هاونەژادانی من لەم وڵاتەدا دەسەڵاتیان بە دەست هێنا؟

نف گوتی: هاونەژادانی تۆ، بە درێژایی ماوەی پێنج سەد ساڵ پەلاماری وڵاتی میسریاندا و باپیرانی تۆ ئەی مووسا، لەو هێرشانەدا ئەسپیان هێنایە ناو میسر، بەر لە ئەسپ تاودانی ئەوان، لەم وڵاتەدا ئەسپ نەبوو.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئەی بۆچی ئەم بابەتە لە مێژووی میسردا نییە؟

نف گوتی: ئەم بابەتە لە مێژووی میسردا هەیە، بەڵام مامۆستاکانی تۆ ئەم رووداوە مێژوویینەیان بۆ تۆ باس نەکردوە و فێری تۆیان نەکردووە.

مووسا پرسی: لەبەرچی؟

نف گوتی: لەبەر ئەوەی شازادەیەکی میسریی وەکو تۆ، نابێ ئەوە بزانێ کە کوڕانی ئیسرائیل ماوەی پێنج سەد ساڵ، وڵاتی میسریان خستە ژێر پەلامار و هێرشی خۆیان. هێندێك جاریش لەم وڵاتەدا دەسەڵاتیان گرتە دەست و جڵەوی کاروباریان لەم وڵاتەدا دەگرتەدەست خۆیان.

مامۆستایانی تۆ بە پەیڕەویی لە بەرنامەی پەروەردە و فێرکردنی شازادەکان، نەیانویستووە شازادەیەکی میسر، بزانێ کە میسر سەردەمێك لە ژێر دەسەڵاتی رۆڵەکانی ئیسرائیلدا بووە،

چونکە سوڵتان و شازادەکانی میسر، هەموویان خوا و خوازادەن و هیچ کەسێك ناتوانێ بەسەر خوایان و خوازاداندا زاڵ ببێ. ئەگەر تۆیان فێربکردبایە کە سەردەمێك کوڕانی ئیسرائیل بەسەر سوڵتانەکانی میسردا زاڵ بوون و لەم وڵاتەدا بوونە خاوەن دەسەڵات، مانای ئەوە بوو کە خوایان و خوازادەکانی میسر، لاوازن و کەوتوونەتە ژێر چنگی کوڕانی ئیسرائیلەوە.

مووسا گوتی: ئەی نف، تۆ دەڵێی کە لەو زەمانەدا هێشتا یەعقوب کە ناونیشانی ئیسرائیل بوونی هەبووە، پەیدا نەبوو بوو تا هاونەژادانی من بە ئیسرائیل ناوبرێن، بێگومان، باپیرانی من کە ماوەی پێنج سەد ساڵ هێرشیان بردە سەر میسر و سەردەمێکیش بوونە خاوەن دەسەڵات، ناوێکی دیکەیان هەبووە.

نف گوتی: بەڵێ ئەی مووسا، وایە و ناوی ئەوان (هیك سوس) بوو.

مووسا چەند جارێك ئەم ناوەی دووبارە کردەوە و گوتی ئەم ناوە ناوێکی میسرییە و مانای (ناشوان) مانای (کەسێك کە شوان نییە).

نف گوتی: بەڵێ ئەی مووسا، میسرییە کۆنەکان باپیرانی تۆیان بە هیك سوس ناودەبرد، مانای کەسانێك کە شوان نین.

مووسا پرسی: بۆچی میسرییە کۆنەکان ئەم ناوەیان لە باپیرانی من نابوو؟

نف گوتی: لە سەردەمانی کۆندا، خەڵکی ئەم وڵاتە، باپیرانی تۆیان، کە لە بیابانەکانی کەنعان دەژیان، بەشوان ناودەبرد، چونکە ژیانی ئەوان لە ڕێگای پەروەردەکردنی مەڕ و بزنەوە بەڕێوەدەچوو. کاتێك باپیرانی تۆ کەوتنە سەرباری ئەوەی هێرش بکەنە سەر میسر، میسریانی کۆن ئەوانیان ناونا هیك سوس. مانای ئاسایی ئەم ناوەش هەر ئەو ناوەیە کە تۆ دەیزانی، بەڵام مانای مەجازی ئەم ناوە بریتییە لە ڕێگر.

مووسا گوتی: کەوابوو میسریانی کۆن باپیرانی منیان بە ڕێگر ناودەبرد.

نف گوتی: بەڵێ ئەی مووسا.

مووسا پرسی: ئەوان لە چ سەردەمێکدا هێرشیان بردە سەر میسر؟

نف گوتی: هێرشەکانی باپیرانی تۆ بۆ سەر ئەم وڵاتە فرە بوون و هەر بەو جۆرەی کە گوتم پێنج سەد ساڵ درێژەی کێشا و ئەوان لە سەردەمی پاشایەتی پاشاکانی زنجیرەی پازدە و شازدە و حەڤدەیەمدا، هێرشیان کردە سەر میسر.

مووسا پرسی: بۆچی هێرشیان کردە سەر میسر؟



نف گوتی: هۆکاری هێرشی ئەوان، هۆکارێکە کە هەموو قەومە سەحرانشینەکان والێدەکا هێرش ببنەسەر وڵاتێکی دەوڵەمەند و شارستانی.

بەو مانایەی کەهەرگا لە بیابانەکانی کەنعان باران نەبارییایە و گیاوگۆڵ بۆ ئالیکی مەڕ و بزن و ئەسپەکانی ئەوان نەڕوابایە، یان کە دەرد و نەخۆشیی هەموو مەڕ و بزنەکانی ئەوانی لەناو دەبرد، هیك سوسەکان ڕێگای وڵاتی میسریان دەگرتەبەر، چونکە دەیانزانی کە لە میسر، بە بەردەوامی خۆراك و ئالیك هەیە. جەنگ لە نێوان سوڵتانەکانی میسر و هیك سوسەکان هەڵدەگیرسا و جاری واهەبوو سوڵتانەکانی میسر باپیرانی تۆیان ڕاودەنا و جارێك باپیرانی تۆ بەسەر سوڵتانەکانی میسردا سەرکەوتن و لەم وڵاتەدا دەبوونە خاوەن دەسەڵات.[٩]

مووسا گوتی: من ناتوانم قەناعەت بەوە بکەم کە ڕووداوێکی مێژوویی ئاوا گرنگ لە شازادەکانی میسری بشاردرێتەوە، من بە پێچەوانەی فێرعەون و ئەو مامۆستایانەی کە بۆ فێرکردن و پەروەردەکردنی شازادەکانی میسرهەڵدەبژێردرێن، باوەڕم وایە کە دەبێ شازادەکانی میسر، لەم ڕووداوە یان ڕووداوگەلی مێژوویی کە ماوەی پێنج سەد ساڵ لەم وڵاتەدا ڕوویداوە، ئاگادار بن تا لە ئایندەدا، هاوچەشنی ئەو ڕووداوانە ڕوونەدەن و دیسانەوە قەومی (ناشوان) یان بە قسەی تۆ (ڕێگر) هێرش نەکەنە سەر میسر.

نف گوتی: لە خۆبایی بوونی پاشایانی میسرکە خۆیان بەخوا دەزانن، بە ڕادەیەکە کە نایانەوێ کوڕەکانیان لەوە ئاگاداربن کە ئەوان لە ڕابردوودا لە بەرامبەر هیك سوسەکاندا، نوشوستیان هێناوە.

مووسا گوتی: ئەم قۆناغی پێنج سەد ساڵەیە کە قۆناغی هێرشەکانی هیك سوسەکانە، بە قەدەر پاشایەتی زنجیرەی هەژدەیەم و زنجیرەی نۆزدەیەمی پاشاکانی س، لەگەڵ ئێمە مەودای هەیە، مانای دەوروبەری سێسەد ساڵ[١٠].

---

(٩) (هیکوس)ەکان کە قەومێکی بیابان نشین و هێرشبەر بوون، سەرەنجام لە دەروبەری ساڵی ١٦٧٥ی بەر لە دایکبوونی مەسیح، بەسەر میسرییاندا زاڵ بوون و ئەم وڵاتەیان لە بەردەستی فەرمانڕەوایانی گەندەڵ و داڕووخاوی ئەوێ دەرهێنا و خۆیان جڵەوی کاروباریان گرتە دەست. سەردەمانی حکوومەتی ئەوان لە میسر، نزیکەی یەك سەدە، یا کەمێك زیاتر درێژەی کێشا، هیك سوسەکان، لەوانەیە لە نەژادی سالمی بووبن، سەرچاوە دائرەتول مەعاریفی فارسی مصاحب، فەرهەنگی معین و دائرەتول مەعاریفی کۆلۆمبیا.

(١٠) بەو جۆرەی کە باسمان کرد تا پێنج سەد ساڵ بەر لە هاتنەدنیای مەسیح، بیست و چوار زنجیرە لە پاشاکانی میسر، پاشایەتییان کردووە، بەڵام مێژووی سەرەتا و کۆتایی هێندێك لەو زنجیرانە بە جۆرێکی ورد

نف قسەی مووسای پشت راست کردەوە گوتی: ئا، بە روالّەت لەم قۆناغەدا ئەوان ئارام بوون، لەبەر ئەوەی کە ئیتر ناوێکیان لە مێژوودا نایەت.

مووسا گوتی: لەم سێ سەد سالّەدا، دوو زنجیرە لە میسر پاشایەتییان کرد و دوای ئەوە ئیتر هیك سوسەکان هێرشیان نەهێنایە سەر میسر.

نف گوتی: بەلّێ ئەی مووسا چونکە هێندێك لە پاشاکانی ئەم دوو زنجیرەیە بەهێزبوون و وەزعی هیك سوسەکانیش وەکو پێشوو نەبوو. ئێستا پاشایەك لە میسرفەرمانڕەوایی دەکا کە خۆی بە دامەزرێنەری زنجیرەی بیستەمی پاشاکانی میسردادەنێ. تۆ دەتوانی پاش ئەو، زنجیرەکەی بپارێزی بەلاّم بەو مەرجەی کە خۆت بتەوێ ببیتە پاشای ئەم ولاّتە. پاشای میسر ناوی خۆی ناوە رامسیس، تۆ پاش ئەوەی بە پاشایەتی دەگەی، ناوی خۆت بنێ ئاتوون مووسا. ئاینی خوای تاك و تەنیا و نەبینراو پەرەپێبدە و ناوی کوڕەکانیشت بنێ ئاتوون مووسا، تا هەموو زنجیرەی بیستەم بە ئاتوون مووسا ناوبنرێ و هەمووان پەرە بە ئاینی یەکتاپەرستی بدەن. من وابیردەکەمەوە کە ولاّتی میسر زنجیرەی بیست و یەکەمی نابێ و تا دنیا ماوە، کوڕانی تۆ، کە لە زنجیرەی بیستەم دەبن، لە میسر پاشایەتی دەکەن، چونکە ئاتوونی یەکتا ناهێلّێ نەژاد و پاشایانێك کە باوەڕیان بەو هەیە لە بەین بچن و نەژادێکی تر لە جێگای ئەوان، پاشایەتی بکەن.

مووسا گوتی: ئەی نف، ئەوەی تۆ گوتت هیوابەخشە، بەلاّم دیار نییە پیشهاتەکانی ژیان بەپێی ئارەزووی ئێمە بێت.

---

دیار نییە و ناچار، کاتێك مێژووی سەرەتا و کۆتایی یەك یان دوو زنجیرە دیارنەبێ، مێژووی سەرەتا و کۆتایی زنجیرەکانی تر تێك و پێك دەچێ و ئەم تێك و پێك چوونە لە مێژووی سەرەتایی و کۆتایی هێندێك لە پاشاکان کاریگەریی دەبێ، و هەروەها ئەو زانایانەی کە شارەزاییان لە مێژوی میسری کۆندا هەیە، هێشتا دڕدۆنگن لەوەی کە ئایا رامسیسی دووەم، پاشای میسر، کە مووسا لە سەردەمی ئەودا گەیتشە قۆناغی پێگەیشتوویی. لە سالّی ١٣٣٠ پێش زایین لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە یان لە سالّی ١٢٩٨ی پێش زایین، ئەم دوو مێژووە، سی و دوو سالّ جیاوازییان هەیە و لە ئەنجامدا لەبارەی سەردەمێك کە قۆناغی لاوێتی مووسا بوو، سی و دوو سالّ جیاوازی دێتە ئارا و هەر بەو پێیە مێژووی ئەو ماوەیە کە لە نێوان دواین هێرشی هیك سوسەکان و زەمانی مووسادا هەبووە، بە جۆرێکی زانراو، دیار نییە. (و. ف)



نف گوتی: ئەی مووسا، فیرعەون هۆگریی بەتۆوە هەیە، بەلاّم نازانم ئەو هۆگرییەی وی بۆ تۆ بەهۆی خەسلّەتە بەدەنی و روحییەکانی تۆیە یان بەهۆی ئەوەیە کە ئەو ئازاری بە دایکت گەیاندووە.

ئەگەر فیرعەون هۆگریی بەتۆوە نەبووایە تۆی دەکوشت و لەو کاتەشدا کە هاتە سەر بیری کوشتنی تۆ، فەرمانی کوشتنەکەتی دەرنەکرد، بەلّکو فەرمانی بەتۆدا کە بچی شاری زێڕین بدۆزییەوە تا لە ئاکامی سەختیی سەفەرەکە، یان رووداوەکانی رێگا، لەناوبچی و بەجۆرێکی راستەوخۆ فەرمانی کوشتنی تۆی دەرنەکردبێ. بەهۆی ئەوەی کە ئەو هۆگریی بە تۆوەیە، من وابیردەکەمەوە کە تۆ بۆ جێنشینی خۆی هەلّدەبژێرێ.

ئەو قسانەی کە تۆ لە دواین دیداردا بەوت گوتوە ئەگەر هەر کەسێکی تر بوایە، دەکوژرا. بەلاّم ئەو، قسەکانی لە تۆ وەرگرت و فەرمانی کوشتنیشی دەرنەکردی و شتگەلێکی بە تۆ گوت کە تائەمڕۆ، هیچ پاشایەکی میسری، ئەو قسانەی، کە نهێنیی پاشایەتی ئەون، بۆ کەس نەدرکاندووە.

تۆ دەلّێی کە فیرعەون دەیویست دەرسی پاشایەتی لە میسر فێری تۆ بکا و تۆ حالّی بکا، کە پاشای میسر، دەبێ تەنیا لە بیری خۆیدا بێ و بزانێ کە خەلّکی میسر بۆیە هاتوونەتە دنیاوە کە کۆیلەی ئەو بن.

مووسا گوتی: لەوانەیە بەو جۆرە بێ کە تۆ دەیلّێی، بەلاّم یەقینم تا ئەو رۆژەی فیرعەون زیندووە من ناتوانم بە ئاگاداری ئەو، هەنگاوێك بۆ پەرەپێدانی ئایینی خوای تاك و تەنیا هەلّبگرم.

نف گوتی: ئەمە مەسەلەیەکی بەلّگەنەویستە فیرعەون رێگانادا کە تۆ ئایینی خوای تاك و تەنیا پەرەپێبدەی. ئەگەر ئەو لەوە ئاگادار بێ کە تۆ هاتوویە سەر ئەوەی دەست بەکاربووبی، تۆ دەکوژێ. هۆکاری ئەوەش کە تائێستا تۆی نەکوشتووە، ئەوەیە کە تۆ هەرگیز تاکە هەنگاوێکیشت بۆ پەرەپێدانی ئایینی ئاتوون هەلّنەگرتووە. هیچ میسرییەك، جگە لە دۆستانی جێمتمانەی خۆت، تائەمڕۆ، شتێکی لە زمانی تۆوە نەبیستووە کە باس لە باوەڕی تۆ بکا.

من گومانم لەوە نییە کە ئەگەر تۆ بە ئاشکرایی دەست پێشکەریی بۆ پەرەپێدانی ئایینی ئاتوون بکەی فیرعەون دەتکوژێ. تەنانەت ئەگەر تۆ کوڕی واقیعیی فیرعەونیش بی و لە پشتی ئەویشەوە هاتبیتە دنیا، دیسانەوە پاشای میسر تۆ دەکوژێ، چونکە من دەزانم کە ئەو ئیمانی تەنیا بە خوایانی میسری هەیە. ئەو هەموو بینا بەردینانەی کە بۆ خوایانی میسری دروست کردووە، نیشانەی ئیمانی وی بە خوایانی میسرییە.

هەرکات کە باس لە خوایانی میسری دەکرێ، فیرعەون بە جۆرێك دڵسۆزیی خۆی لە بەرامبەر ئەواندا دەردەخا، کە من یەقینم ئەو ئیمانی بە خوایانی میسر هەیە. ئەگەر وانەبێ دەبێ بڵێم کە فیرعەون لە رواڵەت بازیدا مامۆستایە و توانیویەتی تەنانەت منیش تەفرە بدات.

مووسا پرسی: ئایا تۆ وات بە بیرداهاتووە کە فیرعەون رواڵەت بازیی دەکا و باوەڕی وی بە خوایانی میسری، بۆ ریاییە؟

نف گوتی: جاری واهەیە ئەوەم بەبیردا دەهات و بە خۆم دەگوت کە ئەو هۆگرییەی فیرعەون بۆ خوایانی میسر، پیشانی دەدا، لەوانەیە جیدی و دڵسۆزانە نەبێ و لە رووی ریاکارییەوە بێت.

مووسا پرسی: ئایا بەڵگەیەکت بەدەستهێنا کە فیرعەون لە رووی ریاییەوە هۆگریی خۆی بۆ خوایانی میسر پیشان دەدا؟

نف وەڵامیدایەوە : بەڵگەیەکی دیارم بە دەست نەهێنا، بەڵام وابیردەکەمەوە کە بەڵگەیەکی نادیار بوونی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە فیرعەون لە پرسی باوەڕبوونی میسرییەکان بە خوایانی میسری، دەسەڵاتی بەدەستهێناوە و ئەگەر خەڵکی میسر باوەڕیان بە خوایانی میسرنەبووایە، فیرعەون خاوەنی ئەو هەموو دەسەڵات و سامانە نەدەبوو.

کەوابوو بەرژەوەندی پاشا لەوەدایە کە میسرییان لە ئایندەشدا هەروەکو رابردوو، خوایانی وەهمی بپەرستن، کۆتەڵ لە شێوەی مار و لەقلەق و دروست بکەن و واوێنابکەن کە خواکان لە شێوەی مار و شتی تر، دان. فیرعەون، بەو هۆیەوە خۆی وانیشاندەدا کە باوەڕی بە خوایانی میسری هەیە و کۆتەڵ و پەرستگایان بۆ بنیات دەنێ کەخەڵکی میسر زیاتر هان بدات کە خوایانی وەهمی بپەرستن تا بتوانێ سامان و دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ.

نف زیاتر درێژەی پێدا: فیرعەون دەزانێ ئەگەر رۆژێك خەڵکی میسر خوای تاك و تەنیا و نەبینراو بپەرستن، ئەو دەسەڵاتی خۆی لە دەست دەدا، چونکە ئیتر خەڵك ئامادەنین کە رامسیسی دووەم بە خوا بزانن و ئیمانیان وابێ کە وەزیفەی ئەوان ئەوەیە کە لە هەموو تەمەنی خۆیانا کۆیلەی فیرعەون بن و لە پێناوی ئەودا زەحمەت بکێشن.

هەر لەبەر ئەو هۆیەیە کە هەر کەسێك ئەگەر ناوی ئاتوونی بەسەر زماندا بێت، بە حوکمی فیرعەون دەکوژرێ و هەر بۆیەش کاهینی گەورەی کوشت چونکە دەیزانی ئەو لایەنگری ئاتوونە.

ئەمانەی ئێستا بە تۆم گوت، گریمانەی خۆمن و من ناتوانم بڵێم کە باوەڕی فیرعەون بە خوایانی میسر ریاییە، بەڵام دەزانم کە ئەگەر خەڵکی میسر، خوای تاك و تەنیا بپەرستن، فیرعەون دەسەڵات و سامانی خۆی لە دەست دەدا.



مووسا پاش ئەم دان و ستاندنە لەگەڵ نف، بیری کردەوە کە پەیڕەوی لە ئامۆژگارییەکانی سەرۆکی تەلارسازان بکا و ئارام بگرێ تا رۆژێك فیرعەون ماڵئاوایی لە ژیان دەکا، دوای ئەوە بتوانێ ببێتە پاشای میسر. بەڵام رۆژان هاتن و چوون و فیرعەون، بە رواڵەت هەروا ساغ و تەندروست بوو، خواردەمەنی بەتام و جۆراوجۆری دەخوارد و رووخساری وای پیشان نەدەدا کە مردنی نزیك بۆتەوە.

نوون، غولامی مووسا، سەرنجی دا کە خاوەنەکەی هەمیشە بە قوڵایی بیرکردنەوەدا رۆچووە بە مووسای گوت: سەروەرم، من دەزانم کە هۆکاری بیرکردنەوە و خەمی هەمیشەیی تۆ چییە؟

مووسا پرسی: تۆ لە هۆکاری بیرکردنەوەی من چ دەزانی؟

نوون گوتی: سەروەرم، هۆکاری بنەڕەتی خەمی تۆ ئەوەیە کە تۆ تەنیای و ئەگەر هاوسەرێك بگری، ئیتر خەمبار نابی. تۆش هەروەکو پیاوانی هاوتەمەنی خۆت، رۆژگار بە شادی بەسەر دەبەی. ئەوەی کە بەمجۆرە فیرعەونی بە لاویی و چالاکییەوە پاراستووە، ژنە. ئایا هەرگیز دیتووتە پاشای میسر لە گژبیرانەوە بچێ و خەمبار ببێت؟ چونکە ئەو بەردەوام هاونشینی ژنانی گەنج دەکا[11]. بەڵام تۆ کە پیاوێکی بیست و پێنجساڵەی تا ئێستا لەگەڵ ژنێکدا نەخەوتووی. هەر بۆیەش خەمباریی هەمیشەیی تۆ جێگای سەرسامیی نییە، چونکە پیاوێك کە هەرگیز هاونشینی لەگەڵ ژنێکدا نەکردبێ، بەردەوام پەرێشانحاڵ و خەمبار دەبێ. هەموو پیاوێك لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە ئاتاجی بە ژن هەیە. هەرچەندە تەمەنی بەرەو هەوراز بچێ، ئاتاجی زیاتری بە ژن دەبێ، ئەگەر وەکو فیرعەون بە زیندوویی بمێنێ و نەمرێ، لە نێوان ساڵانی چل و پەنجای تەمەنیا ئاتاجی بە ژن زۆر زیاد دەبێ.

مووسا گوتی: نوون، تۆ، جاران لەم جۆرە قسانەت نەدەکرد و واپێدەچوو کە ئاگاداریت لەسەر ئەم جۆرە بابەتانە نییە و ئێستا چ بووە کە لەم جۆرە قسانە دەکەی؟

نوون گوتی: من جاران، نەمدەزانی بخوێنمەوە، بەڵام ئێستا دەخوێنمەوە و دەنووسم، تۆ خوێندنەوە و نووسینت فێری من کرد. من ئەم بابەتانە لە پاپیرۆسەکان دەخوێنمەوە ولە بەریان دەکەم. دەزانم، کە ئەگەر پیاو زیندوو بمێنێ لە تەمەنی چل ساڵیدا دووبارە گەنج دەبێتەوە و هێزی لاویی ئەو تا تەمەنی پەنجا ساڵی درێژەی دەبێ و لەو دە ساڵەدا، ئاتاجی پیاو بە ژن، زۆرە، بەڵام پاش پەنجا ساڵی، ئەگەر زیندوو بمێنێ، ئاتاجیی پیاو بۆ ژن کەم دەبێتەوە.

---

(١١) رامسیسی دووەم هاوسەری زۆری هەبوون و لەو ژنانە خاوەنی ١٧٠ منداڵ بوو کە ١١١ منداڵیان کوڕ بوون.

مووسا پرسی: تۆ ئەم بابەتانەت لە کویێ خوێندۆتەوە؟

نوون گوتی: من ئەمانەم لە پەرستگا خوێندەوە، لەسەر دیواری پەرستگا نووسرابوون کە لە دوو قۆناغ لە ژیانی پیاواندا، ئاتاجیی پیاو بە ژن زۆر زیاد دەبیێ: یەکێکیان لە نێوان تەمەنی بیست تا سی ساڵی، ئەویتر لە نێوان چل تا پەنجا ساڵی. تۆ، سەروەرم، ئێستا لە قۆناغی یەکەمی ئاتاجیی دای، چونکە بیست و پێنج ساڵ لە تەمەنی تۆ تێدەپەڕیێ و تۆ دەبیێ هاوسەر بۆ خۆت دیاری بکەی، تا لە تەنیایی رزگارت بێت و خەمباری بەسەر تۆدا زاڵ نەبیێ.

کاتێك ئاخاوتنی نوون گەیشتە ئێرە، ئەو ساتەی هاتەوە بیر کە مووسا لاشەی دەزگیرانەکەی خۆی لە ماڵی ئاتوون مووسا دیتبوو و هاتەوە بیری کە پاش بینینی ئەو لاشەیە تا ماوەیەك ئەوەندە خەمبار بوو کە لێوی قسەکردنی لێك نەکردەوە.

ئەوەبوو لە خاوەنی خۆی پرسی: سەروەرم ئایا دڵت بە کەسێکەوە هەیە کە ئاوا خەمباری؟

مووسا گوتی: بەڵیێ ئەی نوون.

غولامەکەی پرسی: عاشقی کیێ بووی، من لەم رۆژانەی دواییدا نەمدیوە تۆ لەگەڵ ژنێکدا قسە بکەی تاکو هۆگری ببی.

مووسا گوتی: من هۆگری هیچ ژنێك نەبووم.

نوون پرسی: ئەی عاشقی چی بووی؟

مووسا گوتی: من عاشقی دەنگێك بووم.

نوون پرسی: ئایا عاشقی دەنگی ژنێك بووی؟

مووسا گوتی: ئەو دەنگەی من عاشقی بووم دەنگی ژنێك نییە.

نوون پرسی: ئەی دەنگی چییە؟

مووسا گوتی: نازانم دەنگی چییە.

نوون گوتی: ناشیێ مرۆڤ دەنگێك نەناسیێ، تۆ سەروەرم، لەوانەیە نەتوانی بڵێی ئەو دەنگەی گوێت لیێ بووە، دەنگی چ کەسێکە، بەڵام دەتوانی بڵێی کە ئایا دەنگی مرۆڤ بوو یان نا.

مووسا گوتی: دەنگی مرۆڤ نەبوو.

نوون پرسی: ئایا دەنگی ئاژەڵ بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە : نا، ئەگەر دەنگی ئاژەڵ بووایە من عاشقی نەدەبووم.

نوون پرسی: ئایا دەنگی تاڤگە بوو یان دەنگی هەور بوو، یان دەنگی با بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە دەنگی هیچ کام لەوانە نەبوو.



نوون پرسی: ئەو دەنگەت لە کویێ گویێ لێبوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە : هەر لەو جێیە، لە دەرەوەی شار و لە ناو خەرمانێکی ئاگرەوە.

نوون پرسی: چۆن دەکریێ لەناو خەرمانی ئاگرەوە گوێت لە دەنگێك بیێ، لەوانەیە گوێت لە دەنگی سووتانی دار بووبیێ؟

مووسا گوتی: نا ئەی نوون، ئەو دەنگەی من گوێم لێبوو دەنگی سووتانی دار نەبوو و، هەروەها بە دەنگی مرۆڤ و ئاژەڵ و ئاو و هەور و باش دانانریێ. بەڵکو دەنگێك بوو ئەوەندە دڵگیر بوو کە کاتێك بەرگوێم کەوت لە تین و تاوی خۆشیدا خەریك بوو لە هۆش خۆم بچم.

نوون پرسی: ئایا ئاهەنگی مۆسیقا بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە نا،من ئاهەنگی مۆسیقام زۆر گویێ لێبووە و هیچ ئاهەنگێك، ئەوەندە خۆشیی بە من نەبەخشیوە و ئەو دەنگە قسەی دەکرد.

نوون پرسی: چی گوت؟

مووسا گوتی: ئەو دەنگە تەنیا پێنج شەش وشە قسەی لەگەڵ من کرد و بە منی گوت: (ئەی مووسا، ئایا گوێت لە دەنگی منە؟)

نوون پرسی: تۆ چیت وەڵام دایەوە؟

مووسا گوتی: نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە.

نوون پرسی: لەبەرچی؟

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی بە جۆرێك سەرمەستی تام و چێژ و حەپەسان و چالاکی بووم کە نەمتوانی دەمم بکەمەوە و وەڵامی ئەو دەنگە بدەمەوە.

من کاتێك ئەو دەنگەم گویێ لێبوو، وەکو ئەوە وابوو کە لە تین و تاوی تام و چێژ و چالاکیدا دووباڵم لیێ روواوە بە ئاسماندا دەفڕم و خۆم بە هاوبەشی شادییەکانی هەموو بوونەوەرەکانی دنیا کە شادمانن، دەبینی. من ناتوانم بۆت باس بکەم کە بەبیستنی ئەو دەنگە چ شادییەکم تێدا دروست ببوو.

نوون پرسی: ئایا ئەم دەنگە لەناو خەرمانەیەکی ئاگرەوە دەکەوتە بەرگوێت؟

مووسا گوتی: بەڵیێ، کاتی شەو، کاتێك کە دەمویست لە دەرەوەی ئەم شارە، بگەڕێمەوە بۆ ئێرە لەناکاو بینیم ئاگرێکی گەورە بەرپابوو و رووبەڕێکی بەرفراوان کە درەختی لێبوو ئاگری گرت. من سەرسام مابووم کە چۆن ئەو درەختانە بەو خێرایییە ئاگریان گرت و لە هەمانکاتدا ئەو دەنگە کە باسم کرد، لەناو ئاگرەکەوە کەوتە بەرگوێم.

نوون پرسی: پاشان چ بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە : دوای ئەوەی ئەو دەنگەم لەناو ئاگرەکەوە گوێ لێبوو، هەروەکو گوتم، بەجۆرێك هەستم بە بەختەوەریی و شادیی کرد کە نەمتوانی وەڵام بدەمەوە. پاش ئەوەی کە ماوەیەك تێپەڕی، کە نازانم ئەو ماوەیە چەند بوو، هەرچەندە بەجۆرێکی تەواو ماوەیەکی درێژ نەبوو، ویستم وەڵام بدەمەوە و بەو دەنگە بڵێم کە من گوێم لێیە و تێدەگەم و تێگەیشتم کە چی گوتووە، بەڵام ئاگرەکە خامۆش بۆوە و من درەختەکانم بەشێوەی جاری یەکەم دیتنەوە.

نوون پرسی: پاشان چ بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە : ماوەیەك چاوەڕێ بووم تا دووبارە ئەو دەنگەم گوێ لێبێ و بتوانم لە خاوەنی دەنگەکە بپرسم کە کێیە، چونکە خاوەنی دەنگەکە بەمنی گوتی (ئەی مووسا ئایا دەنگی منت گوێ لێیە) ئەم بابەتەش ئاماژەی ئەوەیە کە ئەو دەیویست لەگەڵ مندا قسە بکا، چونکە ئەگەر مەبەستی قسەکردنی نەبووایە نەیدەپرسی کە ئایا دەنگی ئەو دەبیستم یان نا، بەڵام هەر چەندێك چاوەڕوانیم کرد، ئیتر دەنگێك نەهات و ئاگرەکەش بەرپا نەبۆوە.

نوون پرسی: سەروەرم، ئایا تۆ یەقینت هەیە کە ئەوەی دیتووتە ئاگر بوو، ئایا دڵنیای کە ئەو دەنگەت لەناو ئاگرەکەوە گوێ لێبوو؟

مووسا گوتی: ئەی نوون، ئایا وا وێنادەکەی کە من درۆ دەکەم؟

غولامەکە گوتی: سەروەرم، ئەم قسەیە مەکە، من نەمدەویست بڵێم کە تۆ درۆ دەکەی، من لە سەرەتای ژیانمەوە تائەمڕۆ، تۆ تاکە کەسێکی کە من درۆم لێ نەبیستووە، تەنانەت درۆی بچووکیش کە ڕوویەکی گاڵتەوگەپی هەبێ لە تۆم نەبیستووە تا بە درۆیەکی گەورە ڕادەگا.

من دەمویست بڵێم کە لەوانەیە بە کاریگەریی تاریکی شەو و بیری تۆوە، شتێکی وا کەوتبێتە بەرچاوت کە بوونی نەبووە، چونکە لەوانەیە هێندێك جار مرۆڤ شتێك ببینێ کە بوونی نییە و دەنگێك بکەوێتە بەرگوێی کە وەهم بێت.

مووسا گوتی: ئەی نوون، لەو ڕۆژەوە کە تۆ منت ناسیوە تادەگاتە ئەمڕۆ، ئایا وارێك کەوتووە کە من پێت بڵێم لە رووی بیرکردنەوە و خەیاڵاندنەوە شتێکم دیوە یان لە رووی وەهمەوە دەنگێك کەوتە بەرگوێم؟

غولامەکە گوتی: نا سەروەرم، تۆ هەرگیز بە منت نەگوتوە کە شتێکت لەرووی خەیاڵەوە دیوە یا بیستووە.



مووسا گوتی: ئەوەی کە ئێستاش پێت دەڵێم لە رووی خەیاڵەوە نەمدیوە، بەڵکو خەرمانی ئاگرەکەم بە چاوی خۆم دی و تەماشام کرد و هەروەها بە گوێی خۆم ئەو دەنگە جوان و شادییەخشەم گوێ لێبوو. لەو ساتەوە کە من ئەو دەنگەم گوێ لێبووە تائێستا ناتوانم بیری ئەو دەنگە لە بیرەوەریم دووربخەمەوە و حەز دەکەم دووبارە ئەو دەنگەم گوێ لێبێتەوە.

ئەگەر پێم بڵێن کە لەبەرامبەر دووبارە بیستنەوەی ئەو دەنگە دەبێ بکوژرێم، من بە ئارەزووی خۆم سەرم لە بن دەستی جەللاد دادەنێم تا سەرم لە لەشم جیابکاتەوە، بەڵام بەو مەرجەی پێش مردنم دووبارە ئەو دەنگەم گوێ لێبێتەوە. من زۆر هەوڵدەدەم کە بتوانم ئەو دەنگە لەناو ویژدانی خۆمدا بەرجەستە بکەم، بەڵام لە عۆدەی ئەو کارە نایەم.

نوون گوتی: ئایا خاوەنی دەنگ، جگە لەوەی کە گوتت، شتێکی دیکەی بەتۆ نەگوت؟

مووسا گوتی: هەر ئەوەندەی گوت کە پێم گوتی و شتێکی دیکەم لەوییەوە گوێ لێنەبوو.

نوون گوتی: بێگومان تێبینی ئەوەت کرد کە ئەو دەنگە هی پیاو بوو یان ژن؟

مووسا وەڵامیدایەوە : من پێم گوتی کە دەنگی مرۆڤ نەبوو، تۆ دەڵێی ئایا دەنگی پیاو بوو یان ژن؟

نوون گوتی: سەروەرم، ئەگەر دەنگی مرۆڤ نەبوو چۆن بەتۆی گوت ئەی مووسا، ئایا دەنگی منت گوێ لێیە؟ من پێش ئەوەی خوێندەواری فێر ببم نەمدەتوانی پەی بەم مەسەلەیە ببەم، بەڵام ئێستا کە دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم، تێدەگەم وشەکانی مرۆڤ لەدەمی بوونەوەری دیکەوە دەرناچێ و تەنیا مرۆڤ دەتوانێ وشەی مرۆڤانە دەرببڕێ.

ئێمە کاتێك بەرەو شاری زێڕین دەچووین، مەیمونی زۆرمان دیتن کە شێوەی مرۆڤیان هەبوو، بەڵام نەیاندەتوانی وەك مرۆڤان قسە بکەن، لە کاتی قسەکاندا دەنگێکی وەکو قیڕەقیڕ لە دەمیانەوە دەردەچوو. ئاو و با و هەوریش توانای قسە کردنیان نییە و وشەی مرۆڤانە لەوانەوە نابیسترێ. کەوابوو، ئەوەی کە لەگەڵ تۆدا قسەی کردووە، دواجار هەر مرۆڤ بووە، ئەگەرنا نەیدەتوانی وشەی مرۆڤانە دەرببڕێ.

مووسا گوتی: کاریگەریی لە رادەبەدەری ئەو قسەیە لەسەر من لەوەڕا سەرچاوەی گرتووە کە سەرەڕای ئەوەی وشەی مرۆڤانەی دەربڕی، من تێگەیشتم کە دەنگی مرۆڤ نییە. چونکە ئەی نوون لە هەمان ساتدا کە من ئەو دەنگەم گوێ لێبوو تێگەیشتم کە دەنگی مرۆڤ نییە.

نوون گوتی: سەروەرم، بێگومان، وات بیرکردەوە کە ئەو دەنگە لە ئاگرەکەوە بەرزبۆوە؟

مووسا گوتی: من ئەوەندە نەزان نەبووم کە وابیربکەمەوە ئەو دەنگە لە ئاگرەکەوە هاتووە گەرچی جاری واهەیە ئاگر دەنگی هەیە بەڵام نەك وەك دەنگی مرۆڤ و، وشەی مرۆڤانە لە ئاگرەوە نابیستریٚ.

نوون گوتی: سەروەرم، لەوە زیاتر خۆت بۆ دەنگێك خەمبار مەکە کە خاوەنەکەی ناناسی. لەوانەیە بتوانی جارێکی دیکەش ئەو دەنگە بیبیستی. دەست لەخەم و خەفەت بەردە و کەڵك لە ژیان و تەمەنی خۆت وەربگرە و بۆ ئەوەی خەمی تۆ، کە زیاتر لە ئەنجامی تەنیاییەوە، بڕەوێتەوە، ژن بێنە و بزانە کە دەبیٚ پیاو لەگەڵ ژندا جووت ببیٚ تا بەردەوام لە چالاکیدا بێت.

مووسا گوتی: من نامەویٚ ئێستا ژن بێنم و حەزدەکەم کە بچمە لای ئیسرائیلییەکان، تۆ، بەلەم و هێندێك توێشووی ڕێگا ئامادە بکە تا بکەوێنە ریٚ.

نوون گوتی: سەروەرم، هەرچی تۆ دەیڵێی جێبەجێی دەکەم، بەڵام دەکریٚ لێت بپرسم کە بۆچی دەتەویٚ بچیتە لای ئیسرائیلییەکان؟

مووسا گوتی: تۆ رازگری نهێنیەکانی منی و شتێکت لیٚ ناشارمەوە.

من دەمەویٚ بچمە لای هاونەژادانی خۆم و پێیان بڵێم کە خۆیان بۆ چوونە دەرەوە لە میسر ئامادە بکەن تاکو لەوە زیاتر ئازاری کۆیلەتی لەم وڵاتەدا نەچێژن.

نوون کە نەیدەزانی سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی چی بە مووسا گوتووە، گوتی: ئەی سەروەرم، تۆ ئەگەر بتوانی قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی رزگار بکەی، تا دنیا ماوە کوڕانی ئیسرائیل ناوت بە چاکە یادی ناوی تۆ دەکەنەوە.

مووسا بە نوونی گوت: من بەجۆرێکی حەتمی هاونەژادانی خۆم لە کۆیلەتی رزگار دەکەم و بۆ ئەوەی ئەوان رزگار بن، ئەوان لە میسردەبەمە دەرەوە، چونکە مەحاڵە فیرعەون رازی بێت کە قەومی ئیسرائیل لە میسردابنیشن و بە ئازادی بژین. بۆیە ڕێگای ئازادکردنی هاونەژادانی من ئەوەیە کە ئەوان لە میسر بەرمە دەرەوە.

تۆ بەلەمەکان بۆ سەفەر بۆ سەرزەوینی کۆش، ئامادە بکە تاکو بکەوینە ریٚ، من تۆ دەچین بەو خەڵکەی کە لەویٚ دەژین و هەموویان لە نەژادی ئیسرائیلن دەڵێین کە خۆیان بۆ کۆچ ئامادە بکەن.

نوون گوتی: سەروەرم، من غولامی تۆم و وەزیفەی من ئەوەیە کە ملکەچیی فەرمانەکانت بکەم و هەر ئەمڕۆ بەلەم بۆ سەفەر بۆ باکوور ئامادە دەکەم.



مووسا گوتی: پاش ئەوەی کە کوڕانی ئیسرائیل بۆ چوونە دەرەوە لە میسر ئامادە بوون، ئێمە لە ڕێگایەکەوە دەردەچین کە هاونەژادانی ئێمە لەو ڕێگایەوە هاتنە ناو میسر بەو ئومێدەی کە بە ئاسوودەیی بژین و ئیتر بزانن کە هیچی تر کۆیلە نابن و تا ئەو رۆژەی کە زیندوون، بەرد و کەرپووچ و خۆڵ، بە خۆڕایی بۆ پاشای میسر هەڵبگرن.

نوون گوتی: سەروەرم، ئایا پێشبینی ناکەی کە فیرعەون بەرهەڵستی چوونە دەرەوەی کوڕانی ئیسرائیل بکا؟

مووسا گوتی: من پێشبینی ئەو بابەتەم کردووە و هەرکاتێك پاشای میسر، ویستی بەرهەڵستی چوونە دەرەوەی هاونەژادانی من لەم وڵاتە بکا، ئێمە دەست بەشەڕ دەکەین.

نوون گوتی: سەروەرم لای تۆ ئاشکرایە کە من ترسم لە جەنگ و کوژران نییە، لە هەموو مەیدانەکانی شەڕدا کە تۆ بەشداریت تێدا کرد من گالیسکە ئاژۆی تۆ بووم، بەڵام ئایا کوڕانی ئیسرائیل دەتوانن لەگەڵ سەربازانی پاشادا بجەنگن؟ چونکە پاشای میسر، ئەگەر بیەویٚ ڕێگانادا کوڕانی ئیسرائیل لەم وڵاتە بچنە دەرەوە.

مووسا گوتی: بەڵیٚ ئەی نوون کوڕانی ئیسرائیل دەتوانن لەگەڵ سەربازانی فیرعەوندا بجەنگن هەروەکو لە رابردوودا جەنگاون و سەرکەوتوون.

پاشان مووسا راڤەی شەڕەکانی پێنج سەد ساڵەی هیك سوسەکانی لەگەڵ سوڵتانەکانی میسر، کە لە نفەوە بیستبوو، بۆ غولامی خۆی گێڕایەوە و گوتی: ماوەی پێنج سەد ساڵ باپیرانی من و تۆ، لەگەڵ سەربازانی سوڵتانەکانی میسردا جەنگان و کاتێك بەسەر ئەواندا سەرکەوتن فەرمانڕەواییان بەسەر وڵاتی میسردا کرد. ئەمرۆش، هاونەژادانی من، دەتوانن لەگەڵ سەربازانی فیرعەوندا بجەنگن و لەسەر ڕێگای خۆیانیان لابدەن و لەم وڵاتە بچنە دەرەوە و بەرەو ئازادی بڕۆن.

مووسا دەیزانی ئەگەر بە نف بڵیٚ دەیەویٚ بچێتە سەرزەوینی کۆش و هانەژادانی خۆی لەویٚ کۆچ پیٚ بکا و لە میسر بیانباتە دەرەوە، سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی ڕێگا لەو کارەی دەگریٚ، ئەوەبوو کە بیٚ ئەوەی بە نف رابگەیەنیٚ، لەگەڵ غولامی خۆیدا، لە پایتەختەوە کەوتە ریٚ.

مووسا بە ئاراستەی ڕێژەوی رووباری نیل کە لە باشوورەوە بەرەو باکوور دەڕوا، بیٚ ئەوەی رووداوێك بێتە پێشەوە کە شایانی باس بێت ڕێگای سەرزەوینی کۆش، کە هەروەکو گوتمان لە رۆژهەڵاتی ئاروێژگەی رووباری نیل بوو، گرتەبەر.

پاش ئەوەی گەیشتنە ئەوێ، بەلەمی لە لێواری رووباری نیل بەستەوە تا بە هۆی رێژەنی ئاوەکە بەرەو دەریا نەڕوا. پاشان لەگەڵ غولامی خۆیدا، رێگایەکی تا رادەیەك درێژی گرتەبەر کە لە نێوان لقێکی رووباری نیل و هەواری کوڕانی ئیسرائیل بوو، تا گەیشتە گوندێك کە پێشتر باسی لێوەکرا.

دانیشتووانی گوند، دەوروبەری ئەم دوو کەسەیان گرت و لەبەر ئەوەی نوونیان دەناسی و دەیانزانی لە خۆیانە، رووی زیاتریان دەدایە، بەڵام مووسایان بە یەکێك لە خۆیان نەدەزانی، گەرچی مووسا بە میریامی گوتبوو کە تۆ خوشکی منی، بەڵام هیچ کەسێك و تەنانەت میریام خۆشی باوەڕی نەکرد.

پاش ئەوەی کە دانیشتووانی گوند و نوون، لە حاڵ وباری یەکتریان پرسی، مووسا، ئاماژەی بۆ غولامەکەی کرد کە مەبەستی بنەڕەتی بە گوێی دانیشتووانی گوندەکەدا بدا، نوونیش گوتی: ئەمڕۆ، سەروەری من، کە ناوی مووسایە و وەکو گوتم لە نەژادی ئێمەیە، هاتۆتە ئێرە تا ئامرازی رزگاری بخاتە بەردەستی ئێوە.

ئێوە خەڵکێك بوون کە لە بیابانەکانی کەنعان بە ئازادی دەژیان و لەوێ لە رێگای بەخێوکردنی مەڕوبزن، ژیانی خۆتان دابین دەکرد. لە ئاکامی وشکەساڵی رێگای میسرتان گرتەبەر تا لەم وڵاتەدا کە ئێوە واتان بیستبوو کە هەمیشە سەوزە و بەردەوام خۆراکی هەیە، بە ئاسوودەیی بژین.

کاتێك کە دەڵێم (ئێوە) مەبەستم کەسانێك نییە کە ئێستا لێرەن، چونکە لەناو ئەمانە کە ئێستا لێرەن، بەکەمی کەسێکی تێدایە کە لە کۆچیارانی سەرەتایی بووبێ و زۆربەی ئەو کەسانی کە لێرە دەیانبینم، کەسانێکن کە لەم سەرزەوینەدا و بەجۆرێکی گشتی لە میسر، هاتوونەتە دنیاوە.

مەبەستی من لە (ئێوە)، کوڕانی ئیسرائیل، هەموو ئەو ژن و پیاوانەیە، کە ئێستا لەم وڵاتەدا دەژین.

ئێوە بۆ ئەوە هاتبوونە میسر تا بە ئاسوودەیی بژین، بەڵام دوای ئەوەی کە هاتنە ناو میسرەوە، بە فەرمانی پاشا ئێوەیان کردە کۆیلە. لەو کاتەوە تا ئەمڕۆ، کار بۆ فیرعەون دەکەن و هیچ یەکێك لە ئێوە، ژیانی سرووشتی خۆتان ناژین تەنیا ئەگەر کەمئەندام بن و نەتوانن کار بۆ فیرعەون بکەن، ئەو کاتە رێگاتان پێ دەدەن بگەڕێنەوە و تا دوایی تەمەنتان لێرە ژیان بەسەر بەرن و لەم ناوچەیەدا بمرن.



سەروەری من، کە دووبارە پێتان دەڵێم لە هانەژادانی ئێوەیە، مانای وەکو ئێوە لە کوڕانی ئیسرائیلە، بڕیاری داوە کە ئێوە لە کۆیلەتی رزگار بکا، تا وەکو باوباپیرانی خۆتان، بە ئازادی بژین و هەموو تەمەنی خۆتان، بە خۆڕایی کار بۆ فیرعەون نەکەن. بەڵام سەروەری من، ئەوە دەزانێ کە فیرعەون رەزامەندی لەسەر ئازادی ئێوە لەم وڵاتەدا نادا و ئێوە تا ئەو رۆژەی لەم وڵاتەدا دەژین، ئازاد نابن و چارەنووسی گیانی ئێوە، لە بن دەستی فەرمانبەرانی فیرعەون دایە.

بۆیە سەروەری من بڕیاریداوە کە ئێوە لەم وڵاتە بەرێتە دەرەوە و ئێوە بگەیەنێتەوە سەرزەوینی (کەنعان) کە باوك و دایکی ئێوە لەوێ دەژیان، تا لەوێ بە ئازادی بژین و لە رێگای بەخێوکردنی مەڕ و بزن، ژیانی خۆتان دابین بکەن.

ئێستا سەروەری من، کە لێرە ئامادەیە پێتان دەڵێ کە هەرچی هەتانە کۆی بکەنەوە و خۆتان بۆ کۆچ ئامادە بکەن و بەو پیاوانەش کە ئێستا لە مەیدانەکانی کاردا سەرقاڵی کارکردنن بڵێن، کە کارەکانیان بەجێ بێڵن و بێنەوە بۆ ئێرە تاکو بە کۆمەڵ لێرەوە بکەوینە رێ و بەرەو کەنعان بڕۆین.

پاش ئەوەی کەقسەکانی نوون تەواو بوون، گوێگرەکان چەند نیگایەکیان بە یەکتریدا روانی کە نیشانەی سەرسامی بوو، یەکێك لەوان پرسی: لەبەرچی لێرە بڕۆین؟

نوون وەڵامیدایەوە، بۆ ئەوەی ئازاد بن و بە ئازادی بژین و دوای ئەوە ئیتر خاوەنی سەروماڵی خۆتان بن و ناچار نەبن هەموو تەمەنی خۆتان، بە خۆڕایی کار بۆ فیرعەون بکەن و هەر کام لە سەرپەرشتیاران ئازاد بێ لەوەی هەر کاتێك بیەوێ بتان داتە بەرقامچی یان بتانکوژێ.

ئەوانەی کە گوێیان لە قسەکانی نوون بوو، دووبارە چەند نیگایەکی سەرسامییان لە یەکتری بڕی و یەکێك لەوانە گوتی: لێرە ناڕۆین.

نوون گوتی: حەزنەکردنی تۆ بۆ ئەوەی لێرە نەڕۆی، بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەوانی دیکەش حەز ناکەن. کەسانیتر، حەزدەکەن کە ئازاد بن و لە سەرزەوینی باووباپیرانی خۆیان بژین.

ئەو کەسە گوتی: ئەوانیتریش حەزناکەن لێرە بڕۆن.

نوون گوتی: من پێموانییە وابێ و هیچ کۆیلەیەك نییە نەیەوێ ئازاد بێت، جگە لە من، چونکە سەروەری من بەئەندازەیەك باش و میهرەبانە کە من کۆیلەتی ئەوم پێ لە ئازادی باشترە.

ئەو کەسە گوتی: ئێمەش حەز ناکەین ئازاد بین، جگە لەوەش هەموو پیاوە ساخەکانی ئێمە لە کارگەکانی بیناکاریدا سەرقاڵی کارکردنن و ئێمە بێ ئەوان، چۆن دەتوانین لێرە بڕۆین؟

مووسا تا ئەو کاتە سەرنجی لەوە نەدابوو کە پیاوانی هاونەژادی وی لە کارگاکاندا کاردەکەن و ئەوان ناتوانن کاری خۆیان بەجێ بێڵن و خۆیان بگەیەننە سەرزەوینی کۆش تا لە کەگەڵ مووسا لە میسر بڕۆنە دەرەوە و لە کەنعان بژین. ئەوانەی لە کارگاکانی بیناکاریدا کاریان بۆ فیرعەون دەکرد و بە کۆیلە دەژمێردران، نەیاندەوتوانی کارەکانی خۆیان بەجێ بێڵن و بگەڕێنەوە بۆ سەرزەوینی کۆش.

گوتمان کە کۆیلانی ناوبراو کاتێك ئازاد دەبوون کە ئیتر توانای کارکردنیان نەدەما و ئەگەر بە زیندوویی مابان، ئەوان ئازاد دەکران تا بۆ کۆش بگەڕێنەوە و لەوێ بمێننەوە تادەمرن.

لە هەموو کارگە گەورەکانی بیناکاریدا، کە کۆیلانی ئیسرائیلی یان کۆیلەکانی تر سەرقاڵی کارکردن بوون، چەند شوورەیەکی لێبوو کە لە کاتی شەودا کۆیلەکان لەوێ دەخەوتن و ئەوان نەیاندەتوانی لەو شوورانەوە بچنە دەرەوە.

لە چواردەوری هەموو شوورەیەکدا چەند پاسەوانێك تا بەیانی ئێشکیان دەگرت و هەر کاتێك کۆیلەیەك بیویستبایە لەو شوورەیە بێتە دەرەوە، دەکوژرا.

لە کاتی ڕۆژیشدا، لە کارگەکانی بیناکاریدا، چاودێری کۆیلەکان دەکرا. بەڵام لە کاتی ڕۆژدا، بە هۆی لێك بڵاویی کۆیلەکان لە ناوچەی بەربەرینی کارگەدا، شیمانەی هاوکاری کۆیلەکان لەگەڵ یەکتریدا بۆ ئەوەی رابکەن، شیمانەیەکی لاواز بوو، بەڵام پاسەوانەکان لە کاتی ڕۆژیشدا چاودێرییان دەکرد.

سەرپەرشتیاران و پاسەوانان، بۆ ئەوانەی کە لە ژێر دەستی سەرپەرشتیاراندا کاریان دەکرد، بۆ سزادانی کۆیلەکان سەربەستی موتڵەقیان هەبوو، مانای دەیانتوانی کۆیلەکان بکوژن و هیچ کەسێك لێپرسینەوەی لەگەڵیاندا نەدەکرد کە بۆچی کۆیلەیەکی کوشتووە.

تەنانەت ئەگەر بهاتبایە هەموو کۆیلەکانی کارگەیەك، بەدەستی سەرپەرشیاران و پاسەوانان، بە تاوانی یاخیبوون کوژرابان، دیسانەوە کەس لێپرسینەوەی لەگەڵیاندا نەدەکرد، بەڵکو تەنیا لەو بارەیەوە بۆ لێپێچانەوە بانگ دەکران کە بۆچی بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە کار رابوەستێ.

بۆیە خۆبواردنی سەرپەرشتیاران و پاسەوانان لە کوشتنی کۆیلەکان، لە ترسی راوەستانی کار، یان کەمبوونەوەی هێزی کار بوو، نەك لە ڕووی بەزەیی هاتنەوە بە کۆیلەکاندا.



مووسا سەرنجی دا لەبەر ئەوەی کە پیاوانی ئازا و ساغی ئیسرائیلی لە کارگەکاندا سەرقاڵی کارکردنن و ناتوانن خۆیان ئازاد بکەن تا خۆیان بگەیەننە سەرزەوینی کۆش، ئەو ناتوانێ ئەو پیاوانە لە میسربەرێتە دەرەوە و تەنیا لە حاڵێکدا ئەو کارە دەرەتانی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لە ئەنجامی یاخیبوونێکی بە کۆمەڵەوە خۆیان ئازاد بکەن و بگەنە سەرزەوینی کۆش و لەوێوە خۆیان بگەیەننە کەنعان، بەڵام بەو حاڵەی ئێستاوە نابێ هیوای ئەوە هەبێ کە کۆیلەکان لە رێگەی یاخیبوونەوە خۆیان رزگار بکەن.

کەوابوو ئەو ناتوانێ هاونەژادانی خۆی لە میسربەرێتە دەرەوە، مەگەر بەو جۆرەی کە ژن و منداڵ و بەتەمەنداچووەکان لە میسربەرێتە دەرەوە و بیان گەیەنێتە کەنعان، بەڵام گەیاندنی ئەوان بە کەنعان سوودێکی نییە چونکە ناتوانن لە رێگەی بە خێوکردنی مەڕ و بزنەوە، ژیانی خۆیان دابین بکەن.

جگە لە بابەتی پیاوانی ئازا و ساغ، کە هەموویان لە کارگەکاندا کاریان دەکرد، مووسا گوێی لێبوو کە ئەو چەندەش کە لە کۆش دەژین حەزناکەن لەوێ بڕۆن.

مووسا تێبینی کرد کە ئەوانە خوویان بە کۆیلەتییەوە گردووە و ئامادەنین کە وەزعی ژیانی خۆیان بگۆڕن و لە لایەنە نادیارەکانی ئایندە بەجۆرێك دەترسن کە ناتوانن بۆ باش کردنی وەزعی ژیانیان، هەنگاوێك هەڵبێنن.

لەو کاتەدا مووسا بەخۆی گوت ئەگەر قەومێك ئامادە نەبێت وەزعی خۆی چاك بکا، ئایا کەسێکی دیکە مافی ئەوەی هەیە بۆ چاککردنی وەزعی ژیانی ئەو قەومە بکەوێتە کار؟

ئایا قەومێك ئامادە نەبێت خۆی لە کۆیلەتی رزگار بکا، ئایا کەسێکی تر دەتوانێ ئەو قەومە ئازاد بکا و چێژی ئازادییان پێ ببەخشێ؟

ئەگەر قەومێك ئەوەندە خووی بە چارەڕشییەوە گرتبێ، کە هەر هەنگاوێك کە بۆ باشکردنی ژیانی وی هەڵدەگیرێ، بە بەدبەختییەکی گەورەتری بزانێ، ئایا ئەوە هەڵدەگرێ کە ئەو قەومە، بە پێچەوانەی حەزی خۆی، بخاتە نێو ژیانێکی نوێوە؟

تا ئەو رۆژە، ئەم پرسیارانە بەمۆژەی مووسادا نەهاتبوون، چونکە تا ئەو رۆژە یەقینی هەبوو کە هاونەژادانی ئەو چاوەڕێی هەلێکن کە خۆیان لە کۆیلەتی رزگار بکەن و ژیانی ئازادی باوباپیرانی خۆیان بگرنە بەر.

تا ئەو رۆژە، مووسا، یەقینی هەبوو کە هەرگا دەستێکی رزگارکەر بۆ هاونەژادانی وی درێژ بکرێ و بەوان بڵێ کە ئامادەیە ئەوان رزگار بکا، هەروەکو نوون گوتی، بۆ هەتاهەتایە

ناوی وی بە باشی یاد دەکەنەوە و ئەو وەکو پیاوێك دەبینن کە ژیانێکی تازەی بەوان بەخشیوە، بەڵام مووسا ئەو ڕۆژە تێگەیشت کە بەدبەختی، لە ژیانی هێندێك کەسدا بەجۆرێك بۆتە پاژێك لە ژیانی ئەوان کە هەر هەنگاو هەڵێنانێك لە پێناوی ڕزگاری ئەواندا، ڕووبەڕووی بەرهەڵستی دەبێتەوە و ئەوان بە زمانی حاڵ دەڵێن لێمان گەڕێ بەم حاڵەمانەوە بمێنینەوە و بمرین و وەزعی ژیانی ئێمە مەگۆڕە.

لە ئاکامی ئەم بیرۆکەیەدا مووسا بەخۆی گوت کە دەبێ بچێتە لای نف و لەگەڵ ئەودا راوێژ بکا.

نف سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی تاکە دۆستی مووسا بوو کە لە زمانی وی تێدەگەیشت و ئەو پیاوە لاوە دەیتوانی نهێنییەکانی خۆی لای ئەو پیاوە باس بکا. نوون، غولامی مووسا، ئەویش دۆستی بوو بەڵام زانیاری و تاقیکردنەوە و بیری قووڵی نفی نەبوو.



## -٢١-

# لە پێناوی کۆیلەیەکدا

پاش ئەوەی مووسا گەڕایەوە پایتەخت، سۆراخی نفی کرد. لە پایتەخت پێیان گوت نف لە جێگایەکە کەلەوێ پەرستگایەك بۆ (ئوزیریس) بنیات دەنرێ. فیرعەون، ماوەیەك پێش ئەوەی کە بڕیار بدات پایەی بەردین وبنەکەی بۆ پایتەخت بگوازنەوە، ئەو پەرستگایەی بۆ ئوزیریس، خوای مردن و گۆڕستان، دروست دەکرد.

مووسا لە پایتەختەوە ڕێگای باشووری گرتە بەر تاخۆی بگەیەنێتە ئەو پەرستگایە. ڕۆژێك، گەیشتە جێگایەك کە کارگەی تەلاری پەرستگای ئوزیریس بەدەرکەوت.

مووسا، تەماشای کرد زۆربەی ئەو کۆیلانەی کە لەو کارگەیەدا کاردەکەن ئیسرائیلین. هەڵگرتنی بەردی گران، بۆ ئەوەی سەر بخرێتە سەرەوە و لەسەرەوەی تەلار دابمەزرێ، بەوان سپێردراوە.

بەردەکانیان لەنێو سەبەتەی گەورەدا، کە لە داری حەیزەران دەچنرا، دادەنا. ئەم سەبەتانە کاتێك دەچنران کەدار حەیزەرانەکان تەڕ بوون و پاش ئەوەی سەبەتەکە دەچنرا، ئەو سەبەتانە ڕەق دەبوون. ئەو سەبەتە گەورانە، کە دەبوایە بەردەکانی لەنێودا دابنێن، وەکو سەبەتەیەکی مەعدەنیی قایم و پتەو دەردەچوو.

هەڵگرتنی بەرد و دامەزراندنی بۆ سەرەوەی تەلار و دانانی لە شوێنی کار، سێ قۆناغی هەبوو. لەقۆناغی یەکەم دا دەبوایە کۆیلەکان بەردەکە لە نێو سەبەتەدا دابنێن، لەقۆناغی دووەمدا ئەو سەبەتەیە ببەنە سەرەوە و لە قۆناغی سێیەمدا بەردەکە لە شوێنی کار دابنرێ.

لەم سێ قۆناغەدا، دانانی بەرد لە شوێنی کار، لە هەمووان زیاتر دژواریی تێدابوو، هەر چەندە لە قۆناغی یەکەم و دووەمیشدا دژواریی کار، کەم نەبوو.

دەبووایە کۆیلەکان، بەرد لە نێو سەبەتەی گەورەدا دابنێن. دانانی بەردیش بەدەست لە نێو سەبەتەدا، لە توانادا نەبوو. هەر بۆیە بەردەکەیان بە گوریس بە دووتیری درێژ دەبەستەوە و ئەو دوو تیرە لە سەرەوەی بەردەکە، ڕاست و چەپ دادەنرا و دەیان خستە سەر شانی خۆیان.

تیرەکان ئەوەندە درێژ بوون کەژمارەیەکی زۆر لە غولامان، ئەو دوو تیرەیان دەخستە سەر شانی خۆیان و بەفەرمانی سەرپەرشتیاران، بەیەك هەستان، ئەو بەردەیان بەرزدەکردەوە و لە نێو سەبەتەکەیان دادەنا. پاشان سەبەتەی ناوبراو بەدرێژایی سکەیەکی روو بەسەرەوە، بەسەر سێرەیەکی دارەوە ڕادەکێشرایە سەرەوە تاکو دەگەیشتە شوێنی کار.

دوای رامسیسی دووەم، هەڵگرتنی بەرد بۆ سەر شوێنی کار، تەواو بوو. لەجیاتی ئەوەی کە بەرد لە نێو سەبەتەی حەیزەراندا دابنێن و بەسەر سێرەی دارەوە بە سکەیەکی روو بەسەرەوە، ببرێتە سەرەوە تاکو دەگاتە شوێنی کار، لە نێو گالیسکەی چەرخداردا، دادەنرا و پاشان غولامەکان ئەم گالیسکەیەیان ڕادەکێشایە سەر سکەی روو بەسەرەوە و دەیان گەیاندە سەر شوێنی کار. بەڵام لەسەردەمی رامسیسی دووەم، ئامرازی هەڵگرتنی بەرد بۆ سەر جێگای کار، سەبەتەی حەیزەران بوو و کاتێك غولامان سەبەتەکەیان دەگەیاندە سەر سکەی روو بەسەرەوە، دەبوایە بە فەرمانی تەلارساز و. فەرمانی سەر پەرشتیاران، بیخەنە سەر شوێنی کار.

بۆ دانانی بەردەکە لەسەر شوێنی کار، دەبووایە جارێکی تر ئەو گوریسانەی کە بە بەردەکانەوە بەسترابوون، بەتیرەکانەوە ببەستن و بە سەرشانیانەوە هەڵیبگرن تاکو لەسەر شوێنی کار دایدەنێن.

دانانی بەرد لەسەر شوێنی کار، کارێك بوو وردەکاریی تێدا بوو. دەبوایە کۆیلەکان بەردەکە بەجۆرێك لەسەر شوێنی کار دابنێن، کە لەگەڵ بەردەکەی ژێرخۆیدا، ڕێك و ڕاست بێت، چونکە ئەگەر بەردەکەیان بەجۆرێك دابنایە کە لەگەڵ بەردەکەی ژێرەوەدا ڕێك و ڕاست نەبوایە، تەلارساز و بیناساز، نەیاندەتواتی ئەو بەردە بجووڵێنن و بەجۆرێك دایبنێن کە لەگەڵ بەردەکەی ژێرخۆی، ڕێك و ڕاست بێت.

کۆیلەکان لە جوڵانەوەی یەکەم و دووەمدا نەیاندەتوانی بەردەکە بەجۆرێك، کە بە دڵی تەلارساز بێت، بخەنە سەر بەردەکەی ژێرەوە. سەر پەرشتیاران، بێ بەزەییانە غولامەکانیان دەدایە بەرقامچی.

ئەوان وایان بیردەکردەوە کە کۆیلەکان دڵیان بەکارەکەوە نیە و بەئەنقەست وا دەکەن تاکارەکە عەیبداربێ. بەڵام ئەو چارەرەشانە بەئەنقەست وایان نەدەکرد تا تەلارساز ناڕازی ببێ، بەڵکو ئەوان نەیاندەتوانی بەجۆرێك بەردەکە بخەنە سەر بەردەکەی ژێرەوە کەلەرووی پەیکەری بیناوە، ڕێك و ڕاست بێت.



سەرپەرشتیاران، چاوەڕوانی ئەوە بوون کە جووڵانی دووسەد یان دووسەدو پەنجا یان سێ سەد کۆیلە کە بەهۆی تیرەکانەوە، بەردەکەیان بەسەر شانەوە هەڵگرتووە، ئەوەندە ڕێکوپێك بێت کە بتوانن هەروەکو بیناسازێك، کە خشتێك دەخاتە سەر خشتێکی تر، ئەو بەردە بخەنە سەر بەردەکەی ژێر خۆی. بەڵام قورسیی بەردەکە و زۆری غولامان و ئەو تیرە درێژانە کە کەوتبووە سەرشانی ئەوان، بەربەستی ئەوە بوو کە جووڵانەوەی غولامان یەك تەکان و ڕێکوپێك بێت و بەردەکە، هەر لە جاری یەکەم و دووەمدا بە شێوەی دڵخواز نەدەکەوتە سەر بەردەکەی ژێرەوە.

ئەو رۆژە کەمووسا بۆ بینینی نف چوو بووە شوێنی تەلاری پەرستگای ئوزیریس، دەستەیەك لە کۆیلەکان دەکەوتنە بەرچاو، کە ژمارەیەك کۆیلەی ئیسرائیلییان تێدابوو. ئەوان بەردێکیان بۆ سەرەوە بۆ سەر شوێنی کار بردبوو و لەوێ ئەو تەلارسازەی کە خەریکی کارکردن بوو، بەوانی گوت کە بەردەکە بخەنە شوێنی کار، بەڵام کۆیلەکان کە دوو تیری درێژیان بەسەر شانەوە بوو، نەیانتوانی بەشێوەی دڵخواز بەردەکە بخەنە سەر شوێنی کارەکە.

دووکەس لە سەر پەرشتیاران، بە قامچی هێرشیان بۆ کۆیلەکان برد و بەجۆرێك لەوانیان دا کە ژمارەیەك لە غولامەکان، کەتیریان بەسەر شانەوە بوو، تیرەکەیان بەرەڵاکرد.

لەو کاتەدا، بەردەکە، کە بە گوریسەکانەوە بەسترابۆوە، کەوتە ئەو دیوی دیوارەکە، مانای کەوتە هەواو بەرەڵا بوو. کاتێك دەستەیەك لە کۆیلەکان یەکێك لەتیرەکانیان بەرەڵاکرد، هەموو قورسایی بەردەکە کەوتە سەرتیری دووەم، هەڵگرانی ئەو تیرە، نەیانتوانی بەرگەی ئەو قورساییە بگرن و تیری دووەمیش بەرەڵابوو و بەردەکە کەوتە خوارەوە. ئەو بەردە ئەوەندە قورس بوو کە هەردوو تیرەکە و ژمارەیەك لە غولامەکانی لەگەڵ خۆی بردە خوارێ.

بەردەکە و تیرەکان بە دەنگێکی ترسناکەوە کەوتنە خوارێ، ئەو کۆیلانەی کە لەگەڵ تیرەکانەوە کەوتنە خوارێ، کاتێك زانییان کەوتوونەتە خوارێ، هاتوهاوارێکی ترسناکیان لێ بەرز بۆوە، بەڵام کاتێك کەوتنە سەر زەوی، هات و هاواریان خامۆش بۆوە.

مووسا، کەتا ئەوکاتە کارەساتی لەم بابەتەی نەدیبوو، لەرزی لێهات. بەڵام ئەو رووداوە هیچ کاری لە تەلارساز و سەر پەرشتیاران نەکرد. سەر پەرشتیاران، بەژمارەیەك لە کۆیلەکانیان گوت کە بچن لاشەی هاوکارانی خۆیان لەبن دیوارەکە هەڵبگرن و بەژمارەیەك کۆیلەی تریان گوت تا بچن ئەو بەردەی کە بەربۆتەوە بیهێننەوە سەرەوە و لە شوێنی کاری دابنێنەوە.

کاتێك بەردەکە و تیرەکان و کۆیلەکان کەوتنە خوارەوە، دەنگی کەوتنە خوارەوەی ئەوان لە دەوروبەری کارگەی بیناکردندا دەنگی دایەوە. کۆیلەکان بۆ چەند ساتێك لە تین و تاوی وەحشەتدا بێ جووڵە مابوون. بەڵام لە پاشاندا، بەفەرمانی سەر پەرشتیاران، دەستیان بەکار کردەوە. مووسا دیقەتی دا کۆیلەکان، لە بارەی ئەم ڕووداوەوە کەبووە مایەی لەناوچوونی ژمارەیەك لە هاوکارانیان پێکەوە قسەیان نەکرد. لە حاڵێکدا کە خەڵکی میسر، لەبارەی رووداوگەلێکەوە کەزۆر لەو کارەساتە بێبایەخ ترە چەند کاتژمێرێك قسەیان دەکرد.

مووسا تێگەیشت کە کۆیلەکان لەترسی قامچی سەر پەرشتیاران و پاسەوانان، زاتی ئەوە ناکەن کە دەربارەی ئەو رووداوە قسەبکەن. لە وانەیە پاش خۆرئاوا بوون و کاتی پشوودان لەبارەی ئەو رووداوەوە شتێك لەگەڵ یەکتری باس بکەن.

مووسا، بەبینینی ئەم رووداوە بەجۆرێك لەرز دایگرتبوو کە تاماوەیەك لەبیری چۆوەکە بۆ چاوپێکەوتنی نف هاتۆتە ئەوێ و نەیدەتوانی چاو لە کۆیلەکان وەربگێڕێ و تەماشای کرد لەو کارگەیەدا کۆیلەی میللەتانی جۆربەجۆر بەرچاو دەکەون.

هێندێك لە کۆیلەکان خەڵکی وڵاتانی کۆش، لیبیا، بابل و هاتی بوون. مووسا، دەیزانی ئەوانە دیلی جەنگن و نەیان توانیوە هەقی (فدیە)ی خۆیان بدەن و ئازاد بن.

پیاوە لاوەکە، ئاگادار بوو لەوشەڕانە، کە لە نێوان میسر و میللەتانی دیکەدا بەرپا دەبێ ژمارەیەك بەدیل دەگیرێن. بەردەوامیش سەربازانی بەدیل گیراو، گیرۆدەی کۆیلەتی دەبن. بەڵام ئەو ئەفسەرانەی کە بەدیل دەگیرێن، خۆیان دەکڕنەوە و لە دیلیی رزگاریان دەبێ. چونکە ئەفسەران لە وڵاتی خۆیاندا، توانایان هەیە یاخود خزمی دەوڵەمەندیان هەیە و هەقی (فدیە)ی دیلێتی ئەوان دەدەن و ئازادیان دەکەن. بەڵام سەربازان، دوای ئەوەی کە بەدیل دەگیرێن، لەبەر ئەوەی کە ناتوانن (فدیە)ی خۆیان بدەن و ئازادبن، دەچنە ریزی کۆیلانەوە و دەبێ تا ئەو رۆژەی لە ژیاندان، کاربۆ فیرعەون بکەن.

مووسا لەنێو غولامەکاندا ژمارەیەك کۆیلەی میسریشی بینی، چونکە میسرییەکانیش دەبوونە کۆیلە و کەسێکی میسری بەدوو جۆر دەبوو بە کۆیلە:

یەکەمیان ئەوکەسە بوو کە قەرزێکی وەردەگرت و نەیدەتوانی قەرزی خۆی بداتەوە. خاوەن قەرز، ئەو کەسەی دەبردە بازاڕی کۆیلە فرۆشان و دەیفرۆشت تا قەرزی خۆی وەربگرێتەوە.



قەباڵەی قەرزوەرگرتنی ئەو کەسانەی کە نەدارا بوون و خاوەن قەرز دەیزانی، کەهەر کاتێك قەرزوەرگر نەتوانێ قەرزەکەی بداتەوە، ئەوە بوو کە ئەو، واتە خاوەن قەرز دەیتوانی قەرزوەرگر بەرێتە بازاڕ و بیفرۆشێ.

هەر بۆیە بڕی ئەو قەرزەی دەدرایە کەسانی نەدارا، لە نرخی خودی ئەوان زیاتر نەبوو و ئەمەش سروشتییە کە قەرزدەر، قەرزێکی دەدانێ، کەلە ئاستی نرخی واقیعیی ئەو نەفەرە کەمتربوو.

ئەگەر بهاتبایە قەرزدەرێك، ئاگای لە نرخی قەرزوەرگر نەبوایە، پێش ئەوەی قەرزی بداتێ ئەوی دەبردە بازاڕی کۆیلە فرۆشان و پیشانی چەند مامەڵەچییەکی کۆیلە فرۆشی دەدا تا پێی بڵێن کەنرخی وی چەند ئەڵقەی زێڕ دەهێنێ.

هۆکارێکی دیکە کەدەبووە بایسی ئەوەی کەسێکی میسری ببێتە کۆیلە، سووکایەتیکردن بە خواکانی میسر بوو.

لەسەردەمی رامسیسی دووەمدا، کە پەیڕەوانی ئایینی ئاتوون، دەکوژران، فیرعەون پێویستیەکی زۆری بە کۆیلە هەبوو. ئەگەر بهاتبایە دوو کەس گەواهییان بدایە کە کەسی سێیەم، سووکایەتی بە یەکێك لە خوایانی میسر کردووە، تۆمەتباریان دەستگیر دەکرد و دەیان کرد بە کۆیلە.

پاش رامسیسی دووەم، ئەو قانوونە زاڵمانەیە گۆڕدرا. پیاوان، تەنیا بە پشت بەستن بەگەواهیی دووکەس، نەدەکران بە کۆیلە. بەڵام لەسەردەمی پاشایەتی ئەو پاشایەدا، هەرکەسێك بە گەواهیی دوو نەفەر، تۆمەتبار بکرابایە کە سووکایەتی بە یەکێك لە خواکانی میسر کردووە، حوکمی بە کۆیلە کرانی بەسەردا دەدرا.

هەرکەسێك دوژمنی کەسێکی تر بوایە، دەهات کەسێکی دیکەی دەکردە هاودەستی خۆی تا گەواهیی بۆ بدات کە کەسی سێیەم سووکایەتی بەیەکێك لەخواکانی میسر کردووە و ئەوکەسە دەستگیر دەکرا و بە کۆیلە دەبرا.

ئەم بابەتە، بۆ ژمارەیەك لە میسرییەکان، ببوە سەرچاوەی بژێوی پەیداکردن. ئەوان هەڕەشەیان لە کەسانی بێتوانا و بێ پەنا دەکرد، پێیان دەگوتن ئەگەر زێڕ یان زیو یان لانی کەم مسیان نەدەنێ، بەوە تۆمەتباریان دەکەن کە سووکایەتیان بە خوایانی میسر کردووە.

مەترسیی سووکایەتیکردن بەخواکان، تا ئەو رۆژەی ئێرانییەکان ( نزیك بە پێنج سەدە پێش زایین) چوونە ناو میسرەوە، هەرمابوو.

هەرچۆنێك بێ وەكو سەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەم، تین وتاوی نەمابوو. ئەم تۆمەتبارکردنە تا لەنێو پەرستگایەکدا یان بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەکاهینان، ئیسپات نەبووایە، تۆمەت پێکراو، حوکمی بەکۆیلە کرانی نەدەدرا.

لەمێژووی میسر دا، لە هیچ سەردەمێك لە سەردەمەکاندا، کۆیلەتی، بەئەندازەی سەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەم، تین و تاوی نەبووە. هەروەکو لەبەشەکانی پێشودا بینیمان- لە سەردەمەکانی بیناکردنی هەڕەمەکان، کۆیلەتی لە میسر نەرم و نیان بوو و ئەو کەسانەی کەلەبنیاتنانی هەڕەمەکان بەشدارییان دەکرد لەواقیعدا کرێکاری ئارەزوومەندانە بوون نەك کۆیلە.

تینوتاوی کۆیلەتی، لەسەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەم، هێندێك لەمێژوونووسانی ئەوروپای لەسەدەی نۆزدەیەمدا تووشی هەڵە کردووە. ئەوان وایان وێناکردووە کەلە قۆناغەکانی بنیات نانی هەڕەمەکانیشدا، کۆیلەتی بەهەمان ئەندازە تینوتاوی هەبووە.

ئەوەی مێژوونووسانی ئەورووپای لەسەدەی نۆزدەیەمدا تووشی هەڵە کرد ئەوە بوو کەئەوانە بەخۆیان دەگوت، کە هەڕەمەکانی میسر، لەو تەلارانە گەورەتر بوو کە رامسیسی دووەم لەسەردەمی پاشایەتی خۆیدا دروستی کردن. هەر بۆیە بۆ بنیات نانی هەڕەمەکان، پێویستیان بەژمارەیەکی زۆرتر لەکۆیلە هەبووە، لەئەنجامی ئەوە، لەسەردەمی بنیات نانی هەڕەمەکاندا، کۆیلەتی لە میسر، توندو بەهێزتر بووە.

هەرچۆنێك بێ، سەخت ترین سەردەمی ژیانی کۆیلەکان لە میسر، لەسەردەمی رامسیسی دووەم دا بووە. تا ئەو ڕۆژەی ئەو پیاوە لە میسر پاشایەتی کرد، هەرگیز میسر، لەڕووی کۆیلەوە، پێویستیی پڕنەدەبۆوە. هەرچەندە لە وڵاتانی دەوروبەرەوە کۆیلەیان دەهێنایە ناو میسرەوە، یان خودی میسرییەکانیان دەکرد بە کۆیلە، دیسانەوە ئەو پاشایە بۆ بنیاتنانی تەلارەکانی خۆی، پێویستی بەکۆیلە هەبوو.

مووسا، لەو رۆژەوە کەپێی نایە قۆناغی ئەقڵەوە، کۆیلەکانی میسری دیتبوو و لەهەر هەنگاوێکدا، لەگەڵ ئەوان رووبەڕوو دەبوو. بەڵام تاماوەیەك بەبینینی بەدبەختیی کۆیلەکان، دڵتەنگ نەبوو، چونکە وەزعی ژیانی ئەوانی وەکو رێرەوی شەتی نیل بە رووداوێکی ئاسایی دەبینی و وای بیردەکردەوە کە کۆیلەکان دەبێ ئاوا ژیان بەرنە سەر.

پاش ئەوە، بەرە بەرە سەرنجی دا کەکۆیلەکان لە میسر، کەسانێکی چارە ڕەشن، ئەوان، بۆ ئەوە نەهاتوونەتە سەردنیا کەبەو چارەرەشییەوە بژین. بەڵکو کەسانیتر ئەوانیان بەدبەخت



کردووە. ئینجا هاتە سەرباری ئەوە تێبگا کە چ کەسانێك، ئەو کۆیلانەیان ئاوا بەدبەخت کردووە.

هەوەڵ جار، بیری بۆ فیرعەون چوو، بیری کردەوە کە پاشای میسر، ئەو چارە نووسەی بۆ غولامانی میسر هێناوەتە ئاراوە. بەڵام پاشان تێگەیشت کە فیرعەون بەتەنیا هۆکاری هاتنە ئارای ئەو چارە نووسەی کۆیلەکان نییە، چونکە پێش پاشایەتی ڕامسیسی دووەمیش لە میسر، کۆیلە هەر هەبووە و ناچاریان کردوون کە بە خۆڕایی کاربکەن.

پیاوە لاوەکە پاش ئەوە تێگەیشت کە بەرپرسیاری چارەنووسی رەش و شوومی کۆیلەکان لە میسر، سێ هۆکاری هەیە:

یەکەم: کاهینان، دووەم دەسەڵاتدارانی میسر(جگە لە کاهینەکان) و سێیەمیان فیرعەون.

پێش ئەوەی کە رامسیسی دووەم، لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشێ و پاشاکانی زنجیرەکانی پێشوو، لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنیشن، کاهینان و ئەشرافەکان، شێوازی کۆیلەتییان لە میسر هێنایە کایەوە.

کاهینان بوون کە خەڵکی میسریان والێکرد کە باوەڕ بەخواکانی میسر بهێنن. خوایانی میسر، پێویستیان بە پەرستگا بوو، پەرستگاش پێویستی بە موڵك و ماڵی لەقەبەڵ نراو هەبوو. ئەو موڵکانەش دەبوایە، جوتیاران بەخۆڕایی بۆ خوای پەرستگا و لەواقیعدا بۆ کاهینان کاربکەن و بەژیانێکی نەمر و مەژی خۆیان رابێنن.

بناغەی کۆیلەتی لە میسر ، هەر بەو پێیە، هەوەڵ جار، لەلایەن کاهینانەوە دانرا. پاشان دەوڵەمەندان کەوتنە سەرباری ئەوەی کۆیلەکان لەموڵکەکانی خۆیاندا بەکار بێنن و ئەوان وا لێبکەن کە بەخۆرایی بەردی کانزایی بۆ ئەوان دەربهێنن.

کاتێك بەکارهێنانی کۆیلە لەلایەن کاهینانەوە، لەنێو موڵکی پەرستگاکاندا، بوو بەکارێکی باو، پاشاکانی میسریش کەوتنە سەرباری ئەوەی کە بۆ ئەو کاروبارانەی کەخۆیان لەبەرچاویان گرتبوو، هەر لە هەڵکەندنی کەناڵی ئاودێرییەوە بیگرە تا بەنداو دروستکردن و بنیات نانی هەڕەمەکان، سوود لەو هێزی کاری خۆڕاییە وەربگرن.

ئەگەر کاهینان، یەکەمجار نەریتی سوود وەرگرتن لە کۆیلەکانیان لەمیسر نەکردایە بە شتێکی باو، کۆیلەتی لەو وڵاتەدا ئەو شێوە وەحشەت هێنەرەی بەخۆوە نەدەگرت.

پیاوە لاوەکە دوای ئەوە، پەی بەوە برد کە کۆیلەتی لەوڵاتانی دیکەشدا هەیە و تەنیا بە میسرەوە تایبەت نییە. ئەو، زانی کە لە وڵاتانی هاتی و هەروەها لە وڵاتی بابلیشدا کۆیلە

هەیە و لەوڵاتی هاتیدا هێندێك لە كۆیلەكان كوێر دەكەن تا بتوانن بەردەوام بە گاسن یان بەبەردی ڕۆن لێگرتن، بیان بەستنەوە و ترسی هەڵاتنیان لێ نەكرێ.

مووسا، سەفەری نەبۆ وڵاتی هاتی ونە بۆ مەملەكەتی بابل نەكردبوو تابزانێ كۆیلەتی لەوێ لە چ بنەمایەكەوە سەرچاوەی گرتووە و ئایا لەوێش هەر وەكو میسر، لە پەرستنی خوایانەوە سەرچاوەی گرتووە یان بنەمایەكی دیكەی هەیە. ئەو بیری كردەوەكە ئەو بابەتە لە نف ، سەرۆكی تەلارسازانی كۆشكی پاشایەتی، بپرسێ.

مووسا، تەنانەت لەو ساڵانەدا كەپەی بە بەدبەختی كۆیلەكان برد و هەربۆیەش لەگەڵ نوون، كۆیلەی خۆیدا بە جۆرێك رەفتاری دەكرد كە هەروەكو بۆ خۆی بێ، وەكو ئەو رۆژە بە رۆژرەشی و زوڵملێكراویی كۆیلەكان لە میسر، نیگەران نەبوو.

ئەو رۆژە، كەوتنە خوارەوەی بەرد و تیر و ژمارەیەك لە كۆیلەكان لەسەرەوەی تەلارەكەوە مووسای بەجۆرێك هەژاندبوو كە بەخۆی گوت:

من چیتر ناتوانم دان بەخۆمدا بگرم و ئەم زوڵمانە ببینم.

ئەو رۆژە، مووسا بینی كەتەلارساز و سەرپەرشتیار و پاسەوانان، پاش كەوتنە خوارەوەی بەرد و تیرو كۆیلەكان، تەنیا لەبیری ئەوەدا بوون بزانن ئایا بەردەكە لەئەنجامی كەوتنە خوارەوەیدا شكاوە، یان بەشێكی لێ بۆتەوە یان نا! بەڕوانینی ئەوان، ئەو بەردە، نرخی لەگیانی ئەو كۆمەڵە كۆیلەیە زیاترە كەلە ئەنجامی كەوتنە خوارەوەیاندا كوژراون.

مووسا، سەرنجی دا كە ئەگەر لەو رۆژەدا، دە، یان بیست مراوی لەو تەلارەدا كوژرابان، هەمووان دڵتەنگ دەبوون، بەڵام هیچ كەسێك بەكوژرانی كۆمەڵێك كۆیلە بە ئەندازەی كۆمەڵێك مراوی دڵتەنگ نەبوو.(١٢)

ئەو رۆژە نوون، غولامی مووسا، لەگەڵ سەروەری خۆی بوو و پاش ماوەیەك بێدەنگی لەو نزیك بۆوە و گوتی: گەرچی من تەنیا غولامێكم، بەڵام ئەگەر من لەجیاتی ئەو غولامانە بوومایە كە بەرد دەكێشنەوە، بە چەقۆ گەرووی خۆم دەبڕی و خۆم دەكوشت تا ناچار نەبم ئەو كۆڵەمەرگییە قبوڵ بكەم. من لە سەردەمێكدا كە بوومە كۆیلە، زۆرم ئازار و مەینەتی چێشت بەڵام هەرگیز كۆڵەمەرگیی من بەو ئەندازەیە نەبوو.

---

(١٢) هێشتا لەمیسر مریشك و كەڵەشێر پەیدانەبوو بوو هەربۆیە مووسا، مراوی، كەلە وڵاتی میسر زۆربوو، لەوێك چواندندا بەكارهێناوە (و- ف)



مووسا، بینی كەبە فەرمانی سەرپەرشتیاران، ژمارەیەك كۆیلە لەو بەردە نزیك بوونەوە كە لەتەلارەكەوە كەوتبووە خوارێ تا بەردەكە بەرز بكەنەوە و بیخەنە ناو سەبەتەوە و سەبەتەكە بەسەر زەویدا ڕاكێشن تادەیگەیەننە شوێنی كار.

هەموو ئەو كارانەی كەپێشتر راڤەكران، دووبارە كرانەوە. كۆیلەكان، ئەوسەبەتەیەی كەبەردەكەی تێدابوو، هێنایە جووڵان و خستیانە سەر سكەی روو بەسەرەوە.

لە نێو كۆیلەكاندا، غولامێكی تێدا بوو ریشێكی درێژو رەشی هەبوو. نوون، بەسەروەری خۆی گوت:

سەروەرم ئەو غولامە ریشنەی كەدەیبینی لە تایفەی لاوییە.

مووسا پرسی: تۆ چۆن ئەوت ناسی، من وا وێنا ناكەم كە بەرێشییەوە بیناسی، چونكە زۆربەی كۆیلەكان كەلێرە كاردەكەن، كەم یان زۆر ریشیان هەیە.

نوون گوتی: من لەرابردوودا ئەوم دیتبوو و روخساری دەناسمەوە و دەزانم كەئەو لە تایفەی لاوییە.

ئەو كۆیلەیەی كە نوون دەیگوت لەتایفەی لاوییە، زۆر لاواز بوو. ئێسقانەكانی پەراسوو و كەلەكەی بەجۆرێكی بەرجەستە دەبینرا. سەرباری ئەوەش كەتۆز و خۆڵی سەر رووخساری بەربەستی ئەوە بوو كەمرۆڤ بتوانێ رەنگی رووخساری ببێنێ، مووسا، وای بیركردەوە كە لەوانەیە نەخۆش بێت.

لەو ساتەوە كەنوون گوتی ئەو كۆیلە ریشنە لە تایفەی لاوییە، مووسا، سەرنجی لە كۆیلەكانی دیكە نەدا و تەنیا چاوی لەو پیاوە بڕیبوو. كۆیلەی بەدبەخت تێدەكۆشا كەوەكو كۆیلەكانی تر بەرد لەسكەی رووبەسەرەوەڕا بەرەو كارگە ببا.

لەو كاتەدا كە ئەو پیاوە هەوڵیدەدا، مووسا دیقەتی دا هەردوو چاوی وەكو كەسێكی كە خەوی لێكەوتبێ، داخراوە و بەخۆی گوت: ئەم پیاوە یان نەخۆشە یا خەواڵووە. بەڵام یەكێك لە پاسەوانان سەرنجی لە كۆیلەی لاوی دا و بەجۆرێك قامچییەكەی داهێنایەوە سەرپشتی، كە ئەو پیاوە بەدبەختە لە جێگای خۆی راپەڕی و لەتاو ئازار هاواری كرد. پاسەوان گوتی: ئێستا كاتی خەوتن نیە بەڵكو كاتی كاركردنە و تۆ كاتی شەو، دەتوانی تا بەیانی بخەوی.

كۆیلەی چارەڕەش، لەترسی قامچی پاسەوان لە خۆی نووساو لەگەڵ كۆیلەكانی دیكەدا، بەردەكەی راكێشا، بەڵام دوای چەند هەنگاوێك كەوتە سەر زەوی و هەڵنەستایەوە.

کۆیلەکانی دیکە بانگیان کرد: هەستە.. هەستە.. بەڵام کۆیلەی لاوی لەسەر زەوی هەڵنەستایەوە، و مووسا تێگەیشت کە ئەو پیاوە ناتوانێ هەستێتەوە.

ئەو پاسەوانەی کە بەیەك لێدانی قامچی، بە گومانی خۆی، کۆیلە لاوییەکەی لە خەو بەخەبەر هێنا بوو، لێی نزیك بۆوە و بەسەریدا قیژاند کە هەستێتەوە، بەڵام پیاوی ریشن هەڵنەستایەوە.

پاسەوان گوتی: پێت وایە ئەگەر خۆت نەخۆش بخەی وازت لێ دێنم؟ پاشان سێ گۆپاڵی بەدوای یەکدا لەو پیاوە دا تاوای لێبکات کە هەستێتە سەر پێ، بەڵام ئەو پیاوە، کە ئەو ریشە درێژەی خۆڵاوی ببوو هەڵنەستایەوە.

پاسەوان رقی کرایەوە و چەند لێدانێکی توندتری لەو پیاوە بەدبەختەدا، چونکە وایدەزانی بەدرۆ خۆی نەخۆش خستووە. سەرباری ئەوەش کە وەزعی روخسار و قەڵافەتی ئەو کۆیلەیە بە ئاشکرایی پیشانی دەدا کە نەخۆش و بێتوانایە. لەو کاتەدا کە پاسەوان لەو کۆیلەیەی دەدا، مووسا، کەلەو کۆیلانەوە دوور بوو کە بەردیان دەکێشا، لێیان نزیك بۆوە و خۆی گەیاندە کۆیلەی لاوی.

پاسەوان لەتینوتاوی تووڕەییدا، حاڵەتێکی وەکو ئاژەڵی پەیداکردبوو. کاتێك مووسا، گەیشتە نزیکی غولامی لاوی، پاسەوانەکە بە جۆرێك لەو پیاوەی دەدا کەهیچ گومانی تێدا نەبوو کە نیازی کوشتنی ئەوی هەیە.

کۆیلەی لەپەلوپۆ کەوتوو، چاوەکانی کردنەوە بەڵام تازە ئیتر لە حەوساڵان راست ببۆوە، چاوەکانی بێ جووڵە بەرەو ئاسمان بوون. هەموو ئەو کۆیلانەی لە نزیکی وی بوون تێگەیشتن کە مردووە و پاسەوانیش کەلەوی دەدا، تێگەیشت غولامی بەدبەخت مردووە. ئیدی دەستی لە قامچی لێدانی هەڵگرت.

مووسا کەتا ئەو رۆژە، لە هەموو حاڵەتێکدا، خۆی لەسەر دانبەخۆداگرتندا راهێنابوو، ئیتر نەیتوانی خۆی ببوێرێ. شتگەلێك کە مووسا، ئەو رۆژە، لەو کارگەی بیناکارییەدا بینی، کاسەی سەبری پڕکرد و کوژرانی کۆیلەی لاوی، بە لێدانی قامچی پاسەوان، ئاخرین دڵۆپێك بوو کەڕژایە ناو کاسەکە و پڕی کرد.

مووسا ، هەروەکو کەباسکرا، لاوێکی باڵابەرز، چوارشانە و بەهێز بوو. هەنگاوێکی هەڵێنا و لە پاسەوان نزیك بۆوە و بەیەك جوڵانەوەی خێرا، قامچی لە دەستی ستاند و دوورفڕێی دا و پاشان مستێکی بەرەو رووی پاسەوانەکە بەڕێ کرد.



مووسا، مستی خۆی ئەوەندە بەقایم بەرەو رووی ئەو پاسەوانە بەڕێ کرد کەئەگەر ئەومستە بەر گایەك بکەوتبایە دەکەوتە سەر زەوی.

تووڕەیی، هێزی بازووی ئەو پیاوە لاوەی چەند بەرامبەر زیاد کردبوو. پاش ئەوەی ئەو مستە بەر روخساری پاسەوان کەوت، سەر و ڕووی ئەو پیاوە بەجۆرێك لەرزییەوە کەوا خەیاڵ بکەی کەدەبێ سەری لەلەشی جیا بێتەوە.

ئەو مستەی مووسا ئەوەندە بەهێز بوو، کە دەنگی شکانی ئێسقانی بڕبڕەی ملی پاسەوان قرچەی لێوەهات، ئەو پیاوە، بێ ئەوەی یەك تاکە قسە یان ناڵەیەکی لێوەبێ، کەوتەسەر زەوی و ئیدی جووڵەی نەکرد.

پاسەوانەکانی تر، لەئەنجامی ئەم رووداوە، لە بیریان چوو کەدەبێ کۆیلەکانی تر بۆ هەڵگرتنی بەرد بخەنە کارەوە.

کۆیلەکانیش کاتێك ئەم ڕووداوەیان بینی بێ جووڵە لە شوێنی خۆیان راوەستان.

هیچ کەسێك قسەی نەکرد، چونکە پاسەوانەکان دەیانزانی ئەو پیاوەی کە پاسەوانەکەی بەیەك مست بە زەوی داداوە شازادەیەکی میسرییە.

تەنانەت کۆیلەکان دیقەتیان لەوە گرت کە ئەوەی لە پاسەوانەکەی داوە، پیاوێکی گەورەیە و خاوەن دەسەڵاتە ئەگەر نا، پاسەوانەکانی دیکە هورژمیان بۆ دەبرد و دەیانکوشت.

نوون کەلەپەنا سەروەری خۆی راوەستابوو، پاش چەند دەقیقەیەك بێدەنگی، کەهیچ کەسێك نەیدەزانی دەبێ چ بڵێ و چبکا، ئەژنۆی دادایە سەر زەوی و پاسەوانەکەی، کەبەسەر ڕوودا کەوتبووە سەرزەوی، وەرگێڕا تا بکەوێتە سەر پشت و نوون گوتی:

مردووە.

نوون هەستایە سەرپێ و بە ئەسپایی گوتی:

من هەرگیز نەمدیبوو کە نەفەرێك بەیەك مست بکوژرێ، هێزی مووسا کەبەیەك مست ئەو پاسەوانەی کوشتووە لەڕادەی ئاسایی بەدەرە.

مووسا، پاش ئەوەی زانی کە پاسەوان کوژراوە، تووشی وەحشەت بوو. ئەمەش نەك بەهۆی ئەوە کە پاسەوانێکی زۆردار کوژراوە، بەڵکو بەو هۆیەوە کە کەسێکی کوشت.

مووسا، تائەو رۆژە کەسی نەکوشتبوو. گەرچی لە سەرزەوینی کۆش لە شەڕەکاندا بەشداریی کرد، بەڵام ئەو، بەشداریکردنی لەشەڕدا بە نەفسکوشتن نەدەزانی. ئەو نەفسکوشتنی

له شەڕو شۆڕدا، بە ململانێ و تێکۆشان دەزانی نەك بە نەفسکوشتن، چونکە هەر بەو جۆرەی کە ئەو تێدەکۆشا لە مەیدانی جەنگدا دوژمن بکوژێ، دوژمنیش هەوڵیدەدا ئەو لەناوبەرێ.

لەمەیدانی جەنگدا، ئەو و دوژمنی، هەردووکیان چەکیان پێبوو. هەردووکیان دەیانزانی کە دەیانەوێ یەکتری بکوژن. لەوێ فێڵ و غافڵگیریی لە ئارادا نەبوو. بەڵام سەبارەت بە پاسەوانەکە، غافڵگیریی رووی دابوو و پاسەوانەکە بیری بۆئەوە نەدەچوو کەمووسا هورژمی بۆ دەبا و دەیکوژێ.

ئەگەر ئەو پیاوە پێشبینی ئەوەی بکردبایە کە مووسا، هورژمی بۆ دەبا، تەنیا بەیەك شێوە دەیتوانی گیانی خۆی بپارێزێ ئەویش بریتی بوو لەوەی کەلەبەر دەستی ڕابکا. چونکە پاسەوان نەیدەتوانی بۆ بەرگری کردن لە خۆی، لەبەرامبەرمووسادا، هێرشی بەرامبەر بکاتەوە.

شازادە، مانای کوڕی فیرعەون، لە میسر، هەروەکو خودی فیرعەون ، روویەکی پیرۆزیی هەبوو و بەیەکێك لە خوایان دەژمێردرا. نەفەرێکی میسری نەیدەتوانی هورژم بۆ خوازادەیەك ببات تەنانەت ئەگەر بیزانیبا کە دەشیکوژێ.

مووسا، بە کوشتنی ئەو پیاوە غەمبار نەبوو و ئەوی بە مستەهەقی کوشتن دەزانی.

ئەگەر پاسەوانی مردوو، زیندوو بایەوە و هەستا بایەوە لەوانەبوو جارێکی دیکەش مووسا هورژمی بۆ ببا و بە مست بیکوشتبایەوە.

لە روانینی مووسادا، پاسەوانی بێ بەزەیی کە کۆیلەی نەخۆشی لاوی بە لێدانی قامچی کوشتبوو، مستەهەقی کوشتن بوو. بەڵام مووسا، لەشێوەی کوشتنەکەی و هەروەها لەکاری کوشتنی نەفس، پەشیمان بوو. ئەو وای بیردەکردەوە کەتا ئەو رۆژە سەرباری ئەوەش کەدەسەڵاتی زۆری هەبووە، بەڵام کەسی نەکوشتووە و ئەو نەدەبوایە ئەو پاسەوانەی بکوشتبایە.

چەند کەسێك لە سەرپەرشتیاران هاتن و یەکێکیان هاواری کرد کێ ئەم پاسەوانەی کوشت؟

مردنی کۆیلەی لاوی لە بەرچاوی ئەو پیاوە ئەوەندە بێبایەخ بوو، کەنەیپرسی غولامی بێچارە چۆن مرد. چونکە مردنی غولامەکان لەنێو کارگەکانی بیناکاریدا وەکو مردنی مێش و مێشوولەکان، بەبێ بایەخترین رووداو دادەنرا. بەڵام مردنی پاسەوانێك، رووداوێك بوو گرنگی خۆی هەبوو و دەبوایە بزانرێ کێ کوشتوویەتی و بۆچی کوژراوە.

پاسەوانەکان وەڵامی ئەوسەرپەرشتیارەیان نەدایەوە بەڵام ئاماژەیان بۆ مووسا کردو تێیان گەیاند کە ئەو، پاسەوانەکەی کوشتووە.



سەرپەرشتیار رووی کردە مووسا گوتی: ئەی شازادە، ئایا تۆ ئەم پاسەوانەت کوشت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ.

سەرپەرشتیار پرسی: بەچی کوشتت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەدەستی خۆم کوشتم.

سەرپەرشتیار پرسی: ئایا بە شمشێر یان بە چەقۆ نەتکوشتووە؟

مووسا گوتی: نا.

سەرپەرشتیار پرسی: ئەی شازادە، تۆ چۆن توانیت بەدەست بیکوژی، ئایا بەهەردوو دەستت گەروویت گرت و خنکاندت؟

مووسا دووبارە وەڵامی نەرێنی دایەوە و گوتی:

من هەردوو دەستی خۆم بەکارنەهێنا بەڵکو تەنیا یەك دەستم بەکارهێنا و یەك مستم لە دەم وچاوی سرەواند و کەوت و مرد.

ئینجا سەرپەرشتیار لێی پرسی: لەبەر چی کوشتت؟

مووسا، لاشەی کۆیلەی لاوی بە سەرپەرشتیار نیشان دا وگوتی: ئەو بە قامچی بەربووە گیانی ئەو غولامە کەنەخۆشیش بوو و کوشتی، منیش بەتاوانی کوشتنی ئەو غولامە ئەوم کوشت.

سەرپەرشتیار بەبیستنی ئەم قسەیە بە جۆرێك سەری سووڕما کەدەمی لەحەپەساندا بەش بۆوە و پرسی: ئەی شازادە، ئایا تۆ بەهۆی مردنی کۆیلەیەکی ئیسرائیلی پاسەوانێکی میسریت کوشت؟

مووسا وەڵامی ئەرێنی دایەوە.

سەرپەرشتیار پرسی: بۆچی کۆیلەیەك چ نرخێکی هەیە تا تۆ پاسەوانێکی میسری بکوژی؟

مووسا گوتی: کۆیلەش هەر مرۆڤە و گیانی هەیە، نەدەبوایە بەجۆرێك لێی بدا کەببێتە هۆکاری مردنی.

لەو کاتەدا نف، سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی هات. بە نفیان گوتبوو کە یەکێك لە پاسەوانان کوژراوە و ئەو کەسەش کە کوشتوویەتی هەمان ئەو پیاوەیە کە ئەو رۆژە هاتۆتە کارگەوە.

کاتێك نف لەدوورەوە مووسای بینی، بەبینینی خۆشحاڵ بوو، ئەو، بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە پاسەوانەکە بەدەستی مووسا کوژرابێ. ئەوە بوو لە مووسا نزیك بۆوە و گوتی:

ئەی مووسا بەخێربێی، ڕێگام بدە لەبارەی کوژرانی پاسەوانێك کەلێرە کوژراوە، لێکۆڵینەوە بکەم، پاش ئەوە دێمەوە خزمەتت.

ئەویش هەروەکو سەرپەرشتیارەکە پرسی: کێ ئەم پاسەوانەی کوشتووە؟

ئەو کەسانەی لەوێ بوون بەپەنجە ئاماژەیان بۆمووسا کرد. نف، بەسەرسامیەوە پرسی: ئەی مووسا ئایا تۆ ئەم پیاوە پاسەوانەت کوشتووە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ ئەی نف.

نف پرسی: بۆچی کوشتت؟

مووسا لاشەی کۆیلەی لاوی پێشانی نف دا و گوتی: ئەم پاسەوانە بەزەیی بەو کۆیلە بێتوانا و نەخۆشەدا نەهاتەوە و سەرباری ئەوەی کەهەمووان دەیانزانی نەخۆشە، ئەو بەزەبری لێدانی قامچی ئەوی ناچار دەکرد بەرد بکێشێتەوە. پاش ئەوەی کە کەوتە سەر زەوی و نەیتوانی هەستێتەوە، ئەوەندەی لێدا تا کوشتی. لەبەر ئەوەی ئەو بەزەیی بەو کۆیلە بێتواناییەدا نەهاتەوە منیش بەزەیم بەودا نەهات.

نف گوتی: من پێشنیار دەکەم کە تۆ بگەڕێیتەوە بۆ پایتەخت.

مووسا ئاماژەیەکی ئەوتۆی بۆ کرد کەکەسانی تر لە ماناکەی تێنەگەیشتن، بەڵام نف تێگەیشت کە مووسا دەڵێ من بۆ ئەوە هاتوومە ئێرە کەدەمەوێ لەگەڵ تۆدا قسە بکەم. نف بە مووسای گوت: من تێدەگەم تۆ دەتەوێ بڵێی چی، بەڵام واباشترە کەهەر ئەمڕۆ بگەڕێیەوە بۆ پایتەخت، من پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ پایتەخت لەوێ دەتبینم.

مووسا چووە ناو پایتەخت، لەوێ لە خانوویەك کە گوتمان بۆ دانیشتنی خۆی کڕیبووی، نیشتەجێ بوو. نوون، بەسەرسامیەوە بینی کە سەروەرەکەی جارێکی دیکەش وەکو ئەو ڕۆژگارەی لێهاتۆتەوە کەتەرمی دۆستانی خۆی دیتبوو. مانای دیسانەوە لە قسەکردن خۆی دەپاراست و لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە لەگژ بیرانەوە دەچوو.

نوون هەولێدەدا کە مووسا بخاتە چالاکییەوە، بەڵام ئەنجامێکی لەدەست پێشکەرییەکانی خۆی وەگیر نەدەکەوت.

ئەو دەیزانی کە مووسا نەئارەزووی خواردنەوەی بیرەی هەیە، نەپیاوێکیشە حەز بە ڕابواردن لەگەڵ ژناندا بکا، بەڵام ئارەزووی گەڕانی هەیە و لە ڕابردوودا زۆر دەچووە گەڕان. هەر بۆیە بە مووسای گوت: سەروەرم، ڕەزامەندی بفەرموو تا بەسواری ئەسپ بچین لەدەوروبەری



هەرەمەکان بۆخۆمان بگەڕێین، یان ڕەزامەندی بفەرموو سواری بەلەم ببین و بچینە ڕاوە مراوی، ئەگەر حەزیشت لە ڕاوە مراوی نیە، ڕاوی تیمساح بکە.

مووسا وەڵامی غولامی خۆی نەدایەوە. نوون گوتی: سەروەرم، تۆ ئەوەندە غەمباری کە هەروەکو کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموونت کوشتبێ، لەحاڵێکدا کەتەنیا پاسەوانێکت کوشتووە. کوشتنی یەك پاسەوان، ئەوەندە بەهایەی نییە کەتۆ ئەوەندە خۆت بخەیە ناو خەم و کەسەرەوە و لەماڵ نەچیتە دەرەوە.

مووسا گوتی: من مرۆڤێکم کوشتووە. کوشتنی پاسەوانێك و کاهینێکی گەورە هەروەکو یەك وایە.

نوون گوتی: سەروەرم، ئەی بۆچی تۆ لەوڵاتی کۆش بۆ ئەو هەموو خەڵکە کەلەمەیدانی جەنگدا دەکوژران، غەمت نەدەخوارد؟

مووسا گوتی: ئەوێ مەیدانی جەنگ بوو، لەوێ خوێن، خوێنی دەشۆردەوە، بەڵام خوێنی پاسەوانەکە، بەسەردەستی من ماوەتەوە و ناشۆردرێتەوە.

مووسا، بەهۆی ئەوەی کە پەیکەرێکی بەهێزو ئیشتیایەکی باشی هەبوو، زۆرخۆر بوو. نوون، کەنەیدەتوانی سەروەرەکەی خۆی لەماڵ بەرێتەدەرەوە و بیباتە گەڕان، هەولێدەدا خواردەمەنی بەتام بۆ وی ئامادە بکا.

ڕۆژێك کە مووسا وەکو ڕۆژانی تر لەماڵەوە دانیشتبوو، لەدەرگای ماڵەکەیان دا و نوون دەرگای کردەوە. ستی مووسا، سەرپەرشتیاری تۆماری موڵك، هاتە ژوورەوە. نوون، بینی کەژمارەیەك سەربازیشی لەگەڵدایە.

ئەو سەربازانەش هاتنە ناوماڵەکە و نوون، تەماشای کرد جگە لەمانە، ژمارەیەك سەربازی دیکە گەمارۆی ماڵەکەیان داوە.

غولامی مووسا، تێگەیشت کەبەهۆی ئەوەوە ماڵەکە گەمارۆ دراوە کە مووسا نەتوانێ ڕابکا. ستی مووسا، سەرپەرشتیاری تۆماری موڵك کەلەجاران قەڵەوتر ببوو بە نوونی گوت: من بەرە بۆ لای سەروەری خۆت.

نوون، ئەو پیاوەی بردە لای مووسا. ستی مووسا دوای ئەوەی چاوی بەمووسا کەوت گوتی: پاشا داوای ئامادەبوونی تۆی کردووە و تۆ دەبێ بەزوویی بچیتە لای.

مووسا گوتی: من دەزانم پاشا بۆچی داوای منی کردووە، بەڵام بەرلەوەی بەڕێبکەوم و بچمە لای ئەو، ئایا دەتوانم کەمێك لەگەڵ غولامی خۆم قسە بکەم، چونکە دیار نییە من دێمەوە ئەم ماڵە یان نا، ئەگەر نەگەڕامەوە دەبێ غولامی من بزانێ چ دەکا.

ستی مووسا گوتی: ئەگەر ئاخاوتنی شازادە لەگەڵ غولامی خۆی درێژە نەکێشێ دەتوانی لەگەڵیدا قسە بکا.

مووسا داوای نوونی کرد، ئینجا بەستی مووسای گوت کەبچێتە دەرەوە تا ئەو بتوانێ دوو بەدوو لەگەڵ غولامی خۆیدا قسە بکا.

ستی مووسا چووە دەرەوە و مووسا گوتی: ئەی نوون، لەنێو هەموو تیرەی بنیادەمدا، هیچ کەسێك ئەوەندەی تۆ لەمنەوە نزیك نییە. تۆ لەهەموو شتێکی من ئاگاداری. ئێستا ستی مووسا هاتووە و بەمن دەڵێ کە فیرعەون داوای منی کردووە. من دەبێ هەر ئێستا بچمە لای پاشای میسر. بەڵام گەڕانەوەی من بۆ ئەم ماڵە شتێکی مسۆگەر نییە، من هەر ئێستا، تۆ، کەتا ئەم ساتە غولامی من بووی، ئازاد دەکەم و پێت دەڵێم کەنیوەی ئەو زێرو زیو و گەوهەرانەی کەلەم ماڵەدایە موڵکی تۆیە. تۆ، سەرباری ئازادی، دەتوانی سوود لەنیوەی ئەو زێرو زیو و گەوهەرە وەربگری کەلەم ماڵە دایە.

بەڵام تۆ لە وڵاتی میسر مەمێنە و لێرە بڕۆ و بچۆ بۆ سەرزەوینی کەنعان، کە باو باپیرانی ئێمە ژیانیان لێ دەبردە سەر. لەوێ بژی و ئەگەر ویستت ئاسوودەتر بژی، بڕۆ بۆ بابل و بەو زێرو زیو و گەوهەرەی کەهەتە دەتوانی تادوایی تەمەنت ئاسوودەتر بژی. پاش ئەوەی لە کەنعان یان بابل نیشتەجێ بووی، ژنێکی بە ئارەزووی دڵت بێنە تا منداڵت پەیدا بن.

نوون گوتی: سەروەرم، بۆ لەبیرت چۆتەوە کە خوێنی من و تۆ تێکەڵاوبووە، من چۆن دەتوانم لەتۆ جیا ببمەوە؟

مووسا گوتی: ئێستا کەمن تۆم ئازاد کردووە، تۆ دەتوانی سوود لەئازادی خۆت وەربگری وناچار نەبیت خزمەتی کەسێکی تر، مانای من، بە ئەستۆی خۆتەوە بگری.

نوون گوتی: سەروەرم، ماوەیەکە لە خزمەتی تۆدا سەربەستم و خۆم بە کۆیلە نابینم و بەڕەزامەندی و تاسەوە خزمەتی تۆم بە ئەستۆی خۆمەوە گرتووە.

من چێژ لە خزمەتکردنی تۆ وەردەگرم و حەز دەکەم کەکەرەسەی ئاسوودەکردنی تۆ دابین بکەم. بۆیە کەتۆ منت ئازاد کردووە، من تۆ بەجێ ناهێڵم.



مووسا گوتی: ئەی نوون، ئەگەر من بمرم، چونکە هەمووان دەزانن کەتۆ غولامی منی، میراتگری من کە فیرعەونە، دەبێتە خاوەنی تۆ و واباشترە تامن نەمردووم، تۆ بە زێڕو زیو و گەوهەرێك کەمن دەتدەمێ لەم وڵاتە بچێتە دەرەوە و لە ئازادییەکی تەواو بەهرەمەند ببی.

نوون گوتی: سەروەرم، ئەگەر تۆبمری، میراتگری تۆ ناتوانێ ببێتە خاوەنی من و من خۆم دەکوژم و سوێندم خواردووە تا تۆ لە ژیاندا بی بەجێت ناهێڵم.

مووسا گوتی: ئەگەر سوێندت بەخواکانی سەرزەوینی کۆش خواردووە، ئەوا دەبێ پێت بڵێم کە سوێندەکەی تۆ بەهایەکی نییە و هەموو ئەو خوایانە خەیاڵین و هیچیان بوونیان نییە.

نوون گوتی: من سوێندم بە هیچ خوایەك نەخواردووە، بەڵکو سوێندم بەخۆم خواردووە.

مووسا گوتی: ئەگەر وابێت سوێندەکەت بەهای هەیە.

نوون گوتی: هەربۆیە من لەم ماڵە چاوەڕوانی گەڕانەوەی تۆ دەکەم.

مووسا گوتی: ئەگەر نەگەڕامەوە چ دەکەی؟

نوون گوتی: ئەگەر تۆ نەگەڕێیتەوە، من گالیسکەی جەنگیی تۆ ساز دەکەم و هەموو ئەو چەکانەی کە تۆ لەمەیدانی جەنگدا بەکارت دەهێنان، دەخەمە ناو ئەو گالیسکەیە و شمشێری ئاسنینی تۆ، کەلە شمشێرە بڕۆنزییەکان بڕندەترو قایم ترە، لە کەمەری خۆم دەبەستم و سواری گالیسکە دەبم. ئەسپەکان دەخەمە جووڵە و دەچمە ناو کۆشکی فیرعەونەوە.

ئەگەر پاسەوانانی کۆشك ویستیان پێشم لێبگرن، بەو قەمەیەی کەلە بەرامبەر گالیسکەکەوە بەستوومە، دوو لەتیان دەکەم، یان لەژێر چەرخی گالیسکەدا دەیانپلیشێنمەوە، یابە شمشێری ئاسن دەیانکوژم، ئەگەر ببینم پاسەوانانی دیکە دەڕۆن تا خۆیان بگەیەننە یاریدەی ئەو پاسەوانانەی تر کەمن دەیانکوژم، ئەوا نێزەیان تێدەگرم و ئەوانیش دەکوژم.

مووسا گوتی: نوون، ئەوکارە مەکە. من کە میسرییەکم کوشتووە حەزناکەم لەسەرینی نەگەڕانەوەی من لەکۆشکی فیرعەونەوە، ژمارەیەکی تر لەمیسریان بەدەستی تۆ بکوژرێن. هەرکات ئەو ڕووداوە بێتە پێش، دیسانەوە من خۆم بە بەرپرسیاری کوژرانی ئەوانە دەزانم.

تۆ پاش ڕۆیشتنی من لەم ماڵەدا بمێنەرەوە، من هەوڵ دەدەم کە بگەرێمەوە بۆ ماڵەوەو تەنانەت دەتوانم بڵێم کە بەشێوەیەکی حەتمی دەگەڕێمەوە.

پاش ئەم قسەیە، بانگی سەرپەرشتیاری تۆماری موڵکی کرد وگوتی: ئاخاوتنی من لەگەڵ غولامی خۆم تەواو بوو ئێستا دەتوانین بچینە لای فیرعەون.

كاتێك مووسا لەماڵەكەی خۆی هاتە دەرەوە، سەربازان دەوری ئەویان دا و ئینجا بەرەو كۆشكی پاشای میسر كەوتنە ڕێ.

كۆتەڵە بەردینەكانی رامسیسی دووەم ، پاشای میسر، كە ئێستا لە پەرستگاكانی میسریدا، بەرچاو دەكەون، بەجۆرێك ئەو پیشان دەدەن كە دەتوانرێ لە رووخسارییەوە حاڵی ببی ئایا غەمبارە یان خۆشحاڵ، لەحاڵی هەڵچوون یان لەحاڵەتی ئاسایی دایە.

قەڵافەتی رامسیسی دووەم ، لەزەمانی ژیانیدا، كاتێك كەلەتەلاری دیداری گشتیدا لەسەر تەختی پاشایەتی دادەنیشت، بەشێوەیەكی ئاسایی، هەرئاوا وەكو بەرد وەهابوو. كەس نەیدەتوانی تێبگا كە وەزعی روحیی ئەو چۆنە، تەنیا كاتێك كە شوێنەواری تووڕەیی، یان بە پێچەوانەوە، رەزامەندیی لە قەڵافەتییەوە ئاشكرا دەبوو.

ئەو رۆژە كەمووسا چووە ناو تەلاری دیداری گشتییەوە، رامسیسی دووەم ، پاشای میسر، قەڵافەتێكی وەكو بەردی هەبوو.

ئەوانەی كە ئەو رۆژە لەتەلاری دیداری گشتی بوون، دەیانزانی كە بانگ كردنی مووسا، پەیوەستە بە رووداوی كوشتنی پاسەوانێك لە پەرستگای ئوزیریس كە بەدەستی وی روویداوە.

پاش ئەوەی كە مووسا بۆ چەند ساتێك لە بەرامبەر فیرعەون راوەستا، پاشای میسر، بانگی كرد: ئێرە چۆڵ كەن. هەموو ئەوانەی كەلەو تەلارەدا بوون چوونە دەرەوە و جگە لە فیرعەون ومووسا، كەس لەوتەلارەدا نەما.

دوای ئەوە فیرعەون گوتی: وەرە نزیك.

مووسا لەتەختی پاشایەتی نزیك بۆوە و فیرعەون گوتی: وەرە نزیكتر.

پیاوە لاوەكە نزیك تر كەوتەوە و فیرعەون گوتی: ئەی لاو، تۆ یەكێك لە پەیڕەوانی منت كوشتووە.

مووسا گوتی: ئەوە یەكەم جار نیە كە شازادەیەكی میسر، نەفەرێك دەكوژێ.

فیرعەون گوتی: شازادەكانی میسر، تا ئێستا چەند كەسێكیان كوشتووە، بەڵام ئەوانە لە غولامەكان بوون نەك لەمیسرییە ئازادەكان و لە پاسەوانێكی پەرستگا، تا ڕادەیەكیش لە خزمەتگوزارانی ئەو پەرستگایە.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، ئایا تۆ دەڵێی كە ئەو پیاوە یەكێك بوو لە خزمەتگوزارانی پەرستگا؟

فیرعەون گوتی: مەگەر ئەو لە پەرستگای ئوزیریس دا كاری نەدەكرد؟



مووسا گوتی: هێشتا ئەو پەرستگایە دروست نەكراوە و سەرقاڵی دروست كردنین. ئەو كەسەی كە كوژراوە خزمەتگوزاری پەرستگا نەبووە بەڵكو لەدەستەی پاسەوانانی كرێكارەكان دەژمێردرا.

فیرعەون گوتی: هەموو ئەوانەی كەلە كاری دروست كردنی پەرستگایەكدا بەشدارن، جگە لە كۆیلەكان، خزمەتگوزاری ئەو پەرستگایەن.

مووسا گوتی: من ئاگاداری ئەم بابەتە نەبووم.

فیرعەون گوتی: لە نێوان پەرستگایەكی دروستكراو و تەواو بوودا لەگەڵ پەرستگایەكی ناتەواودا جیاوازییەك نییە و هەردوو پەرستگاكە، پەرستگای پیرۆزن، جیاوازی پەرستگایەكی دروست كراو لەگەڵ پەرستگایەكی ناتەواودا ئەوەیە كە بەرد و ستوونی زیاتری هەیە و هەموو ئەوكەسانەی كە ئازادن و لە دروستكردنی پەرستگایەكدا بەشداری دەكەن، وەكو خزمەتگوزاری ئەو پەرستگایە وان، تەنیا ئەوەندەیە كە جل و بەرگی كاهینان ناپۆشن و وەكو ئەوان سەریان ناتاشن.

باشە ئێستا پێم بڵێ تۆ بۆچی خزمەتگوزارێكی پەرستگات كوشتووە؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، یەكەم من نەمدەزانی ئەو پاسەوانەی گۆپاڵی بەدەستەوەیە و بەرفەرمانی ئەوەیە كە كۆیلەكان والێبكا كەكاربكەن، ئەوە خزمەتگوزاری پەرستگایە. دووەمیان ئەو پاسەوانە بێبەزەییانە یەكێك لە كرێكارەكانی بەلێدانی قامچی كوشت و من كاتێك كە كۆیلەی بەدبەخت گیانی دا، نەمتوانی بەسەر خۆمدا زاڵ ببم و هورژمم بۆ پاسەوانەكە برد و خستمە سەر زەوی.

فیرعەون بەسەرسامییەوە پرسی: تۆ كە شازادەیەكی و لەنەژادی خوایانی، ئایا بۆ كوژرانی كۆیلەیەك، خزمەتگوزارێكی پەرستگات كوشت؟ ئایا دیقەتت لەوە نەدا كە چ گوناهێكی بێ لێخۆشبوونت ئەنجام دا؟

كوشتنی خزمەتگوزارێكی پەرستگا، لەگەڵ كوشتنی كاهینێك جیاوازی نیە. ئەو كەسەی كاهین بكوژێ، لێخۆشبوونی بۆ نیە تەنانەت ئەگەر شازادەش بێت.

مووسا دەیویست بڵێ ئەگەر كوشتنی كاهین، گوناهێك بێ لێخۆشبوونی بۆنەبێ، ئەی تۆ ئەی فیرعەون، بۆچی سەرۆكی كاهینانی كۆشكی پاشایەتیت سەربڕی و سەرەكەیت بۆ من نارد. بەڵام جڵەوی زمانی خۆی گرت و بێدەنگەی لێكرد و سەری داگرتە خوارەوە.

پاش چەند ساتێك بێدەنگی، فیرعەون هـاواری کـرد: ئایـا تـۆ ئەوەنـدە نـەزانی کـە بـەهۆی کوژرانی کۆیلەیەك، خزمەتگوزارێکی پەرستگا دەکوژی؟

هاواری فیرعەون، مووسای داچڵەکاند و بەخۆی گوت: تا ئێستا هەرچەندێك خۆم پاراستووە بەسە و لەوە زیاتر نابێ خۆم بپارێزم و خۆم بەجیا لەوە کەهەم، پیشان بدەم.

ئەو کەسەی لەڕووی ریاکارییەوە، خۆی جیا لەوە پیشان دەدا کەهەیە، کەسێکی ترسـنۆکە. من، لەوە زیاتر نابـێ بەترسـەوە بـژیم. مـن پیـاوێکم کوشـتووە کـە نەدەبووایـە بەدەسـتی مـن بکوژرێ. ئـەم رووداوە، منـی لـەلای خـۆم، حوکمـداوە و حوکمـدانی ویـژدانیی مـن، لـە سـزای سەربڕین سەخت ترە کە فیرعەون بەهەمان ئەو سزایە حوکم بۆ من دەردەکا.

من لەمەیدانی جەنگدا چەندین جار بریندار بووم و هێنـدێك لـەو برینانـەش سـەخت بـوون، بەڵام هەرگیز بەئازاریانەوە نەتلامەوە و ئازاری سەربڕینیش لەو ئازارانە سەخت تر نیە. ئـازاری سەربڕین لەچەند ساتێك زیاتر درێژە ناکێشێ، بەڵام ئـازاری حـوکمی ویـژدانیی، تـا ئـەو رۆژەی کەمن لەژیاندام، وازم لێ ناهێنێ.

ئازایەتی مووسا، بەجۆرێك هاتبووە خرۆشان کەئەو پیاوە لاوە، لەبیری چوو کـە پـەیمانی بـە غولامی خۆی، مانای نوون، داوە کە بەزیندوویی بمێنێ. ئەو لەحاڵی وەخرۆشـان هاتنـدا سـەری بەرز کردەوە و گوتی: ئەی پاشا، من بۆیە ئەو پاسەوانەم بەزەویـدا دا کـەبینیم ئـەو یـەکێك لـە هاونەژادانی منی کوشتووە.

فیرعەون پرسی: ئایا دەتەوێ بڵێی ئەو کۆیلەیەی کە کوژرا لە هاونەژادانی تۆ بوو؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی پاشا، چونکە مـن لەنـەژادی ئیـسرائیل و لەتایفـەی لاویـم و ئـەو کۆیلەیەی کوژرا، لەنەژادی ئیسرائیل و لەتایفەی لاوی بوو.

فیرعەون گوتی: تا ئێستا تۆ قاتڵێك بووی کەلێخۆشبوونت بۆ نەبوو، ئێستا وا دێیە بەرچـاو کە شێتیش بووی.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، من شێت نیم و ئەوەی دەیڵێم لەڕووی ئەقڵەوەیە و من کـوڕی تـۆ نیم و لەسکی شازادە خانم ئەنخاس ئاموونیش نەهاتوومەتە دنیاوە.

من لەنەژادی ئەو دەشتەکیانەم کە لە بیابانەکانی کەنعان دەژیان و برسێتی ئەوانی هێنایـە ناو میسر و لە سەرزەوینی کۆش نیشتەجێ بوون. تۆ فەرمانت دا کەهـەموویان بکـەن بەکۆیلـە تا پەرستگا و ئەمباری دانەوێڵە و تەلاری دیکە بۆ تۆ دروست بکەن.



باوکی من پیاوێك بوو ناوی ئام رام (بە عەرەبی عمران) بووکە وەکو کۆیلەکانی تر کاری بۆ تۆ دەکرد. کاتێك کەمن هاتمە دنیاوە، خێزانەکەم بۆئەوەی بەزیندوویی بمێنم، منیان خستە نـاو سەبەتەیەك و ئەو سەبەتەیەیان خستە ناو ئاوی نیل، رێـژەوی ئاوەکـە منـی بـرد و لـەو کاتـەدا شازادە خانم ئەنخاس ئاموونی هاوسەرت، کەبەسواری کەشتی بەشەتی نیل دا تێدەپەڕی، منـی لەناو سەبەتەکەدا دی. ئاموون تب ، سەرۆکی کاهێنانی کۆشکی پاشایەتی نارد تـامن لـەمردن رزگار بکەن. ئینجا ئەو شازادە خانمە منی هـەروەکو منـداڵی خـۆی بـەخێوکرد و بـەتۆی گـوت کەمن لەپشتی تۆم. لە حاڵێکدا کەمن ئیسرائیلیم و نەلەپشتی تۆم و نە لەسـکی شـازادە خـانم ئەنخاس ئاموونم، بەڵام من ئەو ژنەم وەکو دایکی راستەقینەی خۆم خۆشدەویست.

کاتێك مووسا قسەی دەکرد، سەرنجی دا کەرەنگی رووخساری فیرعەون گۆڕاو پاشان دەستی بەلەرزین کرد مووسا تێگەیشت کە ئەو لەرزینە لەتووڕەییەوەیە نەك لەترسان.

فیرعەون چەند ساتێك لەرزی و پاشان گوتی: تۆ درۆ دەکەی. پاش ئەوەی گوناهی کوشـتنی خزمەتگوزارێکی پەرستگات ئەنجام دا ئێستاش گوناهی درۆ کردن، ئەنجام دەدەی.

مووسا لەم قسەیە زۆر سەری سووڕما، چونکە یەقین بوو کە فیرعەون دەزانـێ ئـەو لەپـشتی وی و لەسکی ئەنخاس ئاموونیش نیە، بەڵام لەڕووی بەرژەوەندەوە بەسەر خۆی نەدەهێنا.

لەوکاتەدا، بۆ مووسا ئاشکرا بوو کە فیرعەون ئاگای لـەنهێنی لـەدایکبوونی ئـەو نـەبووە و هەر بەراستی ئەوی بە کوڕی خۆی زانیوە و وای وێناکردووە کە لە پشتی ئەو و لەسکی شـازادە خانم ئەنخاس ئاموونە.

تا ئەو کاتە مووسا بیری دەکردەوە کە هۆکاری نەفرەتی پاشای میسر لـەو، بـەهۆی ئەوەیـە کە دەزانێ ئەو کوڕی خۆی نیە، بەڵکو ئیسرائیلییەو هەر بۆیە ئەوی لە میسر دوورخـستەوە تـا لەسەر زەوینەکانی باشووری میسر، لەناوبچێ.

مووسا یەکێك لەهۆکارەکانی دوژمنایەتی فیرعـەونی لەگەڵ شازادە خـانم ئـەنخاس ئـاموون، بەهەمان مەسەلە دەزانی و بەخۆی دەگوت کە فیرعەون بەدوو هۆکار کینەی بەرامبـەر ئـەنخاس ئاموون لە دڵدا بوو، یەکێکیان ئەوەبوو کە ئەو خوای تاکو تەنیا و نەبینراو دەپەرستێ و دووەم ئەوەبوو کەدەیزانی درۆی لەگەڵدا کردووە و بەوی گوتووە کە من مانای مووسا لەسکی ئـەو نـە هاتوومەتـە دنیـاوە. بـەڵام لەوکاتـەدا لـەلای مـسۆگەر بـوو کـە فیرعـەون ئاگـای لـەنهێنی لەدایکبوونی ئەو نەبووە و ئەگـەر ئاگـادار بووایـە، دوای ئـەوەی کـە ئـەو نهێنییـەی لـەزمانی وییەوە بیست، بەمجۆرە حاڵی نەدەگۆڕا.

لەو کاتەدا مووسا، تێگەیشت کەهۆکاری نەفرەتی فیرعەون لەو، بەهۆی ئەوەوە نەبووە کەدەیزانی ئەو کوڕی خۆی نیە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە نەفرەتی لێی هەبوو کەدەیزانی ئەو ئارەزووی بەلای خوای نەبینراوەوە هەیە.

کاتێك لەرزینی فیرعەون کۆتایی هات گوتی: ئەی لاو کەناوێکی ناتەواوت هەیە، تۆ درۆ دەکەی.

مووسا گوتی: ئەی پاشا، لەرووخسار و قەڵافەتی منەوە بڕوانە و ببینە ئایا بە قەڵافەت و روخساری خەڵکی سەرزەوینی کۆش دەچێ یان بە قەڵافەت و روخساری کوڕەکانی تۆ؟ ئەگەر من لە پشتی تۆ و سکی شازادە خانم ئەنخاس ئاموون بوومایە، ئایا ڕێی تێدەچوو ئەم رووخسار و قەڵافەتەم هەبێ؟

فیرعەون چەند خولەکێك بەچاو تێبڕینەوە لەو پیاوەی ڕوانی و دیقەتی دا کە مووسا راست دەکا و ئەو، لەنەژادی وی و شازادە خانم ئەنخاس ئاموون نیەو هەموو شتێکی ئەو واپیشان دەدا کە ئەو لەنەژادی ئیسرائیلە کەلە سەرزەوینی کۆش دەژین.

دوای ئەوە پرسی: لەبەرچی ئەم بابەتە، کەمن تا ئەمرۆ لێی بێ ئاگا بووم بەسەر زمانت دا نەهاتووە؟

مووسا گوتی: ئەی پاشا، تۆ لەمنت پرسی کەمن بۆچی پاسەوانەکەم کوشتووە، من بەپێویستم زانی کەهۆکاری کوشتنی ئەو پاسەوانەت پێ بڵێم.

تۆ، لەبەر ئەوەی منت بەکوڕی خۆت دەزانی و وات وێنا دەکرد کەشازادەیەکی میسریم، حەپەسانت پیشان دەدا کەچۆن شازادەیەك، پاسەوانێك لەبەر خاتری کۆیلەیەك دەکوژێ. من ویستم ڕوونی بکەمەوە کەمن شازادە نیم، بەڵکو لەنەژادی هەمان ئەو کۆیلانەم کەقامچی پاسەوانەکانی تۆ دەخۆن و ناچارن بە خۆڕایی کارت بۆبکەن. هەرجارێك کەتۆ دەتەوێ پەرستگایەك یان تەلارێکی تر بنیات بنێی، سەدان هەزار کەس لەو بێ دەرەتانانە لەبەین دەچن.

بەروانینی تۆ و پاسەوانەکانت، کوشتنی کۆیلەیەك هەروەکو کوشتنی مێشێك و مێشوولەیەك وایە، بەڵام بەڕوانینی من، کە لەنەژادی کۆیلەکانم و باوك و دایکی من غولام و کەنیز بوون، کوشتنی کۆیلەیەکی ئیسرائیلی، تاوانێکە لێخۆشبوونی بۆ نیە. من نەمدەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەم کە پاسەوانێکی میسری، بەقامچی، کۆیلەیەکی ئیسرائیلی لەبەرچاوی من بکوژێ ومن، قاتڵەکە بەسزای خۆی نەگەیەنم.



لەوەش بەولاوە، بابەتێکی دیکەش کاریگەریی لەسەر ئاشکراکردنی ئەو نهێنییەی من هەبوو کە ئەویش نەفرەت هاتنەوەی من بوو لەژیانی خۆنمایشکارانەی من.

من نامەوێ کەخەڵکی، من، نەبە میسری و نەبە کوڕی پاشام بزانن، چونکە من نەمیسریم و نەکوڕی پاشام.

ژیانی من تا ئەمرۆ، فێڵ بووە، گەرچی خەڵك، ئاگاداری ئەو فێڵە نەبوون، بەڵام دەمزانی کەمن شتێکی جیاوازم لەوەی کەخۆم پیشانی دەدەم.

من دەمویست کە ئیسرائیلی بم نەك میسری، لەگەڵ هاونەژادانی خۆم دا بژیم نەك لەگەڵ شازادەکانی میسر کەنەفرەتم لێیان دەبێتەوە. تا ئەمرۆ، ڕیا و خۆ بواردنی من بەردەوام بووە، بەڵام ئەمرۆ حەزناکەم پەنا بۆ ریاو خۆ بواردن ببەم.

ئەمەش هۆکارێك بوو کەوای لێکردم کە نهێنی لەدایکبوونی خۆم بۆتۆ ئاشکرا بکەم تا تۆ ئەی پاشا، بزانی کەمن بەتۆ و بەمیسرییان بێگانەم.

فیرعەون گوتی: ئەی مووسا، بەپێی ئەو قسانەبێ کە دەیانکەی وادیارە دەتەوێ بکوژرێی؟

مووسا گوتی: من نامەوێ بکوژرێم بەڵکو دەمەوێ بەزیندوویی بمێنم بەڵام بەو مەرجەی کەژیانی من لەخەوشوخاڵی فێڵ و ریایی و خۆ بواردن بەدەربێ.

فیرعەون پرسی: ئایا ئەم نهێنییەت لای کەسانی تر درکاندووە؟

مووسا گوتی: نەخێر.

پاشای میسر پرسی: تۆ خۆت چۆن ئەو نهێنییەت زانی چونکە ساوایەکی شیرەخۆرە کە لەئاوی نیل دەگیرێتەوە نازانێ باوك و دایکی کێن؟

مووسا گوتی: ئەم نهێنییە، دایکم شازادە ئەنخاس ئاموون و ئاموون تب سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی پێیان گوتم.

فیرعەون پرسی: جگە لەم دووانە کێی تر ئاگاداری ئەم نهێنییەیە؟

مووسا ویستی بڵێ کە نف سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی و هەروەها غولامەکەی خۆشی نوون، ئاگاداری نهێنی لە دایکبوونی ئەون، بەڵام ناوی ئەم دووانەی نەگوت چونکە دەیزانی کە فیرعەون، هەردووکیان دەکوژێ و گوتی: ژمارەیەك لە کاهینانی ئاتوونیش ئاگاداری ئەم نهێنییە بوون بەڵام ئەوانە هەموویان مردوون یاخود کوژراون و ئەمرۆ کەسێك نیە کە ئاگاداری نهێنی لە دایکبوونی من بێت.

فیرعەون گوتی: تۆ بە درکاندنی ئەم نهێنییە فەرمانی کوشتنی خۆتت دەرکرد.

مووسا گوتی: دەزانم فیرعەون توانای ئەوەی نیە گوێ لە راستییەکی ئاوا بگرێ و پیاوی راستگۆ دەکوژێ.

فیرعەون پرسی: ئایا نف سەرپەرشتیاری تەلارسازان، ئاگای لە نهێنیی لە دایکبوونی تۆ هەیە؟

مووسا گوتی: نەخێر ئەی پاشا، من ئامادەم سوێند بخۆم کە ئەو ئاگاداری نهێنیی لە دایکبوونی من نیە.

فیرعەون بەیەکجار لە تووڕەییدا تەقییەوە و هاواری کرد: سوێندەکەشت درۆیە، من ئەمشەو مۆڵەتت دەدەم تا خۆت بۆ مردن ئامادە بکەی و سبەی بە ویقار و پیاوەتی کەسێکی میسری لە ناو بچی و لەوە زیاتر هیچی ترم نیە.

مووسا گوتی: تۆ ناتوانی شتێکی تر لەمن داوابکەی.

فیرعەون، بەجۆرێك لەم قسەیە حاڵی گۆڕا کە دەستی ڕاوەشاند و بەقایم بەدەمی مووسای دا کێشا و داوای پاسەوانانی کرد. لە دەرەوە پاسەوانان و ژمارەیەکی تر لەو کەسانەی کە پێش چۆڵ کردنی تەلار، لەوێ بوون بە حەپەساوییەوە هاتنە ناو تەلارەوە و فیرعەون هاواری کرد: ئەم پیاوە لێرە بەرنە دەرەوە و جارێکی تر نەیبینمەوە. بەر لەوەی پاسەوانان مووسا لەوێ بەرنە دەرەوە، فیرعەون، گەردانەی مووسا، کە بەشێك لە هێماکانی شازادەیی بوو، لەملی داماڵی و بە گۆڕایی زەوی تەلارەکەی دادا، دانەکانی گەوهەرەکان لە تەوقەکە هەڵوەرین و پەرت و بڵاو بوون.

مووسایان بەچواردەور گیراوی، لە کۆشکی فیرعەون بردە دەرەوە و گەیاندیانەوە ماڵەوە و سەربازان چوار دەوری خانووەکەیان گرت.

نوون لەسەروەری خۆی پرسی: بۆچی سەربازان چوار دەوری خانووەکەیان گرتووە؟

مووسا گوتی: چونکە بەیانی من دەکوژن و پاشای میسر، ئەمشەو مۆڵەتی بەمن داوە تا خۆم بۆ مردن ئامادە بکەم.

ئەم وەڵامە لە بەرچاوی نوون بە سەیر نەهاتە بەرچاو، لەبەر ئەوەی لە رابردوودا لەم جۆرە ڕووداوانەی دیتبوو.

مووسا، بە غولامی خۆی گوت: ئەگەر تۆ قسەکەی منت قبوڵ بکردایە و بە زێرو گەوهەرەوە لەم خانووە چووبایتە دەرەوە، ئێستا ئازاد بووی و دەتتوانی تا کۆتایی تەمەنت بە ئاسوودەیی بژی، بەڵام تۆ قسەکەی منت قبوڵ نەکرد و ئەوەت بەلاوە پەسەند تر بوو لەم ماڵەدا



بمێنییەوە. ئێستا کە لە ئەنجامی ئەوەدا وەکو من کەوتوویە ژێر گەمارۆدانەوە و پاش ئەوەی کە منیان کوشت، فیرعەون، هەرچی لەم خانووەدایە دەستی بەسەردا دەگرێ. گەرچی ئەو، میراتگری واقیعیی من نیە، بەڵام خەڵك وا وێنا دەکەن کەمن کوڕی ئەوم و پاش مردنی من، فیرعەون، دەبێتە سەروەری تۆ و دەبێتە خاوەنی تۆ.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، من ناهێڵم فیرعەون ببێتە خاوەنی من و ئەو ببێتە سەروەری من و ئەگەر نەتوانم هەڵبێم، خۆم دەکوژم.

مووسا گوتی: ئەی نوون، ئیتر لێرەوە من وەکو شازادە بانگ مەکە بەڵکو بە ناوی خۆم، بە مووسا، ناوی من بێنە. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ، لە نێوان ژیانی رابردوو و ژیانی داهاتوومدا کەسبەی بەیانی زیاتر درێژە ناکێشێ، جیا کردنەوەیەکم هێناوەتە ئارا و حەز دەکەم ئەم ماوە کورتە، بەڕاستی و واقیعیەتەوە ژیان بەرمەسەر نەك بە درۆ و ریاوە.

من ئەمڕۆ نهێنیی لە دایکبوونی خۆم بۆ فیرعەون درکاند و پێم گوت کەمن لە نەژادی کۆیلەکانی ئیسرائیلم. هەروەها پێم گوت کە پاش ئەوە نامەوێ من بە شازادە بزانرێم، تۆش لێرە بە دواوە خۆت لە ناونیشانی شازادە و سەروەر بپارێزە و بەناوی خۆمەوە بانگم بکە.

نوون گوتی: من خەجاڵەت دەبم ئەگەر بەناوی مووساوە بانگت بکەم.

مووسا وەڵامیدایەوە: خەجاڵەت مەبە. من و تۆ لە رووی پلەوە، وەکو یەکین و هەردووکمان غولام زادەین و هەر بەو جۆرەی کەمن بەتۆ دەڵێم نوون، تۆش بەمن بڵێ مووسا. دوای ئەوە هەردووکیان بێدەنگ بوون و ماوەیەك تێپەڕی.

پاش ئەوە مووسا گوتی: ئەگەر تۆ پاش مردنی من، ڕێ و شوێنێکت هەبوو کە بتوانی قسەی خۆت بە گوێی پاشای میسر بگەیەنی، پێی بڵێ کەمن خوشکێکم هەیە کە لە سەرزەوینی کۆش دەژی و ناوی میریامە، ئەوەی کە هەمە، دەبێ پاش مردنی من بەو بگات، بەڵام ئەم قسەیە بەجۆرێك بکە کەتۆ نەکوژێ.

ئیتر لە نێوان مووسا و نووندا وتوێژێك نەبوو. هەردووکیان، لەبیری خۆیاندا نقوم ببوون تا خۆر بەرەو خوار لار بۆوە و دوایین تیشکی وی بە ڕەنگێکی ئەرخەوانی بەسەر رووباری نیل و ماڵی مووسادا تیشکی دەدایەوە.

لەو کاتەدا سەربازانی پاشای میسر دەرگای ماڵەکەیان کردەوە و لاشەیەکی خوێناوییان هێنایە ژووری ماڵەکە و دەرگایان داخستەوە.

مووسا و نوون، سەرەڕای ئەوەی لە مەیدانەکانی جەنگدا لاشەی خوێناوی زۆریان دیتبوو، بە بینینی ئەو تەرمە و شێوازی هێنانە ژوورەوەی بۆ ناو ماڵەکە، تووشی وەحشەت بوون، هەستان و لە لاشەکە نزیك بوونەوە. مووسا، ناڵەیەکی لێ بەرزبۆوە و گوتی: ئا ه، ئەمە نفە.

سەرەڕای ئەوەی کەمووسا تێگەیشت کە سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتییان کوشتووە، بەڵام سەری لە دەمی نزیك کردەوە تا بزانێ هەناسە دەدا یان نا و دەستی لەسەر سنگی دانا تابزانێ دڵی ئەو پیاوە لێدەدا یان نا؟

کاتێك مووسا، لێی مسۆگەر بوو کە سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی مردووە، بە ناڵینەوە گوتی: ئەی نف کە بەردت دەخستە سەر بەرد و شوێنەوارێکی نەمرت دەهێنایە کایەوە کەتا دنیا ماوە، هەر بمێنێ، ئیتر تۆ تەواو.

ئەی ئەوەی کە خوای نەبینراو وبێ شێوەت دەپەرست و تاکە دۆستی دڵسوزی من بووی لە میسر و منت ڕێنوێنی دەکرد و دەرسی منت دەدا، ئیتر تۆ نەمای تا لەڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانت بەهرەمەند ببم.

ئەی نف، تۆ ئەوەندە هونەرمەند بووی کە لە سەرەتای دەستپێکی مێژووی میسرەوە تا ئەمڕۆ، تەلارسازێکی وەکو تۆ نەهاتۆتە دنیاوە و وێناش ناکەم ئیتر، لە لێواری شەتی نیل، تەلارسازێك پەروەردە ببێ کە بتوانێ وەکو تۆ بە بەرد، تەلار و کۆتەڵی ئەو تۆ بێنێتە ئارا کە تا دنیا ماوە خەڵکی میسر و میللەتانی تر، ستایش بکرێن.

ئەی نف، پاشای میسر، تۆی کوشت، چونکە وای بیردەکردەوە کەتۆ نهێنیی لە دایکبوونی منت دەزانی و ئەوت ئاگادار نەکردووە، ئەم بێدەنگییەی تۆی بە خیانەت زانی. بەڵام فیرعەون، بە هەموو هێزی خۆیەوە، ناتوانێ شوێنەوارەکانت لە بەین بباو ئەگەر ڕۆژێك ناوی رامسیسی دووەم، پاشای میسر، بمێنێتەوە، لەسەر حسێبی ئەو تەلار و کۆتەڵانەیە، کەتۆ دروستت کردوون.

ئەی نف، من خوێنی تۆ، بەدابی پیرۆزکردن بە رووخسار و دەستی خۆمدا دەماڵم و لاشەی بێ گیانی تۆ ماچ دەکەم چونکە دەزانم تۆ، دواین دۆستی دڵسۆزی من بووی لەم وڵاتی میسرەدا. من ئیتر لەم وڵاتەدا دۆستێکم نیە و سبەی کە گیانم لە لاشەم جیا بۆ وە، لاشەی من هەروەکو لاشەی تۆ، بێ جووڵە بوو و ساردبۆوە، هیچ کەسێك جگە لە نوون بۆ مەرگی من، نیگەران نابێ.

ئینجا مووسا، هێندێك لە خوێنی نفی بە رووخسار و هەردوو دەستی خۆیدا هێناو چەمایەوە و رووخساری مردووەکەی ماچ کرد. پاش ئەوە خۆرئاوا بوو، نوون، کە وەکو مووسا، بە کوژرانی نف غەمبار بوو بوو، لە بیری نەبوو چرا دابگیرسێنێ و ماڵەکە رووناك بکاتەوە.



تاریکی بەزوویی ماڵەکەی داگرت. نوون، گوێی لێبوو کە مووسا دەیگوت: نەفرەت لە رامسیسی دووەم بێ کە هونەرمەندێکی بێ هاوتای وەکو تۆی کوشت و میسر و دنیای لە هونەری تۆ بێبەش کرد. نەفرەت لە خوایانی درۆزنی میسر بێ کە رامسیسی دووەم، بۆ شادکردنی ئەوان، پەیڕەوانی خوای تاك و نەبینراو دەکوژێ.

مووسا، تا ئەو ساتەی کە لاشەی خوێناوی نفی نەدیبوو، لە دڵی خۆیدا لە بەرامبەر فیرعەون هەستی بە حورمەت دەکرد و هەمان ئەو حورمەتە بووە هۆی ئەوە کە ئەو رۆژە سەرەڕای ئەوە کە مووسا، شەقازلەیەکی بەدەستی ئەو خوارد، هەوڵی ئەوەی نەدا کە خۆی لابدات.

رێزی مووسا لەبەرامبەر فیرعەون، لە وێڕا سەرچاوەی دەگرت کەوای بیردەکردەوە ئەو، بە نانی هاوسەرەکەی ئەو گەورە بووە و لەواقیعدا نانی فیرعەون بوو کە ئەوی پێگەیاند. هەربۆیە هەستی بە هەقی نان و نمەك لە بەرامبەریدا دەکرد و بەخۆی دەگوت کەنابێ هەقی ئەو نیعمەتەی فیرعەون ڕەچاو نەکا.

لەوەش بەولاوە، مووسا، خۆی بەقەرزاری پەروەردەی فیرعەون دەزانی گەرچی خودی فیرعەون دەستپێشکەرییەکی بۆ پەروەردە کردنی مووسانەکرد و شازادە خانم ئەنخاس ئاموون، پەروەردەکردنی ئەوی بە ئەستۆی خۆیەوە گرت، بەڵام مووسا وەکو یەکێك لە شازادەکان، کەوتە ژێر پەروەردەی مامۆستایان و ئەگەر چاودێریی فیرعەون نەبووایە، ئەو نەیدەتوانی لە نێو جەرگەی شازادەکاندا سوود لە دەرسەکانی مامۆستایان وەربگرێ و خوێندنەوە و نووسین و زانستە باوەکانی ئەو زەمانە فێر ببێ و لە زانستە جەنگییەکان بەهرەمەند ببێ. ئەگەر بهاتبایە لە ژێر فێرکردن و پەروەردەدا دانەنرایە، فێری خوێندنەوەو نووسین نەبووایە و کەڵکی لە مێژوو و زانستەکانی تر وەرنەگرتبایە، نەیدەتوانی تێبگا کە باوەڕ بوون بە خوا وەهمییەکانی میسر، باوەڕێکی پڕوپووچە و مرۆڤێکی ئاقڵ، خوا وەهمییەکانی میسر ناپەرستێ.

هەربۆیە مووسا، سەرەڕای هەقی نان و نمەك، لە بەرامبەر فیرعەون دا، ئیقراری بەهەقی پەروەردەکردن دەکرد و رێزگرتنی ئەوی بە کارێکی پێویست دەزانی. بەڵام کاتێك لاشەی خوێناوی نفی بینی وتەماشای کرد کە فیرعەون بێ بەزەییانە، پیاوێکی کوشتووە، کە زامنی مانەوەی ناوی ئەوە لە جیهاندا، بە یەکجار، لێڕوانینی دەربارەی پاشای میسر گۆڕا.

نزیکی نیوەشەو مووسا گوتی: ئەی نوون، سبەی بەیانی کەمن دەکوژن، پێش مردن، یەکێك لە خەمە گەورەکانی من ئەوە دەبێ کە ئیتر تۆ نابینمەوە، چونکە تۆ بۆ من غولام

نەبووی، بەڵکو بەدۆستێکی غەمخۆر دەژمێردرای، بە تایبەتی پاش گەڕانەوەی ئێمە لە سەرزەوینی کۆش، تۆ وەکو برایەکی میهرەبان خزمەتی منت کردووە.

نوون گوتی: ئەی مووسا، من بۆیە ناوی تۆ دەهێنم چونکە تۆ ڕێگات پێنەدام کە ناوی تۆ بەشازادە و سەروەر بهێنم. ئایا کارێکی شیاوە لاوێکی وەکو تۆ بەم بەژن و باڵا و شان و جوانییەوە، خۆی تەسلیمی مردن بکا؟

مووسا گوتی: من نامەوێ خۆم تەسلیمی مردن بکەم، بەڵام فیرعەون دەیەوێ بمکوژێ. ئەو، دوێنێ گوتی کە سبەی بەیانی دەکوژرێی، تۆش دەزانی کە هەرچی فیرعەون بیڵێ، جێبەجێی دەکا. لەو ڕۆژەوە کە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە، وا رووینەداوە شتێك بڵێ و لەکاتی خۆیدا جێبەجێی نەکا. کەس تا ئێستا زاتی ئەوەی نەکردووە شتێك بڵێ کەڕای ئەو بەهەڵە دابنێ و پێی بڵێ کە بڕیارەکەت راست نیە. تەنیا من بووم کە بەوم گوت بڕیارەکەی تۆ، بۆ ئەوەی کە پایەی بەردین و بنەکەی بگوازنەوە بۆ پایتەخت، کارێکی بێ هوودەیە و ئەگەر کەسێکی تر ئەم قسەیەی پێ بگوتبایە، دەکوژرا. بەڵام ئەو منی نەکوشت، چونکە لەو کاتەدا هێشتا منی بە کوڕی خۆی دەزانی، بەڵام دوێنێ تێگەیشت کەمن کوڕی ئەو نیم. جا بەهۆی ئەوە کە بڕیاری فیرعەون گۆڕانی بۆ نیە، من، سبەی، پاش خۆرهەڵات دەکوژرێم.

نوون گوتی: ئەی مووسا، تۆ ئەگەر بتەوێ بە زیندوویی بمێنییەوە، دەرەتان هەیە کە نەکوژرێی.

مووسا گوتی: من دەمەوێ بە زیندوویی بمێنم بەڵام ئەم ئارەزووە بەدەم باوە چوو.

پاشان گوتی: لە بەرئەوەی لەبەر چاوی فیرعەون من کەمتەرخەمم، پاش ئەوەی کەمن دەکوژن، لاشەکەم هەروەکو کەسانی تر کە کەمتەرخەم بوون، مۆمیایی ناکەن تا بەپێی باوەڕی میسرییان بۆ هەتا هەتایە زیندوو بمێنمەوە. من باوەڕم بەوە نیە کە ئەگەر لاشەی مرۆڤ پاش مردن مۆمیایی بکەن، بۆ هەتا هەتایە زیندوو دەمێنێ. تۆ، پاش ئەوەی کەمن دەکوژرێم، لاشەکەم مۆمیایی مەکە، ئەگەر ئەوەندە لێگەڕان تۆ ئازاد بی تا لاشەکەم دەنێژی، ئەوا لاشەی من بەرە بۆ کۆش و لە یەکێك لە گۆڕستانەکانی ئەوێ کە کۆیلەکانی ئیسرائیلی پاش مردنیان لەوێ دەنێژرێن، بنێژە، بەڵام بێ ئەوەی لاشەکەم مۆمیایی کرابێ.

نوون کەسەری بۆ خوارەوە داگرتبوو، لە تاریکیدا سەری بەرزکردەوە و لە چاوەکانی مووسای روانی و گوتی: ئەی سەروەرم، ئەم قسانە مەکە چونکە دڵی من شەق دەبا.



مووسا گوتی: ئیستا، کەمن دەبێ لەم جیهانە بڕۆم، دڵم بۆ تۆ زۆر غەمبارە، چونکە دەزانم پاش مردنی من، فیرعەون، دەبێتە خاوەنی تۆ، لەبەر ئەوەی تۆ کۆیلەیەکی ئیسرائیلی. بە جۆرێکی حەتمی تۆ لە یەکێك لە تەلارەکانی فیرعەون دا، لەکاری بەردکێشان و گڵ کاریدا، دەخەنە بەرکار و ئەگەر کەمێك، کەمتەرخەمیش بکەی، پاسەوانان بە لێدانی توندی قامچی، دادەوەرنە سەر پشتت و تۆ، کەئێستا خووت بەوەوە گرتووە جلوبەرگی باش لەبەر بکەی و خواردنی بەتام بخۆی و لەسەر جێگایەکی ئاسوودە بخەوی، ناچاردەبی خواردنی خراپی کۆیلەکان بخۆی و شەوانە لەسەر زەوی پشوو بدەی.

نوون گوتی: من ڕووت و بێ جلوبەرگ نابم. قامچی پاسەوانانیش بەر پشتی من ناکەوێ، چونکە من دوای تۆ زیندوو نامێنم تا گیرۆدەی ئەم دژوارییە گەورانە ببم. تۆ ئەی سەروەری من، ئەگەر حەز بکەی دەتوانی بە زیندوویی بمێنییەوە.

مووسا پرسی: من چۆن دەتوانم بە زیندوویی بمێنم؟

نوون گوتی: ئێمە دووکەسین کە دەزانین بەیانی دەکوژرێین. تۆ ئەی سەروەری من، دەزانی کەسبەی، پاش ئەوەی خۆرهەڵهات، هەمان ئەو سەربازانە کە ماڵەکەتیان گەمارۆ داوە، دێنە ناو ماڵەکەوە و تۆ دەکوژن و منیش پاش تۆ دەکوژرێم چونکە من ناهێڵم کە بە کۆیلە ببرێم و بە زنجیر ببەسترێمەوە.

مووسا پرسی: مەبەست لەم قسەیە چییە؟

نوون گوتی: ئێستا دەزانین کە سبەی حەتمەن دەکوژرێین، باشە بۆچی ئەمشەو هەوڵنەدەین خۆمان رزگار بکەین؟ ئەگەر رزگارمان بوو ئەوا لە مەترسی مردن دەرباز دەبین و ئەگەر رزگارمان نەبوو، گەورەترین مەترسی کە بۆ ئێمە خۆی لە کەمین ناوە، هەر هەمان مەترسییە کە سبەی بەیانی تووشمان دەبێ، یانی دەکوژرێین.

مووسا گوتی: ئایا مەبەستت ئەوەیە بڵێی کە بە شەو، لێرە بچینە دەرەوە و دەرچین؟

نوون گوتی: بەڵێ ئەی سەروەرم.

مووسا گوتی: ئەو سەربازانەی کە لە چوار دەوری ئەم خانووە دایانناون، فەرمانیان پێکراوە کە نەهێڵن من لێرە بچمە دەرەوە.

نوون گوتی: ئێمە سەربازەکان دەکوژین و لێرە دەردەچین.

مووسا گوتی: ئەمڕۆ تۆ کاتێك بە منت گوت ئەگەر من لە کۆشکی پاشایەتی نەگەڕێمەوە، تۆ گالیسکەی جەنگیی من سازدەکەی و بە تەنیا هێرش دەبەیە سەر کۆشکی

فیرعەون، من بەتۆم گوت ئەم کارە مەکە، چونکە دەبێتە هۆی کوژرانی (نەفس) و من حەزناکەم میسرییەکان بکوژرێن.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، ئەگەر ئێمە بمانەوێ لێرە بڕۆینە دەرەوە و سەربازەکان ڕێگا لە چوونە دەرەوەی ئێمە بگرن و ئێمە ئەوان بکوژین، ئەم کارە (نەفس) کوشتن نیە بەڵکو بەرگری کردنە، چونکە ئێمە بەرگری لە گیانی خۆمان دەکەین.

مووسا لە تاریکیدا بەسەرسامییەوە لە غولامی خۆی روانی و گوتی: نوون، قسەی وا دەکەی کەلەرابردوودا گوێم لێ نەبووە ئەم جۆرە قسانە بکەی.

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی لەرابردوودا من سەروەرێکی وەکو تۆم نەبوو و نەمدەتوانی بنووسم و بخوێنمەوە، بەڵام ئێستا بەهۆی میهرەبانی تۆوە، دەتوانم بنووسم و بخوێنمەوە و ئەو کتێبانەش (لە رابردوو دا بە شێوەی تۆمار بوون) بخوێنمەوە. من ئەمرۆ تێدەگەم کە کوشتن، ئەگەر بەمەبەستی بەرگری بێت، بەکوشتن دانانرێ.

ئەی سەروەری من، ئەو کەسانەی کە چوار دەوری ئەم خانووەیان گرتووە، چاوەڕێی هەڵهاتنی خۆر دەکەن تا بێنە ژوورەوە و تۆ بکوژن. لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا منیش دەستەوستان دانانیشم تا ببینم لەبەر چاوی من، تۆ دەکوژن، لەگەڵ سەربازەکاندا دەکەومە شەڕ و ئینجا ئەوان منیش دەکوژن.

ئێمە کە دەزانین سبەی دەکوژرێین، لەبەرچی ئاوا بێ جووڵە دابنیشین و ئەمشەو، هەوڵ نەدەین خۆمان رزگار بکەین؟ ئەگەر لەکاتی شەڕ لەگەڵ ئەو سەربازانەی کە چواردەوری ئەم ماڵەیان گرتووە، کوژراین، ئاکامی کاری ئێمە هەر ئەوەیە کە بەیانی بە سەرمان دێ.

ئەگەر تۆ، ئەی سەروەری من، لەکاتی چوونە دەرەوە لەم ماڵەدا، یەکێك یان چەند سەربازێك کە بەرهەڵستی چوونە دەرەوەی تۆ دەکەن، بکوژی، کارەکەی تۆ کوشتن نیە. چونکە تۆ بەرگری لە گیانی خۆت دەکەی. ئەو سەربازانەی کە لە چوار دەوری ئەم ماڵەن قەستی سەری تۆیان هەیە و دەیانەوێ بتکوژن. تۆ دەبێ کۆشش بکەی کە خۆت لە مردن رزگار بکەی. ئەگەر هاتوو لە میانی کۆششدا ئەوان لە ناو بەری، کارەکەی تۆ کوشتن نیە بەڵکو بەرگرییە.

مووسا گوتی: ئەی دیقەتت لەوە نەداوە ئەو سەربازانەی کە چوار دەوری ماڵی ئێمەیان گرتووە، دوژمنایەتییان لەگەڵ مندا نیە و ئەوان فەرمانی فیرعەون جێبەجێ دەکەن.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، ئەو سەربازە میسرییانەی کە سبەی بەیانی دێنە ناو ئەم ماڵەوە و تۆ دەکوژن، کۆیلە نین کە ناچار بن فەرمانی فیرعەون یان کەسێکی تر جێبەجێ



بکەن. ئەوان هەموویان پیاوی ئازادن و بە ئازادی خۆیان پیشەی سەربازییان هەڵبژاردووە، دەیانتوانی ئەم پیشەیە قبوڵ نەکەن و ئێستاش دەتوانن سەرباز نەبن تا ناچار بەوەبن حوکمی فیرعەون جێبەجێ بکەن.

کەوابوو نابێ تۆ وابیربکەیەوە لەبەر ئەوەی ئەوانە سەربازن ئەگەر لە کاتی شەڕ لەگەڵ ئێمە دا بکوژرێن، تۆ دەبیتە قاتڵی ئەوان.

ئەوانە دەیانەوێ سبەی بەیانی تۆ بکوژن، لە حاڵێکدا دەتوانن واز لە پیشەی سەربازی بێنن تا ناچار نەبن سبەی تۆ بکوژن. تۆ کە یەکێك لە گەورەترین ئەفسەرانی سوپای میسر بووی و فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانت بەئەستۆ بوو، دەزانی کە لە سووپای میسردا هیچ فەرماندەیەك ناتوانێ سەرباز ناچار بکا ببێتە جەللاد. ئەمانەی کەهاتوون ببنە جەللاد و سبەی تۆ بکوژن، بە ڕەزامەندی خۆیان ئەم کارەیان قبووڵ کردووە چونکە دەزانن سبەی، پاش ئەوەی کە تۆیان کوشت، چەند ئەڵقەیەکی زیو وەکو پاداش وەردەگرن.

قسەکانی نوون کاریان لە مووسا کرد و گوتی: ئەی نوون، ئێستا بیر دەکەمەوە کە دەبێ هەوڵ بدەین و خۆمان رزگار بکەین.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، ناسازیی کار تا ئەو کاتەیە کە هێشتا نەگەیشتووینە ناو بەلەمەکەی تۆ کە لە لێواری رووبارە، هەر کە ئێمە گەیشتینە ئەو بەلەمە و بەلەمەکەمان خستە ناو ئاو و سوار بووین، رزگارمان بووە. چونکە ئێمە بەرەو باکوور دەچین و بەهۆی ئەوەی بەئاراستەی ڕێژەوی ئاوی نیل دەجووڵێین و منیش سەوڵ لێدەدەم، بە خێرایی لە پایتەخت دوور دەکەوینەوە و تا ئەوکاتەی کە هەوا رووناك دەبێ مەودایەکمان بەجێ هێشتووە و پاش ئەوەی کە خۆرهەڵات، خۆمان و بەلەمەکەش، دەشارینەوە، دوای ئەوەی کە دنیا تاریك بوو، دیسانەوە درێژە بەرۆیشتنی خۆمان دەدەین تا لە میسر دەردەچین.

کاتێك ئاخاوتنی نوون گەیشتە ئێرە، ئەستێرەکانی ئاسمانی بە مووسا پیشان داو گوتی: نیوەی شەو تێپەڕیوە و ئەگەر بمانەوێ خۆمان رزگار بکەین دەبێ بێ دواکەوتن دەست بەکار بین.

مووسا گوتی: هەستە هەرچی زێڕ و گەوهەر لەم ماڵەدا هەیە هەڵیگرە، ئێمە دەبێ برێك ئازوقەش لە ماڵەوە هەڵبگرین و لەگەڵ خۆماندا بیبەین، لەبەر ئەوەی لەکاتی رۆژدا خۆمان دەشارینەوە ناتوانین ئازوقە لە جوتیاران یان مامەڵە چیان بکڕین.

لە هەمان کاتدا نابێ بە هەڵگرتنی بڕێکی زۆر زێڕ و گەوهەر و ئازوقە، باری خۆمان ئەوەندە گران بکەین لەکاتی شەڕ لەگەڵ سەربازەکاندا، گیرۆدە ببین و نەتوانین سەربەست بین.

مووسا، شمشێری ئاسنینی خۆی، کە دەستکاری سەنعەتکارانی شمشێرسازی وڵاتی هاتی بوو، بەست و کەمانی هەڵگرت و یەك تیردانی پڕ لە تیری لە پشتی خۆی بەست و هەرچەندی توانی ئەڵقەی زێڕ و گەوهەری هەڵگرت، و نوونیش سەرەڕای زێر و گەوهەر، بڕێك ئازوقەشی هەڵگرت.

پاش ئەوەی زانییان ئەوەی کە پێویستە هەڵیگرن، هەڵیان گرتووە، نوون کە هەروەکو سەروەری خۆی، چەکداربوو گوتی: ئێمە دەرگای ماڵەکە دەکەینەوە و لە ناکاو دەردەپەڕینە دەرەوە و هەرکەسێك ڕێگای پێ گرتین لە پەل و پۆی دەخەین.

هەردووکیان شمشێری رووتیان بە دەستەوە بوو. بەڵام شمشێری نوون لە برۆنز بوو و سەرباری ئەوەش، چەقۆشی پێبوو. دەیزانی ئەگەر شمشێرەکەی بشکێ، دەتوانێ چەقۆکەی لەبەرگی خۆی دەربێنێ و درێژە بەهێرشی خۆی بدا.

ئەو سەربازانەی لە چوار دەوری ماڵی مووسا بوون، بەپێویستیان نەدەزانی بەبێدارییی بمێننەوە. دوو نەفەر، لە بەرامبەر دەرگای ماڵەکە پاسەوانییان دەکرد کە یەکێکیان لەسەر بانی خانووەکە بوو و ئەویتریان لە پشت ماڵەکە بوو. ئەوانیتر خەوتبوون بەڵام پاسەوانان دەیانزانی کە دەتوانن لە ڕێگەی هات و هاوار کردنەوە ئەوانیتر خەبەربکەنەوە.

کاتێك دەرگای ماڵەکە کرایەوە، نوون خۆی خستە پێشەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو پاسەوانەکان زەربەیەکیان وەشاند، بەر وی بکەوێ. بەڵام دوو پاسەوانەکە کە لە بەرامبەر دەرگا راوەستابوون، بەبینینی نوون و مووسا، کەپاش ئەو لەماڵ هاتە دەرەوە، بە جۆرێك حەپەسان کە هاواریان کرد و هاواری ئەوان، ئەو سەربازانەی لەخەو ڕاپەڕاند کە لەوێ خەویان لێکەوتبوو.

ئەو دوو پاسەوانەی کە لە بەرامبەر دەرگای ماڵەکە راوەستابوون، لەبەر ئەوەی چاوەڕوانی ئەوە نەبوون کە مووسا و نوون لەماڵ بێنە دەرەوە، نەیانتوانی پێشیان پێبگرن، کاتێك هەوڵی ئەوەیاندا کە دەبێ پێش بەرۆیشتنیان، بە تایبەتی مووسا، بگرن، تازە ئیتر درەنگ ببوو.

نوون بێ بەزەییانە شمشێری نووك تیژی خۆی بە ورگی یەکێك لەو دوو پاسەوانە دا کردو ڕایکێشایە دەرەوە و ئەو پیاوە هاواری لێ هەستاو بە هەردوو دەستی برینی سکی خۆی گرت و چەمایەوە و پاشان کەوتە سەر زەوی و بەدەوری خۆیدا خوولی دەدا.

شمشێری ئاسنینی مووساش پاسەوانەکەی تری لە جووڵە خست و نوون بەسەروەری خۆی گوت: پەلە بکە تازووتر خۆمان بگەیەنینە رووبار و هەرچی زووتر سواری بەلەم بین باشترە. بەڵام بەهۆی هاواری پاسەوانەکان، ئەو سەربازانەی کە خەوتبوون، لە خەو ڕاپەڕین و ئەو سەربازەی کە لەسەر سەربانەکە پاسەوانیی دەکرد، لەسەر سەربانەکەوە خۆی هەڵدایە سەر



زەوی، ئەوەشیان کە لە پشتی خانووەکە پاسەوانیی دەکرد، بەپەلە خۆی گەیاندە سەربازەکانی دیکە. ئەو پیاوە چەکدارانە خۆیان گەیاندە مووسا و نوون تا نەهێڵن ڕابکەن.

مووسا و نوون تێگەیشتن ئەگەر بیانەوێ لەم شەڕەدا، گیانی خۆیان دەرباز بکەن، دەبێ پشت بدەنە پشتی یەك ئەگەر نا، سەربازانی فیرعەون، لەپشتەوەڕا هەردووکیان لە ناو دەبەن بەڵام ئەگەر پشت بەپشتی یەکتر بدەن کەس ناتوانێ لە پشتەوەڕا هێرشیان بۆ بهێنێ.

ئیتر دوای ئەوە مووسا و غولامەکەی بوونە یەك پیاو کە خاوەنی چوار دەست و چوار چاو و چوار قاچ بوو.

سەربازانی میسری، هەرچی کردیان تا ئەم دووانە لە یەکتر جیا بکەنەوە، نەیانتوانی. مووسا و غولامەکەی لە هەمان کاتدا کە لەبەرامبەر سەربازانی فیرعەون بەرگرییان لە خۆیان دەکرد، زیاتر لە ماڵ دوور دەکەوتنەوە و زیاتر لە ڕووباری نیل نزیك دەبوونەوە.

هەردووکیان بەهێز بوون و بازووەکانیان بە توانا بوو و شەڕکردن بەلای هەردووکیانەوە کارێکی ئاسایی بوو. ئەوان بێ هیچ ترس و پەشۆکاوییەك شەڕیان دەکرد و تێدەکۆشان خۆیان بگەیەننە سەر رووبار تاکو سواری بەلەمەکە بن و بۆی دەرچن.

کاتێك مووسا و غولامەکەی، نوون، گەیشتنە سەر رووبار، تەنیا دووسەربازی میسری مابوون کە شەڕیان لە گەڵدا دەکردن و سەربازەکانی دیکە یا کوژرا بوون یا بەکاریگەریی برینەکانیان وازیان لەشەڕکردن هێنابوو.

مووسا و غولامەکەی، بەهۆی تاریکی شەوەوە نەیاندەتوانی تێبگەن ئەو سەربازەی کە دەکەوێتە سەر زەوی کوژراوە یان بریندار بووە و ئیتر تاقەتی شەڕکردنی نەماوە.

کاتێك گەیشتنە سەر رووبار، نوون بە سەروەری خۆی گوت: ئاگاداری ئەم دوو نەفەرە بە، من دەمەوێ بەلەمەکە بکەمەوە. ئەم وشانە بەزمانی خەڵکی کۆش گوتران و دووسەربازە میسرییەکە، شتێکی لێ تێنەگەیشتن.

لێرە بەدواوە، مووسا بە تەنیایی لەگەڵ دوو سەربازە میسرییەکەدا شەڕی کرد تا غولامەکەی بەلەمەکەی کردەوە و مووسا، دەستی یەکێك لە سەربازەکانی بریندار کرد، سەربازەکە کشایەوە دواوە، ئنجا ئەوی دیکەش کەخۆی لەبەرامبەر مووسادا بەتەنیایی و لاواز هاتە بەرچاو، دەستی لەشەڕکردن هەڵگرت.

مووسا و غولامەکەی، بێ ئەوەی بکەونە بن باری نارەحەتییەوە، چوونە ناو بەلەمەکە ونوون، بەلەمەکەی خستە جووڵە و ڕێگای باکووری گرتەبەر.

مووسا سەوڵێکی بە دەستەوە گرت، سەوڵەکەی دیکەش غولامەکەی لێی دەدا. مووسا دەیزانی تا لە توانایدایە، دەبێ بەخێرایی خۆی لە پایتەخت دووربخاتەوە. چونکە دەیانزانی سەربازە بریندارەکان، لە بارەی ڕووداوەکەوە فەرماندەی خۆیان ئاگادار دەکەنەوە و ئەویش فیرعەون لە بارەی ڕووداوەکە ئاگادار دەکاتەوە. گەرچی پاشای میسر لەو کاتەدا خەوتووە، بەڵام چونکە ڕووداوی هەڵاتنی ئەوان گرنگی خۆی هەیە، لەوانەیە لە خەو هەڵیبستێنن و پێی بڵێن کە مووسا لە ڕێگەی شەتی نیلەوە هەڵاتووە، ئەویش کەشتییە جەنگییەکانی رابسپێرێ تا دەستگیریان بکەن.

هەردووکیان دەیانزانی کە بەر لەوەی خۆر هەڵبێت دەبێ خۆیان بگەیەننە ناوچەیەك کە لەوێ گیاوگۆڵ بەتایبەتی پاپیروس، لە لێوارەکانی شەتی نیل دا بە چڕوپڕی هەیە و لەوێ دەتوانن بەلەمەکە بشارنەوە.

ئەوان دەیانزانی کەنابێ بچنە سەر زەوینی کۆش (کۆشین) و ئەگەر بێتوو روو بکەنە ئەوێش ئەوا نابێ خۆیان پیشانی دانیشتوانی ئەوێ بدەن. چونکە فیرعەون دەزانێ کە مووسا لە نەژادی خەڵکی سەر زەوینی کۆشە و سەر بازانی خۆی دەنێرێتە ئەوێ تا ئەگەرمووسا پێی نایە ئەوناوچەیە، دەستگیری بکەن.

نەخشەی مووسا و نوون ئەوە بوو کە بەرۆژ خۆیان لە نێو گیاوگۆڵی لقەکانی ڕووباری نیل بشارنەوە، شەوانیش بە بەلەم ڕێگای خۆیان تەی بکەن تا دەگەنە دەوروبەری بیابانی رۆژهەڵاتی میسر (ئەمڕۆ بەناوی بیابانی سینا دەناسرێ) و کاتێك گەیشتنە ئەوێ، لە ڕووباری نیل دوور بکەونەوە و بچنە نێو بیابانەوە تا خۆیان دەگەیەننە کەنعان.

مووسا بە غولامی خۆی گوت: تەنیا وارێك کە بۆ ئێمە ئاسایشی تێدابێ بیابانی سینایە، لەبەر ئەوەی سوپای پاشای میسر، ناچێتە ناو ئەو بیابانەوە.

گەرچی هێندێك کاتی وا هەبوو سوپای پاشای میسر، بۆ ئەوەی بەرەو سوریا یان هاتی بڕوا، لە بیابانی سیناوە تێدەپەڕی، بەڵام بەردەوام لە ڕێگەیەکی کە لە باکووری ئەو بیابانەوە، بە هاوشانی دەریاوە هەیە، تێدەپەڕێ، چونکە لەم ڕێگایەوە، ئاوێکی زۆر هەیە و دەریاش نزیکە، پاشای میسر، دەتوانێ بەشێکی گرنگی کەرەسەو ئەسپابی سوپای خۆی لەڕێگەی دەریاوە بگوازێتەوە. بەڵام سوپای پاشای میسر، هەرگیز پێ ناخاتە ناوەڕاستی بیابانی سیناوە، چونکە دەزانێ کە لەوێ، ئاو بەو ئەندازەیە، کە بەتەواوی بەشی سوپا بکا، نیە. هەروەها لە ناوەڕاستی بیابانی سینا شارو باژێری لێ نین تا پاشای میسر داگیریان بکاو زێڕی لە خەڵکی



ئەو شارانە بەدەست بکەوێ. بۆیە ئێمە، پاش ئەوەی کە چووینە ناو بیابانی سیناوە ئارخەیان دەبین، چونکە دەزانین لەوێ کەس هەوڵی کوشتنی ئێمە نادات.

کاتێك دنیا رووناك بوو، مووسا، بە غولامی خۆی گوت: ئێستا کاتی ئەوەیە کە دەبێ خۆمان بشارینەوە و بخەوین تا لە کاتی شەودا بتوانین درێژە بە رۆیشتنی خۆمان بدەین.

مووسا و غولامەکەی، بەلەمەکەیان بردە ناو شوێنێکی رووبارەکەوە کە گیاو گۆڵێکی چڕوپڕی لێ ڕوا بوو.

لەو جێیەدا گیاوگۆڵ، لەوانەش گیای پاپیرۆس، کە لە میسردا بۆ دروست کردنی کاغەز بەکار دەهات، ئەوەندە بەرز و چڕوپڕ بوو کە مووسا و نوون پاش ئەوەی چوونە ناو ئەو جێیەوە، نەك هەر تەنیا لە چاو ون بوون و ئەوانەی کەبەناو ئاوەکەدا تێدەپەڕین ئەوانیان نەدەدی، بەڵکو هەتاویشی لێ نەدەدان.

مووسا و غولامەکەی، لەوێ کەمێك خواردنیان خوارد و ئاوی نیلیان خواردەوە و لە نێو بەلەمەکەدا نووستن. بەڵام پاش ئەوەی بەهۆی بەرزبوونەوەی خۆرەوە هەوا گەرم بوو، زیندەوەر، کەتا ئەو کاتە بەو نەفەرە خەوتووانەیانەوە نەدەدا، چزووی خۆیان بە سەرو روو و دەست و بازوو و پێی ئەو دوو نەفەرەدا کرد. مووسا و غولامەکەی خەبەریان بۆوە و نوون گوتی: دەبێ دوو رووپۆش لە پاپیرۆس بچنم تا لەکاتی خەوتنندا بەسەر خۆمانی دابدەین و گیرۆدەی چزووی زیندەوەران نەبین.

مووسا گوتی: زیندەوەری نێر ئازاریان بۆ مرۆڤ نیە تەنیا زیندەوەری مێیە بە مرۆڤەوە دەدا، چنینی حەسیر لە پاپیرۆس سوودی نیە چونکە زیندەوەری بچووك لە کوونی حەسیرەکەوە دەرباز دەبن و دیسانەوە هەر پێمانەوە دەدەن، ئەگەر حەسیرەکەش بەخۆماندا بدەین تا لە چزووی زیندەوەران لە ئاماندا بین، بە جۆرێك گەرمامان دەبێ کە خەومان لێناکەوێ.

نوون گوتی: بەو پێودانگە بێ تا ئەو رۆژەی ئێمە لە نێو شەتی نیل داین، دەبێ هەموو رۆژێ تەحەمولی چزووی زیندەوەران بکەین.

مووسا گوتی: لە لێواری شەتی نیل گیایەك دەڕوێ کە بە (ترشۆکە) ناو دەبرێ، ئەگەر بڕێك لەو گیایە بچنین و بیکوتین و گوشراوەکەی بەسەر لەشی خۆمان و بەلەمەکەدا بکەین، زیندەوەری مێیە لەبەر ئەوەی نەفرەتی لە بۆنی ئەو گوشراوە دەبێتەوە، توخنی ئێمە ناکەون و پێمانەوە نادەن.

نوون گوتی: ئایا لێرە (ترشۆکە) هەیە یان نا؟

مووسا گوتی: لەوانەیە لێرەش هەبێ، بەڵام بۆ چنینی ئەو گیایە، دەبێ لە لێواری رووبار لەدەم ئاوەکە بۆی بگەڕێین، ئێستا ناتوانین ئەم کارە بکەین، چونکە ئێمە نابێ خۆمان بەکەسانی تر پیشان بدەین.

مووسا و غولامەکەی تا دوای نیوەڕۆ بەدەست چزووی زیندەوەرانەوە گیرۆدە ببوون. چەند جارێکیش تیمساح لەدەوروبەری بەلەمەکە کەوتنە بەرچاو، هەموو جارێك نوون، بەسەوڵ لەتەوقی سەری دەدان و تیمساحەکان خۆیان بە بن ئاوەکەدا دەبردە خوارێ. پاش ئەوەی کە خۆر نزم بۆوە و دنیا نیمچە تاریك داهات، زیندەوەر نەمان. مووسا و غولامەکەی توانییان خەویان لێبکەوێ. پاشان کە خۆرئاوا بوو، بەلەمەکەیان لە ناوەڕاستی گیاوگۆڵەکە هێنایە دەرێ و دووبارە کەوتنەوە رێ.

رێگای ئەوان هەروا بەرەو باکوور بوو، بەڵام لە لقە لاوەکییەکانی رووباری نیلەوە دەرۆیشتن تا رووبەرووی مەترسی نەبنەوە چونکە بە دووریان نەدەزانی کە لە لقە ئەسڵییەکانی ڕووباری نیل دا، کەشتیگەلی جەنگیی بەدوا سەرو سۆراخی ئەواندا بگەڕێ.



## -٢٢-

# هەڵاتن

بەرنامەی سەفەری مووسا و غولامەکەی، ئەوەبوو کە هەموو شەوێك تا بەرەبەیان رێگایان تەی دەکرد. پێش هەڵهاتنی خۆر، جێگایەکیان بۆ شاردنەوەی خۆیان و بەلەمەکەیان دەدۆزییەوە. لەوێ، تا ئەو رادەیەی کە زیندەوەران بواریان دەدا، بۆ خۆیان دەنووستن.

رۆژی چوارەم، ئەو ئازوقەیەی کە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان تەواو بوو. بەتایبەتیش بەهۆی ئەوەی کە ئیشتیای خواردنیان هەبوو و نەیاندەتوانی لە خواردن بگرنەوە. لەسەردەمی مووسا دا لە لێواری شەتی نیل هیچ رێبوارێکی وشکانی یان ئاویی، لە برسان نەدەمرد. چونکە سەرەڕای ماسی، بەردەوام لە لێواری شەتەکە مراوی زۆری لێبوو. رێبوارانی برسی دەیانتوانی ماسی بگرن یاخوود پاش ئەوەی تاریکان دادەهات، لە قامیشەڵانەکانی لێواری رووبار، مراوی راوبکەن. راوی مراویش لەکاتی شەودا، یەکجار ئاسان بوو و پێویستی بەتیروکەوان نەبوو، چونکە مراوییەکان نەدەفڕین و هەڵنەدەهاتن هەر ئەوەند بەس بوو کە هەردوو باڵی بگرن و لەیەکەوەی بپێچن تا باڵندەکە لە جووڵە بکەوێ و راوی بکەن.

رۆژی چوارەم، مووسا و غولامەکەی تەحەمولی برسێتیان کرد و بەخواردنەوەی ئاوی نیل برسێتی خۆیان دامرکاندەوە. بەڵام شەوی پێنجەم، چەند مراوییەکیان گرت. نوون، کە چەخماخەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، لە لێواری شەتەکە، بەگیاوگۆڵ و قامیشی وشك، ئاگری داگیرساندو مراوییەکانیان سوورکردەوە و خواردیان. ئینجا مووسا و غولامەکەی پێیان نایە ناوچەیەکەوە کە لەوێ سەرزەوینی کۆش، کەوتبووە لای راست، مانای کەوتبووە لای رۆژهەڵاتی ئەوانەوە.

ئەوان دەیانزانی کە دەبێ لەو ناوچەیە دەربچن تا بچنە نێو بیابانی سیناوە و تێپەڕین بەو ناوچەیەدا مەترسیدار بوو. چونکە ئەگەر سەربازانی فیرعەون لەو ناوچەیە بوونایە، دانیشتوانی ناوچەکە، هەر لەگەڵ دیتنی مووسا، هەواڵی هاتنی ئەویان دەدایە سەربازانی پاشای میسر و

ئەوانیش مووسایان دەستگیر دەکرد، چونکە هەروەکو گوتمان خەڵکی ئیسرائیلی سەرزەوینی کۆش، مووسایان بەهاونەژادی خۆیان نەدەزانی.

ئەگەر ئەم دوو نەفەرە، بۆ گەیشتن بەسینا، لەسەرزەوینی کۆشەوە تێپەڕیبان، ناچار بوون کە لەرێگای ئاوەوە خۆیان بگەیەننە بیابانی سینا ، مانای لە ئاورێژگەی رووباری نیل بچنە دەرەوە. ئینجا بەکەشتی رێگای بیابانی سینا بگرنەبەر و لەوکاتەشدا کە دەیانویست لە ئاورێژگەی رووباری نیل بچنە دەرەوە، دەستگیر دەکران یاخوود پێش ئەوەی کە بگەنە ئاورێژگەی رووباری نیل ، ئەوانیان دەستگیر دەکرد و دەیانهێنانەوە بۆ پایتەخت تا هەردووکیان بکوژن.

هەربۆیە مووسا و غولامەکەی، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگەیەننە بیابانی سینا ، دەبووایە لە سەرزەوینی کۆش، لە رۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلاّت بڕۆن تا دەگەنە بیابانی سینا و هەر کاتێکیش لەکاتی تێپەڕبوونیان بەوێدا، ئەگەر کەسێکی ئیسرائیلی ئەم دووانەی بدیبایە ئاگاداری سەربازانی پاشای میسری دەکرد، کە ئەگەرێکی بەهێزی هەبوو لەوکاتەدا لەوێ بن.

خەڵکی کۆش لەوە بێگومان بوون کە نوون لە خۆیانە بەلاّم مووسایان بە بێگانە دەزانی.

ئەوان مووسایان وەکو کوڕی پاشای میسر ناسی بوو. ئەوەیان پێ قبوڵ نەدەکرا کە شازادەیەکی میسری، کە لە پشتی فیرعەون هاتۆتە دنیاوە، لەوان بێ.

مووسا و غولامەکەی، لەکاتی تێپەڕبوون بە سەرزەوینی کۆش دا، دەبووایە بەپێ رێگا ببڕن. لەوێ رووباری لێ نەبوو تا بتوانن لە رێگای ئاوییەوە خۆیان بگەیەننە بیابانی سینا .

لە هێندێك بەشی سەرزەوینی کۆش، درەخت و گیای لێ نەبوو و مووسا و غولامەکەی، لەکاتی تێپەڕبوونیان بەوێدا ئەگەر لە دووریشەوە ئیسرائیلییەکیان بدیبایە نەیاندەتوانی خۆیان بشارنەوە.

سەرەنجام بڕیاریاندا کەلەکاتی شەودا بکەونەڕێ تاکو کەس نەیانبینێ و بەر لەخۆرهەڵات کە گەیشتنە یەکەمین جەنگەڵ یان بێشە، لەوێ بۆ پشوودان رابووەستن و بەهیچ رەنگێك خۆیان پیشانی دانیشتوانی ناوچەکە نەدەن تا ئەو کاتەی لە سەرزەوینی کۆش تێدەپەڕن

ئەوان دەیانزانی کەلەکاتی تێپەڕین بە کۆشدا، ناتوانن بۆ بەدەستهێنانی ئازوقە بچنەلای دانیشتووانی ناوچەکە، بۆیە دەبوو بڕێك ئازوقە لەگەڵ خۆیان ببەن و وردەوردە بەپێخۆر بیخۆن تا دەگەنە بیابانی سینا .



ئەو ئازوقەیەی کە ئەوان دەیانتوانی لە لێواری رووبار بەدەستی بێنن جگە لە ماسی و مراوی شتێکی تر نەبوو و هەر ئەوەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد. ئەوان ماسی و مراوییان لەسەر ئاگر سوور کردەوە تا لەرێگا درەنگ تر خراپ ببێ و پێشبینییان کردبوو کە ئەو رۆژەی خواردنەکەیان خراپ دەبێ، ئەوان لەکۆش تێپەڕی بن و خۆیان گەیاندبێتە سەرزەوینی سینا.

ئەوان دەیانزانی پاش ئەوەی کەگەیشتنە سینا، بۆ بەدەستهێنانی ئازوقە دەبێ چ بکەن. هەردووکیان دەیانزانی کە بیابانی سینا، بیابانێکە وشکە و بەشەکانی باکووری و باشووری ئەوێ کە کەوتوونەتە لێواری دەریای میسر (دەریای ناوەڕاست) و دەریای سوور، بەپیتو بەرەکەتە.

لەهێندێك لە بەشە بەرزەکانی بیابانی سینا ، لەوەرزی پاییز و زستان و بەهاردا باران دەبارێ و گیا سەوز دەبێ و کانیاوەکان، لەزەویدا دەتەقنەوە و هێندێك لەو سەرچاوانە تا وەرزی باران بارینێکی دیکە ئاویان هەر دەما. ئەگەر مووسا و غولامەکەی، بیانتوانیبایە خۆیان بگەیەننە بەشە بەرزەکانی بیابانی سینا ، ئومێدیان بەوە دەبوو کە لەوێ ئاویان وەگیربکەوێ و لە تینوان نەخنکێن.

مووسا و غولامەکەی، کاتێك لە پایتەختی میسرەوە کەوتنە رێ، مەشکەی ئاویان لەگەڵ خۆیان هەڵنەگرتبوو، چونکە هەستیان بەوە نەکرد بوو کە پاشان پێویستییان پێ دەبێ.

ئەوان دەیانزانی کە بە بەلەم لە شەتی نیل دا سەفەر دەکەن و لەهەموو جێگایەك، بەبڕی زۆر ئاویان لەبەردەستدا دەبێ و پێویست ناکا مەشکەی ئاو، لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن. بەلاّم کاتێك زانییان کە دەبێ لە رووباری نیل جیاببنەوە و لە سەرزەوینی کۆش، تێپەڕن تا خۆیان دەگەیەننە بیابانی سینا تێگەیشتن کە پێویستییان بەمەشکەی ئاو دەبێ، و نەهەرتەنیا لە بیابانی سینا بەبێ مەشکەی ئاو ناتوانن سەفەربکەن، بەڵکو پێش گەیشتن بەو بیابانەش، لە بەشێکی سەرزەوینی کۆش کە وشك و بەیار بوو، پێویستیان بەمەشکەی ئاو هەبوو تا لەتینوواندا لە پەل وپۆ نەکەون.

کڕینی مەشکەیەك یان دوو مەشکە بۆ ئەوان گرفتێکی تێدا نەبوو چونکە ئەوان زێڕ و گەوهەریان پێبوو، بەلاّم ئەوان بۆ کڕینی مەشکە دەبووایە خۆیان پێشانی فرۆشیاران بدەن. قەلاّفەت و سەروسیمای ئەوانیش، بەتایبەتی قەلاّفەت و سەروسیمای مووسا، سەرنج راکێش بوو و تێدەگەیشتن کە ئەو، هەمان ئەو کەسەیە کە سەربازانی پاشای میسر، بەدوایدا دەگەڕێن و دەیانەوێ دەستگیری بکەن. هەروەها چوونە نێو بیابانێکی وشك و بەیار کارێکی شێتانە بوو چونکە لەبەر تێنوێتی بەهیلاك دەچوون.

نوون به سەروەری خۆی گوت: تۆ لێرە (مانای لە لێواری شەتی نیل) خۆت بشارەوە تا من دەچم دوو مەشکەی ئاو و بڕێك خواردەمەنی دەکڕم، لەبەرئەوەی من تاکە نەفەرم کەس گومان لەمن ناکا، چونکە سەربازانی پاشای میسر بەدووای دوو نەفەردا دەگەڕێن و دەزانن کە ئێمە پێکەوە هەڵاتووین.

مووسا گووتی: وریایی خۆت لە دەست مەدە و لە رادەی پێویست زیاتر لەگەڵ فرۆشیارەکانی مەشکە و خواردەمەنی قسە مەکە. بڵێ من رێبوارێکم دەمەوێ لەرێگای وشکانییەوە بچمە پایتەخت، بۆیە پێویستیم بە مەشکەی ئاو و خواردن هەیە. ئەو زێڕ و گەوهەرەی پێتە پیشانی کەسانی تری مەدە چونکە بەدگومانییان لەلا دروست دەکا و خەڵك سەریان سوڕدەمێنێ کە تۆ ئەو هەموو زێڕ و گەوهەرەت لەکوێ بووە.

نوون بەڵێنی بەسەروەری خۆیدا و رۆیشت. پاش دوو کاتژمێر بە دوومەشکەی پێستە و بڕێك نان و هەنجیری وشك و بادەمەوە گەڕایەوە. مەشکەکانیان لەئاوی رووباری نیل پڕکرد و دەمەکانیان بەست و بەشانی خۆیان دادا و بەدرێژایی رۆژهەڵات، چوونە نێو سەرزەوینی کۆش.

تا ئەو کاتەی کە بەبەشی لێڕەواری ناوچەکەدا تێدەپەڕین، لەکاتی رۆژدا دەیانتوانی رێگای خۆیان تەی بکەن و هیچ کەسێك لەنێو ئەو بێشانەدا ئەوانی نەدەدی. بەڵام پاش ئەوەی لەناوچەی لێرەوار چوونە دەرەوە، بۆخۆپارێزیی، لە رێ کردن بەڕۆژ، راوەستان و تەنیا بەشەو رێگایان دەگرتەبەر و هەرکە سپێدەی بەیان گزنگی دەدا، لەڕێ کردن رادەوەستان.

هەموو شەوێك، دواین کاتژمێری رێپێوانی ئەوان، تا ئەو کاتەی بەرەبەیان دادەهات، بۆ دۆزینەوەی جێگایەك تەرخان بوو کە بتوانن لەکاتی رۆژدا خۆیانی لێ پەنا بدەن و لە تیشکی رۆژ خۆیان بپارێزن و هەروەها خۆشیانی تێدا بشارنەوە.

جاری واهەبوو دۆزینەوەی جێگایەك، کە بۆ مانەوەی رۆژ گونجاو بێت، بەزەحمەت دەکەوت، ئەوەش کاتێك بوو کە رێکاری رێگاکەیان بێشەڵان و گیاوگۆڵی تێدابووایە کەبیانتوانیبایە لەناوەڕاستیدا و لەژێر سێبەری درەختە کۆنەکاندا خۆیان بشارنەوە. لەم جۆرە ناوچانەدا،

مووسا ونوون جاری واهەبوو ناچارەبوون لە هێڵی رۆیشتنی خۆیان، کە بەدرێژایی رۆئاوا — رۆژهەڵات بوو، دەرچن و بەرەو باکوور یان باشوور بڕۆن تابتوانن زەمەندێك یان جێگایەك بدۆزنەوە تا خۆیانی تێدا بشارنەوە.

رۆژێك کە لەنێو بێشەڵانێکدا مابوونەوە، لە دوورەوە پێنج سەربازی میسرییان بینی کە بە بیاباندا دڕۆیشتن.



ئاراستەی رۆیشتنەکەیان وای پیشان دەدا کە بەرەو بێشەڵانەکە دێن، نوون گوتی: لەبەرئەوەی لێرە جگە لەم بێشەڵانە، شوێنی دیکە کە سێبەری لێبێ، نییە، ئەم پێنج کەسە، بەجۆرێکی بێ چەندوچوون بۆ ئێرە دێن تا لەژێر سێبەری درختەکان دابنیشن و پشووبدەن. ئێمەش بۆ پاراستنی گیانی خۆمان دەبێ شەڕیان لەگەڵدا بکەین.

مووسا وەڵامیدایەوە: من پێم وانییە ئەوان بەرەو ئەم بێشەڵانە بێن. لەوانەیە بیانەوێ بەو رێگایەدا تێپەڕ بن کە بەپەنای ئەم بێشەڵانەدا دەڕوا و ئاراستەی رۆیشتنی ئەوان، ئەوان بگەیەنێتە ئەم رێگایە. ئەگەر دەمی نیوەڕۆ یان عەسر بووایە، من دەمگوت بەرەو ئەم بێشەڵانە دێن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا کاتی بەیانییە و سەربازانیش کاتی بەیانیان دەکەونەڕێ ئەوا بە گومانی من ئەوانە بەرەو ئێرە نایەن.

ئەوەبوو هەرواش بوو، سەربازەکان پێیان نەنایە ناوبێشەڵانەکە و لەو رێگایەوە کەلەپەنای بێشەڵانەکە بوو، تێپەرین و رۆیشتن.

پاش ئەوەی کە سەربازەکان دوورکەوتنەوە، مووسا لە غولامەکەی خۆی پرسی: ئایا نەریت وایەکە سوپای میسر، لەنێو سەرزەوینی کۆش دا، ئۆردووی هەبێ؟

نوون گوتی: نەخێر سەربازانی پاشای میسر ، تەنیا لەیەك کاتدا دێنە کۆش، ئەویش ئەوکاتەیە کەدەیانەوێ ئەو کۆیلانەی ئیسرائیل کە تەمەنیان گەیشتۆتە قۆناغی پێگەیشتوویی، لەگەڵ خۆیان ببەن.

مووسا گوتی: لەم حاڵەدا ئەم پێنج سەربازە و سەربازەکانی دیکە کە لە وانەیە لەم وڵاتە بن بەدوای ئێمەدا بگەڕێن. ئێمە دەبێ خۆپارێزیی زیاتر بکەین و خۆمان پیشانی دانیشتوانی ناوچەکە و سەربازانی پاشای میسر ، نەدەین.

پاش ئەوەی کە شەو داهات، لەو بێشەیە هاتنە دەرەوە و بەرەو رۆژهەڵات درێژەیان بەرێگای خۆیاندا و کاتێك کە سپێدەی دا، وەزعی خاك گۆڕانی بەسەردا هات.

تا ئەو جێیە، تەنانەت لەوشك ترین دەشتیشدا، پنچکی گیاوگۆڵێك هەردەبینرا، بەڵام لەو ناوچەیەدا، زەوییەکە بەجۆرێك وشك بوو کە مووسا و غولامەکەی، نەیانتوانی تەنانەت پنجکە گیایەکیش ببینن. مووسا گوتی: پێم وایە گەیشتینە بیابانی سینا.

کاتێك دنیا رووناکتر بوو، لەلای رۆژهەڵاتەوە بیابانێکی فراوان و بەرواڵەت بێ پسانەوە لەو سەری بیابانی سینا بەدەرکەوت. تیشکی ئەرخەوانی ئەوێ لەسەر رووخساری مووسا تیشکی دایەوە. لەوکاتەدا نوون چاوی بە سەروەرەکەی کەوت. و بینی کە لە روخساری مووسا دا بۆ

یەکەمین جار، پاش ماوەیەکی دووورودرێژ، شوێنەواری ڕەزامەندی و تەنانەت دڵخۆش، دەبینرێ.

نوون گوتی: سەروەرم، دەبینم ئەوڕۆ، سەرەڕای ئەو ماندووێتییەی ڕێگا تەیکردنی دوێنی شەو، دڵخۆشت دەبینم.

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی نوون، لەبەرئەوەی ئەوڕۆ یەکەمین ڕۆژە کە خۆم لەدەرەوەی ناوچەی دەسەڵاتی پاشای میسردا دەبینم. من تەنانەت لە سەرزەوینی کۆش ، مانای لەباشووریش لە ژێر دەسەڵاتی پاشای میسر دا بووم، چونکە سوپای میسر لەنزیك من بوو، بەڵام لێرە، رامسیسی دووەم دەسەڵاتی نییە و خواکانی میسر نفوزیان نییە و من ناچار نیم کە لێرە خۆم بپارێزم و خواکانی میسر بە بەرێز بزانم.

من، لێرە بە ئازادی خوای خۆم، کە خوای نەبینراوە، دەپەرستم. لەم رووەوە، لەمڕۆ بە دواوە ناچارنیم خۆم لەچاوی خەڵك بشارمەوە و بەشەو بەڕێگادا بڕۆم، چونکە دەزانم سەربازانی پاشای میسر لەم بیابانە نین.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، لەبەرئەوەی ئەوڕۆ دەبینم رازی و خۆشحاڵی، منیش هەست بەرەزامەندی و خۆشحاڵی دەکەم.

مووسا گوتی: ئەی نوون، ئێرە سەرەتای بیابانی سینایە و ئەگەر ئێمە بتوانین لەم بیابانە تێپەڕین، ئەوا دەگەینە سەرەتای سەرزەوینی کەنعان.

نازانم سەفەری ئێمە لەم بیابانەدا چەند درێژە دەکێشێ. نازانم ئایا دەتوانین لە بیابانی سینا تێپەڕببین و خۆمان بگەیەنینە کەنعان، یان لەم بیابانەدا لە تینووێتی و برسێتیدا دەمرین. لەوانەشە گیانلەبەرانی کوشندە لەم بیابانە پێمانەوە بدەن و لەناودەچین، لەوانەیە نەخۆشییەك، کەدیار نییە چ کاتێك روو لەمرۆڤ دەکا، ئێمە لەم بیابانەدا بەزەوی دابدا. من، ئەلێرە کە سەرەتای بیابانی سینایە جارێکی تر تۆ ئازاددەکەم و پێت دەڵێم کە تۆ ئیتر غولامی من نی و پیاوێکی ئازادی و دەتوانی بە هەرجۆرێك کە خۆت پێت خۆشە بژی.

لێرە هەرچی زێڕ و گەوهەری پێمانە، نیوەی دەکەین و نیوەی ئەو زێڕ و گەوهەرە بۆتۆ دەبێ و نیوەکەی دیکەی بۆمن. ئازوقەو چەکی کە پێمانە ئەویش دەکەینە نیوە و ئەو دوو مەشکە ئاوەی پێمانە یەکێکیان بۆتۆ و ئەوەی تریشیان بۆ من. من دەچمە ناو ئەم بیابانە و تۆ بگەڕێوە و بۆ هەر جێگایەك پێت خۆش بوو بڕۆ، تا لەم بیابانە بەرفراوانەدا هاوبەشی دژوارییەکانی ژیانی من نەبی.



من نامەوێ تۆ ناچار بکەم کەلەم بیابانەدا هاوسەفەری من بی. من داوات لێدەکەم کە شەرمەزارمەبە و بگەڕێوە. من پشتت تێدەکەم تا بەرۆیشتنی من شەرمەزار نەبی، من تا یەقین نەبم کە تۆ لەبەر چاو ون بووی، رووی خۆم وەرناگێڕم.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، تۆ جارێك لە پایتەخت ئەم قسەیەت بەمنت گوت کە زێڕ و گەوهەرەکان لەگەڵ مندا نیوە دەکەی و ئازادم دەکەی تا لەمیسر بڕۆم. منیش پێم گوتی کە تۆ بەجێ ناهێڵم. ئێستا بۆ جاری دووەم ئەم قسەیە دەکەی و پێم دەڵێی کە بەجێت بێڵم؟

تۆ دەڵێی تێپەڕینی ئێمە بەم بیابانەدا دژوارە و ئێمە رووبەڕووی کوێرەوەری دەبینەوە. ئەگەر من کەسێکی میسری، لە جۆری ئەو میسرییانە بوومایە کە خاوەن دەسەڵات و خۆشگوزەرانن و تۆ، ئەم قسەیەت بەمن بگوتبایە، ئەوا قسەکەت رێی بۆ دەچوو، چونکە ئەوکاتە وات بیردەکردەوە کە من پیاوێکی ئاسوودەخواز بووم و هەمیشە لەژێر سێبەری درەختان یان لە کۆشکەکانی پایتەختی میسر ژیاوم و لە ژووری وادا ژیانم بەڕێکردووە کە بەبەردی مەڕمەڕ راخراون. لە حاڵێکدا کە من لەبیابان هاتوومەتە دنیاوە، باپیرانی من هەمویان ژیانیان لەبیابان بردۆتەسەر و وشکەساڵی و قاتوقڕی ئەوانی والێکرد کە بچنە میسر و لە سەرزەوینی کۆش بژین و پاشان پاشای میسر ، ئەوانی کردە کۆیلە.

من پیاوێکم کۆیلە بووم و لە بیابان هاتوومەتە دنیاوە. بەمنداڵی، وەکو هەموومنداڵانی دیکەی هاونەژادی خۆم، جۆرەها سەختیم چێشتووە پاش ئەوەی کە منیان کردە کۆیلە، لەبەرئەوەی کە سرووشتێکی سەرکێشم هەبوو، هەمیشە لەزنجیردابووم و قامچیم دەخوارد. رزگاری من لەو رۆژەوە دەستی پێکرد کە تۆ منت کڕی. بەڵام تەنانەت دوای ئەوەش کەتۆ منت کڕی، خووی سەرکێشیم هەرهەبوو، چونکە نەمدەتوانی وێنای ئەوەبکەم کەتۆ میسری نی یان لەگەڵ میسرییانی تر جیاوازیت هەیە.

من، تۆم هەروەکو میسرییانی تر دادەنا و وام بیردەکردەوە کە بەهۆی بچووکترین هەڵەوە دەمدەیە بەر قامچی و بە سەرەگا، لێم دەدەی[١٣].

ئایا پیاوێکی وەکو من لەسەفەری بیابانی سینا دەترسێ؟ ئایا پیاوێکی وەکو من، کە لەهەموو قۆناغی کۆیلەتیدا، برسی بووم، یان بەماسی بۆگەن خۆم تێردەکرد، بەبرسێتی و تێنووێتی بیابانی سینا ، بێتاقەت دەبێ؟

(١٣) لە رۆژگارانی کۆن لە ئێران ئەوقامچییەی کە لە (پێستی گا) دروست دەکرا، پێیان دەگوت (سەرەگا) (و. ف)

گیانلەبەری کوشندەش لەهەموو جێگایەك هەیە و جێگای تایبەتی ئەوان، تەنیا تایبەت بە بیابانی سینا نییە. ئایا لەبیرت نەماوە کاتێك ئێمە بەرەو شاری زێڕین دەچووین مارێك پێوەی دای، لە حاڵێکدا کە ئەوێ بە بەراورد لەگەڵ بیابانی سینا ، تا رادەیەك ناوچەیەکی سارد بوو؟

گیانی من، لەگیانی تۆ بەنرختر نییە. هەر بەوجۆرەی کە مار بە تۆوەی دا و تۆ تەحەمولی پێوەدانی مارەکەت کرد، هەرئاوا منیش ئەگەر مار پێوەیدام، تەحەمولی پێوەدانەکەی دەکەم.

ئەگەرهاتوو دوای ئەوەی کە دەکەوینە ناو بیابانەوە تۆ گیرۆدەی برسێتی یان تینوویێتی بووی، منیش دووچاری برسێتی یا تینوویێتی دەبم. گیانی من لەگیانی تۆ ئازیزتر نییە تا لە برسێتی و تێنوێتیدا بێتاقەتی لە خۆم نیشان بدەم.

ئەگەر دوای ئەوەی کە چووینە نێو ئەم بیابانەوە، لەبەر هەتاو، بێ نوا ماینەوە و گەرمایی خۆر، ئازاری پێگەیاندین، منیش هەروەکو تۆ بەگەرمای خۆر ئازار دەچێژم و نابێ دادوسکاڵا بکەم کە بۆچی نوایەکم نییە. ئینجا ئەگەر پاش ماوەیەکیش لە تەحەمول کردنی گەرمای خۆر و تینوێتی، تووشی کانییەك هاتم کە ئاوێکی ساف و فێنکی هەبوو، منیش وەکو تۆ، بە خواردنەوەی ئاوی ئەو کانییە چێژ وەردەگرم.

ئەی سەروەری من، بزانە کە ئیتر من ناتوانم لەتۆ جیا ببمەوە و تا ئەورۆژەی لە ژیاندا ماوم، غولامی تۆ دەبم. هەرگیز رۆژێك نایەتە پێشەوە کە لەتۆ جیا ببمەوە. ئەگەر من لە تۆ زووتر بمرم ئەوا ئەوباشتر و ئەگەر تۆ لە من زووتر بمری، پاش مردنی تۆ خۆم دەکوژم. چونکە پاش مردنی تۆ، من ناتوانم درێژە بەژیانی خۆم بدەم. وەزعی من و تۆ، هەروەکو وەزعی مرۆڤێك و سێبەرەکەی وایە، تا ئەوکاتەی ئەو مرۆڤە هەبێ، سێبەرەکەشی هەیە و هەر کە ئەو مرۆڤە نەما سێبەرەکەشی نامێنێ. منیش هەرئاوا وەکو سێبەرێك کە خاوەنەکەی مردووە، دەمرم.

مووسا گوتی: زۆر باشە نوون، ئێستا کە تۆ دەتەوێ هاوبەشی دژوارییەکانی ئایندەی ژیانی من بی، منیش بەخۆشییەوە هاوڕێییەتی تۆ قبوڵ دەکەم.

پاش ئەوە مووسا گوتی: ئێستا دەبێ ئێمە هێڵی رۆشتنی خۆمان، لەم بیابانەدا دیاری بکەین تا بزانین کە دەبێ لە کوێوە بڕۆین. ئێمە لەم وەرزەدا کە وەرزی هاوینە، ئەگەر بمانەوێ لێرەوە راستەوڕاست بەرەو رۆژهەڵات بڕۆین تاکو لە بیابانی سینا تێپەڕین، بێ چەندوچوون لە تینووان دەمرین چونکە بەم وەرزی هاوینە، لە ناوەڕاستی بیابانی سینا ، ئاو نییە.

نوون گوتی: کەوابوو دەبێ لەچ رێگایەکەوە بڕۆین تا لە بیابانی سینا تێپەڕین؟



مووسا گوتی: بەم وەرزی هاوینە دەبێ لە لێواری دەریای قلزمەوە بڕۆین.

نوون، کە لە جوگرافیا بە ئەندازەی مووسا شارەزایی نەبوو، تێنەگەیشت مووسا دەڵێ چی و مووسا، کە دەیتوانی نەخشەی جوگرافیا (بەو شێوازەی کە لەو سەردەمەدا نەخشەیان دەکێشا) بکێشێ، لەسەر زەوی دانیشت و بەنوونی گوتی دانیشە و ئینجا بەبەردێکی نووك تیژ، نەخشەی بیابانی سینای لەسەر زەوی کێشا و گوتی: ئەمە شێوەی گشتی بیابانی سینا یە، بەجۆرەی کە دەیبینی، لە بەشی باکوور پانتر دەبێ، لە باشوور، پانی وی زۆر کەمتر دەبێتەوە. لای رۆژئاوا و رۆژهەڵات و باشووری بیابانی سینا ، جگە لەو بەشەی کە بەمیسرەوە پەیوەستە و ئەوبەشەش کە بە کەنعانەوە پەیوەستە، دەریای قلزم هەیە. ئێمە ئەگەر لەم بیابانە، بەدرێژایی لێوارەکانی دەریای قلزم، بەرەو باشوور بڕۆین، لە کۆتایی سەفەرەکەدا، دەگەینە سنووری کەنعان.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، ئەم رێگایە زۆر درێژ دەبێتەوە.

مووسا گوتی: قسەکەت دەسەلمێنم، رێگای ئێمە درێژ دەبێتەوە، بەڵام لە قەرەبووی ئەوەدا لە تینوان نامرین و هەرگا، بەدرێژایی لێوارەکانی دەریای قلزم بەرەو باشوور و پاشان رۆژهەڵات بڕۆین، لە هەموو جێگایەك ئاومان بە دەست دەکەوێ. بەڵام ئەگەر لێرەوە راستەوڕاست بەرەو رۆژهەڵات بڕۆین، لە بەر ئەوەی لەم وەرزەدا، لە ناوەڕاستی بیابانی سینا ، یەك دڵۆپە ئاویش وەگیرناکەوێ، لە تینوان دەمرین.

ئینجا مووسا، لەوکاتەدا کە هەوڵیدەدا ئاراستەی جووڵانی خۆیان لەسەر نەخشە پیشانی نوون بدات، گوتی: ئەگەر ئێمە لەم رێگایەوە، مانای لەکەناری دەریای قلزمەوە بڕۆین، درێژیی رێگاکەمان دووبەرامبەر و لەوانەیە کەمێك زیاتریش بێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەدا لەرووی ئاو و ئازوقەوە ئاسوودە دەبین.

نوون گوتی: زۆر باشە سەروەری من. ئێمە، هەروەکو کە تۆ گوتت بەدرێژایی لێوارەکانی دەریای قلزم درێژە بەرێگای خۆمان دەدەین.

مووسا گوتی: ئەگەر توانیمان خێوەتێك بکڕین خێوەتەکە لەگەڵ خۆماندا هەڵ دەگرین تا بتوانین لەکاتی رۆژدا هەڵیدەین و لەژێر خێوەتەکەدا رۆژ بەرینە سەر تا تیشکی خۆر لێمان نەدا.

نەخشەی مووسا، بۆ ئەوەی لە رێکردن بە بیابانی سینا بەدرێژایی لێوارەکانی دەریای قلزمدا بڕۆن، نەخشەیەکی ئاقڵانە بوو، لە بەرئەوەی لە لێوارەکانی دەریای قلزم، لە بیابانی

سینا ، ئاو زۆر بوو جاری واهەبوو دەگەیشتنە چەند شوێنێك كە درەخت و سێبەری هەبوو و دەیانتوانی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا، كە تینی گەرما پتر پەرەی دەستاند، لە ژێر درەختەكاندا پشوو بدەن. هەركاتێك دەگەیشتنە جێگایەك كە دەیانویست لەوێ بمێننەوە، لە لێواری دەریا، زەوییان كەمێك هەڵدەكەند و ئاو، لە زەوییەكە دەهاتە دەرێ و ئەو چاڵەی كە هەڵیانكەندبوو پڕ لە ئاو دەبوو و مووسا و نوون لەو ئاوەیان دەخواردەوە.

مووسا و غولامەكەی، پاش ئەوە كە كەوتنەڕێ، لێواری ڕۆژئاوای بیابانی سینایان گرتە بەر و بەرەولای باشوور ڕۆیشتن.

ئەورۆ، هەل ومەرجی لێواری ڕۆژئاوای بیابانی سینا ، لەچاو سەردەمی مووسا، زۆر نەگۆڕاوە. هۆكاری ئەمەش ئەوەیە كە لەوێ ئاوەدانیی زۆر نەهاتۆتە ئاراوە. لێواری دەریای سوور كە كەوتۆتە ڕۆژئاوای بیابانی سینا ، لەوكاتەدا، هەر بەوجۆرەی كە گوتمان لە دانیشتووان چۆڵ بوو. ئەمرۆش، جگە لە چەند شار و شارۆكەیەك، ئاوەدانی دیكەی لێ نییە. تەنانەت پاش هەڵكەندنی كەناڵی سویس، كە دەریای قلزمی بە دەریای ڕۆمەوە بەستەوە، لە لێوارەكانی ڕۆژئاوای بیابانی سینا دا، بەوجۆرەی كە دەبووایە ببێ، ئاوەدان نەبۆوە.

ڕۆژی یەكەمی ڕێ كردنی مووسا و غولامەكەی لەلێواری دەریا، بێ ئەوەی ڕووداوێكی شایان بەگێڕانەوە بێتە پێش، تێپەڕی.

ئەو ڕۆژە، ئەوان، تەنانەت یەك تاكە نەفەرێكیشیان نەدی. بەڵام تەماشایان كرد، ناوەناوە لەنێو دەریا، كەشی. بەرەو باكوور یان بەرەو باشوور تێدەپەڕێ.

لەوكاتەدا كە شتییەكان، بە جۆرێكی هەمیشەیی، لە نێو دەریای قلزمدا دەجووڵان و خۆیان دەگەیاندە باكووری میسر یاخوود لەوێوە دەگەڕانەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی مەودای نێوان كەشتییەكان و مووسا و غولامەكەی زۆر بوو، سەرنشینانی پاپۆڕەكان نەیاندەتوانی ئەو دوو كەسە ببینن.

سەرەڕای ئەمەش، مووسا و نوون خۆپارێزیان دەكرد و كاتێك كەشیتییەكیان دەدی، خۆیان لە پشت درەختەكاندا دەشاردەوە تا خۆیان لەبەر چل وی سەرنشینانی كەشتی نەدیو بكەن.

ئەوان ترسیان لە سەرنشینانی كەشتییەكە نەبوو، چونكە گەشتیار و بازرگان و كە شتیوانان دوژمنی ئەوان نەبوون، بەڵام لەوە دەترسان كە ئەو كەشتییە لە كەشتییەكانی پاشای میسر بێ و خۆپارێزییان بەكارێكی پێوست دەزانی.



لەسەردەمانی كۆندا، كەشتییە جەنگییەكان، جگە لە دوو جۆریان، هەروەك كەشتییە بازرگانییەكان بوون و لەمیسر، ئەم دوو جۆرە، لە ریزی ئەو كەشتییانە دەژمێردران كە بەیەك ریز یان دووریز سەوڵ لێدەر دەجووڵا .

هەموو جۆرە كەشتییە جەنگییەكانی تر هەروەكو پاپۆڕی بازرگانی وابوون. لەتوانادا نەبوو كە لە دوورەوە بزانرێ كە ئایا كەشتی جەنگییە یاخود كەشتی بازرگانی. بۆیە كەشتییەكی كە بەرواڵەت بازرگانی بوو لەوانەبوو بەكەشتییەكی جەنگیی دابنرێ و راسپێردرابوو كە مووسا، دەستگیر بكا یاخوود بیكوژێ.

كاتێك دنیا تاریك بوو، مووسا و غولامەكەی لە لێواری دەریا، لەسەر لمی لێوارەكان، دوور لە مەودای هەستانی دەریا، پشوویاندا. هەرچەندە هەستانی دەریای قلزم بە ئەندازەی هەستانی كەنداوی فارس و دەریای عومان بەرفراوان نەبوو. ئەو كە شتیوانانەی كە لە نێوان كەنداوی فارس و میسردا هات و چۆیان دەكرد، دەیانگوت كە هەستانی دەریای فارس و دەریای عومان بە ئەندازەیەك بەرفراوانە كەكاتێك ئاوی ئەو دوو دەریایە هەڵدەستێ، مەودای یەك فرسەخ وشكانی بۆ پێشەوە دەڕوا .

مووسا گەرچی زۆر سەفەریان كردبوو، بەڵام هەرگیز وا رێك نەكەوتبوو كە شەو، لە لێواری دەریا بخەون، ئەوان خوویان بەدەنگی شەپۆلەكانی دەریاوە نەگرتبوو.

و نوون، ئەوێ گەرچی لێوارێكی بەردەڵانی نەبوو، بەڵام دیسان كە شەپۆلەكانی دەریای قلزم، بەر لێوارەكان دەكەوتن، دەنگێكی ترسناكی لێوە دەهات و بواری نەدەدا ئەو دوو نەفەرە خەویان لێبكەوێ. بەڵام پاش ئەوەی كە ماوەیەك گوێیان لە دەنگی شەپۆلەكان راگرت، لە ئاكامی ماندوویيدا، خەو بردنیەوە و دەمی هەڵهاتنی خۆر، چاویان لە خەو هەڵێنا .

نوون بێ ئەوەی مەبەستی بێ دەستی بۆ دەمی برد و هەستی بەسوێری كرد و گوتی: سەروەرم، خاكی ئەم ناوچەیە سوێرە. بۆیە لەپاشاندا قەومی ئیسرائیل ئەو ناوچەیەی بەناوی ناوچەی ((سوێر)) ناونا .[١٤]

---

(١٤) پێویستە بگوترێ كە لەبارەی ئەم دوو ناوچەیەوە، لەنێوان دوو مێژوونووسی ناسراوی یەهودی بەناوی ((شولم ئاش)) و ((هاوارد فاست)) نووسەری ئەم بەسەرهاتە، جیاوازی هەیە، شولم ئاش دەڵێ كە ناوچەی سوێر، لەلێواری دەریای قلزم یان دەریای ((ئەحمەر)) كەكەوتۆتە سەرزەوینی سیناوە، نەبوو، بەڵكو لەلێواری دەریای ((ئەحمەرە)) بوو و نابێ دەریای ئەحمەرە لەگەڵ دەریای ئەحمەردا، بەهەڵە تێكەڵ بكرێ.

جارێکیان دوای ئەوەی مووسا و غولامەکەی لەخەو هەستان و هەمدیس بەلێواری دەریادا کەوتنەوە رێ، مووسا بەغولامی خۆی گوت: کاتێك لە فێرگە دەمخوێند و لەمامۆستاکانم زانست فێردەبووم، یەکێك لەوشتانەی کە فێری بووم، قانوونەکانی بابل بوو.

لەنێوان بابل و میسردا، هەرگیز پەیوەندی دۆستانە بوونی نەبوو. ئەوڕۆش ئەم دوو وڵاتە رکابەریی یەکترین و ئەگەر بتوانن خاکی یەکتریش داگیر دەکەن. ئەگەر دەرەتانیش هەبێ، پاشای میسر ، شاری بابل کە پایتەختی وڵاتی بابلە داگیردەکا. بەڵام سەرباری ئەوەی لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا رکابەریی هەبوو و هەیە، زانایانی میسری، قانوونەکانی بابل فێردەبوون و

دەریای ئەحمەر یان دەریای قلزم، هەمان ئەو دەریایە بوو کە ئەوڕۆش بەهەمان ناو دەناسرێ و دەزانین کە بەهۆی کەناڵی سویسەوە بە دەریای ناوەراستەوە بە ستراوەتەوە. بەڵام دەریای ئەحمەرە، لە کۆندا بەو بەشەی دەریای قلزم دەگوترا کە لە نێوان سەرزەوینی کۆش و بیابانی سینا دابوو. (دیارە کە سەرزەوینی کۆش ، کە قەومی ئیسرائیل لەوێ دەژیان و کۆیلەتییان دەکرد، لە رۆهەڵاتی ناوچەی دەلتای رووباری نیل، هەڵکەوتبوو) ئەمڕۆش، ئەوبەشەی دەریای قلزم کەکەوتۆتە نێوان میسر و بیابانی سینا ، هەر هەیە بەڵام بەناوی دەریای (ئەحمەرە)وە ناناسرێ، بەڵکو وەکو هەموو بەشەکانی تری دەریای قلزم، ناوی دەریای (ئەحمەر)ە. ئەگەر پرسیاری ئەوەش بکرێ کە بۆچی بەدەریای (ئەحمەرە) ناودەبرا، شولم ئاش، مێژوونووسی هاوچەرخ بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە: ((ئەحمەرە، کۆی (حمار)ە و (حمار) بەوڵاخ و کەرەکێوی دەگوترێ، چونکە لەم بەشەی سەرزەوینی کۆش ، کەکەوتبووە لێواری دەریای قلزم، بە ژمارەی زۆر کەرەکێوی لێبوو، بۆیە ئەو دەریایەی، کە لە لێواری ئەو ناوچەیە بوو، بەناوی دەریای (ئەحمەرە) ناوبراوە، مانای ئەو دەریایەی کە لە لێوارەکانیدا کەرەکێوی لێ دەژیا.

شولم ئاش دەڵێ پاش ئەوەی کە مووسا لە پایتەختی میسر هەڵات، راستەوخۆ بەرەو بیابانی سینا نەچوو بەڵکو خۆی گەیاندە سەرزەوینی کۆش و ئینجا لە لێواری دەریای (ئەحمەرە) وە رێگای باکووری گرتەبەر تا خۆی بگەیەنێتە بیابانی سینا. ناوچەی (سوێر) لەلێواری دەریای (ئەحمەرە) مانای لەخاکی میسر، هەڵکەوتبوو نەك لە بیابانی سینا. بەڵام تەنانەت شولم ئاشیش لەوباوەڕەدایە کە ئاراستەی کۆتایی مووسا ئەوەبوو کە خۆی بگەیەنێتە سەرزەوینی سینا تاکو بتوانێ لەوێوە بچێتە کەنعان.

کەوابوو لەرووی ئاراستەوە، لەنێوان (شولم ئاش)ی مێژوونووس و هاوارد فاست، نووسەری ئەم بەسەرهاتە، ناڵێکیی نییە و ناڵێکی ئەوان، تەنیا بەشێك لە ئاراستەی رێکردنی مووسایە پاش ئەوەی کە لە پایتەختی میسرەوە هەڵات. (ز — م)



منیش لەکاتی خوێندندا بەشێك لە قانوونەکانی ئەوان فێربووم. بەتایبەتیش قانوونەکانی پەیوەست بە مولکدارێتی زەوی و هەروەها پەیوەندی نێوان سەروەر و کۆیلە، بەباشی فێر بووم.

نوون گوتی: سەروەری من، ئایا دەربارەی پەیوەندی نێوان سەروەرو کۆیلە، قانوونەکانی بابل باشترە یان قانوونەکانی میسر؟

مووسا گوتی: قانوونەکانی بابل پاشایەك کۆی کردوونەتەوە و جێبەجێی کردوون کە بە (هامورابی) دەناسرا. ئەو، نزیکەی هەشت سەد ساڵ بەر لە ئێستا، ئەم قانوونانەی بۆ خەڵکی بابل، لەوانەش سەروەر و کۆیلە داناوە کە ئێستاش بەباشی جێبەجێ دەکرێن. قانوونەکانی بابل، دەربارەی پەیوەندی نێوان سەروەر و کۆیلە، لەو قانوونە باشانەن کە لە جیهاندا دەربارەی ئەم دوو چینە دانراوە. لە حاڵێکدا کە قانوونەکانی میسر، لەبارەی پەیوەندی نێوان سەروەر و کۆیلە، یەکجار زۆردارانەیە. من، پاش ئەوەی کە بەشێك لە قانوونەکانی بابل فێربووم، حەزم دەکرد بچمە بابل و هەموو قانوونەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لەواری خۆیدا فێرببم. بەڵام لەبەرئەوەی کە بەکوڕی فیرعەون دەناسرام، رەزامەندییان لەسەر سەفەری من بۆ بابل نەدەکرد و دەیانگوت لەوانەیە لەوێ بتکوژن یان بەبارمتە بتگرن.

لەبابل، بەپێی ئەو قانوونە کە هامورابی کۆی کردۆتەوە و جێبەجێی کردووە و ئەوڕۆش هەر جێبەجێ دەکرێن، خاوەنی غولامێك لەبەرامبەر غولامی خۆیدا، هێندێك پابەندیی لەسەرەو ئەگەر ئەو پابەندییانە لەبەرچاو نەگرێ، ئەو مافە دراوە بەکۆیلە کە سکاڵا لە خاوەنەکەی خۆی بکا.

کەسێك کە خاوەنی کۆیلەیەك بێ، دەبێ خۆراکێك دەرخواردی کۆیلەکەی بدا کە بەسەرنەچووبێ و جل و بەرگێکی گونجاوی لەبەربکا کە لە سەرما و گەرما بیپارێزێ. ماوەی کاری کۆیلە، لە هیچ کاتێکدا، نابێ لەنیوەی شەورۆژێك تێپەڕێ. خاوەن کۆیلە نابێ کۆیلەی گوناهبار بەجۆرێك تەمبێ بکا کە لەشی زامدار بکا یان یەکێك لە ئەندامانی لەشی لەکار بخا و ئەو کۆیلەیە کەمئەندام ببێ.

کۆیلە، سەرەڕای سوود وەرگرتن لە خۆراك و پۆشاك، دەبێ سوود لەخانووش وەربگرێ. دەبێ خاوەنەکەی هەموو رۆژێك جێگایەکی گونجاوی بداتێ، کە دوای تەواوبوونی کارەکەی، بتوانێ، تێیدا بحەسێتەوە. لە جێژنەکاندا، کە خەڵك جێژن دەگێرن و دەست لەکار هەڵدەگرن، دەبێ کۆیلەکانیش دەست لەکار هەڵبگرن و لەکارکردن ببەخشرێن.

غولام، سەرەڕای سوودوەرگرتن لە خۆراك و پۆشاك و خانوو، دەبێ کرێیەکیش وەربگرێ تا بتوانێ بەو سەرمایەیە زەماوەند بکا. دەبێ پاش زەماوەندیش ئەو کرێیەی هەر بدرێتێ. بەڵام

له قانوونەکانی میسر له بارەی پەیوەندی نێوان کۆیله و خاوەن کۆیله، زۆرێك لەم مەرجانه بوونیان نییه. لەمیسر، خاوەن کۆیله، خاوەنی گیانی کۆیلەیه و دەتوانێ بیکوژێ بێ ئەوەی بکەوێته بن باری لێپرسینەوەوە.

لەمیسر، له وەرزی هاویناندا، که رۆژگار درێژ دەبێتەوە، کاتی کارکردنی کۆیلەکان، لەوکاتەوەیه که مراوییەکان له هەوەڵێن گزنگی بەرەبەیاندا، که هێشتا دنیا تاریکه، هەڵ دەفڕن و تا ئەوکاته که هەوا بەتەواوی تاریك دادێت. کۆیلەکان، له شەوورۆژێکدا سێ بەشی کاردەکەن. تەنیا چارەگێکی شەورۆژ پشوودەدەن. هەربۆیەش لەکاتی کارکردندا لەشەکەتیدا وەنەوز دەیانباتەوە و دووچاری قامچی پاسەوانان دەبنەوە.

لەمیسر هیچ کۆیلەیەك کرێ وەرناگرێ، تەنیا خواردن و جل و بەرگ وەردەگرێ.

خۆراکی کۆیلەکانی میسر له جۆری هەرزانترین بابەتی خواردنەکانه که لەنێو بازاڕی میسردا وەدەست دەکەوێ. جل و بەرگی کۆیلەکان، کراسێکه که ساڵی یەکجار دەگۆڕێ. لەبەر ئەوەش قانوونێك له ئارادا نییه که خاوەن کۆیلەکان پابەند بکا که جلی گونجاو بدەنه کۆیلەکان، هێندێك له خاوەن کۆیلەکان، هەردوو ساڵ یەکجار کراسی کۆیلەکانی خۆی دەگۆڕێ.

کەسێکی کۆیله له میسر، له ئەنجامی بچووکترین هەڵه یان تەمبەڵی، بەسەختی سزا دەدرێ. جاری واهەیه، له ئاکامی لێدانی قامچیدا، دەمرێ. هەروەکو ئەو کۆیله ئیسرائیلییەی که له پەرستگای ئوزیریس له پایتەختی میسر مرد و من قاتڵەکەی ئەوم کوشت.

من سەروەختێك ئومێدم بەوەبوو که له میسر، دەربارەی کۆیلەکان، قانوونێکی وەکو قانوونی بابل جێبەجێ بکرێ. بەڵام تێنەدەگەیشتم که ئەمه دەرەتانی نییه، چونکه پاشای میسر و شازاده و کاهین و نەجیب زادەکان، که هەموویان کۆیلەیان هەیه، لێناگەڕێن قانوونێك جێبەجێ بکرێ که وەزعی کۆیلەکان، وەکو کۆیلەکانی بابل بێ. من ئێستا یەقینم کەرێگای رزگاری هاونەژادانی ئێمه تەنیا ئەوەیه که له میسر برۆنه دەرەوە و بچنه وڵاتێکی تر.

مووسا و غولامەکەی، ئەورۆژه تادەمی رۆژئاوا بوون، جگه له کاتژمێرێك که بۆ نان خواردن لەسەر زەوی دانیشن، درێژەیان ئاراستەی خۆیان دا. دوای ئەوەی خۆر ئاوابوو بایەکی سارد هەڵیکرد بێ ئەوەی که ئاسمان هەور دایگرتبێ.

جل و بەرگی مووسا و غولامەکەی، هەر ئەو جل وبەرگه بوو کەلەکاتی هەڵاتنیان له پایتەختی میسر، لەبەریاندابوو. ئەوان بەوجل و بەرگەوە، هەستیان بەسەرما دەکرد و بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە، خۆیان بەیەکترییەوە نووساندبوو.



ئەو با سارده له سێیەکی سەرەتای شەودا، هەر درێژەی هەبوو و پاشان نەما و درەوشانەوەی ئەستێرەکان زیاتربوو.

نوون، ماوەیەك له ئەستێرەکانەوە راما و پاشان گوتی: سەروەرم، ئەم ئەستێره درەوشاوانه، من دەخاتەوە یادی چیرۆکێك که ساڵانێك پێشتر، له ریش سپیانی قەومی خۆمان لەکۆش، بیستوومه.

مووسا پرسی: ئەو چیرۆکه چی بوو؟

نوون گوتی: ریش سپیانی ئێمه گێڕایانەوە؛ ئەوکاتەی که ئیبراهیم، باپیره گەورەی قەومی ئێمه، هۆزەکەی خۆی بەرەو سەرزەوینی (حران) دەبرد، شەوێك، که ئەستێرەکان، هەروەکو ئەمشەو دەدرەوشانەوە، پاش رووبەڕێ کردنی کاروباری تایبەت بەهۆزەکەی خۆی، خەوی لێکەوت، لەخەودا بینی که لەنێوان زەوی و مانگ و زەوی و ئەو ئەستێرەیەی کەله هەموو ئەستێرەکانی دیکه درەوشاوه تره، دوو پەیژەی درێژ دانراوە. هێندێك کەس لەیەکێك لەم دووپەیژەیەوە دێنه خوارێ و پاش ئەوەی که دەگەنه سەرزەوی، به پەیژەکەی دیکەدا سەردەکەونه سەرەوە. دوای ئەوە تێگەیشت ئەوانەی که له پەیژەیەکەوە دێنه خوارێ و به پەیژەیەکەی دیکەدا سەردەکەونه سەرەوە، مرۆڤی ئاسایی نین، بەڵکو بوونەوەرێکن لەوێنەی مرۆڤ، بەڵام باڵی گەورەیان پێوەیه. ئیبراهیم له خەودا بەخۆی گوت که ئەوانه فریشتەن، بەڵام ناتوانم تێبگەم بۆچی به پەیژەیەکدا دێنه خوارەوە و پاش ئەوەی که گەیشتنه سەر زەوی به پەیژەکەی دیکەدا سەردەکەونه سەرەوە. ئێستا که ئەم ئەستێره درەوشاوانه دەبینم، ئەو چیرۆکەم وەبیرهاتەوە.

مووسا گوتی: ئەی نوون، ئەوەی که باپیره گەورەی ئێمه، ئیبراهیم، له خەونیدا بینیویەتی، ئاماژەی ئەوەیه کەخوای نەبینراو، هەرگیز تیرەی مرۆڤ لەسەر زەوی بەتەنیایی ناهێڵێتەوە. ئەو فریشتانه، که له پەیژەیەکەوە دەهاتنه خوارەوە و به پەیژەکەی دیکەدا سەردەکەوتنه سەرەوە، نموونەی ئیراده و خواستی خوای نەبینراو بوون و هەن. خواوەند به ئیراده و خواستی خۆی، تیرەی مرۆڤ رێنوێنی دەکا و ناهێڵێ که ئەو بەتەنیا و بێ رێنوێن و ئامانج بێ.

یەکێك له تازیارییەکانی مرۆڤ، لەبەرامبەر گیانلەبەرانی دیکەدا ئەوەیه که گیانلەبەران، سەربەستن و رێبەریان نییه و کەس رێنوێنی ئەوان ناکا. له حاڵێکدا مرۆڤ رێبەر و ئامانجی هەیه. خواوەند، تیرەی مرۆڤ بەتەنیایی ناهێڵێتەوە. مەگەر رۆژێك، که مرۆڤ لەرووی نەزانییەوە خۆی نەیەوێ لەلایەن خواوەندەوە، رێنوێنی بکرێ، هەر بەوجۆرەی که پاشای میسر ، حەز ناکا

که خوای نەبینراو ، ڕێنوێنی وی بکا و ئەو، پەرستنی خواکانی میسر، که هیچ کامیان بوونیان نییه، به پەسندتر دەزانیّ.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، دەبیّ چ بکریّ تا خوای نەبینراو ڕێنوێنی تیرەی مرۆڤ بکا.

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەوکارە بکا که من ئێستا دەیکەم. ئینجا رووی کردە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمان و بەدەنگێکی بەرز، بەجۆرێك که له بیابان و لەسەر رووی ئاو، دەنگ بداتەوە گوتی: ئەی پەروەردگاری تاکوتەنیا، که له میسر تۆ به ئاتوون ناوەدەبەن. من ناوی راستەقینە و جێگای تۆ نازانم. و گوێم له دەنگی تۆ نییه. تۆ من حەواڵە به خۆم مەکە و ڕێنوێنیم بکە بەوجۆرەی که تۆ دەتەویّ رەفتار بکەم. ئەی ئەوەی که ئاگات لەوەزعی ژیانی قەومی ئیسرائیل لەناومیسر هەیه و دەزانی که ئەوان لەو وڵاتەدا له گیانلەبەران خراپتر دەژین، ئەوان رزگار بکە و کارێك بکە که ئیتر سەردەمی ئەشکەنجەی رۆڵەکانی ئیسرائیل لەمیسر کۆتایی پیّ بیّ.

پاش ئەوەی که ئاخاوتنی مووسا تەواو بوو و سەری بۆ خوارەوە چەماندەوە، نوون پرسی: سەروەری من، ئایا خوای نەبینراو گوێی له دەنگی تۆ بوو؟

مووسا گوتی: بەڵی ئەی نوون.

نوون پرسی: ئایا ڕێنوێنی تۆ دەکا؟

مووسا گوتی: من یەقینم که ڕێنوێنی من دەکا چونکه هەر کەسێك باوەڕی به خوای نەبینراو هەبیّ دەکەوێتە بەر ڕێنوێنیّ ئەوەوە.

نوون پرسی: خوای نەبینراو که دەنگی تۆ دەبیستیّ، بۆچی قەومی ئێمە رزگار ناکا؟

مووسا گوتی: ئەی نوون، هەر کارێك کاتی خۆی هەیه و خوای نەبینراو ، لەکاتی خۆیدا بۆ رزگاری قەومی ئێمە دەست بەکار دەبیّ.

نوون پرسی: ئایا دەکریّ بڵێی که کاتی رزگار بوونی قەومی ئیسرائیل چ کاتێك دەبیّ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەی نوون، من ئێستا ناتوانم مێژوویەکی بیّ چەندوچوونی رزگاری قەومی ئیسرائیل دیاری بکەم، بەڵام دەزانم که هاونەژادانی ئێمە بەڕۆژی رزگاری خۆیان دەگەن.

ئەو شەوە تێپەڕی و خۆر هەڵهات، مووسا و غولامەکەی هەستانە سەرپیّ و کەوتنە ریّ. پاش ئەوەی که ماوەیەك ڕێگایان بڕی، بینییان پیاوێك که سواری گوێدرێژێك بووە، بەرەو روویان دیّ.



مووسا و غولامەکەی بەبینینی ئەو پیاوە که سواری گوێدرێژێك بووە، سەریان سوڕما، چونکه چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد لەویّ کەسێك ببینن.

پیاوەکە کەسواری گوێدرێژەکە ببوو، نزیك کەوتەوە و کاتێك که نزیکتر بۆوە، ئەو دوو نەفەرە بینییان که ئەو پیاوە چاوێکی کوێرە و جلێکی شڕی لەبەردایە.

مووسا نەیویست قسە لەگەڵ ئەو پیاوەدا بکا نەوەکو ئەو زەلامە، پاش تێپەڕینی بەو ناوچەیەدا و گەیشتنی بەمیسر، شوێنی بینینی مووسا و غولامەکەی لەوناوچەیە به پیاوانی پاشای میسر رابگەیەنیّ. پاشان، بۆ دەستگیرکردنی وی، بێنە ناو بیابانی سیناوە. بەڵام پیاوەکە کەسواری وڵاخ بوو، هاتە قسە و له مووسای پرسی: ئەی ڕێبواری باڵابەرز بۆ کویّ دەچی و ئەم ڕێبوارە که باڵای له تۆ کورتترە، کێیه؟

مووسا گوتی: بۆچی ئەو پرسیارەم لیّ دەکەی؟ پیاوە یەك چاوەکە گوتی: لەبەرئەوەی دەبینم تۆ لەشتێك هەڵدێی و دەتەویّ خۆت بگەیەنیتە شتێکی تر!

مووسا پرسی: تۆ چۆن زانیت من لەشتێك هەڵدێم و دەمەویّ خۆم بگەیەنمە شتێکی تر؟

پیاوی یەك چاو گوتی: کەسێك که ئەم جل و بەرگە گرانبەهایەی لەبەرە و بێگومان هەمیانەکەشی پڕ لەزێڕە، لێرە بەدی ناکریّ، مەگەر لەبەر شتێك هەڵبیّ. لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە ڕێگای تێپەڕبوونی کەسانێك نییه که جل و بەرگی ئاوا و هەمیانی پڕ له زێڕیان هەبیّ.

مووسا لێی پرسی: تۆ کێی و دەتەویّ بۆ کویّ بچی وا لەم ناوچەیەوە تێدەپەڕی؟

پیاوی یەك چاو وەڵامیدایەوە: من جادووگەرم و دەتوانم پێشبینی ئاینده بکەم و هەروەها دەتوانم ئادەمیزاد بکەم بەگیانلەبەر!

مووسا پرسی: چۆن ئادەمیزاد دەکەی بەگیانلەبەر؟

پیاوەکە گوتی: ئەم وڵاخەی من که دەیبینی، لەسەرەتادا مرۆڤ بوو، من کردمە وڵاخ و سواری بووم!

مووسا گوتی: من ناتوانم باوەڕ بەقسەکەی تۆ بکەم چونکه ناتوانریّ مرۆڤێك بکرێتە چوارپیّ.

پیاوی یەك چاو که خۆی به جادووگەر ناساندبوو گوتی: ئەگەر لەچاوەکانی ئەم وڵاخەوە رامێنی، دەبینی که ئەو، له چاوەکانی تۆوە دەڕوانیّ و ئەمەش نیشانی دەدا که لەرابردوودا مرۆڤ بووە!

مووسا چاوی لەچاوەکانی ولاّخەکە بڕی و بە نوونیشی گوت کە ئەویش سەیری چاوی ولاّخەکە بکاو ببینیّ ئایا وەکو چاوی مرۆڤ وایە یان نا.

بەلاّم نە مووسا چاوی ئەو ولاّخەی وەکو چاوی مرۆڤ هاتە بەرچاو و نەنوونی غولامەکەی خۆی.

مووسا سەری هەلّبڕی و گوتی: ئەی پیاوی جادووگەر، من بە دیقەتەوە چاوی ئەو ولاّخەم بینی، بەلاّم شوێنەوارێکم لە نیگای مرۆڤ تێیدا بەدی نەکرد. چاوی ئەم ولاّخە هەروەکو چاوی ولاّخی تر وایە.

پاشان مووسا لە غولامەکەی خۆی پرسی:

ئایا تۆ لەچاوی ئەوگوێدرێژەدا، شوێنەوارێکت کەوتە بەرچاو کەنیشانی بدا رۆژگارێك مرۆڤ بووە؟

نوون گوتی: نەخێر سەروەرم، چاوی ئەم ئاژەڵە، چاوی ولاّخێکە و من شتێکی دیکەی تێدا نابینم.

پیاوە جادووگەرەکە دوای ئەوەی گوێی لێبوو کە نوون ئەوی تر بە ناونیشانی (سەروەی) بانگ دەکا، گوتی: من وام وێنانەدەکرد کە ئەو پیاوە غولامی تۆ بیّ، چونکە غولامان ئەم جۆرە جلە گرانبەهایەیان لەبەردا نییە. من وام بیردەکردەوە کە ئەم پیاوە لە دۆستان یان خزمانی تۆیە.

پاشان پیاوی جادووگەر، دەستی بردە ناو ئەو توورەگەیەوە کە لەسەر پشتی ولاّخەکە بوو، پەیکەرێکی بچووکی لەگەچ درووستکراوی کە لەسەر شێوەی دووپشك بوو، دەرهێناو بە مووسای گوت: من شتێکت دەدەمیّ کە بەهۆی وییەوە دەتوانی یەك بە دوای یەکدا دوژمنەکانی خۆت لەناوبەری کە ئەویش ئەم دووپشکەیە!

پیاوی جادووگەر، لەبەر ئەوەی سەرنجی دا کە مووسا و نوون بە حەپەسانەوە سەیری ئەو و پەیکەرەکەی دەکەن، تێگەیشت کە ئەوان باوەڕ بە قسەکانی ناکەن. بە ئاوازێکی لەسەرخۆ، هەروەکو بلّێی پەردە لەسەر نهێنییەکی گەورە هەلّ دەداتەوە، بەمجۆرە درێژەی بەگوتەکانی خۆیدا: من خواوەندی دوو پشکم دەستگیرکرد و لەنێو ئەم پەیکەرەدا حەپسم کرد، خواوەندی دووپشك هەرگیز ناتوانیّ لەم پەیکەرە دووربکەوێتەوە من ئەم پەیکەرە لەبەرامبەر چەند ئەلّقەیەکی زێڕدا بە تۆ دفرۆشم. تۆ ئەم پەیکەرە بخەرە نێو مالّی دوژمنی خۆتەوە بیّ ئەوەی کە ئەو پێبزانیّ و هەرکە دووژمنەکەت خەوی لێکەوت، خواوەندی دووپشك، کە لەنێو ئەم پەیکەرەدایە، دەجوولّیّ و بە چزووی خۆی، پێوەی دەدا ژەهرەکەشی ئەوەندە ترسناکە کە دووژمنەکەت لە یەك ساتدا گیانی لەدەست دەدا. رۆژی پاشتر، هیچ کەسێك نازانیّ کە بە پێوەدانی دووپشك مردووە و تۆ دەتوانی ئەم پەیکەرە، لەومالّە دەربهێنی و بیخەیتە ناومالّی



دوژمنێکی ترتەوە تا ئەویش دووپشك پێوەیبدا. تا ئەورۆژەی تۆ لە ژیانداى دەتوانی بەهۆی ئەم پەیکەرەوە، هەموو دوژمنانی خۆت لەناوبەری بیّ ئەوەی کەسێك بزانیّ کە تۆ ئەوانت کوشتووە!

مووسا گوتی: من باوەڕم بەخوایەك نییە کەبتوانریّ دەستگیر بکریّ و لەنێو پەیکەرێکی گەچ لە شێوەی دووپشك دا حەپس بکریّ، تا ئەم پەیکەرە لە تۆ بکڕم. من باوەڕم بەخوایەکە کە کەس ناتوانیّ دەستگیری بکاو حەپسی بکا.

تا ئەوکاتە جادووگەری یەك چاو قەلاّفەت و بەژنی مووسای بەدیقەتەوە نەدیتبوو، پاش ئەوەی کە گوێی لە مووسا بوو دەلّیّ خوایەك دەپەرستم کە ناتوانریّ حەپس بکریّ، بەدیقەتەوە لە قەلاّفەت و بەژنی مووسای روانی و پرسی: کەوابوو تۆ لە قەومی ئیسرائیلی؟

مووسا پرسی: تۆ بە چیڕا زانیت کە من لە قەومی ئیسرائیلم؟

جادووگەر وەلاّمیدایەوە: لە بەژن وبالاّتەوە تێگەیشتم کە لە قەومی ئیسرائیلی. پاشان چاوێکی لە نوون بڕی و گوتی: تۆش لە قەومی ئیسرائیلی، ئایا باپیرە گەورەی ئێوە ئیبراهیم نەبوو؟

مووسا وەلاّمی ئەرێنی دا یەوە.

جادووگەری یەك چاو گوتی: ئیبراهیم خوایەکی دەپەرست کە هەروەك ئەو خوایەیە کە تۆ دەیپەرستی.

مووسا گوتی: ئیراهیم خوای نەبینراوی دەپەرست.

جادووگەری یەك چاو گوتی: خوای نەبینراوی ئیبراهیم، خوایەکی نەگونجاوە و لەگەلّ خوایەکانی میسردا ناگونجیّ. ئەگەر ئەو لەگەلّ خواکانی میسردا بگونجابابە، رێگایان پێدەدا کە لەمیسر بژی، بەلاّم لەبەر ئەوەی نایەویّ لەگەلّ خواکانی میسردا بگونجیّ، ماوەیەکی دوورودرێژە کە خواکانی میسر ئەویان لەو ولاّتە دەرکردووە.

مووسا گوتی: خوای نەبینراو، کە ئیراهیم دەیپەرست خوایەك نییە ئەوان بتوانن دەری بکەن.

جادووگەر گوتی: من پێت دەلّێم و تەئکیدیش دەکەم کە خواکانی میسر ئەو خوایەیان دەرکرد کە ئیراهیم دەیپەرست و ئێستا ماوەیەکە ئەو خوایە لە کێوێکی بەرزی ((سینا))

دەژی و دەنالّێنیّ.

مووسا گوتی: خوای واقیعیی، نانا لّێنیّ.

جادووگەری یەك چاو گوتی: ئەگەر تۆ خۆت نزیکی کێوی بەرزی سینا بکەیەوە، دەنگی ناڵینی ئەوت لەو کێوەوە گوێ لێ دەبێ. دیارە ئەو لە دەست تەنیایی و بێبەشی دەناڵێنێ و من بۆخۆم دەنگی ناڵەی ئەوم لەکێوی سینا گوێ لێبووە.

مووسا گوتی: لەوانەیە تۆ دەنگی ناڵینت لە کێوەکەوە گوێ لێبووبێ، بەڵام ئەم ناڵینە هی ئەوخوایە نییە کە ئیراهیم دەیپەرست.

جادووگەری یەك چاو گوتی: ئەوە دەنگی ناڵینی ئەوە. من دەنگی ئەو باش دەناسم و ناڵەی ئەو هەروەکو گوتم لە تەنیایی و بێبەشی و بێتواناییەوەیە. ئەو خوایەی کە ئیراهیم دەیپەرست، سەرەڕای ئەوەی کە نەگونجاوە،، بێتوانایە و لەوانەشە بۆ بەدبەختی قەومی ئیسرائیل کە کوڕانی ئیبراهیمن، بناڵێنێ.

مووسا کە تا ئەو کاتە وتەکانی جادووگەری یەك چاوی بەنکوولی کردنەوە گوێ لێدەبوو و لەبەرامبەر قسەکانیدا، بایەخێکی دانەدەنا، کاتێك قسەی لەبارەی بەدبەختی قەومی ئیسرائیل کرد، هۆگریی بەقسەکانی لە لادروست بوو و پرسی:

ئایا تۆ دەزانی کە قەومی ئیسرائیل بەدبەختە؟

جادووگەری یەك چاو گوتی: کێ هەیە نەزانێ کە قەومی ئیسرائیل و کوڕانی ئیراهیم بەدبەختن. هەمموو کەسێ دەزانێ ئەوان کۆیلەی فیرعەونن. ئەگەر ئەوخوایەی کە ئیراهیم دەیپەرست و ئێستا لە کێوی سینا دەناڵێنێ، دەسەڵاتی هەبووایە، نەیدەهێشت کوڕانی ئیراهیم کۆیلەی فیرعەون بن و ئەوانی لە کۆیلەتی رزگار دەکرد. ئایا حەز دەکەی پێت بڵێم کە قەومی ئیسرائیل بۆ ئەوەی لە کۆیلەتی رزگاریان بێت، دەبێ چ رێ و شوێنێك بگیرێتەبەر؟

مووسا گوتی: دەبێ چ رێ وشوێنێك بگیرێتەبەر؟

جادووگەری یەك چاو گوتی: ئەڵقەیەکی زێڕم بدەیە تا ئەو رێ وشوێنەت پێ بڵێم.

مووسا بەخێرایی ئەڵقەیەك زێڕی دا بە جاووگەری یەك چاو. پیاوی جادووگەر ئەڵقە زێڕەکەی لە چاوی خۆی نزیك کردەوە و بە دیقەتەوە لێیەوە روانی و لەنێو دەستی خۆیدا کێشەکەی بەسەرکردەوە تا دڵنیابێ کە مس یان برۆنز نییە. ئەو بەوەندەش وازی نەهێنا و لە گوێدرێژەکەی هاتە خوارەوە و ئەڵقە زێڕەکەی بە بەردێکدا کێشا تا گوێیی لەزرنگانەوەی بێ و لێی مسۆگەر بێ مس یان برۆنز نییە.

پاش ئەوەی لەوە دڵنیا بوو کە ئەڵقەیەکی زێڕی لە مووسا وەگرتووە، گوتی: ئەی پیاوی ئیسرائیل ئەوەی کە دەتوانێ قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی رزگار بکا. گوێرەکەی خوایە.



مووسا، کە ئومێدی بەوە بوو لەدەمی ئەو پیاوەوە شتێکی گوێ لێبێ کە بۆ رزگاری قەومی ئیسرائیل بە سوودبێ، کاتێك ئەم قسەیەی گوێ لێبوو، نا ئومێد بوو. چونکە تێگەیشت کە گوێرەکەی خوای ئەو پیاوە هەروەکو دووپشکی خواکەیەتی.

پیاوی یەك چاو پرسی: ئەی ئیسرائیلی من ئێستا گوێرەکەی خوا پیشانی تۆ دەدەم. دەستیشی بردە ناو توورەگەکەی و پەیکەرێکی بچووك، کە لەشێوەی گوێرەکە بوو و دیاربوو کە لەگەچ دروست کراوە، دەرهێنا و گوتی: من خوایەکم، کە لەسەر شێوەی گوێرەکەیە، لەناو ئەم پەیکەرەدا حەپس کردووە. ئەم خوایە توانای ئەوەی نییە لەم پەیکەرە بێتەدەرەوە. من، ئەم پەیکەرە، کە گوێرەکەی خوایە، بەتۆ دەفرۆشم و نرخەکەشی بە هەرزان دیاری دەکەم. ئەگەر تۆ پەنجا ئەڵقەی زێڕم بدەیەی، ئەم گوێرەکەیە دەبێتە مولکی تۆ. ئەگەر بێتوو ئەم گوێرەکەی خوایە بخەیتە ناو توورەگەکەت یان گیرفانی خۆتەوە دەبی بە پیاوێکی دیکە!

لەو ساتەوە کە تۆ ئەم گوێرەکەی خوایە لەمن دەکڕی و لە توورەگەی خۆت یان گیرفانی خۆتدا دایدەنێی، بە جۆرێك بەهێز دەبی کە هیچ کەسێك نەتوانێ شەڕت لەگەڵدابکا و هەمووان لە تۆ بترسن. هێرش بۆ هەرلایەك بکەی سەرکەوتوو دەبی. سەرەڕای دەسەڵاتی بەدەنی و روحی، هەر بەلاویش دەمێنییەوە. تۆ بەجۆرێك بەهێز دەبی کە لەو قۆناغەی ئێستای هاوتەمەنەکانت، کە پاشان بە دژوارییەوە دەتوانن بجووڵێن و پیری گۆشەگیریان دەکا، تۆ دەتوانی هاوسەری تازە دیاری بکەی و ببیتە خاوەنی منداڵی زۆر.

نوون، کە تا ئەوکاتە بێدەنگ بوو، لەناکاو هاتە قسە و گوتی: ئەی پیاوی جادووگەر من ئومێدەوارم ئەم گوێرەکەیەی خوایە، شێوازی ژیانی سەروەری من بگۆڕێ، چونکە سەروەری من زۆر تەنیایە و من کە ساڵانێکە لە خزمەتی ئەودام، تا ئەوڕۆ نەمدیوە کەمترین ئارەزووی لە بەرامبەر ژناندا هەبێ. من لەمبارەیەوە بۆ سەروەری خۆم یەکجار نیگەرانم، چونکە دەزانم ئەو لە ئەنجامی تەنیایی، تەمەنی خۆی بەغەم و کەسەر بەسەردەبا، بەڵام گوێرەکەی خوای تۆ دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە ئەو کەمێك لەبیری خۆیدا بێ و بەرلەوەی کە لاوێتی خۆی بەسەرببا، هاوسەرێك بۆخۆی هەڵبژێرێ، چونکە تەنیا ژن و منداڵە کە پیاو لەتەنیایی رزگار دەکا و تامی خۆشی و ئارامی و کامەرانی پێ دەچێژێ.

پیاوی جادووگەر، کە بەقسەکانی نوون گەشکە گرتبووی، لەبەرئەوەی وای بیردەکردەوە کە بێ دوودڵی گوێرەکە گەچییەکەی خۆی بە مووسا دەفرۆشێ، رووی کردە نوون گوتی: ئەم گوێرەکەیەی خوا، کە من تەنیا لە بەرامبەر پەنجا ئەڵقەی زێڕدا بەسەروەری تۆی دەفرۆشم،

دەتوانێ هەموو کارێك بکا. هەرهێندە بەسە تا تۆ شتێکی لێ داوا بکەی تا دەسبەجێ داخوازییەکەت پێك بهێنێ. ئەم گوێرەکەی خوایە، نەهەرتەنیا سەروەری تۆ دەگۆڕێ و کارێك دەکا کە ئەو شێوازی ژیانی خۆی بگۆڕێ، بگرە هەربەوجۆرەی کە گوتم، گوێرەکەی خوا، سەروەری تۆ بەجۆرێك بەهێز دەکا، ئەو، کە کەسێکی ئیسرائیلییە، دەتوانێ قەومی ئیسرائیل لەبەدبەختی و کۆیلەتی رزگار بکا.

نوون رووی کردە مووسا و گوتی: ئەی سەروەری من، ئەم گوێرەکەیەی خوا بکڕە، گوێرەکەیەك کە خاوەنی ئەم سیفەتانەیە، بەهای پێنج هەزار ئەڵقەی زێڕی هەیە نەك پەنجا ئەڵقەی زێڕ.

مووسا لەجیاتی ئەوەی وەڵامی غولامی خۆی بداتەوە رووبەپیاوی جادووگەر گوتی: کابرا، ئەگەر ئەم گوێرەکەیەی خوای تۆ ئەوەندە کاریگەرە و خاسیەتی وایە کە لە هەموو روویەکەوە پیاو بەهێز دەکا، تۆ بۆچی بۆخۆت سوودی لێ وەرناگری؟

تۆ سوود لەو گوێرەکەی خۆت وەربگرە و لەجیاتی ئەوەی کە بیابانگەلێکی بەرفراوان تەی بکەی، تا بتوانی خواکانی خۆت بفرۆشی و پەنجا ئەڵقەی زێڕ لەبەرامبەر یەك گوێرەکەی خوا وەربگری، سوود لەو هێزە وەربگرە کە ئەم خوایە بەتۆی دەبەخشێ و هەزارەها ئەڵقەی زێڕ بەدەست بێنە. چونکە ئەوکاتەی کە گوێرەکەی خوا، نەفەرێك ئەوەندە بەهێز بکا کە لە هەموو شەڕێکدا سەرکەوتوو بێت و هەمووان لێی بترسن، ئیتر بۆ ئەم پیاوە بەهێزە، زێڕ بەهای نامێنێ و هەر چەندێك حەزی لە زێڕبێ، بۆ وی فەراهەم دەبێ.

زێڕ شتێکە کە بۆ کەسانی بێتوانا و ئەوانەی کە دەسەڵات و پایە و پلەیان نییە، نرخی هەیە. پیاوێك کە بەدەسەڵات و پایە دەگا، زێڕ بەلایەوە هەروەکو خۆڵ وایە، مانای بەلای ئەوەوە بایەخ و نرخێکی نییە.

تۆ ئەم گوێرەکەیەی خۆت لەناو توورەگە یان هەمیانەکەی خۆت هەڵبگرە تا سەرەڕای بەدەست هێنانی دەسەڵات، هەرچەندێکی کە پێت خۆش بوو، بتوانی لەگەڵ ژناندا بەهرەمەند ببی.

پیاوی جادووگەر گوتی: ئەی پیاوی ئیسرائیلی من ناتوانم سوود لە خاسیەتەکانی گوێرەکەی خوا وەریگرم چونکە من خۆم دروستم کردووە!

مووسا گوتی: ئەو گوێرەکەیە کە تۆ دروستت کردووە، ئایا ئەو خاسیەتانەی تێدایە کە تۆ دەخەیتە پاڵییەوە؟

پیاوی جادووگەر گوتی: بەڵێ، ئەو خاسیەتانەی تێدایە.



مووسا گوتی: لەم حاڵەتەدا تۆ دەبێ سوود لەو خاسیەتانە وەربگری و ببی بە پیاوێکی بەهێز و بەتوانا.

پیاوی جادووگەر گوتی: کەسێك کە خوایەك دروست دەکا، ناتوانێ سوود لە خاسیەتەکانی ئەو خوایە وەربگرێ. ئەم بابەتەش هەموو کەسێك دەیزانێ، هەر بەو بەڵگەیەی کە سانێك کە لە میسر خوایان دروست دەکەن، ناتوانن سوود لە خاسیەتەکانی ئەو خوایانە وەربگرن و ئەگەر وا نەبووایە ناچار نەدەبوون تا دوایی تەمەنیان، لە پێناوی تێرکردنی سکی خۆیاندا، خوا لە بەرد ودار و گەچ دروست بکەن.

ئەوان، کاتێك کە سەرگەرمی دروستکردنی خوایانن، دەزانن کە هەرکام لەوانە دەسەڵات یان خاسیەتێکی دیکەی هەیە، بەڵام ئایا تۆ، ئەی کابرای ئیسرائیلی، تا ئەورۆ، خواسازێکت دیوە کە بتوانێ سوود لە خاسیەتەکانی ئەو خوایە وەربگرێ کە خۆی سازی کردووە و لە رێگەی ئەو خوایەوە کە بە دەستی وی سازکراوە، ببێتە خاوەن سامان و سەدەها غولام و کەنیز، بۆ سازکردن و پێکهێنانی کەرەسەی ئاسایشی وی کاربکەن؟

منیش وەکو ئەوانم و ناتوانم سوود لە خاسیەتەکانی ئەو گوێرەکەیەی خوایە وەربگرم کە خۆم دروستم کردووە بەڵام تۆ پاش ئەوەی کە گوێرەکەی خوات لەمن کڕی، سوود لە خاسیەتەکانی وەردەگری.

مووسا گوتی: من کڕیاری گوێرەکەی تۆ نیم.

پیاوی جادووگەر گوتی: ئێستا کە ناتەوێ بەهێز ببی و هەموو دوژمنانی خۆت تەفروتونا بکەی و تا دوایی تەمەنت، بێ ماندوو بوون و تەمەڵی، لە نیعمەتەکانی ژیان بەهرەمەندببی، من یەك پشیلەی خوا بە تۆ دەفرۆشم. ئەو پشیلە خوایە، کە بەتۆ دەفرۆشرێ، بە دەستی من دروست نەکراوە، بەڵکو پشیلەیەکی واقعییە، واتا لاشەی مۆمیاکراوی پشیلەیە.

مووسا پرسی: پشیلە خوای تۆ چ جۆرە خاسیەتێکی هەیە؟

پیاوی جاووگەر گوتی: تۆ ئەگەر پشیلەی خوا لە توورەگەکەت یان هەمیانی خۆت دابنێی، هیچ کەسێك تۆ نابینێ بەڵام تۆ هەموو کەسێك دەبینی.

نوون بە حەپەساوییەوە پرسی: ئایا ئەم بابەتە دەرەتانی هەیە؟

پیاوی جادووگەر گوتی: بەڵێ، خاسیەتی پشیلەی خوا ئەوەیە کە خاوەنەکەی خۆی لەبەر چاوی کە سانیتر نەدیو بکا و ئەو هەمووان دەبینێ، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو ببینێ

هەروەکو بوونی نەبێ. ئێستا بیر بکەوە، کەسێك کە هەمووان ببینێ بەڵام کەس ئەو نەبینێ، چ خاسیەتێکی هەیە.

تۆ پاش ئەوەی پشیلەی خوا دەکڕی و لەناو هەمیانی خۆتی دادەنێی، دەتوانی بچیتە هەموو جێگایەك، و تەنانەت دەتوانی بچیە ناو ژووری فیرعەون بێ ئەوەی هیچ کەسێك بتبینێ. تۆ هەمو کەس دەبینی بێ ئەوەی کەس تۆ ببینێ. تۆ دەبیتە خاوەنی هەموو زێڕ و زیوی میسر و وڵاتانی دیکەش. پشیلەی خوا ئەوەندە بەباشی تۆ لەبەرچاو ون دەکا کە ئەگەر لەکاتی شەودا بچیتە ناو ماڵێکەوە کە سەگیان هەبێ، ئەو گیانلەبەرە ناوەڕێ، چونکە ئەو تۆ نابینێ و بۆنی تۆ ناکا.

مووسا گوتی: من حەز ناکەم خۆم لەبەرچاوان نەدیو بکەم. ئەوکەسەی کە دەیەوێ خۆی لەبەر چاوان نەدیو بکا و خۆی هەمووان ببینێ بەڵام هیچ کەسێك تەنانەت گیانلەبەرانیش ئەو نەبینن، ئەوا نیازی خراپە و دەیەوێ دەست بۆ سامانی خەڵك درێژ بکا.

پیاوی جادووگەر نەیتوانی هیچ بە مووسا بفرۆشێ و سەرەڕای ئەوە کە نوون پێداگریی دەکرد کە سەروەرەکەی گوێرەکەی خوابکڕێ، مووسا، لە کڕینی خۆی بوارد. جادووگەر کە ئومێدی بەوە بوو سوودێك بچنێتەوە، بێ خواحافیزی کردن، مووسای بەجێهێشت و ڕۆیشت.

سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕێگایەی کە مووسا و غولامەکەی گرتبوویانە بەر شا ڕێبازی کاروانان نەبوو، بەڵام ئەم دوو نەفەرە تووشی ئەو جادووگەرە بوون. ئەگەر بهاتبایە لە جادەی کاروانانەوە ڕۆیشتبان، لەوانە بوو هەر ڕۆژێك تووشی دە جادووگەر ببونایە، چونکە لەو سەردەمەدا، لەنێوان وڵاتی میسر و وڵاتی بابل دا، هەزارەها جادووگەر و ڕەماڵ، سەرقاڵی هاتوچۆ بوون. ئامرازی گوزەرانی ژیانی ئەوان بریتی بوو لە ڕمێن دان بە خوڕافە پەرستی.

جادووگەران، لەوسەردەمەدا، بە ئەندازەی ژمارەی بوونەوەری گیانلەبەر، (خوا) یان لەبەر چاوی خەڵك رادەنا. بۆ هەر خوایەك، کەرامات و موجیزەگەلێکیان دادەنا. گرفتێکیش نەبوو کە جادووگەران و ڕەماڵان ئامرازێکیان بۆ چارەسەر کردنی نەبێ.

ئەگەر کەسێك دەیویست بەسەر دوژمندا زاڵ ببێ، یان لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی لاوی، یان لەبەرامبەر پێوەدانی چزووی دووپشك و مار لە ئامان دا بێت، یان لەبەرچاوان نەدیو ببێ، یان ئاوی شەتی نیل یان هەردوو شەتی دیجلە و فورات وشك بکا، یا پاشای میسر یان پاشای بابل لە پاشایەتی لابدا و خۆی لە جێگای ئەوان دابنیشێ، یاخوود لە یەك ساتدا کێوێك تەفروتوونا بکا، جادووگەران بە فرۆشتنی پەیکەری خوایان، یان



فرۆشتنی نووشتە و تەڵەسم، ئامرازی بە دەسهێنانی مەرامەکەیان دەخستە بەر دەستی خوازیارانی.

دەستەی جادووگەران و ڕەماڵان، پێغەمبەرگەلێکی درۆزن بوون کە باوەڕهێنان بە خوڕافەیان لەنێو روحی پیاوان و ژناندا جێگیر دەکرد. خەڵك، بەجۆرێك باوەڕیان بە خورافە هەبوو، کە بە ئەندازەی ئەوە باوەڕیان بە هەست پێکراوەکان نەبوو. خورافە بە جۆرێك بەسەر خەڵکدا زاڵ ببوو کە نەیاندەتوانی ئەوە قبوڵ بکەن شتێك کە شێوە و کۆتەڵی نەبێ خوا بێت. بەهەمان ئەو دڵنیاییەی کە ئەوڕۆ زانایانی مادی لەهەمبەر زانست دا هەیانە، لەو سەردەمەدا، خەڵك لەهەمبەر خورافەدا هەیانبوو.

ئەوڕۆ زانایانی مادی دەڵێن ئەو خوایەی کە هەموو پێغەمبەرانی ئاسمانی، بەخەڵکیان ناساندووە و هەموو عاریفەکان، لە هەوڵی ناسینی دابوون، زانستە، کە بوونی هێناوەتە ئاراوە و بەڕێوەی دەبا.

لەم سەردەمەدا، زانایانی مادی بەجۆرێك ئیمانیان بەخوایی زانست هەیە کە مەحاڵە هیچ تیورییەکی دیکە دەربارەی خوا قبوڵ بکەن. لەو سەردەمەشدا خەڵك بەجۆرێك باوەڕیان بە خوڕافە هەبوو، کە مەحاڵ بوو کەسێك بتوانێ باوەڕی ئەوان دەربارەی گوێرەکەی خواو پشیلەی خوا بگۆڕێ، جا چ جای خوایانی گەورەتری ئەوان، وەکو ئوزیریس و ئاموون.

لە حاڵێکدا کە هەرکەسێك یەك گوێرەکەی خوای دەکڕی تا لە هەمووان بەهێزتر ببێ، تێدەگەیشت کە گوێرەکەی خوا ئەو بەهێز ناکا. هەر کەسێکیش کە یەك پشیلە خوای دەکڕی تا لەبەر چاوان نەدیو ببێ و ئەو، هەمووان ببینێ، هیچ کە سێکیش نەتوانێ ئەو ببینێ، بەزوویی بۆی دەردەکەوت کە هەمووان ئەو دەبینن. بەڵام کەسانێك کە نائومێد دەبوون، نەگوێرەکەی خواو نە پشیلەی خوایان بە بەرپرس دەزانی نەفرۆشیارەکەشی، بەڵکو وایان بیردەکردەوە کە بەرپرسیاری سەرنەکەوتنی ئەوان، خۆیانن و لێهاتوویی بەهێزبوون یاخوود لەبەر چاوان نەدیوبوون، لە خودی ئەواندا بوونی نییە. باوەڕی خەڵکی ئەو سەردەمە بە خوڕافە، نەزانییەکی تەواو بوو. هیچ بەڵگەیەکی ئەقڵانی یان هەست پێکراو، نەیدەتوانی باوەڕی ئەوان بەخوڕافە، بلەقێنێ. مووسا دەیویست بچێتە کۆڕی نەبەردی باوەڕگەلێکی خەیاڵپەرستی، کە ببووە پاژێك لە سرووشتی خەڵکەکە، دەیویست ئەو باوەڕە لە خەڵك دووربخاتەوە و باوەڕهێنان بە خوای نەبینراو ، لە جێگای وی بچەسپێنێ.

پاش چەند ڕۆژێك، کە مووسا و غولامەکەی، هاوشانی لێواری دەریا ڕێگایان تەی دەکرد،

گەیشتنە مێرگێك. درەختی خورما و کۆڵێتگەلی قوڕ، لە دوورەوە پیشانی دەدا کە لەوێ ئاوی شیرنیی لێیە، لە شوێنێك تا ئاوی شیرنیی لێ نەبێ، خەڵك کۆڵێت دروست ناکەن و دار خورما ناچێنن.

کاتێك کە مووسا و غولامەکەی گەیشتنە ئەو مێرگ (ئاوایيە بچووك)ە، ئاوابوونی خۆر، وەنێزیك کەوتبوو.

لەپێشەوەی ئەو ئاوايیە بچووکە، چاڵاوێك و ئاخوڕاوێك، دەکەوتە بەرچاو. مووسا و غولامەکەی تێگەیشتن کە ئاخوڕاوی ناوبراو، بۆ مەڕەکانیان دروست کراوە تا بتوانن ئاوی تێدا بخۆنەوە.

مووسا و غولامەکەی، لە چاڵاوەکە نزیك بوونەوە، چونکە دەیانزانی لەوێ دەتوانن خەڵکی ئاوایی بناسن، چونکە خەڵکی ئاوایی بۆ ئاوبردن دەهاتنە ئەوێ. هەروەها لەبەرئەوەش کە لەو زەمەنەدا، نەریتێك لە ئاوايیەکانی بیابان هەبوو کە لە پەنا چاڵاوەکاندا ڕێبوارانیان دەبردەوە بۆ ماڵەکانیان. بەو پێودانگە، ڕێبواری تازە گەیشتوو، لەپەنا چاڵاوەکە رادەوەستا یان دادەنیشت. ئەگەر کەسێك ئارەزووی بووایە، کە ئەو بەرێتە ماڵەکەی خۆی و نانێکی بداتێ یان جێگایەکی بۆ خەوتن بداتێ، داوای لێدەکرد کە لەگەڵێدا بچێتە ماڵەکەی.

ئەو نەریتە، لەنێو هەموو ئاوەدانییەکانی بیابان، لەنێو میسر و بابل، برەوی هەبوو و ئەوانەی کە دەیانویست ڕێبوارێك ببنە ماڵەکەی خۆیان، لە وەزعی ڕواڵەتیی ئەویان دەڕوانی تا بزانن ڕۆژی پاشتر کەرێبوارەکە دەیەوێ بڕوا چەند زێڕ یان زیو یان مسیان دەداتێ.

لە ئاوایيە دوورە دەستەکانی بیابان، کە جادەی کاروانی پێدا تێنەدەپەڕی، کەسانێك هەبوون کەبێ ئەوەی چاوەڕوانیی وەرگرتنی زێڕ یان زیو یان مس بکەن، ڕێبواریان دەبردەوە ماڵی خۆیان و خەپکەیەك نانیان لەبەردەم دادەنا و جێگایەکیشیان دەدایە تا شەو تێیدا بخەوێ. بەڵام لەو ئاوايیانەی کە لە سەرەڕێی تێپەڕینی کاروان بوو، کەس بەخۆڕایی میوانی نەدەبردەوە ماڵی خۆی، ڕێبوار ئەوەندە زۆر بوون، کە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە نەیاندەتوانی ڕێبواران، بەخۆڕایی لەماڵەکانی خۆیاندا بحەوێننەوە.

مووسا و نوون لەپەنا چاڵاوەکە لە ژێر سێبەری دارخورماکان، لە نزیکی ئاخوڕاوی مەڕەکان لەسەر زەوی دانیشتن. زۆری پێنەچوو مێگەلە مەڕێك، کە کچێکی لاو شوانیان بوون، لەرێگاوە هات.

مووسا لەدوورەوە مێگەلە مەڕەکەی دیت و هەروەها کچە لاوەکەشی بینی، بەڵام بەهۆی دووریی، سەرنجی لەوە نەدا کەکچەکە چ شێوەیەکی هەیە و بەغولامەی خۆی گوت: وا



دەردەکەوێ لەم دەوروبەرە لەوەڕگای لێیە و ڕۆژانە مەڕەکان دەبەنە لەوەڕگا و بەر لە خۆرئاوا بوون، دەیانهێننەوە، بەڵام ئێمە لەڕێی خۆماندا لەوەڕگامان نەدی. نوون گوتی: بوونی لەوەڕگا لێرە شتێکی سەیر نییە چونکە زەوییەکانی ئێرە بە بۆنەی نزیکیان لە دەریا شێدارە و گیاو گۆڵی لێ دەڕوێ. کاتێك مێگەلی مەڕ گەیشتە سەر ئاخوڕاوەکە، مووسا بینی کچە شوان چووە سەر چاڵاوەکە و دەستی کرد بە ئاو هەڵکێشان.

ئەو دۆلکەیەی کەکچە شوان لە چاڵاوەکەوە ئاوی پێ هەڵدەکێشا، لە پێستی بزن دروست کرابوو، بەڵام ئاوی زۆری دەگرت، چونکە ئەو پێستەیان بەجۆرێك درووبوو کە لەو دەمەفراوانەیەوە بڕێکی زۆر ئاو دەچووە ناو دۆلکەکەوە و ئەڵقەیەکی مس، بەملی دۆلکەکەوە کرابوو، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە ملی دۆلکەکە، نەیەتەوە یەك. کچەلاو بە چالاکییەوە، پەیتا پەیتا ئاوی لەچاڵاوەکە دەردەهێنا و لەنێو ئاخوڕاوەکەدا بەتاڵی دەکرد.

مەڕەکان ئەوەندە تینوو بوون کە بۆ ئاو خواردنەوە پاڵەستۆی یەکترییان دەدا تا یەکتری بخەنەلاوە و بتوانن ئاوبخۆنەوە، بەڵام هەرچەندێك ئاوی زیاتر دەکرایە نێو ئاخوڕاوەکە، هەڵپەی مەڕەکان بۆ ئاوخواردنەوە کەمتر دەبۆوە چونکە تێدەگەیشتن کە ئاو زۆر بووە و هەموویان تێر ئاودەبن.

مووسا کە چاوی لەسەر کچە شوان دوور نەدەکەوتەوە، سەرنجی دا کچەکە لە ئاوکێشان ماندوو بوو، لە حاڵێکدا هێشتا ئاخوڕاوەکە پڕ ئاو نەبوو.

مووسا هەستایە سەرپێ و نوونیش کە بینی سەروەرەکەی هەستاوە، ئەویش هەستایەپێ.

مووسا لە چاڵاوەکە نزیك بۆوە و بە زمانی میسری بەکچە شوانی گوت: دەبینم ماندوو بووی، بێڵە من لە جیاتی تۆ ئاوهەڵکێشم. کچەلاو رووی خۆی بۆ لای مووسا وەرگێڕا و چاوی بەلاوێکی باڵابەرز و بەهێز، لە هەمانکاتدا قەڵافەت جوان کەوت و بەبینینی ئەو باڵاو قەڵافەت و ئەوجل و بەرگە کە مووسا لەبەریدا بوو، سەرسام بوو. لەو جێیە کە کچە شوان لێی دەژیا، لاوانی ئاوا باڵابەرز و چوارشانەی لێ نەبوو.

کچە شوان بەبینینی ئەولاوە، بە جۆرێك سەرسامی دایگرت وەك بڵێی بوونەوەرێك لە بوونەوەرەکانی دەنیایەکی دیکە دەبینێ. دوای ئەوە بێ ئەوەی دۆلکەکە بەرەڵابکا لەمووسای پرسی: بۆچی دەتەوێ ئاو هەڵبکێشی؟

مووسا گوتی: مەبەستی من ئەوەیە یارمەتی تۆ بدەم. کاتێکیش کە ئەو قسەیەی دەکرد، نەیتوانی چاو لە چاوی کچە شوان هەڵبگرێ.

چاوەکانی کچە شوان رەش بوون، کاتێك مووسا لە نزیکەوە لە چاوەکانی ئەوکچەی روانی، هەستێك لەلای دروست بووکە پێشتر دووچاری ئەم جۆرە هەستە نەهاتبوو.

مووسا لەهەمبەر ئەو هەستەدا، کە لە گیانی ویدا چاوەڕوانکراو نەبوو، بەجۆرێك سەرسام بوو، تەنانەت بەجۆرێك تووشی وەحشەت بوو کە هەنگاوێك گەڕایەوە بۆ دوواوە، کچە شوان کەکشانەوەی مووسای دی پێکەنی. پێکەنینەکەی لەوەڕا هاتبوو کەوای وێنا کرد ئەو لاوە باڵابەرز و بەهێزە لەودەترسێ و گوتی: ئایا ترسای؟

مووسا پرسی: لەکێ؟

کچە شوان گوتی: لەمن.

مووسا وەڵامیدایەوە: من لە تۆ نەترسام.

کچە شوان گوتی: کەوابوو لەچاڵەکە ترسای؟

مووسا گوتی: من لە چاڵەکەش نەترسام.

کچە شوان گوتی: ئەی بۆ لە ناکاو کشایتەوە؟

مووسا نەیتوانی وەڵامێکی قەناعەتهێنەر بەکچە شوان بداتەوە. نوون گوتی سەروەری من لە تۆ نزیك بۆوە ئاو بۆ مەڕەکانت هەڵبکێشێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ نەتویست مەڕەکانت ئاوی دەستی ئەو بخۆنەوە، کشایەوە دواوە.

کچە شوان گوتی: ئێستا من ئامادەم کە ئەو، ئاو بۆ مەڕەکان هەڵبکێشێ و بیکاتە ناو ئاخوڕاوەکەوە.

مووسا بۆ ئاوکێشان لە چاڵاوەکە نزیك کەوتەوە و نوون گوتی: با من ئاو لە چاڵاکە هەڵەبکێشم.

مووسا گوتی: نا ئەی نوون، من حەز ناکەم کە تۆ ئاوهەڵبکێشی، ئەویش نەك لەبەرئەوەی کە ئەوکارە بە تۆ ناسپێرم، بەڵکە بەهۆی ئەوەی کە حەزدەکەم خۆم، ئاو بۆ مەڕەکانی ئەو کچە شوانە هەڵبکێشم.

مووسا دەستی کرد بە ئاو هەڵکێشان و چونکە بازووەکانی بەهێز بوون، بە باشی لە عۆدەی کارەکە هات.

پاش ئەوەی دەجار بەپڕی لە چاڵاوەکە ئاوی هێنایە دەرێ و ئاوەکەی رۆ دەکردە ناو ئاخوڕاوەکە، نوون گوتی: سەروەرم، ئێستا بێڵە با من ئاو هەڵبکێشم، چونکە من



لەئاوکێشاندا، شارەزایی زیاترم هەیە و ئەم کارە تەنیا بەهێزی بەدەنییەوە پەیوەست نییە بەڵکو پێویستی بە شارەزاییش هەیە.

مووسا گوریسەکەی دایە دەستی غولامەکەی خۆی. نوون دەستی کرد بە ئاوهەڵکێشان و بە زوویی دەرکەوت کە قسەکەی نوون راستە. ئاوهەڵکێشان لە چالاو، سەرەڕای هێزی بەدەنی، پێویستی بە شارەزاییش هەیە. کچە شوان گەرچی لەرووی هێزی بە دەنییەوە بەهێز نەبوو، بەڵام دەیتوانی ئاو لە چاڵاوەکەوە هەڵ بکێشێ.

نوون، ئاخوڕاوەکەی پڕ ئاوکرد و مێگەلەمەڕی تینوو، بەجۆرێك تێر ئاو بوون کە لە ئاخوڕاوەکە دوورکەوتنەوە.

کچە شوان بە مووسای گوت:

هەروەکو دەیبینی مەڕەکانم تێر ئاو بوون و ئیتر ئاوناخۆنەوە، من دەیانبەمە نێو ئاغەڵەکەوە.

نوون پرسی: بۆچی لێرە بەشەو، مەڕ لەبیابان نامێننەوە؟

کچە شوان گوتی: نا، چونکە لە بیابانەکانی ئێرە گورگ هەیە، ئەگەر بەشەو مەڕ لە بیابان بمێنێتەوە، دەکەونە بەر پەلاماری گورگانەوە.

پاش ئەم قسەیە، کچەشوان، بێ ئەوەی خواحافیزیی لە مووسا و غولامەکەی بکا، لەگەڵ مەڕەکانی رۆیشت. بەڵام لەمەڕ سوپاس نەکردنی کچەلاو، ئەوا لە بێ ئەمەگییەوە نەبوو، بەڵکو خەڵکی بیابان نشین لەو سەردەمەدا، سوپاسی کەسانیتریان نەدەکرد چونکە یارمەتی کەسێك بۆ کەسێکی تر، بەکارێکی ئاسایی دادەنرا، هەرکەسێك بەپێی توانای خۆی یارمەتی کەسێکی تری دەدا کە پێویستی بەیارمەتی هەبوو.

نوون گووتی: سەروەرم، ئایا دەتەوێ لێرە بڕۆین و شەو لەجێگایەکی دیکە بەسەر بەرین؟

مووسا ئاماژەی بۆ خۆر کرد و گوتی: بەم زووانە خۆر ئاوا دەبێ ئێمە ئەگەر لێرە بڕۆین دەبێ شەو لەبیابان بخەوین و لەوانەشە لەو جێگایەی کە دەمانەوێ لێی بخەوین، ئاوی لێ نەبێ، بەڵام لێرە ئاوی لێیە. پاشان مووسا گوتی: ماوەیەك لێرە ئارام دەگرین ئەگەر یەکێك لە دانیشتووانی ئەم ئاواییە ئێمەی بردەوە ماڵی خۆی، ئەوا خێری تێدایە، ئەگەر نا لەژێر ئەو دارخورمایانە، دەحەسێینەوە.

ژمارەیەك لە دانیشتووانی ئاوایی کە لە بیابان دەگەڕانەوە، بەپەنا مووسا و غولامەکەیدا تێپەڕین و سەیرێکی ئەوانیان کرد، بەڵام هیچیان فەرمووی مووسا و غولامەکەیان نەکرد تا

شەو لە ماڵی ئەواندا بحەسێنەوە. دیاربوو جل و بەرگی مووسا، بەربەستی لەوەدەکرد کە فەرموویان بکەن تا لەماڵەکانی ئەواندا بحەسێنەوە.

هەرکەسێك مووسای دەدی تێدەگەیشت کە ئەو رێبوارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە چینی نەجیب زادەکانە، کەسێکیش کەلە نەجیب زادان بێ، بە تەنیایی سەفەر ناکا و بێگومان کەسانێك کە لە دواوەن و دوواکەوتوون، بەزوویی دەگەنە ئەو پیاوە و خێوەتی بۆ هەڵدەدەن و خواردن دروست دەکەن و ئەو لە خێوەتی خۆیدا دەحەسێتەوە. پیاوێکی وەکو ئەو چ پێویستییەکی بەوە هەیە کە شەو بچێتە ماڵی یەکێ لە شوانان یان گاوانان و لەوێ بحەسێتەوە.

ئەگەر ئەو شەوێك بچێتە ماڵی شوانێك یان گاوانێك، زۆر بەخراپی شەو دەگوزەرێنێ، چونکە پیاوێکی خاوەن توانا ناتوانێ لە قاپی گڵێنەی گاوان و شواناندا خواردن بخوا و لەسەر بەڕەی رەقی ئەوان، یان لەسەر زەوی بخەوێ.

ئەو خووی بەوەگرتووە کە لەقاپی زێرین یان مسدا خواردن بخوا لەسەر جێگایەك بخەوێ کە پەڕی مراوی لەناودایە و لەبەرگی کەتان هەڵکێشراوە. لەوجۆرە جێگایە، تەنانەت لەماڵی کاهینی ئاوایشدا، دەست ناکەوی تا دەگاتە ماڵی شوان و گاوانان. جا لەبەر ئەوە واباشترە کە فەرمووی رێبوارەکانی نەکەن بۆماڵی خۆیان تا نەبنە بایسی نەفرەت هەستانی ئەوان.

بەرلەوەی کە خۆر ئاوابێ، کچە شوان، کە مووسا لە چاڵەکەوە ئاوی بۆ هەڵکێشابوو، لەگەڵ ژمارەیەك کچانی تر کە لەخۆی بچووکتر بوون، گەڕایەوە. مووسا و نوون لەڕووی لێکچوونی کچەکانەوە، دیقەتیاندا کە ئەوکچانە خوشکی کچە شوانەکەن.

کاتێك مووسا چاوی بە کچە گەورەکە کەوت، جارێکی دیکەش دووچاری ئەوەبوو کە حاڵەتی گۆڕانی بەسەردا بێ.

مووسا، زۆر حەزی بەوە نەدەکرد کە بۆمانەوەی شەو، زۆر لەو ئاواییە گیر ببن. ئەو و غولامەکەی، شەوانی پێشوو کە لەبیابان دەخەوتن، ئەو شەوەش دەیانتوانی لەو ئاواییە بڕۆن و لە بیابان بژین، بەڵام مووسا بەو هۆیەوە لەو ئاواییە نەڕۆیشت تا سپێدەی رۆژی دواتر کە کچە شوان، مەڕەکانی لە ئاغەڵەکە دەردەکا تا بیانباتە بیابان، جارێکی دیکەش چاوی پێ بکەوێتەوە.



کچە شوان، لە مووسا، کە لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، نزیك کەوتەوە و پێی گوت: باوکم (جسرو)[١٥] بەمن و خوشکەکانمی گوت کەبێینە ئێرە و پێت بڵێین کە بێیتە ماڵی ئێمە و لەوێ نان بخۆی[١٦].

مووسا گوتی: باوکی تۆ گاوانە یان شوان؟ کچەلاو گوتی: ئەونەگاوانە و نەشوانە، ئەو کاهینە.

مووسا پرسی: ئایا ئەوکچانە خوشکی تۆن؟

کچەلاو گوتی: بەڵێ .

مووسا پرسی: تۆ ناوت چییە؟

کچە شوان گوتی: ناوم (سەفورە)[١٧] ایە.

مووسا گوتی: من ئەگەر بێمە ماڵی باوکت، نرخی هەقی کرێی ئەوجێگایە دەدەم کە تێیدا دەحەسێینەوە.

سەفورە گوتی: من وێنای ئەوە ناکەم باوکم نرخی ئەو نانە وەربگرێ کە تۆ دەیخۆی.

مووسا گوتی: من بەتەنیا نیم و ئێمە دوو کەسین و تێرکردنی دوو کەسیش، لە تێرکردنی تاکە کەسێك خەرجی زیاتری هەیە.

سەفورە وەڵامیدایەوە: من بەباوکم گوت کە تۆ بەتەنیا نی و نەفەرێکی تریشت لەگەڵدایە کە غولامی تۆیە. باوکم گوتی کە هەردووکتان بۆ نان خواردن بێنە ماڵی ئێمە.

مووسا کە تا ئەوکاتە لەسەر زەوییەکە دانیشتبوو، هەستایە سەرپێ. نوون گوتی: سەروەرم، بۆ ئەوەی نان خواردنی ئێمە بەسەر ئەو پیاوەوە نەبێتە بارگرانی، من نایەم و تۆ بەتەنیا بڕۆ.

---

(١٥) ئەم ناوە لە تەورات (سفر خروج) بە شێوەی (یترون) و لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە (یسرون) نووسراوە.

(١٦) لێرەوە بەسەرهاتی مووسا، دانانی (هاوارد فاست) دەچێتە ناو بەشێکەوە کە لە تەوراتدا بەشێکی یەکجار کورتی تێدا هاتووە و پاش ئەو بەشە، دووبارە بەسەرهاتی هاوارد فاست، لە تەورات جیا دەبێتەوە و راڤەیەکی سەربەخۆ لە حاڵی وی دەکا و لەو بەشەدا، کە ئەم بەسەرهاتە لەگەڵ تەورات دا جیاوازی پەیدا دەکا، کۆمەڵە ناوێکی تێدایە کە لە تەوراتدا بەڕواڵەت بە جۆرێکی دیکە نووسراوە بەڵام ریشەکانیان هەریەکە و لە وەرگێڕدراوی تەورات دا بۆ فارسی، ناوەمێژووییەکان تەعریب کراون بەڵام بەوجۆرەی کە نەتوانرێ ئەوناوانە، بەجیاواز لەو ناوانە نەزانرێ کە لەم بەسەهاتەدا هاتووە. (ز — م)

(١٧) لە دەقە ئەسڵییەکەدا ئەم ناوە بەشێوەی ((زێ پورە)) هاتووە و لە وەرگێڕدراوی تەوراتدا ((صفورە)) نووسراوە، دەزانین کە ئەم ناوە تەعریب کراوە (ز — م)

مووسا گوتی: نان خواردنی ئێمە نابێتە بارگرانی، چونکە من هەقی خواردنەکە دەدەم.

ئینجا مووسا، لە حاڵێکدا کە کچانی کاهین دەوری ئەویان دابوو، کەوتە ڕێ و نوونیش لە پشت مووساو کچەکانەوە کەوتە ڕێ. سەفورە کە لە تەنیشت مووساوە دەڕۆیشت، جاروبار، ڕووی خۆی بۆ لای ئەو پیاوە وەردەگێڕا و زەردەخەنە دەیگرت و زەردەخەنەکانی وی هەروەکو زەردەخەنەی هەمووکچانی بیابان نشین، سادەبوو. کاتێك گەیشتنە ماڵی کاهین، خۆر ئاوا بوو بەڵام دنیا ڕووناك بوو و مووسا بینی (جسرو) بەڕیش و سمێڵ و برۆی سپییەوە، لەبەردەم ماڵەوە ڕاوەستاوە و چاوەڕێی مووسایە.

پاش ئەوە کە پیرەمێرد مووسای بینی و بەخێرهاتنی کرد و بردیە ژووری ماڵەکەی، لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا لەماڵەوە هەوا تاریك ببوو، سەفورە چرایەکی داگیرساند و هاتە ژوورەوە.

مووسا لەسەر فەرمووی خاوەن ماڵ لەسەر زەوییەکە دانیشت. بەڵام نوون لە دەرەوەی ماڵەکە دانیشت و نەیویست لەپەنا مووسا دابنیشێ تا کاهین و کچەکانی ئەو بەهاوشانی مووسا نەبینن. بەڵام مووسا بەنوونی گوت کەبێتە ژوورەوە و لە پەنا وی لەسەر زەوی دابنیشێ. پاش ئەوەی کە نوون هاتە ژوورەوە، مووسا گوتی: ئەوەی دەیبینی برای منە.

نوون گوتی: سەروەری من، بە ئەندازەیەك باشە کە من بەبرای خۆی ناودەبا، لە حاڵێکدا کە من غولامی ئەوم و من، خۆشحاڵم کە غولامی ئەو پیاوەم. لەبەرئەوەی لەو ڕۆژەوە کە من بوومەتە غولامی ئەو پیاوە، خۆم بە بەختەوەرترین پیاوی دنیا دەزانم.

خاوەن ماڵ بە مووسای گوت: سەفورەی کچم، ئەوڕۆ پاش ئەوەی کە لە ئاخوڕاو هاتەوە ، بەمنی گوت کە تۆو ئەو پیاوە، کە دەڵێ غولامی ئەوم، زۆر یارمەتی ئەوتان داوە و بۆ تێرئاو کردنی مەڕەکانی ئاوتان هەڵکێشاوە. هەروەها دەیگوت بەهۆی ئەوەی کە ئێوە لەپەنا چاڵاوەکە بوون، ئەو بەزوویی توانی مەڕەکانی تێرئاوبکا. ئەگەر ئێوە لەوێ نەبوونایە و پشتەوانی ئەوتان نەکردبایە، کەسانیتر نەیاندەهێشت بەئازادی ئاو لە چاڵاوەکە هەڵبکێشێ و مەڕەکانی تێر ئاوبکا. لەبەرئەوە من بەکچەکانم گوت کە بێن و داوات لێبکەن تابێیتە ئێرە و لێرە نان بخۆی تا بەوڕێگەیە سوپاست بکەم.

مووسا گوتی: ئەوڕۆ ئێمە، دوای ئەوەی هاتینە ناو ئەم ئاواییە، لەپەنا چاڵاوەکە لەسەر زەوی دانیشتین. ئەوە بوو بینیمان کچە گەورەکەی تۆ سەفورە، بەمێگەلە مەڕێکەوە هات و ویستی ئاوبداتە مەڕەکانی.



مەڕەکانی زۆر تینوو بوون. پاڵەستۆی یەکتریان دەدا تا بتوانن زووتر ئاو بخۆنەوە. دۆلکەکە کە پڕ لە ئاو دەبوو، قورس دەبوو. کچەکەی تۆ بەزەحمەت دۆلکەکەی لە چاڵاوەکە دەردەهێنا. من دیقەتم دا کە ئەو ناتوانێ بەزوویی مێگەلەمەڕی تینوو تێر ئاوبکا.

خاوەن ماڵ گوتی: هەموو ڕۆژێك، کاتێك کە مێگەل لەبیابان دەگەڕایەوە، هەموو کچەکانی من دەچوونە سەر چاڵاوەکە، تا بۆ ئاوهەڵکێشان یارمەتی سەفورە بدەن، بەڵام ئەوڕۆ چاوەڕێی ئەوە نەبوون مێگەل بەزوویی لەبیابان بێتەوە، چونکە ڕۆژانی تر سەفورە درەنگتر لەبیابان دەهاتەوە.

مووسا گوتی: من کاتێك بینیم کچە شوان کە نەمدەزانی کچی تۆیە، لە ناڕەحەتیدایە و لەبەر قورسی دۆلکە ئاوەکە ماندوو بووە، بەخۆمم گوت دەبێ یارمەتی بدەین تا بتوانێ مەڕەکانی تێر ئاوبکا. بۆیە چەند دۆلکەیەك ئاوم هەڵکێشا و ڕۆم کردە ناو ئاخوڕاوەکە. پاشان ئەم پیاوە کە برامە، ئاوی لە چاڵاوەکە هەڵکێشا و ئاخوڕاوەکەی پڕکرد و مەڕەکانی سەفورە تێر ئاو بوون.

پیرەمێرد پرسی: ئەی پیاوی باش، لێرە نەریت وانیە کە پیاوێك بۆ ئاوهەڵکێشان یارمەتی ژنێك بدا. دەبێ ژنان بۆخۆیان ئاوهەڵبکێشن و پیاوانیش بۆ خۆیان. تۆ یەکەمین پیاو بووی کە لێرە بۆ ئاوهەڵکێشان یارمەتی ژنێك بدەی و پاش تۆش غولامەکەت هاوکاری کرد. ئێستا پێم بڵێ خەڵکی کام وڵاتی و لەکوێوە هاتوویە ئێرە؟

ئێرە جێگایەکە کە لە شارێیەکانەوە لاچەپە و کەمتر وارێك دەکەوێ کە ڕێبوارانی گەورە بێنە ئێرە، تۆ یەکەمین ڕێبوارێکی گەورەی کە پاش ساڵانێك بێتە ئێرە.

مووسا پرسی: بۆچی من بەگەورە ناودەبەی و کێ بەتۆی گوت کە من گەورەم؟

کاهین گوتی: باڵای بەرز و سنگ و شانی پان و جل وبەرگی گرانبەهای تۆ، پیشانی دەدا کە تۆ پیاوێکی گەورەی. هەروەها غولامیشت هەیە. ئەویش چۆن غولامێك، کە هەر کەسێك ئەو دەبینێ، وا وێنا دەکا کە پیاوێکی خاوەن دەسەڵاتە و کەسێك ئەگەر پیاوێکی گەورە نەبێ، ناتوانێ غولامێکی ئاوابکڕێ و جگە لەم دوو هۆیەش، ڕەفتاری ئەمڕۆی تۆ پیشان دەدا کە تۆ پیاوێکی گەورەی، چونکە تەنیا پیاوی گەورە خۆی دەخاتە زەحمەتەوە تا ئاو بۆ کچەشوان هەڵ بکێشێ و مێگەل تێر ئاوبکا.

مووسا گوتی: تۆ من بەپیاوێکی ئاسایی بزانە و بەگەورە بانگم مەکە.

خاوەن ماڵ گوتی: لە جل و بەرگی خۆت و غولامەکەتەوە وا دیارە لەمیسرەوە دێن. بەڵام قەڵافەتی هەردووکتان وەك میسرییەکان ناچێ، هەربۆیە وابیردەکەمەوە کە سەرەڕای ئەوەی لەمیسرەوە دێن، ئێوە میسری نین.

مووسا گوتی: ئەم قسەیە ڕاستە ئێمە میسری نین. پیاوەکە پرسی: خەڵکی کام وڵاتن؟

مووسا گوتی: ئێمە خەڵکی وڵاتێکین لەوانەیە هەرگیز ناوەکەی بەرگوێی دانیشتووانی ئەم ئاواییە نەگەیشتبێ.

پیاوەکە پرسی: ئایا دەکرێ ناوی ئەو وڵاتە بڵێی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ناوی ئەو وڵاتە کۆشە.

کاهین گوتی: ئایا کۆش هەمان ئەو وڵاتە نییە کە لە رۆژهەڵاتی شەتی نیل هەڵکەوتووە و قەومی ئیبراهیمی لێ دادەنیشن؟

مووسا بەسەرسامییەوە پرسی: بۆچی تۆش ناوی قەومی ئیبراهیمت بیستووە؟

پیاوی خاوەن ماڵ گوتی: لێرە کەس نییە ئیبراهیم نەناسێ و نەزانێ کە ئەو پیاوێکی دەروون پاك و دەست و دڵ ئاوا و میهرەبان بوو. باوپیرانی ئێمە، پێش ئەوانیش باپیرانی گەورەمان لەبارەی دەروون پاکی و دەست و دڵ ئاوایی ئیبراهیم، کە پێشەوای قەومی خۆی بوو، ئەوەندەیان قسە کردووە کە لێرە هەمووان ئیبراهیم دەناسن هەمووان ناوی قەومی ئیبراهیمیان بیستووە و دەزانن کە قەومی ئیبراهیم، لەبیابان دووچاری قات و قڕی بوون و لە نیشتیمانی خۆیان کۆچیان کرد و چوونە سەرزەوینی کۆش لەرۆژهەڵاتی رووباری نیل لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ دانیشتووی سەرزەوینی کۆشن.

لێرە کەس نییە ئاگاداری بەسەر هاتی (لوت)[١٨]، برازای ئیبراهیم نەبێ و نەزانێ کە ئەو بەرەو شارەکانی (لوت) رۆیشت و دانیشتووانی ئەو شارانەی ئامۆژگاری کرد و پێی گوتن کە دەست لە (فەسق) هەڵبگرن ئەگەر نا دووچاری ئازاردان دەبن.

بەڵام ئەوان ئامۆژگارییەکانی (لوت) یان قبوڵ نەکرد و دەستیان لە (فەسق) هەڵنەگرت تا دووچاری بەڵابوون و ئاگری ئاسمان ئەوانی سوتاند و کردنی بەخۆڵەمێش.

کاتێك ئاخاوتنی کاهین گەیشتە ئێرە، چاوێکی لە جل و بەرگی مووسا و نوون کرد و گوتی:

لە وەزعی ئێوەڕا وادەردەکەوێ کە قەومی ئیبراهیم لە سەرزەوینی کۆش لە ژیانێکی خۆش و ئاسایشدا دەژین.

مووسا گوتی: وەزعی ژیانی قەومی ئیراهیم لە کۆش، لە رووی وەزعی ئێمەوە بەراورد مەکە، قەومی ئیراهیم یەکێکە لە بەدبەختترین قەومەکانی دنیا.

خاوەن ماڵ گوتی: لەبەرچی؟

(١٨) لوط.



مووسا گوتی لەبەرئەوەی کۆیلەن. پاشای میسر ، ئەوانی کردۆتە کۆیلە و ناچارن تا دواین رۆژەکانی ژیانیان بەخۆڕایی بۆ پاشای میسر ، کاربکەن.

پیرەمێرد گوتی: ئەی ئێوە چۆن بوو نەبوون بە کۆیلە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: وەزعی ئێمە وەزعێکی ئاوارتەیە. من بەهۆیەوە نەبوومە کۆیلە کەلەکۆشکی پاشایەتی پاشای میسر ، دەژیام و لەوێ گەورە بووم. کوڕان کچانی پاشای میسر وایان وێنا دەکرد کەمن برای ئەوانم. ئەم پیاوەش کە دەیبینی لەگەڵ منە و من ئەو بەبرای خۆم دەزانم، لەرابردوودا وەکو هەرتاکێکی قەومی ئیراهیم لەمیسر، کۆیلە بوو من کە گالیسکە ئاژۆیەکم پێدەویست، ئەوم بۆ ئاژۆتنی گالیسکە، لە بازاڕی کۆیلە فرۆشان کڕی. بەڵام پاشان کە تێگەیشتم هاونەژادی خۆمە، ئەوم بە برای خۆم دانا.

خاوەن ماڵ گوتی: باوەڕ بکە کاتێك کە بە تۆم گوت گەورە پیاوی، باشی تێگەیشتبووم. پیاوێك کە لە کۆشکی پاشایەتی پاشای میسردا، گەورە ببێ، دەبێتە گەورە پیاو، بەڵام تۆ کە پایەیەکی ئاوا گەورەت هەیە لێرە چ دەکەی؟

مووسا گوتی: من نەمتوانی لە میسر بمێنمەوە و ناچار بووم کۆچ بکەم، چونکە نەمدەتوانی بەدبەختیی قەومی ئیراهیم بەچاوی خۆم ببینم. لەوەش بەولاوە لە نێوان من و پاشای میسردا، لەسەر مەسەلەیەك نالێکییەك هاتە ئارا کە چوونە دەرەوەی منی لەمیسر بە دووا خۆیدا هێنا. من ئیتر نەمدەتوانی لەو وڵاتە بژیم هەربۆیە تۆ من لەو ئاواییەدا دەبینی.

خاوەن ماڵ گوتی ئەی پیاوی گەورە، ئایا بوونی تۆ لەمیسر لە مەترسیدا بوو؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵێ:

کاهین پرسی: پیاوێکی وەکو تۆ کەسێك نییە کە خەڵك بتوانن مەترسی لەسەر ئەو دروست بکەن، تەنیا یەك کەس لەوانە بوو کە مەترسی بۆتۆ پێك بهێنێ ئەویش پاشای میسر ، بوو.

مووسا گوتی: هەر ئەویش مەترسی لەسەر من دروست کرد، چونکە من نەمدەتوانی وەزعی ژیانی قەومی ئیراهیم لەمیسر تەحەمول بکەم و ئەویش، نەیتوانی تەحەمولی ئەوە بکا کە کەسێك پێی بڵێ وەزعی ژیانی قەومی ئیراهیم لەمیسر یەکجار خراپە و ئەوان بەردەوام دەچەوسێنەوە.

خاوەن ماڵ پرسی: ئێستا دەتەوێ بۆ کوێ بچی؟

مووسا گوتی: دەمەوێ بڕۆمە جێگایەك کە باپیرانی ئێمە لەوێ دەژیان یانی سەرزەوینی کەنعان.

پیاوە پیرەکە گوتی: سەرزەوینی کەنعان دووبەشە: بەشێك کە خاوەنی چەند شوێنێکی ئاوەدانە و لەبەر دەستی فەلەستینییەکانە، ئەوان ناهێڵن کە کەسانی بیانی بچێتە ناو وڵاتی ئەوانەوە و لەوێ بژی.

بەشەکەی دیکەی بیابانە و لە بیاباندا هیچ کەسێك ناتوانێ بژی، تەنانەت پیاوێکی بیابان نشین کە هەموو ژیانی خۆی لە بیابان بووە ناتوانێ لەبیانەکانی کەنعان بژی.

لەبەرئەوەی پیاوێکی بیابان نشین، بۆ درێژەپێدانی ژیان، پێویستی بەئاو هەیە، هەم بۆ خۆراکێکی مەمرە و مەژی و لەبیابانەکانی کەنعانیش، نەمشتێك گەنم بەدەست دەکەوێ و نە قومێك ئاو. لێرەوە تۆ، ئەم بیرە لە هۆشی خۆت دەرکە کە بتوانی لەبیابانەکانی کەنعاندا بژی. ئەگەر بشتەوێ لەو بەشەدا کە لە بن دەستی فەلەستینییەکانە، دابنیشی، ئەوا دەتکوژن. ئەگەر نەشتکوژن لەوڵاتی خۆیان دەرت دەکەن.

ئایا حەز دەکەی لێرە بژی؟ ئێرە شوێنێکە ئاوی هەیە و دەتوانی بە ئاسانی تێیدا بژی. لەبەرئەوەی لەمیسریشەوە دوورە و لە پەنا شارێیەکانەوە نییە، سیخوڕەکانی پاشای میسر تۆ لێرە نابینن.

ئێمە کاتێك کە هەوا زۆر گەرم دەبێ، دەتوانین لێرەوە بچینە بنارەکانی کێوی سینا کە لێرەوە نزیکە و لەوێ هەوا فێنکە و ئاوی زۆرتری لێیە، چونکە رووباری لێیە.

تۆ ئەگەر بتەوێ لێرە بژی، وەکو ئەوکاتە بەخۆشی ناگوزەرێ کەلەمیسر دەژیای، بەڵام لەمەترسی بەدوور دەبی. هەرکاتێك کە لە گەرمای هەوای ئێرە نارەحەت بووی دەتوانی بچیتە داوێنی کێوی سینا.

من پێشەوای ئەم قەومەم و حەوت کچ و کوڕێکم هەیە کە ناوی (هباب)ە. ئەو هەموو گیاکان دەناسێ و لەکاری کشتوکاڵدا بێ هاوتایە، بەڵام بەهۆی ئەوە کە لەش ولارێکی لاوازی هەیە و لێهاتوویی بۆ روحانی بوون تێدا نییە، ناتوانێ ببێتە جێنشینی من. تەمەنی منیش لەوە تێپەڕیوە کە بتوانم ببمە خاوەنی کوڕی تر و پەروەردەی بکەم تا ببێتە رابەری ئەم قەومە.

لەم سەرزەوینە، کاهین، دەبێ پیاوێك بێ باڵابەرز و چوارشانە و بەهێزبێ هەروەك تۆ، چونکە لێرە خەڵك، بەهای مەعنەوی هەرکەسێك بەپلەی یەکەم لەرووی باڵا و ناوشانی پان و دەنگی رەقی وییەوە کێشانە دەکەن.

کاهین، دەبێ دووچاوی گەورەی هەبێ هەروەکو چاوی تۆ و دەبێ بە دەستە بەهێزەکانی خۆی، لەکاتی پێویستدا پیاوێکی شەڕانی تەمبێ بکاو لەسەربزێویی بخا.



ئینجا ئەوپیاوە وەکو ئەوەی بیەوێ نهێنییەك باس بکا، دەنگی خۆی نزم کردەوە و گوتی: ئەی پیاوی لاو، لێرە کاهینیی کارێکی بە سوودە و کاهین دەتوانێ بەباشی لێرە بژی.

من سەرەڕای ئەوەی کە حەوت کچ و کوڕێکم هەیە و تا رادەیەك خێزانێکی گەورەم هەیە، لێرە بەباشی دەژیم.

مووسا گوتی: من ناتوانم باوەڕی خۆم بگۆڕم و ببمەکاهین.

جسرو پرسی: ئێستا کە ناتەوێ ببیتەکاهین، چۆن دەتەوێ لێرە ئامرازی گوزەرانی ژیانی خۆت و غولامەکەت دابین بکەی؟

مووسا گوتی: یەکێك لە باپیرانی من بەناوی یەعقوب، ماوەی حەوت ساڵ شوانی بۆ پیاوێك کرد. ئەو، لەوڕۆژەی کەنیشتیمانی خۆی بەجێ هێشت و خۆی گەیاندە ئەو پیاوە، بۆ دابین کردنی گوزەرانی ژیانی خۆی، جگە لەکاری دەستەکانی، ئامرازێکی دیکەی نەبوو.

ئەو ماوەی حەوت ساڵ، شوانکارە بوو، تا بتوانێ کچەکەی وی (( راحیل)) بکاتە هاوسەری خۆی. من ئێستا کە هاتوومە ئێرە، وەزعم لەیەعقوب زۆر باشترە.

من، لەبەرئەوەی هێندێك سامانم هەیە، وەزعم باشترە، جگە لەمەش، برایەکی وەکو نوونم هەیە، دەتوانم لێرە، بەرێگای پەروەردەکردنی ماڵاتەوە، ژیانی خۆم و نوونی برام، دابین بکەم.

جسرو گوتی: زۆرباشە، هەرچەندە تۆ ناتەوێ ببیتە کاهین، بەڵام دیسانەوە بەنیشتەجێ بوونی تۆ لێرە، خۆشحاڵم، چونکە نیشتەجێ بوونی پیاوێکی وەکو تۆ زۆر بەقازانجی من و خەڵکی ئەم ناوچەیە دەبێ.

ئینجا جسرو لەمووسای پرسی: ئایا ژن و منداڵی تۆ لەمیسرن؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من ژن و منداڵم نییە.

پیرەمێرد پرسی: ئایا ژن و منداڵەکانت مردوون؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من ژنم نەهێناوە تا منداڵم پەیدا بن.

کاهین بە سەرسامییەوە لەوپیاوەی روانی و گوتی: لێرە و لەجێگاکانی تریش، بێ سامان ترین پیاو، ژن دەهێنێ، تۆچۆن کە پیاوێکی خاوەن سامان بووی و لە کۆشکی پاشایەتیدا گەورە بووی، تا ئەم ساتە ژنت نەهێناوە، چۆن تەحەمولی رەبەنی بکەی؟

نوون هاتە قسە و گوتی: سەروەری من لەو رۆژەوە کە پێی ناوەتە قۆناغی لاوییەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، لەگەڵ هیچ ژنێکدا هاونشینی نەبووە.

پیرەمێرد ماوەیەك لەمووسای روانی و گوتی: من پزیشك نیم، بەڵام وەکو هەموو ئەوپیاوانەی کە گەیشتوونەتە تەمەنی من، تاقیکردنەوەم هەیە و دەزانم، کە پیاوێکی وەکو تۆ بەم بەژن و باڵاو سنگ و روخسارەوە و بەم چاوە گەشانەوە، پیاوێکی تەندروستە.

کاهین زێدەتر لەسەری رۆیشت وگوتی: ئەگەر تۆ نەخۆش بوویتایە، تووشی سەرسوورمان نەدەهاتم کە تا ئەم ساتە ژنت نەهێناوە، چونکە کەسانی نەخۆش، حەزیان لە ژن نییە تا ژن بهێنن. بەڵام من سەرم سوورماوە پیاوێکی وەکو تۆ بەهێز و تەندروست چۆن توانییوەتی تا ئەم تەمەنە تەحەمولی رەبەنی بکا. کەسانێك کەلە کۆشکی پاشایەتی میسر گەورە دەبن، جاری وایە لە سێزدە ساڵیدا ژن دەهێنن.

مووسا گوتی: من تا پێش گەیشتنم بۆ ئێرە جگە لە ژنێك، حەزم بەهیچ ژنێك نەدەهات تا بیهێنم.

جسرو پرسی: ئایا ئەوژنەت هێنا؟

مووسا گوتی: نا، چونکە کوشتیان.

کاهین پرسی: بۆچی کوشتیان؟

مووسا گوتی: پاشای میسر ، سوپایەکی بۆ باشووری وڵاتی خۆی، کە هەرێمی نیشتەجێبوونی رەشەکان بوو، ناردو ئەوانی قەتڵ و عام کرد. ئەوانیش، هێرشیان بۆ ناوچەی تاڤگەکانی رووباری نیل ، کە ئەوژنەش لەوێ دادەنیشت، هێنا و ژمارەیەك خەڵکیان کوشت کە یەکێکیان ئەو ژنەبووکە دەزگیرانی من بوو.

پاش ماوەیەك من و براکەم نوون، چووینە ناو ئەو ناوچەیە و لاشەی ئەو ژنە و خێزانەکەیان دۆزییەوە.

تا ئەو دەمە من، چونکە بەهیوا بووم لەگەڵ ئەو ژنەدا زەماوەند بکەم، خۆم بە پیاوێك دەزانی کە ئایندەیەکی بەختەوەری هەیە.

من وا وێنا دەکەم پیاوێك کە ئایندەی خۆی بەختەوەر دەبینێ، خۆپەسند دەردەچێ، چونکە ناتوانێ پەی بە بەدبەختی کە سانیتر ببا. منیش لەسەرینی ئەوەی کە خۆم بەختەوەر دەبینی، نەمدەتوانی کە سانیتر ببینم. پاش مردنی دەزگیرانەکەم، تا ماوەیەك مات و مەلوول بووم و نەمدەزانی چ بکەم. دوای ئەوەی لەمات و مەلوولی هاتمە دەرێ، چاوم بەچواردەوری خۆمدا گێڕا و لەبەرئەوەی ئیتر خۆپەرسند نەبووم، توانیم بەدبەختی قەومی ئیسرائیل و کوڕانی ئیراهیم کە هەمویان کۆیلەی پاشای میسر بوون، باشتر ببینم. بەخۆم گوت دەبێ ئەوان رزگار بکەم. لە ئاکامی ئەم



بڕیارەدا، لە نێوان من و پاشای میسر ، هەروەکو گوتم ناڵێیکی هاتەکایەوە و من ناچاربووم میسر بەجێ بێڵم.

جسرو پرسی: ئایا دوای ئەوەی دەزگیرانەکەتیان کوشت، ئارەزووی ژنانت لەلا دروست نەبۆتەوە؟

مووسا وەڵامێکی نەرێنی دایەوە.

پیرەمێرد پرسی: ئایا ئەمڕۆش ئارەزووت بەلای ئافرەتدا نییە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار هەست دەکەم کە مەیلم بەلای ئافرەتدا هەیە.

کاهین پرسی: ئەو ئافرەتەی کەجێگای پەسندی تۆیە لە کوێیە؟

مووسا گوتی: لەم ماڵەیە.

پیرەمێرد بە حەپەسانەوە گوتی: ئەو ئافرەتە کێیە؟

مووسا گوتی: ئەو ئافرەتە سەفورەی کچی تۆیە.

پیرەمێرد پرسی: ئایا تۆ دەتەوێ سەفورەی کچم بکەی بەهاوسەری خۆت؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

کاهین گوتی: کچی من هی تۆیە، تۆ هەرکاتێك بتەوێ دەتوانێ لەگەڵ ئەو زەماوەند بکەی و هیوادارم کە پاش زەماوەند لەگەڵ سەفورە، لێرە بمێنیتەوە.

مووسا گوتی: من لێرە دەمێنمەوە و لێرە ناڕۆم.

کاهین گوتی: مەڕەکانی مێگەلەکەی کچەکەشم دەدەمە تۆ.

مووسا گوتی: من پێویستیم بەمێگەلە مەڕی تۆ نییە، بۆخۆم دەتوانم لێرە مەڕ بکڕم و دەست بە ئاژەڵداری بکەم

کاهین گوتی: ئێستا کە دەتەوێ لەگەڵ سەفورەی کچمدا زەماوەند بکەی پێم بڵێ ناوت چییە؟

مووسا ناوی خۆی پێ گوت.

کاهین چەند جارێك ناوی مووسای دووبارە کردەوە و گوتی: ئایا ناوی تۆ هەر ئەوەیە و ناوێکی ترت نییە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نەخێر.

لەوکاتەدا کچەکانی کاهین، خواردنیان بۆ میوانەکان و خەڵکی ماڵەکە هێنا. خواردنی ئەوان بریتی بوو لە نان و سەرتوێ و ماست.

مووسا و غولامەکەی، نوون، سەرقاڵی خواردن بوون و هەروەها خەڵکی ماڵەکەش دەستیان بەنان خواردن کرد. کاتێك کە سەرقاڵی خواردن بوون (هباب) کوڕی خاوەن ماڵ هاتە ژوورەوە و لەسەر زەوییەکە دانیشت تا وەکو ئەوانیتر نان بخوا.

کاهین، مووسای پیشانی کورەکەی خۆی داو گوتی: هباب، لێرە بەدواوە من کوڕێکی تازەم پەیدا کردووە، ئەو کوڕەش ئەم پیاوەیە کە بە مووسا ناسراوە و دەبێتە مێردی سەفورە و تۆ دەبێ سبەی کەرەسەی جەژنێك ئامادە بکەی تا دووسبەی، خەڵك بێنە سەرداوەت و هەمووان بزانن کەسەفورە شوو بەپیاوێکی وەکو مووسا دەکا.

هباب گوتی: ئەگەر بمانەوێ داوەت سازبکەین، دەبێ مەڕ سەربڕین ئایا چەند سەرمەڕ سەربڕین؟

کاهین گوتی: بۆ داوەت کردنی خەڵکی ئێرە چوار سەرمەڕ بەسە.

مووسا گوتی ئێوە مەڕ سەرمەبڕن. من نامەوێ ئێوە بەسەربڕینی مەڕی خۆتان ئەو زەرەرەتان پێبکەوێ. من، سبەی هەرلێرە بە ئەندازەی پێویست مەڕ دەکڕم و پێتان دەڵێم کە سەریان بڕن و داوەتی پێ ئامادە بکەن. ئەگەر جسروش رازی بێت هەر لەمەڕەکانی ئەو دەکڕم.

کاهین گوتی: ئایا تۆ دەتەوێ بەزێڕ مەڕەکانی ئێمە بکڕی تا بۆ داوەتی جێژن ئامادەی بکەن، ئایا دەکرێ ئەوە قبوڵ بکرێ؟

مووسا گوتی: بەڵێ، چونکە ئەوداوەتەی کە ئێوە سازی دەکەن، بەبۆنەی دەزگیران گرتنی منەوەیە، بۆیە دەبێ خەرجی جێژنەکەی لەسەر من بێت.

باوکی سەفورە نەیدەویست پێشنیاری مووسا قبوڵ بکا، بەڵام مووسا، ئەو پیاوە و هباب و سەفورەشی تێگەیاند کە داوەت ساز کردن لەلایەن ئەوانەوە، کە سامانی زۆریان نییە، تووشی زیانیان دەکا، بەڵام ئەو تووشی زیان نابێ. دانی نرخی چوار یا پێنج سەرمەڕ بۆ ئامادەکردنی خواردن، بەلای وییەوە بایەخێکی نییە.

کاهین رازی بوو کە رۆژی پاشتر، مووسا چەند مەڕێك لەمەڕەکانی ئەوان بکڕێ. ئینجا هباب، ئەرکی سەربڕینی مەڕەکان بە ئەستۆ بگرێ و بەهاوکاری خوشکەکانی، خواردن ئامادە بکا تا رۆژی پاشتر، کەخەڵك بۆ نان خواردن دێن، چێشت و خواردن ئامادە بێت.



-٢٣-

## شوانێك لە میدیان

ژیانی نوێی مووسا لە سەر زەوینێکدا کە بەناوی (میدیان) دەناسرا، دەستی پێکرد، نونیش، کە نەیدەتوانی لەسەروەری خۆی جیا بێتەوە، هەر لەمیدیان نیشتەجێ بوو.

ژیانی دانیشتووانی میدیان لە رێگای کشتوکاڵ و پەروەردەی ماڵاتەوە، بەرێوە دەچوو. لە نزیکی ئەو ئاواییە، چەند لەوەڕگایەکی لێبوو کە مەڕەکانی خۆیانیان تێدا دەلەوەڕاند. بەڵام بەردەوام لە دزو گورگ دەترسان، دزەکان، مەڕەکانی ئەوانیان دەبردن و گورگیش پەلاماری مەڕەکانی دەدان و هەڵی دەدڕین.

هیچ شوانێکی میدیانی زاتی ئەوەی نەدەکرد لە ترسی دز و گورگ، مێگەلی خۆی بە شەو لە بیابان، بێڵێتەوە. ئەو ناچار بوو بەر لە خۆرئاوا بوون، مێگەلی خۆی بۆ ناو ئاوایی بێنێتەوە.

پاش ئەوەی مووسا لەگەڵ سەفورە، زەماوەندی گرت و لە سەرزەوینی میدیان نیشتەجێ بوو، مەترسی دز و گورگ دوور کەوتەوە.

مووسا بۆ دوور خستنەوەی گورگ، پەیرەویی لە شێوازێك کرد، کە باوپیرانی خۆی، وەکو ئیبراهیم و ئیسحاق، گرتبوویانە بەر. مانای سەگی بۆ پارێزگاری لە مێگەلەکان هێنا و دانیشتووانی میدیانی تێگەیاند کە سەگ، بۆ پارێزگاری مێگەل و دوورخستنەوەی مەترسی گورگ، باشترین رێگایە.

دانیشتووانی میدیان، لەبەر ئەوەی لە نەژادی ئیبراهیم و ئیسحاق و ئیسرائیل نەبوون، سوودی سەگیان، بۆ پارێزگاری لە مێگەلە مەڕ نەدەزانی. مووسا ، فەرمانی دا کە خەڵك بچن لە باشووری سەر زەوینی سینا یان میسر، سەگی بەهێز بهێنن.

سەگەکانی مێگەل، مەترسی گورگانیان دوور خستەوە، مووسا و نوونیش مەترسی دزەکانیان دوور خستەوە.

مووسا شەوانە لەگەڵ غولامی خۆی، لە لەوەڕگا دەمایەوە، غولامەکەی شمشێری دەبەست بەڵام مووسا دارێکی درێژی لە دار بادەمی کێوی هەڵدەگرت.

ئەو دارە درێژ و بەهێز و قورسە بە دەستی مووساوە، چەکێکی ترسناك بوو. یەك زەربەی ئەو دارە، بە جۆرێك دزێکی لە پەل و پۆ دەخست کە ئیدی توانای هەستانەوەی نەدەما، جاری وا هەبوو بە یەك زەربەی دیکە دەمرد.

ناو بانگی مووسا و غولامەکەی، بە تایبەتی ناو بانگی زاوای جسرو، لە نێو دزەکانی ناوچەکەدا دەنگیدایەوە و دەیانگوت کە جسروی کاهینی میدیان، کچە گەورەکەی خۆی داوەتە میسرییەك، کە هیچ کەسێك، پیاوێکی دیکەی لەو بالآبەرزتر، چوارشانەترو بەهێز تری نەدیوە. زاوای کاهین غولامێکی هەیە کە لەڕووی هێز و چاو نەترسییەوە، لە سەروەرەکەی کەمتر نییە.

خەڵکی میدیان و دزەکانی ناوچەکە بالآیان مامناوەندی یان کورت بوو، مووسا لەنێو ئەواندا وەکو حوجێك، لە نێو کەسانی ئاساییدا، وابوو.

مووسا و غولامەکەی، هەموو شەوێك لەیەك لەوەڕگا نەدەخەوتن، بەڵکو هەر شەوەی لە لەوەڕگایەك دەخەوتن. جاری وا هەبوو مووسا لە لەوەڕگایەك دەخەوت و غولامەکەشی لە لەوەڕگایەکی دیکە. هەر کە دەنگی پاسی سەگ، مووسای لە خەو وەخەبەر دەهێنا، داری ترسناکی خۆی بە دەستەوە دەگرت و هێرشی دەبردە سەر دزەکان و لە پەل و پۆی دەخستن یان ناچاری دەکردن کە هەڵبێن.

دزەکان، تێگەیشتن کە چیتر نابێ مەڕی خەڵکی میدیان بدزن، گورگیش لە ترسی سەگی بەهێز و دڕ، ئیتر نزیکی مێگەل نەکەوتنەوە.

کاتێك دانیشتووانی میدیان، ئەو هونەرەیان لە مووسا بینی، هاتنی ئەو پیاوەیان بۆ ناوچەکەیان بە بەهرەیەکی خواکان دانا، لە روانینی ئەواندا مووسا وەکو پیاوێك خۆی نواند کەلە سەروو ئاساییەوە بوو.

دانیشتووانی میدیان، بیریان کردەوە کە ئەو پیاوە بالآبەرز و چوار شانە و بەهێزە، کە دەنگی هەروەکو گرمەی هەور وایە، گەرچی لە خوایان نییە، بەڵام مرۆڤێکی ئاسایی نییە ئەگەر نا خاوەنی ئەم دەسەڵاتە نەدەبوو. لەبەر ئەوەی تێگەیشتن کە ئەو ئەوەندە زانستی هەیە کە لە هەموو جادووگەران و کاهینان بالآترە، وایان دانا کە ئەو سوود لە توانای سیحر وەردەگرێ. خەڵکی سادە و خورافەپەرستی میدیان، لە بارەی توانای جادووگەریی مووساوە، کۆمەڵە وێنایەکیان کرد و گوتیان مووسا، بە سیحر دەتوانێ هەر نەخۆشێك چارە سەر بکاو تەنانەت دەتوانێ بەڕێگای جادوو، مردووش زیندوو بکاتەوە.



واقیعیەتیش ئەوە بوو کە مووسا ، وەکو میسرییەك، وەکو میسریەکی خوێندەوار و زانست فێر بوو، دەژمێردرا. هەروەکو هەموو میسرییان و بە تایبەتی میسرییانی خوێندەوار، کەمێك لە پزیشکیی شارەزا بوو و دەیتوانی هێندێك لە نەخۆشییەکان چارە سەر بکا.

لە میدیان، دوو نەخۆشی لە هەموو نەخۆشیەکانی دیکە، زیاتر هەبوو: یەکێکیان چاویەشە و ئەوی دیکەیان پێستی لەش. چاویەشە لە تۆزو خۆڵی بیابان و پەیدابوونی مێش و مەگەز، سەر چاوەی دەگرت. دەردەکانی پێستیش لە بێ ئاوی و گوێ نەدان بە خۆ شۆردن سەری هەڵ دەدا.

لە میدیان، بەهۆی کەم ئاوییەوە کەس لەشی خۆی نەدەشۆرد، ئەوێ وەکو میسر نەبوو، خەڵك، تەنانەت هەژارترین کەس، خۆیان لە ئاوی نیل دا نقوم بکەن و لەشی خۆیان بشۆن.

مووسا ، بەو شێوازگەلەی کە لە میسر هەبوو، دەستی کرد بە چارەسەرکردنی چاویەشەو نەخۆشییەکانی پێستی دانیشتووانی میدیان. بۆ دەرمان کردنی چاویەشە، ئاوی کوڵاوی کە چەند گەڵا زەیتونێکیان تێدا دەکوڵاند، بەکاردەهێنا. بەو پێودانە پاش ئەوەی ئاوەکە سارد دەبۆوە، نەخۆشەکانی ناچار دەکرد بەو ئاوە چاوی خۆیان بشۆن یان یەکێك لە خزمەکانی، ئەو ئاوە بکاتە ناو چاویانەوە.

مووسا دەیزانی کە نەخۆشییەکانی چاو، سەرەڕای تۆز و خۆڵی بیابان، لە مێش و مەگەزەوە پەیدا دەبێ. مێش و مەگەزیش لە پیسایی پەیدا دەبێ. مووسا فەرمانی دا کە هەر پیاو و ژن و منداڵێکی میدیان، دەبێ کولنگێکی بچووك لە برۆنز یان تەختە، بە بەردەوامی بە بەر کەمەری خۆیەوە هەڵبواسێ، تاکو پاش تەواو بوون لە کاری پیسایی کردن لە بیابان، بەو کولنگە، زەوی هەڵبکەنێ و بەخۆڵ پیساییەکەی خۆی داپۆشێ تا مێش و مەگەزی لێ پەیدا نەبێ.

دەبێ ئەوە بزانرێ کە لە کۆندا زۆرێك لە قەومەکان لەبارەی هونەری چاڵ هەڵکەندن، لەوەی کە ئەمڕۆ بە ئاودەستخانە دەناسرێ، بە تەواوی بێ ئاگا بوون و تەنیا یەك میللەت لە میللەتانی رۆژهەڵات ئاگاداری ئەم هونەرە بوو کە ئەوانیش ئێرانییەکان بوون.

ئێرانییان لەسەر دەمانێکی زۆر کۆندا، بۆ رەچاو کردنی تەندروستی، چاڵیان هەڵدەکەند، بەڵام لە بیابانەکانی رۆژئاوای ئاسیا، خەڵك نەیاندەزانی کە دەبێ بۆ ئاودەستخانە چاڵ هەڵبکەنن.

لە شارەکانی میسر چاڵ نەبوو، بەڵام ئاورۆگەی زێراب هەبوو و ئاوەرۆی زێراب، دە چۆوە ناو رووباری نیل، لەبەر ئەوەش خەڵك لەو ئاوەیان دەخواردەوە هێندێك جار نەخۆشی درم لە میسر سەری هەڵ دەدا و ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دەکوشت.

مووسا دەیزانی کە دانیشتووانی میدیان ناتوانن ئاورۆگەی زێراب دروست بکەن، هەر بۆیە فەرمانی پێدان کە کولنگی برۆنز یان تەختە لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن تا بتوانن بەربەستی لە پەیدا بوونی مێش و مەگەز بکەن. فەرمانی مووسا بە دانیشتووانی میدیان، لەوەی کە کولنگی بچووك لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن، لە تەوراتدا هاتووە و لە حوکمەکانی تەورات ئەوەیە کە پەیڕەوانی مووسا پێویستە تەختەیەك لەگەڵ خۆیان هەڵبگرن تا بەو تەختەیە چاڵ هەڵبکەنن و بە ڕێگەی خۆڵ، بەربەستی لە پەیدا بوونی مێش و مەگەز بکەن.

چارەسەرکردنەکانی مووسا شوێنەواری خۆی داناو دەردی چاویەشە لە بەین چوو یان سووك بوو. ئیتر ساوایانی تازەبوو و منداڵان، تووشی نەخۆشی چاویەشە نەدەبوون.

مووسا، نەخۆشییەکانی پێستی دانیشتووانی میدیای بە ئاو و خۆڵە مێش و لمی نەرم، چارەسەر کرد. ئەو بە تووشبووانی گوت کە ئاو لە چاڵاو بکێشن و لەبەر هەتاو دایبنێن و لێبگەڕێن تا گەرم دەبێ، ئینجا بە تێکەڵ کردنی خۆڵەمێش و لمی نەرم و ئاو، لەشی خۆیان بشۆن و پاش هەر شۆردنێك، نەخۆشی پێستی تووشبووان، سووك بوو.

لە نێو نەخۆشییەکانی پێستی دانیشتووانی میدیان جۆرە نەخۆشییەکی پێست هەبوو کە چارەسەر نەدەکرا و لە ئاکامی ئەم نەخۆشییەدا گۆشتی بەدەن بۆگەن دەبوو و لە ناو دەچوو. خودی خەڵکی میدیان لە کۆنەوە ئەم جۆرە نەخۆشانەیان لە خۆیان جیادەکردەوە و لە بیابان جێگایان بۆ دادەنا.

مووسا دەیزانی ئەمجۆرە نەخۆشییە کە لە چارەسەرکردن نایە، نەخۆشی گولییە و ئەو بانگەشەی ئەوەی نەدەکرد کە دەتوانێ ئەم نەخۆشییە چارە سەر بکا. بەڵام دانیشتووانی میدیان، باوەڕیان وابوو کە مووسا ، لە رووی ئەنقەستەوە گولەکان چارەسەر ناکا. ئەگەر حەز بکا ئەوان چارەسەر بکا، دەتوانێ چارەسەریان بکا. بەڵام مووسا تێدەگەیشت کە نەخۆشی گولیی، نەخۆشییەکە جیایە لە نەخۆشییەکانی پێست و دەرەتانی ئەوە نییە کە بە یارمەتی خۆڵەمێش و لمی نەرم، چارەسەری بکرێ.

جیسرو، کاهینی ناوچەی میدیان، تەنیا کاهین و پزیشك نەبوو، بە ڵکو هۆکاری لە بەین بردنی ناڵێکییەکان و هەروەها بە دادوەریش دەژمێردرا. هەر کەسێك، هەر پرسێکی ببوایە، بۆ یەکلاکردنەوەی دەچووە لای جسرو.



جیسرو، هێندێك لە پرسەکانی بە پێی داب و نەریت و کەلە پوور یەکلایی دەکردەوە. لە هێندێك پرسدا بە پێی لێکدانەوە رەفتاری دەکرد. بەڵام بەر لەهەر هەنگاوێك، لە سکاڵا کارو سکاڵا لێکراوی دەپرسی کە خوای ئەوان کێیە.

جیسرو، دەیزانی ئەگەر فتوایەك بدا کە لە باوەڕی مەزهەبیی سکاڵاکار و سکاڵا لێکراو جیاواز بێ، ناچێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

جیسرو، ناڵێکییەکانی نێوان خەڵکی لەو بوارانەدا، کەدەبوایە بە پێی داب و نەریت و کەلە پوور یەکلا بکرێتەوە، بە حەوت قانوونی بنەڕەتی جێبەجێ دەکرد. ئەو باوەڕی وابوو کە ئەو حەوت قانوونە، تەنانەت لە ئیبراهیمیش کۆنترە و دانەری ئەم قانوونانە نووحە. لە بارەی نووحیشەوە، بە سەرهاتێکی سەرسامهێنەر هەبوو کە ئەمڕۆ دەزانین ئەو بەسەر هاتە بەسەر هاتی تۆفانی نووحە.

ئەو حەوت قانوونە بنەڕەتییە، بریتی بوون لەوەی کە هەرکەسێك ئەگەر بە کوشتنێکی ئەنقەست یان بریندار کردنێکی ئەنقەست هەڵبستێ، دەبێ بکوژرێتەوە یان هەر بەو جۆرەی کە ئەویتری بریندار کردووە، بریندار بکرێتەوە.

قانوونی دووەم پەیوەست بوو بە مافی موڵکدارێتیەوە کە ئەویش ئەوە بوو کە ئەنجامی کار و دەست ڕەنجی هەر کەسێك پەیوەستە بە خۆیەوە و ناتوانرێ لێی بستێنرێ، مەگەر بە جۆرێك کەڕازی بکرێ و ئەو بە ڕەزامەندی دڵی خۆی لە بەرامبەر وەرگرتنی شتێکی دیکەدا، دەست ڕەنجی خۆی بدات بە کەسێکی دیکە.

قانوونی سێیەم پەیوەست بوو بە هاوسەرگیرییەوە و بەپێی ئەو قانوونە، خزم و خوێش، نەیاندەتوانی لەگەڵ یەکتریدا هاوسەر گیریی بکەن (لە حاڵێکدا لە میسر باوك لەگەڵ کچ و برا لەگەڵ خوشك هاوسەرگیریان دەکرد) و هەروەها دوو کەسی هاورەگەز نەیاندەتوانی بە یەکەوە جووت بن و جووت بوونی مرۆڤ لەگەڵ گیانلەبەراندا قەدەغە بوو.

پرەنسیپەکانی دیکەش هەر پاژێك بوون لە قانوونە بنەرەتیەکانی قەومی میدیان و ئەم حەوت پرەنسیپە بەلای مووساوە تازە بوون.

لە بەر ئەوەی ئاگادارین کە مووسا، لەگەڵ قانوونەکانی میسر ئاشنا ببوو و لەگەڵیاندا گەورە ببوو، قانوونەکانی خەڵکی بیابان نشینی نەدەزانی. تەنانەت پاش ئەوەی کەزانی ئەو لە نەژادی ئیسرائیلە و پەی بە بەدبەختی کوڕانی ئیبراهیم لە میسر برد، دیسانەوە ئاگای لە

قانوونەکانی خەڵکی بیابان نشین نەبوو. لە حاڵێکدا کەبەشێك لە قانوونەکانی بابلی، کە لە لایەن (هامورابی) پاشای ناسراوی بابل دانرابوو، دەزانی. (هەروەکو پێشتر راڤەکرا).

حەوت قانوونی خەڵکی میدیان لە ڕوانینی مووسادا بە باش دەهاتنە بەرچاو. ئەو کە قانوونەکانی میسر و بەشێك لە قانوونەکانی بابلی دەزانی، پەی بەوە برد کە قانوونە بنەڕەتیەکانی قەومی میدیان باشن.

قانوونی پەیوەست بە مافی موڵکدارێتی جێگای پەسەند و ستایشی مووسا بوو. ئەو بیری کردەوە کە ئەگەر ئەو قانوونە لە میسر هەبووایە، پاشای میسر، نەیدەتوانی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بکا بە کۆیلە. چونکە هەر کەسێك وەکو چۆن خاوەنی ئەنجامی کار و دەست ڕەنجی خۆیەتی، ئەوا خاوەنی خۆشی دەبێ و ناکرێ بێ ڕەزامەندی خۆی، بە خاوەن بکرێ و بە خۆڕایی بخرێتە بەرکار.

قانوونی پەیوەست بە قەدەغەی هاوسەرگیریی کەسوکار لەگەڵ یەکتری، ئەویش زۆر جێگای پەسەندی مووسا بوو.

مووسا، کاتێك لە میسر دەژیا، هەر بە فیترەت نەفرەتی لە هاوسەرگیریی باوك لەگەڵ کچ و برا لەگەڵ خوشك، دەبۆوە. ئەو لاوە میسرییە تێنەدەگەیشت سەرەڕای ئەوەی کە قانوونەکانی میسر و ڕێ و ڕەسم و نەریتەکان، هاوسەرگیری براوخوشکی لەگەڵ یەکتردا ئازاد کردووە، بۆچی ئەو نەفرەتی لەو هاوسەرگیرییە و لە هاوسەر گیریی باوك لەگەڵ کچ، دەبێتەوە.

پاش ئەوەی مووسا لە سەرزەوینی میدیان دەستی بەکاری چارەسەکردن کرد، ئیتر کەسێك بۆ دەرمانی نەخۆشیی، نەدەچووە لای جیسرو، چونکە خەڵکی ناوچەکە مووسایان بە خاوەن (ئیعجاز) دەزانی و وایان وێنا دەکرد کە مووسا بۆ چارەسەرکردنی نە خۆشییەکان، توانای خواکانی هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە ئیتر خەڵك، بۆ چارەسەری نە خۆشییەکان نەدەچوونە لای جیسرو، مووسا بۆ خۆی دەچووە لای جیسرو و پرسیاری لێدەکرد کە چ جۆرە گیایەك بۆ چارەسەری فلانە نەخۆشییە باشە.

جیسرو وەکو هەموو پیاوانی بیابان نشین، خاسیەتی پزیشکیی هێندێك لە گیاکانی دەناسی. مووسا گەرچی خوێندەوار بوو و زانستی هەبوو، بەڵام دەیزانی کە تاقیکردنەوەش نرخی خۆی هەیە و دەبێ بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان سوود لە تاقیکردنەوەی جیسرو وەربگرێ.

ئەمڕۆ شێوازی چارەسەرکردنی پێشینان، لە لێڕوانینی ئێمەدا، کە لەگەڵ شێوازی چارەسەرکردنی سەدەی بیستەمی زایین دا ئاشناین، سەیر دێتە بەرچاو و سەرسامیی دامان



دەگرێ کە چۆن، نەخۆشەکان بەو شێوازانە چارەسەر دەکران. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لەهەر سەردەمێکدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو نە خۆشییانەی کە دەرەتانی چارەسەرکردنیان هەبووە، دەرمان هەبووە. هەرچەند ئەو دەرمانانە ئەمڕۆ بەروانینی ئێمە، سەرنج ڕاکێش نەیەنە بەرچاو یاخود زیانبەخش بن.

ئەمڕۆکەش لەنێو هێندێك لە وڵاتان و هۆزەکاندا، شێوازگەلێك بۆ چارەسەرکردن هەیە کە میللەتانی شارستانی ناتوانن ئەو شێوازانە بە سوود بەخش بزانن، لە حاڵێکدا کە ژمارەیەك لە نەخۆشان بە هەمان شێواز چارەسەر دەبن.

تازە مووسا لەگەڵ سەفورەدا زەماوەندی کردبوو، کە کەسێکی مارگەستوویان بۆ چارەسەر هێنایە لای کاهین. جیسرو، لە بارەی دەرمانی مار پێوەدانەوە، زانیاری لەزاواکەی خۆیەوە وەرگرت.

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی بۆ خۆم مار پێوەیداوم، دەزانم چارەسەری کەسێك کە مار پێوەی داوە چۆنە.

کاهین پرسی: لە کوێ مار پێوەی داوی؟

مووسا گوتی: لە سەرزەوینی کۆش.

کاهین گوتی: ئایا ئەو مارەی پێوەی دای زانیت چ جۆرێك بوو؟

مووسا گوتی: نەخێر.

کاهین گوتی: لەوانەیە ئەو مارەی بەو پیاوەیەوە داوە، لەو مارە جیا بێت کە لەسەر زەوینی کۆش بەتۆوەی داوە.

کاهین، بۆ چارەسەری کابرای مارگەستوو، چەند فەرمانێکی دا کە پاش سێ هەزار ساڵ هێشتاش هەر باوە. ئەمڕۆش مارگەستوو هەروەکو ئەو سەردەمە چارەسەر دەکەن.

هەر بەو جۆرەی کە نوون لەسەرزەوینی کۆش بەو شێوازە مووسای چارەسەر کرد.

بنەمای چارەسەرەکە بریتی بوو لە بەستنی بەشی سەرەوەی ئەو شوێنەی کە مار پێوەی داوە (بۆ ئەوەی کە ژەهرەکە نەڕواتە سەرەوە) و هەڵدڕینی شوێنی پێوەدانەکە تا خوێنی لێ بێتە دەرەوە و ئینجا هەڵمژینی ئەو شوێنە لە ڕێگای کەسێکی دیکەوە بۆ ئەوەی بەو هەڵمژینە ژەهرەکە لە لەشی مارگەستوو بێتە دەرەوە.

ئەمڕۆش، بۆ چارەسەر کردنی مارگەستوو، هەر ئەو کارانە دەکەن و بۆ بەهێز کردنی نەخۆشەکە، ڤیتامینی بە دەرزی لێدەدەن. بەڵام پێشینان چونکە ڤیتامیناتیان نەبوو، پاش چارەسەر کردنی مارگەستوو، ئاوا بەحاڵی خۆیەوە لێی دەگەڕان تا یان چاك بێتەوە یان بمرێ.

مووسا لەوەوپاش، وێرای چارەسەر کردنی نەخۆشییەکانی دیکە، بەهۆی مار پێوەدانی هێندێك لە پیاوان و ژنان، زانیاریگەلێکی لەبارەی مارەوە بەدەست هێنا. لەو زانیاریانەش ئەوەبوو، کە ئەو فێربوو کە ماری ژەهردار، لە شەویلاکی خوارەوە، دووڕیز ددانی هەیە کە ریزێکیان کەوتۆتە پشت ئەوی دیکە، لە حاڵێکدا کە ماری بێ ژەهر، لە هەردوو شەویلاکیدا تەنیا یەك ریز ددانی هەیە.

مووسا بۆ پەیبردن بەوەی کە ئایا ئەو قسەیە راستە یان نا، لاشەی دەیان ماری ژەهردار و بێ ژەهری، تاقیکردەوە. ئەو هەر جارێك دەیبینی کە ماری ژەهردار، لەیەك شەویلاکدا، دوو ریز ددانی هەیە کە بەدوای یەکدا دێن، لە حاڵێکدا ماری بێ ژەهر تەنیا یەك ریز ددانی هەیە.

هەروەها دیقەتی دا کە ژەهری مار لەکاتێکدا زۆر کوشندەیە، کە مار ماوەیەکی درێژ و لەوانەشە چەندین مانگ، بەهیچ گیانلەبەرێکییەوە نەدابێ.

ئەگەر مارێکی ژەهردار، لەماوەیەکی کەمدا، بەچەند گیانلەبەرێکەوە بدات، ژەهرەکەی بەجۆرێك لاواز دەبێ کە ئەگەر بەمرۆڤێکەوە بدات، مارگەستوو نەك هەر نامرێ بەڵکو نەخۆشیش نابێ، چونکە پاش چەند جارێك پێوەدان، ژەهری مار، ئەوەندە کەم دەبێ کە پاش ئەوەی دەچێتە ناو لەشی مرۆڤەوە، نەخۆشیشی ناخا تا بەمردن رادەگا.

مووسا بۆی دەرکەوت کە ئەوەندەی خەڵك لەمار دەترسن، لە گیانلەبەرێکی دڕندە ئەوەندە ناترسن. وەحشەتی خەڵك، لەماری ژەهردار، لەبەر ئەوەیە کە خێرایی جوڵانەوەی مار، لەو کاتەدا کە دەیەوێ پێوە بدا یەکجار زۆرە. ئەو خێراییە بەڕادەیەکە کە هیچ کەسێك لەمەودایەکی نزیکەوە، ناتوانێ خۆی لە پێوەدانی بپارێزێ.

بەتایبەتی جۆرێك مار هەیە کە بە (کەبچە) دەناسرێ و لە بیابانی سینا، زۆر هەبوو، (ئێستاش هەیە) خێرایی چزوولێدانی ئەوەندە زۆرە تەنانەت لەکاتی پێوەداندا لە خێرایی یەك چاو تروکاندن، زیاترە. ماری (کەبچە) لە ماوەی کەمتر لە نیوەی ماوەی یەك تروکەی چاو، بە زەلامەوە دەدا. خێرایی چزوو لێدانی ئەو خشۆکە ئەوەندە زۆرە کە هێندێك کات، ئەو کەسەی مار پێوەی داوە هەست ناکا کە مار پێوەی داوە و وا وێنا دەکا کە چقڵێك بە پێیدا چووە. بەڵام دوای چەند خولەکێك، ئازاری توند لە شوێنی چزووەکە دەست پێدەکا، ئەگەر مارگەستوو چارەسەر نەکرێ ، دووچاری تایەکی توند دەبێ و دوای ئەوە، خاو بوونەوە لە هەموو ئەندامەکانی لەشی بەتایبەت شوێنی گەستنەکەی دەردەکەوێ و زۆری پێ ناچێ مارگەستوو، ماڵئاوایی لە ژیان دەکا.



مووسا دیقەتی دابوو کە هەموو جۆرە مارە ژەهردارەکان، لە دژەکرداری ئەوکەسەی کە دەیەوێ پێوەی بدا، دەترسن. تەنانەت ماری (کەبچە)ش لە دژەکرداری ئەو کەسە دەترسێ.

ئەگەر لەوکاتەدا کە مارێکی (کەبچە) بەخێرایی دەکەوێتە جووڵە تا بەوکەسە بدات، ئەوکەسە دەستی خۆی بەرەو مارەکە رابوەشێنێ، ئەو گیانلەبەرە ڕادەوەستێ و وەحشەت بەسەریدا زاڵ دەبێ.

بەو پێیە ئەگەر کەسێك مار ببینێ و بزانێ کە ماری ژەهردار دەیەوێ پێوەی بدا و بەرەو ڕووی وی دێ، هەرکە دووچاری وەحشەت نەهات، لە پێوەدانی ئەو مارە لە ئامان دا دەبێ و ئەوەندە بەسە کە دەستی خۆی بەرەو ئەو مارە ڕابوەشێنێ تا ڕابوەستێ.

مووسا لە نێو خەڵکانی کۆندا، لەوانەیە یەکەم کەس بووبێ کە تێگەیشت مار هەستی بیستنی نییەو دەنگ نابیستێ. بۆیە لە هاواری مرۆڤ ناترسێ چونکە گوێی لە دەنگی مرۆڤ و گیانلەبەرانی دیکە نابێ.

مووسا زانی کە ماری مێیە، هەر جارێك لە نێوان دە تا پازدە هێلکە دادەنێ و بە دیقەتەوە چاودێریی هێلکەکانی خۆی دەکا. ئەگەر بێتوو هەست بەبوونی مەترسییەك بکا، هەوڵی بەرگری کردن دەدا.

لە بەرئەوەی هێلکەکانی مار جوانن و هەروەکو سەدەفی بچووك دەچن، کەسانی واهەن دەکەونە سەرباری ئەوەی لەوکاتەدا کە مارەکە لەسەر هێلکەکانی خەوتووە، هێلکەکانی لێ بفڕێنن، ئەوانە یاری یەگیانی خۆیان دەکەن، چونکە مار بە توندی هێرش بۆ ئەو کەسە دەبا کە بیەوێ هێلکەکانی لێ بفڕێنێ و نە تەنیا یەك جار، بەڵکو چەندین جار پێوەی دەدا. تەنانەت ئەو دەمەی کە ژەهریشی تەواو بووە، دیسانەوە چزووی خۆی بە لەشی ئەو کەسەدا دەکا کە ویستوویەتی هێلکەکانی ببا.

مووسا پەی بەوە برد کە مارەکان لە ڕووی هێلکە دانان و خەوتن لەسەر هێلکەکانیان، وەکو یەك نین.

هێندێك لە مارەکان تا هەشتا هێلکە دادەنێن بێ ئەوەی لەسەری بخەون، بەڵکو هێلکەکان لەبەر گەرمای خۆر دادەنێن تاپێبگەن، ئەوانە تەنیا شەوان کە خۆر دیارنییە، لەسەر هێلکەکانیان دەخەون.

هێندێك ماریش هەن پاش ئەوەی هێلکەکانیان دانا، لەسەریان دەکەون تا پێدەگەن و توولە ماریان لێ دێتە دەرەوە.

ئەو لاوە میسرییە، تێگەیشت کە مار بەدەر لەوە کە لەسەر هێلکەکانی بحەوێ یان نەخەوێ بەردەوام چاودێریی هێلکەکانی دەکا. ئەو مارانەش کە تا هەشتا هێلکە دادەنێن و لەسەریان ناخەون، لە دوورەوە ئاگاداریی و چاودێریی هێلکەکانیان دەکەن و هەر کە گیانلەبەرێك یان مرۆڤێك بەرەو هێلکەکانی بچێ، بە خێرایی خۆی دەگەیەنێتە ئەوێ و گیانلەبەر بێ یان مرۆڤ پێوەی دەدا و ناهێلێ هێلکەکانی ببات.

مووسا لەمیانی لێکولێنەوە لە وەزعی ژیانی مارەکان، سەرنجی لە بابەتێك دا کە تا ئەو رۆژە کەس پەی پێ نەبردبوو، ئەویش ئەوەبوو تێگەیشت کە چزووی مار، بە پلەی یەکەم ئامرازی رۆزیی ئەو گیانلەبەرەیە نەك ئامرازی کوشتنی مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر.

مووسا تێگەیشت کە خۆراکی مار، گیانلەبەرانی بچووکە و بۆ ئەوەی بتوانێ خواردن بخوا، ناچارە بە گیانلەبەرانی بچووکەوە بدات. جیا لەم حاڵەتە گیانلەبەرانی بچووك هەڵدێن و نابنە خۆراکی مار. بەڵام هەرکە چزووی مار بەلەشی گیانلەبەرێکی بچووکدا چوو، ئەو گیانلەبەرە، دەسبەجێ، ئیفلیج دەبێ و لە جووڵە دەکەوێ و مار دەتوانێ بە ئاسوودەیی، نێچیرەکەی قووت بدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە ژەهرەکەی، چۆتە نێو لەشی ئەو گیانلەبەرەوە، کە چی خواردنی ئەو گیانلەبەرە زیانێك بە مارەکە ناگەیەنێ.

مووسا تێگەیشت کە مار، هەرچەندە کە ددانیشی هەیە (ماری ژەهردار لەیەك شەویلاکدا دوو ڕیز ددانی هەیە) هەرگیز نێچیرەکەی خۆی ناجوێ بەڵکو قووتی دەدا. ماری واش هەیە کە پاش ئەوەی بە گیانلەبەری بچووکەوە دەدا و دەیکوژێ، ئارام دەگرێ تا گۆشتی ئەو گیانلەبەرە بۆ گەن دەبێ، پاش ئەوە قووتی دەدا.

لاوی میسری، دیقەتی دا کە خواوەند، چزووی ماری بۆ ئەوە نەداوە بەو گیانلەبەرە کە بە مرۆڤەوە بدا، بەڵکو بۆیە چزووی داوەتێ کە ئەو گیانلەبەرە خشۆکە لە برسان نەمرێ، بەڵام مار بەو ئامرازە، بۆ کوشتنی ئەو گیانلەبەرانە (لەوانەش مرۆڤ)، کەڵکی لێ وەردەگرێ کە ناتوانێ قووتیان بدا. هەروەکو چۆن چنچڕوك و ددانی گیانلەبەرانی جەنگەڵ بۆ بەدەست هێنانی ئازوخەو تێرکردنی سەرزەوینی کۆش دراوە، بەڵام ئەو گیانلەبەرانە چنچڕوك و ددانی خۆیان بۆ شەڕ لەگەڵ گیانلەبەرانی گەورەو مرۆڤ، بەکاردێنن.

مووسا پاش ئەوەی سەفورەی کرد بە هاوسەری خۆی، سەرنجی دا کە ئیتر ناتوانێ لەماڵی جیسرو (ماڵی خەزووری) بژی و ئەو دەبێ ماڵی خۆی هەبێ.

لە میدیان خانووی بەتاڵی لێبوو، بەڵام مووسا نەیدەتوانی لە ناویاندا نیشتەجێ ببێ.



نیشتەجێ بوون لە نێو ئەو خانووانەدا، لە راستی دا کۆڵێتی میدیان، ئەوی نارەحەت دەکرد. بۆیە بڕیاری دا بەو کەرەسانەی کە لە ناوچەکە بەردەست دەکەوێ، خانوویەك دروست بکا. پێش بنیات نانی ئەو خانووە جارێ نەخشەکەی کێشا، چونکە ئەو کە ماوەیەك لەگەڵ سەرۆکی تەلارسازانی کۆشکی پاشایەتی ژیابوو، نەخشەکانی ئەوی دیبوو و دەیتوانی نەخشەی خانوو بکێشێ و لەرووی ئەو نەخشەیەوە خانوو بنیات بنێ.

کاتێك مووسا، بۆ دروست کردنی خانوو ئامادە بوو، بە غولامەکەی گوت: تۆش خانوویەك بۆ خۆت دروست بکە.

نوون پرسی: بۆچی؟

مووسا گوتی: تۆش دەبێ ژن بهێنی و پاش ئەوەی کە ژنت هێنا پێویستیت بە خانوو دەبێ واباشترە هەر لە ئێستاوە خانووی خۆت دروست بکەی.

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، لێرە ژن ناهێنم.

مووسا پرسی: بۆچی؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی ژنانی ئێرە بە روانینی من بەرچاو نین و تەنیا کچانی جیسرو کەمێك لە ژنەکانی تر باشترن.

مووسا گوتی: ئایا حەز دەکەی، کچە گەورەکەی جیسرو، کە پاش سەفورەی ژنی من کچی گەورەی کاهینە، بهێنی؟

نوون گوتی: من زاتی ئەوەم نییە.

مووسا پرسی: لە بەرچی؟

نوون گوتی: لە بەر ئەوەی کچە گەورەی جیسرو، ژنی تۆیە، من کچێکی تری ئەو ناهێنم، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبمە هاوەڵ زاوای تۆ و من، کە غولامی تۆم لەوە بچووکترم کە ببمە هاوەڵ زاوای تۆ.

مووسا گوتی: من بە تۆم گوت تۆ برای منی نەك غولامی من. تۆ دەتوانی ببیتە هاوەڵ زاوای من.

نوون رازی بوو کە لەگەڵ یەکێك لە کچەکانی جیسرو زەماوەند بکا و گوتی پاش ئەوەی کە خانووەکەی تەواو بوو، کچی کاهین دەهێنێ.

سەرەڕای ئەوەی کە دانیشتووانی میدیان سوودیان لە زانست و زانیاری مووسا وەردەگرت و لەسەر دەستی ئەو چارەسەر دەکران، خۆپارێزییان لە بەرامبەردا دەکرد. ئەو خۆپارێزییەی ئەوان لەوەڕا هاتبوو کە ئەویان زۆر لە خۆیان بە باڵاتر دەزانی.

ئەوان تێگەیشتن کە سەرەڕای ئەوەی کە کوڕانی ئیبراهیم و قەومی ئیسرائیل، لە میسر کۆیلە بوون و ئێستاش هەروا کۆیلەن، مووسا کەلە ڕەچەڵەکی ئەو قەومەیە، هەرگیز کۆیلە نەبووە، بەڵکو لە کۆشکی پاشایەتی ژیاوە و گەورە بووە و لەوێ، حورمەتی شازادەکانی هەبووە.

نوون بە جۆرێکی تێروتەسەل لە بارەی پێشینەی مووساوە، بۆ دانیشتووانی ناوچەکە قسەی کرد و گوتی کە ئەو، لە قۆناغی شیرە خۆرەییدا لە کۆشکی پاشایەتی ژیاوە و تا قۆناغی پێگەیشتوویی لەو کۆشکەدا بوو. پاشان پاشای میسر، فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی خۆی بەوی سپاردووە.

نوون لە بارەی ئازایەتی مووسا قسەی بۆ خەڵکی میدیان کرد بێ ئەوەی زێدەڕۆیی تێدا بکا و ئەو، شتگەلێکی بۆ گێڕانەوە کە بەچاوی خۆی دیتبووی.

یەکێك لەو بەسەر هاتانەی کەنوون پێی خۆشبوو بۆ خەڵکی میدیان بیگێڕێتەوە، نهێنی لە دایکبوونی مووسا بوو.

نوون ئاشکراکەری ئەو نهێنییە نەبوو بەڵکو مووسا خۆی، بەر لەوەی لەگەڵ سەفوورەدا زەماوەند بکا، نهێنی لە دایکبوونی خۆی بۆ کاهین (باوکی ژنەکەی) ئاشکرا کرد تا ئەو بزانێ، کە مووسا لە نەژادی ئیسرائیلە و لە بەرچی ئەو لە کۆشکی پاشایەتی دا گەورە بووە و لەبەر چ هۆیەك ئەو وەکو هاونەژادانی خۆی نەبۆتە کۆیلە.

هەرگا، کە نوون لە بارەی بە ئاو دادانی مووسا (لە قۆناغی شیرە خۆرەییدا) بە شەتی نیلدا قسەی دەکرد، خەڵکی میدیان، بە هۆگرییەکی زۆرەوە گوێیان لەقسەکانی رادەگرت بێ ئەوەی لە دووبارە بوونەوەی داستانەکە ماندوو بن یان جارز بن.

خۆشەویستی ئەوان بۆ بیستنی ئەو ڕووداوە بەڕادەیەك زۆربوو کە هەر جارێك نوون قسەی بۆ دەکردن، هەردەتگوت ئەوە جاری یەکەمیانە ئەو داستانە دەبیستن. چونکە لە شیرینی و سەمەرەیی ئەو بەسەر هاتانەی رابردوو، قەومی سادە، لە دووبارە بوونەوەی ئاخاوتنەکان و داستانەکان ماندوو نابن، ئەگەر چیرۆك یان داستانێکیان بیست جاریش بۆ دووبارە کرابێتەوە، جاری بیست و یەکەم بە جۆرێك گوێیان لێ ڕادەگرت کە هەر دەتگوت ئەوە جاری یەکەمە گوێیان لێ دەبێ، چونکە ئاخاوتن، تاکە ئامرازی دڵخۆشی و سەرگەرمی قەومی سادەو



دەشتەکییە. بەو پێییەی کە لە دەورووبەری ژیانی ئەواندا، ڕووداوی تازە کە ئاخاوتنی تازە دێنێتە ئاراوە، دەگمەنە. بۆیە ناچار ئاخاوتنەکانی رابردوو دووبارە دەکەنەوە. هەر بۆیە بە هەمان هۆ لە هێندێك لە کتێبە ئاسمانییەکاندا کە لە کۆندا هاتوونەتە خوارەوە، دووبارە بوونەوەی زۆر هەیە چونکە ئەم دووبارانە پێداویستی بیری ئەو خەڵکانە بووە.

یەکێك لەو شتانەی کە بووە هۆی ئەوەی خەڵکی میدیان، مووسا بە مرۆڤێکی لە سەروو ئاسایی و بە کەسێکی باڵاتر لە مرۆڤی ئاسایی و پیاوێکی وەکو خوای خۆیان بزانن، هەمان ئەو نهێنییە ئاشکرا بووەی قۆناغی شیرەخۆرەیی ئەو بوو.

خەڵکی سادەی میدیان، بیریان دەکردەوە ئەگەر مووسا، وەکو خواکان نەبێ، بەو وەزعە سەرسامهێنەرە لە مردن رزگاری نەدەبوو و هاوسەری پاشای میسر، بەسەر چاودێری و گەورەکردنی وی ڕانەدەگەیشت.

مووسا لە لێڕوانینی خەڵك دا ئەوەندە گەورە بوو کە هیچ کەسێك زاتی ئەوەی نەدەکرد لێبپرسێ کە بۆچی خوایانی میسر ناپەرستی. لە کۆندا، نەریت وابوو کە هەر کەسێکی لە وڵاتێکەوە دەچووە وڵاتێکی تر تا بەجۆرێکی هەمیشەیی لەوێ ئاکنجی ببێ و ببێتە هاونیشتمانییەکی ئەوێ، دەبووایە خواکانی ئەوێ بپەرستێ.

ئەمڕۆش، شوێنەوارێك لەم نەریتە بە شێوەی قبوڵ کردنی یاسا خۆجییەکان، هەیەو هەرکەسێك لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر کۆچ دەکا و لەوێ ئاکنجی دەبێ، پێویستە ملکەچی یاسا خۆجێییەکان بێ. بەڵام مووسا خواکانی ئەو ناوچەیەی نەدەپەرست و لە جێژنە مەزهەبییەکانی خەڵکی میدیان بەشداری نەدەکرد.

کاتێك کە سەفورەی ژنی مووسا یەکەمین کوڕی بوو، لە مێردەکەی پرسی ناوی کام خوا لە خواکانی میدیان، لەو کوڕە بنێ. چونکە لە میدیانیش هەروەکو میسر، ناوی خواکانیان لە منداڵەکان دەنا. ئەمرۆش لە زۆرێك لە وڵاتانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا، تا ڕادەیەك هەر ئاوایە وناوی پێغەمبەران و ناوداران و بەجۆرێکی گشتی، گەورە پیاوانی مەزهەب، لە منداڵەکانیان دەنێن.

لە میدیان، پاش ئەوەی کەناوی یەکێك لە خواکانیان بۆ منداڵەکە هەڵدەبژارد، نیشانەی ئەوخوایە، نەك ناوەکەی (چونکە خوێندەوارییان نەبوو) لەسەر لەشی ئەومنداڵە بەخاڵ دەکوتا. بەڵام مووسا رازی نەبوو کە ناوی یەکێك لە خواکانی میدیان بۆ کوڕەکەی هەڵبژێرن و رازیش نەبوو کە نیشانەی خوایەك، لەسەر لەشی کوڕەکەی خاڵ کوت بکەن.

پاش ئەوەی منداڵەکەی مووسا هاتە دنیاوە، بێ ئەوەی ناوێك بۆ کوڕەکەی هەڵبژێرێ، بەمێگەلە مەڕێکەوە ڕێگای لەوەڕگای گرتە بەر.

مووسا، سەرەڕای ئەوەی پیاوێکی خاوەن سامان بوو، شوانیی بەکارێکی شەرم نەدەزانی و بە پێچەوانەوە شانازیی بە پیشەی شوانییەوە دەکرد.

ئەو دەیزانی لە کۆندا، باو باپیرانیشی هەر لە ئیبراهیمەوە تا دەگاتە خۆی، هەموویان شوان بوون و بە پەروەردەکردنی مەڕ، ژیانی خۆیان دابین کردووە. لەبەر ئەوەی دەبوایە پەزی خۆیان لە لەوەڕگا بلەوەڕێنن، بەشێکی زۆری تەمەنی خۆیان لە بیابان دەبردە سەر و لەوانەشە هەر بۆیە لە خوا نزیك بوون، چونکە لە بیابان، هزر، سەرنجی لەسەر ئەو دیو زەوی و ئاسمان چڕدەبێتەوە، هزری مرۆڤ دەکەوێتە تەقەللای ئەوەی کە تێبگا لەو دیو جیهانی خاکی و ئەو ئاسمانەوە کە بەسەر سەرانەوەیە، چی هەیە.

لە میدیانیش، بە چاوی ڕێزەوە تەماشای شوان دەکرا، بەتایبەتی ئەگەر بەساڵدا چوو بووایە. ئەوان باوەڕیان وابوو کە شوانی بەساڵدا چوو، پیاوێکی ئاقڵە و تاقیکردنەوەی زۆری هەیە و دەتوانێ بە ئەقڵ و تاقیکردنەوەی خۆی، یارمەتییەکی زۆری کە سانیتر بدا.

ڕێزگرتنی خەڵکی میدیان بۆ شوانان، بە تایبەتی ئەگەر بەساڵدا چوو بووایە، لە نەریتی قەومە بیابان نشینەکانی کەنعانەوە سەرچاوەی دەگرت کە بە هاونەژادانی ئیبراهیم دەژمێردران.

ئەوان وایان بیردەکردەوە کەهەر بەو جۆرەی ئیبراهیم مەڕی دەلەوەڕاند و لە هەمان کاتدا سەرۆك هۆزیش بوو، هەر شوانێکی بەساڵدا چووش شایانی ئەوەیە کە سەرۆکی کەسانیتر بێ.

هباب، ژن براکەی مووسا، جاروبار لەگەڵ ئەودا دەچووە لەوەڕگا و لەبارەی گیاکانی لەوەڕگا قسەی لەگەڵدا دەکرد و سوودی پزیشکیی گیاکانی بۆ راڤە دەکرد.

ڕۆژێکیان کە مووسا بە تەنیا چوو بووەلەوەڕگا، بینی مەڕەکانی لە لەوەڕگا چوونەتە دەرەوە و ڕێگای بیابانیان گرتۆتە بەر، سەرەڕای ئەوەش کە سەگەکان دەوەڕن، ئەو گیانلەبەرانە لەبیابانەوە نەدەگەڕانەوە بۆ لەوەڕگا.

پاش چەند ساتێك سەگەکەش لەوەڕین کەوت و بە دووای مەڕەکان کەوت. مووسا بانگی سەگەکەی کرد، سەگەکەی رووی وەرگێڕاو تەماشایەکی مووسای کرد و دیسانەوە بە دووای مەڕەکان کەوت.



ئانێك مووسا حاڵەکەی بەم ئاوایە دی، ناچار بوو بکەوێتە ڕێ و خۆی بگەیەنێتە مێگەلە مەڕەکە و بیانگێڕێتەوە بۆ لەوەڕگا. بەڵام مەڕەکان ئەوەندە خێرا دەرۆیشتن کە مووسا نەیدەتوانی خۆی بگەیەنێتە ئەو گیانلەبەرانە و سەری سووڕمابوو کە چۆن ئەو ئاژەڵانە بەو خێراییە ڕێگا دەبڕن لە حاڵێکدا کە جووڵانەوەی مەڕ لەسەرخۆیە.

پاش ماوەیەك کە مووسا بە خێرایی، بەدووا مەڕەکانیدا ڕۆیشت و غاری دا، گیانلەبەرەکان لەبەر چاوان ون بوون، چونکە جووڵانی ئەوان بەڕادەیەك خێرا بوو کە کەوتبوونە ئەو دیوی ئاسۆ و ئیدی مووسا مەڕەکانی نەدی. لەو دەمەدا هەستی کرد کە هەوا تاریك بوو، بەڵام نەك وەك ئەوەی کەشەو داهاتبێ، بەڵکو جۆرە گەردو خۆڵێك بەری خۆی گرت و بەربەستی لەوە کرد کەتیشکی خۆر بگاتە زەوی.

مووسا جارێك لە ئاسمان و جارێك لە دەوروبەری خۆی دەڕوانی. لەناکاو خەرمانەیەکی ئاگر لە بیابان وە دەرکەوت. مووسا نەیدەتوانی تێبگا کە ئەو خەرمانی ئاگرە چۆن پەیدا بووە و سەرەڕای ئەوەش کە ئەو خەرمانی ئاگرە زۆر گەرم بوو، دیقەتی دا دەیەوێ بەرەو رووی ئەو ئاگرە بچێ.

وێرای ئەوەی کە ئاگر گیانی لە بەردا نییە، مووسا وای وێنا دەکرد کە ئەو ئاگرە گیانی لە بەردایە و سەرەڕای ئەوەی کە ئاگر سوتێنەرە و دوژمنی بەدەنی ئادەمیزادە، مووسا حەزی دەکرد کەبەو ئاگرە بسوتێ. هەر بۆیە بەرەو رووی ئاگرەکە چوو. بەڵام بە هۆی مەشخەڵی ئاگرە کەوە نەیتوانی لێی نزیك بکەوێتەوە و لە لەشی خۆیدا هەستی بە سووتان کرد و لەهەمان کاتدا دەنگێك لەناو ئاگرەکەوە کەوتە بەر گوێی کە گوتی: ئەی مووسا، ناوی کوڕەکەی خۆت بنێ (بەندەی یاهوو) و (یاهوو) خوای تۆ و هەمووانە.

مووسا گوتی: ئەی خوای من، کە ئێستا گوێم لە دەنگتە، خۆت پیشانی من بدە تا بتبینم و بتوانم بە کەسانیتر بڵێم کە خوای من و ئەوان چۆنە. (یاهوو) وەڵامیدایەوە: ئەی مووسا تۆ من نابینی چونکە هیچ چاوێك توانای بینینی منی نییە . بەڵام دەتوانی گوێت لە دەنگم بێ و بەرێگەی بیستن و ئاخاوتن پەیوەندیم لەگەڵ دا بگری.

مووسا گوتی: ئەی یاهوو، ئەی خوای من، لە چ کاتێکدا دەتوانم دووبارە گوێم لە دەنگی تۆ بێتەوە؟

یاهوو وەڵامیدایەوە: هەر کاتێك بتەوێ گوێت لە دەنگی من بێ، دەبێ بێیتە ئێرە و تۆ چاوی خۆت بکەوە و ئێرەت بە باشی لە یادبێ.

پاش ئەم گوتەیە ئاگرەکە خامۆش بوو و ئەو گەردوخۆڵەی کە پێش رووناکی خۆری گرتبوو، لاچوو. مووسا چاوێکی بە دەوروبەری خۆیدا روانی و بینی ئەوێ داوێنی کێوی سینایەو ئەو جێیەی لەبیری خۆیدا بە باشی نیشانە کرد تا بتوانێ رۆژێکی تریش بێتەوە بۆ ئەوێ.

مووسا ماوەیەك لەو جێیە ڕاوەستا و چاوی بەدەوروبەری خۆیدا گێڕاو جارێك بە دەنگی بەرز بانگی (یاهوو) ی کرد بەو هیوایەی کە گوێی لە دەنگی خوا بێت. بەڵام ئیتر گوێی لە دەنگی خوا نەبوو و لە داوێنی کێوی سینا گەڕایەوە. لە ناکاو وەبیری هاتەوە کە مێگەلەکەی لە چاو ون بووە. بەڵام هەر لەو دەمەدا کە کەوتە بیری مێگەلە مەڕەکەی، گوێی لە دەنگی سەگی مێگەلەکەی بوو و هەستی لە دەنگدانەوەی ئەو دەنگە راگرت و هێنایەوە بەر چاوی و بینی کە سەگەکەی، بەدەم عەوە عەوی خۆیەوە، مێگەلەکە بەرەو لەوەڕگا رێنوێنی دەکا. جووڵانەوەی مێگەلی مەڕ بە جۆرێك لەسەرخۆ بوو کە مووسا، بەزوویی توانی خۆی بگەیەنێتە مێگەلەکەی و لەگەڵ مەڕەکاندا گەڕایەوە بۆ لەوەڕگا. هەمان شەو، پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بە سەفورەی ژنی گوت کەناوی ساواکەیان دەنێ (بەندەی یاهوو).

سەفورە پرسی: یاهوو کێیە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: یاهوو خوای من و هەمووانە.

سەفورە پرسی: ئایا تۆ ئەوت دیتووە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نا، بەڵام ئەمڕۆ گوێم لە دەنگی بوو. پێش ئەوەش جارێکی دیکە گوێم لە دەنگی ببوو. خودی خۆی، ئەمڕۆ پێی گوتم کە ناوی کورەکەم بنێم (بەندەی یاهوو)

ژنەکەی پرسی: نیشانەی خوای تۆ چییە تا لەسەر بەدەنی کوڕەکە خاڵکوتی بکەم؟

مووسا وەڵامیدایەوە: خوای من نیشانەی نییە، بەڵام ناوی هەیە و دەتوانی ناوی (یاهوو) بنووسی.

سەفورە گوتی: کە وابوو تۆ ناوی وی لەسەر بەدەنی کوڕەکە بنووسە تا منیش خاڵکوتی بکەم.

مووسا وەڵامیدایەوە: من ئەو کارە ناکەم.

ژنە بە حەپەساویی پرسی: ئێستا کە کوڕەکەمان بۆتە خاوەن ناو، لەبەر چی ناوی خوای ئەو نانووسی تا منیش خاڵکوتی بکەم؟

مووسا گوتی: ئەمە نەریتی خەڵکی میدیانە کە ناوی خوایان لەسەر بەدەنی منداڵ خاڵکوت دەکەن. من وا وێنا ناکەم کە یاهوو بەوە رازی بێت ناوی وی لەسەر بەدەنی منداڵ بنووسرێ و خاڵکوت بکرێ. من سبەی لەبارەی ئەمەوە پرسیار لە یاهوو دەکەم، ئەگەر مۆڵەتی



دا ناوی وی لەسەر بەدەنی منداڵ بنووسرێ و خاڵکوت بکرێ. من ناوی وی (بەندەی یاهوو) دەنووسم، تا تۆ بتوانی خاڵکوتی بکەی.

سەفورە گوتی: سبەی کاتێك لەگەڵ خوای خۆت قسە دەکەی، داوای لێبکە کە کوڕەکەمان لە نەخۆشی و دەردی قۆناغی منداڵی بپارێزێ و لە مردن بە دووربێ تا گەورە دەبێ.

رۆژی داهاتوو مووسا رێگای مێرگەکەی گرتە بەر تا لە لەوەڕگاوە بچێتە کێوی سینا و لە بارەی هەردوو بابەتی ناو براوەوە لەگەڵ خوا قسە بکا.

کاتێك مووسا گەیشتە داوێنی کێوی سینا، دەمی نیوەڕۆ بوو و هاواری کرد: ئەی خوای من، ئەی یاهوو، ئایا گوێت لەدەنگی منە؟ بەڵام جگە لە دەنگدانەوەی دەنگی خۆی لە کێوەکە، وەڵامێکی نەبیست.

مووسا، سەرەڕای ئەوەی کە دەنگدانەوەی دەنگی خۆی دەناسی، دەیزانی کەدەنگی خوا، لە رینەوەیەکی دیکەی هەیە و جۆرە دەنگێکە کە لە هیچ کام لە دەنگەکانی دیکەی دنیا ناچێ و لە هەمان کاتدا ئەوەندە دەنگێکی خۆشەویستە کە گوێی هۆشی مرۆڤ لە بیستنی ئەو دەنگە تێر نابێ. بەو پێیە مووسا، دەنگدانەوەی دەنگی خۆی لەگەڵ دەنگی خوادا لێ تێك نەچوو.

ئەو رۆژە مووسا، لە داوێنی کێوی سینا، ماوەیەك بانگی خوای کرد، بەڵام وەڵامێکی لە یاهوو نەبیست و گەڕایەوە و بەسەفورەی گوت: ئەمڕۆ نەمتوانی گوێم لەدەنگی یاهوو بێت.

لە رۆژانی داهاتووشدا، مووسا، نەیتوانی گوێی لەو دەنگە بێت کەلەناو ئاگرەکەوە قسەی لەگەڵدا دەکرد. ئەو، هەرجارێك کە دەگەڕایەوە بۆ ماڵێ ژنەکەی لێی دەپرسی: ئایا گوێت لە دەنگی خوای خۆت بوو؟ مووسا وەڵامی نەرێنی دەدایەوە.

رۆژانی یەکەم کە مووسا بۆ لەوەڕاندنی مێگەلی مەڕ دەچووە بیابان، هباب، ژن براکەی زۆر شتی فێری ئەو دەکرد چونکە نە مووسا بە شوانێکی راستەقینە دادەنراو نە نوونی غولامی وی.

هباب، چەند جێگایەکی بە مووسا نیشان دا کە مێرگ نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەوێ، گیاو گۆڵی بۆ لەوەڕی مەڕەکان لێ بەدەست دەکەوت، هەروەها کۆمەڵە گیایەکی پیشانی وی دا کە لەکاتی گەردەلوولی لمدا، دەتوانرێ مەڕەکانی بۆ ببرێ تا لەزیانی زریانەکە لە ئاماندا بن. هەروەها تێیگەیاند کە دەنگە جۆربەجۆرەکانی مەڕەکان چ مانایەکیان هەیە و مووسا تێگەیشت کە باعە باعی ئەو گیانلەبەرە لە کاتێکدایە کە تینوویەتی یاخود خۆی بەتەنیا دەبینێ.

شتی تریش کە هباب فێری مووسای کرد ئەوەبوو کە کاتێك مەڕ لە بیابان دەزێ، ئەو دەبێ چ بکا و چۆن بەرخۆلەی تازەزاو دەگەیەنێتە ماڵەوە.

مووسا هەروەکو قوتابییەك کەلای مامۆستا، زانین فێردەبێ، هەرچی هباب پێی دەگوت فێری دەبوو و لەبەری دەکرد.

هباب مووسای فێرکرد کە تاقەتی مەڕەکان لەبەرامبەر تینوێتیدا یەکسان نییە. ئەوان لەم ڕووەوە هەروەکو مرۆڤەکان وان و هێندێك لە تاکەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر تینویتیدا، لە کەسانی تر زیاتر بەرگە دەگرن. هەر بۆیە لەوانەیە لە مێگەلێکدا، هێندێك لە مەڕەکان زووتر لە مەڕەکانی دیکە و زیاتر لەوانی دیکە تینوویان ببێت و دەبێ ئەوانە ئاویان بدرێتێ.

ڕۆژێك مووسا بینی مەڕێك لە مێگەل جیا بۆوە و دەستی کرد بەڕاکردن و تەنانەت گوێی بە عەوەعەوی سەگی مێگەلەکەش نەدا.

مووسا بەدوای ئەو مەڕەدا غاری دا و پاش ئەوەی ماوەیەك ڕێگای بڕی، بینی مەڕەکە ڕاوەستا و لاسکی گیایەك دەجوێ کە هباب دەیگوت بڕێك ئاو لە لاسکەکانیدا هەڵدەگرێ. مووسا تێگەیشت ئەو گیانلەبەرە تینوویەتی، چەمایەوە و مەڕەکەی هەڵگرت و خستییە سەرشانی خۆی و گەڕایەوە بۆ سەر مێرگەکە و سەگەکەی لە پاسی مێگەل دانا، و مەڕەکەی بردە جێگایەك کە ئاوی لێبوو لەوێ تێر ئاوی کردو گەڕایەوە.

کاتێك لەبارەی ژیانی مووساوە توێژینەوە دەکرێ، هێندێك کەس ئەو بە یاسا دانەرێکی گەورە دەناسێنن، هێندێك دەڵێن پیاوێکی گەورەی جەنگیی بووە. بەدەگمەن واڕێك کەوتووە لە بارەی گۆڕانی ژینگە و ڕێبازی مووسا بیربکەنەوە و بپرسن کە ئاخۆ بەهۆی چییەوە بوو پیاوێك کە شازادەیەکی میسری بوو و بە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی سووپای میسر دەژمێردرا، لە شەڕەکانی کۆشدا بەشداری کرد، بەشی هەرەزۆری ژیانی خۆی لە کۆشکی پاشایەتی میسر، یان لە ماڵی خۆی کە لە پایتەختی میسر بوو، بەسەر برد، بوو بە شوان و کەوتە سەرکاری مەڕ لەوەڕاندن و لە ناوچەیەکی وەکو میدیان نیشتەجێ بوو.

بێ هیچ گومانێك، هاوسەرگیریی مووسا لەگەڵ سەفورە، کاریگەریی لەسەر نیشتەجێ بوونی وی لەناوچەی میدیان هەبووە، بەڵام پاش ئەوەی لەگەڵ سەفورەدا زەماوەندی کرد چۆن دەیتوانی دیسان لە ناوچەی میدیان نیشتەجێ ببێ و مەڕداری بکا؟

چۆن شازادەیەکی میسری و پیاوێکی چەکدار کە خووی بە فەرمانداییەوە گرتبوو و هەمووان لە بەرامبەریدا سەریان بە خاکەوە دەنا و بۆ وی، زێڕ هەروەکو خۆڵ وابوو، چۆن توانی چاو پۆشی لە دەسەڵات و فەرمانداییی خۆی بکا و مۆڵك و مەزراو مەعدەنگەلێکی میراتی کە



دایکی لە میسر دابوویەی، بە جێ هێشت و لە کونجێکی بیابان، لەگەڵ خەڵکێك کە لە رووی ئاستی فیکرەوە زۆر لەو نزمترن و بەڵکو لە غولامەکەشی نزمتر بوون، بژی؟

چۆن ئەو شازادە میسرییە، کە قوماشی کەتانی میسری (کە وەکو ئاوریشمی ئەمڕۆ نەرم و ناسك بوو) لەبەر دەکرد، توانی لە بیابان قوماشی زبری دانیشتووانی ئەو ناوچەیە کەلە خوری دەچنرا لەبەر بکا؟

چ گۆڕانێکی گەورە لە مەعنەویاتی ئەو پیاوە باڵابەرز و چوارشانەو بە هێزەدا هاتە ئارا کە وای لێبکا چاو پۆشی لەسامان و دەسەڵات و ناوەندی شارستانێتی بکا و بچێ لە بیابان بژی و لە ڕێگای پەروەردە کردنی مەڕوماڵاتەوە ژیانی خۆی و خێزانەکەی دابین بکا.

تێگەیشتن لەو گۆڕانەی لە مەعنەویاتی مووسا دا هاتە ئارا، بۆ ئێمە کەلەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەژین، کێشەیە.

پەیبردنی ئێمە ناتوانێ ئەوە قبوڵ بکا پیاوێك، شازادەیی و دەسەڵات و سامانی خۆی بەجێبێڵێ و لە ناوچەیەك دابنیشێ کە خەڵکی بیاباننشین تێیدا دەژیان.

گەرچی مووسا لە ترسی گیانی خۆی لە میسر چووە دەرەوە، بەڵام دەیتوانی بە جۆرێك وەڵامی پاشای میسر بداتەوە کە ناچار نەبێ لە ترسی گیانی خۆی لە میسر بچێتە دەرەوە. ئەگەر مووسا کەمێك لەگەڵ پاشای میسر دا، نەرم و نیانی بکردبایە، ناچار نەدەبوو لە میسر بڕوا و لە میدیان مەڕداری بکا.

بینینی بەدبەختییەکانی ڕۆڵەکانی ئیبراهیم لە میسر، یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی گۆڕانی مەعنەویاتی مووسا، بەڵام ئەو پیاوە کە هەموو تەمەنی، بە دەسەڵات و فەرماندەیی، لە نیعمەتدا ژیابوو، چۆن توانی نەریت و خووی خۆی بگۆڕێ و چاو پۆشی لە سامانی مەزنی خۆی لە میسر بکاو ببێتە کە سێکی بیابان نشین؟

کە سانێك هەن کە لە ترۆپکی سەرفرازییەوە، دەکەونە نێو زەلکاوی سەرشۆرییەوە وناچار نەریتی ژیانی خۆیان دەگۆڕن چونکە ناتوانن چیتر وەکو رابردوو بژین، بەڵام ئەم گۆڕانی نەریتە، وەکو گۆڕانی نەریتی پیاوێك کە دەکەوێتە زیندانەوە، ناچارییە و لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ دایە. بەڵام مووسا، خۆی سەرپشك بوو و دەیتوانی هەر لە میسر بژی و لە دەسەڵاتی فەرماندەیی و سامانی زۆرو زەوەندەی خۆی بەهرەمەند بێت.

راهاتنی مووسا لەگەڵ ژیانی بیابان نشینی و مەڕداریی و بڕینی پەیوەندی لەگەڵ رابردوو و بەتایبەتیش بە سامانێکەوە کە لە میسر هەیبوو، شتێکە کە بۆ ئێمە شیاوی لێ تێگەیشتن

نییە. بەڵام لە دنیادا هاوتای مووسا هەن کە لە ترۆپکی دەسەڵات و سامان دا چاو پۆشییان لە هەموو شتێك کردو لە گۆشەیەکدا ژیانیان بردە سەر. ئەمە لە حاڵێکدا کە کەس ئەوانی ناچار نەکرد کە واز لە دەسەڵات و سامانی خۆیان بهێنن و ئەوان دەیانتوانی تا دوایی تەمەنیان بە سەرفرازیی و ئەوەی کە خەڵك پێی دەڵێن کامەرانی، بژین.

یەکێك لەوانە ئەیوب بوو کەلەوپەڕی سامان و هەرەتی دەسەڵات دا ژیانی خۆی واز لێهێناو لە خێزان و خزمانی خۆی دوور کەوتەوە و رۆیشت و لەوێرانەیەکد دەژیاو لەوێ گێرۆدەی نەخۆشی و دەرد هات و رەنجێکی دووروو درێژی دەچێشت.

مووسا، کاتێك کە ژیانی ئاسوودەی خۆی لە پاشای میسر بە جێهێشت و رێگای بیابانی گرتە بەر، لاو بوو و مرۆڤ لە قۆناغی لاوییدا، پتر دەتوانێ بەرگەی دژوارییەکان بگرێ وەك لە قۆناغی پیری.

مووساش بە ناچاری، دووچاری هەمان شۆرشی روحی بوو کە پیاوانی دیکەی خوای والێکرد کە دەست لەهەموو شتێك هەڵبگرن و ڕێگای بیابان بگرنە بەر یان کونجێکی پەناگیر بۆ خۆیان هەڵبژێرن.

بێگومان هەمان شۆرش، بووە هۆکاری ئەوەی کە مووسا لە نیشتیمانی خۆی، میسر، کۆچ بکاو چاوپۆشی لە سامانی بێ هەژماری میراتیی بکاو رێگای بیابان بگرێتە بەر و لەسەر زەوی بخەوێ یان لەسەر لبادێکی زبر پشوو بدا.

مووسا، لە کۆشکی گەورەی فیرعەون لە میسر، بە ئەگەرێکی زۆرەوە، هەستی بە ئاسوودەیی و ئارامی نەدەکرد. ئەو، لەوێ، وەکو بەندییەك، خۆی لە تەنگژەدا دەبینی و وای هەست دەکرد کە ناتوانێ بە ئاسوودەیی هەناسە بدا ئەو دەبێ بچێتە جێگایەك کە لە قەڵەمڕەو و بازنەی دەسەڵاتی پاشای میسر و لە شکۆ و مەزنایەتی رووکەشانەی دەرباری فیرعەون دوور بێ.

مووسا، بە جۆرێك نەفرەتی لە میسر دەهاتەوە کە کاتێك لەو وڵاتە چووە دەرەوە و لە بیابانی سینا دەستی بە ڕێکردن کرد، هیچ کام لە گرفتارییەکانی سەفەر، ئەوی نارەحەت نەکرد.

دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بەدەنی بە هێزی مووسا، خزمەتی ئەو لە نێو سووپای میسردا، بەرگە گرتنی دژواری و گرفتارییەکانی سەفەر بەرەو کۆش، ئەوی بۆ ڕێپێوان و بە بیابان گەڕاندا، ئامادەکرد بوو.



لە پاشاندا مووسا، لە ناوچەی میدیان، بەو کەرەسەو پێداویستییەی کە شوانان هەیانبوو، بە ژیانی بیابان، راهات. کاتێك کە بە لبادێکی زبرەوە، لەسەر خاکی مێرگەکە دەخەوت، بە جۆرێك خەو دەیبردەوە کە هەر دەتگوت لەسەر نوێنێکی کەتانی میسری خەوی لێکەوتووە.

مووسا خووی بەوەوە گرت کە لەدەرەوەی ماڵەوە، جگە لە پەستەکی لباد و وەکازەکەی خۆی، شتێکی دیکەی نەبێ.

ئەو راهات کە لەکاتی برسێتیدا، شیری مەڕی مێگەلەکەی بخواتەوە و ئەگەر شیریش بە دەست نەکەوت، بە شیرەی جۆرە گیایەکی بیابان لە بابەتی (گەسکەس)، خۆی تێر بکا.

مووسا راهات کە لەکاتی چوونە دەرەوە لەماڵەوە، توێشووی رێگا لەگەڵ خۆیدا نەباو، بەو شتانەی کە لەبیابان دەستی دەکەوێ، خۆی تێر بکا.

مووسا لەسەر ئەوە راهات کە شەوان لە بیابان، چێژ لە تەماشاکردنی ئەستێرەکانی ئاسمان وەربگرێ، و ماوەی چەند کاتژمێرێك چاو لە ئەستێرەکانەوە ببڕێ و بیر بکاتەوە بێ ئەوەی کە ماندوو ببێ.

مووسا لە بارەی ئەستێرەکانەوە، جگە لەوەی کە لای مامۆستایانی میسر فێری ببوو، زیاتری نەدەزانی. بەڵام لەبەر ئەوەی وەکو میسرییەکان خورافە پەرست نەبوو، ئەستێرەکانی بە خوا نەدەزانی و هەستی دەکرد کە ئەستێرەکان کلیلی نهێنییەکانی بوونەوەرانن، ئەگەر کەسێك بتوانێ پەی بەنهێنی ئەستێرەکان ببا، دەتوانێ پەی بە یەکێك لە نهێنییەکان گەورەکانی جیهان ببا.

مووسا لە شەوانی بیابان، جار جاریش لە رۆژانی بیابان، چەند دەنگێکی گوێ لێدەبوو، بەڵام نەك لەدەرەوە، بەڵکو لە نێو خودی خۆیدا ئەو دەنگانەی گوێ لێدەبوو، وەکو ئەوەی کە شەوان، ئە ستێرەو مانگ وکێوی گەورەی سینا، کە مووسا لە دوورەوە دەیبینی، تەنانەت لەو شەوانەدا کە مانگ بەدەرەوە نەبوو، رەشایی کێوەکەی تەماشا دەکرد، کۆمەڵە دەنگێك هەڵدەستێ کە دەڵێ من (یاهوو)م من خوام.

مووسا لە کاتی رۆژیش دا، هەمان ئەو دەنگەی لە خۆر و زەوی و کێو و درەختەکانەوە دەبیست و کاتێك کە ئەو دەنگەی دەکەوتە بەر گوێ، تێدەگەیشت کە ئەو دەنگە دەنگی خۆر و زەوی و کێو و درەختەکان نییە، بەڵکو دەنگی ئەوەیە کە خۆر و زەوی و کێو و درەخت و شتەکانی تری هێناویەتە ئاراوە. ئەوەی کە دەڵێ من (یاهوو) م و هەرچی شتێکی کە بوونی هەیە تیشکدەرەوەی دەنگی خوایە.

ئەگەر مووسا لە پایتەختی میسر بژیایە، نەیدەتوانی، ئەو دەنگانە، لە نێو خودی خۆیدا ببیستێ، چونکە لە شارێکی گەورەی وەکو پاشای میسر، بیری مرۆڤ هەمیشە پەرێشان و پەرت و بڵاوە و پێداویستییەکانی ژیانی شارنشینی، بەربەستی ئەوەیە کە مرۆڤ بە جۆرێکی هەمیشەیی بتوانێ بیری خۆی لەسەر بابەتێك، کە پەیوەندی بە ژیانی مادییەوە نەبێ، چڕ بکاتەوە. بەڵام بیری پیاوێکی خاوەن بیر، لە تەنیایی بیاباندا، پەرت و بڵاو نابێ و پێداویستییەکانی ژیانی بیابان، هەر ساتە ئەو ناخاتە سەر جۆرە خەیاڵێك و دەتوانێ، نەك هەر تەنیا ڕۆژان و مانگان، بەڵکو ساڵەهایەك، بیری خۆی لەسەر یەك مەسەلەی تایبەت لە بارەی ئەو دیوی ژیانی مادی خۆیەوە، چڕ بکاتەوە.

مووسا بێ هیچ جۆرە پەرت و بڵاوییەك لە بیرو هەستی خۆی، لە بیابان، بیری خۆی لەسەر ئەو دەنگانەی کە لە بوونەوەرەکانی جیهانەوە گوێی لێ دەبوو، هەستی دەکرد کە مانگ و ئەستێرە و خۆر و کێوەکان و زەوی و درەختەکان قسە لەگەڵ ویدا دەکەن.

بە لێڕوانینی مووسا، بۆ سەلماندنی بوونی یاهوو (خوا) هیچ بەڵگەیەك لەوە بەهێزتر نەبوو کە تەواوی بوونەوەرەکانی دنیا، تەنانەت درەختەکان و گیاکان کە دروستکراوی (یاهوو)ن، لەگەڵ ئەودا قسە دەکەن. بەڵام ئەو نەیدەتوانی ئەم بابەتە، کە بەلای ئەوەوە واقیعییەتێکی بێ چەندو چوون بوو، بۆ کە سانیتر بسەلمێنێ.

ڕۆژێك کە لەگەڵ هبابی ژن برای خۆیدا لەبیابان بوو لەناکاو بەوی گوت: گوێ بگرە.

ئەولاوە پرسی: گوێ لەچی بگرم؟

مووسا گوتی: گوێ بگرە و ببیسە کە کێو و گرد و درەخت و بنچکە گیاکان، دەڵێن چی

هباب گوێی ڕاگرت و گوتی: من هیچ نابیستم تەنیا کاتێك کە سروە با بە پەنا گوێمدا تێدەپەڕێ، دەنگی تێپەڕینەکەی دەبیستم.

مووسا گوتی: ئایا تۆ دەنگی درەختەکان نابیستی؟

هباب گوتی: بۆ چی؟ کاتێك سروەی با گەڵا و لقی درەختەکان دە جووڵێنێ دەنگێکی لێوە دەبیسترێ.

مووسا گوتی: ئەو دەنگە نالێم، ئایا تۆ گوێت لەوە نییە کە درەخت دەڵێ کە من (یاهوو) مووسا و پەروەردگاری تۆم؟

هباب گوتی: ئەوەی تۆ دەیڵێی من لە درەختەکەوە گوێم لێ نییە.



ڕۆژێکیش کە هاوسەری مووسا لەگەڵ مێردەکەی لە بیابان بوو، مووسا، هەمان پرسیاری لەویش کرد و پرسی کە ئایا دەنگی کێو و گرد و درەختەکان نابیستی؟

ئەو ژنە گوتی نەخێر. لەبەر ئەوەش کە ڕۆژی پێشتر لە براکەی خۆی بیستبوو کە مووسا شتی سەیر دەڵێ، بیری کردەوە بەڵام نەترسا.

ئەگەر ئەمڕۆ ئەو ڕووداوە لە نێو خێزانێکدا ڕوویدات و سەرۆکی خێزانەکە بڵێ کە من لە کێو و گرد و درەخت و شتەکانی دیکەوە هێندێك شتم گوێ لێیە، ژن و منداڵەکانی ئەو پیاوە وا وێنا دەکەن کە ئەو پیاوە شێت بووە، بەڵام لەو سەردەمەدا کە هەموو خەڵك لە ناوچەی میدیان، خورافە پەرست بوون و باوەڕیان بە جادووگەران هەبوو، وایان وێنا دەکرد کە جادووگەر دەتوانێ موجیزە پیشان بدا، ئەو پیاوەیان بە شێت نەدەزانی، بەڵکو بە جادووگەرێکی لەڕادەی ئاسایی بە سەرەوەیان دەزانی کە دەتوانێ بە زمانی کێو و گرد و درەخت و گیاکان، لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەدا قسە بکا.

بەر فراوانی و نفوزی جادووگەریی، خەڵکی بەجۆرێك بۆ شتگەلی سەیرو سەمەرە ئامادە کردبوو کە ئاخاوتنی کێو و گردو دارو درەختیان لەگەڵ جادووگەراندا، قبوڵ دەکرد.

دەنگۆی ئاخاوتنی کێو و زەوی و دارو درەخت وشتەکانی تر لەگەڵ مووسا، لە پێگەی ئەوی کەم نەکردەوە، بە پێچەوانەوە بووە هۆکاری زیادبوونی دەسترۆیشتوویی پێگەی ئەو. دانیشتووانی میدیان کەبەر لەو مێژووە، مووسایان لە مرۆڤی ئاسایی بە باڵاتر دەزانی، لەوەو دوا وایان بیرکردەوە کە ڕەنگ بێ لە خوایان بێ.

لەو کاتەی کە کێو و درەخت و شتەکانی دیکە لەگەڵ مووسادا قسەیان دەکرد، ئەو، لەهەمبەر ماڵەکەی خۆی ئەو هۆگرییەی کەم ببۆوە و زوربەی کات لە بیابان بوو و جاری واهەبوو سێ شەو و ڕۆژ لە بیابان دەمایەوە بێ ئەوەی کە بۆ نان خواردن و حەسانەوە بێتەوە بۆ ماڵێ.

ڕۆژێك کە مووسا پاش سێ شەو و ڕۆژ گەڕایەوە بۆ ماڵێ، سەفورە بینی مێردەکەی بێتاقەتە لێی پرسی: دەتەوێ نانت بۆ بێنم؟

مووسا گوتی: برسیم نییە.

سەفورە گوتی: ئەگەر ماندووی بنوو.

مووسا وەڵامیدایەوە: لە بیابان نوستووم.

سەفورە پرسی: تۆ کە برسێت نییە و خەوت نایە دەبێ نە خۆش کەوتبی کە ئاوا بێتاقەت دێیە بەر چاو؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نەخۆشیش نیم.

سەفورە پرسی: ئەی چیتە؟

مووسا گوتی: لە درەختەکانەوە شتێکم گوێ لێبوو کە غەمباری کردم.

سەفورە ویستی تێبگا کە مێردەکەی چی لە درەختەوە گوێ لێبووە، مووسا گوتی: ئەمڕۆ لە بیابان، لە درەختەکانەوە گوێم لێبوو کە بەمنیان دەگوت ئەی مووسا، تۆ براکانی خۆت کە لە میسر کۆیلەن لەبیر چۆتەوە. لە حاڵێکدا کە من ئەوانم لەبیرنەکردووە و هەرگیز لە بیری ئەوان غافڵ نەبووم، بەڵام هێشتا رێ و شوێنێکم بەدەست نەکەوتووە کە ئەوانی پێ لە کۆیلەتی رزگار بکەم.

من نامەوێ بۆ رزگار کردنی کوڕانی ئیبراهیم لە میسر، لەبەر پاشای ئەوێ بپاڕێمەوە، چونکە ئەگەر لێی بپاڕێمەوە داخوازی من قبوڵ ناکا و رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی کۆیلەکانی ئیسرائیل نادا. چونکە ئەو، بۆ دروست کردنی تەلارەکانی سوود لەو کۆیلانە وەردەگرێ، ئەگەر ئەوان ئازاد بکا، ناچار دەبێ کرێکار بەکرێ بگرێ و مز بداتە کرێکارەکان.

من دەمەوێ رۆژێك بۆ رزگاری برایان و خوشکانی خۆم لە میسر هەنگاو بنێم کە بزانم لەو هەنگاونانەی خۆم ئەنجامێکی ئەرێنی بەدەست دێنم. ئینجا ئەو رۆژە بەرەو میسر دەکەومە رێ.

سەفورە پرسی: منیش لەگەڵ خۆت بەرە چونکە من ناتوانم دوور لە تۆ لێرە بژیم.

مووسا گوتی: ئەو رۆژەی دەچمە میسر ناتوانم تۆ لەگەڵ خۆمدا بەرم.

سەفورە پرسی: بۆچی؟

مووسا گوتی: چونکە لەوانەیە لە میسر، لە نێوان ئێمە، کە لەقەومی ئیسرائیلین و پاشای میسردا جەنگ بەرپا ببێ، ئەگەر تۆ بەرمە میسر، لەوانەیە لەوێ بکوژرێی یان تۆ ئەسیر بکەن و بتکەنە کەنیزە.

سەفورە گوتی: ئەگەر من لە پەنای تۆ بکوژرێم بەلامەوە باشترە وەك لەوەی زیندوو بمێنم و لە تۆ دوور بم. لەگەڵ خۆت بمبە.

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی ئێستاکە نازانم چ کاتێك بەرەو میسر دەڕۆم ناتوانم پێت بڵێم لەگەڵ خۆم دەتبەم یان نا.



چەند رۆژێك دوای ئەو رووداوە، سەفورە کوڕێکی دیکەی بوو. مووسا کە کوڕی یەکەمی ناونا (بەندەی یاهوو) ، کوڕی دووەمی ناونا (گەرشوم). زانایانی ئەمڕۆ وشەی (گەرشوم) یان بەچەند مانایەك لێکداوەتەوە، بەڵام ئەم مانایانە لە یەکەوە نزیکن و بەو جۆرە مانا دەدا کە (خاوەن ناو لێرە بێگانەیە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی).

گومانی نییە کە ئەو ناوەی مووسا بۆ کوڕەکەی خۆی هەڵبژارد، لە بیرکردنەوەی مووسا لە بارەی کۆیلەکانی ئیسرائیل لە میسر، سەرچاوەی گرتبوو.

ئەو، دوای ئەوەی گوێی لە دەنگی درەخت بوو کە پێی گوت تۆ براکانی خۆت لە میسر لەبیرکردووە، تێگەیشت کە ئەو دەبێ لە میدیان بڕوا و بە براکانی خۆی، واتە بەقەومی ئیسرائیلەوە پەیوەست بێت. دەبێ ئەوان لە میسر بێنێتە دەرێ و بیانگەیەنێتە کەنعان، جێگای ئەو و کوڕەکانی کەنعانە نەك میدیان.

ئەوەبوو کە ناوی کوڕەکەی دووەمی ناونا (گەرشوم) مانای کەسێك کە دەبێ لە سەر زەوینی بێگانە بڕوا و لە نیشتیمانی خۆی بژی.

رۆژێك، دەمی خۆرئاوا بوون کە مووسا لە بیابان گەڕا بۆوە بینی پیرەمێردێکی کوێر لە ماڵی ئەوە.

سەفورە کاتێك مێردەکەی خۆی بینی گوتی: ئەم پیرەمێردە دەڵێ پاش ئەوەی کە هاتۆتە نێو ئاوایی، بیستوویەتی پیاوێك لە قەومی ئیسرائیل بەناوی مووسا لێرە و ئەو پیاوێکی بەهێز و خاوەن نفوزە و دەیەوێ چاوی پێبکەوێ تا بۆ گوزەرانی ژیانی یارمەتی بدا.

مووسا لەنیگای یەکەمەوە تێگەیشت کە ئەو پیرەمێردە لە نەژادی ئیسرائیلە و لەو کەسانەیە کە لە ناوچەی کۆش لە میسربوون. مووسا لێی پرسی: ئەی پیاوی بە ساڵدا چوو، ئایا تۆ لە کۆیلەکانی کۆش بووی؟

پیرەمێرد پرسی: ئایا تۆ مووسای؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

پیرەمێرد گوتی: من کە نابینام، لەبەر ئەوەی بیستم کە تۆ یەکێکی لە هاونەژادانی من، هاتووم داوای یارمەتیت لێبکەم تابتوانم خۆم بگەیەنمە (ئالاس) [١٩]

مووسا گوتی: بێگومان بەهۆی ئەوە ئازادیان کردی کە نابینا بووی.

---

(١٩) ئالاس: شارێك بوو لە باکووری دەریای قلزم و ئێستاش هەر بەهەمان ناو هەر لەو جێگایەیە.((ز.م))

پیرەمێرد گوتی: بەڵێ، ئەگەر چاوەکانم کوێر نەبوونایە تا ئەو رۆژەی زیندووم دەبوایە بۆ فیرعەون کە ئێستا تووشی نەخۆشی گولی بووە کاربکەم.

مووسا کە ماوەیەك بوو ئاگای لە حاڵ و باری میسر نەبوو، بە حەپەساوییەوە پرسی: ئایا پاشای میسر توشی نەخۆشی گولی بووە؟

پیرەمێردی نابینا وەڵامیدایەوە: ئا، جۆرێك لە نەخۆشی گولی، جیا لەو جۆرەی کە خروو دەهێنێ و گۆشتی بەدەن دەڕزێنێ.

مووسا گوتی: دەبێ نەخۆشییەکەی وی لە جۆری نەخۆشی (جرب) بێ و بەئاسانی چارەسەر دەکرێ؟

پیرەمێردی نابینا گوتی: نە خۆشییەکەی ئەو (جرب) نییە، ئەگەر (جرب) بووایە پزیشکانی میسر دەیانتوانی بە داو و دەرمانی ئاسایی چارەسەری بکەن.

مووسا گوتی: لە قسەکەی تۆڕا وا دەردەکەوێ کە پزیشکانی میسر ناتوانن چارەسەری وی بکەن.

پیاوە نابیناکە گوتی: بەڵێ وایە و من بیستم کە پزیشکەکان گوتویانە کە چارەسەری نەخۆشی فیرعەون تەنیا بە خوێنێ ساوایان دەبێ و هەموو رۆژێك دەبێ دوومنداڵ بکوژن و خوێنەکەیان لە بەدەنی فیرعەون هەڵسوون، ئەو منداڵانەش نابێ تەمەنیان لە دووساڵ زیاتر بێ.

مووسا پرسی: ئایا پاشای میسر ئەو تاوانە دەکا؟

پیرەمێردی کوێر گوتی: بەڵێ، هەموو رۆژێك دوو منداڵ کە تەمەنیان لە دوو ساڵ زیاتر نییە، لە بەرامبەر ئەودا سەر دەبڕن و خوێنەکەیان دەکەنە قاپێکی گەورەوە و ئینجا لە بەدەنی فیرعەونی هەڵدەسوون. ئەو دوو منداڵەش لەنێو منداڵەکانی ئێمە هەڵدەبژێرن و تا ئەمڕۆ، تەنانەت یەك منداڵی میسریشیان بۆ چارەسەری نەخۆشی فیرعەون نەکوشتووە. هەموو ئەو منداڵانەی کە کوژراون و دەکوژرێن لە منداڵانی ئێمەن.

مووسا بەوەحشەتەوە پرسی: ئایا منداڵانی ئێمە کە لە ڕۆڵەکانی ئیبراهیم و ئیسرائیلن، دەکوژن؟

پیاوی بەساڵدا چوو گوتی: بەڵێ ئەی مووسا، هەموو رۆژێ سەر بازانی فیرعەون چەند منداڵێکی ئێمە لە سەرزەوینی کۆش دەبەن، هەر ژنێکیش بۆ بەربەستی لە بردنی منداڵەکەی بجووڵێتەوە دەیکوژن.



مووسا بەبیستنی قسەکانی ئەو پیاوە نابینایە یەکجار غەمبار و نیگەران بوو و گوتی: ئایا تۆ یەقینی کە پاشای میسر، منداڵانی بچووك دەکوژێ تا بەخوێنی ئەوان نەخۆشییەکەی خۆی چارەسەر بکا؟

پیاوی نابینا گوتی: من بەگوێی خۆم هاواری ژنانی خزمم گوێ لێبوو کە منداڵەکانیان بەزۆر لێ دەستاندن و دەیانبردن، بەگوێی خۆم زریکەو ژاوەی منداڵانم گوێ لێبوو کە لەدایکیان جیادەبوونەوە و دوای ئەوە ئیدی دایکە کانیش منداڵەکانی خۆیان نەدەدیتەوە.

مووسا گوتی: تۆ کە چاوت نییە بەچاوی خۆت نەتدیوە کە پاشای میسر، بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی خۆی منداڵان بکوژێ. تا بەخوێنی ئەوان چارەسەری خۆی بکا.

پیرەمێرد گوتی: من لەبەر ئەوەی چاوم نییە، ئەوەم نەدیوە، بەڵام لەو سەربازانەی کەدەهاتن تا منداڵانی کەم تەمەنی ئێمە ببەن، گوێم لێبوو کە دەیانگوت بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی فیرعەون، سوود لە خوێنی ئەو منداڵانە وەردەگرن و هەموو رۆژێك بۆ ئەو مەبەستە دوو منداڵ دەکوژن.

مووسا گوتی: ئایا سەربازانی پاشای میسر، ئەوەندە بێ بەزەیی بوون کە ئەم مەسەلەیە یان بە دایکەکان دەگوت؟

پیاوی نابینا گوتی: بەڵێ، ئەوان بۆیە ئەو هەقیقەتەیان بەژنەکانی ئێمە دەگوت تا بەرتیلیان لێ وەربگرن. ئەگەر ژنێك بیتوانیبایە بەرتیل بدا، چاو پۆشییان لە گرتن و بردنی منداڵەکەی دەکرد و پێیان دەگوت کە بۆ بردنی منداڵەکەی ئەوەندە خۆیان دەوەخرێنن تا منداڵەکە تەمەنی لە دووساڵ تێدەپەڕێ. چونکە ئەوان چاوپۆشی لە بردنی ئەو منداڵانە دەکەن کە تەمەنیان لە دووساڵ تێپەڕیوە، چونکە پزیشکەکان گوتوویانە خوێنی منداڵێك کە تەمەنی لە دووساڵ تێپەڕیبێ، نە تەنیا بۆ چارەسەری نەخۆشی فیرعەون سوودی نییە بەڵکو زیانبە خشیشە.

مووسا پرسی: ئایا لەنێو ژنانی قەوم دا کەسانێك هەبوون کە بتوانن بەرتیل بدەنە سەربازانی پاشای میسر و نەهێڵن منداڵەکانیان ببەن؟

پیاوی نابینا گوتی: ژمارەیەکی کەم لە ژنەکان لە ئەنجامی تەمەنێك لە پاشەکەوت کردن کە ئەڵقەیەکی زێڕە، دەدەنە سەربازەکان تا منداڵەکانیان نەبەن. بەڵام ژمارەی ئەو ژنانە زۆر کەمە، بۆیە زیاتری ژنەکان کە هیچیان نییە بیکەنە بەرتیل، لە تازییەی منداڵی کەم تەمەنی خۆیان دادەنیشن. ئەمڕۆ سەرزەوینی کۆش یەك پارچە ماتەمگایە و زۆربەی ئەو ژنانەی کە

مندالّی وردیان هەیە، ئەو مندالاّنە یان لە دەست داوە یان لە دەستی دەدەن و هەر بۆیە قەومی ئیسرائیل لە داهاتوودا لە بەین دەچێ.

مووسا کە لەقسەی دوایی ئەو پیاوە تێ نەگەیشتبوو پرسی: لە بەرچی قەومی ئێمە لە بەین دەچێ؟

پیرەمێردی کوێر پرسی: ئایا تۆ ئاگاداریت لە بارەی نەریتی زەماوەند لە نێو کوڕانی ئیسرائیل لە سەرزەوینی کۆش هەیە یان نا؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

پیاوی نابینا گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ ئاگاداری، دەزانی کە پیاوان و ژنانی ئێمە لە سەرزەوینی کۆش، بەر لەوەی کە پیاوەکان بگەنە ساڵی کۆیلەتی زەماوەند دەکەن، چونکە پاش ئەوەی پیاوەکان دەگەنە ساڵی کۆیلەتی، ئەوان بۆ کارکردن دەبەن و ئیتر ناگەڕێنەوە، مەگەر لە قۆناغی پیریدا یان لە کاتی لە دەست دانی ئەندامێکی لەشیدا کە نەتوانێ چیتر کار بکا.

مووسا گوتی: ئەمەش دەزانم.

پیرەمێرد گوتی: ئێستا لە سەرزەوینی کۆش نە ئەو کوڕانەی کە گەیشتوونەتە ساڵی کۆیلەتی ئارەزوومەندی هاوسەرگیرین نە کچەکان. چونکە دەزانن ئەگەر زەماوەند بکەن، دەبنە خاوەن منداڵ و دوای ئەوەی دەبنە خاوەن منداڵ فیرعەون دەیانبات و دەیانکوژێ. بۆیە کوڕان و کچان ئارەزووی زەماوەند ناکەن. کوڕان بێ ئەوەی ژنیان هێنابێ و بووبنە خاوەن منداڵ دەچنە کۆیلەتی. لە ئەنجامی ئەوەدا ئیتر لە سەرزەوینی کۆش نەوەیەکی نوێ لە دایك نابێ. ئەوانەی ئەمڕۆش هەن وردە وردە پیردەبن و دەمرن و نەژادی ئێمە بە تەواوی دەبڕێتەوە.

مووسا نەیویست قسەکانی ئەو پیاوە، لە بارەی کوشتنی منداڵانی کەم تەمەن بۆ دەرمانی نەخۆشی فیرعەون، بسەلمێنێ. بەڵام لە ناکاو دانوستانێکی خۆی وەبیر هاتەوە کە رۆژێك لەگەڵ ئەودا کردبووی. بینیمان ئەو رۆژە کە مووسا دەیویست داوا لە پاشای میسر بکا تا لە خستنە کاری سەد هەزار کۆیلە، بۆ جوولاندنی پایەی بەرد و بنەکەی دەست هەڵبگرێ، کە هیچ سوودێکی مادی تێدانەبوو و ئەو سەد هەزار کۆیلەیە لە کارێکدا بخاتە ئیشەوە کە سوود بەخش بێت، ئەو رۆژە پاشای میسر بەوی گوت کە لە روانینی ئەودا ژیانی کەسانیتر بێبایەخە، ئەو، بێ پەروا ئەوان دەکاتە قوربانی و گرنگ ئەوەیە کە فەرمانەکانی ئەو لە کاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێن و ئەو لە وڵاتی میسردا ژیانی خۆش بەرێتە سەر.



ئەو رۆژە، فیرعەون، چەند قسەیەکی تریشی بە مووسا گوت (کە لە بەشەکان و لاپەرەکانی پێشوودا باسیان کرا) و مووسا بەخۆی گوت کەسێك خاوەنی باوەڕێك و رێبازێکی لەمبابەتە بێ، لە کوشتنی رۆژانەی دوو منداڵ بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی خۆی باکی نییە و منداڵێش هی کێ، هی خەڵکی سەرزەوینی کۆش.

پیرەمێردی نابینا گوتی: من بیستوومە کە لە رۆژگارێکی کۆندا، یەکێك لە پاشاکانی میسر، بۆ ئەوەی کە بنیاتی تەلارەکانی مەحکەم بێ، ئێسقانی غولامەکانی، پاش ئەوەی کە دەمردن، دەشکاند و دەیکرد بە تۆز و لەگەڵ قسڵ دا تێکەڵی دەکرد و لە تەلار دروستکردندا بەکاری دەهێنا. لەو زەمەنەدا، غولامان وایان وێنا دەکرد کە ئەو پاشایەکی ستەمکارە، لە حاڵێکدا ئەمڕۆ تێدەگەین کە ئەو پاشایە بە بەراورد لەگەڵ فیرعەون، پاشایەکی دادپەروەر بووە چونکە ئەو ئێسقانی مردووەکانی دەکرد بە تۆز نەك ئێسقانی زیندووەکان. بەڵام ئەمڕۆ فیرعەون، زیندووەکان بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی خۆی دەکوژێ. بە درێژە کێشانی ئەم وەزعە تۆوی قەومی ئێمە دەبڕێتەوە و ئیتر لە نەژادی ئێمە، کەس نامێنێ.

مووسا گوتی: من وا وێنا دەکەم یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی رزگاری قەومی ئێمە لە زوڵمی فیرعەون ئەوەیە کە قەومی ئێمە بیەوێ رزگاری ببێ.

پیرەمێردی نابینا پرسی: ئایا تۆ وا بیردەکەیەوە کە قەومی ئێمە نایەوێ رزگاری ببێ، ئایا دەشێ قەومێك نەیەوێ رزگار ببێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ویستن، دەبێ شێوەی دەرەوەی هەبێ، ئەو کەسانەی کەلە قەومی ئێمەن، دەبێ بۆ رزگاری خۆیان هەنگاو هەڵێنن. ئەگەر بەویستن، هەموو کەسێك بە ئامانج بگەیشتبایە، دەبووایە هەر کۆیلەیەکی میسری وەکو پاشای میسر بووایە، چونکە کام کۆیلەیە هەیە نەیەوێ بگاتە پلەیەکی لەبابەتی پلەی پاشای میسر. یەکێك لەو هەنگاوانەی کە قەومی ئێمە پێویستە هەڵی بهێنێ ئەوەیە کە خورافە فڕیداتە لاوە و خوای یەکتا بپەرستێ.

پیرەمێردی نابینا پرسی: خوای یەکتا کێیە؟

مووسا گوتی: خوای یەکتا، خوایەکە کە نابینرێ و هاوبەش و هاوتای نییە.

پیرەمێردی کوێر گوتی: ئایا تۆ دەڵێی کە دەبێ خوایەك بپەرستین کە نابینرێ؟

مووسا گوتی: بەڵێ، ئەو رۆژەی کە قەومی ئێمە دەستی بە پەرستنی خوای نەبینراو و تاك و تەنیا کرد، دەبێتە ئامراز و هۆکاری رزگاری کوڕانی ئیبراهیم.

پیاوی بەساڵدا چوو گوتی: من لەبەر ئەوەی چاوم نییە هیچ کام لە خواکان نابینم، بەڵام وا وێنا دەکەم کە کەسانیتر قسەکانی تۆ قبوڵ بکەن و خوایەك بپەرستن کە نایبینن.

مووسا گوتی: من لە میسر بووم و دەمویست لە سەرزەوینی کۆش بەکوڕانی ئیبراهیم بڵێم کە دەبێ خوای نەبینراو و تاك و تەنیا بپەرستن و دەست لە خوایانی جۆراو جۆر هەڵبگرن. بەڵام رووداوێك هاتە پێشەوە کە بووە ڕێگری ئەوەی من لە میسر بمێنمەوە و بچمە سەرزەوینی کۆش. بەڵام ئێستا، کە قەومی ئێمە لە میسر کەوتۆتە بەر مەترسی لە ناوچوون، وابیر دەکەمەوە کە دەبێ خۆم بگەیەنمە میسر و سەرەتا دەبێ بە هاونەژادانی خۆمان بڵێم کە خوای نەبینراو و تاك و تەنیا بپەرستن دوای ئەوە بۆ رزگاری ئەوان هەنگاو هەڵبگرم.

پیاوی نابینا دوای ئەوەی ئەو قسانەی دوایی مووسای گوێ لێبوو گوتی: ئایا تۆ هەمان ئەو کەسەنی کە چەند ساڵ پێش ئێستا یەکێك لە خزمەتگوزارانی میسریت لە پەرستگایەك کوشت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: ئەو کەسەی لە لایەن منەوە کوژرا، پاسەوانێکی میسری بوو نەك خزمەتگوزاری پەرستگا، ئەو جێگەیەش کە ئەوی لێ کوژرا پەرستگا نەبوو، لەبەر ئەوەی خەریکی دروستکردنی پەرستگا بوون و بینایەکی ناتەواویش ناتوانرێ بە پەرستگا ناو بنرێ هەر چەندە بە پەرستگاش ناوی ببەن. بەڵام پاشای میسر گوتی لەبەر ئەوەی ئەو بینایە بۆ پەرستگا دروست دەکرا، بەپەرستگا حسێبە. پاسەوانەکەش بە بۆنەی ئەوەی کە لە پەرستگا خەریکی کارکردن بووە بە خزمەتگوزاری پەرستگا دەژمێردرێ!

پیاوی نابینا گوتی: ماوەیەك پاش ئەوەی کە تۆ لە میسر دەرچووی، جادووگەرێك هاتە میسر و گوتی کە تۆی لەگەڵ غولامەکەت لە بیابانی سینا دیوە و زانیویەتی کە تۆ دەتەوێ بچیتە کەنعان. ئێستاش لەمیسر بەدوای تۆدا دەگەڕێن و دەیانەوێ بتگرن و دەشڵێن تۆ جگە لە خزمەتگوزارێکی پەرستگا، چەند کەست لەو سەربازانە کەلە دەرەوەی ماڵەکەت پاسەوان بوون، کوشتووە و هەڵاتووی.

مووسا گوتی: ئەمەیان راستە و کاتێك کە من و نوون دەمانویست لە پایتەختی میسر دەرچین، ناچار بووین بۆ پاراستنی ژیانی خۆمان شەڕ بکەین و خۆمان بگەیەنینە
شەتی نیل تا بۆ سەفەری خۆمان سوود لە بەلەم وەربگرین.

پیاوی نابینا گوتی: ناوی نوون لە لای من ئاشنا دەکەوێتە بەر گوێ و هەروەکو ئەوەی لە کۆندا ئەم ناوەم بیستبێ.

مووسا گوتی: نوون لە نەژادی ئێمەیە و ئەویان بە کۆیلە بردبوو.



پیاوی نابینا گوتی: ئێستا هاتەوە بیرم نوون کێیە؟ من باوکیم دەناسی، ئایا نوون غولامی تۆ بوو؟

مووسا گوتی: کە سانیتر ئەویان بە غولامی من دەزانی، بەڵام من، ئەوم بە برای خۆم دەزانی.

پیرەمێرد پرسی: نوون ئێستا لەکوێیە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: لێرەیە.

پیاوی بە ساڵداچوو پرسی: ئایا ئێستاش غولامی تۆیە؟

مووسا گوتی: من ئەوم بە غولامی خۆم نەدەزانی و پێم گوتی کە ئەوم بە چاوی برا سەیر دەکرد، ئێستا نوون ئازادە و وەکو من لێرە ئاژەڵداری دەکا.

پیاوی نابینا پرسی: من پاش ئەوەی ناوی تۆم لێرە گوێ لێبوو، نەمدەزانی تۆ هەمان ئەو کەسەی کەلە میسر خزمەتگوزارێکی پەرستگا و چەند نەفەرت لە سەربازانی فیرعەون کوشتووە و هەڵاتووی، ئێستا کە تێگەیشتم تۆ هەمان ئەو کەسەی، پێت دەڵێم ئەگەر بێتوو بچیتە میسر، دەتگرن و دەتکوژن.

مووسا گوتی: ئەو رۆژەی کەمن دەچمە میسر بە جۆرێك دەچم کە نەتوانن بمکوژن، یان بە نهێنی دەچمە ناو میسر.

پیاوی بە ساڵدا چوو گوتی: لە میسر دەڵێن باڵاو نیشانەی روخسارت بە جۆرێکە کە ناتوانی بە بەردەوامی خۆت بشاریتەوە و ئەگەر یەك جار لە جێگەی خۆحەشاردانی خۆت بچیتە دەرەوە، دەتناسنەوە و دەستگیرت دەکەن.

مووسا لە دڵی خۆیدا گوتی: قەڵافەتی من گۆڕاوە و ئەگەر بچمە میسر، لەوێ لە ڕووی قەلافەتەوە ناتوانن بمناسنەوە. چونکە من لە میسر، ریش و سمێڵم نەبوو و جل و بەرگی شازادانم لەبەر دەکرد. ئێستا ریشێکی پڕم هەیە و لەوێ هیچ کەسێك بەڕەنگ و رووخسار نامناسێتەوە. تەنانەت لەوانەیە قەڵافەتیشم سەرنج راکێش نەبێ، چونکە لە میسر، کۆیلەکانی سەرزەوینی کۆش، کە زۆربەیان باڵا بەرزن، بەزۆری هەن و ئەگەر من ببینن، وا وێنا دەکەن کە یەکێك لەو کۆیلانەم.

شتێك کە هەیە، ئەوەیە کە کۆیلەکانی کۆش لە پایتەختی میسر ناکەونە بەر چاو. ئەوان لە کارگەکانی بینا دروستکردندان و ئەگەر کۆیلەیەکی باڵا بەرز لە پایتەخت ببینرێ، سەرنج ڕاکێش دەبێ. بەڵام من، پاش ئەوەی کە دەچمە ناو میسر، ناچارنیم بچمە پایتەخت، بەڵکو لە سەرەتادا دەچمە سەرزەوینی کۆش.

داوا لە هاونەژادانی خۆم دەکەم کە خوای تاك و تەنیا بپەرستن، رۆژێك دەچمە ناو پایتەختی میسر کە بتوانم بەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێ، لەگەڵ پاشای میسر دا قسە بکەم.

مووسا، دەیزانی ئاکام رۆژێك هەر دەبێ بچێتە پایتەختی میسر.

ئەو دەیتوانی دانیشتووانی سەرزەوینی کۆش لەو وڵاتە بباتە دەرەوە، بێ ئەوەی کە پاشای میسر بتوانێ بەرهەڵستی چوونە دەرەوەی ئەوان بکا. بەڵام دانیشتووانی ئەو سەرزەوینە بریتی بوون لە ژن و منداڵ و پیاوانی بە ساڵا چوو یاخوود دەردەدار و کەم ئەندام، پیاوانی لاو و ساغ و تەندروست لە کارگەکانی بینا دروستکردندا کاریان دەکرد.

مووسا، دەیزانی بردنە دەرەوەی ژن و منداڵ و پیاوانی بە ساڵاچوو و دەردەدار و بێتوانا لە میسر، بەبێ بردنە دەرەوەی پیاوانی لاو و ساغ و تەندروست کارێکە پڕ لەکەم و کوڕییە. پاشای میسر، کە دەڵێن بە خوێنی منداڵانی خەڵکی کۆش خۆی چارەسەر دەکا، پاش ئەوەی لە چوونە دەرەوەی ژن و منداڵ و پیاوانی بەساڵا چوو لە میسر ئاگادار دەبێ، لەوانەیە بەجۆرێك تووڕە ببێت کە هەموو پیاوانی لاو و تەندروست، کەلە کارگەکانی بینا دروستکردندا کار دەکەن، بکوژێ.

جگە لەمەش سەرزەوینی کۆش، لە رابردوودا، ناوچەیەکی دوورە دەست بوو و سەربازانی پاشای میسر، نەدەچوونە ئەوێ مەگەر لەو کاتانەدا کە دەیانویست کۆیلەکان ببەن. مانای ئەو پیاوانە، کە گەیشتببوونە ساڵی کۆیلەتی، لە کۆش ببەنە دەرەوە و بەرەو کارگەکانی بینا دروستکردن ببەن و لەوێ لەبن دەستی تەلار سازان و وەستاکانی بینایی دا دایانبنێن. بەڵام ئێستا ئەو ناوچەیە، بە هۆی ئەوەی کە پاشای میسر، منداڵانی کەم تەمەن دەبا، رێگای هات و چۆی سەربازانە و لەوانەیە دەرەتان نەبێ بە ئاسانی ژن منداڵ و پیاوانی بە ساڵا چوو و دەردەدار لەوێ دەربکرێن. بۆیە دەبێ بۆ هێنانە دەرەوەی هەموو کوڕانی ئیبراهیم لە میسر، هەنگاو هەڵبگیرێ، جا چ ئەوانەی لە ناوچەی کۆشن، چ ئەوانەش لە کارگەکانی بینا دروستکردندا کاردەکەن.

پیرەمێردی نابینا گوتی: ئەی مووسا، من ئەوەی دەبووایە پێت بڵێم، پێم گوتی و لەبەر ئەوەی دەمەوێ بچمە شاری ئالاس، یارمەتیم بدە تا خۆم بگەیەنمە ئەو شارە.

مووسا گوتی: تۆ بە تەنیایی ناتوانی بچێتە ئالاس، دەبێ رێبوارێك لێرەوە بێت و بچێتە ئەو شارە و تۆ لەگەڵ ئەودا بکەویە رێ. هەروەکو چۆن لەگەڵ رێبوارێك هاتوویە ئێرە. لێرە بمێنەوە تا رێبوارێك بەرەو ئالاس دەچێ ومن لەگەڵ ئەودا بتنێرم. پیرەمێردی نابینا پێشنیاری مووسای قبوڵ کرد.



پیرەمێردی نابینا لە میدیان مایەوە تا رێبوارێك پەیدا ببێ و لەگەڵ خۆیدا بیبا بۆ ئالاس.

تا ئەو رۆژەی کە مووسا شرۆڤەی ستاندنی منداڵانی ئیسرائیلی لە میسر، لە دایکەکانیان نەبیستبوو، دەیتوانی رۆژان و شەوانیش لە لەوەڕگا، لە پەنا مەڕەکان بەسەر ببا، بەڵام بەبیستنی ئەو شرۆڤەیە، ئارامی لە مووسادا نەما و ئەو، نەیدەتوانی ساتێکیش لە خەیاڵی هاونەژادانی خۆی دەربچێ.

هەر وێرای ئەوە کە هەمیشە لەبیری هاونەژادانی خۆی دا بوو، رۆژێك ئەم پرسیارەی لە خۆی کرد کە ئایا خوای تاك و نەبینراو ئەم رووداوانە دەبینێ یان نا و لە حاڵێکدا کە دەیبینێ بۆچی بۆ رزگار بوونی هاونەژادانی وی دەست بەکار نابێ؟

لە ئەنجامی ئەم پرسیارەدا کەوتەوە بیری ئاتوون لە میسر و بەخۆی گوت: ئاتوون خوای تاك و نەبینراوی میسرە و ((ئاموون هوتپی چوارەم)) کە پاشان ناوی خۆی نا (ئەخناتون) تا ناوی خوای ئاتوون لەسەر ناوەکەی بێ، ئایینی پەرستنی خوای ئاتوونی کردە باو.

ئەو، هەموو پەرستگاکانی ئاموون، خوای پێشووی میسری داخست و دەسەڵاتی هەموو کاهینی پەرستگاکانی ناوبراوی لە کاروبارەکاندا نەهێشت، سرودی بۆ گوت و شارێکی بۆ ئەو خوایە بنیات نا. بەڵام سەردەمی پەرستنی ئاتوون لە میسر، لە سەردەمی پاشایەتی ئەو پاشایە زیاتر درێژەی نەکێشا و هەر کە مرد، جێنشینەکەی، ئاینی خوای پێشووی میسر (ئاموونی)ی لە جێگەی ئەو دانایەوە و پەرستگاکانی ئاموونی کردەوە و کاهینان، کە پەناگیر کرا بوون، هێنایەوە سەر کار. واشیان دەنگۆ بڵاوکردەوە کە پزیشکێکی میسری، کە لەلایەنگرانی ئاموون بووە، ئاموون هوتپی چوارەم، کە پاشان بە ئەخناتون ناسراوە، ژەهر خواردوو کردووە تاکو بمرێ و ئایینی ئاتوون لە بەین بچێ.

پاش مردنی ئەخناتون، پەیڕەوانی ئاتوون لە میسر، قەتڵ و عام کران و ئەو شارەی کە بەناوی ئاتوون بنیات نرابوو وێران کرد. بەڵام ئاتوون خوای نەبینراو و تاك و تەنیای میسر بۆ پاراستنی ئەو کەسانەی کە ئەویان دەپەرست، هەنگاوێکی هەڵنەهێنا.

باشە ئەو خوای تاکوتەنیا و نەبینراوی میسرییان، یان بەلای کەمەوە هی ئەو کەسانە نەبوو کە باوەڕیان بەو بوو، مەگەر ئەو ئاگای لە هەموو شتێك نەبوو و نەیدەبینی کە پەیرەوانی ئەو لە میسر، دەکوژرێن و پەرستگاکانی ئاتوون وێران دەکەن؟

مەگەر پاشای ئێستای میسر، رامسیسی دووەم، هەر کە سێك باوەڕی بە ئاتوون بووە نەیکوشتووە و نایکوژێ؟ بۆچی تا ئەمڕۆ ئاتوون بۆ پارێزگاری لەو کەسانەی کە باوەڕیان بەو هەیە هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە؟

ئێستا کە ئاتوون بۆ یاریدەی پەیڕەوانی خۆی لە میسر، هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە، ئایا من دەتوانم ئومێدم بەوەبێ کە خوای تاك و نەبینراو کەمن دەیپەرستم...

بەڵام کاتێك زنجیرەی بیرکردنەوەی مووسا گەیشتە ئێرە، خۆی لەم جۆرە بیرکردنەوەیە وریا کردەوەو بە خۆی گوت: ئەگەر خوای تاك و تەنیا ئاوڕێك لە هاونەژادانی من ناداتەوە، نابێ مایەی حەپەسانی من بێ، من لە بەرامبەر دەسەڵاتی خوادا دووچاری گومان ببم، چونکە هاونەژادانی من، وەکو میسرییەکان، خوایانی جۆربەجۆر دەپەرستن و پەرستراوی ئەوان کۆتەڵگەلێکی جۆربەجۆرن و یەکێك لە خواکانی ئەوان (مار)ە.

کە وابوو سەیر نییە کە خوای تاك و تەنیا و نەبینراو ئاوڕێك لەوان ناداتەوە، چونکە باوەڕیان بەو نییە تا خوای تاك و تەنیا هەنگاو بۆ رزگار کردنی ئەوان هەڵبگرێ، و ئەگەر هاونەژادانی باوەڕیان بە خوای تاك و تەنیا ببوایە، خوا رێگای نەدەدا ئەوان ببنە کۆیلەی فیرعەون و بەخۆڕایی تەلاری بۆ دروست بکەن.

مووسا بیری کردەوە کە کوڕانی ئیبراهیم و ئیسرائیل، لە سەردەمی یەکتاپەرستیدا، لە ژێر رابەرایەتی پێشەوایانی خۆیاندا، ژیانێکی ئاسوودەیان هەبوو، ئازادبوون و بەسەرفرازی دەژیان و لەو نیعمەتە زۆرەی کە خوا بە بەندەکانی خۆی داوە بەهرەمەند دەبوون. بەڵام رواڵەتە مادی و دنیاییەکان، ئەو خەڵکەی لە رێڕەوی خۆی لاڕێ کرد. چەند کەسانێك لە لاڕێوە رۆیشتن و پاشماوەی قەومەکەش، رێگای ئەوانیان گرت و گومڕابوون. ئەوان خوایان لە بیر چۆوە و کەوتنە پەرستنی کۆمەڵە خوایەك کە دروستکراوی دەستی خۆیان بوون.

بەڵێ، خوای تاك و تەنیا و نەبینراو، هەرگیز زوڵم لە بەندەکانی خۆی ناکاو لە هیچ کاتێکدا، پشت لە کەسانێك ناکا کە باوەڕیان پێی هەیە. ئەگەر خەڵکێك دووچاری زوڵم و بەدبەختی ببنەوە، ئەوا خۆیان بایسی ئەوەن و کارو بارێکیان لێ وەشاوەتەوە کە نەدەبووایە بیکەن و ئەو کارو کردەوەیە ئەوانی بەدبەخت یان گیرۆدەی زوڵم کردووە.

جاری وا هەیە لەنێو قەومێکدا، ئەنجامی کارو کردەوەی ناپەسەندی باوکان، بۆ کوڕەکان دەمێنێتەوە و تەنانەت بۆی هەیە ئەنجامی کارو کردەوەی ناپەسەندی نەوەیەك، بۆ چەند نەوەیەکی تر بمێنێتەوە. نەوەکانی تر یەك بەدوای یەکدا، ((کەفارەتی)) کارو کردەوەی نەوەیەك



لە باپیرانی خۆیان بدەن. هەر بۆیە کورانی ئیبراهیم و ئیسرائیل کەلە میسر گیرۆدەی کۆیلەتی بوون، پاشای میسر، منداڵانی کەم تەمەنی ئەوان بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەی خۆی دەکوژێ، کەفارەتی کارو کردەوەی پێشینانی خۆیان دەدەن.

مووسا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هاونەژادانی وی، لە رابردوودا کارو کردەوەیەکیان کردووە کە دەبێ نەوەی ئێستا کەفارەتی بدا.

مووسا ئیتر نەیدەتوانی ئارام بگرێ و کاتێك مەڕەکانی دەبردە مێرگەکە، دەیویست مەڕەکان بەرەڵا بکاو بڕوا و خۆی بگەیەنێتە میسر. بەڵام دەیزانی ئەگەر بەبێ رێ و شوێن بچێتە میسر، دەکەوێتە داوی فیرعەون، و پاشای میسر دەیکوژێ. ئەو، دەبێ ئامرازێکی هەبێ تا بەو ڕێگەیە بتوانێ ئیرادەی خۆی بەسەر فیرعەون دا بسەپێنێ و ناچاری بکا کۆیلەکانی ئیسرائیل ئازاد بکا.

مووسا دیسانەوە، لەو کاتەدا کەلە بیابان بەتەنیا بوو، دەنگی گرد و درەختەکانی دەبیست و پێیان دەگوت بۆچی تۆ هاونەژادانی خۆت لە بیرکردووە.

مووسا گوێی لەدەنگی گرد و درەخت و گیاکان دەبوو و ئەوەی دەیبیست دەنگەکانی ناو دەروونی خۆی بوو.

ژیریی زانستی خەڵکی ئەمڕۆ ئەوە قبوڵ ناکا کە بەرد و درەخت و گیاکان بتوانن بەزمانی ئادەمیزاد قسە بکەن. هەروەها ژیریی زانستی خەڵکی ئەمڕۆ، قبوڵ ناکا کەلە ناکاو و بێ کۆبوونەوەی کەرەسەکانی هەڵکردنی ئاگر، خەرمانەیەکی گەورەی ئاگر بێتە کایەوە و لە نێو ئاگرەکەوە دەنگێك بکەوێتە بەر گوێی کە بەزمانی ئادەمیزاد، بەڵام بە ئاوازێك کە هەرگیز بەر گوێی کەس نەکەوتبێ، قسە بکا. لەوانەیە ئەو ئاگرەی کە مووسا دیویەتی لە دەروونی خۆیدا بینویەتی، ئەو دەنگەش کەلە ناوەندی ئاگرەکەوە بەر گوێی کەوتووە ئەویش دەنگێك بووە کەلە ناخی خۆیەوە پەیدا بووە.

زانایانی نوێی ئاخێوەریی[٢٠] کە کەوتنە سەرباری ئەوەی ریوایەتە مەزهەبییەکانی پەیوەست بە مووسا لەگەڵ واقیعییەتە زانستییەکاندا بسەلمێنن، دەڵێن کە وەحی بۆ مووسا هاتۆتە خوارەوە هەر بەو جۆرەی کەلە هەزارو شەش سەد ساڵ پاشتر، بۆ پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) وەحی هاتۆتە خوارەوە.

(٢٠) ئاخێوەر: (کلیم) سیفەتی مووسا پێغەمبەر (س.خ) بووە، کە ((لەگەڵ خوادا ئاخاوتنی کردووە.)) (و. کوردی)

به باوەڕی زانایانی نوێی ئاخێوەریی، کەلە (روحانی) یەکانن، ئەو دیاردانەی کەلە ریوایەتە مەزهەبییەکانی پەیوەست بە مووسا نووسراون لە بابەتی قسەکردنی درەخت و بەرد و گیا لەگەڵ مووسا، پەیدا بوونی ئاگر، هاتنە دەرەوەی دەنگ لە ناوەندی ئاگرەکە، هەموویان پاژێك بوون لە حاڵەتی وەحی و هەموو ئەو دیاردانە تەنیا بۆ مووسا هەبوون.

لە هەمان کاتدا کە مووسا ئاگری دەدی و لە ناوەندی ئاگرەکەوە دەنگی دەبیست، ئەگەر کەسێك لە پەنای ئەو بووایە ئەو ئاگرەی نەدەبینی و ئەو دەنگەی گوێ لێ نەدەبوو.

بە باوەڕی زانایانی روحانی نوێی ئاخێوەریی، ئەوەی مووسا لە (سەرووی سنووری سرووشتییەوە) دەیبیست و هەستی پێدەکرد، دیاردەکانی هەستی ناوەکی ئەو بووە، مانای هەمان ئەو هەستەی کە جلّەوەکەی لە دەستی ئادەمیزاد دا نییە، بەڵام نەهەر تەنیا ئەوەندەی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ئادەمیزادی لە بیرە، بەڵکو ئاگاداری ڕووداوەکانی ژیانی باو باپیرانی باوك و دایکیشە. بەکورتی، ئەو هەستە ناوەکییە، هەموو ڕووداوەکانی ژیانی ئادەمیزادی لەو ڕۆژەوە لەبیرە کە هەوەڵێن باوك و دایکی وی لە کورەی خۆڵەوە هاتوونەتە بوون. ئادەمیزاد لە حاڵی بێداریدا ناتوانێ، پەی بە دەرکەوتەکانی هەستی ناوەکی خۆی ببا، بەڵام لەکاتی نووستندا، لە حاڵی خەوندا، بەشێك لە دەرکەوتەکانی هەستی ناوەکی، بۆ ئادەمیزاد ئاشکرا دەبێ. ئادەمیزاد لە حاڵی خەوندا شتگەلێك تێدەگا کە لە حاڵی بێداریدا ناتوانێ پەییان پێ ببات، کارو کردەوەی ئەو تۆ دەکا کەلە حاڵی بێداریدا ناتوانێ لە عۆدەیان بێت.

یەکێك لەو کارانە کەلە کاتی بێداریدا بە مەحاڵ خۆدەنوێنێ، فڕینە. ئادەمیزاد لە حاڵی خەوندا، بێ زەحمەتێکی زۆر، بە گوشارێکی کەم کەلە ماسوولکەکانی خۆی دەکا، دەفڕێ و بەسەر لوتکەی چیا بەرزەکاندا دەفڕێ، بە ئاسمانەوە بەسەر دەریای بەرفراوان دا تێدەپەڕێ. بەڵام توانای ئادەمیزاد لە حاڵی خەوندا بۆ فڕین، لە توانای باڵندە زیاترە، چونکە باڵندە بە هاوکاری باڵەکانی دەفڕێ و ئادەمیزاد، دەتوانێ بەبێ باڵ بفڕێ.

یەکێکی تر لەو توانایانەی کە لەکاتی خەون بینینی مرۆڤ دا دێتە ئارا، مانەوەی لە ژێر ئاو، بێ ئەوەی بخنکێ و مرۆڤ، دەتوانێ وەکو ماسی لە ژێر ئاودا بمێنێتەوە.

ئێمە بە دروستی نازانین کە هەستی ناوەکی مرۆڤ لە چ جێگایەکی بەدەنی مرۆڤ دایە، بە ڕواڵەت، وابیر دەکەینەوە لە نێو مۆژەی مرۆڤدا بێ، چونکە لە حاڵی خەون بینینیشدا، ئەندێشەکانی ئێمە بە ڕواڵەت لە مۆژەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام هێندێك کەس لەو باوەڕەدان کە هەر مۆژە بە تەنیا سەرچاوەی ناوەندی هەستی ناوەکی نییە، بەڵکو هەستی ناوەکی، لە



گشت خانەکانی بەدەنی ئێمەدا هەیە و هەر خانەیەك هەستی ناوەکی هەیە. هەستی ناوەکی ئەو، بەگوتەی ئەو کەسانە، ڕووداوەکانی ژیانی لەو ڕۆژەوە کە هەوەڵێن خانەی گیانلەبەر، لە دەریاوە پەیدا بوو، لەبیرە.

کاتی وا هەیە هەستی ناوەکی، لە هێندێك کەسدا، لە حاڵی بێداری و ژیانی ئاساییدا خۆی دەردەخا و دەرکەوتەکانی کە تەنیا لە حاڵی خەوندا هەستیان پێدەکرێ (ئەویش هەموو کاتێك نا)، لە حاڵی بێداری و ژیانی ئاساییدا هەست پێکراو دەبێ. لەبەر ئەوەی هەستی ناوەکی، هەموو شتێك دەزانێ، و بە جۆرێکی ڕەها (موتلّەق) ئاگاداری نهێنییەکانی سەرچاوەی ژیانی گیانلەبەر و تەنانەت نهێنییەکانی سەرچاوەی ژیانە، کاتێك لە حاڵی بێداریدا خۆی نیشان دەدا، ئەو کەسانەی کە هەستی ناوەکییان کەوتۆتە کار، شتگەلێك دەبینن کە کەسانی تر نایبینن و شتگەلێکیان گوێ لێ دەبێ کە کەسانی دیکە گوێیان لێ نابێ، کارو کردەوەیەك دەکەن کە کەسانی تر لە عۆدەی نایەن و زانیاریگەلێکیان لێ ئاشکرا دەبێ کە کەسانیتر ئەو بەهرەیەیان نییە.

مووسا — بە باوەڕی روحانییانی نوێ و زانایانی ئاخێوەری — یەکێك بووە لەو کەسانەی کە هەستی ناوەکی، لە ژیانی ئاسایی و لە حاڵی بێداریدا، خۆی پیشانی وی دەدا. ئەو، دەنگی هەستی ناوەکی خۆی گوێ لێ دەبوو، هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە ئەگەر دەنگی رووەك و تەنانەت بێ گیانەکانی دەبیست.

دەستەیەك هەن دەڵێن، ئایا پێویستە کارە سنوور شکێنییەکانی مووسا و باقی پێغەمبەران بە شێوازی ئەمڕۆ بە روونکردنەوەی زانستی بە شێوازی ئەمڕۆ، بسەلمێنین و بەساخکراوەیی بخەینە بەر چاو؟

ئایا کە سانێك کە ئیمانیان بە پێغەمبەرێك هەیە، ئیمانیان بە موجیزەکانی هەیە یان بە قسەکانی، ئایا لەو ڕووەوە پەیڕەویی لەو دەکەن کە موجیزاتی هەبووە، یاخوود بە قسەکانی پێغەمبەر، کەلە سەردەمەکانی دواتر دا دەخوێندرێتەوە ئەوانی کردووە بە ئیماندار؟

ئەم دەستەیە دەڵێن موجیزاتی مووسا یان پێغەمبەرانی تر، هەر چەندێك گەورە بێ، تەنیا بە بەرچاوی کەسانێکەوە بووە کە هاوچەرخی مووسا و باقی پێغەمبەران بوون.

هاو چەرخانی مووسا بینییان کە مووسا، وەکازەکەی خۆی کەلە کاتی شوانیدا بەدەستییەوە دەگرت، فڕێ دایە سەر زەوی و ئەو دارە بوو بەمار، و لەبەر ئەوەی ئەو موجیزەیەی مووسایان بینی، ئیمانییان بەو هێنا. بەڵام لە سەردەمەکانی داهاتوودا، خەڵك نەیانبینی کە وەکازی مووسا ببێتە مار، تا لەئەنجامی موجیزەی ویدا ئیمانی پێبهێنن. ئەوەی

که بووه هۆکاری ئەوەی کەلە سەردەمەکانی داهاتوودا خەڵك ئیمان بە مووسا و باقی پێغەمبەرانی دیکە بهێنن، خوێندنەوەی قسەکانی ئەوان بوو کە دەیانگوت لە لایەن خواوەوە هاتووە و ئەو قسەیە کاریگەریی لەسەر خەڵك دادەنا و ئیمانیان دەهێنا.

بە باوەڕی ئەم دەستەیە، کە دەڵێن روونکردنەوەی موجیزەکانی پێغەمبەران بە شێوازی زانستی ئەمڕۆ، کارێکی پێویست نییە، ئەگەر نەتوانرێ موجیزەی پێغەمبەران بە شێوازی زانستی ئەمڕۆ روون بکرێتەوە، بەڵگەی لاوازی یان کەمو کوڕی ئەو پێغەمبەرە نابێ. چونکە ئەو موجیزەیەی کە پێغەمبەران کردوویانە، تەنیا بۆ ئەوە بووە کە خەڵکی هاوچەرخی ئەوان، بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوان نەك خەڵکی سەردەمەکانی داهاتوو کە نەیاندەتوانی ئەو موجیزانە ببینن. ئەوەی کە کاریگەریی لە خەڵکی سەدەکانی دواتر دەکرد، قسەکانی پێغەمبەران بوو کەلە لایەن خواوە هێنابوویان.

هەروەها بە باوەڕی ئەم دەستەیە، موجیزەکانی پێغەمبەران بە شێوازی زانستی ئەمڕۆ لێك بدەنەوە یان لێکی نەدەنەوە، شوێنەوارێکی لەسەر هەقانییەتی ئەو پێغەمبەرە نییە، چونکە سەرچاوە و بناوانی هەقانییەتی پێغەمبەر، قسەکانییەتی کەلە لایەن خواوە هێناویەتی.

زانایانی کلاسیکیی مەزهەبەکان، ئەم تیورییە قبوڵ ناکەن، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە هەرکەسێك پێغەمبەریی دەکا، دەبێ موجیزەی هەبێ و بێ بوونی موجیزە، بانگەشەی پێغەمبەرایەتی لەکەس قبوڵ ناکرێ. لەبەر ئەوەی لایەنگرانی دەستەی سەرەوە، کە دەڵێن سەرچاوەی مەحەکی لەسەر هەق بوونی هەر پێغەمبەرێك قسەکانییەتی، لەواقیعدا، موجیزە بە کارێکی پێویست نازانن، بەڵام زانایانی مەکتەبی کۆنی مەزهەبەکان، موجیزە بە یەکێك لە مەرجە بنەڕەتییەکانی پێغەمبەرایەتی دەژمێرن و دەڵێن پێغەمبەر کەسێکە کە موجیزەی هەبێ و ئەوەی ناتوانێ موجیزە بخولقێنێ، پێغەمبەر نییە.

ئینجا، پاش ئەوەی مووسا لە دەنگوباسی میسر ئاگادار بوو، نەیدەتوانی ئارام بگرێ و رۆژێك کەلە لەوەڕگا بوو، لە دوورەوە، وەکو رۆژانی تر، لە کێوی سینای دەڕوانی، هەستی کرد ئەو کێوە، ئەو بەرەو خۆی ڕادەکێشێ.

مووسا، ئەو کاتەی لە میسر بوو، بینی چۆن موگناتیس، ئاسن بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئەو ڕۆژەش هەستی کرد کە کێوی سیناش وەکو موگناتیس ئەو بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ و دەبێ بەرەو ئەوێ بچێ.



مووسا، مێگەلی مەڕەکانی لە لەوەڕگا بەجێهێشت و بە پاسیی سەگەکەی سپارد و بەرەو کێوی سینا کەوتە ڕێ.

لەنێوان لەوەڕگا و کێوی سینادا مەودایەکی زۆر هەبوو، پاش ئەوەی بە لەوەڕگادا (کەلە بەرزاییەکدا بوو) تێدەپەڕین، پێیان دەنایە خاکێکی وشکی بەیار. هەرچەندێك لە کێوی سینا نزیك دەبوونەوە، وشکانی خاك زیاتر دەبوو تا دەگەیشتنە ناوچەیەکی بەردەڵانی بەرفراوان و پاش ماوەیەك ڕێکردن دەگەیشتنە کێوەکە.

کێوی سینا، بریتی بوو لە زنجیرە چیایەك کە بەشێوەیەکی نارێك بە پەنای یەکەوە بوون و لە نێوانیاندا کۆمەڵە دۆڵێکی قووڵ هەبوو. هەرکەسێك چاوێکی بەو چیایانەدا دەگێڕا تێدەگەیشت کە هەرگیز گیایەك لەو چیایانە سەوز نەبووە.

هەموو جێگایەك بەرد بوو و لەکاتی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆردا، بەردەکان بەڕەنگی درەوشاوە و جۆربەجۆر خۆی دەنواند. لەکاتی نیوەڕۆدا رەنگی درەوشاوەی بەردەکان کاڵ دەبۆوە و بەشێوەی زەرد و سەوز و نارنجی و سپی تۆخ دەردەکەوت.

بەنێو ئەو دۆڵە قووڵانەی کە لەنێوان چیاکانی سینادا هەبوون، هەرگیز رووبارێکی پێدا نەرۆیشتبوو. هیچ کاتێك، لە داوێنی چیاکان و ناو دۆڵەکانی سینا دەنگی باڵندەیەك نەدەکەوتە بەر گوێ. چونکە باڵندە دەچێتە جێگایەك کە دانەوێڵە و ئاو یان کەمێك گیاو گۆڵی لێ بێ، لە نێو بەردەڵان و جێگایەك کە ئاو و سەوزایی لێ نەبێ، باڵندەی لێ نابێ.

لە وەرزی هاویندا لە نیوەڕۆوە تا کاتێك، کە خۆر لە ئاسمان لەسێ چارەگی رۆژ تێدەپەڕێ، چیاکان و دۆڵەکانی سینا بە هۆی تیشکدانەوەی بەردەکانەوە، بە جۆرێك گەرم دەبوون کە هەروەکو کورەی توانەوەی مسیان لێ دەهات.

لە وەرزی هاویندا هیچ کەسێك نەیدەتوانی لە چەقی نیوەڕۆدا، یەك کاتژمێر لە کێوی سینا بمێنێتەوە و لەتینی گەرمای زۆر بەهیلاك دەچوو.

لەو کێوانە، نە ئاژەڵێکی لێبوو، نە باڵندەیەك و نەخشۆك. تەنانەت مار کەلە شوێنە شێدارەکانی بیابانی سینا بەرچاو دەکەوتن، لە کێوی سینا نەدەبینران، تەنانەت ئەو گیانلەبەرانەی کە دەیانگوت خوێنی ساردیان هەیە، نەیاندەتوانی لە کێوی سینا بژین.

هەمان ئەو کێو و دۆڵانە لە نیوەشەو بەدواوە، کە گەرمایی بەردەکان نەدەما، فێنك دەبوونەوە و جیاوازی نێوان هەوای گەرمی رۆژ و هەوای فێنکی شەو، بە درێژایی زەمەنێك کە هەر خوا دەیزانێ، بەردەکانی لە لوتکەی شاخەکان و دیواری دۆڵەکاندا، دەقەڵاشت. جاری وا

هەبوو پارچە بەردێك لەسەرەوەی کێوەکە یان دیواری دۆڵەکە جیا دەبۆوە بەدەنگێکی هەروەکو دەنگی هەورەبروسکە دەکەوتە خوارێ. دەنگدانەوەی دەنگی کەوتنە خوارەوەکە، تا ماوەیەك لە نێو دۆڵەکاندا دەنگی دەدایەوە. ئەگەر لەکاتی کەوتنە خوارەوەی بەرد دا، کەسێك لەو کێوانە بووایە، وای وێنا دەکرد کە جیهان وێران بووە.

بەردەکان بەزۆری لە دوو کاتدا دەکەوتنە خوارەوە: یەکێکیان لەنیوە شەوداو ئەوی تریان لەنیوەڕۆدا. هەردوو کاتەکەش بەهۆی زیادبوونی زۆری گەرماو سەرماوە رووی دەدا. دەنگی کەوتنە خوارەوەی بەرد لەنیوە شەودا، ئەوەندە تۆقێنەر بوو کە خەڵکی ناوچەکەی نزیك کێوەکە، لەو بارەیەوە، لەسەردەمێکی وەکو ئەو کاتە کە خوڕافە لە ڕمێن دا بوو، وێنای ترسناکیان بۆ دەکرد و ئەو کێوانەیان بە مەڵبەندی عفریتان دەزانی.

پاش قۆناغی مووسا، وەحشەتی خەڵك لە کێوەکانی سینا کەم بۆوە، لەبەر ئەوەی لە قۆناغی (سلێمان) لە داوێنی ئەو کێوانە مسیان دەردەهێنا. لە بیابانی سینا بەلای کەمەوە دوو ناوچەی مس هەبوو کەیەکێکیان لە داوێنی کێوەکانی سینا بوو و لەسۆنگایی ئەوەی کە هەمیشە خەڵك بۆ دەرهێنانی مس، بەرەو ئەو کێوە دەچوون یان لەوێوە دەهاتنەوە و ژمارەیەك لە کرێکارانیش شەوان لەو کێوە دەنووستن، ترسی خەڵك لە کێوی سینا کەم بۆوە.

ئەمڕۆش ئەگەر ڕێبوارێك بەتەنیایی بچێتە ئەو کێوە و لەوەرزێکدا سەفەر بکا کە دووچاری گەرمای بەتینی رۆژی هاوینی کێوی سینا نەبێ، لە دیمەنی کێوەکان و دۆڵەکان تووشی وەحشەت دێ، هەرچەندە ئەو کەسە کەسێکی نوێخواز و خاوەن ژیرییەکی ساغیش بێت. چونکە دیمەنی کێوەکان تێکەڵاو وشێواو و ڕەنگاوڕەنگ، بەڵام بە ڕەنگی تاریك و تۆخ و لەهەمانکاتدا بە ڕادەیەك مەزنن کەبینەر ترس و سام دایدەگرێ و وابیر دەکاتەوە کە ئەو کێو و دۆڵانە، هەر لە هەوەڵین رۆژی پەیدا بوونیانەوە تا ئەو رۆژە، بچووکترین گۆڕانیان بەسەردا نەهاتووە.

جا هەر بۆیە، خەڵکی خوڕافە پەرستی ئەو چاخە، کاتێك لەو کێو و دۆڵانە نزیك دەبوونەوە و دیمەنەکانیان دەبینی زیاتر تووشی وەحشەت دەبوون.

ئەو رۆژە کە مووسا بەرەو کێوی سینا راکێش دەبوو، هەروەکو ئەوە بوو کە هێزێك ئەو بەرەو ئەوێ ڕادەکێشێ. مووسا، پاش ڕێپێوانێکی درێژ، خۆی گەیاندە ئەو کێوە و کاتێك گەیشتە ئەوێ، هەور لوتکەی کێوەکانی داپۆشیبوو و پاش ماوەیەکی کەم، هەور، لە لوتکەکان هاتە خوارەوە و داوێنەکانی داگرت و ئیدی وایلێهات مووسا هەستی کرد کە هەور چوار دەوری ئەویان داوە.



ئیتر مووسا خۆری نەدەبینی، بەڵام رووناکی خۆر، لە پشت هەورانەوە وەکو دەمەو ئەنگوتنی بەیان، هەوای رووناك دەکردەوە.

لە ناکاو مووسا چاوی بە ئاگرێك کەوت.

ئەمە یەکەمین جار نەبوو کە مووسا لەناکاو ئاگرێکی دەبینی، بەڵام لەو کاتەدا، بەهۆی هەوراوی بوونی هەوا، وای بیر کردەوە کە لەوانەیە بروسکەیەك لەناوچەیەکی دەوەناوی داوە و ئەو دەوەنە وشکانەی ئاگر داوە.

مووسا گوێی لە دەنگی هەورو هەروەها گوێی لە دەنگی هەورە تریشقەش نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی هەوراوی بوونی هەواوە بە خۆی گوت: ئەم ئاگرە هەورە تریشقە دایگیرساندووە.

مووسا لەو دەمەدا، ئەگەر هەست و هۆشی لەسەر خۆی بووایە، دەبووایە تێبگەیشتایە کە لە داوێنی کێوی سینا گیا ناڕوێ تا پاش وشك بوونی ببێتە دەوەن یان دەوەنە چقڵ.

بەڵام مووسا هەست و هۆشی لەسەر خۆی نەبوو و دیقەتی لەو خاڵە نەدابوو و وای وێنا دەکرد کە دەوەنەکان ئاگریان تێبەربووە.

مووسا دەیزانی کە ئاگری دەوەن درێژەی نابێ و بەزوویی دادەمرکێتەوە، بەڵام بەسەر سامییەوە بینی ئاگرەکە نەکوژایەوە و درێژەی کێشا.

مووسا لە درێژەکێشانی ئاگرەکە بەجۆرێك سەرسام بوو کە بەخۆی گوت: دەبێ لەو ئاگرە نزیك ببمەوە و بزانم بۆچی ناکوژێتەوە.

مووسا بەرەو ئاگرەکە کەوتە ڕێ. بەڵام پاش چەند هەنگاوێك دەنگێکی گوێ لێبوو کە بەنەرم و نیانی و خۆشەویستییەوە دەیگوت: مووسا... مووسا...

ئەو دەنگە، بەدەنگێکی ئاشنا هاتە بەر گوێی و تێگەیشت هەمان ئەو دەنگەیە کە لە رابردوودا گوێی لێبووە. بەڵام لە رابردوودا خاوەنی ئەو دەنگە بەو بەزەیی و خۆشەویستییەوە لەگەڵ ئەودا قسەی نەکردبوو.

ئەو دەنگە، لە رووی وشەوە، دەنگی مرۆڤ بوو بەڵام لە رووی ئاوازەوە، لە دەنگی مرۆڤ و هیچ دەنگێکی تر نەدەچوو.

کاتێك مووسا گوێی لەو دەنگە بوو، حاڵەتی دەروون روونبوونەوە و بەختەوەرییەکی بێ پێشینەی بەسەر داهات و هەروەکو ئەوە وا بوو کە بەسەر باڵی سروەیەکی بەهەشتەوەیە و لە

لوتکەی ئاسمان و جیهانێکە، کە هەرگیز، تەنانەت لە خەیاڵی خۆشیدا وێنەی نەکێشا بوو، بە جۆرێك خۆی بە دڵخۆش و چالاك بینییەوە کەلە هیچ کاتێکدا ئەو جۆرە چالاکییەی نەبووە.

مووسا- هەروەکو باسمان کرد- لە رابردوودا ئەو دەنگەی گوێ لێ بوو بوو، بەڵام ئەو کاریگەرییەی کە لە و رۆژەدا ئەو دەنگە لەوی کرد بوو، زۆر کاریگەر ترو ئاسوودەتر بوو لەوەی رابردوو.

جارێکی تر هەمان ئەو دەنگە پڕ لە خۆشەویستییە گوتی: مووسا... مووسا...

مووسا گوتی: بەڵێ ئەوە منم.

خاوەنی دەنگەکە گوتی: پێڵاوەکانت دابنێ، چونکە ئێرە سەر زەوینی پیرۆزی و پاکییە.

مووسا چەمایەوە و هەردوو پێڵاوەکانی لە پێی خۆی داناو لە ئاگرەکە، کە هێشتا هەر داگیرساو بوو، نزیك تر بۆوە.

پاش ئەوەی کە مووسا دوو هەنگاوی نا، دەنگەکە گوتی: من خوای باو باپیرانی تۆم ... من خوای ئیبراهیم و خوای ئیسحاق و خوای یەعقوبم.

لەو دەمەدا مووسا بە جۆرێك لەرز دایگرت کە هەردوو ئەژنۆی خۆی گرت تاکو لە ئاکامی لەرزینی ئەژنۆکانی بەر نەبێتەوە. پاش ئەوەی لەرزینی ئەژنۆکانی نەما، داوێنی کراسەکەی بەسەر سەری خۆیدا کێشا و رووخساری خۆی پێ داپۆشی.

رووخسار داپۆشینی مووسا لە ئاکامی تینوتاوی هەڵچوون و نەریتی بیابان نشینان بوو. مووسا، ئەمە لە بیابان نشینانەوە فێر ببوو.

پاش ئەوەی کە مووسا داوێنی کراسەکەی خۆی بەسەر سەریدا کێشا و رووخساری خۆی داپۆشی، دەنگەکە گوتی: من ئاگام لە وەزعی کوڕانی ئیبراهیم لە میسر هەیە و دەزانم کە پاشای میسر لە ئاست ئەواندا زوڵمێکی زۆر دەکا، من شیوەنی ئەو دایکانەم گوێ لێبوو کە منداڵەکانیان دەکوژران. من بڕیارم داوە کوڕانی ئیبراهیم رزگار بکەم و ئەوان لە وڵاتی میسر بێنمە دەرەوە و لە جێگایەك نیشتەجێیان بکەم کە لەو سەر زەوینەدا شیرو هەنگوینی زۆر هەیە. تۆ دەبێ بچیتە میسر و کوڕانی ئیبراهیم لە میسر بێنیتە دەرەوە.

مووسا کە تا ئەو دەمە کراسەکەی بەسەر رووخساری خۆیدا کێشا بوو گوێی لەقسەکانی خاوەن دەنگەکە ڕاگرتبوو، گوتی: من پیاوێکی لاوازم و فیرعەونیش پیاوێکی بەهێزە، ئەگەر من بچمە میسر و بمەوێ هاونەژادانی خۆم لەو وڵاتە بێنمە دەرەوە، پاشای میسر دەمکوژێ.



خاوەن دەنگ گوتی: تۆ لە پاشای میسر ترست نەبێ، چونکە من لەگەڵ تۆدا دەبم و یاریدەی تۆ دەدەم تا بتوانی کوڕانی ئیبراهیم لە میسر بێنیتە دەرەوە و دوای ئەوەی کە ئەوانت لە میسر هێنایە دەرەوە، دەتوانی ئەلێرە لەگەڵ مندا قسە بکەی.

مووسا گوتی: ئەی خوای ئیبراهیم و ئەی خوای ئیسرائیل، ئایا تۆ خودی خوای؟

خاوەن دەنگ پرسی: ئایا گومانت لەم بابەتە هەیە؟

مووسا گوتی: ئەی خوا، من بیستوومە کە لەوانەیە مرۆڤ لە چیا، دووچاری خەیاڵ بێتەوە و لە خۆم دەپرسم نەوەکو کەوتبمە ناو خەیاڵەوە.

خاوەن دەنگ پرسی: ئایا تۆ ئەم دەنگەی کە ئێستا گوێت لێ دەبێ، لە رابردوودا گوێت لێبووە؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی خاوەند من لە رابردووشدا گوێم لێبووە.

خاوەن دەنگ گوتی: ئەی بۆچی تووشی گومان بووی و وابیر دەکەیەوە کە لەوانەیە ئەم دەنگە لە ئەنجامی لە خەیاڵ کەوتنی تۆوە هاتبێ.

مووسا گوتی: ئەی خاوەند، نابەجێیم گوت، تۆ خاوەندی.

لەو کاتەدا ئاوازی دەنگەکە، کە تا ئەو دەمە دۆستانە بوو، گۆڕاو و بوو بەئاوازێکی فەرماندەرانە و گوتی: بڕۆ بۆ میسر، بۆ لای قەومی ئیسرائیل، پیاوانی بەساڵدا چووی ئەو قەومە کۆبکەوە و پێیان بڵێ کە رۆژی رزگاری ئەوان هاتووە و بڵێ کە خوای ئیبراهیم و خوای یەعقوب، فەرمانی بە تۆ کردووە کە لەگەڵ پیاوانی بەساڵدا چووی قەومی ئیسرائیل، بچنە لای پاشای میسر و بەو بڵێن کەهەر کەسێك کەلە قەومی ئیسرائیلە دەبێ بۆ پەرستنی خوا، لە بیابانێك کۆببنەوە کەسێ رۆژ ڕێ لە میسرەوە دوورە، و دەبێ پاشای میسر، رەزامەندی بدات کە هەموو پیاوانی میسر کە لەشوێنی جیاجیای میسر کار دەکەن، ئازاد بن تا بتوانن بۆ پەرستنی خوا بچنە ئەو بیابانە.

مووسا گوتی: ئەی خاوەند، من ئەگەر بڕۆمە میسر، پیاوانی بەساڵدا چووی قەومی ئیسرائیل کۆ بکەمەوە و پێیان بڵێم کە خاوەند منی ناردووە تا پێکەوە بچینە لای پاشای میسر، باوەڕ بەقسەکانی من ناکەن و پێم دەڵێن کە خوای ئیبراهیم و خوای یەعقوب تۆی نەناردووە. خاوەن دەنگ پرسی: ئەوە چییە بە دەستەوەیە؟

مووسا گوتی: ئەوە وەکازەکەمە.

خاوەن دەنگ گوتی: ئەو وەکازە فڕێدە سەر زەوی.

مووسا وەکازەکەی فڕێ دایە سەر زەوی و دەسبەجێ وەکاز بوو بە مارێك لە جۆری ئەو مارانە کە لەترسناکترین مارە ژەهر دارەکان بوون. مووسا، هەروەکو گوتمان، لەبارەی مارەکانەوە ئاگاداری بەدەست هێنابوو، بە جۆرێك تووشی وەحشەت هات کە هەڵات و خاوەن دەنگ بانگی کرد: ڕاوەستە.

مووسا ڕاوەستا بەڵام بە وەحشەت گرتوویی لە مارەکەی دەڕوانی.

خاوەن دەنگ گوتی: بڕۆ بۆ لای مارەکە و کلکی بگرە.

مووسا زاتی نەکرد بەرەو ئەو گیانلەبەرە خشۆکە بڕوا و کلکی مار بگرێ، چونکە دەیزانی کە خێرایی مار، لەکاتی پێوەداندا، لە خێرایی چاو تروکاندن خێراترە و تا ئەو دەستی درێژ دەکا کلکی مارەکە بگرێ، ئەو گیانلەبەرە کوشندەیە پێیەوە دەدا و مسۆگەر نییە ئەمجارەیان، وەکو ئەو کاتەی کەلەسەرزەوینی کۆش مار پێوەی دا، بتوانێ رزگاری ببێ.

خاوەن دەنگ بە فەرمانێکی توندتر فەرمانی کرد کە مووسا کلکی مارەکە بگرێ. مووسا، دەستی درێژ کرد و کلکی مارەکەی گرت و ئەو گیانلەبەرە لەنێو دەستیدا بوو بە دار.

خاوەن دەنگ پرسی: ئێستا چت بەدەستەوە؟

مووسا گوتی: دارم بەدەستەوەیە.

خاوەن دەنگ گوتی: بە باشی تەماشاکە ئایا ئەو دارە، هەمان وەکازەکەی خۆتە؟

مووسا بە دیقەتەوە لە وەکازەکەی ڕوانی و گوتی: بەڵێ ئەی خواوەند، وەکازەکەی خۆمە.

خاوەن دەنگ گوتی: دارەکە فڕێ دە.

مووسا وەکازەکەی خۆی فڕێدایە سەر زەوی. مووسا، چاوی بە مارێکی گەورە کەوت کە تا ئەو ڕۆژە هاوتای نەدیتبوو، تەنیا کاتێك کەلەسەرزەوینی کۆش دەژیا، لە خەڵکی ئەوێی بیستبوو کەلە بەشەکانی باشووری کۆش، لەنێو جەنگەڵە چڕەکانی ئەفریقا، ماری وای لێیە کە ئەستوورییان وەکو قاچی پیاوێکی کامڵ ئەستوورە و درێژییان چەند گەزێك دەبێ.

ئەو مارە کە بەئەسپایی لەسەر زەوی دەجووڵایەوە و بەچاوەکانی لە مووسای دەڕوانی، بە ئەندازەیەك ئەستوور بوو کە مووسا دیقەتی دا ئەستوورییەکەی، لە ئەستووریی قاچی وی زیاترە و درێژییەکەی بەئەندازەی بیست بست درێژە.

خاوەن دەنگ گوتی: دەستت درێژ کە و کلکی ئەو مارە بگرە.



سەرەڕای ئەوەش کە مووسا جاری یەکەم دەستی درێژ کرد و کلکی مارەکەی گرت و مارەکە لە دەستیدا بوو بەدار، بەڵام دەترسا دەستی درێژ بکا و کلکی ئەو مارە ئەستوور و درێژە، کە وای بیر دەکردەوە کە لەوانەیە ئەژدیهای ئەفسانەکان بێ، بگرێ.

خاوەن دەنگ جارێکی تر فەرمانی کرد کە مووسا دەستی درێژ بکاو کلکی ئەو مارە گەورە بگرێ. مووسا دەستی درێژ کرد و هەرکە کلکی مارەکەی گرت بینی بووەوە وەکازەکەی خۆی.

خاوەن دەنگ گوتی: ئێستا یەکێك لە دەستەکانت بخەرە ژێر یەخەی کراسەکەتەوە

مووسا دەستی راستی لە ژێر یەخەکەی دانا.

خاوەن دەنگ گوتی: دەستت بێنە دەرێ.

مووسا کاتێك دەستی خۆی لە ژێر یەخەکەوە هێنایە دەرێ ئەوەندە ترسا کە لەرز سەرتاپای لەشی داگرت، چونکە بینی کە دەستی وەکو ئەو گولانەی لێهاتووە کە ماوەی بیست ساڵە تووشی نەخۆشی گولیی بوون. هەروەها پوولەکەی وەکو پوولەکەی ماسی پێوەیە و بە تەواوی سپی بووە.

مووسا بەوەحشەت گرتوویی و پاڕانەوە وەڵامیدایەوە گوتی: خودایە، بۆچی تووشی نەخۆشی گولیت کردم؟

خاوەن دەنگ گوتی: دەستی خۆت ببە ژێر یەخەکەت و ماوەی ساتێك لەوێ ڕایگرە و پاشان بیهێنە دەرێ.

مووسا دەستی بردە ژێر یەخەی و ساتێك رایگرت و کاتێك هێنایە دەرێ بینی دەستی ساغ و تەندروستە و لە ڕووی ڕەنگەوە، جیاوازی لەگەڵ دەستەکەی تری و گشت ئەندامانی تری بەدەنیدا نییە.

خاوەن دەنگ گوتی: کاتێك چوویە میسر و ئەوەی پێم گوتی بە پیاوانی بە ساڵدا چووی قەومی ئیسرائیلت گوت، ئەگەر هاتوو باوەڕیان نەکرد و گوتیان تۆ لە لایەن خواوەندەوە نە هاتووی، بەڵگەی یەکەمیان پیشان بدە، ئەگەر دیسان باوەڕیان پێ نەکردی، بەڵگەی دووەمیان بخەرە بەرچاو، ئەگەر دیسانەوە باوەڕیان نەهات کە تۆ لە لایەن خواوەندەوە هاتووی، قاپێك ئاو لە رووبار هەڵبگرە و لەسەر زەوی بیڕێژە، جا هەر کە ئاوەکە گەیشتە سەر زەوی، دەبێتە خوێن.

ئاگرەکە کە تا ئەو کاتە دەدرەوشایەوە، نەما و هەوا لە هەورو هێڵ روون بۆوە، خۆر، بەسەر لوتکەی کێو و داوێنی بەردەڵانی ئەوێوە درەوشایەوە. مووسا لە تەماشاکردنی خۆرەوە زانی شەو نزیك بۆتەوە، ڕێگای گەڕانەوەی گرتە بەر و تا ماوەیەك پاش ئەوەی کە هەوا تاریك بوو، درێژەی بەرێکردن داو مێگەلی بەرەو ئاوایی بردووە.

کاتێك مووسا گەیشتە میدیان، ماوەیەك لەنیوە شەو تێپەڕیبوو، مووسا خۆی بۆ نووستن ئامادە دەکرد، بەڵام بەهۆی ئەو ئەرکە گەورەوە کەلە لایەن خواوەندەوە بەو سپێردرا بوو، نەیدەتوانی بخەوێ تا ڕۆژ بۆوە. نوون کە هەموو بەرەبەیانێك دەهاتە لای مووسا، هاتە ژووری ماڵی مووسا و هەرکە چاوی بەرووخساری مووسا کەوت لێی پرسی: ئەی سەروەری من، چیتە؟

مووسا گوتی: چەند جارم پێگوتووی کە تۆ برای منی ومنیش برای تۆم، تۆ نابێ من بەناوی سەروەرم بانگ بکەی؟

نوون گوتی: ئەمڕۆ هەر کە چاوم بە رووخساری تۆ کەوت، پەشۆکام و ڕاسپاردەکەی تۆم لەبیر چۆوە، من یەقینم کە ڕووداوێکت بۆ هاتۆتە پێش.

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی نوون، ڕووداوێکی گەورەم بۆ هاتۆتە پێش و هەر ئەمڕۆ دەچمە وڵاتی میسر.

نوون گوتی: لە بەرچی هەر ئەمڕۆ دەچییە ناو وڵاتی میسر، مەگەر تۆ خۆت پێت نەگوتم لە وڵاتی میسر بەدوامدا دەگەڕێن و دەیانەوێ بمکوژن؟

مووسا گوتی: خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب کە خواوەندی منیشە، فەرمانی پێکردووم کە بچمە میسر و هەر ئەمڕۆش دەکەومە ڕێ.

کاتێك کە مووسا لەگەڵ نوون قسەی دەکرد، سەفورە، ژنی مووسا، هاتە ژوورەوە و ئەویش وەکو نوون بەبینینی رووخساری مووسا سەری سووڕما و لە مێردەکەی پرسی: چیتە؟

مووسا گوتی: دەمەوێ ئەمڕۆ بەرەو میسر بکەومە ڕێ.

سەفورە پرسی: بۆچی؟

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی خوای من فەرمانی پێکردووم کە بچم.

سەفورە وەکو هەموو پیاوانی میدیان و باوکی خۆی، جسرو، بە ئەندازەیەك ڕێزی بۆ مووسا هەبوو کە تێگەیشت هۆکارێکی گەورە بووەتە بایسی ئەوەی مێردەکەی لە ناکاو بڕیار بدا بچێتە میسر و گوتی: منیش لە گەڵت دێم.

مووسا پرسی: منداڵەکانمان بەکێ دەسپێری؟

سەفورە گوتی: منداڵەکانیش لەگەڵ خۆمان دێنین.

نوون گوتی: ئێستا کە مووسا دەیەوێ بچێتە میسر، منیش لەگەڵ ئەودا دێم و ژن و منداڵەکانی خۆشم لەگەڵ خۆمدا دێنم چونکە منداڵەکانی منیش لە منداڵەکانی مووسا ئازیز ترنین.



-٢٤-

## زوڵم لە ڕادە تێدەپەڕێ

مووسا و نوون، پاش تەی کردنی ئەو هەموو ڕێگایەی کە لەنێوان میدیان و سەرزەوینی کۆش بوو، لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری نیل، گەیشتنە سەرزەوینی کۆش. لەوێ هەوڵیاندا لەوەبکۆڵنەوە کە بزانن ئایا سەربازانی پاشای میسر، لەوێن یان نا. بەڵام لەوکاتەدا سەربازانی فیرعەون لەوێ نەبوون.

مووسا و نوون، خۆیان گەیاندە ئەو بەشەی سەرزەوینی کۆش، کە لەوێ تیرەی لاوی (یەکێك لە دوازدە تیرەکەی بەنی ئیسرائیل) لیێ دەژیا.

لەوێ داوایان لە پیاوانی بەساڵدا چوو، کە بەهۆی گەورەیی تەمەنیان و لاوازییانەوە، نەیاندەتوانی کار بۆ فیرعەون بکەن، کرد کە لە جێگایەکی چۆڵ و پەنا و بێشەڵانێکی چڕدا، کۆببنەوە.

هێندێك لەمێژوونووسانی عیبری نووسیویانە کە مووسا بانگهێشتنی بە ساڵدا چووان، وەکو دەڵێن ریش سپیانی کرد کە لە ئەشکەوتێکدا کۆببنەوە. بەڵام لەناوچەی دەلتای ڕووباری نیل و ئەوجێیە، کە بەناوی سەرزەوینی کۆش دەناسرا، چیای لێنەبوو تا ئەشکەوتی لێبێ.

مووسا هەرتەنیا داوای لەریش سپیانی تیرەی لاوی نەکرد کە لەو بێشەڵانەدا ئامادەبن بەڵکو داوای لەگشت بە ساڵداچووانی هەموو تیرەکانی بەنی ئیسرائیل کرد کە پێکەوە لەو جێگایە ئامادە بن.

لەسەردەمانێکدا کە کوڕانی ئیبراهیم و ئیسرائیل ، لەمیسر کۆیلەتیان نەدەکرد و ئازادانە لە بیابان دەژیان، هەرکاتێك کە قەراربوایە ریش سپیان کۆببنەوە، جل و بەرگی ڕەنگاو ڕەنگیان لەبەر دەکرد و لەسەر سنگیان، پارچە برۆنزیان دادەنا. ئەو برۆنزانە، نیشانە و پایەی ئەوان بوو لەنێو هاونەژادانی خۆیاندا.

بەڵام لەو دەمەدا کە مووسا داوای هاونەژادانی خۆی کرد، لەبەر ئەوەی لە کۆیلەتیدا دەژیان، جلی ڕەنگاو ڕەنگیان نەبوو لەبەری بکەن، هەربۆیەش نەیاندەتوانی پارچەی برۆنز لەسەرسنگیان بدەن.

یەکێك لە نیشانەکانی ریش سپیان، لەودەمەدا کە بە ئازادی دەژیان، ئەوەبوو کە هەر ریش سپییەك دارێکی پێبوو کە چەند ئەڵقەیەکی مسی بەدەورەوە بوو، و ژمارەی ئەڵقەکان، پیشاندەری پلەی ریش سپییەکە بوو. ئەو رۆژە، کە پیاوانی بە ساڵداچوو لە نێو بێشەلانەکە ئامادە بوون، گەرچی داریان بەدەستەوە بوو تا بتوانن بەرێگادا برۆن، بەڵام بەدەوری دارەکانەوە ئەڵقەی مس نەدەکەوتە بەرچاو.

پاش ئەوەی ریش سپیان کۆبوونەوە، نوون، لەلایەن سەروەری خۆیەوە دەستی بە ئاخاوتن کرد. هەوەڵجار کورتەیەکی لەبارەی بەدبەختیی هاونەژادانی خۆیەوە باس کرد. پاشان گوتی کە مووسا لەبەرچ هۆیەك ناچار بوو لەمیسر بڕواو لەناوچەی میدیان بژیا، خۆشی بەهۆی ئەو پەیوەندییەوە کە بەمووسایەوە هەیە، لەگەڵ ویدا چووتە میدیان .

ئینجا نوون سەرباسی ئاخاوتنی خۆی هێنایە سەر چوونی مووسا بۆ کێوی سینا و گوتی کە مووسا دوای ئەوەی چووە کێوی سینا، لەوێ خوای ئیبراهیم و خوای یەعقوب، کە بە ئیسرائیل دەناسرێ، بۆ مووسا دەرکەوتووە و خواوەند فەرمانی بەوکردووە کە بچێتە میسر و ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل کۆبکاتەوە و پێیان بڵێ کە دەبێ پێکەوە بچنە لای پاشای میسر و داوای لێبکەن کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کە لەکارگەکانی بینا دروست کردندا خەریکی کارکردنن، ئازاد بکا و ئەوان بەژن و منداڵی خۆیان پەیوەست ببنەوە. پاشان هەمووان کۆچ بکەن و بچن بۆ بیابان و لەوێ خەریکی خواپەرستی بن. پاش ئەوەی ئاخاوتنی نوون کۆتایی هات، تا ماوەیەك ریشسپیان بێدەنگ بوون و هیچیان نەگوت.

بێدەنگیی ئەوان لەوەڕاهاتبوو کە هەموویان بیریان لەوەدەکردەوە کە بە هۆی چییەوە خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب، خۆی بەم نیشان داوە و خۆی بەوان نیشان نەداوە کە ریشسپیانی قەومی ئیسرائیلن؟

ئەوان لەخۆیان دەپرسی چۆن دەکرێ باوەڕ بەوەبکرێ کە خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب خۆی بە پیاوێکی لاوی وەکو مووسا، لە کوێش لەکێوی سینا، واتە لەجێگایەك کە زێدی قەومی ئیسرائیل نییە، پیشان بدا، بەڵام خۆی پیشانی ئەوان نەدا کە سەرەڕای بە ساڵدا چوویی، لە جێگایەك دەژین کە قەومی ئیسرائیلی لێ دادەنیشێ؟

ئەی نەیاندەگوت خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب رێزی ریشسپیانی دەگرت لەبەر ئەوەی ئەوانیشی هەروەکو ئیبراهیم و یەعقوب بە ((أباء الأولين)) دەزانی؟ ئایا ئێمە، کە لە ریشسپیانین شایانی ئەوەین کە لە ریزی ((أباء الأولين)) بژمێردرێین یان لاوێکی وەك مووسا؟



یەکێك لەریشسپیان گوتی: ئێمە چۆن لەوە دڵنیابین ئەوەی کە لە کێوی سینا، قسەی لەگەڵ مووسادا کردووە، خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب بووە؟ لەکێوەکان، دێو دەژین و جاری واهەیە لەگەڵ مرۆڤدا قسە دەکەن تاکو گومڕایان بکەن، لەوانەیە ئەوەی کە لە کێوی سینا قسەی لەگەڵ مووسا کردووە، دێوێك بووە؟

مووسا کە تا ئەوکاتە بێدەنگ بوو گوتی: کاتێك کە من لە کێوی سینا بووم، هەمان ئەو بیرەم لەلا دروست بوو و بە خۆمم گوت نەوەکو دووچاری خەیاڵ بوومەوە و ئەوەی کە قسەم لەگەڵ دەکا، خواوەند نەبێ. بەڵام خواوەند منی دڵنیا کردەوە و پێی گوتم کە دووچاری خەیاڵ نەبوومەتەوە و ئەو، خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوب و خواوەندی ئێمەیە.

یەکێکیتر لەریشسپیان لە مووسای پرسی: شێوەی چۆن بوو؟

مووسا گوتی: من خواوەندم نەبینی و تەنیا دەنگیم گوێ لێبوو.

کابراکە پرسی: تۆچۆن گوتەی خوایەکت قبوڵ کرد کە بەچاو نەتبینی؟

مووسا گوتی: ئیبراهیم و یەعقوبیش خوایان نەبینی تەنیا گوتەی وییان گوێ لێبوو هەر فەرمانێکیشی کە دەیدا، ئەوان لەکاتی خۆیدا جێبەجێیان دەکرد.

ریشسپییەکی دیکە پرسی: پاش ئەوەی تۆ دەنگی خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوبت گوێ لێبوو چت وەڵامدایەوە؟

مووسا گوتی: من دوو بابەتی بنەڕەتیم بەخواوەند گوت: یەکەمیان ئەوەبوو کە گوتم پاشای میسر پیاوێکی بەهێزە و من کە ئەو دەناسم، دەزانم داواکاری من قبوڵ ناکا. پیاوانی لاوی قەومی ئێمە لەکارگەکان ئازاد ناکا تاکو بەیەکەوە لەگەڵ هاونەژادانیان لە سەرزەوینی کۆش بچنە دەرەوە. خاڵێکی دیکە کە بەخواوەندم گوت ئەوەبوو کە ئێوە مانای هاونەژادانی خۆم، باوەڕ بەقسەکانم ناکەن و ئەوەیان قبوڵ نیە کەمن لەلایەن خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوبەوە راسپێردراوم تا پێکەوە لەگەڵ ئێوە، بچمە لای پاشای میسر و داوای لێبکەم کە رەزامەندی لەسەر ئازاد کردنی قەومی ئیسرائیل بدات.

من دەمزانی کە بۆچی ئێوە، ریشسپیانی قەومی ئێمە، باوەڕ بەقسەکانی من ناکەن، چونکە من بەبەراوورد لەگەڵ ئێوە، لەرووی تەمەنەوە، گەنجم و هاوبەشی ژیانی ئێوە نەبووم و بە ئەندازەی ئێوە کوێرەوەریم نەچێشتووە. ئێوە سەردەمی لاوی خۆتان لە کۆیلەتیدا بە سەربردووە، بەردەوام لەبەر تیشکی سوتێنەری خۆری ئەم وڵاتە، تەلارتان بۆ فیرعەون دروستکردووە و لێدانی قەمچی پاسەوانانتان چێشتووە. بەڵام من، تەنانەت یەك رۆژیش

هاوبەشی ئەو ژیانە نەبووم وکاتێك کە لاوانی قەومی ئێمە، لە کارگەکاندا، بەردتان بۆ پاشای میسر هەڵدەگرت و قوڕکاریتان دەکرد، من وەکو شازادەکانی میسر دەژیام.

من بیرم دەکردەوە کە ئێوە باوەڕتان بەوە نایە کە پیاوێکی وەکو من، کە هاوبەشی قەومی ئێمە نەبووە، هەموو ژیانی خۆی بە ئاسوودەیی بەسەربردووە و لەڕووی تەمەنەوە ناگاتەوە بەپلەی ئێوە، لەلایەن خواوەندی ئیبراهیم و یەعقووبەوە، بۆ ئەم راسپێرییە، هەڵبژێردرابێ. هەربۆیە بەخواوەندم گوت کە ئێوە باوەڕ بەقسەکانی من ناکەن و واوێنا دەکەن کەمن درۆ دەکەم. بەڵام خواوەند منی دڵنیا کردەوە و پێی گوتم کە لەهەموو جێگایەکدا لەگەڵ من دەبێ و پشتیوانیم لێدەکا.

من ئێستا لە بەرامبەر ئێوە دانی پێدا دەنێم کە لە ئێوە، لە هەمووتان بچووکترم و هەرگیز هاوبەشی ژیانی دەردەسەری و کارەساتەکانی ئێوە نەبووم. بەڵام خواوەند فەرمانی بەمن کردووە کە پێتان بڵێم ئەو بپەرستن و دەست لە خوایانی دیکە هەڵبگرن، چونکە پەرستنی خوایانی دیکە، هاوبەشی بۆ خواپەیداکردن و بت پەرستییە. لێرە بەدواوە خوای تاك و تەنیا، کەخوای ئیبراهیم و یەعقوبە و خوای ئێمەشە بپەرستن.

جارێکی تر، ریشسپیان بێدەنگ بوون تا ئەوەبوو یەکێك لەوان بەناوی ((کوراه)) گوتی: ئەی مووسا، کاتێك کە خواوەندی ئیبراهیم، خۆی پیشانی ئەودا، دەسەڵاتی دا بە ئیبراهیم. ئەو دەیتوانی ئەم جۆرە کاروکردەوانە ئەنجام بدا کە هیچ مرۆڤێك نەیدەتوانی ئنجامی بدا.

تۆش ئەگەر راست دەکەی و خواوەندی ئیبراهیم خۆی پیشانی تۆ داوە و رایسپاردووی کەبێیە میسر و بە ئێمە بڵێی کە خوای ئیبراهیم بپەرستین و لەگەڵ تۆدا بچینە لای فیرعەون دەسەڵاتی خۆت دەربخە و کارێك بکە، کە هیچ مرۆڤێك توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی نەبێ.

مووسا گوتی: ئێستا کارێك دەکەم کە بۆتان مسۆگەر ببێ کە من لەلایەن خواوەندی ئیبراهیم و یەعقوبەوە هاتووم. پاش ئەم قسەیە، مووسا وەکازەکەی خۆی فڕێدایە سەر زەوی و لە یەك ساتدا ئەو وەکازە بوو بەمارێکی سامناك و مار، مل و سەری خۆی بەرز کردەوە و وەکو ئەوەی کە چاو بە یەکەیەکەی ریشسپیانی قەومی ئیسرائیل دا بگێڕێ و بەزمانی حاڵ دەیگوت نازانم بەکامتانەوە بدەم.

لە حاڵێکدا کە ریشسپیانی قەومی ئیسرائیل لە تینوتاوی تۆقیندا نەیاندەتوانی بجووڵێنەوە، مووسا، دەستی درێژکرد و کلکی مارەکەی گرت و ئەو گیانلەبەرە ترسناکە لەنێو دەستیدا بووەوە بە وەکاز.



ریشسپیان کە تا ئەو کاتە ئامادە نەبوون مووسا بەنێردراوی خوا بزانن، سەریان بەزەوییەوە نا و گوتیان: ئەی خواوەندی ئیبراهیم، کە پاش ماوەیەکی دوورودرێژ ئێمەت وەبیرهاتەوە و دەتەوێ ئێمە لە زەلیلی رزگار بکەی، ئێمە تۆ دەپەرستین و تۆ بەخوای خۆمان دەزانین و لە مڕۆوە دەست لە خوایانی دیکە هەڵدەگرین.

بەڵام لەناو ریشسپیاندا، کوڕاه، ئامادە نەبوو کە گۆڕانی وەکازەکەی مووسا بەمار، بە بەڵگەی موجیزەی وی بزانێ و باوەڕ بەوە بهێنێ کە ئەو لەلایەن خوای ئیبراهیم و یەعقوبەوە هاتووە و گوتی: ئەگەر گۆڕینی وەکاز بەمار، موجیزە بێ و بەڵگەی ئەوەبێ کە مووسا لەلایەن خوای ئیبراهیم هاتووە، کەوابێ هەموو جادووگەرانی میسر، بەتایبەتی جادووگەرە گەورەکان، کە بۆ دڵخۆش کردنی فیرعەون لە کۆشکی پاشایەتی ویدا جادووگەری دەکەن، لەلایەن خوای ئیبراهیمەوە هاتوون.

لە کۆشکی پاشایەتی دا، جادووگەری لێ هەن کە دەتوانن مردوویەکی مۆمیاکراو، بهێننە قسەکردن و هەرکەسێك ئەو مردووە مۆمیایی کراوە دەبینێ باوەڕی دێ کە ئەو مردووە قسەدەکا.

لە دەرباری میسردا جادووگەری وای لێ هەن کە دەتوانن مس بگۆڕن بۆ زێڕ. دەتوانن لەناو ئاودا، ئاگری مەشخەڵدار بهێننە دەرەوە، دەتوانن هێلکەی مراوی بخەنە قاپێکەوە وپاش چەند ساتێك، لەنێو ئەو قاپەوە جووچکەی مراوی بهێننە دەرەوە.

گۆڕینی دار بەمار، لەلایەن ئەم جادووگەرانەوە، کارێکی ئاساییە.

مووسا ناتوانێ بەگۆڕینی دارەکەی خۆی بۆ مار، فیرعەون بترسێنێ و وای لێبکا رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی پیاوانی لاوی ئێمە بدا و واز لە کوشتنی منداڵانی کەم تەمەنی ئێمە بهێنێ. ئەمە کارێکە هەموو جادووگەرە بەتواناکان دەتوانن بیکەن. ئەگەر پاشای میسر، گۆڕینی داری بۆ مار نەدیتبێ، لەوانەیە گۆڕینی داری بۆ تیمساح دیتبێ.

مووسا گوتی: من موجیزەیەکی دیکەشم پێیە و پاش ئەوەی چووینە لای پاشای میسر ، بەو موجیزەیە تێیدەگەیەنم کە نێردراوی خوای ئیبراهیم و یەعقوبم.

کوراه پرسی: موجیزەکەی دیکەت چیە؟

مووسا گوتی: ئێستا پیشانتان دەدەم.

ئینجا دەستی بردە ژێر یەخەی کراسەکەی و پاش ساتێك هێنایە دەرێ و ریشسپیان بینییان دەستی مووسا سپی بووە و پوولەکەی هەروەکو پوولەکەی ماسی پێوەیە، ئەوان بەوەحشەتەوە هاواریان کرد: مووسا گول بووە.

مووسا گوتی: ئەگەر چەند ساتێك ئارام بگرن دەبینن ئەم دەستە کە لەبەرچاوی ئێوە دووچاری نەخۆشی گولی بووە، چاك دەبێتەوە. ئینجا دەستی بردە ژێر یەخەی کراسەکەی و ساتێك رایگرت و ئینجا دەستی داگرت، هەموویان بینییان کە رەنگی سپی و پوولەکەکانی دەستی نەمان و دەستی مووسا هەروەکو دەستی ئەوانیتری لێهاتەوە.

کوڕاه پێکەنی و گوتی: ئایا تۆ دەتەوێ بەم کارە فیرعەون بترسێنی؟ من واوێنا دەکەم کە فیرعەون لەم کارەی تۆ ناترسێ و رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئێمە نادا.

مووسا گوتی: من لەبەر ئەوەی یەقینم کە خواوەند منی راسپاردووە تا لەگەڵ ئێوەدا بچمە لای پاشای میسر، بێ ترس، دەچم و فەرمانی خواوەند بە پاشای میسر رادەگەیەنم.

کوڕاه گوتی: تۆ دوای ئەوەی دەچییە لای پاشای میسر چی پێ دەڵێی؟

مووسا گوتی: فەرمانی خوای ئیبراهیم و عقوب و خوای خۆمانی پێڕادەگەیەنم و دەڵێم دەبێ رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی پیاوانی لاوی ئێمە، کە لەکارگەکانی بینا دروست کردندا خەریکی کارکردنن، بدا. ئێوەش کە لەگەڵ مندا دێنە کۆشکی پاشایەتی میسر، هەڵسوکەوتی من دەبینن و گوێتان لە قسەکانم دەبێ.

کوڕاه گوتی: من پێشبینی دەکەم کە پاش ئەوەی تۆ بە پاشای میسر دەڵێی کە دەبێ پیاوانی لاوی ئێمە ئازاد بکا، ئەو فەرمانی کوشتنی هەمموومان دەردەکا.

مووسا گوتی: گریمانەکێ ئەو فەرمانی کوشتنی هەمموومان دەردەکا، ئەوفەرمانە جێبەجێ نابێ، چونکە خوای ئیبراهیم و یەعقوب لەگەڵ ئێمەیە و ناهێڵێ حوکمی پاشای میسر جێبەجێ ببێ.

کوڕاه گوتی: تۆ کە ئەوەندە متمانەت بە پشتەوانی خوای ئیبراهیم و یەعقوب هەیە، بۆچی دەتەوێ ئێمە لەگەڵ خۆتدا ببەی و گیرۆدەی مەترسیمان بکەی؟

تۆ لەگەڵ نوون، بچۆ بۆ کۆشکی پاشایەتی و هەرچی دەتەوێ بە فیرعەونی بڵێ. دوای ئەوەی گوێی لەقسەکانت دەبێ، تۆ و نوون رووبەڕووی توورەیی فیرعەون دەبن و دەکوژرێن و پاشای میسر ئێمە ناکوژێ.



ریشسپیان ئەم تیورییەیان پەسندکرد و گوتیان قسەکەی کوڕاه قسەیەکی ئاقڵانەیە. ئەگەر فیرعەون تووڕە بوو تەنیا دووکەس دەکوژرێن نەك هەموو قەومی ئیسرائیل.

مووسا گوتی: زۆر باشە من لەگەڵ نوونی برام دەچمە لای پاشای میسر ، فەرمانی خواوەندی پێڕادەگەیەنم. دوای ئەو قسەیە، کۆبوونەوەی بەساڵداچووان کۆتایی هات. ئینجا هەموویان لەبێشەڵان گەڕانەوە و مووسا و نوون، لەگوندێك کە تیرەی لاوی تێدا دادەنیشتن، مزڵیان گرت.

مووسا، لەژنەکانی ئەو گوندە سۆراخی کرد تابزانێ ئایا بەم زووانە منداڵی کام لەوانیان بۆ پاشای میسر بردووە.

مووسا بۆی دەرکەوت کە لەپەنجا رۆژ پێشتر تا ئەو رۆژە، کەس بۆ بردنی منداڵی ئەوان نەهاتووە.

نوون گوتی: دیارە فیرعەون تیرەی لاوی فەرامۆش کردووە هەربۆیە سەربازانی خۆی بۆ بردنی منداڵانی ئەوان نەناردووە.

مووسا گوتی: پاشای میسر، نازانێ تیرەی لاوی لەکوێ دادەنیشێ، بەڵام دەورو پشتەکەی دەزانن. هەر ئەوانیشن کە منداڵانی کەم تەمەنی قەومی ئێمە بۆ چارەسەری نەخۆشی رامسیسی دووەم، هەڵدەبژێرن. ئەوانە هیچ کام لە دوازدە تیرەکەی ئێمە فەرامۆش ناکەن. من پێم وایە کە رامسیسی دووەم، لە نەخۆشییەکەی چاك بۆتەوە و رزگاری بووە و ئیتر پێویستی بەخوێنی منداڵانی کەم تەمەنی ئێمە نییە.

بەڵام واقیع ئەوەبوو کە رامسیسی دووەم ئیتر لەژیاندا نەمابوو تا خوێنی منداڵانی بچووك بۆ چارەسەری نەخۆشی خۆی، کە ئەمرۆ دەزانین ئەو نەخۆشییە جۆرێك لە نەخۆشی ئەگزیما بوو، بەکاربهێنێ.

رامسیسی دووەم کە خۆی بەخوا دەزانی و ناونیشانی رەسمیی وی، فیرعەون بوو، وەکو هەرتاکێکی ئاسایی لە مرۆڤ، ماڵئاوایی لەژیان کرد و لاشەکەیان مۆمیاکرد و ناشتیان. بەڵام نەمووسا ئاگای لە مردنی پاشای میسر بوو و نەدانیشتووانی سەرزەوینی کۆش.

لە ریوایەتە مەزهەبییەکانی عیبرانییەکان، رووداوی مردنی رامسیسی دووەم باسی لێوەکراوە، بەڵام لە مەسەلەی رزگاری قەومی ئیسرائیل ، بایەخیان بۆ ئەو رووداوە دانەناوە، چونکە

ئەگەر بایەخیان بۆ مردنی پاشای خاوەن دەسەڵاتی میسر دابنایە، رۆڵی مووسا لە مەسەلەی رزگارکردنی قەومی ئیسرائیل و بردنەدەرەوەی ئەوان لەمیسر، کەم بایەخ دەبوو.

رامسیسی دووەم، مووسای بەباشی دەناسی و دەیزانی کە ئەو پاسەوانێك و ژمارەیەك سەربازی ئەوی کوشتووە و مستەهەقی سزادانە. بۆ پاشایەکی وەکو رامسیسی دووەم کە خۆی بەخوا دەزانی، کوشتنی پاسەوانێك بێ بایەخ بوو و ئەوەی ئەو پاشایەی دەرهەقی مووسا تووڕەکرد ئەوەبوو کە مووسا نەیدەویست ژێر فەرمانیی پاشای میسر بکا. مووسا وەکو کەسانیتر، خۆی لە پەیڕەوانی ملکەچی ئەو نەدەزانی.

بینینی مووسا، بیرەوەری ناسازی لە مۆژەی رامسیسی دووەمدا، وریا دەکردەوە و بەبیری دێنایەوە کە دایکی مووسا (دایکی رواڵەتی) ئاتوونی دەپەرست و دەیەویست کوڕەکەی بە ئایینی ئاتوون پەرستی گەورە بکا. بەڵام بەرنامەی تایبەت بە پەروەردە کردنی مووسا، بووە بەرهەڵستی ئەوەی کە مووسا لەمنداڵیدا ببێتە ئاتوون پەرست. هەروەکو باسمان کرد — پاش ئەوەی کە گەورە بوو ئیمانی بەخوای نەبینراو و تاك و تەنیا هێنا. هەرکات رامسیسی دووەم، مووسای دەبینی، بەبیری دەهاتەوە کە ئەو، لە گواستنەوەی پایەی بەردو بنەکەی بۆ پایتەخت، بەرهەڵستی ئەوی کردووە و بەوی گوتوە کە ئەو سەد هەزار کرێکارەی کە دەیەوێ بەگژ ئەو کارەیەوە بنێ، بیخاتە کارێکەوە کە سوودی بۆ میللەتی میسر تێدابێ.

رامسیسی دووەم کە چاوی بە مووسا دەکەوت، بەبیری دەهاتەوە کە ئەوی بۆ سەرزەوینی کۆش نارد تا لەوێ لەناوبچێ، بەڵام مووسا لەوێ گەڕایەوە و دیسانەوە لە پایتەخت نیشتەجێ بوو.

پاشای نوێی میسر بەناوی (( مەنەفتە )) هیچ کام لەو شتانەی لەبارەی مووساوە لە بیرنەبوو. مۆژەی (( مەنەفتە )) پاشای نوێی میسر، لەبارەی مووساوە، بێلایەن بوو و نەیدەویست مووسا دەستگیر بکا یان بیکوژێ.

تا ئەو رۆژەی کە رامسیسی دووەم لە ژیاندابوو، سەربازەکانی بە دووای مووسا دا دەگەڕان و دەیانویست بیبەنە لای فیرعەون. بەڵام پاش مردنی رامسیسی دووەم، دەست لەگەڕان بە دووای مووسا دا، هەڵگیرا. هەربۆیە مووسا بێ ئەوەی کە تووشی تەنگەتاوکردن ببێتەوە، توانی لەسەرزەوینی کۆشەوە بچێتە پایتەخت.

کاتێك مەنەفتە لەجێگای رامسیسی دووەم لەسەرتەختی پاشایەتی دانیشت، ببوو بە پیاوێکی بەساڵدا چوو.



چۆنیەتی پاشایەتی مەنەفتە ، لەوڵاتی میسر، کە شازادەیەکی پیر بوو، بەسەرهاتێکی درێژە و ئێمە لەبەسەرهاتی مووسا دوور دەخاتەوە.

زانیمان کە رامسیسی دووەم، کوڕی فرە زۆری هەبوون. یەکێك لەو کوڕانە (بەرواڵەت) مووسا بوو. هەروەها زانیمان کە ئەو دەیویست مووسا بکا بەجێنشینی خۆی، چونکە تەماشای دەکرد کە مووسا لەڕووی قەڵافەت و بەژن و باڵاوە، لە هەموو شازادەکانی میسر باڵاترە.

بەڵام چونکە مووسا، خوای نەبینراوی دەپەرست و باوەڕی بەخوایانی میسری نەبوو، رامسیسی دووەم ئەوی بۆ جێینشینی خۆی هەڵنەبژارد و هیچ کام لەکوڕەکانیشی نەگەیشتنە پاشایەتی و مەنەفتە بوو بەپاشای میسر.

مەنەفتە ، کە پاشان، دوای رامسیسی دووەم بوو بە پاشای میسر دووچاری کۆمەڵە گرفتێك هات کە دەسەڵاتدارێکی بچووك، پاش ئەوەی جێگای دەسەڵاتدارێکی گەورە و بەهێز و خاوەن ئیرادە دەگرێتەوە، تووشی دەبێت.

لە دەرەوەی میسر، ئەو پاشایانەی کە لەرامسیسی دووەم دەترسان، سەریان بەرز کردەوە و هێندێکیان بوون بەهاودەستی یەك تا هێرش بهێننە سەر میسر و ئەو وڵاتە داگیر بکەن و سامانی میسر، لەنێو خۆیاندا دابەش بکەن.

لەناوەوەی میسر، دەنگی کۆیلەکان بەرزبۆوە، بەڵام نەك بۆ ئەوەی ئازاد بن چونکە بەدەسهێنانی ئازادییان بەکارێکی دوور لە ئەقڵ و بەمەحاڵ دەزانی. بەڵام دەیانگوت کە دەبێ کەمتر کاریان پێ بکرێ، خواردنی باشتریان بدرێتێ و لە جێژنە مەزهەبییەکاندا ئازادیان بکەن تا بە ئەرکی مەزهەبیی خۆیان هەڵبستن.

مەنەفتە، وەکو هاوتا پێشینەکەی خۆی، رامسیسی دووەم، ئەویندار دروستکردنی تەلاری بەردین نەبوو. تەنیا دەیویست ئارامگایەکی گەورە بنیات بنێ. ئەو دەیویست ئارمگایەکەی بەجۆرێك بێت کە هەرگیز وێران نەبی. کۆتەڵی بەردینی وی، دەبێ لەبەردی رەش بتاشرێ و لەسەر ئەو ئارامگایە دابنرێ.

هەرکە مەنەفتە گەیشتە پاشایەتی، دەستی کرد بە دروستکردنی ئارامگای خۆی، چونکە پێش ئەو مێژووە، سەرمایەی دروستکردنی ئارامگایەکی ئاوا گەورە نەبوو کە هەزاران ساڵ بمێنێتەوە و وێران نەبێ.

لەبەر ئەوەی مەنەفتە وەکو رامسیسی دووەم، ئەویندارى بنیاتنانى تەلارى بەردین نەبوو، هێندەی وی پێویستی بەکۆیلە نەبوو. هەربۆیە کاتێك کۆیلەکان گوتیان کەدەبێ لەماوەی کارکردنیان کەم بکرێتەوە و خواردنی باشتریان بدرێتێ و لەجێژنە مەزهەبییەکاندا مۆڵەتیان بدرێتێ، پاشای نوێی میسر، وەڵامی نەرێنی نەدایەوە و گوتی با کۆیلەکان ئارام بگرن تاکو فەرمانی خۆی دەردەچێ.

مەنەفتە ، تێدەگەیشت کە بوونی گروپێکی ناڕازی و نائومێد، لەناوەوەی میسر، لەکاتی هێرشی دوژمنانی دەرەکی، مەترسییەکی گەورە پێکدەهێنێ. چونکە یان دوژمنانی دەرەکی هەوڵ دەدەن ئەو گرووپە بۆ لای خۆیان رابکێشن، یان کۆیلانی نائومێد بوو، دەستی یەکێتی بۆ لای دوژمنانی دەرەکی درێژدەکەن. جا باشتروایە داخوازیی کۆیلەکان یاخود بەشێك لەداخوازییەکانیان، قبوڵ بکرێ. ئەم بابەتە لەرووی مێژووییەوە، دووەمین فاکتەری سەرکەوتنی مووسا بوو لەمیسر. مەنەفتە ، پێشبینی دەکرد کە ئەگەر قەومی ئیسرائیل ئازاد نەبێ، لەکاتی هەڵمەتی پاشاکانی دەرەوە بۆ سەر میسر، ئەو قەومە شۆڕش بەرپادەکەن.

زانا روحانییەکانی یەهود، ئەم بابەتەشیان بە بەبێبایەخ زانیوە، چونکە ئەوان هەوڵیانداوە وای پیشان بدەن، کە مووسا، تەنیا بە هێزی پێغەمبەریی خۆی، توانیویەتی قەومی ئیسرائیل لەمیسر بەرێتە دەرەوە، کاریگەریی فاکتەرەکانی تر لەم رووداوەدا، کاریگەرییەکی لاوەکی بوو.

ئەگەر رامسیسی دووەم پاشای میسر بووایە و وڵاتەکەی بکەوتبایە بەر پەلاماری هێرشی دەرەوە، پێشبینی بکردبایە کە کۆیلەکان، لەسەروبەرندی نزیکبوونەوەی دوژمنانی دەرەوە، لەناوەوەی وڵاتەکە شۆڕش بەرپا دەکەن، هەموویانی دەکوشت. بەڵام مەنەفتە ، پاشای نوێی میسر، ئەو ئازایەتی و ئیرادەیەی تێدانەبوو.

دوای ئەوەی مووسا و نوون، چوونە ناو پایتەخت، چوونە کۆشکی پاشایەتی. لەوێ هەواڵیان گەیاند کە دوو نوێنەر لەلایەن قەومی ئیسرائیل لە دانیشتووانی سەرزەوینی کۆش هاتوون و دەیانەوێ چاویان بە مەنەفتە بکەوێ تا داخوازی قەومی ئیسرائیل بە پاشا بگەیەنن.

مەنەفتە مۆڵەتیدا چاوی پێیان بکەوێ بەڵام نەك لەتەلاری دیداری گشتی کۆشکی پاشایەتی بەڵکو لە کارگەیەکی بەردتاشینی کۆتەڵ سازێك، کەلەوێ خەریکی تاشینی کۆتەڵی مەنەفتە بوو لەبەردی رەش.



نەریتی پاشاکانی میسر وابوو کە لەتەلاری دیداری گشتی کۆشکی پاشایەتی، لە حاڵێکدا کە لەسەر تەخت دادەنیشتن، چاویان بەخەڵك بکەوێ تا شکۆی تەلار و سام و هەیبەتی خۆیان بەجل وبەرگی پاشایەتییەوە، شوێنەواری خۆی لەسەر ئامادەبووان دابنێ.

بەڵام ئەوانەی لەتەلاری دیداری گشتی پێشوازی دەکران، لەگەورەپیاوان بوون و هەرگیز کۆیلەیەك لەتەلاری دیداری گشتیدا، قبوڵ نەدەکرا.

کاتێك هەواڵیان بە پاشا گەیاند کە دوو کەس لەقەومی ئیسرائیل هاتوون و دەیانەوێ چاویان بەوبکەوێ، پاشای میسر بیری کردەوە کە ئەم دووانەش وەکو کەسانیتری قەومی ئیسرائیل ، کۆیلەن و ئەوانی بە شایستەی ئەوە نەزانی کە لە تەلاری دیداری گشتی کۆشکی پاشایەتی چاوی پێیان بکەوێ. ئەوەبوو گوتی بابێنە کارگەی کۆتەڵ تاشی.

پاشای میسر ، هەموو رۆژێك دەچووە کارگەی کۆتەڵ تاشی و کاتژمێرێك لەو کارگەیە دادەنیشت تا کۆتەڵ تاش بتوانێ بەشێکی تر لەکۆتەڵی وی، بەوجۆرەی کە شێوەی هاوچوونی ئەوی هەبێ، بتاشێ.

فیرعەونی میسر لەوکاتەدا بە ساڵدا چوو بوو. چرچی و لۆچی لەرووخساریدا دەبینرا، بەڵام کۆتەڵ تاش، ئەو چرچی و لۆچانەی لەسەر بەردەکە بەرجەستە نەدەکرد. دەیزانی کۆتەڵی پاشای میسر دەبێ پاشا بەلاو پیشان بدا. هەربۆیە لەنێو هەموو پاشاکانی میسر، کە لەو وڵاتەدا کەتۆتە بەردەست، یەك کۆتەڵیش نابینرێ، کە وەکو پیر بکەوێتە بەرچاوی تەماشاکار. هەربەوهۆیەشەوە بوو هێندێك لە کۆتەڵەکانی پاشاکانی میسر، بەڕادەیەك لە یەکتری دەچن کە مرۆڤ وا وێنا دەکا هەریەکێکن. ئەم لێکچوونانە لەوەڕا هاتووە کە هەموو کۆتەڵ تاشانی میسر، لەسەردەمە جیاجیاکاندا، وا راسپێردرابوون کە کۆتەڵی پاشایانی میسر، بەجۆرێك بتاشن کە ئەوان بەلاو بخاتە پێش چاو.

مەنەفتە، کە هەموو رۆژێك دەچووە کارگەی بەردتاشی و لەبەرامبەر کۆتەڵ تاشدا دادەنیشت، لەگەڵ ئەودا قسەی نەدەکرد مەگەر لەبارەی تاشینی کۆتەڵەکە بووایە، چونکە پلەی فیرعەون ئەوەندە گەورە بوو کە نەیدەتوانی بایەخ بۆ کۆتەڵ تاشێك دابنێ و لە دەرەوەی چوارچێوەی پێویستی، لەگەڵ ئەودا ئاخاوتن بکا.

مەنەفتە، هەروەکو هاوتا پێشینەکەی، رامسیسی دووەم، خوای کۆنی میسر، ئاموون و خوایانی بچووکتری دەپەرست و ئەویش هەروەکو رامسیسی دووەم، رقی لە ئاتوون و ئاتوون پەرست دەبۆوە و ئاتوون پەرستانی بەمستەحەقی کوشتن دەزانی.

لەنێوان رامسیسی دووەم و مەنەفتە ، سەرەڕای ئەوەی کە هەردووکیان خواکانی میسریان دەپەرست، جیاوازییەك هەبوو کە ئەویش ئەوە بوو، کە رامسیسی دووەم پیاوێکی خاوەن هۆش بوو و تێدەگەیشت کە پەرستنی خوایانی کۆنی میسری بەقازانجی ئەوە. چونکە بەو رێگەیە دەیتوانی میسرییەکان بە خوڕافەپەرستی تووشی خامۆشی و مات بوون بکا و بۆ ئاسوودەیی و دەسەڵات و سامانی خۆی، سوودی لێوەربگرێ. بەڵام مەنەفتە، ئەو هۆشەی رامسیسی دووەمی نەبوو. ئەو بەڕاستی خوایانی کۆنی میسری، لە بابەتی ئاموون و ئەوانیتری دەپەرست.

مووسا و نوون، بەڕێنوێنی خزمەتکارانی فیرعەون چوونە ناوکارگەی کۆتەڵتاشی، بەریٚ و رەسمی میسرییەکان، رێزنواندنیان بەجێ هێنا. بە ئاماژەی مووسا، نوون دەستی بەقسەکردن کرد و گوتی: ئەی فیرعەون ئێمە لە نوێنەرایەتی قەومی ئیسرائیلەوە هاتووین بابەتێك بەتۆ بڵێین. بەڵام پێش ئەوەی ئەو بابەتە بەتۆ رابگەیەنین دەبێ بڵێین کە بێ گوێدانە ئەو قانوونەی کە لە میسر فەرمانڕەوایە، ئێمەیان کردووە بە کۆیلە.

فیرعەون گوتی: ئێوە ئەسیری جەنگ بوون و بەپێی قانوون، ئەسیرانی جەنگ دەبن بەکۆیلە.

نوون گوتی: ئەی فیرعەون ئێمە ئەسیری جەنگ نەبووین، بەڵکو بەبێ جەنگ بەرەزامەندی پاشای میسر ، هاتینە ناو ئەم وڵاتەوە.

ئێمە کەسانێکین کە یەکێك لە باپیرانی ئێمە بەناوی (یوسف)، میللەتی میسری لە قات و قڕی، کە قات و قڕی حەوت ساڵە بوو، رزگار کرد. ئەگەر ئەو نەبووایە، بەتەگبیر و دووربینی خۆی دانەوێڵەی عەمبار نەکردبایە، هەموو پیاوانی میسر، لەو حەوت ساڵە کە قات و قڕی بوو، مردبوون.

ئێمە ئەسیری جەنگ نەبووین و دوای ئەوەی بەرەزامەندیی پاشای میسر ، هاتینە ناو میسر و بە ئێمەیان گوت کە لە سەرزەوینی کۆش نیشتەجێ ببین. ئێمەش لەوێ بنەجێ بووین، لەناکاو سەربازانی پاشای میسر ، هاتنە کۆش و بەپێچەوانەی ئەو قانوونەی کە چەندین سەدەیە لەو وڵاتەدا بەڕێوەدەچێ، پیاوانی ئێمەیان بەکۆیلە برد.

قانوونی میسر دەڵێ کە ناتوانرێ هیچ کەسێك بکرێتە کۆیلە، مەگەر لە حالێکدا کە ئەسیری جەنگ بێ یان قەرزار بێ یان لە ئایینی ئاموون هەڵگەڕێتەوە و ئاینێکی دیکە قبوڵ بکا. ئەم بەشەی دواییان تەنیا ئەو میسرییانە دەگرێتەوە کە ئایینی ئاموونیان هەیە، ئەو بیانییانەی کە دێنە میسر، ئەگەر ئایینی ئاموون نەپەرستن، ئەم قانوونە نایانگرێتەوە و کەس



ئەوان بەکۆیلە نابا. گەرچی ئێمە ئاموونمان نەدەپەرست، بەڵام لەبەر ئەوەی بیانی بووین نەدەبووایە ئێمە بەکۆیلە ببەن.

نوون لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی:

لەزەمەنی پاشایەتی پاشای پێشوودا، کە ئێستا لە دنیای رۆژئاوایە، زوڵمێکی دیکەش بەسەر ئێمە هات، کە ئەویش ئەوەبوو، کە منداڵانی ئێمەیان لە دایکیان جیادەکردەوە و دەیانکوشتن تا خوێنەکەیان لە لەشی رامسیسی دووەم هەڵبسوون و ئەوی پێ چارەسەر بکەن.

لە ئاکامی ئەو زوڵم و زۆرییە، خواوەندی باوباپیرانی ئێمە، مانای خوای تاك و تەنیای ئیبراهیم و یەعقوب، بەزەیی بە ئێمەدا هاتەوە و لە کێوی سینا بۆ مووسا دەرکەوت (لەو کاتەدا نوون بەپەنجە ئاماژەی بۆ مووساد کرد) و فەرمانی پێکرد کەبچێتە لای ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل و پێیان بڵێ کە پێکەوە بچنە لای پاشای میسر و داوای لێبکەن کە کۆیلەکانی ئیسرائیل لەکارگەکانی بینا دروست کردن و جێگاکانی تر ئازاد بکا تا بتوانن بڕۆنە سەرزەوینی کۆش. ئینجا هەموو قەومی ئیسرائیل لەوێ یچنە دەرەوە و بڕۆنە بیابان و خەریکی پەرستنی خوای تاك و تەنیا، کە خوای ئیبراهیم و یەعقووب و ئیستا کە خوای ئێمەیە، بن.

فیرعەون (( مەنەفتە )) بەبیستنی قسەکانی نوون بەجۆرێك سەرسام بوو کە چاوەکانی ئەبڵەق بوون. لەبەر ئەوەی لەو رۆژەوە کە پاشاکان لە وڵاتی لەمیسر، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوون تا دەگاتە ئەو رۆژە، وارێك نەکەوتبوو کە نوێنەرێك یان چەند نوێنەرێك لە کۆیلەکان لەبەرامبەر فیرعەون دا بەمجۆرە قسەبکەن.

گەرچی جاری واهەبوو کە نوێنەرانی کۆیلەکان چاویان بە فیرعەون دەرکەوت، بەڵام داخوازییەکانی ئەوان هەمیشە پەیوەست بوو بەوەی کە ماوەی کارکردن کەم بکرێتەوە و خواردنی باشتریان بدرێتێ. هەرگیز کەس گوێی لەوەنەبوو کە نوێنەرێك یان نوێنەرانی کۆیلەکان، چاوی بە فیرعەون بکەوێ و داوای ئەوەبکا کە کۆیلەکان ئازاد بکەن.

خاڵێکی دیکەی سەرسامهێنەر ئەوەبوو کە ئەم دووکۆیلەیە، شکاتی ئەوەیان دەکرد کە فیرعەونی پێشوو، منداڵانی کەم تەمەنی ئەوانی دەکوشت تا خوێنی ئەو منداڵانە لە لەشی بدا و نەخۆشی خۆی پێ چارەسەر بکا.

لەحاڵێکدا ئەگەر فیرعەونی پێشوو هەموو دانیشتووانی میسری بە پیاو ژن و منداڵەوە بکوشتبایە، تا بەخوێنی ئەوان نەخۆشی خۆی چارەسەر بکا، کەس مافی شکاتکردنی نەبوو. (ئەگەر

کەسێك بمابایە)، چونکە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی فیرعەون، کوشتنی سەدەها هەزار لە پیاو و ژن و منداڵ، کارێکی شیاو بوو.

خاڵی سێیەم کە لە روانینی فیرعەون دا زۆر سەیر دەهاتە پێش چاو، ئەوە بوو کە بەوێنای ئەو، ئەم دووانە لەبارەی ئاتوونەوە قسەیان دەکرد.

گەرچی نوون ناوی ئاتوونی نەبرد بەڵام چونکە ناوی خوای تاك و تەنیای برد، ناوی ئاتوون بەمۆژەی فیرعەون دا رادەبوورد، چونکە لەمیسر، خوای تاك و تەنیایان بەناوی ئاتوون نادەبرد. فیرعەون لە ئازایەتی ئەم دووانە حەپەسابوو کە چۆن توانییان لەبەردەمی ئەودا لەبارەی ئاتوونەوە قسە بکەن و بڵێن کە قەومی ئیسرائیل ئازادی دەوێ تا بچێتە بیابان و ئاتوون بپەرستێ.

رووخساری فیرعەون بەبیستنی قسەکانی نوون بەجۆرێك سوورهەڵگەڕا کە کۆتەڵ تاش، کە هەرگیز لەگەڵ فیرعەون دا قسەی نەدەکرد (مەگەر لەبارەی پرسی تاشینی کۆتەڵەکەوە بووایە) گوتی: ئەی پاشا، ئایا بڵێم کە پاسەوانان بابێن؟

فیرعەون ئاماژەی کرد کە نەخێر، ماوەیەك ئارامی گرت تا تووڕەییەکەی هێور دەبێتەوە، دوای ئەوەی کە رووخساری ئاسایی بۆوە، لە مووسای پرسی: ناوی ئەو خوایە چییە کە قسەی لەگەڵدا کردی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: یاهوو

فیرعەون پرسی: ئایا یاهوو بەردەوام قسەت لەگەڵدا دەکا؟

مووسا وەڵامیدایەوە : هێندێك جار قسەم لەگەڵدا دەکا و دواین جاریش لەکێوی سینا قسەی لەگەڵدا کردووم.

فیرعەون پرسی: من بەدروستی تێنەگەییشتم کە هاورێکەت چی گوت و تۆ گوتەی یاهوو دووبارە بکەرەوە.

مووسا گوتی: ئەم پیاوە کە برای منە گوتی کە یاهوو فەرمانی بەمن داوە کە بێمە لای تۆ و داوا بکەین کە فەرمانی ئازادی قەومی ئیسرائیل دەربکەی تا ئەوان بتوانن لەگەڵ ژن و منداڵی خۆیان بچنە بیابان و لەوێ یاهوو بپەرستن.

فیرعەون پرسی: ئایا بۆ پەرستنی یاهوو بەجۆرێکی حەتمی هەردەبێ برۆنە بیابان، ئایا ناتوانن هەر لەو جێگایە یاهوو بپەرستن؟

مووسا گوتی: خوا لەهەمموو جێگەیەکە و لە هەمموو جێگەیەکدا دەتوانرێ خواپەرستی بکرێ، بەڵام فەرمانی خوای ئێمە ئاوایە، ئەو گوتی کە قەومی ئێمە بۆ خواپەرستی دەبێ بچنە بیابان.



فیرعەون بێدەنگ بوو و دووپاسەوان کە لە دوو لای دەرگای کارگەی کۆتەڵتاشی راوەستابوون، خۆیان ئامادە کرد تا فەرمانی فیرعەون بۆ دەستگیرکردنی ئەم دوونەفەرە دەسبەجێ جێبەجێ بکەن.

لەدەرەوەی کارگەکەش ژمارەیەك پاسەوان هەبوون، ئەگەر فیرعەون فەرمانی گرتنی ئەو دوو کەسەی بدایە، ئەوا ئەوانیش یارمەتی ئەو دوو پاسەوانەی بەر دەرگایان دەدا. بەڵام فیرعەون فەرمانی گرتنی دەرنەکرد و بە مووسای گوت: برۆ و بەخوای خۆت بڵێ کە من کۆیلەکانی ئیسرائیل ئازاد ناکەم و رێگا نادەم کە ئیسرائیلییەکان لەم وڵاتە برۆنە دەرەوە تاکو بچن لە بیابان تۆ بپەرستن. پاش ئەم قسەیە، فیرعەون بەدەست ئاماژەی کرد کە برۆنە دەرەوە، مووسا و نوون، لەکارگەی کۆتەڵتاشیی چوونە دەرەوە.

ئەگەر رامسیسی دووەم زیندوو بوایە و پاشای میسر بووایە، مووسا و نوون لەو کارگەیە نەدەچوونە دەرەوە. فیرعەون جەللادی بانگ دەکرد و لەهەمان کارگەدا ئەو دوو نەفەرەی دەکوشت. بەڵام (( مەنەفتە )) — بەرواڵەت تووندوتیژیی و بێبەزەیی رامسیسی دووەمی تێدانەبوو، هەربۆیە بەوەندە کۆتایی پێ هێنا کە پێیان بڵێ داواکەیان قبوڵ ناکا[٢١]

دوای ئەوەی کە مووسا ونوون لەکارگەی کۆتەڵ تاشیی چوونە دەرەوە، فیرعەون گوتی: سەرۆکی تەلارسازان بابێ. سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتییان هێنایە لای فیرعەون.

مەنەفتە بەوپیاوەی گوت: لەمڕۆوە ئاستی کارکردنی کۆیلەکانی قەومی ئیسرائیل ، دەبێ زیاتر بێ، ئەگەر ئەوان بەرد هەڵدەگرن، دەبێ لەمەودوا لەجاران زیاتر بەرد هەڵبگرن، ئەگەر خشت لێدەدەن، لێرە بەدواوە دەبێ خشتی زیاتر لێبدەن، ئەگەر کات نەماوە بیان نێرە تا کا بێنن و دەبێ بۆ ناردنی ئەوانیش پاسەوانیان لەگەڵدا بنێری تاکو هەڵنەیەن.

لەمیسر دوو جۆر کا، لەکاری بیناکردندا کەڵکی لێ وەردەگیرا: یەکێکیان کای کێڵگەکانی گەنم بوو، کە پاش هەڵگرتنی دانەوێڵە، بۆ ئەمبارەکان دەگوازرایەوە و ئینجا لە ئەمبارەکانەوە بۆ

(٢١) فیرعەون، لەوانەیە لەسەرەتای فەرمانڕەواییدا بەرواڵەت، بێبەزەیی و سەرسەخت نەدەهاتە بەرچاو، بەڵام بەزوویی دەرکەوت کە ئەویش (فیرعەون) ێکە. ئەگەر فەرمانڕەوایانی تر بەتیغ و بە یەك زەربەی شمشێر، سەریان دەپەڕاند، ئەمیان بەلۆکەو بەشێنەیی ئەم کارەی دەکرد. مانای ئەویش وای بیردەکردەوە کە هەور و با و مانگ و خۆر و فەلەك بۆ ئەوە لەکاردان تا بەیەك ئاماژەی ئەو، چارەنووسی هەزاران هەزار مرۆڤی بێ گوناه بەو جۆرە کە بە ئارەزووی ئەو زۆردارەیە، بکوژێننەوە. لەواقیعدا (هەروەکو دوای ئەوە ئاشکرا بوو) مەنەفتە لەو رۆژەدا، هەروەکو زۆرێك لەخاوەن جەبەروت و زۆرداران کە لە مێژوودا وێنەیان کەم نییە، لە بەرامبەر ئازایەتی، بەرهەڵستی و هێزی ئیمانی مووسا، ناچار بوون پاشەکشێ بکەن.

کارگەکانی بیناکردن دەگوازرایەوە. جۆری دووەم کایەك بوو کە لە جۆرە گیایەك وەردەگیرا پێی دەگوترا گەنمی کێوی، بەدەست دەهات. ئەو گیایە ئەمڕۆش لەلێوارەکانی رووباری نیل سەوز دەبێ.

تۆوی ئەوگیایە بۆ خواردن نەدەشیا، بەڵام لەلاسکی گەنمی کێوی، بۆ کاری بینا کردن بەکاریان دەهێنا. ئەو کایەیان لەگەڵ گڵدا تێکەڵاو دەکرد تاقوڕەکە مەحکەمتر ببێ و درز نەبا.

لەوتەلارانە کە بۆ رامسیسی دووەم دروستیان دەکردن، زۆر بەکەمی کایان تێدا بەکار دەهێنا چونکە هەموو تەلارەکان بەبەرد دروست دەکران. ئارامگای فیرعەون ( مەنەفتە ) شیان بە بەرد دروست دەکرد و کایان تێدا بەکارنەدەهێنا مەگەر زۆر بەکەمی نەبووایە. سەرۆکی تەلارسازانی پاشایەتی گوتی: ئێمە بەبڕێکی زۆر کا بەکار ناهێنین، بەڵام دەتوانین هەموو کارەکانی تری کۆیلە ئیسرائیل زیاتر بکەین.

مەنەفتە گوتی: ئەگەر ئاستی کاری ئەوان زیاتر بێ، بیر لەوە ناکەنەوە لەم وڵاتە بڕۆن، تا بچن لە بیابان خوای خۆیان بپەرستن.

پاشان، فیرعەون فەرمانی کرد کە بەشێك لە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کە تا ئەوکاتە لەکارگەکانی بینا کردندا کاریان دەکرد، بگوازنەوە بۆ کێڵگەکان تا لە کێڵگەکانی ئاموون بەئامووریان ببەستنەوە و زەوی بکێڵن. هەروەها بە حوکمی فەرمانی فیرعەون بڕیار درا کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان بەو گالیسکانەوە ببەستنەوە کە بەردیان تێدا بارکراوە، تا لە جیاتی چوارپێ کەڵکیان لێ وەربگرن. هەروەها کار بە ژن و منداڵەکانیان، کە تا ئەو رۆژە لە سەرزەوینی کۆش دەژیان، بسپێرن.

وەزعی کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، لەو رۆژەوە بە دواوە، خراپتر بوو. بەفەرمانی فیرعەون (سەرۆکی تەلارسازان) بڕی کارەکانی ئەوانی زیاتر کرد و بەشێك لە کۆیلەکانی بۆ مەزراکانی ئاموون، خوای گەورەی میسر، گواستەوە. مەزراکانی ئاموونیش مەزرای پەرستگاکان بوون کە لە میسر بەناوی ئاموون خوای گەورەی میسرییان، دروست کرابوون.

کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، بەلەشێکی نیوەڕووت و ریشێکی درێژ و قژێکی تێکوپێك ئاڵقاوی درێژەوە، هەر لەسپێدەی بەیانییەوە تادەمی شێوان، لەکێڵگەکاندا، بەئاموورەوە دەبەسترانەوە و زەوییان دەکێڵا. لەبەر ئەوەی یەك نەفەر و دوو نەفەر نەیاندەتوانی گاسنەکە بجوولێنن، چەند کۆیلەیەکیان پێکەوە بەئاموون دەبەستەوە و زەوییەکەیان دەکێڵا. ئەگەر کۆیلەیەکیش لەڕووی بێتوانایی یان نەخۆشییەوە، رادەوەستا، بەلێدانی قەمچی دەیانخستەوەڕێ تا ئەو دەمەی بەتەواوی لە



جوولە دەکەوت و دەمرد. ئینجا ئەوکاتە فەرمان بەکۆیلەکانی دیکە دەکرا کەلاشەکەی هەڵبگرن و بیبەن بینێژن.

ژمارەیەکی تر لە کۆیلەکانیان بەو گالیسکانەوە دەبەستەوە کە بەرد و کەرپووچیان هەڵگرتبوو و لەجیاتی چوارپێ، بۆ راکێشانی ئەو گالیسکانە سوودیان لێ وەردەگرتن. بینینی ئەوکۆیلانە کە بەگالیسکەوە دەبەسترانەوە، بەلای میسرییانەوە شتێکی نوێ بوو، چونکە میسرییەکان تا ئەورۆژە، چاویان بە کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، کە لەکارگەکانی بیناکردندا کاریان دەکرد و هەر لەوێش دەخەوتن، نەدەکەوت. بەڵام لەوەبەدوا، ئەو کۆیلانە، لەجادەکانی میسر و لە رێڕەوی شارەکاندا دەکەوتنە بەرچاوی خەڵك. خەڵکی میسر، لەریشی درێژ و قژی درێژ و تێکچرژاوی کۆیلەکان، سەریان سووڕدەما. چونکە میسرییەکان ریش و سمێڵی خۆیان دەتاشی و قژی سەریان دەهێشتەوە تادرێژببێ، بەڵام نەك زۆر درێژ و بەئەندازەی قژی سەری میسریانی کۆن، بەرێژەیەکی نزیکەیی، بەقەدەر قژی سەری پیاوانی ئەم سەردەمە بوو و ژنانی ئەشرافەکانی میسر، قژی سەریان دەتاشی.

بەهەرحاڵ، بینینی ریشی درێژ و قژی درێژی کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، لەبەر چاوی میسرییەکان سەیروسەمەرە خۆی دەنواند. هەر جارێك گالیسکەیەك کە بەهێزی کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە رێڕەوێکەوە تێدەپەڕی، خەڵك بۆ تەماشا کردن رادەوەستان. ئەو ژن و منداڵانەی کە لە سەرزەوینی کۆش دەژیان، ناچارکران کە بچنە لێواری شەتی نیل و کای گەنمی کێوی کۆبکەنەوە.

ئەوان هەموو بەرە بەیانییەك، بەر لەوەی کە دنیا رووناك بێتەوە، دەکەوتنە رێ تا لەکاتی هەڵهاتنی خۆردا لە لێواری شەتی نیل ، ئامادە بن و دەست بەکار بکەن و تا دەمی خۆرئاوا بوون، کایان کۆ دەکردەوە. دوای ئەوە بەرەو ماڵەکانی خۆیان دەکەوتنە رێ و ئینجا بە شەویش ماوەیەك رێگایان دەپێوا تا دەگەیشتنەوە ماڵەکانیان.

پێی ژن و منداڵەکان، هەمیشە خوێناوی بوو. پێی منداڵەکان، ئەوەندە چقڵی پێڕادەچوو کە دایکەکان نەیاندەتوانی ئەو هەموو چقڵانەیان بۆ دەربهێنن.

بەم وەزعەوە، ئەو سەر پەرشتیارەی، کە فەرمانی پێدا بوو کای کۆکراوە وەربگرێ، نارەزایەتی لەهەمبەر کاری ژن و منداڵەکان دەردەبڕی و دەیگوت ئەوانە بە بڕی پێویست کا کۆناکەنەوە و تەسلیمی ناکەن. ئەم بابەتەیان گەیاندەوە فیرعەون و گوتیان ژن و منداڵەکانی کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە رووی ئەنقەستەوە تەمبەڵی دەکەن و کەمتر کا کۆدەکەنەوە. فیرعەون بێ ئەوەی لێکۆڵینەوە لە ریش سپیانی ئەو قەومە بکا، فەرمانی دەرکرد کە بیاندەنە بەر قامچی.

سەربازانی فیرعەون ژمارەیەك لە بەساڵداچوونترین ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل، کە بەلاوێتی کۆیلە بوون و ئێستا بەهۆی ئەوە کەئیتر نەیاندەتوانی چیتر کار بکەن، لە کۆیلەتی بەخشرابوون، لەبەرچاوی ژن و منداڵەکان رووت کردەوە و بە قامچی ئەوەندیان لێدان کە لەهۆش خۆیان چوون و دوو کەسیشیان لێ مردن.

دوای ئەم رووداوە، سێ کەس لەریشسپییانی قەوم، بەناوی داتام، گورە و ئابی رام، رێگەی پایتەختیان گرتەبەر و خۆیان گەیاندە کۆشکی پاشایەتی فیرعەون. ئەوان، لەوێ داوایان کرد کە فیرعەون چاوی پێیان بکەوێ تاداوای لێبکەن کە ژن و منداڵەکانی ئەوان لە کۆیلەتی ببە خشرێن.

ئەو سێ کەسە، ماوەی چەند رۆژێك لە پایتەختی میسر مانەوە و هەموو رۆژێك دەچوونە کۆشکی پاشایەتی و داخوازی خۆیان دووبارە دەکردەوە.

سەرەنجام فیرعەون رەزامەندی دا کە چاوی بەو سێ کەسە بکەوێ. ئەوانە پاش ئەوەی کە چوونە لای فیرعەون دەستیان کرد بەگریان و گوتیان: ئەی پاشا، ئێمە هەرگیز بەژن و منداڵی خۆمان نەگوتووە کە تەمبەڵی بکەن و کەمتر کا کۆبکەنەوە. ئەوانەی بەفیرعەونیان گوتووە کە ئێمە ژن و منداڵەکانمان فێرکردووە تەمبەڵی بکەن درۆیان کردووە، درۆی ئەوان بووە هۆی ئەوەی فیرعەون تووڕە ببێ و فەرمانی دا کە بەقامچی لێمان بدەن و دوو کەسیش لە پیرەمێردانی ئێمە بەهۆی قامچییەوە مردن.

کاتێك قسەکانی ئەو سێ کەسە گەیشتە ئێرە دەستیان دایە گریان و گوتیان: ئەی پاشا، ژن و منداڵەکانی ئێمە تەمەڵی ناکەن، بەڵام لەوە زیاتریان لەدەست نایە کە دەیکەن چۆن دەکرێ چاوەڕێی کار لەمنداڵێك بکرێ بە قەدەر پیاوێکی کامڵ، کا کۆبکاتەوە، چۆن دەکرێ چاوەڕوانیی ئەوە لەمنداڵێك بکرێ کە لەکاتی رۆژدا، لە جەنگەی گەرما و ماندووییدا خەوی لێ نەکەوێ؟

ژنەکانیشمان هەموو رۆژێك کە دەبێ بچن کا کۆبکەنەوە، فریای هیچ کارێکی تر ناکەون.

ئەوان ناتوانن خواردن بۆ منداڵەکانی خۆیان ئامادە بکەن، کراسیان بۆ بچنن و بۆیان بدروون، لەبەر ئەوەی هەموو شەوێك، بەر لەوەی دنیا رووناك ببێتەوە، بۆ کارکردن بەرەو شەتی نیل دێن و تا خۆرئاوا کاردەکەن. پاش ئەوە بۆ گەڕانەوە بەرێ دەکەون و هەر کە گەیشتنە ماڵەوە، لە تینی شەکەتیدا، خەویان لێدەکەوێ و دیسانەوە بەر لەوەی کە دنیا رووناك بێتەوە، بۆ کاکۆکردنەوە لە ماڵەوە دێنە دەرەوە. ئێمە هاتووین داوات لێبکەین کە بەلای کەمەوە ژن و منداڵەکانمان لەکارکردن ببەخشی.



فیرعەون گوتی: ژن و منداڵەکانتان لەکارکردن ببەخشم تا لە میسر بچنە دەرەوە و بڕۆنە بیابان و خوای خۆتان، کە دوژمنی خوای ئێمەیە بپەرستن؟ من ئەوکارە ناکەم و ژن و منداڵەکانی ئێوە لەکارکردن نابەخشم و بزانن ئەگەر بەوان بڵێن کەلەکار کردن تەمبەڵیی بکەن، دیسانەوە بەرقامچی دەدرێن.

ریشسپیان هەرسێکیان پێکەوە بەگریان لەوێ هاتنە دەرەوە و چاویان بە مووسا و نوون کەوت.

ئەو دوونەفەرە بۆ ئەوە هاتبوون کە بزانن ئەنجامی داخوازییەکەی ئەوان لە فیرعەون چ دەبێ. ئایا فیرعەون رەزامەندی دەدا کە ژن و منداڵەکان لەکارکردن ببەخشرێن یان نا ؟

لەوکاتەدا، هێشتا مەترسی دوژمنانی دەرەکی (( مەنەفتە ))ی نەترساندبوو تا ناچاربێ رەزامەندی لەسەر هێندێك لە داخوازییەکانی کۆیلەکان بدا. گەرچی مەنەفتە دەیزانی کە چەند پاشایەکی دەرەکی لە یەکتری نزیك کەوتوونەتەوە، بەڵام هێشتا زانیاری نەبوو کە دەستەبەندی ئەوان بۆ هێرش کردنە سەرمیسرە، چونکە ئەگەر پێشبینی بکردبایە، بەو جۆرە دانیشتووانی کۆشی نەدەخستە ژێر باری گوشار و زوڵمەوە.

سێ ریش سپی، کە بەگریانەوە لەلای فیرعەون هاتبوونە دەرەوە، کاتێ مووسا و نوونیان دی بەزمانی سەر کۆنە کردنەوە روویان کردە مووسا و گوتیان: ئایا دەزانی ئێمەت چەند بەدبەخت کردووە ؟

ئایا دەبینی کە چۆن بوویە بایسی ئەوەی کە فیرعەون ژن و منالەکانی ئێمە بە کۆیلە بکا و ریشسپییەکانمان قامچی بخۆن؟

تۆ چوویە لای فیرعەون و پێت گوت کە من لەلایەن یاهوو، خوای ئیبراهیم ، فەرمانت پێیە کە داوا لە فیرعەون بکەی قەومی ئیسرائیل ئازادبکا، تا ئێمە بچینە بیابان و لەوێ دەست بکەین بە پەرستنی یاهوو. ئەم قسەیەی تۆ بووە هۆکاری ئەوەی رقی فیرعەون لە ئێمە زیاتر بێت و بەشێك لە لاوانی ئێمەیان لەکارگەکانی بیناکردنەوە گواستەوە بۆ کێڵگەکان و ئەوانیتریان بەگالیسکەکانی بەرد و کەرپووچ گواستنەوە، بەستەوە.

نوون کە نەیدەتوانی سەرکۆنەی ئەو سێ کەسە بۆ مووسا، ببیستێ، ویستی وەڵام بداتەوە، بەڵام مووسا ئاماژەی بۆ کرد کە بێدەنگ بێ و ئینجا مووسا رێگای خۆی گرتەبەر و نوونیش بەدووا سەروەری خۆیدا کەوتەڕێ.

هۆکاری ئەوەی کە مووسا وەڵامی نەدایەوە ئەوە بوو کە تێدەگەیشت ئەم سێ کەسە لەسەر هەقن و قسەی راست دەکەن.

ئەگەر ئەو نەچووبایە لای فیرعەون و راسپێریی خۆی بەو نەگوتبایە، پاشا بەرقدا نەدەچوو، بەڵام ئەو نەیدەتوانی نەچێتە لای فیرعەون و فەرمانی خواوەندی پێرانەگەیەنێ. بەڵام خواوەند کە بەڵێنی دابوو یاریدەی وی بدا و نەهێڵێ ئەو بەتەنیا بێ، لەبەرچی یاریدەی ئەوی نەدا؟

ئایا هۆکاری ئەوەی کە خوا یاریدەی ئەوی نەدا، ئەوەبوو کە فەرمانی خواوەندی بەباشی جێبەجێ نەکردبوو؟

مووسا بیری کردەوە ئایا ئەم فەرمانە بەباشی جێبەجێ کراوە یان نا و ئەو سەرنجی دا کە فەرمانی خوا بەباشی جێبەجێ بووە. مووسا جارێکی دیکەش دووچاری گومان بۆوە کە بۆچی خواوەند، سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێنی پێدابوو کەیاریدەری بداو پشتیوانی وی بێ، بەڵێنی خۆی جێبەجێ نەکرد و ئەوی بەتەنیا بەجێهێشت.

مووسا خۆی بە بەرپرسی زیاتر توندبوونی بەدبەختیی قەومی ئیسرائیل زانی و بووە بایسی ئەوەی کە هاونەژادانی لەجاران رۆژ رەشتربن. بەڵام ئەو گومانە، لەویژدانی مووسا دا، زۆر درێژەی نەکێشا چونکە مووسا، دەیزانی کە خواوەند ئەوی کردووە بەخاوەن موجیزە ئەگەر نەیویستبایە یارمەتی وی بدا، توانای نواندنی موجیزەی بەو نەدەبەخشی.

رۆژی پاشتر، مووسا لەگەڵ نوون، لە پایتەختی میسر گەڕایەوە. لەڕێگا تووشی ئەو ریشسپیانە بوو کە لە پایتەخت دەهاتنەوە و ئەوانیش دەیانویست بۆ سەرزەوینی کۆش بگەڕێنەوە.

کاتێك ئەوان چاویان بە مووسا و نوون کەوت، رووی خۆیان وەرگێڕا تا چاویان بەو دووانە نەکەوێ و قسەیان لەگەڵدا نەکەن. بەڵام مووسا لێیان نزیك بۆوە و گوتی: ئایا ئێوە لە یاریدەی یاهوو، خوای ئیبراهیم ، نائومێد بوون؟

ئەوان گوتیان بەڵێ

مووسا گوتی: لەیاریدەی خواوەند نائومێد مەبن، چونکە ئەگەر خواوەند نەیویستبایە یاریدەی من بۆ بردنە دەرەوەی قەومی ئێمە لە میسر بدا، دەسەڵاتی موجیزە نواندنی بە من نەدەبەخشی.

گورە یەکێك بوو لە ریشسپیانی قەوم، ئەو، پیاوێکی بەدخولْق و سەرکێش بوو. وای بیردەکردەوە کە بەم حاڵ و هەلومەرجەی ئێستاوە، پێگەی ئەو و ریشسپیانی تری قەوم دەکەوێتە مەترسییەوە، وای بەحاڵیشیان ئەگەر گیرۆدەی غەزەبی فیرعەونیش ببنەوە. بەڕەق و وشکییەوە گوتی: دەسەڵاتی موجیزەکەی تۆ لە خەون و خەیاڵ بەولاوە شتێکی تر نەبوو. خوای ئیبراهیم ، خۆی پیشانی تۆ نەداوە، بەڵکو تۆ وات خەیاڵ کردووە کە خواوەندی ئەوان بۆ تۆ دەرکەوتووە، یان لەخەونتدا دیتووتە کە ئەو خۆی پیشانی تۆ داوە.



مووسا گوتی: ئێستا من وەکازەکەم فڕێ دەدەمە سەر زەوی، ئەگەر وەکازەکە بوو بە مار، ئایا باوەڕ دەکەی کە بەڕاستی خوای ئیبراهیم، خۆی پیشانی من داوە و هێزی موجیزەی بەمن بەخشیوە؟

گورە، کە بەهەموو حاڵەتێك مەبەستی رەت کردنەوەی مووسا و بێبایەخ نیشاندانی گوتە و کردارەکانی مووسا بوو، لە هەمان کاتیشدا، هەوڵیدەدا هاوڕێکانی راکێشێ کە ئەوانیش بکەونە بەربەرەکانی مووسا، گوتی: گریمان وەکازەکەت هەرکە کەوتە سەر زەوی بوو بەمار، چ کاریگەرییەکی لەسەر فیرعەون هەیە، ئایا تۆ واوێنا دەکەی کە دەتوانی بەمارێك فیرعەون بترسێنی، یان بە دەستی خۆت کە سپی دەبێ و پاشان وەکو حاڵەتی ئاسایی خۆی لێ دێتەوە، پاشای میسر بتۆقێنی؟

ئەگەر خوای ئیبراهیم، بۆتۆ دەرکەوتووە و گوتویە بڕۆ بە فیرعەون بڵێ کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا، حەزی لێبێ ئێمە ئازاد ببین، لە بەرچی فیرعەونی میسر، هەروەکو فیرعەونی پێشوو ناکاتە بەرد یان خوێ، هەروەکو کە ژنی ((لوط)) لەبەر ئەوەی سەرپێچی لەفەرمانی مێردەکەی کرد، دەسبەجێ کردە کۆتەڵێك لەخوێ؟

ئەم قسانە زۆر کاریان لە مووسا کرد، بەڵام ئەو لەهەمبەر گوتەی خواوەند تووشی راڕایی نەهات و بەگورەی گوت: فیرعەون هەرچەندە بەهێزبێ، ئەگەر ببینێ وەکازەکەی من دەبێتە مار، تووشی وەحشەت دەبێ.

گورە بۆ ئەوەی کە ئیرادەی مووسا تێك بشکێنێ و ناچاری بکا کە شێوازی خۆی بەرامبەر فیرعەون بگۆڕێ، گوتی: جارێك بەتۆم گوت کە جادووگەران، لەبەردەم فیرعەون زۆریان لەم جۆرە کارانە کردووە و ئەو، ترسی لەوە نابێ کە وەکازەکەی تۆ دەبێتە مار، تا بەوە رادەگا کە لە گۆڕانی رەنگی دەستی تۆ بترسێ و بۆ ئازادبوونی قەومی ئێمە و هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین لەمیسر بچینە دەرەوە، ئامرازێك پێویستە جیا لە وەکازەکەی دەست و گۆڕانی رەنگی دەستی خۆت.

مووسا بێ ئەوەی وەڵامی گورە بداتەوە، ئاماژەی بۆ نوون کرد تا بگەڕێنەوە. نوون گوتی: لەبەرچی دەتەوێ بگەڕێییەوە؟

مووسا گوتی: یەکەمیان چونکە ژن و منداڵەکانی من و تۆ لە پایتەختی میسرن.

نوون گوتی: ئەوان کەرەسە و ئامرازی ژیانیان هەیە، ئێمە نابێ لەبوونی ئەوان لە پایتەختی میسر نارەحەت بین.

مووسا گوتی: بەڵام بەدانیشتنی ژن و منداڵی خۆم لە پایتەختی میسر نارەحەتم.

نوون پرسی: لەبەرچی؟

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی کە ژن و منداڵی کەسانیتر بە فەرمانی فیرعەون، بوونەتە کۆیلە و هەموو رۆژێك دەبێ بچنە لێواری شەتی نیل، و کای گەنمی کێوی بۆ پاشای میسر کۆبکەنەوە. بەڵام ژن و منداڵی من لە پایتەختی میسر بە ئاسوودەیی دەژین و کەس بەزۆر نایانکا بەکۆیلە .

نوون گوتی: سەروەری من، ئایا تۆ دەتەوێ ژن و منداڵی خۆت و من ناچار بکەی بچنە سەرزەوینی کۆش و لەوێ کا بۆ فیرعەون کۆبکەنەوە؟

مووسا گوتی: من وابیر دەکەمەوە کە ژن و منداڵەکانی من بەر ئاوارتەیی کەوتوون و ئەم ئاوارتە کردنە، زوڵمێکە لەبەرامبەر باقی ژن و منداڵانی قەومی ئیسرائیل .

نوون گوتی: ئەی سەروەری من، تۆ ئەگەر ژن و منداڵەکانی خۆت و من بۆ کۆش بنێری تا لەوێ کار بۆ فیرعەون بکەن لە تینوتاوی شەکەتی و زەحمەتکێشاندا بمرن، لەهەمبەر ئەواندا زوڵمت کردووە. ئایا تۆ باوەڕت بەوەیە کە کارکردن بە ژن و منداڵانی ئیسرائیلییەکان لەلایەن فیرعەونەوە زوڵمێکی گەورەیە؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

نوون پرسی: ئایا باوەڕت بەوە هەیە کە هەرکاتێك بتوانی ئەمڕۆ، یەکێ لە منداڵانی قەوم لەو زوڵمە رزگار بکەی و نەهێڵی کە ئیتر کۆیلەتی بۆ فیرعەون بکا، خزمەتێکت بە قەومی ئێمە کردووە؟

مووسا گوتی: ئەمە شیانم قبوڵە.

نوون گوتی: کەوابوو تۆ بەدانانی ژن و منداڵەنی خۆت و ژن و منداڵەنی من لە پایتەختی ئەو وڵاتە، خزمەتێکت بە قەومی ئیسرائیل کردووە، چونکە بوویە بەربەست لەوەی کە چەندین ژن و منداڵ لە قەومی ئێمە، وەکو کەسانیتر ببنە کۆیلەی فیرعەون و بەخۆڕایی کاری بۆ بکەن و لە تین و تاوی کوێرەوەری و بێ خەویدا، گیان لە دەست بدەن.

مووسا قسەکەی نوونی سەلماند. نوون گوتی: لەم حاڵەتەدا باشترە ژن و منداڵانی ئێمە لە پایتەخت بمێننەوە، چونکە ئەگەر بچنە کۆش، ناچار دەبن کۆیلەتی یۆ فیرعەون بکەن، ئێمەش نابێ خۆمان پیشانی سەربازانی فیرعەون بدەین چونکە لەوانەیە ئێمەش بۆ کۆیلەتی ببەن.

مووسا سەرنجی لەم خاڵە نەدابوو و قسەکەی نوون، ئەوی ئاگادار کردەوە کە لەوانەیە بیانکەنە کۆیلە. تەنانەت سەری لەوە سووڕما کە بۆچی فیرعەون فەرمانی نەدا کە ئەو و نوون، وەکو هەموو



کۆیلە ئیسرائیلییەکان، لەکارگەکانی بینا کردندا، یان لە کێڵگەکاندا یان بۆ راکێشانی گالیسکەکان، بیان خەنەکارەوە.

مەعنەویاتی مووسا، لەو کاتەدا بە جۆرێك بوو کە هەرکات سەربازانی فیرعەون، بهاتبان تا ئەو بۆ کۆیلەتی ببەن، بەخۆشحاڵییەوە دەڕۆیشت. چونکە ئەو خۆی بە بەرپرسی زیاتر توونڕبوونی بەدبەختییەکانی ئیسرائیلییەکان دەزانی. وای بیردەکردەوە کە ئەگەر ئەویش ببێتە کۆیلە، دەبێتە هاوبەشی بەدبەختی تاکەکانی قەومی خۆی و وەکو ئەوان، بەدەست کاری سەخت و قامچی پاسەوانان، کوێرەوەریی دەچێژێ. چێشتنی ئەو کوێرەوەرییەش دەبێتە ((کەفارەتی)) ئەو هەنگاونانە بێ بەرهەمەی وی لای فیرعەون.

مووسا ئەو بیرۆکەیەی لای نوون ئاشکرا کرد و نوون گوتی: من دەنگی (یاهوو)م گوێ لێنەبووە، بەڵام دەزانم تۆ پیاوێکی راستگۆی و درۆناکەی و بەشێوەیەکی حەتمی، خوای تۆ، فەرمانی بە تۆ کردووە کە ئامراز و کەرەسەی رزگاری قەومی ئێمە فەراهەم بکەی.

نوون، زیاتر لەسەری رۆیشت و گوتی: وەزیفەی بنەڕەتی تۆ رزگارکردنی قەومی ئیسرائیلە نەك کۆیلەتی، تۆ ئەگەر خۆت بکەیتە کۆیلە، سەرەڕای ئەوە کە هیوای رزگار بوونی قەومی ئیسرائل بەتەواوی لەبەین دەچێ، بەپێچەوانەی فەرمانی خوای خۆت رەفتارت کردووە. هەرگا تۆ خۆت بکەیتە کۆیلە، بەو پێوەرەی کە دەبییە هاوبەشی رەنج زەحمەت کۆیلەکانی ئیسرائیل، وەکوئەوە وایە کە لە پێناوی هەڵاتن لەو ئەرکەی کە خواوەند بە تۆی سپاردووە، خۆت بە کوشتن بدەی.

مووسا گوتی: ئەی نوون، سەرەڕای ئەوەش کە تۆ ماوەیەك پاش من خوێندەواریت بە دەست هێنا و فێری خوێندنەوە بووی، ئێستا دەبیستم شتگەلێك دەڵێی کە بەبیری مندا نایە. بەڵام دەبینم کە من ناتوانم قەومی ئیسرائیل رزگار بکەم. خواوەند سەرەڕای ئەوەی کە بەڵێنی یاریدەی بە من دا و پێی گوتم کە تۆ بەتەنیا بەجێ ناهێڵم، یاریدەی منی نەدا.

نوون گوتی: ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە تێبگەی کە بۆچی خوای تۆ یاریدەی نەدای؟

مووسا گوتی: بیرم لەوە کردۆتەوە، بەڵام ناتوانم تێبگەم بۆچی خواوەند یاریدەی منی نەدا.

نوون پرسی: ئایا دەتوانی جارێکی تر لەگەڵ خوای خۆت قسە بکەی و گوێت لەدەنگی ئەو بێت؟

مووسا وەڵامیدایەوە: خواوەند بەمنی گوت هەرکاتێك بتەوێ لەگەڵ مندا قسە بکەی وەرە بۆ کێوی سینا.

نوون گوتی: بچۆ بۆ کێوی سینا و لە خواوەند بپرسە کە بۆچی یاریدەی تۆی نەدا.

منیش لەگەڵ تۆدا دێم، ئەگەر سەربازانی فیرعەون، ڕێگەیان پێ گرتین و ویستیان ئێمە بەکۆیلە ببەن، ئەوا دەیانکوژین، هەروەکو چۆن لە رابردوودا ژمارەیەکمان لێ کوشتن و هەڵاتین، جا ئەگەر تۆش نەتویست دەستت بە خوێنی ئەوان ئالوودە ببێ، من دەیانکوژم.

بەڕاست... وەکازەکەی تۆ پاش ئەوەی کە دەکەوێتە سەر زەوی و بوو بەمار، ئایا ئەوماره قابیلی کوشتنە و دەکرێ ئەو گیانلەبەرە بکوژرێ؟ یان لەبەر ئەوەی بوونی وەکازەکەت بەمار، موجیزەی خواوەندی تۆیە، هیچ کەسێك ناتوانێ ئەو مارە بکوژێ؟

مووسا گوتی: من ئەمەم تاقی نەکردۆتەوە بەڵام لەبەرچی دەپرسی؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی ئەو مارەی کە پەیدا دەبێ ئەگەر قابیلی کوشتن نەبێ، دەتوانرێ بەو مارە سەربازانی فیرعەون ناچار بکەی کە هەڵبێن.

مووسا گوتی: بیرۆکەیەکی باشە بەڵام نازانم ئایا وەکازەکەی من پاش ئەوەی کە دەبێتە مار، قابیلی کوشتنە یان نا؟

نوون گوتی: ئێستا تاقی دەکەینەوە کە ئایا دەتوانرێ مارەکەی تۆ بکوژرێ یان نا. تۆ وەکازەکەی خۆت بەو نیەتە فڕێدە سەر زەوی کە ببێتە مار، چونکە بینیومە وەکازەکەی تۆ دەکەوێتە سەر زەوی و نابێتە مار.

مووسا وەکازەکەی خۆی فڕێدایە سەر زەوی و دەسبەجێ بوو بە مارێکی گەورە و سامناك. مارەکە سەری خۆی بۆ لای نوون وەرسوڕاند، وەك بڵێی بە زمانی حاڵ بەوی گوت کە ئایا تۆ دەتەوێ من بکوژی؟

نوون بەبینینی ئەوماره بەجۆرێك زەندەقی چوو کە زاتی ئەوەی نەکرد بچەمێتەوە و بەردێك لەسەر زەوییەکە هەڵبگرێ و لەمارەکەی بگرێ و ئەو گیانلەبەرە بکوژێ.

تەنانەت ئەو پیاوە ئازا و بەهێزە، زاتی ئەوەی نەکرد یەك هەنگاو لەمارەکە نزیك بێتەوە، چونکە دەیزانی کە مار لەکاتی پێوەداندا، خێراترین گیانلەبەرە چزووداره‌کانی جیهانە. هیچ گیانلەبەرێك بەخێرایی مار پێوەنادا و ئەوگیانلەبەرە لەماوەی کەمتر لەیەك چاوتروکاندندا، خۆی دەگەیەنێتە ئەو کەسەی کە دەیەوێ پێیەوە بدا و چزووی خۆی بەلەشی ئەو کەسەدا دەکا.

ئەوە بوو کە بە مووسای گوت: ئەم گیانلەبەرە بە ئەندازەیەك زەندەق بەرە کەمن ناتوانم بیکوژم، تۆ کلکی بگرە تا ببێتەوە بە وەکاز.



بەڵام مووساش لەو مارە ژەهردار و زەندەق بەرە دەترسا و زاتی ئەوەی نەدەکرد کە کلکی بگرێ تا ببێتەوە بەوەکاز. بەڵام مارەکە، کەسەری بەرزکردبۆوە و ئامادەی پێوەدان بوو، سەری بە زەوییەوە نا و وەکو ئەوە وابوو کە مووسا حاڵی بکا کە نابێ لەو بترسێ.

مووسا لەجووڵانەوەی ئەو مارە، زاتی هاتەبەر و دەستی درێژ کرد و مار بووەوە بە وەکاز.

ئینجا، مووسا و نوون، ڕێگای سەرزەوینی سینایان گرتە بەر تا گەیشتنە میدیان. مووسا، باوکی خێزانەکەی خۆی بینی و لە بارەی کچەکەیەوە دڵی ئاسوودە کرد و پێی گوت کە ئەو ومنداڵەکانی لە پایتەختی میسرن.

لەو سەفەرەدا، لە میسرەوە تا نیمچە دوورگەی سینا، سەربازانی فیرعەون ڕێگایان بە مووسا و نوون نەگرت. مووسا ناچاری ئەوە نەبوو کە بۆ ترساندنی ئەوان کەڵك لە وەکازەکەی وەربگرێ.

پاش تێپەڕین لە میدیان، مووسا و نوون، بەرەو کێوی سینا کەوتنە ڕێ. بەرلەوەی کە بگەنە کێوەکە، مووسا بەنوونی گوت: تۆ لەگەڵ من مەیە چونکە ئەگەر خواوەند ببینێ کە تۆم لەگەڵدایە، قسە ناکا و من گوێم لەدەنگی ئەو نابێ. نوون گوێڕایەڵی کرد و مایەوە. مووسا بەتەنیایی بەرەو کێوەکە ڕۆیشت. دوای ئەوەی گەیشتە جێگایەك کە جاری پێشوو لەوێ دەنگی خواوەندی گوێ لێبوو بوو، تەماشای کرد ئاگرێك کە ئەوجارە بینیبووی، داگیرساوە و دەنگی خواوەند کەوتە بەرگوێی مووسا و گوتی: ئەی مووسا، هاتووی قسە لەگەڵ من بکەی؟

مووساوەڵامیداوە: بەڵی ئەی یاهوو... ئەی خوای من... هاتووم کەلەگەڵ تۆدا قسە بکەم و پێت بڵێم کە لای ریشسپیانی قەومی ئیسرائیل ئابڕووی من چوو. چونکە من بەپشتیوانی بەڵێنی تۆ، بەڵێنم بەوان دا کە دەچمە لای فیرعەون و ئەو ناچار دەکەم کە ڕەزامەندی لەسەر ئازادی قەومی ئێمە و چوونە دەرەوەی قەومی ئێمە لەمیسر، بدا. بەڵام دوای ئەوەی کە چوومە لای فیرعەون و پەیامی تۆم بەو ڕاگەیاند، ئەو نەتەنیا ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئێمە نەدا، بەڵکو ستەمی لەسەر کۆیلەکان زیاتر کرد و تەنانەت ژن و منداڵەکانیشی کردنە کۆیلە. ئێستا، هەموو پیاو و ژن و منداڵەکانی ئێمە ڕەنج و ئازار دەچێژن و لەتینوتاوی ماندووییدا دەمرن.

دوای ئەوەی گوتنەکانی مووسا تەواو بوو، بەپێی ریوایەتە مەزهەبییەکانی یەهودییان، خواوەند لەوەڵامی ئەودا گوتی: ئەی مووسا، من تۆم بەتەنیایی بەجێ نەهێشتبوو، لە هەمان کاتدا کە قسەت لەگەڵ فیرعەون دا دەکرد، من لەگەڵ تۆ بووم بەڵام نەمویست کە تۆ لەبەرامبەر فیرعەون، تووڕەیی دەربڕی.

من لەهەمان ئەوکاتەدا کەتۆ لەگەڵ فیرعەون قسەت دەکرد، دەمتوانی ئەو لەناوبەرم، بەڵام من ئەو کارەم نەکرد. چونکە لەوانەبوو کە فیرعەون لەکردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە و بکەوێتە سەرباری ئەوەی کە بەزەیی بەواندا بێتەوە.

کاتێك بەندەیەك گوناهێك دەکا، من دەسبەجێ سزای نادەم، بەڵکو دەرەتانێکی دەدەمێ تاکو لەکردەوەی خۆی پەشیمان بێتەوە. جا ئەگەر لەکردەوەی خۆی پەشیمان نەبۆوە و گوناهەکەی دووبارە کردەوە، ئەوکاتە سزای ئەو بەندەیە دەدەم.

ڕەفتاری من لەگەڵ بەندەکانی خۆم وەکو ڕەفتاری باوك لەهەمبەر منداڵە وردەکانی خۆی وایە، ئایا کاتێك کە کوڕە بچووکەکەی تۆ کارێك دەکا کە نابێ ئەوکارە بکا، سزای دەدەی؟

نا تۆ سزای نادەی لەبەر ئەوەی کە بەزەیی تۆ بەرامبەر بەمنداڵی بچووك ڕێگا لەوە دەگرێ کە سزای وی بدەی.

منیش لەبەرامبەر بەندەکانی خۆم هەربەجۆرە ڕەفتار دەکەم. ئەگەر بەندەیەك گوناهێك بکا، دەرفەتی دەدەمێ کە پەشیمان بێتەوە و تۆبە لەو گوناهە بکا. بەڵام تەماشام کرد فیرعەون تینوتاوی ستەمی خۆی زیاتر کرد و لەجیاتی ئەوەی کە ئەوان ئازاد بکا، تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیانی کرد بە کۆیلە.

ئێستا بەتۆ دەڵێم کە بگەڕێوە بۆ لای فیرعەون، ئەگەر ئەمجارە ڕەزامەندی لەسەر ئازادی قەومی تۆ نەدا، ئەو هێزەی کە تۆم بەخشیوە دەرهەقی ئەو بەکاری بێنە تا ناچاربێ ڕەزامەندی لەسەر ئازادی قەومی ئیسرائیل بدا.



-٢٥-

## نکووڵیی فیرعەون

مووسا لە کێوی سینا گەڕایەوە و ئەوەی لەوێ گوێی لێ بوو بوو، بۆ نوونی گێڕایەوە. ئینجا هەردووکیان ڕێگای میسریان گرتە بەر. مووسا جارێکی تر لەگەڵ ریش سپیانی قەومی خۆی پەیوەندی کرد و گوتەکانی خواوەندی بۆ گێڕانەوە.

ریش سپیانی قەوم، بەمووسایان گوت کە یەکەمین دەست پێشکەری تۆ لە لای فیرعەون بووە مایەی بەدبەختی زیاتری ئێمە. ئەگەر جارێکی دیکە بچیتە لای فیرعەون فەرمانی کوشتنی هەمووومان دەردەکا و تەنانەت منداڵەکانیشمان دەکوژێ. ئێمە نامانەوێ لەگەڵ تۆدا بێینە لای فیرعەون و داوات لێ دەکەین هیچی دیکە مەبە بە بایسی بەدبەختی زیاتری ئێمە.

بەڵام مووسا، نەیدەتوانی لە جێبەجێ کردنی فەرمانی خواوەند، خۆی ببوێرێ. ئەو ناچار بوو بچێتە لای فیرعەون و پێی بڵێ کە دەبێ قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا تا ئەو بتوانێ ئەوان لە میسر بەرێتە دەرێ.

بۆیە مووسا جارێکی تر، لەگەڵ نوون ڕێگای پایتەختی میسر و کۆشکی پاشایەتی گرتە بەر. پاش چوونە ژوورەوە بۆ کۆشك گوتی کە دەمەوێ فیرعەون ببینم تا بەڵگەیەك لە خوای نەبینراو و تاك و تەنیا پیشانی وی بدا.

فیرعەون نەیدەویست چاوی بە مووسا بکەوێ. لەبەر ئەوەی یەکەم شت مووسای لە پلەیەکی وادا نەدەبینی کە چاوی پێبکەوێ. دووەمیش دەیزانی کە دوای ئەوەی چاوی پێدەکەوێ چی دەڵێ. بەڵام کاتێك بیستی کە مووسا گوتوویەتی دەیەوێ بەڵگەیەکی لەسەر بوونی خوای تاك و تەنیا پیشان بدات، هەستی لاپرسەنانەی وی بێدار بۆوە و ویستی بزانێ ئەو پیاوە باڵابەرز و چوار شانەیە کەلە قەومی کۆیلەکانە، دەیەوێ چ بەڵگەیەکی پیشان بدا.

جاری یەکەم بینیمان کە فیرعەون چۆن و لەکوێ چاوی بە مووسا و نوون کەوت، بەڵام ئەمجارەیان کە مووسا گوتی دەیەوێ بەڵگەی بوونی خواوەند پیشانی فیرعەون بدا، پاشای میسر

بڕیاری دا کەلە کۆشکی پاشایەتی چاوی بە مووسا بکەوێ و فەرمانی دا ژمارەیەك لە کاهین و ئەستێرە ناس و هەروەها جادووگەران ئامادەبن.

فیرعەون پەی بەوە برد بوو کە بێگومان دەبێ مووسا شتێکی هەبێ کە شایانی پیشان دان بێ، ئەگەر شتێك قابیلی پیشان دان نەبێ، زاتی ئەوە ناکا، چونکە دەزانێ کە هەرکات شتێك قابیلی پیشان دان نەبێ، پاشای میسر ناڕەحەت دەکا کە بۆچی بۆتە مایەی سەرقاڵ کردن و پاشا فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکا.

فیرعەون، بیری دەکردەوە کە پیاوێکی بێ دەسەڵات لە چینی غولامان، زاتی ئەوە ناکا کە بڵێ دەیەوێ بەڵگەی بوونی خوای تاك و تەنیا پیشانی فیرعەون بدا، ئەگەر ئەو بەڵگەیە بوونی نەبێ.

ئەوە بوو کە ڕەزامەندی لەسەر چاوپێکەوتنی مووسا دا. مووسا و نوون، جارێکی تریش لای فیرعەون ئامادەبوون. بەڵام ئەمجارە لە جیاتی کارگەی کۆتەڵ تاشی، ئەوانیان بەرەو تەلاری دیداری گشتی ڕێنوێنی کرد، واتە هەمان ئەو تەلارەی کە مووسا لەسەر دەمی منداڵی و قۆناغی لاویدا دیویەتی و لەوێ چەندین جار، بە حزووری ڕامسیسی دووەم، فیرعەونی پێشوو، گەیشتبوو. مووسا لەبەر ئەوەی چەندین جار ئەو تەلارەی دیتبوو، پاش ئەوەی کە چووە ناوییەوە وەکو ئەوە بوو کە بچێتە ناو ماڵی خۆیەوە، بەڵام نوون کە بۆ یەکەمین جار بوو ئەو تەلارەی دەدی، بەجۆرێك کەوتبووە ژێر کاریگەریی فراوانیی و جوانیی و شکۆی تەلارەکە، ترسا.

فیرعەون، هەروەکو هاوتاکەی پێش خۆی، لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتبوو و کەسانی تریش لە دەوروبەری تەلارەکە ڕاوەستا بوون.

پاش ئەوەی کە مووسا و نوون چوونە ژوورەوە، فیرعەون پێی گوتن کە لەتەختی وی نزیك ببنەوە. ئەو لە مووسای پرسی: ئەو پیاوە (ئاماژەی بۆ نوون کرد) کێیە؟

مووسا گوتی: ئەمە برامە و بۆ هەر کوێیەك دەچم لەگەڵ خۆمیدا دەبەم.

فیرعەون گوتی: بەمنیان گوت کە تۆ هاتووی تا بەڵگەیەك لە بارەی بوونی خوای خۆتەوە بەمن ڕابگەیەنی؟

مووسا گوتی: وایە.

فیرعەون گوتی: ئایا ئەو بەڵگەیەی کە دەتەوێ پیشانی بدەی ئەوەندە گرنگی هەیە کە شایانی بینین بێ؟

مووسا گوتی: بەڵێ، پاش بینینی ئەو بەڵگە گەورەیە، فیرعەون ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل و چوونە دەرەوەی ئەوان لەم وڵاتە، دەدا.



فیرعەون گوتی: بەڵگەی خۆت پیشان بدە.

مووسا وەکازەکەی فڕێدایە سەر زەوی و وەکاز بوو بە مارێکی ژەهردار.

فیرعەون، کاتێك ئەو کارەی بینی، قاقا پێکەنی و گوتی: ئایا ئەمە ئەو بەڵگەیەیە کە تۆ دەتەوێ بەو هۆیەوە بوونی خوای خۆتی پێ بسەلمێنی؟

مووسا گوتی: بەڵێ.

فیرعەون ئاماژەی بۆ جادووگەران کرد و گوتی: من حەز دەکەم ئێوەش مار بهێننە ئارا.

هێندێك لە جادووگەران، داریان فڕێدایە سەر زەوی، پاش چەند ساتێك بوو بەمار و هێندێکی تر، قاپی سەرەونخوون کردەوە و پاش چەند ساتێك وەریان گێڕا و مار پەیدا بوو.

فیرعەون ڕووی کردە مووسا وگوتی: ئایا دەبینی لێرە کەسانێکی لێیە کە هەموویان دەتوانن وەکو تۆ دار یان شتێکی تر بکەن بەمار؟

مووسا سەری داخست، جارێکی تریش مووسا هەستی بەبێ توانایی کرد. بەڵام خواوەند کە ئەوی لە ژێر سایەی پشتیوانی خۆی دانا بوو پێی گوت: دڵ لە دڵ مەدە و کاری ئەوانە سیحرو جادوو بازییە و تۆ خاوەنی موجیزەی. لە ئاپۆرای ئەوان و کەرەسەی کەڵەکبازییان مەترسە، چونکە ئەو دارەی پێتە پەردەی جادووی ئەوان شیتاڵ شیتاڵ دەکا و وەکازی تۆ، ئەوەی بە فێڵ و کەڵەکبازی پێکیان هێناوە، قووت دەدا.

مووسا کە لە بەڵێنی خوایی، دڵنیایی دەروونیی بەدەست هێنا بوو، بەدڵێکی ئاسوودەوە سەری بەرز کردەوە تا لە وەکازەکەی خۆی کە ئێستا ببوو بەمار، بڕوانێ، کە چی لە ناکاو ژاوەژاوی ئەو کەسانەی کەلە نێو تەلار بوون، سەرنجی ئەوی ڕاکێشا کە ڕووداوێك هاتۆتە پێش. لەوکاتەدا بەحەپەسان و وەحشەتەوە بینی کەمارەکەی ئەو، مانای ئەو مارەی لە وەکازەکەی وی پەیدا بوو بوو، بەشێوەی ئەژدیهایەکی لێهاتووە و خەریکی قووتدانی مارەکانی ترە.

ماری مووسا هەروەکو تیرێك کە لە کەوان دەرچووبێ، (خۆی هەڵ دەدا) و هەرکە دەگەیشتە یەکێك لەمارەکان بەیەك هەڵ لووشین، ئەو گیانلەبەرەی قووت دەدا. سەیریش ئەوەبوو کەسکی مارەکەی مووسا، هەڵ نەدەئاوسا، لە حاڵێکدا ئەگەر مار مشکێك قووت بدا، سکی هەڵدە ئاوسێ.

ئامادەبووان، تەنانەت فیرعەون بە وەحشەتەوە تەماشای ئەو دیمەنەی دەکرد. جادووگەرەکان، کەبە سەرسووڕمان و وەحشەتەوە، دەمیان بەش ببۆوە و چاویان ئەبڵەق ببوو، تەماشای ئەو دیمەنە سامناك و سەرسووڕهێنەرە یان دەکرد.

یەکەمین کەس، کە ئامادە بووانی لە وەحشەت هێنایە دەرێ، فیرعەون بوو و گوتی: سەیرکەن، سکی ئەو مارە سەرباری ئەوەش کە هەموو مارەکانی قووت داوە، هەڵنە ئاوساوە. ئەم بابەتە بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم مارەش وەکو مارەکانی تر، لە سیحرەوە پەیدا بووە، چونکە ئەگەر لەسیحرەوە پەیدا نەبووبێ و بە مارێکی واقیعیی حسێب بکرایە، پاش خواردنی ئەو هەموو مارە، سکی هەڵدەئاوسا. جگە لەمەش مەحاڵە مارێکی واقیعیی بتوانێ ئەو هەموو مارە لە سکی خۆیدا جێ بکاتەوە. ئەم مارە لەبەر ئەوەی لە جادووگەرییەوە پەیدا بووە، پاش خواردنی ئەو هەموو مارە، ئاسایی دێتە بەرچاو!

ئیتر لە تەلاری دیداری گشتی، ماری لێ نەما، چونکە ماری مووسا هەموو مارەکانی خوارد بوو و پاش ئەوەی کەمار نەما، ماری مووسا بەرەو تەختی فیرعەون دەستی کرد بەخشین.

فیرعەون رووی کردە مووسا و گوتی: ئەی پیاوی جادووگەر، من ئەوە دەسەلمێنم کەتۆ لە هەموو ئەو جادووگەرانە باڵاتری کە ئێستا لێرەن. ئەوان دەتوانن تەنیا مار بهێننە ئارا، بەڵام ناتوانن مارێك بهێننە ئارا کە مارەکانی تربخوا. جا لەبەر ئەوەی تۆ لە هەموو ئەم جادووگەرانە باڵاتری، من ئامادەم کەتۆ لە خزمەتی خۆم دابنێم و تۆ، بەهۆی جادووگەرییەوە، کەرەسەی ئاسوودەکردنی من فەراهەم بکەی!

ماری مووسا هەروا بەرەو تەختی فیرعەون دەچوو و کاتێك نزیکی تەخت بۆوە، سەری بەرز کردەوە و لە فیرعەونی ڕوانی. فیرعەون کە بەتووندی تووڕە ببوو و لەهەمان کاتدا لەتین و تاوی وەحشەتدا بەسەختییەوە هەناسەی هەڵدەکێشایەوە بەمووسای گوت: ئایا ئامادەی لە خزمەتی من دابی و بە ئاسوودەیی بژی؟ پاش ئەوەی کە لە خزمەتی مندا دەبی، لە کۆیلەتیش دەبەخشرێی، من دەڵێم کە براکەشت لە کۆیلەیی ببەخشرێ.

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون من جادووگەر نیم. ئەم مارەشم بە جادوویی نەهێناوەتە بوون.

ئەم مارە خواوەند هێناویەتە بوون. من تەنیا، ئامرازی هێنانە بوونی مارەکەم. هەر کاتێك کە وەکازەکەی خۆم بەنیەتی ئەوەی کە ببێتە مار، فڕێ بدەمە سەر زەوی، دەبێتە مار، هەرکاتێك دەست درێژ بکەم و کلکی مارەکە بگرم، دەبێتەوە بە وەکاز.

فیرعەون گوتی: دەستت درێژکە و کلکی مارەکە بگرە.

مووسا دەستی درێژ کرد و کلکی مارەکەی گرت، ئەو گیانلەبەرە دەسبەجێ بوو بە وەکاز.

فیرعەون، پاش ئەوەی کە مارەکە بووەوە بە وەکاز، هەوڵیدا بەسەر خۆیدا زاڵ بێ. کۆشا کە خۆی واپیشان بدا، کە ئەم رووداوە، وەکو ئەوەی کە دەردەکەوێ، نیگەران هێن نەبووە. بۆیە رووی



کردە ئەو جادووگەرانەی کەلەوێ بوون و گوتی: من فەرمانتان پێدەکەم کە ئافەرین لەو پیاوە بکەن چونکە هیچ کام لە ئێوە ئەو شارەزاییەی نییە کەبە گرتنی کلکی مار، مارەکە بکا بە دار.

ئێوە بەئاسانی دەتوانن دار یان شتگەلی دیکە بکەن بەمار، بەڵام ناتوانن بەو ئاسانییە مار بۆ شێوەی دار یان شتگەلی دیکە بگۆڕن. بەڵام ئەو پیاوە هەر بەو جۆرەی کە بینیتان، توانی کلکی مار بگرێ و لە ماوەی یەك ساتدا بیکا بەدار.

پاشان فیرعەون رووی کردە مووسا و گوتی: من ناوی تۆم لەبیر چۆتەوە بابزانم ناوت چییە؟

مووسا ناوی خۆی گوت، فیرعەون جارێکی تریش لە مووسای پرسی: لە خزمەتی مندا دەبی یان نا؟

مووسا گوتی: نا، چونکە من لە خزمەت خوای خۆم دام، کەسێك لە خزمەت خوای خۆیدا بێ، ناچێتە خزمەت کەسێکی ترەوە.

فیرعەون، تەماشایەکی جل و بەرگی مووسای کرد کە لەگەڵ جلی ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل جیاوازییەکی نەبوو، ئینجا پرسی: ئایا خوای تۆ خواردن و جلت دەداتێ؟

مووسا گوتی: خوای من هەموو شتێکم دەداتێ.

فیرعەون گوتی: ئەی بۆ ئەو جلە پەرپووتەت لە بەردایە، تۆ ئەگەر بێیە خزمەتی من، بەردەوام خواردەمەنی بەتام دەخۆی و جل و بەرگی باش دەپۆشی. پاشان تەماشایەکی پێیەکانی مووسای کرد و گوتی: لە جیاتی ئەوەش کە بەپێ ڕێگا تەی بکەی سواری ئاژەڵ دەبی و ئازاری بەپێ ڕۆیشتن ناچێژی.

کاتێك ئاخاوتنی فیرعەون گەیشتە ئێرە، دەنگی سروود خوێندن، کەلە لایەن دەستەیەك لە کاهینانەوە دەخوێندرایەوە، قسەکەی فیرعەونی بڕی.

هەموو ئەو کەسانەی کەلەو تەلارە بوون، تەنانەت مووسا و نوون، نەیاندەزانی کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی خۆرە، هەر بەو بۆنەیەوە دەستەیەك لە کاهینان، بە مەراسیمی تایبەتی بەرەو رووباری نیل دەرۆن تا لەوێ دەست بە ستایشی خۆر بکەن.

ساڵنامەی ڕۆژانی میسری لەگەڵ ڕۆژانی ئەمڕۆی میللەتانی دنیا جیاوازی هەبوو. میسرییەکان هەفتەیان نەبوو و هەفتە، لە قەومی ئیسرائیلەوە چووە ناو قەومەکانی دیکەوە.

هەر یەکێك لە ڕۆژەکانی میسر، لە هەر یەکێك لە سێ وەرزەکەی ساڵی میسرییان، بەناوی یەکێك لە خواکان یان یەکێك لە ئەستێرەکان بووە. لەهەر وەرزێکدا، ڕۆژێك بەناوی ڕۆژی خۆر و ڕۆژی مانگ هەبووە. لە ڕۆژی خۆردا، کە ئەمڕۆش لە ساڵنامەی ئێمەی ئینگلیزی زماندا

هەیە و بەناوی (سەندەی) دەخوێنرێتەوە، لە لایەن کاهینانەوە بە مەراسیمی تایبەتی بەڕێوە دەچوو.

تەلاری دیداری گشتی، بە جۆرێك دروستكرا بوو كە مووسا و نوون، تێپەڕینی دەستەی کاهینانیان بەرەو رووباری نیل دەبینی.

لە پێشی پێشەوەی کاهینان، دەستەیەك لە میوزیك ژەنان، كە هەموویان نابینا بوون، دەرۆیشتن و بەعوود و بلوێر ئاوازییان لێدەدا. لە پشتەوەی ئەوان سندوقێكی گەورە بە شێوەی شەشپاڵوو لەسەر شانی چەند كەسێكەوە هەڵدەگیرا و میسرییەكان پێیان وابوو كە ((خۆری خوا)) لەو سندوقە دایە.

ئایا قەومی ئیسرائیل، كە تابووتی سەكینە یان بە پیرۆز دەزانی و لەهەموو جەنگەكاندا لە پێشی سووپای خۆیان، بەرەو پێش دەیانبرد، لە میسرییانیان وەرگرتبوو یاخوود داهێنانی خۆیان بوو؟

ئەمە بابەتێكە كە هێشتا روون نەبۆتەوە. یەهودییان دەڵێن كە تابووتی سەكینە، داهێنانی خۆیانە. ژمارەیەك لە مێژوو نووسان باوەڕیان وایە كە قەومی ئیسرائیل تابووتی سەكینەیان لە میسرییەكانەوە وەرگرتووە و پاشان بە شێوەیەكی دیكە گۆڕیویانە. ئەو سندوقە كە بە شێوەی شەش پاڵوو دروست دەكرا، بووە ئامرازی یەكخستنی دوازدە تیرەكەی قەومی ئیسرائیل و رووی پیرۆزی بە خۆیەوە گرت. یەهودییەكان هاتنە ئەو باوەڕە كە ئەگەر ئەو سندوقە لەجەنگەكاندا لە پێشی پێشەوەی خۆیان هەڵبگرن، سەركەوتوو دەبن. ئەگەر لەكاتی بڵاو بوونەوەی نەخۆشییەكی درم دا، تابووتی سەكینە بجووڵێنن، نەخۆشییەكە لە بەین دەچێ. هەرگا باران بارین دوا بكەوێ، دەتوانرێ بەرێگەی جووڵاندنی تابووتی سەكینە، باران ببارێنن.

ئینجا، لە پشت سندوقێكەوە كە میسرییەكان وایان وێنا دەكرد كە ((خۆری خوا)) بێ، كاهینانی پەرستگای ئاموون، یانی پەرستگای گەورەترین خوای میسر، بەسەری تاشراو و چەور كراوەوە، دەهاتن و سروودی خۆریان دەخوێندەوە.

هەموو ئەو كەسانەی كە لە تەلاری دیداری گشتی فیرعەون بوون و ئەوانەی كەلە شەقامی بەرامبەر كۆشك بوون و تێپەڕ بوونی بە كۆمەڵی كاهینانیان بینی، دەستێكیان بەرەو ئاسمان یانی بەرەو خۆر بەرز كردەوە. بەرز كردنەوەی دەست لە لایەن ئەوانەوە بە جۆرێك بوو كە ئانیشكیان لە لەشیان جیا نەدەبۆوە.



تەنیا دووكەس دەستی خۆیان بەرەو ئاسمان بەرز نەكردەوە، یەكێكیان مووسا و ئەوی تریشیان نوون، بوو.

فیرعەون لە مووسای پرسی: بۆچی دەستی خۆت بەرز ناكەیەوە؟

مووسا گوتی: من باوەڕم بە یاهووی خوای تاك و تەنیا هەیە و باوەڕم بە ئاموون نییە تا دەستی خۆم بەرەو ئاسمان بەرز بكەمەوە.

فیرعەون گوتی: جارێكی تر ئەو قسەیە نەكەی ئەگینا سەرت بە فەتارەت دەچێ.

مووسا گوتی: من ئێستا بەڵگەیەكی ترت پێ نیشان دەدەم كە بوونی خوای نەبینراو و تاك و تەنیا دەسەلمێنێ.

فیرعەون پرسی: ئەگەر بەڵگەكەی تریشت بۆ سەلماندنی ئەو خوایە كە خۆت باسی دەكەی هەروەكو بەڵگەی یەكەم بێ، وا باشترە پیشانی نەدەی.

مووسا گوتی: بەڵگەكەی ترم لەوەی یەكەم جیایە.

فیرعەون پرسی: ئەم بەڵگەیە چۆنە، ئایا هەروەكو كردنی وەكازە بەمار؟

مووسا گوتی: نا، ئەی فیرعەون، من ئەمڕۆ پیشانی تۆ و ئەو كاهینانەشی دەدەم كە ئێستا بەرەو رووباری نیل دەڕۆن، كە خواوەند دەتوانێ لەماوەی یەك ساتدا شەتی نیل بكا بەشەتی خوێن.

فیرعەون پرسی: ئایا دەڵێی كە تۆ دەتوانی شەتی نیل بكەیە شەتی خوێن؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من ئەو كارە ناكەم، بەڵكو خوای من شەتی نیل دەكا بەشەتی خوێن.

فیرعەون رووی كردە یەكێك لە یاوەرانی و گوتی: ئایا لە توانادا هەیە ئاوی رووباری نیل بكرێتە خوێن؟

پیاوەكە وەڵامیدایەوە: زۆر جار وارێك دەكەوێ كە ئاوی شەتی نیل رەنگاورەنگ دەبێ و وەكو خوێنی لێ دێت.

هەر گا كە لە خانەی مردووان (ئەو دامەزراوەیەی كە لەوێ مردووەكان مۆمیایی دەكەن) ئاوەڕۆی ئەستێركەكان دەكەنەوە و ئەوەی لەناو ئەستێركەكاندایە دەچێتە ناو شەتی نیلەوە، رەنگی رووبار دەگۆڕێ و هەر كاتێكیش لە دەباغ خانەكاندا ئاوەڕۆی ئەستێركەكان بەرەڵا دەكەن و هەرچی لە نێو ئەستێركەكاندایە دەچێتە ناو شەتی نیل، دیسانەوە ئاوی رووبار رەنگی دەگۆڕێ. هەروەها هەر كاتێك كە خمچییەكان تێكەڵەی رەنگەكانییان، تێكەڵ بە ئاوی نیل دەكەن، ئاوی رووبار زەرد یان نیلی یان سوور هەڵدەگەڕێ.

فیرعەون رووی کردە مووسا وگوتی: بەو جۆرەی کە گوێت لێبوو گۆڕانی رەنگی ئاوی رووباری نیل رووداوێکی نا ئاسایی نییە، لەوانەیە هەر رۆژی جارێك، رەنگی ئاوی رووبار بگۆڕێ.

مووسا گوتی: گۆڕانی ئاوی رووباری نیل بە هۆی ئەو رەنگ و مادانەوەیە کە خانەی مردووان و دەباغ خانە و خمچییەکان تێکەڵ بە شەتی نیلی دەکەن، ئاوی رووبار لە چەند ساتێك زیاتر، رەنگی ناگۆڕێ و پاشان رەنگەکەی وەکو خۆی لێ دێتەوە.

بەڵام ئەو کارەی کە خوای من بە دەستی من دەیکا، گۆڕینی هەمیشەیی رەنگی شەتی نیلە و ئەو ئاوەی کە ئێستا بەشەتی نیلدا دەڕوا دەبێتە خوێن. ئیتر هیچ میسرییەکی تینوو، ناتوانێ لەو ئاوە بخواتەوە، هیچ جووتیارێکی میسری ناتوانێ بەو ئاوە، کێڵگەکەی ئاو بدا، چونکە خوێن، کێڵگە تێر ئاو ناکا. هەروەها هەموو گیانلەبەرانیش لە تینوێتیدا لەبەین دەچن و لەم سەرزەوینەدا، نە گیانلەبەر دەمێنێ و نەگیا.

مووسا، ئەم رستانەی بە جۆرێك بە هێز و ئیمانەوە دەربڕی کە کاری لە فیرعەون کرد، ئەمەش لەو رووەوە کە فیرعەون وابیر بکاتەوە کە مووسا لە لایەن خواوە قسە دەکا یاخوود دەسەڵاتێکی هەیە کە لە لایەن خواوەندەوە بەو بەخشراوە.

فیرعەون، مووسای بە جادووگەرێك دەزانی کەلە جادووگەرەکانی ناو دەرباری خۆی، کە کاری جادووگەریی دەکەن، باڵاترە.

ئەو بینیبووی کە وەکازی مووسا، پاش ئەوەی کە بووە مار، هەموو مارەکانی تری خوارد. ئەو بەخۆی گوت ئەم پیاوە کە لەکاری جادووگەریدا ئەوەندە باڵا دەست بێ، لەوانەیە بتوانێ رەنگی ئاوی رووباری نیل بگۆڕێ بێ ئەوەی کە مادەیەکی رەنگ بڕێژێتە ناو رووباری نیلەوە.

فیرعەون، تەنانەت وێنای ئەوەشی نەدەکرد کە مووسا بتوانێ ئاوی شەتی نیل بکاتە خوێن، تەنیا بیری دەکردەوە کە مووسا لەبەر ئەوەی جادووگەرێکی بەرجەستەیە لەوانەیە بتوانێ بێ ئەوەی کە رەنگێك بڕێژێتە ناو ئاوەکەوە رەنگی ئاوەکە بگۆڕێ.

ئەوە بوو کە بە مووسای گوت: قسەکەی تۆ وام لێدەکا تاقی بکەمەوە ئاخۆ دەتوانی رەنگی ئاوی نیل بگۆڕی یان نا؟

پاشان بەو کەسانەشی، کەلە دەورووبەری بوون گوتی: ئێوەش وەرن.

کاتێك کەسانی خاوەن پلە و پایەی دەربار، تێگەیشتن کە فیرعەون نیازی چوونە دەرەوەی هەیە پێیان گوت ئایا پێویست دەکا تەختی داربەست یان گوێدرێژ بهێنن تا فیرعەون سواری ببێ.



فیرعەون گوتی: شەتی نیل نزیکە و دەتوانم بەپێ تا ئەوێ بڕۆم.

رامسیسی دووەم، فیرعەونی پێشوو، هەرگیز بە پیادەیی بە جادە و رێگاکانی پایتەخت دا، نەرۆیشت. هیچ کەسێك لە دانیشتووانی پایتەخت بە حاڵی پیادەوە ئەویان نەدی.

ئەو وای بیرکردەوە کە یەکێك لە نیشانەکانی شکۆمەندی وی ئەوەیە کە بەردەوام خەڵك ئەو بەسەر تەختی دار بەستەوە ببینن و لە بەرامبەریدا سەریان بەزەوییەوە بنێن و سوژدە بەرن.

بەڵام فیرعەون مەنەفتە، کە پاش رامسیسی دووەم بوو بە فیرعەون، ئەوەندە هۆگریی بە خۆ بەشکۆنواندنەوە نەبوو. جاری وا هەبوو بۆ رێگای نزیك بەپێ دەرۆیشت و ئەم بابەتە بە لێڕوانینی خەڵکی پایتەختی میسر، وەکو کودەتایەك خۆی دەنواند، چونکە هەرگیز نەیاندیتبوو کە فیرعەونی پێشوو، بەپێ بە جادە و ڕاڕەوەکانی شاردا تێپەڕێ. بەڵام هەر جارێك کە فیرعەون مەنەفتە، بەپێ بە ڕاڕەوەکانی پایتەخت دا تێدەپەڕی، ژمارەیەك لە پێش و پاشەوەی وی دەرۆیشتن و سەرباری ئەوەی کە بەپێ بەرێگادا دەرۆیشت، شکۆی پاشایەتی ئەو، هەر پارێزراو بوو.

ئەو کەسانەی کە دەبووایە لە پێش و پاشەوەی فیرعەون بڕۆن، ئامادە بوون و فیرعەون مۆڵەتی دا کە هەموو ئەوانەی لە تەلاری دیداری گشتی بوون لەگەڵ ئەودا بێن بۆ لێواری شەتی نیل.

کاتێك فیرعەون و مووسا و نوون و ئەوانیتر، گەیشتنە لێواری رووباری نیل، هێشتا کاهینەکان لەوێ مابوون، بە بۆنەی رۆژی خۆرەوە سروودیان دەخوێند و دەستێکیان بەرەو ئاسمان بەرز دەکردەوە.

فیرعەون و هاوەڵەکانیشی، دوای ئەوەی کە گەیشتنە لێواری رووباری نیل دەستیان بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە.

مووسا دەستی خۆی بەرەو ئەو کاهینانە درێژ کرد کە خەریکی سروود خوێندنەوە بوون و هاواری کرد: ئەم سروودە مەخوێننەوە و دەست بەرەو ئاسمان درێژ مەکەن، چونکە خۆر، خوای کەس نییە. خوای من و فیرعەون و ئێوە و کە سانیتریش، خوایەکە کە نابینرێ و شێوەی نییە. من بانگهێشتی ئێوە دەکەم کە لە جیاتی ئاموون و خوایانی تر و مانگ و خۆر و ئەستێرەکان، خوای نەبینراو بپەرستن.

کاهینەکان لەبەر ئەوەی سروودیان دەخوێندەوە، گوێیان لە دەنگی مووسا نەبوو. پاش ئەوەی بەشێك لە سروودەکەیان خوێندەوە، تێڕامان تا میوزیك ژەنە نابیناکان، بە مۆسیقا

وەڵامی ئەوان بدەنەوە و دوای ئەوە میوزیك ژەنە نابیناكان پارچەیەكیان لێدا، سەرۆكی كاهینان ئاماژەیەكی كرد و خوێندنی سروود ڕاوەستا.

هۆكاری ڕاگرتنی سروود ئەوەبوو كە سەرۆكی كاهینان، وای وێنا كرد كە فیرعەون بۆ بینینی ئەوان هاتۆتە لێواری شەتی نیل. ئەم بابەتە بۆ دەستەی كاهینان، شانازییەكی گەورە بوو.

فیرعەون، سەرنجی دا كە سەرۆكی كاهینان بەسەهوو چووە و وای وێنا كردووە كە ئەو بۆ لای دەستەی سروود خوێنانی خۆر، هاتۆتە ئەوێ. بۆیە ئاماژەیەكی بۆ ئەو كرد و داوای ئامادەبوونی ئەوی كرد و گوتی: ئەمڕۆ بۆیە هاتوومە ئێرە تا بزانم ئەم پیاوە (ئاماژەی بۆ مووسا كرد) لە بانگەشەكەی خۆی ڕاستگۆیە یان نا.

ئەو بە منی گوتووە كە دەتوانێ ئاوی نیل بگۆڕێ بۆ خوێن، بەڵام من باوەڕ بە قسەكەی ناكەم. لەوانەیە بتوانێ ڕەنگی ئاوی نیل بگۆڕێ، بەڵام ناتوانێ وابكا لە جیاتی ئاو، خوێن بڕوا.

مووسا گوتی: من دەتوانم ئەو كارە بكەم و هەر بەو جۆرەی كە بەفیرعەونم گوت، خوای من كە خوای نەبینراوە، ئەو دەسەڵاتەی داوەتە من.

سەرۆكی كاهینان برۆكانی تێك ناو ڕوو بە فیرعەون گوتی: ئەی پاشا، ئایا گوێت لێیە ئەو پیاوە دەڵێ چی؟

فیرعەون گوتی: بەڵێ.

سەرۆكی كاهینان گوتی: ئەو لەبەردەمی تۆدا كە پاشای، ناوی ئاتوون دەبا و باسی خوای درۆزن دەكا و لایەنگیریی لێدەكا، فەرمانی كوشتنی دەربكە.

كاهینەكان، مەودایەك لە فیرعەون و مووسا و سەرۆكەكەی خۆیان دوور بوون، بەڵام گوت و بێژی ئەوانیان گوێ لێدەبوو. وایان بیردەكردەوە كە مووسا لە لایەنگرانی ئاتوونە. بە ئەسپایی لەگەڵ یەكتریدا قسەیان دەكرد و سكاڵایان لە گەندەڵیی زەمانە دەكرد و دەیانگوت ئەگەر ڕامسیسی دووەم، زیندوو بوایە، هیچ ئاتوون پەرستێك زاتی ئەوەی نەدەكرد لە حزووری ویدا ناوی خوای نەبینراو ببا.

ڕامسیسی دووەم، سەرۆكی كاهینانی كۆشكی پاشایەتی، كەهەر لەبەر ئەوەی گومانی ئاتوون پەرستی لێدەكرا، كوشت و تەنانەت كاتێك گومانی لە ژنەكەی كرد و هەستی كرد كە ئەو ئاتوون دەپەرستێ گوتی بە بەڵگەی كاری نەشتەرگەری، كەللەی سەری كون بكەن و



ڕەوانەی دنیای ڕۆژئاوای بكەن. بەڵام ئێستا ئەم پیاوە ئاتوون پەرستە، بەجۆرێك زاتی هاتۆتە بەر كەلە حزووری فیرعەون دا، لایەنگیری لە خوای بێ شێوە و نەبینراو دەكا.

فیرعەون لە وەڵامی سەرۆكی كاهینان گوتی: ئەو خوایەی كە ئەم پیاوە (ئاماژەی بۆ مووسا كرد) لە بارەیەوە قسە دەكا، ئاتوون نییە، گەرچی دەڵێ ناتوانرێ ئەو خوایە ببینرێ، بەڵام خوای ئەو لە میسر پەیدا نەبووە بەڵكو لە كێوێك كەلە سەرزەوینی سینایە، پەیدا بووە و ناویشی وەكو ئەم پیاوە دەڵێ (یاهوو)ە.

ئەگەر ئەم پیاوە لایەنگیری لە ئاتوون بكردایە، من بێ ساتێك دواكەوتن فەرمانی كوشتنی ئەوم دەردەكرد، چونكە لەم وڵاتەدا هیچ كەسێك تەحەمولی ئەوە ناكا كەسانێك هەبن لایەنگیری لە ئاتوون بكەن.

سەرۆكی كاهینان گوتی: ئەی پاشا، نە وەكو ئەم پیاوە ناوی ئاتوونی گۆڕیبێ و ئێمە تەفرە بدا.

فیرعەون گوتی: تۆ دەزانی كە دەتوانرێ ناوی خوایەك بگۆڕدرێ، ئەگەر ناوی خوایەك بگۆڕن، نەریتی ئەو لە بەین دەچێ و چۆنایەتی خوایەتی خۆی لەدەست دەدا.

سەرۆكی كاهینان بێدەنگ بوو و فیرعەون ڕووی كردە مووسا و گوتی: ئێستا بانگەشەی خۆت بسەلمێنە.

مووسا لە ئاوەكە نزیك بۆوە و دەستی خۆی بردە ناو ئاوەكە و كەمێك لە ئاوەكەی هەڵگرت وبەسەر زەویدا بڵاوی كردەوە.

هەر كە دڵۆپە ئاوەكانی بەسەر زەوی دا ڕشت، ئاوی شەتی نیل وەكو ئاوی مەنجەڵێك كە لەسەر ئاگر دانرا بێ، هاتە كوڵ، پاش ئەوە، ئاوە كوڵاوەكە كەوتە شەپۆل دانی بەگوڕ، ئەو كەسانەی كە شەتی نیلیان دەبینی، وایان وێنا دەكرد كە ئاوی نیل، لە ناكاو وەكو دەریای لێهاتووە و شەپۆلی گرتووە.

لە حاڵێكدا كە شەپۆلەكان دەجووڵان و تەكانیان دەدا، فیرعەون بینی كە ئاوی شەتی نیل ڕەنگی زەرد بوو و پاشان ئەو ڕەنگە بۆ ڕەنگێكی سوور گۆڕا. پاش چەند ساتێك دووبارە ڕەنگی ئاوەكە گۆڕا و بەرەنگێكی سووری جگەری لێهات.

لەو كاتەدا ماسییەكان سەرئاو كەوتن و دەركەوت كە مردوون. ئاوەكە كە وەكو ڕەنگی خوێنی لێهات، بە جۆرێك خەست بوو وا وێنا بكرێ كە ڕۆگەی ڕووباری نیل خوێنی پێدا دەڕوا.

لە شەتەكەوە بۆنێكی وەكو بۆنی ئاوەڕۆی قەسابخانەكان دەهات كە لەوكاتەدا خوێنی مەڕیان تێدەكرد. ئەو بۆنە ئامادە بووانی بە جۆرێك ناڕەحەت كرد كە یەكێك لە یاوەرانی

فیرعەون گوڵێکی لە بن لووتی فیرعەون راگرت تا گوڵاوی گوڵەکە بۆن بکا و بۆنی خوێن، نەگاتە لووتی فیرعەون .

چەند کەسێك لە جادووگەران کە لەوێ بوون گوتیان: نابێ فیرعەون لەو دیمەنە بترسێ چونکە ئەمە جادووگەرییە، ئێمەش ئەگەر دەرفەتی تەواومان بدرێتێ تا کەرەسە و ئەسپاببی ئەو کارە ئامادە دەکەین، دەتوانین ئەم کارە بکەین!

یەکێك لە کاهینەکان گوتی: لەوەش بترازێ، ئێستا وەرزی هاوینە و لەم وەرزەدا، بەهۆی گەرمای ئاوەکە، هێندێك لە ماسییەکان دەمرن و سەرئاو دەکەون.

مووسا لەحاڵێکدا کەرووی کردبووە فیرعەون، گوتی: ئایا دەبینی کە خوای من راستی گوت و دەسەڵاتی دایە من کە بتوانم ئاوی نیل بکەم بە خوێن. ئایا هێشتا ناتەوێ دەست لە خوایانی میسر بەربدەی و ئیمان بە یاهوو خوای نەبینراو بهێنی و قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەی تا لەم وڵاتە برۆنە دەرەوە؟

سەرەرای ئەوەی کە بە فیرعەونیان گوت ئەم کارە، جادووگەرییە، فیرعەون نارەحەت بوو، چونکە دەیبینی ئەوەی بەرۆگەی رووبارەکەدا دەڕوا، نەهەر تەنیا رەنگ و خەستیی خوێنی هەیە، بەڵکو بۆنی خوێنیش دەدا.

هەر چەندێك فیرعەون مەودای بینینی لێك دەکێشایەوە و تەماشای دوورایییەکانی شەتی نیلی دەکرد، دەیبینی خوێن بەرووباردا دەڕوا.

جادووگەرەکان بۆ ئەوەی فیرعەون لە وەحشەت بهێننە دەرەوە گوتیان: مەحاڵە خوێن بەم شێوەیە بڕوا، چونکە خوێن شلەیەکی خەستە و کاتێك، لە لەشی مرۆڤ یان ئاژەڵ دێتە دەرەوە، دەمەیێ و ئیتر ناڕوا. بۆ ئەوەی قسەکەی ئێمە تاقی بکەیەوە فەرمان بدە چەند مەڕێك بهێنن و لێرە سەری بڕن تا ببینی خوێن، دوای ئەوەی کە لەلەشی مەڕەکان دێتە دەرەوە، دەمەیێ و ئیتر لە رۆیشتن دەوەستێ. ئەو خوێنە کە ئێمە دەیبینین وەکو ئاو دەڕوا، ئەوە لە جادووگەرییەوە سەرچاوەی گرتووە.

فیرعەون، لە ناکاو بە کەسانی دەوروبەری خۆی گوت: من حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە. ئینجا بێ ئەوەی یەك قسە لەگەڵ مووسا دا بکا و فەرمانێك لەبارەی ئەوەوە دەربکا، رێگای گەڕانەوەی گرتەبەر.

هەرکە فیرعەون گەڕایەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی، کاهینانی کۆشکی پاشایەتی و ئەستێرەناسان و جادووگەران و ئاقڵمەندانی کە لەگەڵ ئەودا چوو بوونە لێواری شەتی نیل و



چاوەڕێ بوون کە مۆڵەتی رۆیشتنیان بدرێتێ، هێشتەوە. لەمەوە هەمووان تێگەیشتن کە فیرعەون دەیەوێ قسەیان لەگەڵدا بکا. سەرۆکی کاهینانی کۆشك گوتی: ئەی پاشا، ئەمڕۆ ئەو کۆیلە بێ ئەدەبە، جەسارەتی کرد لە حزووری تۆدا، نکووڵیی لە خوای تۆ بکا و گوتی: خوایەکی تر بپەرستە. سزای وی ئەوەیە کە فەرمان بکەی بچن سەری خۆی و براکەی لە لەشیان جیا بکەنەوە.

یەکێك لە راوێژکاران گوتی: ئەی پاشا، لەشی تۆ، لەشی خوای ئاموونە و خوێنی تۆ، خوێنی خوای ئاموونە. ئەو پیاوە کە ئەمڕۆ سووکایەتی بەتۆ کردووە، نابێ بەزیندوویی بمێنێ. تۆ دەبێ فەرمان بدەی کەبەر لەوەی تاریکان دابێ، ئەو پیاوە بێ شەرمە بکوژرێ تا خوێنەکەی بڕژێتە سەر زەوی و زەوی بە خوێنی راستەقینە سوور ببێ نەك بە خوێنی جادووگەری.

یەکێکی تر لە ئامادەبووان گوتی: ئەی پاشا ئەو سووکایەتییەی ئەو پیاوە بە تۆی کرد، ئەگەر بێ سزادان بمێنێتەوە، ئاکامی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەمڕۆ هەمووان گوێیان لێبوو و بە چاوی خۆیان بینییان کە ئەو لە بەرامبەر تۆدا جەسارەتی ئەوەی کرد بێ ئابڕوویی بکا. ئەگەر تۆ نەیکوژی، خەڵکی میسر وا دەزانن کە تۆ لە خوای وی دەترسی. چونکە ئەگەر لە خوای ئەو نەترسابای، ئەوت دەکوشت.

کاتێك خەڵکی میسر بزانن تۆ، کە ئاموون دەپەرستی، لە خوای ئەو پیاوە دەترسی، ئیتر ژێر فەرمانیی تۆ ناکەن، بەڵکو ژێر فەرمانیی ئەو پیاوە دەکەن بە بەڵگەی ئەوەی کە دەبینن پاشاو خواکەی ئەوان، لە خوای ئەو پیاوە دەترسن. ئەوان وا بیر دەکەنەوە کە لەبەر ئەوەی پاشا لە خوای ئەو کۆیلەیە دەترسێ، دەبێ ئەوانیش لە خوای ئەو، بترسن.

یەکێك لە جادووگەران پاش وەرگرتنی مۆڵەتی ئاخاوتن، گوتی: ئەی پاشا، تۆ کە لەش و خوێنت، لەش و خوێنی ئاموونە، لە بارەی ئەم رووداوەی ئەمڕۆ و رەنگ گۆڕانی ئاوی شەتی نیل، ئەوەندە بیر مەکەوە، چونکە ئەم کارە جادووگەرییە و منیش دەتوانم رەنگی ئاو بگۆڕم!

فیرعەون گوتی: رەنگی ئاو بگۆڕە و بیکە بە خوێن.

جادووگەر گوتی: ئەو پیاوە، ماوەیەك کەرەسە و ئەسپابی ئامادە کردووە تاکو توانی ئەمڕۆ رەنگی ئاوی شەتی نیل بگۆڕێ. تۆ ئەی پاشا، ماوەیەك وەختم بدەیە تا کەرەسە و ئەسپابی کار ئامادە بکەم و رەنگی ئاوی نیل بگۆڕم.

فیرعەون پرسی: ئایا دەتوانی تا کاتژمێرێکی تر کە ئێمە خەریکی ئاخاوتنین کەرەسەی کار ئامادە بکەی؟

جادووگەر گوتی: بەڵێ ئەی پاشا. فیرعەون کاتژمێرێك وەختی دایە تا کەرەسەی کار ئامادە بکا، جادووگەر ڕۆیشت و پاش کاتژمێرێك بە کەرەسەی جادووگەرییەوە، لەوانەش، دوو قاپی شووشەوە، گەڕایەوە.

جادووگەر لە بەرچاوی فیرعەون و کەسانیتر، کەمێك ئاوی کردە یەکێك لە دووقاپە شووشەکەوە و پاش چەند ساتێك ئەو ئاوەی کردە قاپەکەی تر، هەمووان بینییان کە بوو بەڕەنگی خوێن.

فیرعەون داوای لە جادووگەر کرد قاپەکە بداتە دەست خۆی.

جادووگەر قاپەکەی دایە دەستی پاشای میسر، مەنەفتە، شلەکەی لە لووتی خۆی نزیك کردەوە و بۆنی کرد و گوتی: ئەم ئاوە ڕەنگی بە ڕەنگی خوێنە، بەڵام خوێن نییە چونکە بۆنی خوێنی لێ نایە.

بەڵام لە بارەی ئەو پیاوەوە کە ئەمڕۆ رووباری نیلی کردە خوێن، من بڕیاری دەسبەجێ نادەم و رای من لەبارەی وییەوە لە پاشان دەردەکەوێ. ئێستا مۆڵەتی ئێوە دەدەم بڕۆن چونکە کارێکم بە ئێوە نییە.

کەسانێك کە لای فیرعەون بوون ڕۆیشتن، بەڵام ئەوان لە حاڵەتێکی سەر سووڕمان دا بوون کە بۆچی فیرعەون فەرمانی کوشتنی مووسا و نوونی برای دەرنەکرد. بەڵام فیرعەون بەدوو هۆکار فەرمانی کوشتنی مووسای دەرنەکرد، یەکێکیان ئەوە بوو کە لە دیداری یەکەمی مووسا و فیرعەون سەر چاوەی گرتبوو، هۆکاری دووەم لە دیداری ئەو ڕۆژەوە.

لە دیداری یەکەمدا، کاتێك مووسا بە فیرعەونی گوت کە ئەو لە لایەن خوای تاك و تەنیاوە هاتووە و فەرمانی پێکراوە کە بەو بڵێ قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا. دەیویست لە کارگەی کۆتەڵ تاشی فەرمانی کوشتنی دەربکا. بەڵام شتێك بووە بەربەست کە مەنەفتە، فیرعەونی میسر، فەرمانی کوشتنی مووسا دەربکا. ئەویش ئەوە بوو کە کاتێك فیرعەون دیقەتی لە چاوەکانی مووسا دا، هەر وەکو بڵێی کە (ئوزیریس) خوای مردن و دنیای ڕۆژئاوا (گۆڕستان) ی لە چاوی ویدا بینیوە.

بینینی خوای مردن (بە باوەڕی میسرییەکان) لە چاوی مووسا دا، فیرعەونی بەسەختی ترساند و لە دەرکردنی فەرمانی گرتن و کوشتنی وی، خۆی بوارد و وازی لێ هێنا کە بڕوا.

بەڵام ئەوەی کە ئەو ڕۆژە بووە بەربەست کە فیرعەون فەرمانی کوشتنی مووسا دەربکا، ئەوە بوو کە سەرەڕای گۆڕینی ڕەنگی ئاوی شەتی نیل، فیرعەون پەی بەوە برد کەبەر لەو ڕۆژە و هەروەها بەر لە دیداری یەکەمیش، مووسای بینیوە.



مەنەفتە، هەر چەندێك لە یادگەی خۆیدا گەڕاو سووڕا، بە بیری نەهاتەوە مووسای لە کوێ دیوە، بەڵام یەقین بوو کە پێش دیداری یەکەم مووسای دیوە.

ریوایەتی زانایانی روحانی یەهودییەکان، وا پیشان دەدا کە فیرعەون مووسای نەناسیوە و نەیزانیوە کە ئەو، هەمان ئەو شازادە میسرییەیە کەلە رابردوودا چەندان جار ئەوی لە کۆشکی پاشایەتی میسر دیوە.

هۆکاری ئەوەی کە فیرعەون نەیتوانی مووسا بناسێتەوە، ئەوە بوو کە قەڵافەتی مووسا، بەهۆی مانەوەی دوورو درێژی لەدەرەوەی میسر، گۆڕابوو.

مووسا تا ئەو کاتەی کە لە پایتەختی میسر دەژیا، جل و بەرگی گرانبەها و ناسکی دەپۆشی. ریش و سمێڵی نەبوو و هەروەکو نموونەی جوانیی خۆی دەنواند. قژی ئارایش دراو و گوڵاوپڕژێن کراوی، زیاتر بەرچاوی دەخست. بەڵام دوای ئەوەی لە بیابان نیشتەجێ بوو، ئیتر سمێڵ و ریشی نەتاشی و قژی خۆی ئارایش نەدا. تەنانەت غولامانی ئیسرائیل کە لەناو میسر لە کارگەکانی بینا کردن و کێڵگەکاندا کاریان دەکرد و قژ و ریشێکی درێژیان هەبوو، جاروبار قژ و ریشی خۆیان چاك دەکرد. بەڵام مووسا، لەو ڕۆژەوە کە لەبیابان نیشتەجێ بوو، دەستی هیچ سەرتاشێك بەریش و قژی وی نەکەوت و بە هەمان قژ و ریشی چڕوپڕ و ئەو بەرگە خورییە زبرەوە، چووە لای فیرعەون. فیرعەون نەیتوانی بە بیری بێتەوە ئەو پیاوە، کە رواڵەتێکی زەندەق بەری هەیە، لە کوێ دیوە.

لە حاڵێکدا کە فیرعەون، پاش ئەوەی ئەو کەسانەی ئیزن دا کەلەوێ بوون، بیری دەکردەوە کە مووسای لە کوێ دیوە، یەکێك لەکار بەدەستانی دەربار هاتە ژووری فیرعەون و گوتی: چەند کەسێك هاتوون و داوا دەکەن کە چاویان بە فیرعەون بکەوێ.

لەو کاتەدا چرا هەڵکرابوو، فیرعەون هاتبووە ژووری خۆی و لە تەلاری دیداری گشتی نەبوو.

فیرعەون، خەریك بوو خۆی بۆ نان خواردن ئامادە دەکرد، بە پێی نەریت پاش نان خواردن دەنووست. ئەگەر خەوی نەهاتبایە، کتێب خوێنێك بانگ دەکرا تا کتێبی بۆ بخوێنێتەوە. کتێب خوێنیش، کتێبێکی لە بارەی مێژوو بۆ دەکردەوە (کتێبەکانی ئەو سەردەمە بە شێوەی تۆمار بوون) و ماوەیەك کتێبەکەی دەخوێندەوە و کەمتر وارێك دەکەوت کە پاش کاتژمێرێك فیرعەون خەو نەیباتەوە.

دەست و پێوەندی فیرعەون دەیانزانی کە نابێ هەرگیز لەکاتی شەودا، فیرعەون سەرقاڵ بکەن. هەربەو پێیە فیرعەون تێگەیشت کە ڕووداوێکی نائاسایی بۆتە بایسی ئەوەی کە

لەوکاتەدا چەند کەسێك بێن و داوا بکەن کە پاشای میسر دیدەنییان بکا. فیرعەون لە کاربەدەستەکەی پرسی: باشە تۆ پێت نەگوتن کە من لەو کاتانە چاوم بەکەس ناکەوێ؟

کاربەدەستەکە وەڵامی دایەوە: من پێم گوتن، بەڵام ئەوان گوتیان کە هەمووان خەریکە لە تینووان دەمرن، چونکە ئیتر ئاو نەما.

فیرعەون بە حەپەسانەوە پرسی: چۆن ئاو نییە؟

کار بەدەستی دەربار وەڵامیدایەوە: ئەوانە دەڵێن کەلە رووباری نیل دا، جگە لە خوێن، هیچی دیکەی تێدانییە و ناتوانن نەیبخۆنەوە و نە بیدەنە ئاژەڵە کانیان.

فیرعەون دەیزانی کە لە میسر، جگەلە ئاوی رووباری نیل، سەرچاوەیەکی تری ئاو نییە، خەڵك ناتوانن لە جێگەی دیکە ئاو بەدەست بێنن.

ئەو، بینیبووی کە ئەو رۆژە، مووسا، شەتی نیلی کردووە بە خوێن. بەڵام ئەم گۆڕانەی بە شتێکی کاتی دەزانی و وای بیردەکردەوە، کە پاش ئەوەی ئەو گەڕایەوە، ڕەنگی نیل وەکو پێشانی لێ دێتەوە.

فیرعەون، لە پەیامی کاربەدەستی دەربار بەجۆرێك سەری سووڕما کە رەزامەندی دا ئەو کەسانەی کە بۆ چاوپێکەوتنی هاتبوون، ببینێ.

ژمارەیەك لە پیاو ماقووڵانی شار، هاتنە ناو ژوورەکەی فیرعەون و پاش بەجێ هێنانی رێ و رەسمی رێز لێنان، فیرعەون لێی پرسین: چیتان دەوێ؟ ئەوان گوتیان کە ئاو لە پایتەخت نەماوە و ئەوەی بەشەتی نیل دا دەڕوا لە جیاتی ئاو، خوێنە.

مەنەفتە لەم قسەیە پەشۆکا. بەڵام بەسەر خۆی نەهێنا و گوتی: ئێوە دەزانن کاتێك کە پاشەرۆکی خانەی مردووان یان دەباغ خانەکان دەچێتە ناو رووبارەوە، ڕەنگی ئاوەکە دەگۆڕێ، و ئێوە ئەگەر ماوەیەك ئارام بگرن، ڕەنگی ئاوەکە دەگۆڕێ و وەکو پێشانی لێ دێتەوە.

پیاو ماقولان گوتیان: ئەی پاشا، ئێمە دەزانین هێندێك جار ڕەنگی ئاوی رووبار دەگۆڕێ، بەڵام ئەمجارەیان، ئاوی رووبار نەماوە و لە جیاتی ئاو خوێن دەڕوا، بۆنی خوێن بە جۆرێك دەگاتە لووتی بنیادەم کە مرۆڤ ناتوانێ تەحەمولی بکا. ئەگەر ئەم وەزعە درێژەی هەبێ، خەڵك و گیانلەبەر هەر هەمووی لە تینووان دەمرن.

فیرعەون گوتی: من پێم وایە هێشتا لەناو گۆزەکاندا بایی ئەوەندە ئاو هەیە کە بەشی بە کارهێنانی ئەمشەو بکا، تا سبەی ئاوی رووباریش زولاڵ دەبێتەوە و وەکو پێشانی لێدێتەوە. ئێوە تا سبەی ئارام بگرن و بە کەسانی تریش بڵێن ئارام بگرن تا ئاوی رووبار زولاڵ دەبێتەوە.



پیاو ماقولان، پاش وەرگرتنی وەڵام، لە ژوورەکە هاتنە دەرەوە و ئینجا لە کۆشکی پاشایەتی دەرچوونە دەرەوە.

فیرعەون، بیری دەکردەوە کە هێزی جادووگەریی مووسا هەر چەندێك بە هێز بێ، لەیەك شەو زیاتر درێژە ناکێشێ. دوای ئەوە هێزی سیحری ئەو پیاوە نامێنێ و بەیانی رۆژی داهاتوو ئاوی رووباری نیل بەشێوەی سروشتی خۆی لێ دێتەوە. هەر بۆیە فیرعەون بە ئیشتیاوە نانی خوارد و پاشان چووە سەر جێگای نووستنەکەی و کتێب خوێن ئامادە بوو و ماوەیەك کتێبی خوێندەوە تا فیرعەون خەوی لێکەوت.

ئەو شەوە، هیچ خەونێکی هەراسانهێن ئارامی فیرعەونی تێك نەدا. مەنەفتە، تاکاتی دەرکەوتنی خۆر، خەوتبوو. کاتێك لە خەو هەستا، دەنگی ژاوە و هەراوهۆریایەکی کەوتە بەر گوێ. فیرعەون گوێی راگرت و دیقەتی دا کەلە هەموو گۆشەیەکی پایتەختەوە، دەنگی هەراو هۆریا دەکەوێتە بەرگوێ.

فیرعەون کاربەدەستی ئێشکگری دەرباری ئامادە کرد و لێی پرسی: ئەم دەنگە چییە؟

کار بەدەستی دەربار گوتی: ئەمە دەنگی شیوەن و زاری خەڵکە کە بۆ مردنی دایەنی میسر (شەتی نیل) شیوەن و زارییانە.

فیرعەون، گوێی راگرت و لە بەینی هەراو هۆریا دەنگی گریانیشی کەوتە بەر گوێ پرسی: چ روویداوە، خەڵك بۆ ئاوا شیوەن و زارییانە و دەگرین؟

کار بەدەستی دەربار گوتی: ئاوی نیل نەماوە و لەجیاتی ئاو، خوێن دەڕوا. خەڵك و گیانلەبەران تینوویانە و ئاویشیان نییە، سەرباری تینوێتی، وا تێدەگەن کە خواکانی میسر غەزەبیان لە خەڵك گرتووە و ئاوی نیلییان کردووە بە خوێن.

فیرعەون گوتی: بڵێ با بچن چەند قاپێك ئاو لەچەند جێگەیەکی جیاوازی رووبار پڕ لە ئاو بکەن و بیهێنن.

کار بەدەستی دەربار رۆیشت و فەرمانی فیرعەونی بە خزمەتچییان راگەیاند. خزمەتچییان کەوتنە رێ و بەزوویی بەچەند قاپێکی پڕ لە خوێنەوە کەلە جێگەی جیاوازی رووبار پڕیان کردبوو، گەڕانەوە.

فیرعەون، تەماشایەکی ناو قاپەکانی کرد، شلەیەکی ڕەنگ سووری کەلە ناو قاپەکاندا بوو، بۆن کرد و دیقەتی دا، کەبێ دوو دڵی خوێنە، هەروەها ئەو شلەیە نەك هەر تەنیا شێوە و بۆنی خوێنی لێدەهات، بەڵکو وەکو خوێن مەیی بوو.

فیرعەون پرسی: ئایا لە بەشەکانی سەرەوە و خوارەوەی ڕووباریش، ئاوەکە هەمان ڕەنگ و بۆنی هەیە؟

بە فیرعەونیان گوت کە ئەو کەشتییانەی دوێنێ شەو لە ڕێگا بوون و لەبەشەکانی سەرەوە یان خوارەوەی ڕووبار هاتوون، دەڵێن کەلە هەموو جێگەیەك، ئاوی ڕووباریان بەڕەنگی خوێن دیوە و بۆنی خوێنی لێهاتووە. ئەوان ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی ئاویان دەست نەکەوتووە، بە تینوێتی هاتوونەتە ناو پایتەختەوە.

فیرعەون پرسی: بۆ لە کەشتییەکاندا، ئاوی پاشەکەوتی تێدا نییە، ئایا کەشتیوانان ئاو پاشەکەوت ناکەن؟

دەرباریيەکان وەڵامیان دایەوە: کەشتییەکانی شەتی نیل ئاو پاشەکەوت ناکەن، چونکە دەزانن کە بەردەوام ئاوی تازەیان لە بەردەستە و دەتوانن هەر چەندێك ئاویان بوێ، لە شەتەکە وەری بگرن، ئەمباری ناو ئەو کەشتییانە بەردەوام بەتاڵە.

بەزوویی دەرکەوت کە تەنیا خەڵکی پایتەخت لە تینوان ناگرین، بەڵکو ڕاوچییانی ڕووباری نیلیش، بە هۆی مردنی ماسییەکانەوە، ماتەمیی دایگرتوون.

لەو زەمەنەوە کە وڵاتی میسر، خەڵکی تێدا نیشتەجێ بووە، لە هەردوو لێواری ڕووباری نیل، بەردەوام ژمارەیەك ڕاوچی هەبوون کەلە ڕێگای ڕاوە ماسییەوە، گوزەرانی خۆیان دابین دەکرد. لە هەموو شار و شارۆکەکانی میسر، بازاری ماسی فرۆشتن هەبوو، لەبەر ئەوەی هەموو شار و شارۆکەکانی میسر، لە لێواری ڕووباری نیل بوون و، ماسیی، بە خواردەمەنییە هەرزانەکانی میللەتی میسر دەژمێردرا و لەهەمان کاتیشدا چێژی خۆشی هەبوو.

بەڵام ئەو ڕۆژە ڕاوچییانی میسر کاتێك ویستیان ماسی بگرن، تەماشایان کرد ئاو نییە، شەتی نیل، بۆتە شەتی خوێن و هەموو ماسییەکان مردوون.

لە وڵاتی میسر، هەرگیز خەڵك بیریان لەوە نەکردبۆوە ئەگەر ڕۆژێك ئاوی ڕووباری نیل نەمێنێ، دەبێ ئەوان چ بکەن.

ئاوی ڕووباری نیل، پاش وەرزی هەستان (کە هەمیشە لە وەرزی پاییزدا بووە و دەبێ) کەم دەبوو، بەڵام هەرگیز نەدەبڕا. ڕەنگی ئاو، جاری وا هەبوو دەگۆڕا، بەڵام هیچ کاتێك بەڕەنگ و بۆنی خوێنی لێ نەدەهات.

بابەتی دابین کردنی ئاو بۆ نەهێشتنی تینوێتی خەڵك، پێویستییەك بوو کە دەبوایە دەسبەجێ ڕێگا چارەی بۆ بدۆزێتەوە. ئەگەر دوو ڕۆژ تێپەڕیبایە و ڕێگا چارەی بۆ



نەدۆزرابایەوە، دانیشتووانی وڵاتی میسر، لە تینوان دەمردن و هەموو گیانلەبەرانیش لەبەین دەچوون.

فیرعەون جارێکی دیکەش کۆڕی ڕاوێژ کردنی پێکهێنایەوە و ئەمجارەیان، ئاقڵمەندان و پیاوانی دنیا دیدەی کۆ کردەوە تا ڕێگە چارەیەك بدۆزنەوە.

یەکێك لە بەساڵداچووان گوتی: ئەی پاشا، ئەو ڕووداوەی لەم وڵاتە هاتۆتە پێش بێ پێشینەیە و هەرگیز ڕووی نەداوە کە ڕەنگی ڕووباری نیل بە جۆرێك بگۆڕێ کە ماسی بمرن، من، وا وێنا ناکەم جارێکی تر بتوانرێ لە ڕووباری نیل ماسی ڕاو بکرێتەوە مەگەر بە وەزعێك کە ئاوی ڕووبار وەکو پێشانی لێبێتەوە و لەسەرچاوەوە، ماسییەکان گەرا دابنێنەوە و ماسی لە ڕووباری نیل زۆر بێتەوە. من نازانم ئایا سەرچاوەی ڕووباری نیلیش، ڕەنگ و بۆنی ئاوەکەی گۆڕاوە یان نا؟

فیرعەون گوتی: من گومانم بۆ ئەوە ناچێ کە ڕەنگ و بۆنی سەرچاوەی ئاوی نیل گۆڕابێ، چونکە سەرچاوەی ڕووباری نیل ئەوەندە دوورە کە هەرکات ماوەی چەند مانگیش بڕۆن ناگەنە سەرچاوەکەی.

لەو کاتەدا فیرعەون بە جۆرێکی کاتی کۆڕی ڕاوێژی ڕاگرت و داوای یەکێك لە خزمەتچییانی خۆی کرد و پێی گوت: بە زوویی کەشتییەك بە فەرماندەیی کەشتیوانێکی خاوەن ئەزموون بەرەو میسری سەروو بنێرە، لەو کەشتییەدا ژمارەیەك سەوڵ لێدەر و ژمارەیەك تەتەری خۆشڕەوی تێدا بێ، سوکانداری کەشتی بەر پرسە کە ئەو تەتەرە خۆشڕەوانە لە مەودای جیاجیا، لە لێواری ڕووبار دابەزێنێ، هەر جۆرە پەیامێکی کە بە وەزعی ئاوی ڕووباری نیل پەیوەستە، بە هۆی ئەو تەتەرە خۆشڕەوانە بگەیەنێتە من.

ژمارەی تەتەرە خۆشڕەوەکان، دەبێ بەڕادەیەك زۆربن، کەهەر چەندە کەشتییەکە پتر بەرەو سەرەوە دەڕوا، دیسانەوە بتوانێ بەڕێگەی تەتەرە خۆشڕەوەکانەوە، دەنگو باسی پەیوەست بە وەزعی ئاوەکە بگەیەنێتە من.

کاتێك سوکانداری کەشتی، هەواڵێکی پەیوەست بە ڕەنگ و بۆنی ئاوەکە و هەموو تایبەتمەندییەکانی تر، بە تەتەری خۆشڕەو دەدا، ئەو دەبێ بەو پەڕی خێراییەوە غاربدا، ئەو پەیامە بگەیەنێتە تەتەرێکی تر، ئەویش بە هەموو توانای خێرایی خۆیەوە بگەیەنێتە پەیکی سێیەم. هەر بەو جۆرە پەیکەکان، دەبێ یەك بە دوای یەکدا، پەیامی کەشتیوان بگەیەننە یەکتری تا بگاتەوە من. هەر تەتەرێکی خۆشڕەو، پاش ئەوەی کە پەیامی کەشتیوان بە پەیکەکەی دەڵێ،

دەبێ دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ جێگای خۆی تا بۆ وەرگرتنی پەیامی نوێ ئامادە بێ و من بەم ڕێگەیە، دەمەوێ تێبگەم تا کوێی ڕووبارەکە، ئاو، بەشێوە و بۆنی خوێنە.

خزمەتچی فیرعەون کە دەیزانی فەرمانی فیرعەون بە پەلەیە و پێداویستی ژیانیش وا دەخوازێ کە دەسبەجێ جێبەجێ بکرێ. لە ژووری فیرعەون چووە دەرەوە.

فیرعەون، ڕووی کردە پیاوانی ئاقڵمەند کە لەکۆڕەکە ئامادە بوون و گوتی: من زۆر هیوام بەوەیە کە لە بەشەکانی سەرەوەی ڕووبار، ئاوەکە لە حاڵەتی ئاسایی دابێ و بە زوویی ئاوی ڕوون بگاتە ئێرە، بەڵام ئەگەر بەزوویی ئاو نەگاتە ئێرە پێویستە چ بکرێ؟

پیاوێکی بەساڵدا چوو گوتی: ئەی پاشا، من بۆ دەرەوەی میسر سەفەرم کردووە، وڵاتانێکم دیوە کە ڕووباریان نییە و خەڵك لەوێ ئاوی ڕەوانیان نییە. ئەوان هەموو پێداویستییەکانی خۆیان بە ئاوی بیر دابین دەکەن. لێرەش پێویستە بیری ئاو هەڵبکەنرێ و خەڵك فێر بکرێ پێداویستی خۆیان بە ئاوی بیر جێبەجێ بکەن.

فیرعەون گوتی: قسەیەکی جوانت کرد. ئینجا یەکێکی تری لە خزمەتچییانی خۆی بانگ کرد و گوتی: حەز دەکەم ژمارەیەك لە شارەزایان هەر ئەمڕۆ، لە هەردوو بەری ڕووباری نیل دەست بە هەڵکەندنی بیر بکەن تا دەگەنە ئاو، لەبەر ئەوەی کە خەڵك تینوویانە، دەبێ شارەزایان، شەو ڕۆژ کاربکەن تاکو بتوانن ئاو لە بیرەکانەوە هەڵکێشن.

خزمەتچی پرسی: ئەی پاشا، ئایا دەبێ بیرەکان لە هەردوو لای ڕووبار هەڵبکەنرێ؟

فیرعەون گوتی: بەڵێ، لەبەر ئەوەی بەشێك لەشار لەو بەرە و بەشەکەی تری لەم بەری ڕووبارە و خەڵکی هەردوو بەری لێوار پێویستییان بە ئاو هەیە.

هەروەها جاڕچییان بنێرە تاکو بە نێو شاردا جاڕ بدەن کە هەموو کەس ئازادە لەوەی کە چاڵ لێبدا و بیر هەڵبکەنێ و ئاو دەربهێنێ. ئەوانەش کە توانایان نییە لە کێڵگە یان باخچەکەی خۆی بیری ئاو لێبدات، لەسەر ئەرکی من بیر هەڵدەکەنرێ تاکو کێڵگە یان باخچەکەی لە ئەنجامی بێ ئاویدا نەفەوتێ.

فیرعەون لەو کاتەدا خۆی بە بەرپرسی تینوێتی خەڵك دەزانی، چونکە ئەگەر ئەو مووسای ناچار نەکردبایە کە ئاوی نیل بکا بە خوێن، خەڵك گیرۆدەی بێ ئاوی نەدە بوونەوە.

مووسا، خۆی، نەیدەویست ئاوی نیل بگۆڕێ بۆ خوێن و مرۆڤ و گیانلەبەران، کە لە ئاوی نیلیان دەخواردەوە، گیرۆدەی زەحمەتی تینوێتی بکا و ماسییەکانی نیل بمرێنێ. ئەوە مەنەفتە بوو کە ئەوی ناچار کرد نیل سوور بکا.



لەبەر ئەوەی فیرعەون خۆی بە بەرپرسی تینوێتی خەڵك دەزانی، تێدەگەیشت کە دابین کردنی ئاویش لە ئەستۆی ئەو دایە و هەرگا، دانیشتووانی پایتەخت و باقی جێگاکانی میسر، توانای هەڵکەندنی بیریان نەبێ، دەبێ ئەو بەخەرجی خۆی بیر بۆ خەڵك هەڵبکەنێ و خۆیان و گیانلەبەرانیشیان، تێر ئاو بکا و نەهێڵێ کێڵگەو باغ و باخەخورماکانیان لە ئەنجامی بێ ئاوی نابووت بن.

فەرمانی فیرعەون، بۆ ناردنی کەشتی بۆ بەشی سەرەوەی ڕووباری نیل و هەڵکەندنی بیرەکان، بە خێراییەکی ئەوتۆ بەڕێوە چوو کە پاش دوو کاتژمێر، کەشتییەك بە ژمارەیەك سەوڵ لێدەر و ژمارەیەك تەتەری خۆشڕەو ڕێگای نیلی سەرووی گرتەبەر.

هەروەها تا دوو کاتژمێری دواتر، ژمارەیەك لە شارەزایان لە هەردوو بەری لێواری ڕووباری نیل لە پایتەخت، دەستیان بە بیر لێدان کرد و پێیان گوتن کە بە نۆرە کار بکەن تا بتوانن شەو و ڕۆژ کاربکەن و زووتر ئاو بگەیەننە خەڵك.

دیمەنی پایتەخت ئەو ڕۆژە دیمەنێکی بەزەییهێنەر بوو، بە تایبەتیش گریان و بێتوانایی منداڵانی تینوو، مرۆڤی زۆر نیگەران دەکرد. فیرعەون بەڕێگەی جاڕچییان دڵنەوایی خەڵکی دەدایەوە و دەیگوت بەم زووانە ئاو لە بیرەکان دەردێ، جارێ تینوێتی منداڵەکانی خۆتان بە میوە دامرکێننەوە.

لە دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەوە، سەربازانی فیرعەون لە گەڕەکەکانی شار، لە نێو خەڵکی بێ دەرامەتدا، بە خۆڕایی میوەیان دابەش دەکرد.

ئەو میوەیە بە خۆڕایی لە لایەن فیرعەونەوە دابەش دەکرا تا بتوانن بیدەنە منداڵەکانی خۆیان و تینوێتی ئەوان دامرکێننەوە.

دابەش کردنی میوە بەسەر چینێکدا کە توانای کڕینی میوەیان بە بڕێکی زۆر نەبوو، تا بتوانن منداڵەکانیان لە تینوێتی ڕزگار بکەن، کاری خۆی کرد و گریان و شەکەتیی منداڵان نەما.

ئەو ڕۆژە تا ئێوارە و دوای ئەوەش، تا ئەو کاتەی کە فیرعەون دەیویست بخەوێ، پەیك بەرانی خۆشڕەو، لە لایەن ئەو کەشتیوانەوە کە بەرەو بەشی سەرەوەی ڕووباری نیل دەچوو، پەیامیان هێنا کە ئاوی ڕووبار خوێناوییە و بۆنی خوێنیش لە ڕووبار دێ و لە هەردوو بەری لێواری ڕووبار، گیانلەبەران تینوو و بێتاقەت دێنە بەر چاو.

کەشتیوان هەواڵی دەدا کە گیانلەبەران بۆ ئاو خواردنەوە لە نیل نزیك دەبنەوە و هێندێکیان سەریان بەرز دەکەنەوە و ماوەیەك لە ڕووبار ڕادەمێنن، پاشان دوور دەکەنەوە.

لەوانەیە وایان بە بیربێتەوە کە سەروچاوەیەکی ئاو هەبێ و بتوانن خۆیان لە ئاوەکەی تێراو بکەن.

فیرعەون، بەوەرگرتنی پەیامەکان زیاتر نارەحەت دەبوو، چونکە تێدەگەیشت کە مەسەلەی خوێناوی بوونی رووباری نیل بووەتە بابەتێکی زۆر ترسناك. بێگومان بە درێژە کێشانی ئەو وەزعە، هەموو گیانلەبەرەکانی میسر لە ناو دەچن، تەنیا لەوانەیە باڵندە کێوییەکان بە زیندوویی بمێنن، چونکە ئەوان دەتوانن بفڕن و خۆیان بگەیەننە سەروچاوەی ئاو، هەر چەندە ئەو سەروچاوەی ئاوە دوورە دەستیش بێ. بەڵام گیانلەبەرانی بیابان ناتوانن بۆ ئاو خواردنەوە، لە وڵاتی میسر بچنە دەرەوە و لە تینوان دەمرن.

لەبەر ئەوەی کە فیرعەون چووە جێگای حەسانەوەکەی، ئیدی پەیکەکان ئەویان سەرقاڵ نەدەکرد. سەربازانی فیرعەون بە پەیك بەرە خۆشڕەوەکانیان گوت کە پەیامەکانی خۆتان بە ئێمە بڵێن تا بەرە بەیان، پاش ئەوەی پاشا لە خەو هەڵدەستێ، پێی ڕابگەیەنین.

فیرعەون، پاش ئەوەی چووە جێگەی حەسانەوەی خۆی، نەیتوانی بەزوویی خەوی لێبکەوێ چونکە کەوتە سەر بیری ئەوەی لەوانەیە ئاوی بیرەکانیش خوێن بێ.

لە میسر، جگە لەو سەرچاوانەی کەلە هێندێك لە مێرگەکانی میسرەوە هەڵدەقوڵان، تاکە سەروچاوەی ئاو، تەنیا ئاوی رووباری نیل بوو.

لە شارو شارەدێیەکانی میسر، کە کەوتبوونە هەردوو بەری رووبار، ئەمباری ئاوی ژێر زەوی، تەنیا بە هۆی دەڵاندنی ئاوی رووباری نیل، بەرەو چینەکانی خوارەوەی ژێر زەوی، پەیدا دەبوو.

ئەمڕۆش، کە پتر لە سێ هەزار ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا تێدەپەڕێ، وەزعی ئاوەکانی ژێر زەوی لە وڵاتی میسر، لەو ناوچەیەدا کە رووباری نیلی پێدا تێدەپەڕێ، هەر بەو شێوەیەیە.

فیرعەون، دەیزانی کاتێك لە لێواری رووباری نیل بیر هەڵدەکەنن، ئەو ئاوەی لەو بیرەوە دەریدەهێنن ئاوی رووباری نیلە کە بە نێو زەویدا چۆتە خوارەوە و ئەمبارێك ئاوی لە ژێر زەوی پێکهێناوە. ئێستا کە ئاوی نیل خوێناوی بووە، لە وانەیە ئاوی ژێر زەویش گۆرابێ و بووبێتە خوێن. ئەو کاتەش هەموو میللەتی میسر و تەنانەت بۆ خۆشی، لە تینووان دەمرن، چونکە ناکرێ لە باتی ئاو، خوێن بخورێتەوە.

مەنەفتە، بە جۆرێك لەو بیرە پەشۆکا کە رووی کردە خوای خوایانی میسر و گوتی: ئەی ئاموون، ئایا تۆ وازت لەمن هێناوە یاخود لە خوای ئەو کۆیلە ئیسرائیلییە دەترسی؟



ئەگەر وازت لەمن نەهێناوە و لە خوای ئەم کۆیلە پەرپووتە ناترسی، لەبەر چی رووباری نیل وەکو شێوەی پێشووی لێناکەیەوە؟

ئەگەر خوێن لە رووباری نیل نەبڕێ و لە جیاتی رۆیشتنی خوێن، ئاو نەڕوا، من چ وەڵامێکی میللەتی میسر بدەمەوە؟

ئەگەر لەبیرەکان لە جیاتی ئاو، خوێنییان دەرهێنا چ بەخەڵك بڵێم؟

ئایا پێیان بڵێم کە ئاموون خوای خوایانی میسر، بەو هەموو دەسەڵاتەوە، لە خوای کۆیلەیەکی ئیسرائیلی دەترسێ و چارەنووسی ئاوی رووباری نیلی داوەتە دەست ئەو؟

ئەی ئاموون، مەگەر تۆ نازانی، هەر کات وەزعی رووباری نیل وەکو پێشووی لێنەیەتەوە و ئاو نەڕوات، هەموو خەڵکی میسر رووت لێ وەردەگێڕن و خوای ئەو پیاوە ئیسرائیلییە دەپەرستن؟

ئەگەر تۆ لەبیری شکۆ و دەسەڵاتی خۆت نی، من لە بیری ئەوەدام و ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم کە خوای خوایانی میسر، پاش هەزارەها ساڵ خوایی، دەسەڵاتی خۆی لە دەست بداو ئیتر شکۆ و دەسەڵاتی نەبێ.

مەگەر تۆ نابینی کە لەم وڵاتەدا چەندین پەرستگایان بۆتۆ دروست کردووە؟

ئایا تۆ پەرستگای خۆت، کە لەلایەن فیرعەونی پێشوو، لەبەردی مەڕمەڕ داتاشراوە، نابینی؟

مەگەر ئەو هەرەمانە کە هەر کامیان وەکو کێوێکە و بەناوی تۆ دروست کراوە، تا گۆڕخانەی فیرعەونەکانی میسر بێ، نابینی؟

مەگەر نابینی کەمن ئارامگای خۆم بەبەردی مەڕمەڕ، بە ناوی تۆوە دروست دەکەم؟

ئایا تۆ ئەی ئاموون، ئەو هەموو کاهینانە کە هەموو رۆژێك بەندایەتی تۆ دەکەن و نانی تۆ دەخۆن و هەموویان بەنانی تۆ قەڵەو و سوور و سپی بوون، نابینی؟

ئایا نابینی موڵکەکانی تۆ لە باکورەوە تا باشووری میسر درێژەیان هەیە و تۆ ئەوەندە دەوڵەمەندی کە هیچ فیرعەونێکی میسری بە ئەندازەی تۆ سامانی نەبووە؟

تۆ چۆن دەتوانی دەست لەم هەموو دارایی و کەرەسە گەورەیە هەڵبگری و رازی ببی کە خوایەکی بیانی و نەناسراو و بێ دەرامەت، کە لەبەر هەژاری و دەست کورتی، کە تەنانەت شێوەی نییە، بێتە ئەم وڵاتەوە و ببێتە خوای میسریان؟

بەرە بەیانی ڕۆژی دواتر، کاتێك فیرعەون، لەخەو هەستا، مژدەیان دایە کەیەکێك لە بیرەکان گەیشتۆتە ئاو و ئەو ئاوەی کە لێشیان دەرهێناوە، ئاوێکی سافە و بۆ خواردنەوە گونجاوە.

فیرعەون، گوتی کەلەو ئاوەی بۆ بێنن.

دوای ئەوەی کە ئاوەکەیان بۆ هێنا، فیرعەون، تەماشای ڕەنگی ئاوەکەی کرد و دیقەتی گرت کە جگە، لە قوڕاوی بوون، جیاوازییەکی لەگەڵ ئاوی ئاساییدا نییە و بۆنی خوێنی لێ نایە.

فیرعەون، دەیزانی چاڵێك کە دەگاتە ئاو، ئاوەکەی قوڕاوییە و دیسانەوە دەبێ ماوەیەکی دیکە چاڵەکە قووڵ بکەن و ئینجا ماوەیەك وازی لێبێنن، تا ئاوەکە روون دەبێتەوە و پاشان، هەر چەندێك ئاو، لە بیرەکە دەربێنن، قوڕاوی نابێ.

سەرەڕای ئەوەی کە ئاوی ئەو بیرە قوڕاوی بوو، خەڵك لە تاوی تینوێتیدا، ئاوی قوڕاوییان لە بیرەکە دەردەهێنا و دەیان خواردەوە.

نزیکی نیوەرۆ بیرێکی دیکەش گەیشتە ئاو. لەنێوان نیوەرۆ و شەویش، شەش بیری دیکەش ئاویان لێ پەیدا بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو هەشت بیرە بەشی دانیشتووانی پایتەختی نە دەکرد، فیرعەون، بەردەوام تەئکیدی دەکرد کە شەو و ڕۆژ، بێ پسانەوە کار بکەن، تا دەیگەیەننە ئاو بۆ ئەوەی خەڵك و گیانلەبەران لە تینووان بە هیلاك نەچن. بیر هەڵکەنەکان، دوای ئەوەی شەو داهات، دیسانەوە درێژەیان بەکاری خۆیان دا. کاتی شەو دە بیری تر گەیشتنە ئاو و بەم شێوەیە بەیانی ڕۆژی داهاتوو، پایتەختی میسر، بووە خاوەنی هەژدە بیر. خەڵك دەیتوانی لەو بیرانەوە، ئاوی گونجاو بۆ خواردنەوە دەربێنن و خۆیان تێر ئاو بکەن و هەروەها ئاژەڵەکانیشیان ئاو بدەن.

دەرهێنانی ئاو، شوێنەوارێکی روحیی لەسەر خەڵك دانا. دانیشتووانی پایتەخت کاتێك بینییان کە لە ناوشار کۆمەڵە بیرێك لێدراون گەیشتوونەتە ئاو و دەتوانرێ لەو بیرانە، ئاوی روون بۆ خواردنەوە بەدەست بێنن، دانیان بە خۆیاندا گرت. ئیتر وەکو دوو ڕۆژی رابردوو ئازاریان نەدەچێشت.

بیری ئاوەکان بەزوویی روون بوونەوە. خەڵك توانییان پێداویستی خۆیان لەرووی ئاوی خواردنەوە و ئامادەکردنی خواردەمەنی، دابین بکەن. بەڵام بۆ خۆ شۆردن، ئاویان نەبوو و نەیاندەتوانی خۆیان بشۆن.

میسرییەکان لە زەمەنێکەوە کە سەرەتاکەی دیار نییە، لە رووباری نیل خۆیان دەشۆرد و لەشی خۆیان پاك دەکردەوە.



شۆردنی لەش، لە ئاوی رووباری نیل، زۆر یاریدەی پاکو خاوێنی ئەوانی دەدا، خەڵکی شارو شارۆکەکانی هەردوو لێواری رووباری نیل، هەرگیز بۆنی ئارەق لە لەشیان نەدەهات. بەڵام دوای ئەوەی ئاوی رووباری نیل بوو بەخوێن، میسرییەکان نەیاندەتوانی لەو شەتەدا خۆیان بشۆن و لەوەی کە نەیاندەتوانی لەشی خۆیان بشۆن، زۆر ئازاریان دەچێشت.

دوای پازدە ڕۆژ، لەو مێژووە کە کەشتیوانی فیرعەون لە پایتەختەوە بەرەو بەشی سەرەوەی رووباری نیل کەوتبوە ڕێ، هەواڵێك لەلایەن ئەوەوە هات ئاماژەی بەوە دەکرد ئاوی رووبار کەتا ئەو کاتە خوێن بوو، ئێستا خەستیی خۆی لەدەست داوە. سێ ڕۆژ دوای ئەوە، هەواڵێکی دیکە هات دەڵێ ئاوی رووبار، بەڕەنگێکی سووری روونی لێهاتووە، ڕۆژی بیست و پێنجەم، هەواڵێکی دیکە هات کە دەڵێ ئاوی رووبار وەکو وەزعی پێشانی لێهاتووە و ئێستا لەنێو ڕۆگەی رووباری نیل، ئاو دەڕوا.

کاتێك خەڵك لە پایتەختی میسر، ئەو مژدەیەیان گوێ لێبوو، بۆ سوپاسگوزاری بەرەو پەرستگای ئاموون، خوای گەورەی میسر، کەوتنە ڕێ.

تا ئەو دەمە، میسرییەکان، لە بەرامبەر خوای خۆیان گومانیان پەیدا کرد بوو، دەیانگوت بە بۆنەی ئەوەی کە زۆر پیربووە، دەسەڵاتی خۆی لە دەست داوە و خوای کۆیلەیەکی ئیسرائیلی، بەسەر ئەودا زاڵ بووە و شکستی پێ هێناوە. بەڵام دوای ئەوەی کە زانیارییان پێگەیشت کە دووبارە ئاو بە رووباری نیل دا، دەڕوا، وایان بەبیرداهات کە ئاموون، خوای گەورەی ئەوان، بەسەر خوای کۆیلەی ئیسرائیلیدا سەرکەوتووە و لەناوی بردووە، بۆیە لە رووباری نیل، لە جیاتی خوێن، ئاو دەڕوا.

ئاو، بەزوویی گەیشتە پایتەخت و خەڵك، کە نزیکەی سی ڕۆژ لە شۆردنی خۆیان بێبەش بوون، توانییان خۆیان لە ئاوی رووباردا بشۆن و لەشی خۆیان پاك بکەنەوە. دوای ئەوەی کە ئاو بە رووباری نیل دا هاتەوە، بیرەکانیان واز لێهێنا و چیتر خەڵکی پایتەخت ئاویان لە بیرەکان دەرنەهێنا.

پاش مانگێکی تر، خەڵك بە جۆرێك ڕاهاتن کە سوود لە ئاوی رووباری نیل وەربگرن، کە هەردەتگوت هەرگیز لەو رووبارەدا لە جیاتی ئاو، خوێن نەرۆیشتووە. بەڵام فیرعەون، کە وەکو گوتمان پیاوێکی بەساڵدا چوو بوو و لە میللەتی خۆی ئاقڵ تر بوو، یەدەگی خۆی لەدەست نەدا و ڕایسپارد کە بیرەکان بپارێزن، چونکە بیری کردەوە کە لەوانەیە جارێکی دیکەش، خوێن بە رووباری نیل دا بڕوا و خەڵك ناچار بن دیسانەوە ئاو لە بیرەکانەوە دەربهێنن.

رۆژێك هەواڵیان دایە فیرعەون كە مووسا هاتووە بۆ چاوپێكەوتن. فیرعەون، كە سەرەڕای رواڵەتبازییەكانی خۆی، لە نكووڵیی كردن لە موجیزەی مووسا، بەڵام ترسی لە مووسا هەبوو و گوتی با بیهێنن.

كاتێك مووسا هاتە ژوورەوە، فیرعەون، لێی پرسی كە بۆچی هاتووە؟

مووسا گوتی: هاتووم تا پێت بڵێم رەزامەندی لەسەر چوونە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لەمیسر بدەی تا لە بیابان خەریكی خوا پەرستنی خوای خۆیان بن.

فیرعەون پرسی: ئەگەر رەزامەندی لەسەر ئازاد كردنی قەومی ئیسرائیل نەدەم تا لە میسر بچنە بیابان، بێگومان تۆ جارێكی تر بەڕێگەی جادووگەری، رووباری نیل دەكەیەوە بە خوێن؟

مووسا گوتی: نا، ئەمجارەیان خوای من بەڵا دەنێرێ.

فیرعەون پرسی: چ جۆرە بەڵایەك دەنێرێتە خوارەوە؟

مووسا وەڵامیدایەوە: بەڵای بۆق.

فیرعەون بەحەپەسانەوە پرسی: بەڵای بۆق چییە؟

مووسا گوتی: بۆق ئەوەندە زۆر دەبێ كە ژمارەیان لە ژمارەی گەڵای درەختان زیاتر دەبێ و تۆ، بۆ هەر جێگەیەك بچی هەر بۆق دەبینی. هەموو ژوورەكانی ئەم كۆشكە كە تۆ لێی دادەنیشی پڕاو پڕ بۆق دەبێ و جێگای خەوتنەكەشت پڕ لە بۆق دەبێ. ئەو بۆقانە، شەو لەسەر جێگاكەت هەڵبەز و دابەزیانە، نە یەكێك و نەدوانیشن كە بتوانی بیانكوژی. خزمەتكارەكانیشت لە توانایاندا نییە بیانكوژن، چونكە ژمارەی ئەو بۆقانە لە مێشوولەكانی زۆنگەكانی ئاورێژگەی رووباری نیل زیاترە.

دەبێ بزانرێ كە وڵاتی میسر، لە كۆنەوە بۆقی زۆری هەبووە و هەر كە شەو دادەهات، بەدرێژایی رووباری نیل، لە هەردوو بەری رۆژهەڵات و رۆژئاوایدا، دەنگی بۆق بەرز دەبۆوە و پەندێكی كۆنی پێشینان دەیگوت؛ كاتێك دەنگی بۆقت گوێ لێبوو، ئەوا بزانە گەیشتوویە سنووری میسر. بەڵام بۆقەكان لە سنووری لێوارەكانی رووباری نیل پتر نەدەرۆیشتن و ژاوە و بێزارییەكیان بۆ دانیشتووانی شارو شارۆكەكانی لێواری رووباری نیل نەدەنایەوە.

جۆرەها بۆق لە میسر هەبوو، لەهەر ناوچەیەك لە لێوارەكانی نیل جۆرێك بۆق هەبوو. ئەو بۆقانە لەرووی ڕەنگیشەوە جیاوازییان هەبوو و هێندێك لە بۆقەكان رەش بوون، هێندێكیان سەوز و هێندێكیان سوور بوون. لە میسر جۆرە بۆقێكیش هەبوو كە هەروەكو ڕەقە دەچوو و لە



میسری سەروو دەژیا. ئەو جۆرە بۆقە، وەكو ڕەقە، كاسەی پشتی نەبوو، بەڵام شێوەكەی هەروەكو شێوەی ڕەقە خۆی پیشان دەدا.

بۆقەكانی میسر، جگە لەمار، دوژمنێكی دیكە یان نەبوو. خواردنی ماری ئاویی لەمیسر، بۆق بوو. لەسەردەمە دوورەكاندا لە میسر، شیعری زۆر لە بارەی بۆق و ماری ئاویی هەبوو، دەنگی جۆر بە جۆری بۆقەكان لە ئەدەبی میسردا، مانا گەلێكی تایبەتی هەبوو.

ئینجا ئاخیرەكەی فیرعەون گوێی نەدایە هەڕەشەی مووسا و گوتی: هەرچی دەتەوێ بیكە.

دە رۆژ دوای ئەوەی كە مووسا هەڕەشەی لە فیرعەون كرد، خەڵكی پایتەختی میسر كاتێك بەرەبەیان لە ماڵەكانیان هاتنە دەرێ، بینییان بۆق لە ڕاڕاوەكان هەڵبەز و دابەزیانە. تا ئەو رۆژە كەس لە ڕاڕەوەكانی میسر بۆقی نەدیتبوو، تەنیا لەو ساڵانەدا كە كوللە هێرشی بۆ میسر دەهێنا، كوللە لە ڕاڕەوەكانی پایتەخت هەڵبەز و دابەزیان بوو.

خەڵك، هەڵبەزو دابەزی بۆقانیان لە ڕاڕەوەكانی شار، بە بێبایەخ وەرگرت. بەڵام هەر چەندێك وەخت لەو رۆژە تێدەپەڕی، ژمارەی بۆقەكان لە ڕاڕەوەكانی پایتەخت دا زیاتر دەبوو.

وەختێك بۆقەكان لەكاتی هەڵبەزینەوەدا خۆیان بە دەم و چاوی رێبوارەكاندا دەدا، قەوارەی بۆقەكان ئەوەندە گەورە بوو كەبەر دەم و چاوی رێبوارەكان دەكەوت، وەكو ئەوەی بەردێك بە دەم و چاویان كەوتبێ، ئازاریان پێدەگەیشت.

لە دوكانەكانی نانەوایی پایتەخت، خۆیان دەخستە ناو مەنجەڵی هەویر، كاتێك بۆقێكیان لەناو مەنجەڵەكە دەردەهێنا، دوو بۆقی دیكە دەكەوتنە ناو مەنجەڵەوە.

لە دوكانەكانی بیرە فرۆشی (لە كۆندا وڵاتی میسر یەكێك بووە لە ناوەندە گەورەكانی بەرهەمهێنانی بیرە) خۆیان دەخستە ناو مەنجەڵی بیرەوە. بۆق ئەوەندە بەزۆری دەكەوتە ناو ئەو مەنجەڵانەوە كە پڕ دەبوو لە بۆق و بیرەكەیان دەڕشت.

تەنانەت لە خانەی مردووان، مانای لەو جێگایە كە مردووەكانیان مۆمیا دەكرد، بۆقەكان دەردەسەرییان بۆ مۆمیاكاران پێكدەهێنا، لەسەر مردووەكان هەڵبەز و دابەزیان بوو و دەكەوتنە ناو ئەو ئەستێرانەوە كە مردووەكانیان تێدەهاویشت.

هێندێك لە بۆقەكان ئەوەندە گەورە بوون، كە میسرییان لە بینییان دەترسان. بۆقە گەورەكان دەمی گەورەی خۆیان بەش دەكردەوە و هەروەكو بەزمانی حاڵ بڵێن برسیمانە و خواردنمان بدەنێ.

یەكێك لەو شتانەی كە میسرییەكانی حەپەساند بوو، ئەوە بوو كە ئەوان دەیانزانی بۆق گیانلەبەرێكی شەوگەڕە و، بەشەو، دەكەوێتە جم و جۆڵ و بەدوای خۆراك دا دەگەڕێ و بەشەو

دەکەوێتە خوێندن. ڕۆژان، بە هۆکاری ترس لە خۆر (وەك میسرییەکان وێنایان دەکرد) دەخەوێ، بەڵام ئەو ڕۆژە، بۆقەکان لە کاتی ڕۆژدا هێرشیان بۆ شار هێنابوو.

خەڵك، هەرچی چۆنێك بوو، لە کاتی ڕۆژ لەگەڵ بۆقەکاندا هەڵیان دەکرد، بەڵام شەو، کاتێك دەیانویست بحەسێنەوە، ژاوەو جاڕزیی بۆقەکان، ئەوانی وەتەنگ دەهێنا. لە دەوروبەری هەر ژن یان پیاو یان منداڵێك کە خەوتبوون، سەدان بۆق هەڵدەبەزینەوە و دەکەوتنە سەر دەم و چاو و سنگ و سك و پێی ئەوان و نەیاندە هێشت هیچ کەسێك خەوی لێبکەوێ.

لە هەمان کاتدا کە ژمارەیەکی زۆر لە بۆقەکان لەسەر خەوتووەکان، هەڵبەز و دابەزیان بوو، دەستەیەکی دیکە لە بۆقەکان لەهەر ماڵێکدا خەریکی قیڕاندن بوون.

ئەو شەوە، فیرعەونیش وەکو هەموو خەڵکی پایتەخت، گیرۆدەی ژاوە و جاڕزیی بۆقەکان بوو و بۆ ئەوەی بتوانێ خەوی لێبکەوێ، بە یاریدەی خزمەتچییان و غولامەکانی خۆی، بۆقەکانی لە ژووری نوستنەکەی خۆی دەرکرد و دەرگای ژوورەکەی داخست و لە ترسی هاتنە ژوورەی بۆقەکان، ناچار تەحەمولی گەرمای ژوورەکەی کرد. بەڵام نەیتوانی بخەوێ و سەرەڕای گەرما، قیڕەقیڕی بۆقەکان نەیانهێشت خەوی لێبکەوێ.

هەزارەها بۆق لە نێو کۆشکی فیرعەوندا دەیانقیڕاند و تا بەیانی نەیانهێشت فیرعەون و کەسانیتر، کەلەو کۆشکە بوون، خەویان لێبکەوێ.

پاش هەڵهاتنی خۆر، فیرعەون، بەساڵدا چووانی ئاقڵ و جادووگەرانی بانگهێشت کرد تا بۆ ڕاوێژکردن ئامادە بن، چونکە پاش هەڵهاتنی خۆر، بەڵای بۆقان هێشتا هەر مابوو. فیرعەون، نەیدەزانی کە چۆن ململانێ لەگەڵ ئەو بەڵایەدا بکا و بۆقەکان لەناو بەرێ.

ئاقڵمەندان باوەڕیان وا بوو کە زۆری بۆقەکان لە ئەنجامی ماسییە مردووەکانی ڕووباری نیلەوەیە.

ئەوان دەیانگوت کە پاش ئەوەی ماسییەکانی ڕووباری نیل مردوون، بۆقەکان لە لاشەی ماسییەکانەوە پەیدا بوون.

ئەمڕۆ دەزانین کە بۆق لە لاشەی ماسی یان لاشەی گیانلەبەری دیکە پەیدا نابێ، بەڵام ئەو ڕۆژە، ئەو تیورییە شتێك بوو شیاوی قبوڵ کردن بوو.

بەساڵداچووان، باوەڕیان وابوو کە بەڵای بۆقان، بەڵایەکی کاتییە، لەبەر ئەوەی لە لاشەی ماسییەکانەوە پەیدا بووە، هەرکە لاشەی ماسییەکان ئاو بردی، یان بەهۆی پلەی گەرماوە لەبەین چوون، بۆقەکانیش لەبەین دەچن.



جادووگەرەکان، باوەڕیان وابوو کە بڵاوبوونەوەی ئەو هەموو بۆقە لە سیحرەوە هاتووە.

فیرعەون لێی پرسین: ئێوە کە سیحر بازن دەتوانن ئەو هەموو بۆقە دروست بکەن؟

ئەوان وەڵامیان دایەوە کە ناتوانن ئەم هەموو بۆقە بهێننە بوون.

فیرعەون پرسی: ئایا بۆقێك کە سیحر باز دەیهێنێتە بوون، هەڵبەز و دابەز دەکا و دەقیڕێنێ؟

سیحر بازان وەڵامیان دایەوە کە لەوانەیە هەڵبەز و دابەز بکا و بقیڕێنێ.

هەر تەنیا خەڵکی پایتەختی میسر بەدەست بۆقانەوە وەگیان نەهاتبوون، بەڵکو لە هەموو میسر، ئەوانەی کەلە هەردوو بەری لێواری ڕووباری نیل دادەنیشتن، بەدەست بەڵای بۆقانەوە وەگیان هاتبوون. بۆقەکان نەیاندەهێشت بۆ ساتێکیش خەڵك ئاسوودە بژین و بواریان نەدەدا خەڵك بەسەر کارو ئەرکی خۆیان ڕابگەن، تەنانەت نەیاندەهێشت کەلادێنشینان لە کێڵگەکانی میسر بەسەر کاری کشتوکاڵیی خۆیان ڕابگەن.

ئەوانەی کە ئامرازێکیان هەبوو لە لێوارەکانی ڕووباری نیل دوور بکەنەوە، ماڵی خۆیان بەجێدەهێشت و دەرۆیشتن لە بیابان دەژیان تا بتوانن شەوانە بە ئاسوودەیی بخەون چونکە لەبیابان بۆقی لێ نەبوو.

هەرچۆنێك بێ، کاتێك لە لێوارەکانی شەتی نیل دوور دەکەوتنەوە و دەچوونە بیابان، لە دەردەسەری بۆقەکان ئاسوودە دەبوون. بەڵام فیرعەون نەیدەتوانی لە پایتەختی خۆی دووربکەوێتەوە و بچێتە بیابان. ئەگەر فیرعەون پایتەختی بەجێ بهێشتبایە و بچووبایە بۆ بیابان، لای میللەتی میسر سەر کۆنە دەکرا. چونکە ڕۆیشتنی فیرعەون بۆ بیابان ئەو مانایەی دەدا کەلە خوای کۆیلەیەکی ئیسرائیلی ترساوە و شکستی هێناوە و هەڵاتووە.

فیرعەون، بۆ ئەوەی شکۆ و کەرامەتی خۆی لە دەست نەدا، لە پایتەخت مایەوە، لە حاڵێکدا کە دەیتوانی بچێتە بیابان و لەوێ لە ژێر خێوەتدا بژی و لە ڕووباری نیلەوە، ئاوی بۆ بەرنە بیابان.

کاتێك فیرعەون پەی بەوە برد کە ئیدی ناتوانێ تەحەمولی بەڵای بۆقان بکا، وەزعی دانیشتووانی میسر بە جۆرێکی لێهاتووە کەلەتینی شەکەتی و ماندوویی (چونکە بۆقەکان بواریان نەدەدا کەس بخەوێ) هەموو بەهیلاك دەچن، فەرمانی دا کە مووسا بدۆزنەوە و بیهێننە لای خۆی.

مووسا لەگەڵ نوون هاتە لای فیرعەون.

فیرعەون بەمووسای گوت: بەڵای بۆقان مەهێڵە.

مووسا پرسی: ئایا تۆ ئامادەی قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەی تا لە میسر بڕۆنە دەرەوە و لە بیابان خەریکی پەرستنی خوای تاك و تەنیا بن؟

فیرعەون گوتی: بەڵێ ئامادەم و فەرمان دەدەم کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان ئازاد بکەن تا بتوانن لە میسر بڕۆنە دەرەوە.

مووسا گوتی: منیش داوا لە خوای خۆم دەکەم کە بەڵای بۆقان لە میسر دوور بخاتەوە.

فیرعەون پرسی: ئەم بەڵایە کەی لە میسر دوور دەکەوێتەوە؟

مووسا گوتی: دەتەوێ چ کاتێك بەڵاکە لە میسر دوور بکەوێتەوە؟

فیرعەون گوتی: ئەگەر ئێستا لەم ساتەدا لەمیسر دوور بکەوێتەوە، لە ساتێکی دیکە باشترە.

مووسا گوتی: منیش داوا لە خوای خۆم دەکەم کەهەر ئەمڕۆ بەڵای بۆقان دوور بخاتەوە.

پاش ئەم قسەیە، مووسا و نوون، لای فیرعەون چوونە دەرەوە. مووسا چووە گۆشەیەکی چۆڵ و گوتی: ئەی خوای من، ئەی یاهوو، فیرعەون ڕەزامەندی دا کە کۆیلەکانی قەومی ئێمە ئازاد بکا و لە میسر بچنە دەرەوە و لە بیابان خەریکی ستایشی تۆ بن، تۆش بەڵای بۆقان لە میسر دوور بخەرەوە.

کاتێك مووسا لەو گۆشە چۆڵە گەڕایەوە، بۆق لە بەرچاو نەمابوون. هەرچەندێك مووسا چاوی بەراست و چەپی خۆیدا گێڕا، تەنانەت یەك بۆقیشی نەدی. زانایانی یەهودی دەڵێن بۆقەکان کەلە قامیشەڵان و زۆنگەکانی ڕووباری نیل چووبوونە ناو پایتەختەوە، گەڕانەوە بۆ ناو قامیشەڵان و زۆنگەکان و خەڵك لە بەڵای بۆقەکان ئاسوودە بوون.

مووسا چاوەڕێ بوو تا فیرعەون، بەرامبەر بەڵێنەکەی ئەمەگدار بێ و قەومی ئیسرائیل کە کۆیلە بوون، ئازاد بکا تا لە وڵاتی میسر بچنە دەرەوە و بڕۆنە بیابان و لەوێ خەریکی خواپەرستی بن.

فیرعەون بەو هۆیەوە قەومی ئیسرائیلی ئازاد نەکرد کە بەڵێنەکەی خۆی بە بەڵێنێکی زۆرە ملیێ دەزانی.

فیرعەون بیری کردەوە ئەگەر بەڵێنەکەی بەجێ نەهێنێ و فەرمانی ئازادی قەومی ئیسرائیل دەرنەکا، بەڵێن شکێنیی نەکردووە، چونکە ئەو بەڵێنەی بە مووسای داوە لە رووی ناچاری بووە. هیچ میسرییەکیش بەهۆی ئەو بەڵێن شکاندنەوە، سەر کۆنەی ئەو ناکا، لەبەر ئەوەی بەڵێنی زۆرە ملیێ بەهای نییە.



مووسا چەن ڕۆژێك دانی بە خۆیدا گرت تا فیرعەون بەڵێنەکەی جێبەجێ بکا، بەڵام هیچ نیشانەیەك لە فیرعەونەوە دیاری نەدا کە بە بەڵێنەکەیەوە ئەمەگدار دەبێ.

مووسا بڕیاری دا کە بچێتە لای فیرعەون و داوای لێبکا تا ڕەزامەندی لەسەر ئازاد کردنی قەومی ئیسرائیل بدات.

کاتێك مووسا چووە کۆشکی پاشایەتی و داوای کرد کە دیدەنی فیرعەون بکا، داواکەی قبوڵ نەکرا و پێیان گوت کە فیرعەون نەخۆشە و تا چاك نەبێتەوە چاو پێکەوتنی کەس ناکا.

دەنگۆی نەخۆشی فیرعەون، بێ بناغە نەبوو. ئەو لەو کاتەدا هەستی بە بێهێزی دەکرد. لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەبوو ماڵئاوایی لە ژیان بکا، جەختی دەکردەوە کە زوو ئارامگاکەی تەواو بکەن تا ئەگەر مرد، بێ ئارامگا نەبێ.

مووسا، بەدوواداچونی کرد تا بزانێ بەڕاستی فیرعەون نەخۆشە یان نا، پاش ئەوەی زانی کە بەڕاستی تووشی بێ هێزی بووە، ئەویش دانی بە خۆیدا گرت تا فیرعەون چاك دەبێتەوە.

بێهێزیی فیرعەون درێژەی کێشا و هەر جارێك کە مووسا دەچووە کۆشکی پاشایەتی و داوای دیداری دەکرد، وەڵامیان دەدایەوە کە فیرعەون نەخۆشە و چاوی بەکەس ناکەوێ و دەبێ ئەو ئارام بگرێ.

فیرعەون، ڕایسپاردبوو کەهەر کاتێك مووسا هاتە کۆشکی پاشایەتی تا چاوی بەو بکەوێ، بەتووندوڕەقییەوە ڕەفتاری لەگەڵدا نەکەن، بەڵکو بەنەرم و نیانییەوە وەڵامی بدەنەوە.

مەبەستی فیرعەون ئەوەبوو کە بەڕێگەی کات گوزەراندن، مووسا ماندوو بکا تا لەدرێژە دان بەو بابەتە، واز بهێنێ و دەست لە مەسەلەی بردنە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لە میسر هەڵبگرێ.

وێڕای ئەوەی کە وەڵامی نەرم و نیان، بەڵام نەڕێنییان دەدایەوە، لەسەر فەرمانی فیرعەون، تەماعیان دەدایە بەر مووسا تابزانن ئایا بەڕاستی خوازیاری ئەوەیە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا یان ئەو مەسەلەیەی کردۆتە بیانوو تا بتوانێ کۆمەڵە ئیمتیازێك لە فیرعەون بەدەست بهێنێ.

فیرعەون - هەروەکو باس کرا- داوای لە مووسا کرد بوو کە بێتە ناو دەزگاکەی ئەو و جادووگەری بۆ ئەو بکا (چونکە ئەوی بەجادووگەر دەزانی) و لە بەرامبەردا ئەڵقەی زێڕی لێ وەربگرێ. بەڵام مووسا پێشنیاری فیرعەونی ڕەت کردەوە و پێی گوت کە ئەو جادووگەر نییە.

فیرعەون لە ڕێگەی کەسانی نێو دەربارەوە، پێشنیارگەلێکی دیکەی بۆ مووسا کرد، لەوانەش ئەوە بوو کە دەربارییەکان پێیان گوت کە ئایا مووسا ئامادەیە کە لە دەرباری

پاشایەتی فیرعەوندا، - بەزاراوەی ئەمڕۆ- راوێژکار بێ و بەڕاکانی خۆی خزمەتی فیرعەون بکا، چونکە فیرعەون دەزانێ مووسا، گەرچی بە ساڵدا چوو نییە، بەڵام بیرو بینینی بەساڵدا چووانی هەیە و دەتوانێ ببێتە راوێژکارێکی بە سوود بۆ فیرعەون .

جارێکی تر پێشنیاری ئەوەیان بە مووسا کرد کەلە دەرباری فیرعەون دا ببێتە بەرێوەبەر، چونکە فیرعەون زانیبووی کە مووسا خوێندەواری هەیە، دەتوانێ بنوسێ و بخوێنێتەوە. تەنانەت فیرعەون، بۆ ئەوەی مووسا ملکەچ بکا، بەڕێگەی دەربارییەکان پێشنیاری کرد کە بڕیارنامەیەك لەو وەربگرن کە کاری بەسەر کاری قەومی ئیسرائیلەوە نەبێ و بهێڵێ کە ئەوان لە میسر بەکاری خۆیانەوە خەریك بن.

کاتێك مووسا هیچ کام لە پێشنیارەکانی فیرعەونی قبوڵ نەکرد، پاشای میسر، بەبیری هاتەوە کە قەڵافەتی مووسا لەبەر چاوی ئەو ئاشنایە و وا هەست دەکا کە لە رابردوودا ئەوی دیوە، بەڵام ناتوانێ بەبیر خۆی بهێنێتەوە کەلە کوێ ئەوی دیوە.

فیرعەون دەربارییانی راسپارد کە دەربارەی رابردووی مووسا لە دوو چوون بکەن و بزانن کە ئەو لە رابردوودا لە کوێ بووە و لەچ خێزانێکە.

ئەوەی فیرعەون گوتی، بووە بایسی ئەوەی کە ژمارەیەك لە دەربارییەکان، کە تا ئەو رۆژە دیقەتیان لە قەڵافەتی مووسا نەدابوو، بەبیریان بێتەوە کە لەرابردوودا مووسایان دیوە، بەڵام بە بیریان نەدەهاتەوە کە ئەو پیاوە بەدەن داڕژاو و باڵا بەرزەیان لەکوێ دیوە.

رۆژێك کە مووسا چووە ناو کۆشکی پاشایەتی، تاوەکو جارانی تر داخوازیی بینینی فیرعەون بکا، پیاوێك دەستی بەلا برۆیەوە ناو گوتی: ئایا تۆ هەمان شازادە نی کە لەجەنگی کۆش فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بووی؟

مووسا کە چاوەڕێی ئەوە نەبوو بیناسنەوە، بەم قسەیە سەری سوڕما.

ئەو، وێنای نەدەکرد کەسێك لە میسر ئەو بناسێ و تێبگا کە ئەو، هەمان کەسە کەلە رابردوودا یەکێك بووە لە شازادە گەورەکان و لەگەڵ سوپای میسردا چووەتە سەرزەوینی کۆش و لەوێ ئازایەتی پیشان داوە.

مووسا، هەرجارێك کە دەچووە کۆشکی پاشایەتی، نوونیشی لەگەڵ خۆیدا دەبرد. ئەو کەسەی کە مووسای ناسییەوە، غولامەکەشی ناسییەوە و گوتی: ئەمەش کە لەگەڵ خۆتدا دەیهێنی و دەڵێی برای منە، هەمان گالیسکە ئاژۆی تۆیە.



مووسا تێگەیشت کە نکوولێیی کردن بێ سوودە، سەلماندی کە ئەو شازادەی میسرە و نوونیش ئاژۆی گالیسکەکەیەتی.

ئەو کەسەی کە مووسای ناسییەوە، پێی گوت کە ئەو لە جەنگی کۆش، یەکێك بووە لە ئەفسەرانی سووپا و دەیزانی کە فیرعەون رامسیسی دووەم، بەو هۆیەوە مووسای بە فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی سووپای خۆی هەڵبژاردووە تا لەمیسر دوور بکەوێتەوە و لەوانەشە فیرعەون ویستبێتی کە ئەو لە جەنگی کۆش نەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کەزانی مووسا ماوە، فەرمانی کرد کە بچێتە شاری زێڕین و زێڕی ئەو شارەی بۆ بهێنێ.

مووسا، ناچار بوو بیسەلمێنێ کە زانیارییەکانی ئەو پیاوە لەبارەی ئەوەوە ڕاستە و ئەو لەگەڵ غولامی خۆی، نوون دا، کە ئێستا بە برای خۆی دادەنێ، بەرەو شاری زێڕین چووە و پاش ماوەیەك ڕێگا بڕین گەیشتۆتە ئەو شارە.

پیاوی دەربار لە مووسای پرسی پاش ئەوەی کە شاری زێڕینی دۆزییەوە چەند زێڕی بۆ فیرعەونی پێشوو هێنا ؟

مووسا گوتی: فیرعەون لەبارەی شاری زێڕینەوە هەڵەی کرد بوو. ئەو وای وێنا دەکرد کە ئەو شارەیان لە زێڕ دروست کردووە، لە حاڵێکدا کە مەبەست لە شاری زێڕین ئەوە بوو کە دانیشتووانی ئەو شارە، ژیانێکی بەختەوەریان هەیە و لەوێ نە نەداری هەبوو نە ئێرەیی و نە دوژمنایەتی.

پیاوی دەربار، پاش ئەوەی زانی کە مووسای بە باشی ناسیوە، پێی گوت: لێرەبە تا دەچم بە فیرعەون دەڵێم کە چاوی پێت بکەوێ، چونکە هەرچەندە نە خۆشیشە بەڵام وا وێنا دەکەم کە بتوانێ چاوی بەتۆ بکەوێ.

کاتێك فیرعەون تێگەیشت کە مووسا کوڕی رامسیسی دووەمە، لە تینی سەرسامیی و وەحشەت، لەرزی، چونکە بەپێی قانوونی میرات گریی، پاشایەتی میسر، بۆ مووسا بوو و دەبوایە پاش رامسیسی دووەم، مووسا لەسەر تەختی پاشایەتی میسر دابنیشێ.

فیرعەون مەنەفتە، نەیدەتوانی تێبگا کە بۆچی شازادەی میسر، شازادەیەکی ئاوا بەقەڵافەت و باڵای وەك مووسا، خۆی بردۆتە ریزی کۆیلانەوە.

فیرعەون، لەبارەی نهێنی لە دایکبوونی مووسا، زانیاری نەبوو و وەکو خەڵکی میسر بیری دەکردەوە کە ئەو کوڕی رامسیسی دووەمە.

هەر کە فیرعەون زانی مووسا کوڕی رامسیسی دووەمە، پێش ئەوەی بیر لەهەر شتێك بکاتەوە، کەوتە بیری پاشایەتی خۆی، چونکە پاشایەتی میسر، هی مووسا بوو و بە پێی قانوونی میراتگریی، دەبووایە ئەو واز لە پاشایەتی بهێنێ و جێگاکەی خۆی بداتە مووسا.

پاش ئەم بیرە، فیرعەون دیقەتی دا کە بۆ ئەوەی پاشایەتی خۆی بپارێزێ، دەبێ مووسا لەناو بەرێ. بەڵام مووسا داوای لەو کردبوو کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا تا لەگەڵ قەومی خۆی لە میسر بچێتە دەرەوە و بڕوا بۆ بیابان و لەوێ خوای خۆی بپەرستێ.

ئایا لە جیاتی کوشتنی مووسا واباشتر نییە کە داخوازییەکەی قبوڵ بکا تا لە میسر بچێتە دەرەوە و ئیتر چاوی پێ نەکەوێتەوە؟

ئایا مووسا، مەترسی نابێ؟ چونکە ئەو پیاوە ئەگەر متمانەی بەهێزی بەخۆی نەبێ نایەتە لای ئەو و داوای لێ ناکا قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا. گۆڕینی وەکاز بۆ ئەژدیها، بە خوێن کردنی شەتی نیل و هێنانی بەڵای بۆقان، بەڵگەی دەسەڵاتی ئەوە و لەگەڵ ئەو پیاوەدا مەسلەت و ئاشتی باشترە؟

سەرەڕای ئەوەی کە فیرعەون، پاش ناسینی مووسا، دیقەتی دا کە دەبێ ئەو لەناوبەرێ یان لە میسر دووری بخاتەوە، بەو مەرجەی کە هەرگیز نەیەتەوە بۆ میسر، هەستی لاپرسەنانە گرتی کە بزانێ ئایا چۆن شازادەیەکی گەورەی وەکو مووسا، وازی لە تەخت و تاجی میسر هێنا و خۆی بردە ریزی کۆیلەکانەوە.

لە مێژووی میسردا، هاو وێنەی ئەو رووداوە هەرگیز نەبینرا بوو. شازادەکانی میسر، کە هەموویان خۆیان لە نەژادی خوایان دەزانی، بە شوورەییان دەزانی لەگەڵ کەسانی ئاساییدا هاونشینی بکەن تا بەوە دەگا کە بچنە ریزی کۆیلان و ببنە هاوبەشی ژیانی پەست و سەختی ئەوان.

رامسیسی دووەم ـ فیرعەونی پێشوو ـ بەو جۆرەی کە لە جێگای خۆیدا باسی کرا ـ کوڕی زۆرو زەوەندەی هەبوو، بەڵام هیچیان پایەی مووسایان نەبوو. چونکە مووسا لە شازادە خانم ئەنخاس ئاموون بوو و رامسیسی دووەم، خۆشی دەیویست مووسا بکا بە جێنشینی خۆی. ئەو دەیزانی کە ئەو لاوە، بۆ پاشایەتی میسر، لە هەموو شازادەکانی تر گونجاوترە، بەڵام کاتێك زانی کە مووسا خوای بێ شێوە و نەبینراو دەپەرستێ، بڕیاری دا کەلە ناوی ببا.

مووسا، لەبەر ئەوەی کوڕی ئەنخاس ئاموونی شاژنی میسر بوو، دەبوایە پاش رامسیسی دووەم ببێتە پاشا، هەرچەندە ئەگەر ئەو خەسڵەتە رووخساری و بەندەنیانەشی نە بووایە و کە ئەو خەسڵەتانەش لە بنەڕەتدا، ئەوی بۆ پاشایەتی میسر، گونجاوتر دەکرد.

فیرعەون کە ماوەیەك خۆی لە بینینی مووسا دەشاردەوە، ئەو رۆژە رەزامەندی دا کە چاوی پێبکەوێ. بۆ ئەوەش کە کەسانیتر ئاگاداری دان و ستاندنی خۆی و مووسا نەبن، بەتەنیایی دیداری لەگەڵ دا کرد، بەڵام پاسەوانان لە پشت دەرگا راوەستا بوون.



دوای ئەوەی کە مووسا چووە ژوورەوە، فیرعەون پێی گوت: تا ئەمڕۆ من تۆم نەدەناسییەوە و وام وێنا دەکرد کە یەکێکی لە کۆیلەکانی ئیسرائیل، بەڵام ئەمڕۆ هاتەوە بیرم کەلە رابردوودا تۆم دیوە و تێگەیشتم کە تۆ کوڕی رامسیسی دووەم و فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکانی ئەو بووی. باشە هۆی چی بوو تۆ پایەی شازادەیی میسرت واز لێهێنا و چوویە ناو ریزی کۆیلانەوە؟

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون، من شازادەی میسری نەبووم.

مەنەفتە گوتی: ئەم قسەیە مەکە.

من لە منداڵییەوە تۆم دیوە، زەمانێکم وەبیر دێ کە تۆ لەگەڵ شازادەکانی میسردا دەتخوێند و هونەری جەنگ فێر دەبووی. هەروەها وەبیرم دێتەوە پاش تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی، کاتێك کە بووی بە پیاو، لەهەموو شازادەکانی میسر جوانتر بووی و کە سانیتر ئێرەییان پێ دەبردی. ئەوان دەیانزانی لەبەر ئەوەی کە تۆ کوڕی شازادە خانم ئەنخاس ئاموونی و باوك و دایکت، هەردووکیان شازادەن، پاش رامسیسی دووەم، تۆ دەچییە سەر تەختی پاشایەتی.

مووسا گوتی: من نەباوکم شازادە بوو نەدایکم.

فیرعەون مەنەفتە گوتی: من ناتوانم لەوە تێبگەم کە بۆچی تۆ نکووڵیی لە پایەی شازادەیی خۆت دەکەی و خۆت بەو شێوەیە لێکردووە کە ئێستا دەتبینم. تۆ بۆچی ئەو ریشە درێژەت ناتاشی و ئەو قژەت کورت ناکەیەوە و بۆچی کراسی کەتانی میسری لەبەر ناکەی؟

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون، بەدیقەتەوە لە قەڵافەتی من وورد بەوە، بزانە ئایا من لە رامسیسی دووەم یان شازادە خانم ئەنخاس ئاموون یا هەر شازادەیەکی میسری دەچم؟

فیرعەون نزیکەی چارەگە سەعاتێك لە قەڵافەتی مووسای روانی و گوتی: تۆ لە هیچ کام لەوانە ناچی.

مووسا گوتی: بەدیقەتەوە لە قەڵافەتی من ورد بەوە و بزانە ئاخۆ لە کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەچم یان نا؟

دیسانەوە فیرعەون لە قەڵافەتی مووسا ورد بۆوە و گوتی: بەڵێ، تۆ لەوان دەچی.

مووسا گوتی: هەر منداڵێك دەبێ بە باوکی یان دایکی خۆی یان یەکێك لە خزمە نزیکەکانی خۆی بچێ، من لە هیچ کام لەوانە، کە بەڕواڵەت باوك و دایك و خزمانی نزیکی منن، ناچم.

فیرعەون ئەم قسەیەی سەلماند.

مووسا گوتی: لە مەسەلەی لە دایکبوونی من، نهێنییەك هەیە کە خەڵك لێی بێ ئاگا بوون و منیان بە کوڕی رامسیسی دووەم دەزانی. لە حاڵێکدا کە من لە قەومی ئیسرائیل بووم، باوك و دایکم، هەردووکیان بە ئیسرائیلی دەژمێردران و لەسەرزەوینی کۆش دەژیان.

فیرعەون بەبیستنی ئەم قسەیە یەکجار خۆشحاڵ بوو، چونکە ئیسرائیلی بوونی مووسا، ئەو مەترسییەی نەدەهێشت کە فیرعەون لێی دەترسا.

فیرعەون، بە جۆرێك بەم قسەیە کەوتە خۆشییەوە کە دەیویست دەسبەجێ داواکاری مووسا بۆ ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل، قبوڵ بکا، بەڵام بەبیری هاتەوە کە لە کۆشکی پاشایەتی ویدا، نەفەرێك مووسای ناسیوەتەوە و زانیویەتی کە کوڕی رامسیسی دووەمە. ئەو نەفەرە، ئێستا هەموو ئەوانەی لەم مەسەلەیە ئاگادار کردۆتەوە کە لەناو دەربارن. ئێستا هەموویان لەم بابەتە ئاگادارن و دەزانن کە کوڕی رامسیسی دووەم لە هاوسەرە رەسمییەکەی وی، لە ژیاندایە.

کەوابوو دەبێ کۆڕێك پێك بهێنرێ کە لەو کۆڕەدا هەموو پیاوانی دەربار ئامادە بن، لەو کۆڕەدا، مووسا، گوتەکانی خۆی دووبارە بکاتەوە تا هەمووان تێبگەن کە ئەم پیاوە پەرپووتە کوڕی رامسیسی دووەم نییە.

فیرعەون لە مووسای پرسی: ئایا ئامادەی ئەوەی لێرە گوتت لە بەردەمی دەرباریيانی منیشدا بیڵێی؟

مووسا گوتی: بەڵێ ئەی فیرعەون.

فیرعەون هەردوو دەستی خۆی لێك دا، پاسەوانان هاتنە ژوورەوە فیرعەون گوتی: ئاگاداری دەرباریيانی من بکەن کە هەموویان بێنە ئێرە. ئەوە بوو چەند دەقیقەیەکی پاشتر پیاوانی دەرباری فیرعەون هاتنە ژوورەوە. هەر کەسە لە جێگای خۆی راوەستا. فیرعەون، لە حاڵێکدا کە مووسای پیشانی دەرباریيان دەدا گوتی: بەو جۆرەی کە هەمووتان زانیاریتان پێگەیشتووە ئەم پیاوە، کە ئەمڕۆ بەم وەزع و قەڵافەتەوە دەبینرێ، هەمان مووسای شازادەی میسرە کە لەسەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەمدا، ئەوتان بە کوڕی فیرعەون و هاوسەرەکەی وی، ئەنخاس ئاموون، دەزانی و لە جەنگی کۆشدا، فەرماندەیی گالیسکە جەنگییەکانی فیرعەونی بە ئەستۆوە بوو. ئێوە دەزانن کە ئەو لاوێکی باڵابەرز و چوار شانە و جوان بوو. بەڵام ئەمڕۆ ئەم پیاوە بەمنی گوت کە ئەو کوری رامسیسی دووەم نییە و لە سکی شازادە خانم ئەنخاس ئاموون لە دایك نەبووە. لە مەسەلەی لە دایکبوونی ویدا نهێنییەك هەیە کە کە سانێتر ئاگایان لێی نییە. من بۆیە ئێوەم بانگ کردووە تا گوێتان لە قسەکانی بێ و تێبگەن کە ئەم پیاوە



شازادەیەکی میسری نییە، بەڵکو لە قەومی ئیسرائیلە کە لەسەرزەوینی کۆش بوون و ئێستاش هەر لەوێن.

ئینجا فیرعەون روویکردە مووسا و گوتی: نهێنی لە دایکبوونی خۆت بڵێ.

دوای ئەوەی کۆڕەکە بۆ گوێگرتن لە قسەکانی مووسا ئامادە بوو، فیرعەون لێی پرسی: باوکی تۆ کێیە؟

مووسا گوتی: باوکی من ناوی ((عیمران)) بوو و خەڵکی سەرزەوینی کۆش و لە قەومی ئیسرائیلە.

فیرعەون پرسی: دایکت کێیە؟

مووسا گوتی: دایکم ژنێك بوو ناوی ((جوشبەد)) لە نەژادی ئیسرائیل و دانیشتووی سەرزەوینی کۆش.

فیرعەون پرسی: ئایا باوکت و دایکت ماون؟

مووسا وەڵامیدایەوە: هەردووکیان مردوون.

فیرعەون پرسی: ئایا تۆ شێوەی باوك و دایکی خۆتت لە بیرماوە؟

مووسا گوتی: من باوك و دایکی خۆم نەدیوە تا شێوەی ئەوانم لە بیر مابێ.

فیرعەون رووی کردە دانیشتووان و گوتی: ئایا گوێتان لێبوو ئەم پیاوە چی گوت؟

ئەو گوتی باوك و دایکی وی هەردووکیان لە نەژادی ئیسرائیل و دانیشتووی سەرزەوینی کۆش بوون. لە حاڵێکدا ئێمە، ئەم پیاوەمان بە شازادەیەك دەزانی و وامان وێنا دەکرد کە کوڕی رامسیسی دووەم، پاشای پێشووی میسر و لە سکی شازادە خانم ئەنخاس ئاموونی هاوسەری رامسیسی دووەم هاتۆتە دنیاوە.

ئامادە بووان، چەند نیگایەکی پڕ لەسەر سوڕمانیان لە مووسا بڕی و فیرعەون گوتی: بە هۆی چییەوە تۆ بەناونیشانی شازادەیەکی میسری و کوڕی رامسیسی دووەم ناسراوی؟

مووسا گوتی: لە دایکبوونی من لەگەڵ زەمەنێکدا رێك کەوت، کە بە فەرمانی فیرعەون، کار بەدەستەکانی ئەو، منداڵانی ئیسرائیلیان لە دایکیان دەفڕاند و کوڕەکانیان دەکوشت و کچەکانیان بۆ مەرامی خزمەتکاری لە ماڵە میسرییان بە دیلی دەبرد. لەبەر ئەوەی ئیتر کەمتر وابوو کە منداڵێك مابێتەوە کە دەستی کاربەدەستانی فیرعەونی پێڕانەگا، ئەوان ماڵەکانی قەومی منیان پشکنی تا ئەگەر خێزانێك منداڵەکەی شاردبێتەوە، سزای بدەن. ئەوان، بەوەندەش وازیان نەهێنا، ژنانی دووگیانیشیان ئازار دەدا. دەرکەوت کە ئەوان وەزیفەیان ئەوەیە کە هەرکات منداڵێکی تازە بوو لە ماڵێکدا بدۆزنەوە، دەسبەجێ ئەو منداڵە بکوژن.

باوك و دایکی من، که نەیاندەویست منداڵەکەیان بەو وەزعە جەرگبڕەوە بکوژرێ، لە دەرگای خوای تاك و تەنیا پاڕانەوە کە منداڵەکەیان بپارێزێ. ئینجا بە فەرمانی خوا، منیان، کە دەبووایە ببمە نێچیری تیغی کار بەدەستانی فیرعەون، خستە نێو سەبەتەیەك، کە کون و کەلەبەرەکانیان قەپات کرد بوو و بە ئاوی نیلی دادەن. ئەنخاس ئاموون شازادە خانمی میسر و هاوسەری رامسیسی دووەم، من لە ئاوەکەدا دەبینێ و فەرمان دەکا کە من هەڵبگرنەوەو بمهێننە ناو کەشتییەکەی خۆیەوە.

ئەو شازادە خانمە کە نەزۆك بوو، حەزی دەکرد کە منداڵی لە هاوسەرەکەی، رامسیسی دووەم ببێ، تا پاشای داهاتووی میسر لە سکی ئەو ببێ. پاش ئەوەی کە منی لەئاو گرتەوە، هەوڵیدا بە هاوسەرەکەی بڵێ کەمن کوڕی ئەوم، مانای کوڕی رامسیسی دووەم. رامسیسی دووەمیش ئەم قسەیەی قبوڵ کرد.

لەبەر ئەوەی شازادە خانم ئەنخاس ئاموون، چەند مانگ بوو لە پایتەخت دوور بوو، پاشای پێشووی ئەم وڵاتە بیری کردەوە کە لەوانەیە هاوسەرەکەی، لەو کاتەدا کەلە پایتەخت دەرچووە، سکی لەو پڕ بووە، بێ ئەوەی کە هەڵئاوسان بەسکییەوە دیار بێ، دوای ئەوە لە دەرەوەی پایتەخت قۆناغی سکپڕییەکەی تێپەڕاندووە و پاشان منداڵەکەی بووە.

فیرعەون پرسی: پاشان چ بوو؟

مووسا گوتی: هیچ کەسێك ئاگاداری نهێنی لە دایکبوونی من نەبوو، جگە لە ئاموون تپ، سەرۆکی کاهینانی کۆشکی پاشایەتی رامسیسی دووەم. ئەو دەیزانی کە من کوڕی پاشای میسر نیم و لە سکی شازادە ئەنخاس ئاموون نەهاتوومە دنیا. بەڵام ئەو، جگەلە خۆم ئەم نهێنییەی لای هیچ کەسێك نەدرکاند.

فیرعەون پرسی: لە بەرچی ئاموون تپ ئەم نهێنییەی بۆتۆ ئاشکرا کرد؟

مووسا گوتی: دایکی رواڵەتیی من، کە من وەکو دایکی راستەقینەی خۆم خۆشمدەویست، لەگەڵ ئاموون تپ دا کۆمەڵە هیوایەکیان بەمن هەبوو. چاوەڕێ بوون کە پاش رامسیسی دووەم، من ببمە پاشای میسر و ئاینی ئاموون هەڵبگرم و ئاینی ئاتوون زیندوو بکەمەوە.

هەرکە ناوی ئاتوون لەدەمی مووساوە هاتە دەرەوە، ئەو کەسانەی کە لەوێ بوون، (جگە لە فیرعەون) هەموویان گوتیان بە نەفرەت بێ.

فیرعەون گوتی: هۆی چ بوو تۆ، کە دەتتوانی بەناو نیشانی ئەوەی کە کوڕی پاشای میسری، بگەیتە پاشایەتی، دەستت لە پاشایەتی کێشایەوە؟



مووسا گوتی: رامسیسی دووەم تێگەیشت کە دایکی رواڵەتی من، ئاموون پەرست نییە، بڕیاری دا لەناوی بەرێ.

فیرعەونی پێشوو لە بەرامبەر منیشدا گومانی پەیدا کرد بوو. تێگەیشت کە منیش باوەڕم بە خوای نەبینراو هێناوە. لەو وەختەدا بڕیاری دا کە نەهێڵێ لەپاش خۆی، من لەسەر تەختی پاشایەتی دابنیشم، بۆ ئەوەی لە مەیدانی جەنگدا بکوژرێم، منی ناردە جەنگی کۆش، بەڵام من لەو جەنگەدا نەکوژرام.

کاتێك فیرعەون تێگەیشت کە من لە جەنگ دا بەسەلامەتی دەرباز بووم، بۆ ئەوەی من بۆ جێگایەك بنێرێ کە لەوێ نەگەڕێمەوە، گوتی دەبێ بۆ دۆزینەوەی شاری زێڕین بکەویە رێ.

من و غولامەکەم نوون، کە ئێستا برای منە، رێگای شاری زێڕینمان گرتە بەر و ئەوەندە رۆیشتین تا شەتی نیل وای لێهات وەکو جۆگایەکی باریك ببینین. دوای ئەوە گەیشتینە دەریاچەیەك و ئینجا شارێکمان بینی کە کۆڵێتی بچووکی لێبوون. ماوەیەکمان لەو شارە بەسەر برد پاشان گەڕاینەوە.

کاتێك گەڕاینەوە، هەستم کرد رامسیسی دووەم ئومێدی بەوەیە کەمن باوەڕی خۆم گۆڕیبێ و خواکانی میسر بپەرستم و ئاموون بەخوای خواکان بزانم. بەڵام لە میانی ئاخاوتنماندا تێگەیشت کە من باوەڕی خۆم نەگۆڕیوە، هەرچەندە بە جۆرێکی راشکاوانە بەوم نەگوت کەمن خوای نەبینراو دەپەرستم، بەڵام ئەوەی کە ئەو پیاوە دەیویست تێبگا، تێگەیشت.

ئینجا لەبەر ئەوەی ئەو لەوە گەیشتبوو کە ئاموون تپ، سەرۆکی کاهێنانی کۆشکی پاشایەتی، ئەویش ئاتوون پەرستە، سەری بڕی و سەرەکەی بەغولامێکدا بۆ ناردم تا تێبگەم کە منیش رۆژێك دێ وەکو ئاموون تپ سەرم لە لەشم جیادەکرێتەوە.

فیرعەون پرسی: رامسیسی دووەم پیاوێك نەبوو یەك ئاتوون پەرستیش بەزیندوویی بهێڵێتەوە، لە بەرچی دوای ئەوەی کە زانیشی تۆ ئاتوون پەرستی، وازی لێ هێنای بە زیندوویی بمێنێتەوە؟

مووسا گوتی: من وام هەست دەکرد کە لێم دەترسێ.

فیرعەون پرسی: رامسیسی دووەم لەچی دەترسا؟ ئایا ترسی لە کوشتنی تۆ هەبوو، یان لە خۆت دەترسا؟

مووسا گوتی: من هەستم دەکرد کە لە خۆم دەترسا.

فیرعەون پرسی: ئایا تۆ لەو کاتیشدا جادووگەر بووی تا وا وێنا بکرێ کەلە جادووگەریی تۆ دەترسا؟

مووسا گوتی: من هیچ کاتێك جادووگەر نەبووم.

مەنەفتە پرسی: ئەی باشە لەچ شتێکی تۆ دەترسا، گەر چی تۆ پیاوێکی بەهێز و بالاّ بەرزی، بەڵام دەیتوانی فەرمان بە سەربازەکانی خۆی بکا هێرشت بۆ بهێنن و بتکوژن.

مووسا وەڵامیدایەوە: من نازانم رامسیسی دووەم لە چ شتێکی من دەترسا، بەڵام یەقینم کەلە من دەترسا.

فیرعەون پرسی: لەبەر چی دەستت لە پاشایەتی کێشایەوە و تەنانەت لەم وڵاتەش رۆیشتی؟

مووسا گوتی: رۆیشتنی من لێرە بە نا چاری بوو. ئەوەی کە بووە هۆی ئەوەی لە میسر برۆم، بە کورتی بەم شێوەیەیە: رۆژێك بینیم پاسەوانێکی میسری، بە قامچی لە کۆیلەیەکی ئیسرائیلی بێ توانا و نەخۆش دەدا و ئەوەندەشی لێدا تا کۆیلەی بەدبەخت گیانی لە دەست دا.

من کە ئیسرائیلیم، لەو زوڵمە رِقم هەستا و هێرشم بۆ ئەو پیاوە میسرییە برد. بەدەست مستێکم لێدا، بەڵام لێدانەکەم ئەوندە قایم بوو کە کوشتی. پاش ئەو رووداوە، فیرعەون داوای کردم و سەرزەنشتی کردم کە بۆچی پاسەوانێکی میسریم کوشتووە. ئەو دەیگوت کە ئەو پاسەوانە لەبەر ئەوەی لە کارگەی بینا کردنی پەرستگایەك کاری کردووە، بە یەکێك لە کاهینان دەژمێردرێ و لە پیرۆزەکان دادەنرێ.

پاش ئەو رووداوە، رامسیسی دووەم فەرمانی کوشتنی منی دەرکرد. من و نوونی برام لە ماڵەکەی خۆمان، لە لایەن سەربازانی پاشاوە گەمارۆ دراین. بریار وابوو پاش خۆرهەڵاتن بمانکوژن. نوون پێشنیاری پێکردم کە هێرش بکەینە سەر سەربازەکان و خۆمان دەرباز بکەین جا ئەگەر کوژراین، ئەوا چارەنووسمان لەگەڵ چارەنووسی رۆژی داهاتوومان جیاوازی نابێ. من روانینەکەی نوونم قبوڵ کرد. لەگەڵ نوون پێکەوە هێرشمان کردە سەر سەربازەکان و چەند کەسمان لێکوشتن و خۆمان گەیاندە لێواری رووباری نیل، چونکە دەمانزانی لەوێ بەلەمێکمان هەیە. ئەوە بوو سواری بەلەمەکەمان بووین و رێگای باکوورمان گرتە بەر. پاشان بەرەو بیابانی سینا کەوتینە رێ. ئیتر من نەگەرِامەوە بۆ میسر تا ئەو کاتەی خوای من فەرمانی پێکردم کە بچمە میسر.

کاتێك بەسەر هاتی مووسا تەواو بوو، فیرعەون رووی کردە ئەوانەی کەلە کۆرِەکە ئامادە بوون و گوتی: من ئەمرۆ، بەو هۆیەوە ئێوەم بانگ کردۆتە ئێرە تا خۆتان گوێتان



لە قسەکانی ئەم پیاوە بێ و لەزمانی خۆیەوە بیبیستن کە ئەو کورِی رامسیسی دووەم نییە و هەروەها کورِی شازادە خانم ئەنخاس ئاموونیش نییە.

من رۆژی هەوەڵ کە ئەم پیاوەم دی، هەستم کرد کە پێش ئەوە لە جێگایەك دیتوومە، بەڵام نەمتوانی روخساری بێنمەوە بیر خۆم، چونکە وەزعی ئەو لەگەڵ پێشانی زۆر جیاواز بوو. ئەو لە رابردوودا جوانترین شازادەی میسر بوو، ئێستاش بەو شێوەیە دەرچووە کە دەیبینین.

ئەوەبوو یەکێك لە کەسانی دەرباری من مووسای ناسییەوە و زانی کە ئەو هەمان ئەو کەسەیە کە هەمووان بە کورِی رامسیسی دووەمیان دەزانی. پاشان ئەم بابەتەیان بەمن راگەیاند. من سەرم سوورِما چۆن کورِی رامسیسی دووەم بەو وەزعە گەیشتووە کە دەیبینن. ئەوە بوو ئەم پیاوەم بانگ کرد و لێکۆڵینەوەم لەگەڵ کرد و ئەو نکوولّیی کرد و گوتی کە کورِی رامسیسی دووەم و شازادە خانم ئەنخاس ئاموون نییە. ئینجا سەرنجم دا کە دەبێ نکوولّیی کردنەکەی وی، هەمووان لێی ئاگاداربن تا ناسنامەی ئەم پیاوە لای هیچ کەسێك مایەی رارِایی و دوو دڵی نەبێ. ئەم کەسە کە جادووگەریشە، نەتوانێ بە پشت ئەستوری ئەوەی کە کورِی رامسیسی دووەمە داوای پاشایەتی میسر بکا.

ئێستا بۆ هەمووان ئیسپات بوو کە ئەم پیاوە لە نەژادی ئیسرائیلە، باوکی ئەو پیاوێکی ئیسرائیلی بووە بەناوی عمران و دایکیشی ژنێك بووە لە هەمان نەژاد و ناوی ((جوشبەد)) بووە. من دەڵێم قسەکانی ئەم پیاوە کە ئەمرِۆ هەمووتان گوێ بیستی بوون، لەسەر تۆمارێك لەسەر رووی پاپیرۆس بنوسنەوە و دوای ئەوەی کە نووسرایەوە، هەمووتان بانگ دەکەمە ئێرە تا هەرکەسێك کە خوێندەواری هەیە، نووسراوی سەر ئەو تۆمارە، بسەلمێنێ. ئەگەر لەناو ئێوەشدا کەسێك هەیە کە دەیەوێ پرسیار لەم پیاوە بکا، ئەوا مۆڵەتی هەیە و با بپرسێ.

کاهینێکی بەساڵدا چوو، کە بەپێی داب و نەریت، سەری خۆی تاشیبوو، گوتی: لەبەر ئەوەی فیرعەون مۆڵەتی داوە پرسیار لەم پیاوە بکەن، من چەند پرسیارێکی لێدەکەم؟

مووسا پرسی: پرسیارەکانت چیە؟

کاهینی بەساڵدا چوو پرسی: ئایا تۆ ئاتوون پەرستی؟

مووسا گوتی: نا یاهوو پەرستم.

کاهین گوتی: ئایا تۆ (یاهوو) ت دیوە؟

مووسا گوتی: نا، ئەو قابیلی دیتن نییە، بەڵام گوێم لە دەنگی بوو و ئەو بەمنی گوت کە بچمە لای فیرعەون و داوای لێبکەم کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا.

کاهینی بەساڵدا چوو گوتی: ئایا من دەتوانم دەنگی خوای تۆ ببیستم؟

مووسا گوتی: نا.

کاهین پرسی: ئایا فیرعەون دەتوانێ گوێی لە دەنگی خوای تۆ بێ؟

مووسا وەڵامیدایەوە: نا.

کاهین پرسی: دەنگی خوای تۆ چۆنییە کە تەنیا تۆ دەتوانی گوێت لێ بێ و کەسانیتر ناتوانن گوێیان لێ بێ؟

مووسا گوتی: من ناتوانم بڵێم دەنگی خوای من چۆنە، بەڵام جگە لە من، کەسیتر گوێی لەو دەنگە نابێ.

کاهین گوتی: ئەگەر من دەنگی خوای تۆم گوێ لێبێ، دەتوانم پێت بڵێم کە ئایا ئەو باڵاترە یان ئاتوون خوای گەورەی ئێمە، بەڵام چونکە دەنگی خوای تۆ نابیستم و لە داهاتووشدا هەر نایبیستم چۆن یەقینم لەلا دروست ببێ کە ئەوەی تۆ دەیڵێی راستە؟

مووسا گوتی: ئایا تۆ من بە درۆزن دەزانی؟

کاهین گوتی: من نەمگوت تۆ درۆزنی، من گوتم چۆن یەقینم لەلا دروست ببێ کە ئەوەی تۆ دەیڵێی راستە، مانای من گومانم لە قسەکەی تۆیە؟

من، ئاموون و هەموو خواکانی میسر دەپەرستم، ئەگەر کەسێك لەمن بپرسێ کە کام خوا دەپەرستی، خواکانی خۆمی پێ نیشان دەدەم، چونکە هەموویان شێوەیان هەیەو بەو هۆیەوە دەناسرێنەوە، بەڵام خوای تۆ، شێوەی نییە، تا بتوانین بە شێوەکەیەوە بیناسینەوە و تۆ دەڵێی کە ناتوانرێ ئەو ببینرێ، تەنیا دەتوانرێ دەنگی وی ببیسترێ. بەڵام دەنگی وی تەنیا تۆ دەیبیستی و کە سانیتر ناتوانن دەنگی خوای تۆ ببیستن. لەم حاڵەتەدا من چۆن یەقین پەیدا بکەم کە قسەکەی تۆ لەبارەی خوای تۆوە راستە؟

مووسا گوتی: دەسەڵاتی من پیشانی دەدا، ئەوەی کە دەیڵێم راستە، چونکە ئەگەر من لە قسەی خوای خۆمەوە، قسەم نەکردبایە، ئەو، ئەم دەسەڵاتەی نەدەدایە من.

کاهین گوتی: جادووگەریی تۆ تەنیا کاریگەرییەکی زیانبەخشی هەیە، تۆ تا ئەمڕۆ نەت توانیوە کارێك بکەی، کە شوێنەوارێکی سوودبەخشی هەبێ.



خوای تۆ چۆن خوایەکە کە تەنیا بتوانێ بەڵا بنێرێ و ئاوی نیل بکاتە خوێن، تاکو ماسییەکان و گیانلەبەران لەناو بچن و خەڵك لە تینوێتیدا لە ئازار دابن؟ خوای تۆ چۆن خوایەکە کە بۆ پیشاندانی دەسەڵاتی خۆی، بۆقان بنێرێ، تۆ چ چاوەڕوانییەکت لە خەڵکی میسر هەیە تا خوای تۆ بپەرستن؟

مووسا گوتی: تا ئەمڕۆ نەمگوتووە دەبێ میسرییەکان خوای من بپەرستن. ئەگەر لە نێو میسرییەکان دا، کە سانێك هەن کە ئیمانیان بە خوای تاك و تەنیا، یانی خوای من کە پەروەردگاری جیهانە، هەیە، بە هۆی ئەوەیە کە ئەوانیش لە پەرستنی خوایانی ساختە و درۆزن بێزار بوون.

بەڵام لە بارەی ئەو داخوازییە کە لە فیرعەونم کردووە ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل، کە لەم وڵاتەدا کۆیلەن، ئازاد بکا تا بتوانن لێرە بڕۆنە دەرەوە و خوای خۆیان کە هەمان خوای منە، بپەرستن. بەڵام تۆ کە ڕەخنە لە خوای من دەگری، کە جگە لەبەڵا ناردن کارێکی دیکەی نییە، پێم بڵێ ئەی خوای تۆ چ دەکا؟

کاهین گوتی: خوای گەورەی ئێمە، ئاموون، هەرگیز بەڵا نانێرێ، بەڵکو شتگەلێکی وا بۆ ئێمە دەنێرێ، کە هەموویان لە ژیانی خەڵکی میسردا سوود بەخشن.

ئەو هەموو ساڵێك لە وەرزی پاییزدا، ئاوی شەتی نیل، زیاد دەکا، بە جۆرێك کە شەتی نیل بەشێکی بەرفراوان لە بیابانەکانی میسر، دادەپۆشێ. دوای ئەوەی ئەو ئاوە بەزەویدا رۆچووە خوارێ، جوتیارانی میسر، تۆو، بەو زەوییانەدا دەکەن، یاخود ئەو زەوییانە دەبن بە مێرگ و لەوەڕگا و مانگا و مەڕەکانی ئێمە لەو لەوەڕگایانە دەلەوەڕێن.

ئاموون، خوای گەورەی ئێمە، هەموو رۆژێك رووناکیمان بۆ دەنێرێ، بەرووناکی خۆر، وڵاتی ئێمە رووناك دەبێتەوە، گەنم و پاقلە و خورما پێدەگا، خەڵك خۆیانی پێ تێر دەکەن.

مووسا، دوای ئەوەی کە ئاخاوتنی کاهین تەواو بوو، پێی گوت: تۆ هەڵەی و ئەوەی تۆ دەیڵێی کە لە لایەن ئاموونەوە بە خەڵکی میسر بەخشراوە، ئەمانە ئەو شتانەن کە خوای من بە میسری بەخشیوە، هەموو شتێك لە لایەن (یاهوو) خوای منەوەیە.

کاهینی میسری بە جۆرێك لەم قسەیە سەری سوڕما، کە سەرەڕای جیدی بوونی کۆڕەکە و ئامادەبوونی فیرعەون مەنەفتە، پێکەنی و ئینجا فیرعەون گوتی: ئەی مووسا، ئایا یاهوو کە تۆ باسی دەکەی خوای تۆیە یان خوای ئێمەیە؟

مووسا گوتی: یاهوو، خوای هەمووانە و هەر کەسێك کەلەم جیهانە دەژی، دروستکراوی (یاهوو)ە. هەموو شتێك ئەو هێناویەتە بوون و هەموو شتێك بە دەسەلاتی ئەو دەمێنێ.

فیرعەون، کە دوو رۆژ پێش ئەوە، بەدەست ئازاری رۆماتیزمی قاچییەوە، سکالای بوو، گوتی: ئایا تۆ دەتوانی داوا لە خوای خۆت بکەی کە ئازاری قاچم چارەسەر بکا؟ (٢٢)

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون، هەموو ئەو نەخۆشییانەی کە تووشی مرۆڤ دەبێ، رێ و شوێن و کەرەسەی چارەسەری هەیە. پزیشکەکانی میسر، هێندێك لەو رێگا چارانە دەزانن و هێندێکی نازانن، یاهوو هیچ نە خۆشییەکی نەهێناوەتە ئارا کە رێگا چارەی نەبێ.

فیرعەون گوتی: بەلام ئازاری قاچی من رێگای چارەسەری نییە.

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون، ئازاری قاچی تۆش رێگا چارەی هەیە، تۆ ئەگەر گیای (گولە پایزە) بکولێنی و ئاوەکەی، ماوەی چەند رۆژ لەسەر یەك بخۆی ئازاری قاچت نامێنێ.

فیرعەون، لەوانەی، کەلە کۆڕەکە ئامادە بوون، پرسی: ئایا ئەم بابەتە راستە، گیای (گولە پایزە) ئازاری قاچ ناهێڵێ؟

ئەوانەی لە کۆڕەکە بوون گوتیان: ئێمە تا ئێستا ئەوەمان نەبیستووە. ئەمە یەکەمین جارە دەبیستین کە ئاوی (گولە پایزە) ئازاری قاچ لە بەین دەبا. بەلام دەزانین کە (گولە پایزە) گیایەکی تالە و حەتمەن ئاوەکەشی هەر تالە.

مووسا گوتی: گەرچی ئاوی (گولە پایزە) تالە، بەلام ئەگەر چەند رۆژێك لەسەر یەك بخورێتەوە، ئازاری قاچ ناهێڵێ. (٢٣)

(٢٢) لاشەی مەنەفتە، ئەمڕۆ بە شێوەی مۆمیا کراو ماوە و ئەو پزیشکانەی کە لەرووی شوێنەوارەوە، دەتوانن پەی بە نەخۆشییەکانی مرۆڤەکانی کۆن، ببەن، بە جۆرێکی ئاشکرا شوێنەواری نەخۆشی (روماتیزمی قاچ) یان لەسەر پەنجە پێی چەپی فیرعەون مەنەفتە، دیتووە، چونکە لە نەخۆشی روماتیزمی قاچ دا، جومگەی پەنجە پێی چەپ یان راست، هەلدە ئاوسێ و دەبێتە بەرد. پاش مردنیش هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، و تەنانەت پزیشکەکان، شوێنەواری روماتیزمی قاچیان لەسەر ئێسکە پەیکەری مرۆڤێکی (نیاندەرتاڵ)، کە پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، دیتووە. (ز-م).

(٢٣) کاتێك زانستی پزیشکی نوێ، لە ئەورپاوە هاتە ئێران، هێندێك لە نوێخوازەکانی ئێمە دەرمانە گیاییەکانی کۆنیان کردە مایەی گاڵتە جاڕیی، بەتایبەتی هەردوو گیای (گولە پایزە) و (قولنجان). ئەم دوو



فیرعەون پرسی: ئەی مووسا، ئایا خوای تۆ گوتویەتی کە ئاوی گیای (گولە پایزە) بۆ نەهێشتنی ئازاری قاچ سوودی هەیە؟

مووسا گوتی: نا، من لە میدیان، پەیم بەسوودی ئەو گیایە برد. دوای ئەوەی لە میسر رۆیشتم، ماوەیەك لە بیابانی میدیان، ژیام و لەوێ تێگەیشتم کە ئاوی گولە پایزە دەبێتە هۆی نەمانی ئازاری قاچ.

فیرعەون گوتی: من دەلێم با گیای گولە پایزە بکولێنن و بۆم بێنن. لەو دەمەدا بیرێکی بۆ هات و گوتی: بە پزیشکی من بلێن بێتە ئێرە.

پزیشکی فیرعەون، هاتە ناو ئەو تەلارە کە کۆڕەکەی تێدا بەسترا بوو، فیرعەون پێی گوت: ئایا تۆ گیای (گولە پایزە) دەناسی؟

پزیشك گوتی: بەلێ.

فیرعەون پرسی: سوودی ئەو گیایە چیە؟

پزیشکی فیرعەون گوتی: (گولە پایزە)گیایەکی تالە و سوودێکی نییە، خواردنی ئەو گیایە بە برێکی زۆر مەترسی هەیە.

فیرعەون گوتی: ئایا دەبێتە هۆی مردن؟

پزیشك گوتی: ئەگەر برێکی زۆر لەو گیایە یان ئاوەکەی بخورێتەوە، دەبێتە هۆی مردن.

فیرعەون، مووسای بە پزیشك پیشان دا و گوتی: بەلام ئەو دەلێ کە خواردنی ئاوی (گولە پایزە)، ئازاری قاچ ناهێلێ.

پزیشك گوتی: ئەمە یەکەم جارە ئەم شتە دەبیستم و تا ئەمڕۆ نەمبیستووە کە ئاوی (گولە پایزە) ئازاری قاچ ناهێلێ. ئایا فیرعەون نیازی وایە ئاوی (گولە پایزە) بخواتەوە؟

فیرعەون گوتی: بەلێ؟

گیایە ببوونە مایەی گاڵتەو سوکایەتی پێکردن و وەك نموونەی خوڕافە پەرستی کۆن سەیر دەکرا. لە حالێکدا هەردوو گیاکە، دوو گیای سوود بەخشن و لە پزیشکیی ئەوروپادا (گولە پایزە) بە ناوی (کول شی سین) دەناسرێ و ئەم دەرمانە، بۆ سووك کردنی ئازاری روماتیزم، یەکجار بەسوودە، ئەمڕۆ ولاتی فەرەنسا لە دروستکردنی دەرمانی کول شی سین کە هەمان (گولە پایزە)ی کۆنە، تایبەتمەندی هەیە. (ز-م).

پزیشك گوتی: به چ ڕا دیاره ئەم پیاوه نیازی خراپی نییه و بەڕێگەی ئەم گیایەوه نایەوێ ئازارێك به فیرعەون بگەیەنێ؟

دیار بوو پزیشکی فیرعەون تووشی ئێرەیی ببوو، دەیویست بەهۆی تۆمەتبار کردنەوه ڕێگەنەدا ئەو وەسفه پزیشکییەی مووسا جێبەجێ بکرێ. وەك ڕێسایەکی گشتی هەر وایه چونکه هیچ هاوپیشەیەك ناتوانێ تیوریی هاوپیشەکەی خۆی قبوڵ بکا.

فیرعەون گوتی: من وێنا ناکەم خواردنەوەی ئاوی (گوڵه پایزه) به بڕێکی کەم، ترسناك بێ. من ئەمڕۆ دەڵێم که بڕێك له گیای (گوڵه پایزه) بکوڵێنن تا من بتوانم له ئاوەکەی بخۆمەوه.

مەبەستی منیش لەم کۆڕه ئەوه بوو که هەمووان بزانن ئەم پیاوه، کوڕی ڕامسیسی دووەم نییه، و هیچ جۆره مافێکی له پاشایەتی میسردا نییه. ئەگەر ڕۆژێك، داوای پاشایەتی کرد، دەبێ وەکو داواکارێکی درۆزن ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ. ئێستاش لەبەر ئەوەی لەبەر ئازاری قاچم ناڕەحەتم، دانوستاندن کۆتایی پێ دەهێنم.



## -٢٦-

## فیرعەون ترسی لێ دەنیشێ

مووسا جارێکی دیکەش بێ ئەوەی ئەنجامێکی بۆ ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل دەست بکەوێ، له کۆشکی پاشایەتی میسر هاته دەرێ. بەڵام ئەمجارەیان ئومێدەوار بوو که وەسفی دەرمانییەکەی وی، فیرعەون بۆ ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل، ئامادە بکا.

مووسا، گومانی لەوەنەبوو که وەسفەکەی ئەو کاریگەر دەبێ و هەرکاتێك فیرعەون، فەرمان بدا که گیای (گوڵه پایزه)ی بۆ بکوڵێنن و ئاوەکەی بۆ بێنن و چەند ڕۆژێك لەسەر یەك ئاوەکەی بخواتەوه، ئازاری قاچی نامێنێ و دوای ئەوه لەوانەیه قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا.

فیرعەون، فەرمانی دابوو که هەوڵبدەن بڕێك لەوگیایه پەیدا بکەن. سەرەنجام توانییان بڕێك (گوڵه پایزه) له دەرمان فرۆشێکی به ساڵدا چوو به دەست بێنن و بۆ فیرعەونی بکوڵێنن.

مەنەفته فیرعەونی میسر، کاتێك بڕێك له ئاوی گوڵه پایزەی خواردەوه، ڕوخساری لێك کێشایەوه چونکه زۆر تاڵ بوو. بەڵام پاش سێ ڕۆژ که گوڵه پایزەی دەخوارد، ئازارەکەی بەجۆرێك سووك بوو که ئیدی فیرعەون هەستی به ئازاری قاچی نەدەکرد و تارادەیەك دەیتوانی به ئاسودەیی بەڕێگادا بڕوا. فیرعەون، پزیشکەکەی خۆی بانگ کرد و پێی گوت: دەرمانی ئەو پیاوه جادووگەره سوودبەخش بوو و ئازاری قاچم نەما.

پزیشك گوتی: ئەی فیرعەون، نەمانی ئازاری قاچت پەیوەندی به دەرمانی جادووگەرەوه نییه.

فیرعەون گوتی: بەڵام من ئەنجامێکی باشم له خواردنەوەی ئاوی ئەوگیایه وەرگرتووه، ئێستا دەتوانم به ئاسوودەیی بەڕێگادا بڕۆم. پزیشك گوتی: فیرعەون، ئازاری قاچی تۆ که بەهۆی ڕوماتیزمەوەیه، خولێکی تایبەتی هەیه، هەر که ئەم خوله تەواو بوو، نامێنێ و ئیتر تا خولێکی دیکه ناگەڕێتەوه.

فیرعەون گوتی: من زانیاریم لەبارەی ئەم بابەتەوه هەیه، بەڵام له خولەکانی پێشوودا، ئازاری قاچم سی تا چل ڕۆژ درێژەی دەکێشا. له هەموو ئەو ماوەیەدا من ئازارم دەچێشت و نەمدەتوانی

بەبێ تەختی داربەست، لەجێگایەکەوە بچمە جێگایەکی تر. بەڵام ئەمجارەیان ئازارەکە لە چەند ڕۆژێك بەولاوە زیاتر درێژەی نەکێشا و دەتوانم بە ئاسوودەیی بەڕێگادا بڕۆم.

پزیشك گوتی: فیرعەون ، جاری وا هەیە ئەم خولە کورت خایەنە و جاری واش هەیە درێژخایەن دەبێ.

فیرعەون کە پیاوێکی بەساڵداچوو بوو، لە پرسی تایبەت بەمیزاجی تاکەکەس، تاقیکردنەوەی خۆی هەبوو، هەستی دەکرد کە پزیشکەکەی، لەوانەیە بەهۆی ئێبرەیی بردنەوە، نایەوێ بیسەلمێنێ کە دەرمانی مووسا کاریگەریی خۆی هەبووە بۆیە پزیشکەکەی خۆی ئیزندا کە بڕواتە دەرەوە. فیرعەون، چونکە سەرنجی لەوەدا بوو کە ئەو دەرمانە بۆ وی پێویستییەکە و ئاتاجی پێ دەبێ، کەشتییەکی بەرەو سوریا نارد تا بڕێکی زۆر لەو گیایەی بۆ بێنن تا لە داهاتووشدا سوودی لێ وەربگرێ. لەپاشاندا گوڵە پایزە، لەوڵاتی میسر بەجۆرێك پەسند بوو کە لەو وڵاتەدا چاندیان و بەمجۆرە گیایەك بەناوی گوڵە پایزەی میسر، بۆسەر ژمارەی گیاکان زیاد بوو.

دەزانین کە میسر، یەکێك بوو لەناوەندە گەورەکانی پزیشکیی لە دنیای کۆندا، بەڵام میسرییەکان کە لە لەش هەڵدڕین و توێکاری بەدەندا لێهاتوو بوون، لە گیاناسیدا، بەپێی میللەتانی بابل و ئێرانی کۆنیش نەدەگەیشتنەوە، چونکە توانای پزیشکیی ئەوان، تەنیا لە ڕشتەی بەدەن هەڵدڕین دا بەکارهاتبوو.

میسریانی کۆن، بە حوکمی باوەڕی مەزهەبیی خۆیان، ناچار بوون کە مردووەکان مۆمیایی بکەن و بۆ مۆمیاکردنی بەدەن، ناچار بوون کە سك و ناوەوەی قەفەزەی سنگ و ناوەوەی مێشك بەتاڵ بکەن تا بەدەنی مردووەکە لەبەریەك نەچێ.

لەبەر ئەوەی پێداویستیی مۆمیاکردنی مردوو ئەوە بوو کە سەرەتا دەست بە هەڵدڕینی بەدەنەکەی بکەن، چونکە ئەندامەکانی بەدەنی مرۆڤیان بەباشی دەناسی و تەنانەت وەزیفەکانی هەرکام لەو ئەندامانەیان دەزانی، هێندێك لە پزیشکانی ئەمڕۆ لەو باوەڕەدان کە پزیشکانی میسر، لە بارەی سووڕی خوێن و سوڕی ڕژێنەکان لەبەدەنی مرۆڤدا، زانیارییان هەبوو و ڕیخۆڵە کوێرە (ئاپاندیس) یان دەناسی. کاتێك کەسێك تووشی ئاپاندیست دەبوو، نەشتەرگەری ئەو کەسەیان دەکرد و ئامرازەکانی نەشتەرگەرییان، پێش ئەوەی کەبەکاری بهێنن، دەخستە نێو ئاگر و دوای ئەوەی کە سارد دەبۆوە، بەکاردەهێنا.

ئایا میسرییە کۆنەکان دەیانزانی کە ئاگر میکروب لەبەین دەبا؟



ئێمە لەرۆژگاری ئەمڕۆدا ناتوانین وەڵامێکی دروستی ئەم پرسیارە بدەینەوە. دانانی ئامرازەکانی نەشتەرگەریی لەنێو ئاگردا، پێش ئەوەی کە دەست بەکاری نەشتەرگەری بکرێ پاژێك بوو لە باوەڕە مەزهەبییەکانی میسرییەکان، بەڵام ئەو مەزهەبەی کە فەرمانی پێ دەکردن ئامرازەکانی نەشتەرگەریی لەنێو ئاگردا دابنێن، ئاخۆ سەرنجی لە سوودی ئەو کارە نەداوە؟

لەژیانی میللەتانی کۆندا، قانوونە مەزهەبییەکان، جیاوازییەکی لەگەڵ قانوونە مەدەنی و شارستانییەکانی ئەمڕۆی ئێمە، نەبووە. هەر بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆ قانوونە مەدەنی و زانستییەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی هەموو تاکەکانەوە هەیە، لە ڕابردووشدا، قانوونە مەزهەبییەکان، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەژیانی هەموو خەڵکەوە هەبووە. خەڵك بێ قانوونە مەزهەبییەکان نەیاندەتوانی بژین. هەربەوشێوەیەی کە ئێمە لەرۆژگاری ئێستادا بەبێ قانوونە مەدەنی و زانستی و مەزهەبییەکان، ناتوانین بژین.

کاتێك ئێمە دەسکی تەلەفۆنەکەمان هەڵدەگرین و ژمارەیەك لێدەدەین، تا ئەوکاتەی ئاخاوتنی ئێمە لەگەڵ بەرامبەرەکەماندا کۆتایی دێ، پەیڕەویی لە دە قانوونی زانستی دەکەین. کاتێك لەپشت سوکانی ئوتۆمبیلەکەی خۆمان دادەنیشین، یان سواری فرۆکە دەبین، تا ئەوکاتەی دەگەینە جێگای مەبەست، پەیڕەویی لە دەیان قانوونی زانستی و مەدەنی و کۆمەڵایەتی دەکەین.

لەکۆندا، هەموو ئەم قانوونانە دەکەوتنە نێو چوارچێوەی قانوونە مەزهەبییەکانەوە و خەڵك، لەو کاتەوە کە لەخەو هەڵدەستان، تا ئەوکاتەی کە دەخەوتن، لەهەموو کاروبارەکانی خۆیاندا، هەر لە ڕێگارۆیشتن و خواردن و دان و ستاندن، پەیڕەوییان لە قانوونە مەزهەبییەکان دەکرد.

زانستی پزیشکیش لەسەرەتادا، پاژێك بوو لە مەزهەب و پاشان، لەمیسر و بابل و ئێران لەمەزهەب جیابۆوە.

لە بابل، تاماوەیەکی درێژ، هەموو پزیشك و برینپێچانی نەخۆشخانەکان، کاهین بوون، مانای لە ڕوحانییەکان بوون. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەورووپا، هەمووکارمەندانی نەخۆشخانەکان کراسی ڕوحانییەکانیان لەبەردابوو.

پزیشکانی میسر، کە نەشتەرگەری لێهاتوو بوون، بۆهەرکام لە ئەندامەکانی بەدەن، خوایەکیان لەبەرچاو دەگرت. لەوێ مەزهەب بە جۆرێك لەگەڵ زانستی پزیشکیدا بەیەکدا چووبوون، کەنەدەشیا لە یەکتری جیا بکرێنەوە. لەبەرئەوەی لێهاتوویی پزیشکانی میسر تەنیا

لەبواری بەدەن هەڵدڕین دا بەکارهات، لەبواری گیاناسیدا، مانای لە بارەی تایبەتمەندیی گیاکانەوە، زانیاریی زۆریان نەبوو. وەرگرتن و هەڵێنجانی تایبەتمەندیی دەرمانیی گیاکان لەمیسر، تەنیا لەسەر ئەوکاتە قەتیس بوو کە لەکاتی مۆمیایی کردنی بەدەنی مرۆڤدا سوودی لێ وەردەگیرا.

پزیشکانی میسر، دەیانزانی کام گیایە دەبێتە بەربەست لەبەردەم داڕزانی ماسولکەکانی مردوو، بەڵام نەیاندەزانی کام گیایە ئازاری ژانە سەر ناهێڵێ.

ئەمڕۆ کە دەبیستین پزیشکانی میسر لە کۆندا بۆ نەهێشتنی ئازاری ژانەسەر، کەللەسەری نەخۆشیان کون دەکرد تا ئەو هەڵمەی، کە لە نێو سەردا کۆبۆتەوە و بۆتە بایسی ژانەسەر، بێتەدەرەوە، زۆر سەرسام دەبین و لە خۆمان دەپرسین کە ئایا پزیشکانی میسر، کە ناوبانگی ئەوان، لەجیهانی ئەو رۆژگارەدا، دەنگی دابۆوە تێنەدەگەیشتن کە بە کەمێك ئاوی کوڵاوی (گوڵی زمانی خەسوو)، یان کەمێك ئاوی گوشراوی ((بی)) دەتوانرێ ژانەسەر، نەهێڵرێ.

هۆیەکەی ئەوەبوو کە پزیشکانی میسر، بە نەشتەرگەر دەژمێردران و چارەسەری هەرنەخۆشییەکیان لەرێگەی نەشتەرگەرییەوە، دەکرد.

بەڵام لەبابل و ئێران، نەشتەرگەریی باو نەبوو. پزیشکانی بابل و ئێران، نەخۆشییەکانیان، بە رێگەی دەرمان، مانای ئاوی گیاکان چارەسەر دەکرد و لەم رێگەیەدا ئەوەندە پێشکەوتن کە تایبەتمەندی هەموو گیاکانیان دەزانی. ئەمڕۆش بەشێکی زۆر لەو گیایانەی کە لەبواری پزیشکیدا سوودی لێوەردەگیرێ، لەسەرچاوەیەکی گیاییە. ئەو دەرمانانەی کە سەرچاوەیەکی گیاییان نییە، دەرمانێکن کە پزیشکەکان بەپارێزەوە بۆ نەخۆشییەکانی وەسف دەکەن، چونکە دەزانن کە کاردانەوەی ئەرێنی لە نەخۆشەکەدا پێکدەهێنێ. بەڵام ئەو دەرمانەی کە سەرچاوەیەکی گیایی هەیە، کە لەوانەیە ئەمڕۆ ژمارەیان لە دەهەزار گیا زیاتر بێ، بەدڵنیاییەوە لەلایەن پزیشکەکانەوە دەکرێتە وەسفەی چارەسەر بۆ نەخۆشەکان.

دواجار فیرعەون، بەهۆی ئەو دەرمانەوە کە مووسا بۆی وەسف کردبوو، چاك بۆوە. جا لەبەرئەوەی هەستی کرد کە بانگەشەی مووسا بۆی پەرستنی خوای تاك وتەنیا، لەوانەیە بەرەبەرە ببێتە جێگای سەرنجی میسرییەکان. و دەسەڵاتی خوای ئاموون، لە ئەنجامیشدا دەسەڵات و پاشایەتی ئەویش بکەوێتە بەرباری هەڕەشە، بەتایبەتیش کە ژمارەیەك لە میسرییەکان ئیمانیان بە مووسا هێنابوو، کەوتەسەر بیری ئەوەی کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا و ئەوان لەمیسر بڕۆنە دەرەوە. بەڵام بیرێکی سیاسی بووە بەربەستی ئەوە کە فیرعەون،



فەرمانی ئازادی قەومی ئیسرائیل دەربکا. ئەو بەربەستەش ئەوەبوو بیری کردەوە کە مووسا، کە دەزانێ ناتوانێ لە وڵاتی میسر بەتەختی پاشایەتی بگا، مەبەستی ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل لە بیابانەوە تێپەڕێنێ تا لە پەنای میسر، پاشایەتییەك دابمەزرێنی و بۆ خۆی ببێتە پاشا.

فیرعەون باوەڕی بەقسەکانی مووسا، لەمەڕ ئەوەی کە یاهوو فەرمانی بەوداوە کە قەومی ئیسرائیل لە میسر بباتە دەرەوە و بیانباتە بیابان تا لەوێ خەریکی خواپەرستی بن، نەدەهات. لایەنی روحی و جۆری بیرکردنەوەی وی بەجۆرێك بوو کە نەیدەتوانی ئەو قسانە قبوڵ بکا.

ئەو، وای بیر کردەوە کە مووسا پیاوێکی جادووگەرە و لەهەمان کاتدا پایەخوازە و دەیەوێ قەومی ئیسرائیل لەمیسر بباتەدەرەوە تا لە تەنیشت میسر، پاشایەتییەکی سەربەخۆ دابمەزرێنێ و ئینجا هەرکە ژمارەی کەسانی قەومەکەی زیادبوو، دەردەسەریی بۆ میسر پێکدەهێنێ.

بیری سیاسی فیرعەون، راست بوو و مووسا، بەو جۆرەی کە رووداوەکانی پاشان نیشانیدا هەمان مەبەستی هەبوو. لەدواییدا کە ژمارەی کەسانی قەومی ئیسرائیل زیاد بوو، هێرشیان بردە سەر وڵاتانی تر، مانای کەسانێك کە دوای وی بوونە خاوەن دەسەڵاتی قەومی ئیسرائیل، هێرشیان بردە سەر وڵاتانی تر.

فیرعەونی میسر، یەکەمین جار کە مووسای بینی و گوێی لەخۆی بوو کە دەیەوێ قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا — هەروەکو گوتمان — مەبەستی بوو کە ئەو بکوژێ — بەڵام لە چاوەکانی ترسا و خۆی لە کوشتنی مووسا و نوونی غولامی بوارد. دوای ئەوەی کە مووسا بەکارە سنوورشکێنییەکانی خۆی فیرعەونی ترساند، فیرعەون تێگەیشت کە ناتوانێ دەرەقەتی مووسا بێ. ئەوەبوو بەرنامەی دانا کە کە لەگەڵیدا وەخت بەرێتە سەر بەو ئومێدەی کەلە رێگای وەخت بەسەر بردنەوە، مووسا تاقەتی تێدا نەمێنێ و واز لەمەسەلەی ئازاد کردنی قەومی ئیسرائیل بهێنێ. لەبەر ئەوەی هەروەکو گوتمان فیرعەون باوەڕی بەوە نەدەهات کە مووسا دەیگوت لەلایەن خواوە پەیامی هێناوە، راست دەکا.

بیری فیرعەون بەجۆرێك بوو کە نەیدەتوانی ئەوەقبووڵ بکا کە مووسا لەگوتەی خۆیدا راستگۆیە.

ئەو وای بیرکردەوە کە مووسا مەبەست و مەرامی پاشایەتی هەیە و دەیەوێ قەومی خۆی لەمیسر بباتە دەرێ تا لەبیابان نیشتەجێیان بکا و پاشان دەردەسەری و کێشمە بۆ پاشایەتییەکەی وی پەیدا دەبێ.

جگە لەمەش، فیرعەون بیری دەکردەوە کە ئازادکردنی دەستەیەك لە کۆیلەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کۆیلەکانی تریش داوای ئازادی بکەن. چونکە کۆیلەکانی میسر تەنیا بریتی نەبوون لە قەومی ئیسرائیل. لەمیسر، کۆیلەی تریش هەبوون کە کاریان بۆ ئاموون یان بۆ فیرعەون دەکرد. ئەگەر کۆیلە ئیسرائیلییەکان ئازاد بوونایە کۆیلەکانی تریش داوای ئازاد بوونیان دەکرد. ئەگەر رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی ئەوانیش نەدرایە، شۆڕشیان بەرپادەکرد. بەڵام مووسا لەهات و چۆکردنی فیرعەون شەکەت و ماندوو نەدەبوو و داوای لێدەکرد کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا تا بتوانن بچنە بیابان لەوێ خواپەرستی بکەن.

رۆژێك فیرعەون لەمووسای پرسی: ئایا قەومی ئیسرائیل ناتوانێ هەرلەم وڵاتەدا خواپەرستی بۆ خوای خۆی بکا؟

مووسا گوتی: نا، لەبەر ئەوەی کە فەرمانی خوای من، یاهوو، ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل لەم وڵاتە بچێتە دەرەوە و لەدەرەوەی میسر یاهوو بپەرستن.

فیرعەون، ئەمجارەش نەیتوانی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل ، رەزامەندی بدا و سەرەڕای هۆیەکانی سەرەوە، هۆکارێکی تریش بەربەستی ئەوە بوو کە ئەو قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا کە ئەویش بریتی بوو لە هەستی خۆخوازی و بەرزەفڕی.

فیرعەون نەیدەتوانی شوورەیی تەسلیم بوون لەبەرامبەر کۆیلەیەکی ئیسرائیلیدا بخاتەسەر شانی خۆی. تەنانەت ئەگەر فیرعەون وای بیرکردبایەوە کە مووسا لەلایەن خواوە قسەدەکا و مەبەستی ئەوەنییە لەبیابان پاشایەتی بکا، دیسانەوە نەیدەتوانی لەبەرامبەر ویدا تەسلیم ببێ.

لەبەر ئەوەی خوای مووسا (ئەگەر قبوڵی بکردایە کە مووسا خوای هەیە)، لە روانگەی ئەو، شێوە و سیمای نەبوو و کاتێك خوای مووسای لەبەرامبەر خوای گەورە و بەتەمەنی میسر، بەناوی ئاموون، بەراورد دەکرد، دەیبینی کە خوای میسر هەزاران جار لە خوای مووسا گەورەترە.

ئەو، ئاموونی بەخوایەك دەبینی کە خاوەنی وڵاتێکی وەکو میسر و خاوەنی پەرستگای گەورە و موڵکی زۆری لەقەبەڵنراو و سەدەها هەزار گا و مەڕە کە لە لەوەڕگاکانی ئامووندا دەلەوەڕێن.

ئاموون، لەبەرچاوی فیرعەون مەنەفتە، ئەوەندە گەورە خۆی دەنواند کە نەیدەتوانی گریمانەی شتێکی لەو گەورەتر بکا.



دەیان هەزار کاهین، هەموو رۆژێ، لەبەرامبەر ئاموون دوعایان دەکرد. هەمیشە ناوی ئەویان بەسەر زمانەوە بوو. باوەڕ بە ئاموون لەوڵاتی میسر، ئەوەندە کۆن بوو کە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بڵێ یەکەمین جار، لە چ مێژوویەکەوە میسرییەکان بوون بە ئاموون پەرستی خوای گەورە. بەڵام خوای مووسا، لەبەرچاوی فیرعەونی میسر، خوایەك بوو تازەکار و بێ جل و بەرگ و بێ ئەنوا، بێ پەرستگا و بێ موڵکی لەقەبەڵنراو، بێ گاو بێ مەڕ و کاهین. ئەو، مانای مەنەفتە، چۆن دەیتوانی خوای خۆی تەسلیمی خوای تازەکاری مووسا بکا؟!

هیچ کەسێك لە پەیڕەوانی مەزهەبی یەکتاپەرستی، ناتوانێ ئەم بابەتە قبوڵ بکا و باوەڕی وایە کە دەبووایە فیرعەون تەسلیم بووایە. بەڵام ئەگەر ئەم مەسەلەیە لەروانگەی فیرعەونەوە، مانای پاشای خاوەن زۆروزەبری ئەو رۆژگارەی میسر، بخەیە ژێر باری سەرنجەوە، تێدەگەین کە فیرعەون نەیتوانیوە خوای خۆی تەسلیم بەخوای مووسا بکا.

فیرعەون، خوای مووسای بەخوایەکی گومناو دەزانی. چونکە تا ئەورۆژەی ناوی (یاهوو)ی لەزمانی مووساوە گوێ لێ نەبوو بوو، نەیبیستبوو کە خوایەك بەناوی یاهوو بوونی هەیە.

ئەو وای وێنا دەکرد کە خوایەك، کاتێك مۆڵەتی ئەوەی هەیە بانگەشەی خوایەتی بکا کە پێشینەیەکی هەبێ. و خەڵك ئەویان بەناونیشانی خواناسیبێ. خوایەکی تازەبابەت، کە هێشتا خەڵك ناوەکەشی فێرنەبووە، مافی ئەوەی نییە بڵێ کە خوایانی میسر دەبێ ملکەچی ئەوبن!

فیرعەون، جارێکی تریش پەنای بۆ وەخت بەسەر بردن برد. مووساش داوای لەخوای خۆی کرد کە بەڵایەکی دیکە بۆ دانیشتووانی میسر بنێرێ. ئەمجارەیان گیانلەبەرە ماڵییەکانی خەڵکی میسر، بەتایبەتی گا و مەڕ و وڵاخ و ئەسپ، دووچاری بەڵای نەخۆشی بوون و هەموو رۆژێ ژمارەیەکیان لێ دەمردن.

ئەمڕۆ، رەخنە لەوەدەگیرێ کە بۆچی مووسا داوای لە یاهوو کرد بەڵا بۆ دانیشتووانی میسر بنێرێ و بۆچی داوای نەکرد بەڵا بۆ فیرعەون بنێرێ.

رەخنەگران دەڵێن دانیشتووانی میسر گوناهیان نەبوو تا مووسا داوا بکا بەڵایان بۆ بێتە خوارێ، بەڵکو فیرعەون گوناهبار بوو و دەبووایە ئەو تووشی بەڵا ببووایە.

دانیشتووانی میسر نەیاندەتوانی قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەن. تەنیا فیرعەون خاوەنی ئەو دەسەڵاتە بوو و نەدەبووایە دانیشتووانی میسر باجی گوناهەکانی فیرعەون بدەن.

روحانییە ئاخێوەرییەکان لەو قۆناغەدا دەڵێن کە دابەزینی بەڵا بۆ دانیشتووانی میسر، دیاردەیەکی زاڵمانە نەبوو، چونکە ئەوانیش وەکو فیرعەون، بت پەرست و (موشریك) بوون و جۆرەها خوایان لە شێوەی بت دەپەرست.

ئەم قسەیە راستە، بەڵام هەرجارێك کە لەسەر داخوازی مووسا، بەڵا، لەلایەن یاهوو، بۆسەر خەڵکی میسر دەهاتە خوارێ، فیرعەون نارەحەت نەدەبوو، تەنانەت ئەوکاتەی شەتی نیل بووبەخوێن، فیرعەون بەتینوێتی نەمایەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە فیرعەون گوناهبار بوو، هەر جارێك کە مووسا داوای لە یاهوو دەکرد کەبەڵا بنێرێتە خوارەوە، ئەو بەڵایە بۆ سەر خەڵکی میسر دەهاتە خوارێ نەك بۆ سەر فیرعەون[٢٤]. جگە لەمەش خەڵکی میسر لەهەموو چاخەکاندا، پەیڕەوی ئایینی پاشاکانی خۆیان بوون، چونکە فیرعەونیان بەخوا دەزانی.

هەرکام لە پاشایانی میسر، خۆشەویستی خۆی بۆ یەکێك لەخواکان، زیاتر لەهەر خوایەکی دیکە دەردەبڕی بێ ئەوەی کە نکوولّی لەخوای خۆیان ئاموون بکا.

ئێستاش لە دنیای مەسیحیەت هەر یەکێك لەخاوەن ئیمانان دڵسۆزییان بۆ یەکێك لە ئەولیای ئایینی مەسیح وەك لەوانی تر زیاتر هەیە، بێ ئەوەی نکوولّیی لەوانی تربکەن.

هەر کاتێك فیرعەنی میسر، دڵسۆزیی بۆ یەکێ لەخواکان زیاتر دەردەخست، هەموو میسرییەکان دەبوونە لایەنگری ئەوخوایە.

رۆژێك کە فیرعەون ئاموون هوتپی چوارەم بوو بە لایەنگری ئاتوون، میسرییەکان ئایینی ئاتوونیان قبوڵ کرد. کاتێك فیرعەونەکانی میسر گەڕانەوە بۆ خوای پێشوو ئاموون، میسرییەکانیش ئایینی خۆیان گۆڕی و خوای پێشوویان پەرست.

---

(٢٤) ئەمەش بۆخۆی باوەڕێکە، بەڵام کەسێکی خاوەن ئیمانی یەکتا پەرست بەم جۆرە بیرناکاتەوە چونکە ئیمانی هەیە: ان الله لایظلم الناس شیئاً ولکن الناس أنفسهم یظلمون — خوا، هەرگیز زوڵم لەکەس ناکا، بەڵکو خەڵك خۆیان زوڵم لەخۆیان دەکەن (یونس ئایەتی ٤٤) و دەزانێ هیچ کارێکی پەروەردگار بێ حیکمەت نییە. بەڵێ، پەروەردگار، دەیتوانی فیرعەون (و هەموو خاوەن زۆروزەبران و زۆر داران) تەفروتونا بکا، بەڵام ئایا تەفروتونا بوونی ئەوان، دەیتوانی ئەو قەومە نەزان و بێ ئاگایە لە خەوی گرانی چەند هەزار ساڵەیان، وریا بکاتەوە و ئەوان بەرەو ئەو بیرکردنەوەیە ببا کە هۆکاری رۆژڕەشیی چییە؟ (ز-م)



ئەگەر فیرعەون مەنەفتە، ئایینی مووسای قبوڵ بکردایە و ئیمانی بەئایینی یاهوو هێنابایە، هەموو میسرییەکان (هەڵبەت جگە لەکاهینەکان) ئایینی یاهوویان قبوڵ دەکرد.

هۆکاری ئەوەی کە کاهینان بەرهەڵستیان دەکرد، ئەوە بوو کە ئاسوودەیی و خۆشی ئەوان بە پەرستگاکانی ئاموونەوە پەیوەست بوو. ئەگەر فیرعەونی میسر ئایینی یاهووی بپەرستایە، پەرستگاکانی ئاموون، خوای پێشووی میسر، دادەخران و بەرێوەبردنی ئەو موڵکە لەقەبەڵنراوانەی پەرستگاکان، لەدەست کاهینەکان دەچوونە دەرەوە.

جگە لە کاهینان، هەموو دانیشتووانی میسر، ئایینی پاشای خۆیان قبوڵ دەکرد. هەربۆیە بەرپرسیاریی ئەوان لەبەرامبەر مووسادا شتێکی زۆرنەبوو. بەڵام کاتێك کە بەڵا هاتەخوارێ، هەموویانی گرتەوە و رۆژێك خەڵکی میسر، بینییان گیانلەبەرانی ماڵیی، بەتایبەتی چوارپێیکان، نەخۆش دەکەون و دوای دوو سێ رۆژ، مردوون.

لەمیسر، گا و مەڕ و وڵاخ و ئەسپ زۆر هەبوو، بەڵام ئەوگیانلەبەرانە، کۆمەڵ کۆمەڵ، لەئاکامی نەخۆشی لە پەل و پۆ دەکەوتن و پاش دوو یان سێ رۆژ لاشەکەیان لەسەر زەوی دەکەوت.

خەڵکی میسر نوێنەرانی خۆیان لەشار و شارۆکەکانەوە ناردە پایتەخت تا داوای رێگاچارە لە فیرعەون بکەن.

مردنی گا و مەڕ و وڵاخ و ئەسپ لەمیسر، رووداوێکی بێ پێشینە نەبوو، جاری وا هەبوو لە ئاکامی نەخۆشی درم، ئاژەڵەکان دەمردن.

بەڵام هەرگیز وارێك نەکەوتبوو کە گیانلەبەران بەم شێوەیە و بەژمارەی ئاوا زۆر بمرن.

لەمیسر، وەکو وڵاتانی تر، لەو سەردەمەدا، مردنی گیانلەبەرانی ماڵیی، وەکو مردنی مرۆڤەکان، بۆخواکان دەگێڕدرایەوە. خەڵك وایان وێنا دەکرد کە خواکان ویستوویانە گیانلەبەرانی ماڵیی لەناوبچن. لەبەر ئەوەی فیرعەون لەنەژادی خواکان بوو، نوێنەرانی شارو شارۆکەکان چوونە لای ئەو تا داوای لێبکەن لای خواکان دەست پێشکەرییەك بکا و مردنی گیانلەبەرانی ماڵیی رابگرێ.

فیرعەون نەیدەتوانی بە پەیڕەوانی خۆی بڵێ کە مردنی گیانلەبەرانی ماڵیی لە ئەنجامی بەڵایەکەوەیە کە مووسا هێناویەتە خوارێ. بەڵکو پێیگوتن کە بگەڕێنەوە بۆ شار و شارۆکەکانی خۆتان و من دڵنیایتان دەدەمێ کە پێش ئەوەی ئێوە بگەنەوە شار و شارۆکەکانی خۆتان، نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران بوونی نامێنێ.

فیرعەون، چونکە تێگەیشتبوو کە ئەو بەڵایە لەلایەن مووساوە هاتۆتە خوارێ، دەست پێشکەری لای خوایانی میسر سوودێکی نابێ خوایانی میسر، ناتوانن ئەو بەڵایە لەناوبەرن. لەبەر ئەوەش کە مووسا ئەوبەڵایەی هێناوە، دەبێ خودی خۆی ئەوبەڵایە لەناوبەرێ. ئەوەبوو داوای ئامادە بوونی مووسای کرد. مووساش بەیاوەریی نوون چووە ناو کۆشکی پاشایەتییەوە.

پاش چوونە ژوورەوەی مووسا، فیرعەونی میسر، شتێکی بە مووسا گوت کە ڕەخنەگرانی ئەم سەردەمە دەیڵێن و لە سەرەوەباسی لێوەکرا. فیرعەون گوتی: ئەی مووسا تۆ بۆچی بوویە هۆکاری ئەوەی گیانلەبەرانی ماڵیی خەڵکی وڵاتەکەم لەبەین بچن؟

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ بەڵێنت دا کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەی، بەڵام تۆ ئازادت نەکردن.

فیرعەون گوتی: ئایا من ئەم بەڵێنەم بەتۆدا یان شوێنکەوتووانی من؟

مووسا گوتی: تۆ ئەو بەڵێنەت بە من دابوو.

فیرعەون گوتی: ئەی بۆ گیانلەبەرانی شوێنکەوتووانی من دەمرێنی؟

مووسا گوتی: یاهوو خوای من کە بەڵای ناردووە، بێگومان سەرنجی لەوەداوە کە گیانلەبەرانی ماڵیی دانیشتووانی میسر دەمرن.

فیرعەون گوتی: ئەم بەڵایە دووربخەرەوە تاهیچیتر گیانلەبەرانی ماڵیی خەڵك نەمرن و دوای ئەوەی کە بەڵا کۆتایی هات، من قەومی ئیسرائیل ئازاد دەکەم تا لەمیسر بڕۆنە دەرەوە و لەبیابان خەریکی خواپەرستی بن.

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون، تۆ لە ڕابردوودا جارێکیتریش ئەو بەڵێنەت بەمن دا، بەڵام بەڵێنەکەی خۆت جێبەجێ نەکرد.

فیرعەون گوتی: ئەمجارەیان بە بەڵێنەکەم وەفادار دەبم و پاش ئەوەی نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران بەتەواوی نەما، من حوکمی ئازادکردنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەردەکەم و ڕێگا دەدەم لەمیسر بچنە دەرەوە.

مووسا، دوای ئەوەی بەڵێنی لە فیرعەون وەرگرت، لە کۆشکی پاشایەتی چووە دەرەوە و جارێکیتر خۆی گەیاندە جێگایەکی چۆڵ و داوای لە یاهوو کرد کە نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران هەڵبگرێ. هەرکە داواکاری مووسا لەلایەن یاهوو، خوای مووساوە بیسترا، نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران لە ئارادا نەما و ئەوگیانلەبەرانەش کە لەوکاتەدا نەخۆش بوون، چاك بوونەوە.



مووسا، دوای ئەوەی کە داوای لە یاهوو کرد کە بەڵاکە هەڵبگرێ، چووە لای فیرعەون و داوای لێکرد کە قەومی ئیسرائیل ئازادبکا تا لەمیسر بچنە دەرەوە.

فیرعەون گوتی: ئارام بگرە، جارێ دیار نییە ئایا نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران، لەبەین چووە یان نا.

مووسا گوتی: من ئاگادارم کە ئیتر لەم شارەدا هیچ گیانلەبەرێك نەخۆش نابێ و نامرێ.

فیرعەون گوتی: میسر تەنیا بریتی نییە لەم شارە، وڵاتی میسر، لێرەوە تا دەگاتە سەرزەوینی کۆش، بەرفراوانە. لە هەموو ئەو ناوچە بەرفراوانەدا، گیانلەبەران نەخۆش دەکەون و دەمرن. من دەبێ دڵنیابم لەهیچ خاڵێکی میسر، گیانلەبەران نەخۆش ناکەون و نامرن.

مووسا گوتی: چ کاتێك دڵنیا دەبی کە ئیتر لەمیسر، گیانلەبەر نەخۆش نابێ و نامرێ؟

فیرعەون گوتی: تۆ چل ڕۆژ ئارام بگرە و لەو ماوەیەدا، هەواڵی هەموو شاروشارۆکەکانی میسر دەگاتەوە من ئەگەر زانیم لە هەموو جێگایەك نەخۆشی و مردنی گیانلەبەران لە بەین چووە، ئەوا حوکمی ئازادی و چوونە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لەمیسر دەردەکەم.

مووسا کە یەقینی هەبوو لەهەموو جێگایەك نەخۆشی گیانلەبەران لە بەین چووە و ئیتر ئاژەڵەکان نامرن، پێشنیاری فیرعەونی قبوڵ کرد چونکە بەرواڵەت پێشنیارێکی مەنتیقی بوو.

مووسا، چل ڕۆژ دانی بەخۆیدا گرت و پاشان چووە لای فیرعەون و داوای جێبەجێکردنی بەڵێنەکەی لێکرد.

فیرعەون گوتی: هێشتا هەواڵی هەموو ناوچەکانم پێ نەگەیشتووە. من، ئاگام لەوەزعی ناوچەی تاڤگەکانی نیل نییە و نازانم ئاخۆ لەوێ گیانلەبەران هێشتا دەمرن یان نا؟

مووسا گوتی: ئەی فیرعەن، من دڵنیاییت دەدەمێ کە لەهەموو میسر، یەك گیانلەبەری ماڵیی بەهۆی نەخۆشییەوە نامرێ، تەنیا لەوانەیە هێندێك گیانلەبەری ماڵیی بەهۆی پیری بمرن و تۆ دەزانی هەرگیانلەبەرێکی ماڵیی، تەمەنێکی دیاریکراوی هەیە و هەرکە گەیشتە دوایی تەمەنی خۆی، دەمرێ.

فیرعەون گوتی: ئەوە تۆ ئەم قسەیە دەکەی، بەڵام دەبێ بۆمنیش ئیسپات ببێ کە لە میسر هیچ گیانلەبەرێك بەهری نەخۆشییەوە نامرێ. لەبەر ئەوەی لەناوچەی تاڤگەکانی نیلەوە تا ئێرە، ڕێگایەکی زۆر دوورە، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەو ناوچەیەشم پێبگا، تۆ دەبێ چل ڕۆژی تر ئارام بگری.

مووسا، ناچار چل ڕۆژی تر ئارامی گرت. دوای تێپەڕبوونی ئەو چل ڕۆژە، چووە لای فیرعەون و لەوێ گوێی لێبوو کە فیرعەون دیسانەوە دەیەوێ وەخت بەسەربەرێ.

ئینجا مووسا هەڕەشەی هێنانی بەڵای کوولەی لە فیرعەون کرد کە لەمیسر، بەیەکێك لە گەورەترین بەڵاکان دادەنرا.

میسرییەکان، دەیانزانی کە کوولە لە باشووری میسرەوە دێ، و وا ڕێکەتووە کە کوولە، هەرچی شتێکی کەلەوڵاتی میسردا سەوز بووبێ خواردوویەتی و هیچ گیایەکی نەهێشتۆتەوە و تەنانەت گەڵای ڕەق و وشکی دارخورماکانیشی خواردووە.

ئەو ناوچەیەی کە کوولەی بۆ میسر لێوە دەهات، پاش چەند هەزار ساڵ، هێشتا هەر سەرچاوەی کوولەیە. هەموو ئەو کوولانەی کە بەرهەمی کشتوکاڵیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخۆن، لەهەمان ئەو ناوچەیەوە دێن و هێشتا نەیانتوانیوە کە وەچەیان لە ئەفریقا بنەبڕ بکەن تاهیچی تر مەترسی بۆ سەر بەرهەمی کشتوکاڵی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێك نەهێنن.

کوولە، گیان لەبەرێکی خۆرەیە و دەکرێ بگوترێ کە تێرخواردنی نییە. لەرۆژێکدا دەتوانێ پەنجا ئەوەندەی قورسایی خۆی، ئالیك بخوا. دەزگای هەرس کردنی بەخێراییەکی سەرسامهێنەر، خواردن هەرس دەکا و دەری دەکا. هەر بەهۆی ئەو ئێشتیایەوە

کە دامرکانەوەی بۆ نییە، دوای ئەوەی کە ئالیکی وڵاتێك دەخوا، خۆی دەگەیەنێتە وڵاتێکیتر تا لەوێ خۆی تێر بکا.

چەند ساڵێك پێش ئێستا، لە یەکێك لەوڵاتانی ئەمریکای باشوور، بینای بەنداوێك تەواو بوو. دوای ئەوەی کە ئاویان گەیاندە پشتی بەنداوەکە، سەرنجیاندا لەبەر ئەوەی ئاو بۆ سەرەوە بەرز دەبێتەوە و زەوییەکانی دەوروبەر دادەگرێ، ژمارەیەکی زۆر لە گیانلەبەران لەناودەچن. کۆمەڵەی پاراستنی ئاژەڵ لە ئەمریکا، چەند هەیئەتێکی بۆ ئەمریکای باشوور نارد تا هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە کەوتوونەتە بەرهەڕەشەی لەناوچوون، ڕزگار بکەن و بیانگوازنەوە بۆ جێگایەکی تر.

کۆمەڵەی پاراستنی ئاژەڵ لە ئەمریکا، کە ژمارەیەك لە ئەندامەکانی زانایانی گیانلەبەرناسی و ژینگە ناسی و زەوی ناسین، فەرمانیان دا کە هەیئەتەکانی ڕزگارکردنی گیانلەبەران، تەنانەت ماری ژەهراویش، کە پێوەدانی دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ، ڕزگار بکەن. لەبەر ئەوەی ئەو زانایانە کە ئەندامی ئەنجوومەنی پاراستنی ئاژەڵن لە ئەمریکا، باوەڕیان وایە



تەنانەت ماری ژەهرداریش بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە ژیانی گیاندارانی کێوی پێویستە. بەڵام هێشتا زانایەك پەیدانەبووە کە بڵێ بوونی کوولە، بۆ پاراستنی هاوسەنگیی لە سروشت دا، پێویستە.

ئەگەر کوولە، زیندەوەری بخواردایە، بوونی لە سرووشتدا (لەڕووی ژیانی مرۆڤەوە) بەسوودبەخش دەهاتە بەرچاو، بەڵام خواردەمەنی کوولە بریتییە لە ئالیکی سەوز و ئیشتیایەکی زۆری بۆ خواردنی گیا و سەوزایی مەزرا و باخەکان هەیە. ئەگەر لەوەڕگایەکی سرووشتی، لە تەنیشت کێڵگەیەکەوە بووایە، ئەوا وازی لە سەوزایی لەوەڕگا سرووشتییەکە دەهێنا و سەوزایی کێڵگەکەی دەخوارد. لەبەر ئەوەی هیچ سوودێك لەو گیانلەبەرە، نەبۆ مرۆڤ و نەبۆ هیچ گیانلەبەرێکی تر، وەرناگیرێ، زانایان باوەڕیان وایە کە دەبێ وەچەی ئەوگیانلەبەرە قەڵاچۆبکرێ، بەڵام تا ئێستا نەیانتوانیوە وەچەی کوولە لەکانگەکەیدا کە لە ئەفریقایە، لەبەین ببرێ.

سەرەڕای ئەوەی کە بەڵای کوولە لەمیسر، یەکێك بوو لە گەورەترین بەڵاکان، بەڵام فیرعەون لە هەڕەشەی مووسا نەترسا، چونکە وەرزی پایز نزیك دەبۆوە و فیرعەون دەیزانی ئەگەر کوولە لە کۆتایی هاویندا هێرش بهێنێ، هێرشەکە درێژخایەن نابێ و سەرمای وەرزی هاوین کۆتایی دەهات و وەرزی پایز ناچاری دەکا کە بگەڕێتەوە، یان بەهۆی سەرمای وەرزی پایزەوە لەناو دەچێ. وەرزی هێرش کردنی کوولە، پاش تێپەڕینی وەرزی پایز و کاتێکە کە هەوا گەرم دەبێ. ئەوەبوو کە بەمووسای گوت: ئەگەر تۆ بتوانی کوولەش بێنی، ئەمساڵ ناتوانی چونکە وەرزی هاتنی کوولە تێپەڕیوە و بەم زووانە پایز و وەرزی هەڵسانی ڕووباری نیل دێ.

مووسا دوای چوونە دەرەوە لە کۆشکی پاشایەتی، داوای لە یاهوو کرد کە بەڵای کوولە بۆ میسر بهێنێ و زۆری پێنەچوو ئاپۆرای کوولە لە ئاسمان وەدەرکەوت.

کوولە بەجۆرێك ئاسمانی داگرت کە خۆر بەدیارەوە نەما و خەڵکی پایتەختی میسر ناچار بوون بەرۆژی ڕووناك چرا دابگیرسێنن.

خەڵك بۆ بەرەنگاربوونەوەی کوولە، هیچ کەرەسەیەکیان لە بەردەستدا نەبوو. بەچاوی حەسرەت و وەحشەتەوە دەیانبینی کە ئەوگیانلەبەرە خۆرەیە باخەکانیان دەخوا. لەبەر ئەوەی میسرییەکان، بەرهەمی کێڵگەی گەنمەکانیان پێش ئەو مێژووە کۆکردبۆوە و گواستبوویانەوە ئەو ئەمبارانەی کە هەروەکو سایلۆکانی ئەم ڕۆژگارە (جگە لە ئامرازە هونەرییەکان کە لەو ڕۆژگارەدا نەبوون) وابوون و لەوێ دانەوێلە خراپ نەدەبوو. دیارە کە ئەو جۆرە ئەمبارانە، بۆ یەکەمین جار لەمیسر یوسف کوڕی یەعقوب داهێنا.

سەرەڕای ئەوەی بەرهەمی گەنمی میسر لەنێو ئەمبارەکاندا بوو، لەکێڵگەکاندا بەروبوومێك پێدەگەیشت کە بەهایەکی بۆ میسرییەکان هەبوو و کوللەی برسی بەخێرایی سەوزایی ئەو کێڵگانەیان دەخوارد. دەنگی ئالیك خواردن بەجۆرێك دەکەوتە بەرگوێی میسرییەکان هەروەکو هەزارەها ئەسپ، خەریکی ئالیك خواردن بن.

هەرچی سەوزایی کێڵگەکان بوو، بە قورگی کوللەکاندا چووە خوارێ. کوللە برسییەکان گەڵای درەختی هەمووباخەکان و دارخورماکانیان خوارد. ئەمجارەیان زیانی کوللەکان بەرکاهینانی میسر و فیرعەونیش کەوت. چونکە سەوزایی کێڵگە و باخ و دارخومارکانی ئامون و هەموو خواکانی میسر و هەروەها گیاو گوڵی مەزرا و باخ و دارخورماکانی فیرعەونیش بە قورگی کوللەکاندا چووە خوارێ.

سەرمای پاییز هات و کوللە ناچار بوون پاشەکشێ بکەن. ئەوگیانلەبەرە بەهۆی سەرما ئەوەندە زۆریان لێ مردن کە لەمەزرا و باخەکاندا کۆمایی لاشەی کوللە بەجێما. خەڵك لەترسی بۆگەن بوونیان، ناچاربوون لاشەی کوللەکان لە مەزرا و باخەکان کۆبکەنەوە و بە رووباری نیلیان دا بدەن تا ئاو لەگەڵ خۆی بیانبا.

هێرشی کوللە، زۆر توند بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەروبوومی دانەوێڵە و گەنم و جۆی میسر لە ئەمبارەکاندا هەڵگیرابوو، لەڕووی ئازووخەوە، خەڵکی قڕنەکرد. دانیشتوانی میسر، تەنیا لەڕووی بەروبوومی کشتوکاڵیی، لەوەی کە کوللە قوتیان دا و هێندێك بەروبوومی پاییزییەوە، بێبەش بوون. ئەم سەوزانەش شتێکی زۆر نەبوو و مان تا پێنج سەد ساڵ بەر لە هاتنی مەسیح، سەوزەی زۆریان نەبوو، خیار و باینجان لەمیسر دەگمەن هەبوو. دوای ئەوەی ئێرانییەکان میسریان داگیرکرد، جۆرەها سەوزەیان، کە لە ئێران هەبوو لەواش خیار و باینجان، لەڕێگەی ئێرانییانەوە چووە ناومیسر. جوتیارانی میسر، فێربوون ئەو سەوزانە بچێنن.

دوای ئەوەی سەرمای پاییز دەستی پێکرد، مووسا چووەلای فیرعەون تا داوای لێبکا بەڵێنەکەی خۆی جێبەجێ بکا و ڕەزامەندی لەسەر چوونە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لە میسر بدا.

ئەو ڕۆژەی کە مووسا چووە لای فیرعەون، دەستەیەك لە نوێنەرانی خەڵکی شارەکانی میسر لای فیرعەون بوون. هەموویان غەمبار دەهاتنەبەرچاو.

کاتێك هەواڵیان دایە فیرعەون کە مووسا لەگەڵ نوونی برای هاتووە، فیرعەون، مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی پێدان. مووسا پێی نایە تەلاری دیداری گشتی و فیرعەون، ئاماژەی بۆ کرد کە لە تەخت نزیك ببێتەوە. دوای ئەوەی مووسا خۆی لە فیرعەون نزیك کردەوە، مەنەفتە



بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئەی ئەوانەی کە لەشارەکانەوە هاتوون تا داوای ئەوەم لێبکەن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە گەورەیە کە بەئێوەکەوتووە دەست پێشکەرییەك بکەم. ئەو کەسەی کەلەم وەرزەی ئێستادا، کوللەی بۆ میسر هێنا و بووە بایسی ئەوەی کە بەروبوومی مەزراکانی ئێوە لەبەین بچێ، ئەم پیاوەیە(ئاماژەشی بۆ مووسا کرد) و ئەو بەرپرسیاری ئەو زەرەرو زیانەیە کە بەر ئێوە کەوتووە.

نوێنەرانی دانیشتووانی شارەکان، چەند نیگایەکی توورەییان لە مووسا بڕی. نیگای ئەوان پیشانی دەدا کە ئەگەر مووسا لەلای فیرعەون نەبووایە و خۆشیان لەو جێگایە نەبوونایە، پەلاماری مووسایان دەدا و پارچە پارچەیان دەکرد. بەڵام ئەگەر ڕێزی فیرعەون لەوڵاتی میسر، بەوئەندازە زۆرە نەبووایە، ئەوا نوێنەرانی دانیشتووانی شارەکان، نەیاندەتوانی ئاگری رق و کینەی خۆیان دابمرکێنینەوە و مووسا نەکوژن.

مووسا کەتێگەیشت هەموو ئەوانەی کە لەو جێگایە ئامادەن، تینووی خوێنی ئەون، گوتی، من هیچ جۆرە دوژمنایەتییەکم لەگەڵ دانیشتووانی میسر دانییە و من بەمنداڵیی لەم وڵاتە ژیاوم و دەزانم کە جوتیارانی میسر، بە چ کۆڵەمەرگییەك، ژیانی خۆیان لەناخی زەوی دەردێنن. ئەوەی کە بووە هۆکاری ئەوەی کە من داوا لە یاهوو، خوای خۆم بکەم کە کوللە بۆ ئەم وڵاتە بنێرێ ئەوەیە کە فیرعەون بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆی وەفادار نەبوو.

ئەو تا ئێستا چەند جارێك بەڵێنی بە من داوە کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا تا ژن و پیاو و منداڵی ئیسرائیل لەم وڵاتە بچنە دەرەوە و لە بیابان خوای خۆیان بپەرستن. بەڵام فیرعەون بەڵێنەکەی خۆی بەجێ نەهێنا و حوکمی ئازادکردنی قەومی ئیسرائیلی دەرنەکرد کە ئەوڕۆ نەهەر تەنیا پیاوەکان بەڵکو ژنان و منداڵانی ئەوانیش بوونەتە کۆیلە.

فیرعەون گوتی: من ناتوانم حوکمی ئازاد کردنی قەومی ئیسرائیل دەربکەم، چونکە کۆیلە ئیسرائیلییەکان لەم وڵاتەدا، تەنیا پاژێکی کەمن لەکۆیلەکان و زۆرینەیان ئەو کۆیلانەن کە ئیسرائیلی نین. هەرکاتێك من حوکمی ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل دەربکەم، هەموو ئەو کۆیلانەی لەم وڵاتەدان دەڵێن دەبێ ئێمەش ئازادبین، مافی خۆشیانە ئەم داوایە بکەن.

من ئەگەر داخوازییەکەی ئەوان بەجێ بێنم گوزرێکی گەورە بە ئامون و هەموو خواکانی میسر و دەرباری خۆم و نەجیبانی ئەم وڵاتە دەکەوێ. چونکە زۆربەی ئەوانەی کە لە مەزرا و باخ و باخەخورما و مەعدەنەکانی من و شازادەکانی میسر کاردەکەن، کۆیلەن.

من ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل بدەم، دەبێ ڕەزامەندی لەسەد ئازاد کردنی هەموو ئەو کۆیلانە بدەم کە لەمیسر کاردەکەن. گریمان من و شازادەکانی میسر و نەجیبەکانی ئەم وڵاتە توانیمان زەرەر و زیانی ئازادکردنی کریلەکان بخەینە سەر شانی خۆمان، ئەی چ وەڵامی ئاموون و هەموو خواکانی میسر، بدەمەوە؟

ئایا بە ئاموون بڵێم لەبەر ئەوەی کە پیاوێك بەناوی خوای خۆیەوە، داوای ئازادی قەومی ئیسرائیلی دەکرد، تۆم لە هەموو مەزرا و باخ و باخەخورماکان و مەعدەنەکان بێبەش کرد؟

من بەهۆی ئازادکردنی کۆیلەکان، چۆن دەتوانم، کاروبار لەمەزرا و باخ و باخەخورماکانی ئۆزیریس (خوای مردن) رابگرم. لەحاڵێکدا کە بەم زووانە ئەو من دەباتەوە بۆ دنیای ڕۆژئاوا (مانای دەمرم).

ئەگەر پاشایەکی میسر، بتوانێ وەڵامی ئاموون، خوای گەورەی میسریش بداتەوە، ئەوا ناتوانێ وەڵامی ئۆزیریس خوای مردن بداتەوە چونکە لە هەقی خیانەتی من بۆ وی، هیچ پۆزشێك قبوڵ ناکا.

کاتێك فیرعەون ئەم قسانەی گوت، هەموو ئەوانەی کە لەتەلار بوون (جگە لە مووسا و نوون) قسەکەیان سەلماند. ئەم قسانە، لە گوێی ئەواندا وەکو هەقیقەتێکی بێگەرد و بەدەر لەڕاڕایی خۆی دەنواند، چونکە ئەوانە هەموو میسری بوون و باوەڕیان بە ئاموون و ئۆزیریس خوای مردن هەبوو.

مووسا گوتی: ئاموون و ئۆزیریس شتێکن کە ئێوە هێناوتانە ئارا، ئەوانە خوای واقیعی نین. ئەوەی کە ئەوانی هێناوەتە بوون فیکر و دەستی ئێوەیە. ئێوە یەکەمجار بیرتان کردەوە کە خوایەك هەیە بەناوی ئۆزیریس و ئەو خوایە مرۆڤ لەناو دەبا و بە قسەی ئێوە دەیباتە دنیای ڕۆژئاوا.

بەپێی ئەو وێنا کردنەی خۆتان، کۆتەڵێکتان لەو وێنایە داتاشیوە و پاشان بیرتان کردەوە کە لەبەر ئەوەی ئەو خوایە پیاوە، دەبێ ژنی هەبێ و ژنێکتان بۆ ئەو دانا و کۆتەڵی ئەویشتان دروست کرد. پاش ئەوەی وێنای دەیان خواتان لە خەیاڵی خۆتاندا کرد و کۆتەڵتان بۆ هەرکامیان دروست کرد، بیرتان کردەوە کە هەروەکو چۆن میسر یەك پاشای هەیە، خواکانیش دەبێ پاشایەکیان هەبێ. خوایەکتان بەناوی ئاموون لە خەیاڵی خۆتاندا وێناکرد و ئەوتان بەخوای خوایان زانی و کۆتەڵتان بۆ دروست کرد و بەخوای خۆتانتان دانا. لە حاڵێکدا کە هیچ یەکێك لەوانە، کە ئێوە پێتان وایە خوان، خاوەنی دەسەڵاتی خوایی نین. خوای واقیعی خوای



منە کە یاهووە. ئەو پەروەردگاری جیهانە و خاوەن توانای موتڵەقە و ژیان و مردنی هەموو بوونەوەرەکان تەنیا لە دەسەڵاتی ئەودایە.

کاتێك مووسا خواکانی میسری بەهیچ دەردەهێنا نوێنەرانی شارەکانی میسر، کە لە تەلاری دیداری گشتی بوون، سەرەڕای حزووری فیرعەونیش، بەڵام لە رق وتووڕەییدا، دەیان نەڕاند.

ئەوان نەیاندەتوانی تەحەمولی ئەوەبکەن کۆیلەیەکی ئیسرائیلی خواکانی ئەوان بەهیچ دەربهێنێ و بڵێ ئەوان بوونیان نییە و زادەی خەیاڵاتەکانی میسرییەکانن. پاشان، مووسا، بابەتی ئاخاوتنەکەی هێنایەسەر فیرعەون و گوتی: تۆ باوەڕت وایە کە ئاموون، خوای خواکانی ئێوە، خۆرە، و دەڵێی فیرعەون کوڕی خۆرە و بەپێی ئەم خەیاڵە ئەم وێنایە وردە وردە لەخەیاڵی تۆدا پەیدا بووە کە مادام فیرعەون کوڕی خۆرە، کەوابوو ئەو خودی خۆرە.

پاش ئەم وێناکردنە، واتان بیرکردەوە کە لەبەرئەوەی فیرعەون خۆرە، ئەوا فیرعەون هەموو بەرەبەیانێك لەخۆرهەڵاتەوە هەڵدێ و میسر رووناك دەکاتەوە و کاتی خۆرئاوا بوون، لە سوێگەی خۆرئاوا لەبەرچاو ون دەبێ. لە ئەنجامدا تاریکی باڵی خۆی بەسەر میسردا دادەدا. بۆیە ئێوە رووناکی میسر بەهی فیرعەون دەزانن و باوەڕتان وایە کە ئەو لەکاتی ڕۆژدا وڵات رووناك دەکاتەوە و دەبێتە هۆی گەشەکردنی گیا و سەوزاییەکان. پێتان وایە ئەگەر ئەونەبێ میسر بەردەوام تاریك دەبێ، سەوزایی لەم وڵاتەدا نابێ و رووباری نیل لەدەمی پاییزاندا هەڵناستێ. بۆیە ئێوە لەهەمان کاتدا کە باوەڕتان وایە کە ئاموون خواکانی ئێوەیە، باوەڕتان وایە کە خوای خواکان فیرعەونە. بیرناکەنەوە چۆن فیرعەون، کە وەکو هەموو تاکەکانی دیکەی بەشەر دەمرێ، دەتوانێ خوای خواکان بێ؟

ئێوە رامسیسی دووەمتان بەخوای خوایان دەزانی. دوای ئەوەی کە ئەو مرد، ئەم فیرعەونە بەخوای خوایان دەزانن. پاش مردنی ئەم فیرعەونەش، پیاوێك کە لە جێگای ئەم پیاوە دەبێتە فیرعەون، بەخوای خوایانی خۆتانی دەزانن. ئێوە تەنانەت یەکجاریش بیرتان نەکردۆتەوە پیاوێك کە لەڕووی بەدەنەوە وەکو خۆتان وایە و بۆ درێژەدان بەژیان دەبێ خواردن بخوا و ئاوبخواتەوە، چۆن دەکرێ خوای خوایانی ئێوە بێ.

لەوکاتەدا نوێنەرانی شارەکانی میسر کە لەتەلار بوون، نەیانتوانی دان بەخۆیاندابگرن. چونکە مووسا لە حزووری فیرعەون، سووکایەتی بە فیرعەون، کە خوای خواکانی ئەوان بوو، دەکرد.

هەربەوجۆرەی کە مووسا گوتی: میسرییەکان، فیرعەونیان بەخوای خۆیان و خودی ئاموون دەزانی. باوەڕیان وابوو کە هەمووشتێکی میسر لەوییەوەیە. ئەگەر ئەو نەبێ، هیچ شتێك لەمیسر بوونی نابێ. بیریان نەدەکردەوە کە ئەگەر هەمموو شتێکی میسر لە فیرعەونەوەیە، ئەی بۆچی کاتێك کە فیرعەون دەمرێ، لەوەزعی میسردا گۆڕانێك ڕووناد و خۆر هەروەکو جاران هەرهەڵدێ و میسر رووناك دەکاتەوە و ئاوی رووباری نیل نابڕێ.

نوێنەرانی شارەکانی میسر، کە لەتەلاربوون، لەناکاو هێرشیان بردە سەر مووسا تا بیکوژن.

مووسا پێشبینی هێرشی ئەوانی دەکرد، چونکە دەیزانی میسرییەکان، تەحەمولی بیستنی ئەوقسانە بەتایبەتیش لە حزوری فیرعەوندا، ناکەن. هەرکە میسرییەکان هێرشیان هێنا، مووسا، وەکازەکەی خۆی بەنیەتی ئەوەی ببێتە مار، فڕێدایە سەر زەوی و ئەو وەکازە، دەسبەجێ، بوو بەمارێکی ترسناك و هێرشی بۆ میسرییەکان برد.

هێندێك لە ریوایەتخوێنان لەوباوەڕەدان کە ئەو گیانلەبەرە بە چەند کەسێکی میسرییەوە داو هاواریان لێ بەرز بۆوە. هێندێکی تر دەڵێن کە گانلەبەرەکە بە کەسییەوەنەدا بەڵکو میسرییەکان بەبینینی ئەومارە ترسیان لێ نیشت و کشانەوە دواوە. دەستەکەی تر لەریوایەتخوێنان دەڵێن مار ناتوانێ چەندجارێك لەسەریەك بەمرۆڤ یان گانلەبەرەوە بدا ئەگەر ژەهرەکەی دروست نەکاتەوە، چونکە ژەهری مار، لەپێوەدانی یەکەم و دووەمدا تەواو دەبێ، و پێویستە چەند کاتژمێریك تێیپەڕێ، تا بڕێك ژەهر کۆدەبێتەوە و مارەکە بتوانێ ژەهرەکەی بخاتە بەدەنی ئەو گیانلەبەرەوە کە پێوەی دەدا.

ریوایەتخوێنانی دەستەی یەکەم دەڵێن ئەو دەسەڵاتەی کە داری کرد بەمار، توانیویەتی ئەو مارە بە جۆرێك بەهێز بکا کە بتوانێ چەندین جار لەسەر یەك پێوەبدا و هەر جارەش ژەهری خۆی بخاتە ناو لەشی ئەوگیانلەبەرەوە.

بەهەرحاڵ، میسرییەکان، لەترسی مار کشانەوە دواوە. کاتێك مووسا زانی کە مەترسی دووبارە هێرش هێنانەوەی ئەوان لە ئارادا نییە، بەرەو لای مارەکە چوو و چەمایەوە و کلکی مارەکەی گرت و گیانلەبەرەکە بوەوە بەدار.

ئیتر بێدەنگی باڵی بەسەر تەلاردا کێشاو نە فیرعەون قسەی کرد و نە مووسا هیچی گوت.

نوێنەرانی شارەکانی میسر، کە هاتبوون تا داوای قەرەبووی ئەو زەرەروزیانەی بەڵای کوللە بکەن، ئەوانیش بێدەنگ بوون و قسەیان نەکرد. تا ئەوەبوو مووسا هاتەقسە و گوتی: ئەی



فیرعەون، من هاتووم تا داوات لێبکەم کە بەڵێنەکەی خۆت جێبەجێ بکەی و قەومی ئیسرائیل ئازادبکەی تا لە میسر بچنە دەرەوە و لە بیابان خەریکی خواپەرستی خوای خۆیان بن.

فیرعەون گوتی: لەبارەی ئەم بابەتەوە بە ئەندازەی پێویست دان و ستاندن کرا، من حەزناکەم دووبارە لەمبارەیەوە دان و ستاندن بکرێ. بەڵام لە بارەی تۆوە دەبێ بڵێم کە پاش ئەوەی لێرە دەچییە دەرەوە هەوڵ بدە قەت چاوم پێت نەکەوێتەوە.

من تا ئەمڕۆ، تۆم بە پیاوێکی جادووگەر دەزانی بەڵام بە پیاوێکی بێ ئەدەبم نەدەزانی، بەڵام ئەمڕۆ بۆم دەرکەوت کە تۆ جیا لەو جادووگەرانەی کە لە دەرباری من دەبینرێن، ئەدەب نواندن لە بەرچاو ناگری و لە بەرەوڕووی خۆم، سووکایەتیم پێ دەکەی و جنێو دەدەی و من ناتوانم پیاوێك ببینم کە جنێوی بە من داوە، هەرکاتێك جارێکی تر بتبینمەوە فەرمان دەدەم سەرت لە لەشت جیابکەنەوە.

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون ، ئەگەر تا ئێستا چەندین جار منت دیوە هاتوومەتە لات و داوام لێکردووی کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەی تا لەم وڵاتە بچنە دەرەوە، ئەوا لەسەر فەرمانی یاهوو خوای من بووە، ئەو بە منی گوت کە بێمە لای تۆ و داوات لێبکەم کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکەی و لەم وڵاتە بچنە دەرەوە، ئەگینا من هیچ کارێکم بە تۆ نییە تا بێمە لات، لە داهاتووشدا قەت نایەمەوە بۆ لای تۆ.

مووسا ئیتر پێی نەنایەوە ناو کۆشکی پاشایەتی پایتەختی میسر و نوون پێی گوت: ئەی گەورەی من، تۆ کە هیچی تر ناچیتە لای فیرعەون، چۆن قەومی ئیسرائیل لەدیلی رزگار دەکەی؟

مووسا گوتی: من دوایین قسەی خۆم بە فیرعەون گوت، و ئیتر لەمەودوا، شەڕ لە نێوان من و ئەودا دەست پێدەکا.

نوون گوتی: پیاوانی قەومی ئیسرائیل هەموویان کۆیلەی فیرعەون، تۆ ناتوانی شمشێر و نێزەیان بدەیە دەست تابتوانی لەگەڵ فیرعەون شەڕ بکەی.

مووسا گوتی: جەنگی من لەگەڵ فیرعەون، بە جۆرێکی ترە و من داوا لە یاهوو دەکەم کە بەڵا بێنێتە خوارێ.

نوون گوتی: کەوابوو داوا لە یاهوو بکە دەست بەجێ بەڵا بێنێتە خوارێ.

مووسا گوتی: من سەرنجم داوە ئەو بەڵایانەی کە تائەمڕۆ لەلایەن (یاهوو)ەوە هاتۆتە خوارێ، ئازاری تەنیا بە خەڵکی میسر گەیاندووە و فیرعەون هیچ ئازارێکی پێ نەگەیشتووە.

هەرچەندە بە هۆی بەڵای کوللەوە، فیرعەون زەرەمەند بوو، بەڵام ئەم زەرەروزیانە بۆ پیاوێکی دەوڵەمەندی وەکو فیرعەون بایەخێکی نییە.

ئەو، ئەوەندە موڵك و داهاتی هەیە، کە داهاتی تەنیا یەك ڕۆژی وی بەسە تاقەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە پێی کەوتووە.

نوون گوتی: ئێستا دەتەوێ چ بکەی و چۆن فیرعەون ناچاردەکەی ڕەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل بدا؟

مووسا گوتی: نیازم وایە داوا لە یاهوو بکەم بەڵایەك بێنێتە خوارێ کە تەنیا فیرعەون تووشی ئازار و زەبرخواردن بێ و خەڵکی میسر، دووچاری زەبروئازار خواردن نەبن.

نوون گوتی: بیرێکی باشت کردۆتەوە. داوا لە یاهوو بکە کە فیرعەون دووچاری جۆرەها نەخۆشی بکا.

مووسا گوتی: ئەو ئێستا دووچاری چەندەها نەخۆشی بووە، یەکێك لە نەخۆشیەکانی وی من چارەسەرم کردووە.

نوون گوتی: داوا لە یاهوو بکە کە نەخۆشی نوێ تووشی فیرعەون بکا، و بە جۆرێك بێتاقەتی بکا و تووشی ئازاری بکا بزانێ کە پێویستە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا.

مووسا گوتی: ئەگەر من داوا لە یاهوو بکەم کە نەخۆشی نوێ تووشی فیرعەون بکا، ئەو تێناگا کە ئەونەخۆشییانە لەلایەن خواوە تووشی وی بووە.

نوون گوتی: تۆ پێی بڵێ کە ئەم نەخۆشییانە سزای خواوەندە و بۆ ئەوەی لەو نەخۆشییانە چاك ببێتەوە، دەبێ قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا.

مووسا گوتی: ئەی گوێت لێنەبوو ئەمڕۆ کاتێك لە کۆشك هاتمە دەرەوە، بەفیرعەونم گوت کە ئیتر جارێکی تر چاوم بەو ناکەوێتەوە، هەروەها ئەویش هەڕەشەی لە من کرد کە ئەگەر جارێکی تر چاوی بە من بکەوێتەوە دەمکوژێ؟

من لەهەڕەشەی فیرعەون ناترسم و دەزانم کە یاهوو من دەپارێزێ و ناهێڵێ کە فیرعەون بمکوژێ یاخوود بەڕێگەیەکی تر ئازارم پێ بگەیەنێ، بەڵام من گووتوومە کە جارێکی تر ناچمەوە لای فیرعەون و هەرکاتێك بچمەوە لای ئەو، سەرەڕای ئەوەی کە قسەی خۆم خواردۆتەوە، لە بەرچاوی فیرعەونیش بە پیاوێکی لاواز دێمە بەرچاو.



ئەو هەر کە چاوی بە من کەوت، واوێنا دەکا من هاتووم تالێی بپاڕێمەوە کە قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا، لە حاڵێکدا من نامەوێ بەڕێگەی پاڕانەوە، کەرەسەی رزگارکردنی قەومی خۆمان فەراهەم بکەم.

نوون گوتی: ئەگەر تۆ بەڵێنت داوە کە ئیتر نەچیتە لای فیرعەون و قسەی لەگەڵدا نەکەی، ئەوا من ئەم بەڵێنەم نەداوە و دوای ئەوەی کە فیرعەون، تووشی نەخۆشی نوێ بوو، من دەتوانم بچمە لای و پێی بڵێم کە ئەو نەخۆشیانە، ئازاری یاهووە و ئەگەر دەیەوێ لەو ئازارە رزگاری بێ، دەبێ قەومی ئیسرائیل ئازاد بکا.

مووسا گوتی: فیرعەون لە تۆ ناترسێ لە حاڵێکدا کە ترسی لە من هەیە و ئەگەر تۆ بچیتە لای و ئەم قسەیەی پێ بڵێی فەرمان دەدا بتکوژن.

نوون گوتی: تۆ داوا لە یاهوو بکە کە بمپارێزی و دوای ئەوەی کە بەفیرعەونم گوت کە ئەو دووچاری ئازاری خواوەند بووە، نەمکوژێ.

مووسا رازی بوو و گوتی: من خۆم دەگەیەنمە گۆشەیەکی چۆڵ و داوا لە یاهوو دەکەم کە یەکەمجار فیرعەون تووشی نەخۆشییەکی ئەوەندە سەخت بکا کە لەتاو ئێش و ئازار بەدەوری خۆیدا خول بخواتەوە و هەروەها داوای لێدەکەم کە کاتێك چوویە لای فیرعەون و قسەت لەگەڵدا کرد، نەتوانێ لەناوت بەرێ یان بتخاتە زیندانەوە.

نوون گوتی: من یەقینم ئەمجارەیان فیرعەون ناچار دەبێ قەومی ئیسرائیل ئازادبکا، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێ بەرگەی ئازاری سەخت بگرێ. سەرڕاست ترین کەس، بەهۆی ئازارێکی سەخت و درێژەوە لە پەل و پۆ دەکەوێ تا بەوە رادەگا تووشی چەند دەردو نەخۆشییەك ببێ.

مووسا گوتی: منیش هەمان باوەڕی تۆم هەیە، پێم وایە ئەمجارەیان سەرکەوتنمان کارێکی مسۆگەرە. فیرعەون بۆ ئەوەی لەو نەخۆشییانە رزگاری ببێ، ناچار دەبێ قەومی ئێمە ئازاد بکا. دەبێ ئێمەش هەر لە ئێستاوە لەبیری بەڕێوەبردنی ئەو قەومەدا بین.

نوون گوتی: قەومی ئێمە تا ئێستا رووبەڕووی سەخت ترین ژیان بۆتەوە، کەسانی قەومی ئێمە ئەوەندە رەنجیان کێشاوە کە جگە لەوەی سکی خۆیان تێربکەن، بیرێکی تریان نییە و کاتێك خۆر ئاوابوو، بتوانێ لە جێگایەك پێی خۆی درێژ بکا و بخەوێ.

جێگیرکردنی فیکری باوەڕهێنان بە یاهوو لە نێومێشکی کەسانی قەومێکی ئاوادا، کارێکە پێویستی بە مشوورخواردن هەیە.

نوون گوتی: دەتەوێ چ جۆرە بەرنامەیەك جێبەجێ بکەی؟

مووسا گوتی: دەبێ چەند ڕێورەسم و تەشریفاتێك بۆ قەومی خۆمان دابنێین کە ئەوان هەموو ڕۆژێك ناچاربن ئەو ڕێ ورەسمانە بەجێ بێنن و کار بەو تەشریفاتانە بکەن تاکو باوەڕهێنان بە یاهوو ببێتە پاژێك لەناخی ئەوان و بزانن، کە تەنیا یاهوو، خوای بە توانا و نەبینراوی ئەوانە و جگە لەو خوایەکی تر بوونی نییە. ئەوەی کە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە میسرییەکان، باوەڕ بە خوایانی ئەم ولاّتە و بەتایبەتی ئاموون بهێنێ، ئەو تەشریفاتەیە کە کاهینان دروستیان کردووە. ئەو ڕێورەسم و تەشریفاتە کارێکی کردووە کە خەڵکی ئێرە تەنانەت باوەڕ بەچەندین خواوەندی خەیاڵی بهێنن. ئێمەش دەتوانین بەڕێگەی ڕێورەسم و تەشریفاتگەلێکەوە، وا لە پیاو و ژنی قەومی ئیسرائیل بکەین کە باوەڕ بەخوای تاك و نەبینراو بهێنن.

نوون گوتی: ئەو ڕێورەسم و تەشریفاتەی تۆ بۆ قەومی ئێمەت لەبەر چاوگرتووە، ئایا پێویستی بە مەسرەفێکیشە یان بێ مەسرەف بەڕێوە دەچێ؟

مووساگوتی: پێویستی بە مەسرەف هەیە.

نوون گوتی: هەموو کەسانی قەومی ئێمە هەژارن. هیچ یەکێکیان توانای ئەوەی نییە لە خۆراك و پۆشاکێك کە لەبەری دەکەن، زیاتر دابین بکا.

ئەوان ناتوانن مەسرەفی گرانی ڕێ ورەسم و تەشریفاتی مەزهەبیی بخەنە سەرشانیان. ئەگەر تۆ بتەوێ ڕێ وەرسم و تەشریفات، هەروەکو ڕێ وەرسمی مەزهەبیی میسرییەکان، دابنێی، ئەوا ناچێتە واری جێبەجێ کردنەوە.

پەرستگاکانی میسر بە ڕادەیەك دەوڵەمەندن کە دەتوانن گۆڕاییی پەرستگا لە جیاتی بەرد بەخشتی زێڕ فەرش بکەن. داهاتی موڵکەکانی پەرستگاکانی میسر ئەوەند زۆرە کە هەر چەندێکی بۆ کاروباری تەشریفات لێ خەرج بکەن، دووچاری ناڕەحەتی نابن. بەڵام ئەگەر دارایی هەموو قەومی ئێمە بخەیە سەریەك ناکاتە پێنج ئەڵقەی زێڕ. گەرچی تۆ یەکێکی لەگەورەترین دەوڵەمەندانی میسر، بەڵام ناتەوێ سامانی خۆت لە فیرعەون وەربگری. هەرکاتێك تۆ داوای سامانی خۆت بکەی و بیخەیتە ژێر دەسەڵاتی خۆتەوە، قەومی ئێمە دەتوانێ پەرستگایەك بۆ پەرستنی یاهوو دروست بکا، کە لەپەرستگاکانی خوایانی میسر، گەورەتر و جوانتر بێ.
مووسا گوتی: ئەی نوون، بۆچی تۆ لە کۆشکی پاشایەتی گوێت لێ نەبوو کە من دانم پێدانا کە نە لە پشتی فیرعەونی پێشووی میسر، ڕامسیسی دووەمم و نە لە سکی ژنەکەی وی، شازادە



خانم ئەنخاس ئاموون هاتوومەتە دنیا و بەو پێیە مافێکم لە میراتی شازادە خانم ئەنخاس ئاموون دانییە تا ببمە خاوەنی موڵکەکانی ئەو.

نوون گوتی: خۆزگە ئەو دانپێدانانەت نەدەکرد. هەرکاتێك ئەوەت نەکردبایە، ئێستا خاوەنی هەموو موڵکەکانی دایکت دەبووی. داهاتی ئەوموڵك و مەعدەنانە، وەزعی ژیانی قەومی ئێمەی دەگۆڕی و دەیانتوانی هەر جۆرە وەزیفەیەکی مەزهەبیی کە تۆ بۆ ئەوانت دادەنا، لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکەن. من ئێستا بیردەکەمەوە کە فیرعەون بەوهۆیەوە تۆی خستە ئەو هەڵوێستەوە کە دانی پێدا بنێی کوڕی ڕامسیسی دووەم و شازادە خانم ئەنخاس ئاموون نی، تا ببێتە خاوەنی سامانی بەمیرات بەجێماوی تۆ.

بۆ بەجێهێنانی تەشریفاتی مەزهەبیی، تۆ دەبێ بیرێك بکەیەوەو ڕێگای بەدەست هێنانی سامان بدۆزییەوە، چونکە کەسانی قەومی ئێمە ئەمڕۆ ئەوەندە هەژارن کە ناتوانن کۆڵێتێك بۆ خۆیان دروست بکەن تا بەوە ڕادەگا کە پەرستگا بۆ خوای خۆیان دروست بکەن.

مووسا گوتی: پاش ئەوەی لەمیسر دەچینە دەرەوە، لە بیابان دەست بەکاروبارێك دەکەین کە داهاتی بۆمان هەبێ و لەوێ دەتوانین کشتوکاڵ بکەین و ماڵات پەروەردە بکەین، مێگەلی ئێمە لەماوەیەکی کەمدا، زۆر زیاد دەکەن.

نوون گوتی: ئێمە ئەگەر بمانەوێ کشتوکاڵ بکەین و ماڵات بەخێو بکەین دەبێ بچینە جێگایەك کەلەوێ ئاوی لێبێ. تەنانەت ناوچەیەکی وەکو ناوچەی میدیان، شایانی سوود لێوەرگرتن نییە، چونکە لەوێ ئەوەندە زەوی کشتووکاڵیی لێ نییە کە ئێمە بتوانین بۆ بەدەست هێنانی خۆراکی هەموو قەومی ئیسرائیل، کشتوکاڵ بکەین و ماڵات بەخێو بکەین.

مووسا گوتی: ئێمە لە میدیان گیرنابین و لەوێ تێدەپەڕین و بەرەو سەرزەوینی کەنعان دەڕۆین.

لە کەنعان، زەوی وزاری بەرفراوانی لێیە کە دەتوانرێ بۆ بەدەست هێنانی خۆراکی سەدەها هەزارکەس، کشتوکاڵ و ماڵات بەخێوبکرێ و هەرچەندێك ژمارەی تاکەکانی قەومی ئێمە زیاد ببێ لەڕووی خۆراکەوە تووشی ناڕەحەتی نابین.

نوێنەرانی هەرێمەکانی میسر کە چووبوونە پایتەخت، تا بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانی بەڵای کوللە، داوای یارمەتی لە فیرعەون بکەن، گەڕانەوە بۆ شارەکانی خۆیان و ئەوەی لە پایتەخت بینییان و گوێیان لێبوو، بۆ خەڵکیان گێڕایەوە.

خەڵك تا ئەوكاتە نەیاندەزانی ئەو بەڵایانەی کە بۆ سەر میسر هاتۆتە خوارێ، لە پیاوێکەوەیە بەناوی مووسا و خەڵکی سەرزەوینی کۆشە کە هەر هەموویان کۆیلەن و کار بۆ فیرعەون دەکەن.

پاش ئەوەی لەم بابەتە ئاگادار بوونەوە، هەربەوجۆرەی کە فیرعەون لە مووسا ترسا، خەڵکی میسریش لە تاکەکانی قەومی ئیسرائیل تووشی وەحشەت هاتن و کاتێك ئەوانیان دەبینی، لێیان دووردەکەوتنەوە، چونکە دەیانزانی ئەوانە کەسانێکن کە دەتوانن بەڵا بۆ میسر بهێننە خوارێ و خاوەنی خوایەکن کە توانایەکی بێ بڕانەوەی هەیە و دوژمنی خوایانی میسرە.

خوای ئیسرائیلیان، لە بەرچاوی میسرییەکان، ڕێزی نەبوو چونکە ئەوان بەجۆرێك ڕێزی خوایانی خۆیان دەگرت، کە نەیاندەتوانی ڕێزی خوایەکی دیکە بگرن. بەڵام ئەوان لەوخوایە دەترسان و بیریان دەکردەوە کە دەبێ لەگەڵ ئەودا ڕێك بکەون.

خوای قەومی ئیسرائیل، لەبەرچاوی میسرییەکان، وەکو دوژمنێك خۆی دەنواند کە هێرشی هێناوەتە سەر میسر.

ئەم بیرە، پاش گەڕانەوەی نوێنەرانی شارەکان و ناوچەکانی میسر، لە پایتەخت سەری هەڵدا.

ئەو نوێنەرانە، کە گێل نەبوون و تێگەیشتنیان هەبوو، سەرنجیان دا کە فیرعەون لە خوای مووسا دەترسێ و ئەوەی کەوای کرد ئەوان دیقەت لەم خاڵە بگرن، دان بەخۆداگرتنی فیرعەون بوو لە بەرامبەر قسەکانی مووسادا.

مووسا لە کۆشکی پاشایەتی میسر، کاتێك کە نوێنەرانی شارەکان هاتبوون، شتگەلێکی گوت کە بچوکترین سزای، بەپێی داب و نەریت، لەمل دان بوو. بەڵام فیرعەون ، مووسای نەکوشت و وازی لێ هێنا کە بڕوا و تەنیا ئەوەندەی پێ گوت کە هەوڵ بدە جارێکی تر چاوم پێت نەکەوێتەوە ئەگینا فەرمانی کوشتنت دەدەم.

نوێنەرانی شارەکانی میسر، فریوی ئەم جۆرە قسانەیان نەخوارد و زانییان کە فیرعەون زۆر بەتوندی لە خوای مووسا ترساوە. ئەم تۆقینەش بەڕادەیەکە کە تەحەمولی هەموو سووکایەتییەکانی مووسای کرد، بێ ئەوەی فەرمانێك بۆ سزادانی وی دەربکا.

گوتنی ئەو قسەیەی کە ئەگەر جارێکی دیکە چاوم بەتۆ بکەوێتەوە دەتکوژم، تەنیا بۆئەوەبوو لەبەرچاوی نوێنەرانی شارەکان، ڕواڵەتی خۆی بپارێزێ.



فیرعەون ویستی لە حزووری نوێنەرانی ناوچەکانی میسر، دەسەڵاتی خۆی پیشان بدا و بڵێ کە ئەو لەخوای مووسا ناترسێ و ئەگەر حەزی لێبێ، دەتوانێ مووسا بکوژێ. بەڵام ئەم ڕواڵەت نیشاندانە، هیچ کام لەنوێنەرانی ناوچەکانی میسری فریونەدا. ئەوان پاش گەڕانەوەیان لە پایتەخت، ئەوەی دیتبوویان و تێبگەیشتبوون، بۆ خەڵکی تریان ئاشکرا کرد و پێییان گوتن کە فیرعەون کوڕی ئاموون و خودی ئاموون و ئەوخۆرەی کە هەموو ڕۆژێك میسر ڕووناك دەکاتەوە، لەخوای مووسا دەترسێ.

نوێنەرانی شارەکانی میسر، ئەم وەحشەتەیان بەدیاردەیەکی هەمیشەیی نەدەزانی وبیریان نەدەکردەوە کە خواکانی میسر، بۆ هەتاهەتایە لەبەرامبەر خوای مووسا، کە خوایەکی بێگانە بوو، نوشوستی هێناوە.

ئەوان هێرشی خوای مووسایان بۆسەر میسر، بەهێرشێکی کاتی دەزانی. بیریان دەکردەوە کە خوای گەورەی میسر، ئاموون و هەموو خواکانی دیکە، ناچار بوون بۆگەڕێکی کورت لەگەڵ خوایەکی بێگانە ڕێك بکەون و هەرچی ئەو دەیڵێ قبوڵی بکەن و پەیڕەویی لەقسەکەی بکەن. بەڵام ئەم گەڕە کاتییە بەسەر دەچێ و دووبارە جارێکی تر خوایانی میسری، دەسەڵات و توانای پێشووی خۆیان بەدەست دەهیننەوە.

میسرییەکان، ئەم لاوازییەی خوایانی خۆیان، لەوەڕا دەزانی کە ئەوان خۆیان جۆرە کاروکردەوەیەکیان کردووە کە نەدەبووایە بیکەن. کاروکردەوەی ئەوان، خواکانی ئەوانی لەبەردەم خوای مووسا، بەشێوەیەکی کاتی، بێ توانا کردووە و ئەگەر ئەوان ئەو کاروکردەوا نەیان ئەنجام نەدابایە، خوای مووسا هێرشی نەدەکردە سەر میسر، و خواکانی میسر ناچار نەدەبوون گوێڕایەڵی لەفەرمانی وی بکەن.

ئەگەر پرسیاری ئەوە بکرێ کە ئەو کاروکردەوانە چی بوون، لەوەڵامدا دەیانگوت کە ئەوان لەو ڕۆژانەدا کە دەبووایە بچنە پەرستگا، خۆیان لێ بواردووە. بڕەبەخشیشی ئاموون و هەموو خواکانی تری میسریان (ئەمەش بەوەوە بەندە کە هۆگریی هەرکەسە بۆ کام خوایە زیاتر بووە) نەداوە. چونکە هەروەکو گوتمان گەرچی ئاموونیان بەخوای خۆیان دەزانی، بەڵام ئەم بابەتە بەڵگەی ئەوە نەبوو کە هەموو میسرییەکان هۆگرییان تەنیا بە ئاموونەوە بێ. هەر میسرییەك یەکێك لەخواکانی، زیاتر لەهەموو خواکانی دیکە، زیاتر خۆشدەویست، زیاتر هۆگریی پێوەبوو و داخوازیی چارەسەرکردنی کێشەوگرفتەکانی خۆی لەوی دەکرد.

ئاموون خوای گەورە و خوای خوایانی میسری کۆن، خوایەك بوو کە خەڵك ئەویان لە پشت پەردەوە وێنا دەکرد و وایان بیر دەکردەوە کە دەستیان پێی ڕاناگا. هاوتای ئەم جۆرە ئەندێشەیە لە هیندستانی کۆنیش هەبوو خەڵکی هیند لە سەردەمی مەزهەبی (ودا) یان (ویدا)، باوەڕیان بەخوایەکی گەورە هەبوو و دەیانگوت هەموو شتێك لەلایەن ئەوەوە دروست کراوە، بەڵام دوای ئەو، باوەڕیان بەچەندین خوای دیکە هەبوو و کێشەکانی خۆیان دەخستە بەردەمی ئەوان و داوایان لەوان دەکرد کەکێشەکانیان بۆچارەسەر بکا.

خوای گەورە لە ڕوانگەی هیندییە کۆنەکان، خوایەك بوو کە دەستی کەسەکان بەوی ڕانەدەگەیشت. بەڵام خواکانی تر لە بەردەست بوون و هەموو کاتێك خەڵك دەیانتوانی بچنە لایان و بەبێ میانگیر لەگەڵ ئەودا قسەبکەن. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، لە قۆناغەکانی پاشتردا، شێوێنەواری خۆی، تەنانەت لەسەر مەزهەبەکانی دیکەش داناو خەڵك ئەوەندەی پەنایان بۆ ئەولیاکان دەبرد، ئەوەندە پەنایان بۆ خوای تاك و تەنیا نەدەبرد.

میسرییانی کۆن، کە خۆیان بەکەمتەرخەم دەزانی و وایان بیردەکردەوە کە بە هۆی کەمتەرخەمیی ئەوانەوە بووە کە خوایەکی بێگانە، بەجۆرێکی کاتی، بەسەر خواکانی ئەواندا زاڵ بووە. ئەوان کەمتەرخەمیی خۆیان، تەنیا بە گوناهێکی مەزهەبی دەزانی، چونکە لەمیسر، گوناه، تەنیا گوناهی مەزهەبیی بوو. گوناهی کۆمەڵایەتی، گوناهی تێدانەبوو. ئەگەر کەسێکی میسری، بەجۆرێك لە کۆیلەکەی خۆی بدابایە کە بیکوژێ، ئەم کوشتنە بە گوناه دانەدەنرا.

ئەگەر پیاوێکی بەتوانا، نەخۆشێکی لەپەنا دیواری کۆشکەکەی خۆی، بەحاڵ و وەزعی خۆیەوە بەجێ یهێشتبایە و گچکەترین یارمەتی نەخۆشەکەی نەدایە، تا وای لێدەهات لەبەر بێ توانایی و نەخۆشی دەمرد، دیسان ئەم بابەتە بە گوناه نەدەژمێردرا.

ئەگەر پیاوێکی بەهێز، کێڵگەی جوتیارێکی بەزۆر زەوت بکردبایە و بیخستبایە سەر موڵکەکانی خۆی، ئەم کارە بە گوناه نەدەزانرا. بەڵام ئەگەر بڕەبەخششیشی خوایانی میسری لەکاتی خۆیدا نەدابایە، ئەوا ئەو کەسە بەگوناهبار دەژمێردرا. ئۆزیریس، خوای مردن، کە فەرمانڕەوایی دنیای ڕۆژئاوا، واتە گۆڕستانی دەکرد، لە ڕۆژانی تایبەتدا، باجی دەویست، تاکاری چاودێری مردووەکان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

مردووەکان لەدنیای ڕۆژئاوا، بە ئەندازەی سامانی خۆیان، کەرەسەی ژیانیان هەبوو و ئاتاجیان بە ئۆزیریس نەبوو، چونکە هەر کەسێك کە دەمرد، دوای ئەوەی کەمۆمیا دەکرا، بە



بڕێك خۆراك و پۆشاکەوە دەنێژرا تا لە دنیای ئەولا لەرووی خۆراك و پۆشاکەوە، دڵی ئاسوودە بێ.

بەگوزارشتێکی چڕوپوخت، لەمیسری کۆن، گوناه، بریتی بوو لەکەمتەرخەمی کردن لەو وەزیفەیە کە تاکەکان لەبەرامبەر خوایانی خۆیاندا بە ئەستۆیانەوە بوو. زوڵم کردن لە هاوتای خۆی بە گوناه نەدەژمێردرا.

کاتێك نوێنەرانی شارەکانی میسر، لە پایتەخت گەڕانەوە و گوتیان خوایانی میسری لەخوای مووسا دەترسن، هەرکەسە هەوڵیدا کە (لاپەڕەی کاروکردەوەکانی) خۆی تەماشابکا تا بزانێ چ گوناهێکی کردووە و بۆتە بایسی ئەوەی دەسەڵاتی خوای بێگانە بەسەر دەسەلاتی خوایانی میسر دا زاڵ ببێت.

تەنانەت فیرعەون مەنەفتە بیری کردەوە کە چ گوناهێکی ئەنجام داوە ئەگینا خوای مووسا بەسەر خوایانی میسریدا زاڵ نەدەبوو و ئەوانی ناچار نەدەکرد کە خۆیان بەدەستەوە بدەن.

مەنەفتە هۆش و واقیعبینی فیرعەونی پێشووی میسر، رامسیسی دووەمی نەبوو.

فیرعەونی پێشوو — هەربەوجۆرەی کە بە مووسای گوت — ڕێزگرتنی باوەڕەکانی خەڵکی میسری بە واجیب دەزانی، بەڵام بۆ ئەوەی کە دەسەڵات و سامانی خۆی بپارێزێ.

نالێین ئەو باوەڕی بەخواکانی میسر نەبوو، چونکە ئەگەر وابووایە ئەو تەلارە گەورەیەی، کە ئێستاش لە میسر ماوە، بۆ خواکانی میسری دروست نەدەکرد.

بەڵام لەهەمان کاتدا کە باوەڕی بە ئاموون و هەموو خواکانی میسر بوو، بە پیاوێکی خاوەن هۆش دەژمێردرا و دەمارگیریی مەزهەبی ئەوی لە واقیعبینی بێبەش نەدەکرد.

مەنەفتە، بەمجۆرە نەبوو و تەنیا دەمارگیریی مەزهەبی هەبوو. بیری کردەوە کە ئەو گوناهێکی کردووە ئەگینا خوایەکی بێگانە بەسەر خواکانی میسردا زاڵ نەدەبوو.

تەنانەت پاسەوانانی میسر، کە چاودێری کۆیلە ئیسرائیلیەکانیان بە ئەستۆوە بوو و کاریان پێ دەکردن و بەقامچی لێیان دەدان، لەخوای مووسا دەترسان، چونکە ئەوان لە یاهوو ترسیان لێ نیشتبوو، لە کۆیلەکانی ئیسرائیلیش دەترسان.

ئەو خەڵکە ڕیشن و باڵابەرزە کە تا ئەوکاتە دوواکەوتووترین خەڵکی میسر بوون، لەوەو پاش، لەبەرچاوی خەڵکی میسر، وەکو بوونەوەرێکی ترسناکیان لێهاتبوو.

ئیتر پاسەوانانی میسر بە قامچی لەوانیان نەدەدا. هەرچەندە ئازاد نەبووبوون و لەکارگەکانی بینا دروستکردن و مەزراکاندا کاریان دەکرد، بەڵام رەفتاری توندوتیژ لەگەڵ ئەواندا بەکار نەدەهات. هەرکاتێك لە شوێنی کارکردن تەمبەڵییان بکردبایە، پاسەوانان چاویان لێ دەپۆشین و خۆیان واپیشان دەدا کە تەمبەڵیی ئەوان نابینن.

وردە وردە دیسپلین لە کارگەکانی بینا دروستکردندا شل بوو، کۆیلە ئیسرائیلییەکان، لەکاتی نیوەڕۆ، دوای ئەوەی نانی خۆیان دەخوارد، دەخەوتن.

کۆیلەکانیتر، کاتێك دەیانبینی کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان لەکاتی نیوەڕۆدا دەخەون، ئەوانیش چاویان لەوان کرد و دەرۆیشتن تاپشوو بدەن. بەڵام پاسەوانان رێگەیان پێ دەگرتن و نەیاندەهێشت بخەون.

کۆیلەکان پێیان دەگوتن ئەی بۆ رێگا دەدەن ئیسرائیلییەکان بخەون، پاسەوانانیش وەڵامیان دەدەنەوە ئاخر خوای ئەوان بەهێزە.

کاتێك پاسەوانان دەیانگوت ئاخر چونکە خوای کۆیلە ئیسرائیلییەکان بەهێزە بۆیە ئەوان ناتوانن رێگا لەخەوتنی ئەوان بگرن، کۆیلەکان بە کەسەرەوە ئەو قسەیەیان قبوڵ دەکرد و ئیدی رەخنەیان لە پاسەوانەکان نەدەگرت. روونکردنەوەی پاساوانان لەبارەی ئەو هەڵاواردنەوە، لە لێڕوانینی کۆیلەکانی دیکەوە، روونکردنەوەیەکی مەنتیقی و ژیرانە خۆی دەنواند. هەر کۆیلەیەك لە ناخی خۆیدا، دەیسەلماند کە ئەو روونکردنەوەیە راست و رەوانە و لە پێچ و پەناو رواڵەتپەرستی بەدەرە.

ئەمڕۆش کە سەدەی بیستەمی زایینییە، ئاخۆ کاربەدەستانی سەرۆکایەتی دەتوانن بە خەڵك بڵێن کە ئیمتیازەکانی دەستەیەکی تایبەتی خەڵك لەوەڕا سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان پاڵپشتی بەهێز و خاوەن نفوزیان هەیە بۆیە دەبێ ئیمتیازگەلێکی زیاتریان هەبێ؟ پێمان وانییە لەم سەردەمەدا هیچ دەوڵەتێك بتوانێ ئەم قسەیە بەخەڵك بڵێ یاخوود کاربەدەستانی دەوڵەت، ئەم واقیعیەتە بەڕاشکاوی بگەیەننە گوێی خەڵك. بەڵام لەو سەردەمەدا، پاسەوانانی فیرعەون بەڕاشکاوی بە کۆیلەکانیان دەگوت لەبەر ئەوەی خوای کۆیلە ئیسرائیلییەکان بەهێزە (و بەسەر خواکانی میسردا زاڵ بووە)، بۆیە ئەو کۆیلانە مۆڵەتیان هەیە کاتی نیوەڕۆ بخەون، و کۆیلەکانی تر چونکە خوایەکی بەهێزیان نییە، لەو بەهرەیە بێبەشن و مۆڵەتیان پێنادرێ لەکاتی رۆژدا بخەون.

کۆیلەکانی تر، کە نەیاندەتوانی بخەون بەلای کەمەوە کەرەسەیەکی سێبوری و دڵنەواییان هەبوو کە ئەویش ئەوەبوو پاسەوانەکان درۆیان لەگەڵ دا نەدەکردن و بەدەمی خۆیان راستییان دەدرکاند.



لەسەدەی حەڤدەیەمی زایینی لەوڵاتی فەرەنسا، دەریاوانێکی جەسوور هەبوو بەناوی ((ژان بار)) کە بەفەرمانی لویسی چواردەیەم، پاشای فەرەنسا، بەناونیشانی (کورس) چوو بۆ شەڕی کەشتییە جەنگیی و بازرگانییەکانی ئینگلتەرا و هۆڵەندا.

پاپۆڕوانانی کورس، لەو سەردەمەدا، بەشێك نەبوون لە هێزی دەریایی پاشای فەرەنسا، بەڵکو هەروەکو هێزێکی پاسەوانی دەژمێردران. بەکورتی بە هێزی پاسەوانی دەریایی دادەنران.

ئەوان مووچەیان لە خەزێنەی پاشا وەردەگرت و هەروەکو ئەفسەرانی هێزی دەریایی پلەبەرزکردنەوەیان بۆ نەدەکرا و نە دەگەیشتنە پایەی بەرپرسیارێتی بەرز. بەڵام لەپشتیوانیی پاشای فەرەنسا بەهرەمەند بوون.

لویسی چواردەیەم، پاشای فەرەنسا، بۆ پشتیوانی کردنی پیشەسازیی ناوخۆیی، هێنانە ناوەوەی هێندێك لەکاڵاکانی بۆ ناوخاکی فەرەنسا قەدەغەکردبوو. لەبەرامبەر هێنانی هێندێك کاڵاش نێو خاکی فەرەنسا، باجی گومرگیی هەوەنتەی وەردەگرت. بەڵام ژان بار، هەرجارێك کەلەجەنگ دەگەڕایەوە، بڕێکی زۆر کاڵای قەدەغەکراوی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، هەروەها بڕێك کاڵاشی، لەوانەی کەبەنرخی گران باجیان لێ وەردەگیرا (بێ ئەوەی باجی گومرگییان لێ بدا)، دەهێنایە ناو فەرنساوە. کاتێك کە فەرمانبەرانی گومرگ رێگەیان پێ دەگرت، پێی دەگوتن رێگام بەردەن چونکە من پشتیوانێکی بەهێزم هەیە.

وەزیری بازرگانی و گومرگی فەرەنسا، لای لویسی چواردەیەم شکاتی کرد و گوتی ژان بار ئامادە نییە فەرمانی پاشای فەرەنسا جێبەجێ بکا. کاڵای قەدەغەکراو دەهێنێتە ناو وڵات، باجی کاڵاکانی دیکەش نادا. هەرجارێکیش کە رێگەی پێ دەگرن، دەڵێ رێگام بەردەن چونکە من پشتیوانێکی بەهێزم هەیە، مەبەستیشی لە پشتیوانێکی بەهێز، خاوەن شکۆ پاشای فەرەنسایە.

لویسی چواردەیەم گوتی ئەگەر لەبەر خاتری راستگۆیی ئەو پیاوەش بێت، دەبێ ئاوارتە کردنی بۆ لەبەرچاوبگیرێ، چونکە ئەگەر کەسێکی تر بووایە دەبووایە بەپێی بڕیار و راسپاردەکان رەفتاری بکردبایە یاخود لەگەڵ فەرمانبەرانی گومرگ رێك دەکەوت تابتوانێ کاڵای قەدەغەکراو بێنێتە ناو فەرەنسا. ژان بار تاکە کەسێك بوو کە دەیتوانی لەنێو دەربارەی لویسی چواردەمدا پایپ بکێشێ، بۆنی دووکەڵی توتن بە هەوای سالۆنەکانی کۆشکی پاشایەتی فەرەنسادا بڵاوبکاتەوە و تەنانەت شازادە پلەیەکەکان زاتی ئەوەیان نەدەکرد کە لەناو کۆشکی پاشایەتی لویسی چواردەیەمدا، توتن بکێشن. چونکە دەیانزانی پاشای فەرەنسا، بەبۆنی دووکەڵی توتن زۆر ناحەڕەت دەبێ.

دواجار، نەتەنیا هەر رەفتاری خەڵکی میسر لەبەرامبەر کۆیلە ئیسرائیلییەکان، گۆڕا، بەڵکو کاربەدەستانی فیرعەونیش لەبەرامبەر کۆیلە ئیسرائیلییەکان خەمسارد بوون، ئیدی دارکاری ئەوانیان نەدەکرد و تەمبەڵیی ئیسرائیلییەکانیان بەبێبایەخ وەردەگرت.

فیرعەون مەنەفتە، کە گوتمان لەئاکامی نەخۆشی (نەقرەس) دووچاری ئازاری قاچی هاتبوو، تووشی پشت یەشەیەکی توونود بوو.

ئەمڕۆ پزیشکەکان دەزانن کەسێك کە دووچاری نەخۆشی نەقرەس (جۆرێکە لەنەخۆشی روماتیزم) دەبێ، لەوانەیە دووچاری جۆرەکانی تری نەخۆشی روماتیزمیش ببێ و جومگەکانی بەدەنی بەجۆرێك تووشی ئازار بن کە توانای جووڵانەوەی نەبێ.

لەسەردەمی فیرعەون مەنەفتە زانیاری پزیشکانی میسری (کەزیاتر لەکاری نەشتەرگەری شارەزاییان هەبوو) لەبارەی نەخۆشی روماتیزمەوە هەر بەوئەندازەیە بوو. هەر بۆیە کاتێك کەمەری فیرعەون، تووشی روماتیزم بوو، پزیشکانی میسری وایان وێنا کرد کە ئەو نەخۆشییە پەیوەندییەکی بە نیشانەکانی ئازاری قاچی ئەو پیاوەوە نییە و نەخۆشییەکی ترە.

لەنێو جۆرەها نەخۆشییەکانی روماتیزم دا، سێ جۆرە نەخۆشی، زیاتر لەوانی تر، نەخۆشەکە ئازار دەدەن، یەکێکیان ئازاری جومگەکانی ئەژنۆ، ئەوی تریان جومگەکانی ئانیشك و سێیەمیان پشت یەشە.

هۆکارەکەشی ئەوەیە کە نەخۆش بەهۆی ئازاری جومگەکانی ئەژنۆ، ناتوانێ بەرێگادا بڕوا، لەئاکامی ئازاری جومگەکانی ئانیشك سوود لەدەستەکانی وەرناگرێ و لە ئاکامی ئازاری پشت یەشەش، تا رادەیەك لەجێدا دەکەوێ. چونکە هەرکام لە جووڵانەکانی بەدەنی مرۆڤ، جگە لە جووڵانی هەردوو دەست، پەیوەستە بەکەمەرەوە.

فیرعەون، لەتینوتاوی ئازاری کەمەری، دەینالاند و توانای جووڵانی نەمابوو، فەرمانی کرد کە ئاوی گیای (گوڵەپایزە)ی بۆ ئامادە بکەن. گوتمان کە گواشراوەی ئاوی گیای ناوبراو، مووسا، بۆ هێورکردنەوەی ئازاری نەخۆشی نەقرەس، وەسفەکەی بەفیرعەون گوتبوو. بەڵام ئاوی گیای (گوڵەپایزە) کە ئازاری یەکێك لە نەخۆشییەکانی روماتیزم بەناوی نەقرەس، سووك دەکا، لە جۆرەکانی تری نەخۆشییەکانی روماتیزمدا، کاریگەریی نییە و پشت یەشەی روماتیزم، دەبێ بەئاوی گیایەکی دیکە بەناوی (قولنجان) سووك بکرێ. پزیشکانی میسر، لەبارەی خەسڵەتی ئەم گیایە، زانیارییان نەبوو.



لەبەر ئەوەی فیرعەون، بەهۆی وەسفەکەی مووسا، بەیەکجاری لە نەخۆشی نەقرەس رزگاری ببوو، یەکێك لەکەسانی دەرباری خۆی ناردەلای ئەو تابێتە کۆشکی پاشایەتی و چارەسەری نەخۆشییەکەی بکا.

مووسا لەکابرای دەرباری پرسی کە نەخۆشییەکەی فیرعەون چییە و کابراش بە مووسای گوت کە فیرعەون بەدەست ئازاری پشت یەشەوە دەناڵێنێ.

مووسا گوتی: من بەڵێنم داوە کە نەیەمە لای فیرعەون، بەڵام نوونی برام دەنێرم و ئەویش وەکو من دەتوانێ، بۆ ئارام کردنەوەی ئازاری فیرعەون، دەرمان وەسف بکا.

نوون بەفەرمانی مووسا چووە نێو کۆشکی پاشایەتی و ئەویان بردە لای پاشای میسر.

پاشای میسر پرسی: لەبەرچی مووسا نەهات و تۆی ناردووە؟

نوون گوتی: لەبەر ئەوەی تۆ گوتت کە ئیدی نابێ چاوم پێت بکەوێتەوە ئەگینا دەتکوژم. ئەویش گوتی کە ئیتر نایەمەوەبۆلای فیرعەون. لەبەر ئەوەی ئەو ناتوانێ بەپێچەوانەی بەڵێنی خۆی رەفتار بکا منی نارد.

فیرعەون گوتی: هاتنی تۆ بۆ ئێرە، سوودێکی بۆ من تێیدا نییە. من دەمویست مووسا بێتە ئێرە تا بتوانێ ئازاری من چارەسەر بکا.

نوون گوتی: منیش دەتوانم ئازاری تۆ چارەسەر بکەم بەومەرجەی کە تۆ ئازاری خۆت بەمن بڵێیی.

فیرعەون گوتی: کەمەرم یەکجار زۆر دێشێ.

بەڵام ئازارەکە تەنیا لە شوێنی کەمەرم نییە بەڵکو ئێسقانی رانم و هەروەها ئێسقانی لوولاقم بەجۆرێك دێشێ کە ناتوانم نە بەرێ دا بڕۆم و نە دابنیشم و تەنیا کاتێك کە پاڵ دەکەوم، ئازارەکە کەمێك هێور دەبێتەوە، بەڵام هەرکە دادەنیشم ئازارەکە تازە دەبێتەوە.

ئەوئازارەی کە فیرعەون مەنەفتە تووشی هاتبوو، لەکۆندا بە ئازاری ئێسقان دەناسراو ناوی دەبرا. لە زاراوەی پزیشکیی ئەمڕۆدا بە ((ئارسریت)) دەناسرێ کە نابێ لەگەڵ نەخۆشییەکی تر بەناوی (ئارتریت) تێکەڵ بکرێ. ناوی نەخۆشی ئارتریت لەڕیشەی (ئارتر)ەوە وەرگیراوە کەمانای شادەمار و (بەعەرەبی پێی دەڵێن — مرض تصلب الشرايين) بەڵام ئارسریت لە ریشەی ئارسری یۆنانی وەرگیراوە کەمانای ئێسقان و جومگەیە. نەخۆشی ئارسریت یاخوود ئازاری ئێسقان، زیاتر لەکاتی پیری دووچاری مرۆڤ دەبێ و فیرعەون مەنەفتەش پیربوو بوو بۆیە گیرۆدەی نەخۆشی ئارسریت ببوو.

نوون گوتی: من دەتوانم ئازاری کەمەر و قاچی تۆ نەهێڵیم.

فیرعەون گوتی: چۆن دەتوانی ئازاری کەمەر و قاچی من نەهێڵی لەکاتێکدا پزیشکانی میسر نەیانتوانی ئازاری من نەهێڵن؟

نوون گوتی: من دەرمانێك بۆ تۆ وەسف دەکەم، تۆ دەبێ بڵێیی ئەو دەرمانەت بۆ بکوڵێنن و ئاوەکەیت بۆ بهێنن تا بیخۆیتەوە و دوای چەند جار نۆشینی ئاوی ئەو دەرمانە، ئازاری کەمەر و قاچت نامێنێ. فیرعەون پرسی: ئەو دەرمانە ناوی چییە؟ نوون گوتی: ئەو دەرمانە ناوی قوڵنجانە. ئەمە گیایەکە کە لەمیسریش بەدەست دەکەوێ.

فیرعەون خزمەتچیانی خۆی بانگ کرد و پێی گوتن کە برۆن و بێ دوواکەوتن دەرمانی قوڵنجان کە جۆرە گیایەکە بەدەست بێنن.

خزمەتچییان رۆیشتن و قوڵنجانیان هێنا. بەفەرمانی فیرعەون کوڵاندیان و ئاوەکەیان گرت و بۆ فیرعەونیان هێنا.

فیرعەون ئاوی گیاکەی تام کرد و گوتی: ئەمە تاڵە. نوون گوتی: بەڵێ. ئەگەر دەتەوێ ئازارت نەمێنێ دەبێ ئەم دەرمانە تاڵە بخۆیەوە و هەر لەئێستاوە تا سبەی ئەم وەختە سێ جار ئەم دەرمانە بکوڵێنە و ئاوەکەی بخۆوە.

فیرعەون مەنەفتە بەڕێنوێنی نوونی کرد و تا رۆژی دوایی سێ جار گیای (قوڵنجان)ی کوڵاند و ئاوەکەی خواردەوە. گەرچی ئازاری کەمەر و ئێسقانی ران و لوولاقی لەبەین نەچوو بەڵام ئازارەکەی لەسەر سووك بوو.

رۆژی دوایی نوون چووە کۆشکی پاشایەتی تا لە ئەنجامی چارەسەرکردنەکە ئاگادار بێ. فیرعەون پێی گوت کە ئازاری کەمەر و قاچی سووك بووە.

نوون گوتی: ئەگەر لەسەر خواردنی ئاوی گیای قوڵنجان بەردەوام بی، ئازاری کەمەر و قاچت بەتەواوی لەبەین دەچێ، تۆ ئیتر لە کەمەر و ئێسقانی رانت هەست بەئازار ناکەی.

ئێستاش کە بۆت ئیسپات بوو دەرمانەکەی من کاری خۆی کردووە، پاداشتی من بدە.

فیرعەون پرسی: چ پاداشتێکت لێم دەوێ؟

نوون گوتی: ئەو پاداشەی کە من دەمەوێ ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی ببەخشی.

فیرعەون، کە سەرەنجام شەوی رابردوو بڕیاری دابوو کە بەشێوەیەك لەگەڵ مووسادا رێك بکەوێ و لە دەرفەتێکی داهاتوودا و پاش ئامادەکردنی رێ وشوێن، بۆ هەتاهەتایە خۆی لە



دەست مووسا و کۆیلە ئیسرائیلییەکان، ئاسوودە بکا. پاش تێڕامانێکی کورت لە وەڵامدانەوەی نوون، پۆزشەکەی پێشووی هێنایەوە و گوتی ناتوانم قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی ئازاد بکەم. چونکە ئەگەر ئەوان ئازاد بکەم، هەموو کۆیلەکانی میسر داوای ئازادی دەکەن. بەڵام دەتوانێ پاداشێکی تری بداتێ و ئەو پاداشەش بریتییە لەبەخشینی ژن و منداڵانی قەومی ئیسرائیل لەکۆیلەتی.

نوون گوتی: کەی فەرمانی ئازادی ژن و منداڵان دەردەکەی.

فیرعەون گوتی: هەرئێستا فەرمان دەدەم کە ژن و منداڵانی ئیسرائیل لەکۆیلەتی ببەخشرێن.

دوای ئەوە مەنەفتە یەکێك لەخاوەن پلەکانی دەرباری بانگ کرد، و پێی گوت: بەناوی منەوە فەرمان بدە کە ئیتر ژنان و منداڵانی ئیسرائیل کۆیلەتی نەکەن ئەوان لێرە بەدواوە ئازادن و دەتوانن لەماڵی خۆیان بحەسێنەوە یان بەهەر شێوەیەك کە خۆیان دەیانەوێ کاتی خۆیان بەسەر ببەن و ئیتر هیچ کەسێك داوای کارکردن لەوانە ناکا.

نوون، دوای بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە ئەرێنییە، بەجۆرێك خۆشحاڵ بوو کە هەر لە کۆشکی پاشایەتی تا دەگاتە ئەوجێگایە کە مووسای لێبوو، رای کرد تا بتوانێ ئەو مژدەیە بە مووسا رابگەیەنێ.

مووسا، دوای ئەوەی زانی کە ژنان و منداڵانی ئیسرائیل لە کۆیلەتی رزگاریان بوو، یەکجار خۆشحاڵ بوو و سوپاسی خوای خۆی، یاهووی، بەجێهێنا و گوتی: ئەمە یەکەمین ئەنجامێکە کە ئێمە بە یاریدەی خواوەند بەدەستی دەهێنین هیوادارم پاش ئەمە، بتوانین پیاوانی قەومی خۆمانیش لەکۆیلەتی رزگار بکەین. مووسا لە رووی سیاسییەوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. چونکە ئازادی ژنان و منداڵانی ئیسرائیل بۆ فیرعەون ، تێکشکانێکی سیاسی بوو و بۆ مووساش سەرکەوتنێك بوو. تا ئەورۆژە لەناوەوەی ولاتی میسر، هیچ کەسێك نەیتوانیبوو، فیرعەونێکی میسری ناچاربکا کارێکی وابکا کە بەئارەزووی خۆی نەبێ. فیرعەونەکانی میسر، چەندین جار لەبەرامبەر سوپا بیانییەکاندا تووشی تێکشکان بوون و ناچاربوون بەپێچەوانەی ئارەزووی خۆیان ملکەچیی بۆسەرکەوتووان بکەن. بەڵام لەناومیسردا دەسەڵاتی بێسنووریان هەبوو و بەڕاستی خوای میسر بوون، هەرچی دەیانویست دەیانکرد و هیچ کەسێك نەیدەتوانی لێپرسینەوەیان لەگەڵ دا بکا.

دانیشتووانی میسر، فیرعەونیان بەخوا دەزانی و ئەگەر فیرعەون فەرمانی بدابایە کە هەمووخەڵکی میسر بکوژن، کەس نەبوو زارهەڵبێنێ و بڵێ کوشتنی هەموو خەڵکی میسر کارێکی بێ سوودە و دەبێ ئەو کارە ئەنجام نەدرێ.

تەنیا کاهینانی گەورەی میسر دەیانتوانی بەناوی ئاموون و هەموو خوایانی تری میسرەوە، کەمێك لەتوندڕەویی فیرعەون، کەم بکەنەوە. بەڵام ئەو دەست پێشکەرییەیان نەدەکرد تەنیا ئەگەر بەرژەوەندەکانی خۆیان لەمەترسیدا بدیبایە و بەرژەوەندەکانی خەڵك لە روانینی ئەواندا بێبایەخ بوو. لەوڵاتی میسر تەنیا ژمارەیەك لەتاکەکانی خەڵك، ئەوەندە نفوزیان هەبوو کە دەیانتوانی لای فیرعەون ، میانگیریی بکەن و فیرعەون والێبکەن کەکارێك بیانەوێ ئەنجامی بدا، ئەوانەش پزیشکەکان بوون. بەڵام پزیشکەکان، ئەوانەی کە چارەسەری فیرعەونیان دەکرد نەك هەموو پزیشکانی میسر. هەر فیرعەونێکیش تەنیا یەك پزیشکی هەبوو، کاتێك ئەو پزیشکە دەمرد، پزیشکێکی تری بۆچارەسەری خۆی هەڵدەبژارد. بەڵام کەمتر وارێك دەکەوت کە پزیشکی چارەسەرکەری فیرعەون، پێشی ئەومرێ و فیرعەونەکانی میسر، تا زنجیرەی نۆزدەیەمی فیرعەونەکان، بەزۆری پێش پزیشکی خۆیان دەمردن. ئەمەش لەسەرینی ئەوەوە بوو کە فیرعەونەکانی میسر زەماوەندیان لەگەڵ خوشکی خۆیاندا دەگرت و زەماوەندکردن لەگەڵ خوشك، مەعدەنی کوڕەکانی بەجۆرێك لاواز دەکرد کە رادەی مامناوەندی تەمەنی ژیانی فیرعەونێك لەبیست و پێنج ساڵ تێنەدەپەڕی و ژمارەیەك لەفیرعەونەکانیش، بەدەستی پزیشکەکانی خۆیان سەریان تێداچوو.

بەهەرحاڵ، جگە لە پزیشکی چارەسەرکەری فیرعەون، هیچ کەسێکی تر دەسەڵاتی نەبوو کە فیرعەونێکی میسر، ناچار بکا کارێك ئەنجام بدا کە لەگەڵ حەز و ئارەزووی فیرعەون، نالێك بێ. یان وای لێبکەن دەست لەکارێك هەڵبگرێ کە خۆی حەزبکا بکرێ. مووسا کەسێك بوو لەتاکەکانی خەڵك و لەقەومێك کە هەموو تاکەکانی بەکۆیلە دەژمێردران. ئەو بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میسردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا و توانی فیرعەون ناچاربکا، کە بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆی، فەرمانی ئازادکردنی ژمارەیەك لەکۆیلەکان، کە ژنان و منداڵانی قەومی ئیسرائیل بوون، دەربکا.



## -٢٧-

## لەچاوەڕوانیی هەلێکی گونجاودا !

کاتێك میسرییەکان، بیستیان کە ژنان و منداڵانی قەومی ئیسرائیل لە کۆیلەتی ئازاد کراون، دیقەتیان دا کە فیرعەون، لە خوای ئیسرائیلییەکان ترساوە ئەگینا رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی ژنان و منداڵانی ئیسرائیل نەدەدا. هەر لەگەڵ ئەمەشدا زانییان، کە لە هەموو کارگەکانی بینا دروستکردن و کێڵگەکاندا، کۆیلە ئیسرائیلییەکان چاوپۆشییان لێدەکرێ، پاسەوانان، تووندوتیژی لە بەرامبەریان نانوێنن. چیتر ئەوان، بۆ زەوی کێڵان، بەئاموور نابەستنەوە. هەروەها چیتر ئەوان بە گالیسکەکانی بەرد و کەرپووچ گواستنەوە نابەستنەوە. ئیتر میسرییەکان، لەشارەکانی میسردا، کۆیلە ئیسرائیلییەکانیان بەڕیشی درێژەوە نەدەبینی کە بە گالیسکەی قورسەوە ببەسترێنەوە.

کاتێك خەڵکی میسر زانییان رەفتاری فیرعەون بەرامبەر ئیسرائیلییەکان گۆڕاوە، دیارە کە فیرعەون مەنەفتە لەخوای ئەو قەومە دەترسێ، رەفتاری میسرییەکانیش بەرامبەر بە قەومی ئیسرائیل گۆڕا.

تا ئەوکاتە، میسرییەکان، پیاوان و ژنانی ئیسرائیلیان لە گیانلەبەرانی ماڵیی بەکەمتر دادەنا و ئەوەندەی بایەخیان بۆ گوێدرێژێك دادەنا، ئەوەندە بایەخیان بۆ کەسێکی ئیسرائیلی دا نەدەنا.

کەسێکی میسری، وا بیری نەدەکردەوە کە کەسی ئیسرائیلیش بوونەوەرێکی گیانلەبەرە و بەدەست برسێتی و تینوێتی و گەرمای بەتینی خۆر و لێدانی قامچەییەوە ئازار دەچێژێ.

کەسی میسری، بیری نەدەکردەوە کە پیاوێك یان ژنێکی ئیسرائیلی کە منداڵی هەیە، وەکو هەر میسرییەك ئەویش منداڵی خۆی خۆشدەوێ و کاتێك فەرمانبەرانی فیرعەون دێن تا منداڵی کەم تەمەنی ئەوان لە دایك و باوکی بستێنن و بیبەن و بیکوژن تاکو خوێنەکەی بکەنە دەرمانی نەخۆشی فیرعەون، ئەو باوك و دایکە لەتاوی غەم و کەسەر و نا ئومێدی وەکو شێتانیان لێ بەسەردێ.

میسرییەکان، وایان بیر دەکردەوە کە سۆزی باوك بۆ کوڕ و سۆزی دایك بۆ کوڕ، تایبەت بەمیسریانە. چونکە بەروانینی ئەوان ئیسرائیلییەکان کە لە گیانلەبەران سووك ترن، خاوەنی سۆزوبەزەیی نین.

بەڵام دوای ئەوەی ڕەفتاری فیرعەون بەرامبەر بە قەومی ئیسرائیل گۆڕانی بەسەرداهات، میسرییەکان، لە ئیسرائیلییەکان نزیك کەوتنەوە و قسەیان لەگەڵدا کردن و تەنانەت بەپێی بەرژەوەند، بانگێشتی ئەوانیان کرد تا بچنە ماڵەکانیان و لەوێ خواردن بخۆن. ئەمەش چونکە میسرییەکان، بیریان دەکردەوە کە لەوانەیە خوایانی میسر، کە لەبەردەم خوای قەومی ئیسرائیل شکستیان هێناوە، نەتوانن بەزوویی خوای بێگانە لەمیسر بکەنە دەرەوە و خوای بێگانە ماوەیەك لەمیسر بمێنێتەوە. جا ئەگەر کار بەم جۆرەبێ، بەرژەوەند لەوەدایە کە ئەوان، لەگەڵ پەیڕەوانی ئەو خوایەدا، پەیوەندی دۆستانەیان هەبێ.

یەهودییەکان، تا ئەورۆژە ماڵی میسرییەکانیان نەدیتبوو. لەو دەمەدا بۆ یەکەمین جار چوونە ناوماڵی میسرییەکان و شتگەلێکی ئەوتۆیان دەدی کە وێنایان نەدەکرد ئەو شتانە بوونیان هەبێ. تەنانەت کەل و پەلی ناوماڵی چینی نەداری میسر، لەبەرچاوی ئەوان، یەکجار بەرز خۆی دەنواند.

ئەوان لەماڵی هەر پیاوێکی نەدارای میسر، چەند درەختێکی میوەیان دەدی یان چەند باڵندەیەکیان لەنێو قەفەزدا دەبینی.

یەهوودییەکان، کە هەموو تەمەنی خۆیان لەسەر زەوی خەتبوون، بەبینینی تەختی خەوتنی میسرییەکان، سەرسام دەبوون و واقیان وڕدەما کە چۆن میسرییەکان، دەتوانن لەسەر ئەو تەختانە بخەون. چونکە ئەوان خۆیان نەیاندەتوانی لەسەر ئەوتەختانە بخەون و هەرکاتێك بۆ حەسانەوە لەسەر ئەوتەختانە دادەنیشتن، خەویان لێ نەدەکەوت.

ئەوان کە هەموو تەمەنی خۆیان لەسەر زەوی دانیشتبوون، سەریان سووڕدەما کە چۆن میسرییەکان، لەسەر چارپا و کورسی دادەنیشن و دووچاری ماندوویی نابن. چونکە یەهودییەکان تا لەسەر زەوی دانەنیشتبان، هەستیان بەئاسوودەیی نەدەکرد.

لەماڵی چینی ناوەندی میسر، دیمەنی سەرنجڕاکێش تر دەکەوتە بەرچاوی یەهودییەکان و دەیانبینی کەهەر ماڵێك شوێنی گوڵ و باخچەی هەیە.

میسرییەکان، شوێنی گوڵزاریان بۆ سەیران و سەفا و باخچەشیان بۆ سوودوەرگرتن لەمیوەکان دەویست. لەماڵی چینی ناوەڕاستی میسرییەکان، ژنان، کراسی جوانی کەتانیان



لەبەردەکرد، کە بەزێڕ ڕازابۆوە و گەردانەیان بەملیانەوە هەڵدەواسی. یەهودییەکان دەیانبینی کە تەنانەت لە خانووەکانی چینی ناوەڕاستی میسر، غولام و کەنیز بۆ خزمەتی خاوەن ماڵ هەیە.

ژمارەیەك لە ئەشرافانی میسریش، بۆ بەرژەوەند، دەرگای ماڵەکانی خۆیان بەڕووی یەهودییەکاندا کردەوە و یەهودییەکان لەوێ چاویان بەدیمەنی جوانتر و بەرچاوتر کەوت.

لەخانووی ئەشرافەکانی میسر، سەرەڕای گوڵزار و باخچە، باخەخورماش هەبوو و باخەوانە میسرییەکان، کە لە دنیای کۆندا لە زانستی باخەوانیدا، هاوتایان نەبوو، باخە خورما و باخی میوەیان بەجۆرێك پەروەدە دەکرد کە لە ڕۆژانی گەرمی هاوینی میسردا، کاتێك مرۆڤ دەچووە ناو باخچەکەوە، دەیبینی کە تەنانەت یەك پەڵە هەتاویش لەسەر زەوی باخچەکە دیارنییە. نەریتی باخەوانەکانی میسر ئەوەبوو کە درەختی میوە و بەتایبەتی داری مێو، لەژێر دارخورمای بەرزدا دەچاند و کەپریان بۆ مێوەکانیان فەراهەم دەکرد و دارخورما بەرزەکان، سێبەریان لەسەر دەرختی میوەکان دەکرد. درەختی میوە و بەتایبەتی کەپرە مێوەکان، سێبەریان بەسەر گۆڕاییی باخچەکەدا دەکرد. یوسف کوڕی یەعقوب، کە باپیری یەکێك لە دوازدە تیرەکەی ئیسرائیل بوو، دوای ئەوەی کە لەمیسر بوو بەکۆیلە، لەوێ ئەویان بە یەکێك لە گەورە پیاوانی دەربار بەناوی ((پوتیفار)) فرۆشت. یوسف لەیەکێك لەو باخانە زانستی باخەوانیی فێربوو و لە هەمان باخدا، سەرنجی پوتیفاری ڕاکێشا و پلەی بەرزبۆوە و بوو بەوەزیری گەورەی میسر.

یەهودییەکان، لە باخچەی ئەشرافەکانی میسر، میوەگەلێکیان بەرچاوکەوت کە هەرگیز لەژیانی خۆیاندا نەیان دیتبوو، خواردەمەنی ئەوتۆیان خوارد کە ئەوەندە بەتام و چێژ بوون، پێی سەرمەست ببوون.

لەماڵی ئەشرافەکاندا، تەختی نووستن و کورسی ئەوتۆ کەوتە بەرچاوی یەهودیان، کە لە تەختەی دارئەبەنۆسی ڕەش و عاج دروست کرابوون. هەریەکێك لەو تەختی نووستنانە، نرخیان بەرامبەر چەند غولام یان کەنیزێك بوو. ئەوان بیستیان کە تەختەی ڕەشی ئەبەنۆس و عاج لەوڵاتانی دوورەوە دێتە ناومیسر.

لەماڵی ئەشرافەکان، لەبەرامبەر پەنجەرەکان، پەردەی بەزێڕچنراو هەبوو و یەهودییەکان بینییان کە خاوەن ماڵەکان، لەکاتی نان خواردندا لە پشتی مێز دادەنیشن و ئەوەندە خواردن

لەسەر مێزەکە دادەنرێ هەروەکو بڵێی کەسانی ماڵەکە سەد کەس بن لە حاڵێکدا کە ژمارەیان لە چەند کەسێك تێنەدەپەڕی.

یەهوودییەکان، دوای ئەوە کە چوونە ناو ماڵی ئەشرافەکانەوە، بینییان کە غولام و کەنیزەکان لەنێو ئەوماڵەدا بۆ سەر چەند چینێك دابەش دەبن و هەر چینەی لەکارێکی دیارکراودا تاایبەتمەندی هەیە.

بەشێك لە غولام و کەنیزان، لە ئاش و نانەوایی و چێشتخانەدا خەریکی کارن. ئەرکی ئەوان ئەوەیە کە گەنم بهاڕن و بیکەنە ئارد و نان و باقی خواردەنەکانی دیکە ئامادە بکەن. ئەوان لە جێگاکانی تری ناماڵەکە نابینرێن.

دەستەیەکی تر لە کۆیلەکان لەناو گوڵزار و باخچە و باخە خورماکاندا خەریکی کارن. کاری ئەوان، لەسپێدەوە تا ئێوارە، خزمەتکردنی گوڵەکان و بژارکردنی گژوگیا و ئاودانن. ئەو خزمەتچییانە لەماڵی ئەشرافەکاندا، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی باخەوانەکاندا، کاردەکەن.

بەشێکی تر لە کۆیلەکان، لەنێو پشتیردا خەریکی کارکردن بوون و بەسەر ئاژەڵەکاندا رادەگەیشتن. ئەشرافەکان، چوارپێکانیان بە گالیسکەوە دەبەستەوە و گالیسکەکانیش لەنێو پشتیردا بوون.

ئەو کۆیلانەی کەلەنێو پشتیردا کاریان دەکرد، هەرگیز پێیان نەدەخستە ناو گوڵزار و باخچەکان و لە چوار چێوەی کاری خۆیان دەرنەدەچوون. بەشێکی تر لە کۆیلەکان، کەسانێك بوون کە لەناو ژووری ماڵەوەدا کاریان دەکرد، جل و بەرگی خاوەن ماڵی خۆیان رێك دەخست. یان شۆردنی خاوەن ماڵیان بە ئەستۆ دەگرت و قژی پیاوان یان ژنەکانیان ئارایش دەدا.

هێندێك لەوانە خزمەتکار بوون و جگە لە هێنانی خواردن یان خواردنەوە کارێکی تریان نەبوو. یەهودییەکان سەرنجیاندا کە خاوەن ماڵ، خزمەتکارەکان، لەبەینی کۆیلە جوانەکاندا هەڵدەبژێرن تا لەکاتی خواردن یان خواردنەوەدا رووخساری جوان ببینن.

یەهوودییەکان، بەرلەوەش بچنە ناو ماڵی میسرییەکانەوە، بەتایبەتی ماڵەکانی چینی ناوەڕاست و ئەشرافەکانی میسر، دەیانزانی کە بەدبەختن، بەڵام دوای ئەوەی کە ژیانی میسرییەکانیان لەناوماڵەکانی خۆیاندا بینی، زیاتر لەجاران درکیان بە بەدبەختی خۆیان لەمیسردا کرد. چونکە بەپێی پرەنسیپێکی گشتی، مرۆڤ ناتوانێ بەدروستی پەی بە بێبەشی خۆی ببا تەنیا ئەوکاتە نەبێ کەوەزعی ژیانی خۆی لەگەڵ کە سانیتردا بەراورد دەکا.



یەهودییەکان، پاش بەراوردکردنی ژیانی خۆیان لەگەڵ ژیانی میسرییەکان، خۆیان لەوە بە بەدبەخت تر دەبینی کەوێنایان دەکرد.

لەوکاتەدا یەهودییەکان، تاڕادەیەك یەقینیان لەلا دروست ببوو کە ئەوان بەتەواوی ئازاد دەبن و هەر بەوجۆرەی کە مووسا گوتویەتی لەمیسر دەرۆن و لەبیابان خەریکی خواپەرستی دەبن. بەڵام پاش بینینی سامانی میسرییەکان، بیریان کردەوە کە نابێ ئەوان بەدەستی بەتاڵ لەمیسر بڕۆن و ئەوان بیری ئەوەیان بۆ هات کە بەشێك لەسامانی ئەشرافەکان و چینی ناوەندی میسر بەرەنجامی زەحمەت و بێبەشی ئەوانە. ئەوان بەئەندازەی ئەو رەنج زەحمەتەی کە لەمیسر کێشاویانە (بێ ئەوەی کە مزێك وەربگرن)، دەبێ لەسامانی ئەو وڵاتە بەهرەمەند بن و لەگەڵ خۆیاندا بیبەنە بیابان.

ئاخێوەرییەکان[٢٥] دەیانزانی کەناتوانن سامانی خەڵکی میسر، بەزۆر لەوان بستێنن. چونکە سەرباری ئەوەی کە مووسا رەزامەندی لەسەر ئەوکارە نەدەدا و نەیدەویست بە زۆر شتێك لە میسرییەکان بستێنرێ، لە میسر، سووپایەکی بەهێز هەبوو، کە بەرگری لەخەڵك، بەتایبەتی لە چینی ئەشرافەکانی دەکرد و رێگەی نەدەدا یەهوودییەکان دەست درێژی بکەنە سەرماڵی میسرییەکان.

دوای ئەوەی فیرعەون فەرمانی ئازادکردنی ژنان و منداڵە ئیسرائیلییەکانی دەرکرد، مامەڵەی پاسەوانان لە کێڵگە و کارگەکانی بینا دروست کردندا، لەبەرامبەر کۆیلەکاندا گۆڕانی بەسەرداهات، لەنێوان مووسا و فیرعەوندا وەزعی حاڵەتی لاشەڕ دامەزرا. چونکە مووسا یەقین بوو کە سەرکەوتوو دەبێ و فیرعەون کە رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی ژنان و منداڵانی ئەوان کردووە، ناچار دەبێ رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی پیاوانی یەهودییش بدا.

لەکارگەکاندا، پاسەوانانی میسری نەتەنیا هەر ئاخێوەرییەکانیان ئازادکردبوو کە نیوەڕۆ بخەون، بەڵکو پاش لەخەوهەستانیشیان ئەگەر بیانویستبایە کارنەکەن، ئەوانیان ناچاری کارکردن نەدەکرد، چونکە دەیانزانی خوایەکی بەهێز پشتیوانی ئەوانە.

کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کاتێك تێگەیشتن کە دەتوانن خۆیان لەکارکردن ببوێرن، کاریان نەدەکرد بەڵام بەشەخواردنی رۆژ و شەوی خۆیان وەردەگرت.

---

(٢٥) ئاخێوەرییەکان: پەیڕەوانی ئاخێوەر لەگەڵ خواوەند.

مەبەست لە ئاخێوەر: مانای کەسێك کە ئاخاوتنی لەگەڵ خواوەند دا کردووە، واتا حەزرەتی مووسا (س).

سەرپەرشتیاران، هەواڵیان گەیاندە فیرعەون کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کارناکەن بەڵام بەشەخواردنی خۆیان وەردەگرن، ئاخۆ چییان لێ بکەین؟

فیرعەون گوتی: بەشە خواردنی خۆیان بدەنێ هەرچەندە کاریش نەکەن.

لەوەو پاش، سەرپەرشتییاران، دووچاری گێروگرفت بوون، و چاودێریکردنی غولامەکانی دیکەیان زیاتر کرد. غولامەکانی دیکە دادوسکاڵایان دەکرد کە بۆچی کۆیلە ئیسرائیلییەکان کارناکەن و بەشە خۆراکی خۆشیان وەردەگرن. سەرپەرشتیاران بە کۆیلە ئیسرائیلییەکانییان گوت: ئێوە بەشەخۆراکی خۆتان لە دەرەوەی کارگە وەربگرن تا نەبنە بایسی ئێرەیبردنی کۆیلەکانی تر.

لەناو کێڵگەکاندا، کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کاریان دەکرد بەڵام بێ ئەوەی کارەکەیان دژوار بێ. دەکرێ بگوترێ کە ئەوان لە نێو کێڵگەکاندا، وەکو خووگرتنێك کاریان دەکرد، یاخوود وەکو ئەوەی کە چێژ لە کاری سووکی کشتوکاڵیی بکەن، کاریان دەکرد.

ئەو یەهودییانەی لەکارگەکانی بینادروستکردندا کاریان دەکرد، لەوێ کارێکییان نەبوو جگەلەوەی کە بەشە خۆراکی خۆیان وەربگرن.

ئەوان هەر لە سپێدەوە تا کاتی ئێوارە، کاتی خۆیان لە دەشتەکانی دەوروبەری کارگە و لێواری رووباری نیل (هەموو تەلارەگەورەکانی میسر لە لێواری رووباری نیل دروست دەکران هەربۆیەش هەموو کارگەکانی بینادروستکردن لە لێواری شەتی نیل بوون) بەسەردەبرد. ئەوان رۆژی دووجار بۆ وەرگرتنی خۆراك بەرەو کارگە دەچوون، جارێکیان کاتی نیوەڕۆ و ئەویتر کاتی شەو.

سەرپەرشتیارانی بینادروستکردن، کە لە کۆیلانی بێکاری ئیسرائیلی نێو کارگەکاندا نارەحەت بوون، داوایان لە فیرعەون کرد کە خواردنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان حەواڵەی جێگایەکی دیکە بکرێ بۆ ئەوەی ئەوانەی کە کارناکەن، بۆ وەرگرتنی خۆراك نەیەنە کارگە و نەبنە هۆکاری ئێرەیی و تووڕەیی کۆیلەکانی دیکە کە خەریکی کارکردنن.

فیرعەون، فەرمانی دا بەشەخۆراکی کۆیلە ئیسرائیلییەکان کە لەکارگەکاندا کاردەکەن، حەواڵەی شارەکان بکرێ و ئەوان با لەشارەکانی میسر نیشتەجێ بن.

فەرمانڕەوایانی میسر، لەنێوشارەکان، راسپێردران، کە خۆراك بدەنە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، و ئەنوایەکیشیان بۆ نیشتەجێ بوون بدەنێ تا تێییدا بحەوێن. لەوە و پاش کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کەلە شارەکاندا کاتی خۆیان بەبێکاری بەسەردەبرد، لەگەڵ خەڵکی میسردا پەیوەندییان



پەیدابوو و هێندێك خەڵك ئەوانیان بۆ نان خواردن دەبردەوە ماڵەکانی خۆیان. یەهودییەکان دیقەتیاندا کەچینی ناوەند و ئەشرافەکانی میسر، بەجۆرێکی خۆشگوزەران ژیان بەسەردەبەن.

لەشارە گەورەکانی میسر، کۆیلە ئیسرائیلییەکان کەهیچ کارێکیان نەبوو، جاروبار لەمیوان پەروەری میسرییەکان بەهرەمەند دەبوون و لە پشت مێزی میوانداریی میسرییەکان، خواردنیان دەخوارد. خواردەمەنی بەتامی وەکو مراوی سوورەوەکراو و کەبابی گۆشتی مەڕیان دەخوارد.

بەڵام لەشارە بچووکەکان، کەس بانگهێشتی یەهودییەکانی نەدەکرد، چونکە دانیشتووانی شارە بچووکەکانی میسر، داراییان نەبوو تا یەهودییەکان بانگێشت بکەن و یەهودییەکان ناچاربوون، بەوخۆراکە دابین بن کەلەلایەن فەرمانڕەوای شارەوە دەیاندرایە.

رۆژێك ژمارەیەك لە کۆیلانی بێکاری یەهودی، لەشاری (یەلوە)، کە شارێکی بچووکی میسر بوو، وەکو هەموو شاروشارۆکەکانی دیکەی ئەو وڵاتە لەلێواری رووباری نیل بوو، هێرشیان بردە سەر دوکانێکی خۆراك فرۆشی، کە خواردنی ئامادەکراوی دەفرۆشت، تا خواردنەکانی ئەو دوکانە بخۆن.

خاوەن دوکان و شاگردەکەی، هەوڵیاندا بەرگری بکەن و ویستیان کۆیلەکان لەدوکانەکەیان بکەنە دەرەوە. بەڵام چونکە ئەوان دووکەس بوون و ژمارەی کۆیلەکان زۆربوو، لەپەل و پۆ کەوتن و یەهودییەکان، هەرچی خواردنی ئامادەکراوی ناو دوکانەکە هەبوو، خواردیان و رۆژی دواتر لەو شارە بچووکەدا، لەترسی کۆیلانی یەهودی، هیچ دوکانێك نەکرایەوە.

فەرمانڕەوای شاری (یەلوە) هەواڵی ئەم رووداوەی گەیاندە فیرعەون و گوتی کە لە شارەکەدا هیچ کەسێك دوکانی خۆی ناکاتەوە، چونکە دەترسن کاڵاکانیان بکەوێتە بەردەستی کۆیلە ئیسرائیلییەکان .

فیرعەون دەیتوانی دەستەیەك سەرباز بنێرێتە شاری (یەلوە) تا کۆیلە ئیسرائیلییەکان سزا بدەن، بەڵام خۆی لەوکارە نەدا و داوای ئامادە بوونی مووسای کرد.

مووسا، جارێکی تریش لەچوونە کۆشکی پاشایەتی خۆی بوارد و لەجیاتی خۆی، نوونی ناردە کۆشکی پاشایەتی تابزانێ بۆچی فیرعەون داوای ئامادە بوونی ئەوی کردووە.

فیرعەون، کە تێگەیشت مووسا بەپێی ئەو بەڵێنە کە داویەتی ئامادە نییە بێتەلای وی، بە نوونی گوت: من بۆ یارمەتیدانی ئیسرائیلییەکان بوو کە گوتم ژنان و منداڵانی ئیسرائیلی لەکارکردن ببەخشرێن و، لەکارگەکان و کێڵگەکانیشدا سەختگیریی لەگەڵ کۆیلە ئیسرائیلییەکان دا مەنوێنن. ئاسانکاریی من بەڕادەیەکی لێهات کە ئیدی کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەستیان لەکارکردن کێشایەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا گوتم کە بەشەخۆراکی ئەوان بدەن تا بەبرسێتی نەمێننەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی بوونی ئیسرائیلییەکان لە کارگەکانی بینا دروست کردندا، ژاوەوپێشوی دەنایەوە، و کۆیلەکانی دیکە دەیانگوت بۆچی ئێمە ئاواتە بکرێین و کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە کارکردن دەبەخشن. من لەسەر داخوازی سەرپەرشتیاران رازی بووم کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان کە لەکارگەکانی بینا دروستکرندا خەریکی کارکردنن، بگوازنەوە بۆ شارەکان، و ئێستا ئەوان لە شارەکانی میسردا، خۆراکی خۆیان وەردەگرن و لەو ئەنوایانەدا کە بۆیان دیاریکراوە، دەخەون بێ ئەوەی کارێك ئەنجام بدەن.

سەرەڕای ئەوەش کە کارناکەن، من گوتم بەحاڵی خۆیانەوە وازیان لێبێن و دەخلتان بەسەریانەوە نەبێ. بەڵام ئێستا تێدەگەم ئەو ئاقڵمەندەی کە گوتوویەتی شەڕ لە بەتاڵیی چاکترە، قسەیەکی راستی گوتووە چونکە کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە شاری ((یەلوە)) لەبەر بێکاری هێرشیان بردۆتە سەر دوکانێکی خۆراك فرۆشی و خاوەن دوکان و شاگردەکەیان لەناوبردووە و هەرچی خواردنی ئامادەکراوی ئەو دوکانە هەبووە هەموویان خواردووە.

بۆیە من وابیردەکەمەوە کە نابێ لەمەزیاتر لەبەرامبەر کۆیلە ئیسرائیلییەکان، بێباکی پیشان بدرێ و من فەرمان دەدەم کە ئەوانە بگێڕنەوە بۆ کارگەکان. چونکە ئەو کارەی کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە شاری (((یەلوە)) کردوویانە لەوانەیە لەجێگای تریش تەنانەت لە پایتەختیشدا، دووبارە بێتەوە و کۆیلە ئیسرائیلییەکان لەبەر بێکاری، هێرش بەرنەسەر دوکان یان ماڵی خەڵك و هەرچی لەدوکانەکان یان لەماڵەکاندا هەیە بەتاڵانی بەرن.

نوون گوتی: ئەی فیرعەون تۆ خۆت دەڵێی کە لە شاری (یەلوە)، کۆیلە ئیسرائیلییەکان هێرشیان بردۆتە سەر دوکانێکی خۆراك فرۆشی و هەرچی خواردنی ئامادەکراوی ئەو دوکانە بووە خواردوویانە. ئەم بابەتە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەمانە مەبەستی دزییان نەبووە، چونکە ئەگەر مەبەستیان دزی بووایە، هەوڵیان دەدا شتێك بەرن کە بەهایەکی هەبووایە نەك هەرتەنیا سکی خۆیان تێر بکەن.

ئایا هەرگیز لەوڵاتی میسر، شتێکی وا روویداوە دزێك یان دەستەیەك دز، هێرش بەرنەسەر دوکانێکی چێشت لێنان و خواردنی ئامادەکراو بدزن؟

هەڵبەتە نەخێر.



کەوابوو ئەوەی کۆیلە ئیسرائیلییەکانی ناچار کردووە هێرش ببەنە سەردوکانێکی خۆراك فرۆشی و خواردنی ئامادەکراو بخۆن، برسێتی بوو. چونکە ئەو بەشە خۆراکەی کەدەیاندرێتێ بۆ تێرکردنی هاونەژادانی من بەش ناکا و ئەوان پێویستیان بە خواردنی زیاتر هەیە.

لەبارەی ئەوەش کە بێکاری ئەوانی ناچار کردووە کە ئەم کارە بکەن بێکاری نییە، بەڵکو برسێتییە.

تا ئەمڕۆ هاونەژادانی من، حوکمی ئەوەیان بەسەردا درابوو کە بەبرسێتیی بمێننەوە و بەو بڕە خواردنە هەڵکەن کە پاسەوانەکان دەیاندانێ، بەڵام ئەمڕۆ کە ئارەزووی خۆراك خواردن بەدەستی خۆیان دەبێ، حەز دەکەن ئەوەندە بخۆن تاتێر دەبن. ئەو بەشە خۆراکەی تۆ بۆ هاونەژادانی منت دیاری کردووە، بەشیان ناکا و ئەگەر بەشەخۆراکی ئەوان زیادبکەی هەرگیز دەست بۆ خواردنی کەسانیتر درێژ ناکەن.

جگە لەبابەتی چەندایەتی خۆراك، چۆنایەتی خۆراکیش گرنگیی خۆی هەیە. ئیسرائیلییەکان پێویستە خواردنی جۆربەجۆر بخۆن. تۆ خۆت دەتوانی هەموو تەمەنی خۆت یەك جۆر خواردن بخۆی و جۆرەکانی تر نەخۆی؟

فیرعەون گوتی: من فیرعەونم و ئەوان کۆیلەن، کۆیلە دەتوانێ هەموو تەمەنی خۆی یەك جۆر خواردن بخوا، بەڵام خواردنی من دەبێ بەردەوام بگۆڕێ.

نوون گوتی: ئەوانیش وەکو تۆ مرۆڤن و سکیان هەیە و حەز دەکەن خواردنی جۆربەجۆر بخۆن، لەبەر ئەوەی تۆ خواردنی جۆربەجۆریان نادەیەی، ناچارن دەست بۆ خواردنی کە سانیتر درێژ بکەن. تۆ ئەگەر خواردنی تەواو و جۆربەجۆریان بدەیەی، هەرگیز چاونابڕنە خواردنی کەسانیتر.

فیرعەون حەزی نەدەکرد لەبارەی بەشە خۆراکی کۆیلە ئیسرائیلییەکان فەرمانێك دەربکا، چونکە دەیزانی ئەگەر بڵێ خواردنی زیاتر بدەنە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، و با خواردنی جۆربەجۆر بخۆن، دەبێ زیاتر خەرجی بدات.

سەرباری ئەمەش بۆ ئەوەی کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان جارێکی تر پەلاماری دوکانەکانی خواردن فرۆشی نەدەنەوە، لەڕووی ناچارییەوە، فەرمانی زیادکردنی بەشە خۆراکی ئیسرائیلییەکانی دەرکرد.

خواردنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان تا ئەوکاتە، بریتی بوو لەنان و پاقلە و هەر پێنج رۆژ جارێك ماسییان دەدانێ، ئەوماسییانەش لە هەرزان ترین جۆری ئەو ماسییانە بوون کە لە رووباری نیل راودەکران.

فیرعەون لەنوونی پرسی: چ جۆرە خواردنێك دەبێ بدرێتە هاونەژادانی تۆ؟

نوون گوتی: ئەمانە تا ئەمڕۆ تامی گۆشتی مەڕیان نەکردووە، فەرمان بدە کەهەر سێ ڕۆژ جارێك گۆشتی مەڕیان بدەنێ. فیرعەون گوتی: من ناتوانم ئەم فەرمانە دەربکەم چونکە گۆشتی مەڕ گرانە، ئەگەر کۆیلە ئیسرائیلییەکان گۆشتی مەڕبخۆن، دەبێ من هەرچی زێڕ و زیوی هەمە، بۆ کڕینی مەڕ، خەرجی بکەم، بەڵام دەڵێم گۆشتی مراوییان بدەنێ[٢٦].

نوون پرسی: هەرچەند ڕۆژ جارێك مراوییان دەدەیەی؟

فیرعەون وەڵامیدایەوە: هەر چل ڕۆژ جارێك.

گوتنی ئەم ژمارەیە لەلایەن فیرعەونەوە پێشینەیەکی یادەوەریی هەبوو. لەمیسر ژمارەی چل، بە ژمارەیەکی پیرۆز دادەنرا. چونکە میسر، ئاموون و چل خوای پلەیەکی هەبوو. ئەم ژمارەیە پاش ئەوەی کە قەومی ئیسرائیل لەمیسر چوونە دەرەوە، لای ئەوانیش بووە مایەی سەرنج و بایەخ. دوورنییە یەهودییەکان، کەماوەیەکی دوورودرێژیان لەمیسر بەسەر بردبوو، هۆگرییان بەژمارەی چل، لەمیسرییەکانەوە وەرگرتبێ.

نوون گوتی: ئەی پاشا، مراوی دان بە هاونەژادانی من لەماوەی چل ڕۆژ جارێك، وەکو نەدانی وایە و ئەوان پاش چل ڕۆژ تەنانەت تامی مراوییان لە بیردەچێتەوە.

فیرعەون گوتی من فەرمان دەدەم کە هەر سی ڕۆژ جارێك مراوییان بدەنێ.

نوون گوتی: ئەمەش هەروەکو نەدانە.

ئەمڕۆ ئێمە سەرمان سووڕ دەمێنێ چۆن پیاوێکی وەکو فیرعەونی میسر، کە گەورەترین و دەوڵەمەندترین پاشای زەمانی خۆی بوو، لەسەر پێدانی مراوی هەرزان بەها بەژمارەیەك کۆیلەی ئیسرائیلی درێژدادڕی دەکرد. ئاخۆ ئەم پیاوە دەسەڵاتدار و خاوەن سامانە، ئەوەندە خەسیس و گیر بووە کە ژمارەیەك مراوی بەلایەوە زۆر بوو؟

---

(٢٦) لەمیسری کۆن، دوای ماسی، هەرزان ترین گۆشت، مراوی بوو، بەتایبەتی لەوەرزی پایز بەدواوە،مراوی زۆر دەبوو، چونکە مراوی لەناوچە ساردەکانی باکوور بەرەو میسر کۆچییان دەکرد.

(٢٧) لەوەرزەکانی بەهارو هاوینیشدا لەمیسر، مراوی هەبوو بەڵام بەئەندازەی وەرزی زستان و پاییز نا. مایەوە بڵێین ئێمە ناوی چوار وەرزە، بەپێی پێوەری وەرز ناسی ئەمڕۆ بەکاردەبەین، بەڵام لەمیسری کۆن تەنیا سێ وەرزهەبوو (ز — م)



ڕاستیییەکەی شتێکی ترە. فیرعەون مراوی هەرزان بەهای بەلاوە بێبایەخ بوو، بەڵام ئەو لەو ڕووەوە درێژدادڕی دەکرد کە نەیدەویست بە پێچەوانەی ئارەزووی دڵی خۆی شتێك بداتە یەهودییەکان.

فیرعەون، هەستی دەکرد جارێکی تریش لەبەرامبەر یەهودییاندا، کە لە ڕابردوودا کۆیلەی ئەوبوون، لاوازە و ئەوان دەیانەوێ بەزۆر شتێکی لێ بستێنن. ئەو، لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی دەسەڵاتی خۆی بەکار بهێنێ، پەنای بۆ بڕوییانوو دەبرد و مەسەلەی گرانیی گۆشتی مەڕی دێنایە پێشەوە.

دوای ئەوەی نوون پێی گوت کە سی ڕۆژیش هەرچل ڕۆژە، فیرعەون گوتی هەر بیست ڕۆژجارێك مراوی بدرێتە ئیسرائیییەکان.

نوون، ئەم قسەیەی قبوڵ نەکرد و پاشان، ڕەزامەندی بەدەست هێنا کە هەر دە ڕۆژ جارێك مراوی بدرێتە یەهودییەکان.

نوون، داوای لە فیرعەون کرد کە فەرمان بدا بڕێکی تەواو لەمراوی بدەنە ئیسرائیلیەکان. فیرعەون گوتی: دەڵێم کە هەر دەکەس و مراوییەکیان بدەنێ. نوون گوتی: ئەگەر ئیسرائیلییەکان منداڵیش بن بەوەندە مراوییە تێر ناخۆن.

دوای ماوەیەك درێژدادڕی، فیرعەون ڕەزامەندی دا کەهەر دە ڕۆژ یەك جار، سەرەڕای نان و پاقلە، کە دەدرایە هەر یەهودییەك، چارەگە مراوییەك بدرێتە هەر نەفەرێك و پشکی نان و پاقلەش دووبەرامبەر بکرێ.

ئەوەبوو ئاڵ و گۆڕێك لە خواردنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان هاتەدی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ یەهودییەکان، کە هێشتا ناونیشانی کۆیلەیان هەبوو، سەرکەوتنێك بوو. ئەوان، لەو ڕۆژە بەدواوە، نان و پاقلەی تەواویان وەردەگرت و هەموو ڕۆژیش جارێك ماسی و هەر بەدە ڕۆژیش یەك جار مراوییان دەدرایە.

بەڵام ختوکەی ژیانی خۆشی میسرییەکان و حاڵ وباری پڕ لە ئاڵ و واڵای ژیانی ئەشرافەکان، ئارامیی لە ئیسرائیلییەکان بڕی بوو. ئەوان بە مووسا و نوونیان دەگوت کە ئێمە نابێ بەبێ بەش لە سامانی میسرییەکان لەم وڵاتە بچینە دەرەوە و لەبیابان بژین. چونکە بەشێك لەم سامانە، بەرەنجامی ڕەنج و زەحمەتی ئێمەیە. مووسا ئامۆژگاری دەکردن کە دەبێ دان بەخۆتاندا بگرن و دیگوت: خۆتان لەسەر ئارام گرتن ڕابهێنن و من هیوادارام دوای ئەوەی کە لە میسر چووینە دەرەوە، یاهوو هەموو شتێکتان بداتێ.

سەرەڕای ئەوەی کە مووسا بە یەهوودییەکانی دەگوت خۆتان لەسەر دانبەخۆداگرتن ڕابهێنن، ڕۆژێك لە شاری (کوم) هەواڵێك گەیشتە فیرعەون و بە گوێرەی هەواڵەکە ئیسرائیلییەکان هێرشیان بردبووە سەر ماڵی چەند کەسێك لە دانیشتووانی شار و هێندێك کەل و پەلی ناوماڵی ماڵەکانیان بردووە. فیرعەون داوای ئامادە بوونی مووسای کرد. دیسانەوە نوون لەجیاتی مووسا چووە کۆشکی پاشایەتی و فیرعەون گوتی: تۆ دەتگوت هێرشی ئیسرائیلییەکان بۆ دوکانی خۆراك فرۆشی لە برسێتییەوە بناوانی گرتووە. من بەشە خۆراکی ئەوانم دووئەوەندە زیادکرد و گوتم مراویشیان بدەنێ، کەچی هاونەژادانی تۆ لە شاری کوم هێرشیان بردۆتە سەر ماڵی خەڵك و کەل و پەلی ناوماڵی ئەوانیان دزیوە. ئەمجارەیان پێویستە دزەکان بە سزای خۆیان بگەیەنم تا جارێکی تر هاونەژادانی تۆ نەتوانن هێرش بکەنە سەر میسرییان و ماڵی ئەوان بدزن.

نوون گوتی: دەتەوێ چ بکەی؟

فیرعەون وەڵامیدایەوە: فەرمان دەدەم کە هەموو ئیسرائیلییەکان، کە لەشاری کوم دزییان کردووە، دەستگیر بکەن و ماڵ و کەل و پەلی میسرییەکانیان لێ بستێنەوە و پاشان بیانکوژن.

نوون گوتی: ئەی پاشا ئەم کارەمەکە چونکە دەبێتە هۆی تووڕە بوونی مووسا و ئەو تووشی نارەحەتیت دەکا.

فیرعەون گوتی: من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم مشتێك خەڵکی بێگانە کە ماڵی شوێنکەوتووانی منیان دزیوە، ومن بۆ سزادانیان کارێك نەکەم.

نوون گوتی: ئەی پاشا مەڵێ هاونەژادانی من ماڵی شوێنکەوتووانی تۆیان دزیوە، چونکە ئەوانە دزنین بەڵکو پشکێك لەماڵی خۆیانیان لەمیسرییان وەرگرتۆتەوە.

فیرعەون گوتی: ئایا ستاندنی ماڵ و کەل و پەل لەخەڵك بەزۆر و زۆرداری، دزی نییە؟

نوون گوتی: میسرییەکان زەمەنێکی دووردرێژ هەموو تاکەکانی قەومی ئیسرائیلیان بەزۆر و زۆرداری، ناچارکرد بوو کە کۆیلەتی بکەن. ناچاریان کردبوون سەختترین کار بکەن بێ ئەوەی مزێکیان بدەنێ. تۆ ئەم کارە بەدزی نازانی، بەڵام ئەگەر چەند ئیسرائیلییەك بڕێك لە بەرەنجامی ڕەنجی خۆیان لەمیسرییان بستێنن، تۆ ناوی دزی لێ دەنێی!

مەنەفتە کاتێك گوێی لەم قسەیە بوو، بەجۆرێك تووڕە بوو کە ڕەنگی سوور هەڵگەڕا و کەوتە سەر بیری ئەوە کە نوون بەدەستی جەللاد بسپێرێ، بەڵام لە ئاکامی خراپیی کارەکەی خۆی ترسا و گوتی: ئەمجارەیان لە سزادانی دزەکان دەبوورم، بەڵام ئەگەر جارێکی تر



هاونەژادانی تۆ دزی بکەن، فەرمانی کوشتنیان بۆ دەردەکەم. جگە لەمەش، لێرە بە دواوە، هەموو تاکەکانی قەومی ئیسرائیل دەبێ لە پایتەخت بژین.

نوون گوتی: لەم قسەیەیاندا، رایەکی نالێکم نییە.

مەبەستی فیرعەون لەهێنانی کۆیلە ئیسرائیلییەکان بۆ پایتەخت، ئەوەبوو کە بتوانێ بیانخاتە ژێر چاودێرییەوە.

فیرعەون، لە شارە بچووکەکانی میسر، هێزێکی تەواوی بۆ جڵەوکردنی کارە توندڕەوییەکانی ئیسرائیلییەکان نەبوو. بەڵام لەپایتەختی میسر هێزێکی جەنگیی بەهێزی هەبوو و دەیتوانی جڵەوی ئیسرائیلییەکان ڕابگرێ.

جارێکی تر، کاری فیرعەون لە لێڕوانینی ئێمەدا بەدوور لە ئەقڵ خۆی دەنوێنێ. ئێمە سەرمان سووڕ دەمێنێ کە بۆچی مەنەفتە، فیرعەونی میسر، ئیسرائیلییەکانی ئازاد نەدەکرد تا لەمیسر بچنە دەرەوەو لەبیابان بژین.

تا ئەورۆژەی کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان کاریان بۆ فیرعەون دەکرد، هێشتنەوەی ئەوان لە میسر، کارێکی مەنتیقی بوو. چونکە مەنەفتە سوودی لە کاری ئەوان وەردەگرت، بەڵام دوای ئەوەی کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەستیان لەکار هەڵگرت و فەرمانبەرانی پاشای میسریش ئەوانیان بەحاڵی خۆیانەوە بەرەڵاکردبوو کە تا هەرچۆنێك کە خۆیان حەزیان لێبوو، ڕەفتار بکەن. هێشتنەوەی ئیسرائیلییەکان لەمیسر، کارێکی دوور لە ئەقڵ بوو.

لەبەر ئەوەی فیرعەون نەك هەر تەنیا سوودی لەکاری ئەوان وەرنەدەگرت، بەڵکو ناچاربوو خواردنی ئەوانیش دابین بکا، ئەگینا ئیسرائیلییەکان هێرشیان دەبردە سەر خەڵك و ئازووخەکانی ئەوانیان دەبرد، یان وەکو ڕووداوەکەی شاری کوم، دەست درێژییان دەکردە سەر ماڵی میسرییەکان.

بەڵام فیرعەون نەیدەتوانی تەحەمولی ئەوەبکا کە ئیسرائیلییەکان، ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەودا بسەپێنن. ئەو وای بیردەکردەوە کە بە هێشتنەوەی ئیسرائیلییەکان لەمیسر، هێشتا بەسەر ئەواندا باڵادەستە.

جگە لەمەش فیرعەون، هەروەکو میسرییەکانی دیکە، باوەڕی وابوو کە خوای بێگانە، کە بە یاهوو ناودەبرێ، گەرچی بەشێوەیەکی کاتی بەسەر خوایانی میسردا سەرکەوتووە، بەڵام ئەو دەسەڵاتەی وی هەمیشەیی نابێ و جارێکی تریش، لەوانەشە بەزوویی، خوایانی میسر ببنەوە

خاوەن دەسەڵات. ئینجا بە پشتیوانی ئەوان، هەمووکۆیلە ئیسرائیلییەکان، و لەسەرووی هەمووشیانەوە مووسا، بکوژێ.

ف، وەکو هەموو میسرییەکان، لاوازیی خوایانی میسری، والێك نەدەدایەوەکە لەخودی ئەوانەوە بێت، بەڵکو باوەڕی وابوو کەمیسرییەکان بوونەتە بایسی لاوازیی خواکان.

بە گوزارشتێکی تر، فیرعەون، خواکانی میسری بەکەمتەرخەم نەدەزانی، بەڵکو خەڵکی میسری بەگوناهبار دەزانی. ئەو وای بیردەکردەوە کە ئەو و میسرییەکانی تر، گوناهیان کردووە و لە ئەنجامدا خواکان، ئەوانیان لە پشتیوانی خۆیان بێبەش کردووە.

گوناهیش لە لێڕوانینی فیرعەوندا، هەروەکو هەموو خەڵکی میسر، بریتی بوو لە کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی وەزیفەگەلێك کە بەسەرشانی ئەو و میسرییەکانی ترەوەیە لەهەمبەر خواکانیان. چونکە لەو سەردەمەدا لەمیسر، گوناه، جگە لەمە مانایەکی دیکەی نەبوو. دەست درێژیی بۆ سەر کەسانیتر، تەنانەت ئەگەر بە کوشتنیش تەواو بووایە، بە گوناه نەدەژمێردرا. گەرچی ئەگەر کەسێك، کەسێکی تری بکوشتبایە، سزا دەدراو دەکوژرایەوە، بەڵام زەلام کوشتن گوناهێك نەبوو کە خواکان تووڕە بکا و ئیتر لەسەرینی ئەوەوە پارێزگاریی لە میسرییەکان نەکا.

فیرعەون بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، بیری دەکردەوە کە تووڕەیی خواکانی میسر، لەو و هەموو خەڵکی ئەو وڵاتە هەمیشەیی نابێ و ئەو، جارێکی دیکەش بەسەر ئیسرائلییەکاندا زاڵ دەبێ و تۆڵەی خۆی بەسەختی لەوان دەستێنێتەوە، و بۆ هەتا هەتایە خۆی لەدەست هەراسان کردنی ئەوان، ئاسوودە دەکا.

کەوابوو ئەو دەبێ وەخت بەسەر ببا تا خواکانی میسر، کە ئێستا پشتیوانی لەو و هەموو خەڵکی میسر ناکەن، جارێکی تر بەزەیی و لوتفیان بێتەوە بەر و خوای بێگانە لەوڵاتی میسر بکەنە دەرەوە.

فیرعەون بەم دوو بەڵگەیە رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل و چوونە دەرەوەی ئەوان لەمیسر، نەدەدا.

فیرعەون بەنوونی گوت کە بڕواو رۆژی دواتر بێتەوە. مەبەستی فیرعەون ئەوەبوو کە فەرمانڕەوای پایتەختی میسر و هەروەها کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون بانگ بکا و لەڕوانینی ئەو دووانە لەبارەی ئیسرائیلییەکانەوە بپرسێ.



فیرعەون، کۆڕی راوێژکاریی گەورەی پێك نەهێنا، چونکە نەیویست بیروڕای ئاقڵمەندان تاوتوێ بکا، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو کە بڕیارێکی دەسبەجێ وەربگرێ. وەرگرتنی بڕیاریش پێویستی بە ئاگاداربوون لەبارەی روانینی ئەم دووکەسە هەبوو کە فەرماندەیی هێزی جێبەجێ کردنی میسرییان بە ئەستۆوە بوو، گەرچی یەکێك لەم دووانە روحانییش بوو.

کاهینی گەورە کە بە فەرمانی فیرعەون هاتبوو، بەتەختی داربەستەوە هاتە نێوکۆشکی پاشایەتی، لە حەوشەی کۆشك، لەسەر تەختی داربەست، کە غولامەکان بەسەر شانیانەوە هەڵیانگرتبوو، هاتە خوارێ.

هەر لەسەری تاشراوی ئەو پیاوەوە تا دەگاتە نووکی پێی لەخەنەگیراوی، شوێنەواری تووندوتیژی، بەجۆرێك دەکەوتە بەرچاو کە تەنانەت بێگەردترین باوەڕداری خوای گەورەی میسر، ئاموون، ئەوەی بە پەسەندتر دەزانی کە هەرگیزاو هەرگیز چاوی پێی نەکەوێ و لەگەڵ ئەوپیاوەدا قسە نەکا.

کاهینی گەورەی پەرستگا، لە پارچەکەوڵ بەولاوە شتێکی دیکەی لەبەردا نەبوو. پێڵاوەکەشی هەر لە پێستەی خاو، مانای خۆشنەکراو، بوو. لەحاڵێکدا کە لەمیسر، پێڵادرووی لێهاتووی لێبوو، و پێڵاوی جوانیان بۆ ژنان و پیاوان دروست دەکرد. بەڵام کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، لەجیاتی پێڵاو، بەردەوام دووپارچە پێستەی خاو (خۆشنەکراو)ی لەپێی خۆی دەبەست و پێیانەوە دەڕۆیشت. لە بەرئەوەی هەمیشە بەسەرتەختی داربەست لەمسەرەوە دەچووە ئەوسەر، ناچار نەبوو کە بەوپێڵاوە نائاسودانەوە بە پیادە بە کۆڵانەکانی پایتەختی میسر یان شارەکانی تر، کە لە هێندێك جێگادا بە بەردی ناهەموار فەرش کرابوو، بەڕێگادا بڕوا.

کاهینانی میسر، کراسی جوان و گرانبەهای کەتانی میسرییان لەبەردەکرد، کە هەر وەکو قوماشی ئاوریشم ناسك بوو.

تەنیا کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون کەوڵی لەبەردەکرد و دارێکی گرێ گرێی، لەڕاستیدا گۆپاڵێکی گرێ گرێی بەدەستەوە دەگرت.

ئەمڕۆ کە دەزانین تیرەی مرۆڤ لەسەرەتادا ئەشکەوتنشین بووە، لەسەردەمێك کە (بەسەردەمی بەرد) ناسراوە، کەوڵی لەبەردەکرد، و بەگۆپاڵ دەچووە شەڕی گیانلەبەران. ئەگەر کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون بکەوێتەبەر چاوی خەڵك، ئەو وێنا دەکەن کە ئەکتەرێکە و بۆ بەشداریی لە فلیمێك، کە تایبەتە بە ژیانی مرۆڤ لەسەردەمی بەردا، خۆی بەو شێوەیە دەرهێناوە.

جگە لە سەر و رووی تاشراو و چەورکراو و بریقەداری کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، هەموو شتێکی ئەو وەك خەڵکی سەردەمی بەرد دەچوو. ئەو پیاوە بە ئەنقەست خۆی بەو شێوەیە دەرهێنابوو تا خەڵکی میسر، کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، وەکو پیاوانی چەند هەزار ساڵ پێش ئەو مێژووە ببینن.

لەمیسری کۆن، خەڵك نەیان دەتوانی قوماش بچنن، پێستی گیانلەبەران خۆش بکەن و پێڵاوی لێ دروست بکەن.

جل و بەرگی ئەوان بریتی بوو لە پێستی خاوی گیانلەبەران. پارچەیەك پێستەشیان لەپێی خۆیان دەبەست تا کاتی بەپێ رۆیشتن، بەهۆی بەردو چقڵەوە ئازاری پێ نەگا. ئێستاش لەهێندێك جێگای باڵکان لە ئەوروپا، هێندێك خەڵك، لەجیاتی پێڵاو، پێستە لە پێی خۆیان دەبەستن و پێی دەڵێن کاڵە.

لەوسەردەمەدا، کە ئەمرۆ بەناوی سەردەمی شارستانێتی چاخی بەردین ناوی دەبەین، خەڵکی میسر، ئاگایان لەکانزاکان نەبوو. نەیاندەتوانی بەردە کانزاییەکان بتوێننەوە و کانزای لێ بهێنە دەرەوە و چەکی لێ دروست بکەن.

چەکی خەڵك بریتی بوو لە گۆپاڵ. جاری واهەبوو بەڕیشاڵی گیا، پارچەیەك بەردیان بەسەری گۆپاڵەکەوە دەبەست و بەشێوەیەکیان لێدەکرد تا زووتر گیانەوەرانی پێ لەپەل و پۆ بخەن.

ئامرازی کاری خەڵکی ئەو سەردەمە، هەر وەکو جێگاکانی تر (لەهەمان سەردەم) بەرد بوو. لەسەرەتادا، بەردیان، بێ ئەوەی لەڕووی شێوەوە، دەسکاری بکەن، بەکار دەهێنا.

پاشان بەردیان تاشی و سەردەمێکی نوێ لە شارستانێتی میسرییەکان دەستی پێکرد کە ئەمرۆ بەناوی چاخی بەردینی داتاشراو، ناودەبرێ.

ئێستاش زانایانی مێژوویی و مرۆڤناسی، ناتوانن روونکردنەوەیەکی قەناعەتبەخش لەبارەی چۆنێتی داتاشینی بەرد، لەلایەن خەڵکی ئەو سەردەمە، بەدەستەوە بدەن. ئێمە نازانین کە ئەوان بەچی بەردیان دەتاشی.

ئەو ئامرازە بەردییانەی کە لەو سەردەمە بەجێماوە و کەوتۆتە بەردەستی خەڵکی ئەم سەردەمە، لە بەردی مەڕمەڕ بووە. تاشینی بەردی مەڕمەڕ، کارێکی دژوارە و ئەمرۆ ئێمە بەردی مەڕمەڕ بە درێل و قەڵەم و رەندەی پۆڵایین کە کول بوونی نییە، دەتاشین. لەو سەردەمەدا، تیرەی مرۆڤ، پۆڵایان نەبوو تا بەردی مەڕمەڕی پێ بتاشن و بەشێوەی ئامرازی جۆربەجۆری لێ دەربکەن.



زانایانی مرۆڤ ناسی، دەڵێن خەڵکی ئەو سەردەمە بەردیان بە بەرد دەتاشی و پارچەیەك بەردی مەڕمەڕیان، بە بەردێکی تری زبر لە هەمان جۆردا دەهێنا تاکو بەردەکە ساف دەبوو.

کەرەسە بەردینە داتاشراوەکان، کە لەو سەردەمە بەجێماوە، ئەوەندە تەنکە هەروەکو ئەوە وایە کە لەژێر دەستی یەکێك لەوەستایانی ئەم سەردەمە، کە خاوەنی رەندە و قەڵەمی پۆڵایین، هاتبێتە دەرەوە. کاتێك مرۆڤ دەبیستێ کە ئەو ئامرازە تەنك و خاوەن مەدا ئەندازەییانە، بە بەرد تاشراون، سەری سوورِ دەمێنێ و بیردەکاتەوە کە مرۆڤی قۆناغی بەردی داتاشراو، دەبێ چەندین مانگ وەختی ویستبێ تاکو توانیویەتی چەقۆیەکی بەردین دروست بکا. بێگومان دەبێ لەو سەردەمەدا نرخی چەقۆیەك یان مەنجەڵێکی بەردین لەنرخی گەوهەری ئەو سەردەمە (لە سۆنگایی ئەوەی وەختێکی زۆری پێوە دەبوون) زیاتر بووە.

کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، روخساری دەرەوەی خۆی بەشێوەیەك لێدەکرد کە وەکو سەردەمانی قۆناغی بەرد خەڵك ببینن. دەیویست بەو رواڵەت سازییە وای نیشان بدا کە ئەو، پارێزەری نەریت و رەسمە کۆنەکانە و لەگەڵ نەریت و رەسمە نوێیەکاندا ناسازە.

ئەمرۆ کاتێك دەبیستین و دەخوێنینەوە، سەرمان سوورِ دەمێنێ و ئەقڵی ئێمە قبوڵی ناکا لەو سەردەمەدا، کەمیسر لەڕووی شارستانێتییەوە گەیشتبووە پلەیەکی بەرز، سەرۆکی کاهینانی ئەو وڵاتە خۆی بەشێوەیەك لێکردووە، کەوەك خەڵکی دوو یان سێ یان چوار هەزار ساڵ پێش ئەو مێژووە بێ. کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، لەگەڵ هەرچەشنە ئاڵ و گۆڕێك، لە وەزعی ژیانی خەڵك و هەر جۆرە نوێکردنەوەیەك لە بیروڕای میسرییەکان، بە توندی نالێك بوو و بەتایبەتیش دوژمنایەتی لەگەڵ ئاتووندا هەبوو.

لە زەمەنە کۆنەکاندا کە سەرەتا و دەسپێکی دیارنییە، لەمیسر، خوایەك پەیدابوو کە کۆمەڵە ناوێکی هەبوو و دوایین ناویشی بە ئاتوون ناوبرا. ئاتوون دوژمنی ئاموون بوو و جاروبار پەیدا دەبوو و خەریك بوو هەوڵیدەدا کە ئاموونی خوای دێرینی میسر، لە گۆڕەپانەکە بەدەربنێ و جێگای بگرێتەوە.

ئاتوون لە سەردەمە جیاجیاکاندا، نیشانەگەلی جۆربەجۆری هەبوو. دوایین نیشانەی وی خاچ بوو، و دوایین نیشانەی ئاموون، خوای دێرینی میسر، قۆچێك بوو. جەنگ لەنێوان خاچ و قۆچ دا، لە کۆندا لە جەنگە ناوخۆییە ناسراوەکانی میسر بووە.

ئاموون خوای دێرینی میسر، باوەڕی وابوو کە میللەتی میسر، بەختەوەرترین میللەتی جیهانە. سیستەمی کۆمەڵایەتی میسر، لە ژێر دەسەڵاتی فیرعەون و کاهینی گەورەی

پەرستگای ئاموون و کاهینانی تر، باشترین سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە لە جیهاندا هەیە و تا دنیا ماوە کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون و کاهینانی تر، دەبێ دەوڵەمەندترین خەڵکی میسر بن. سەدەها هەزار غولام و کەنیز، لە پەرستگا و ماڵ و کێڵگە و کارگەکاندا، بەخۆڕایی کاربکەن. چل خوای پلەیەکی میسر، بنەماکانی بوونن. هەر جۆرە ڕاڕایی و دوودڵییەك لەهەمبەر دەسەڵات و توانای ئەوان، دەبێتە بایسی تەفروتونای دنیا یان لانی کەم تەفروتوونابوونی میللەت و وڵاتی میسر.

بەڵام ئاتوون، کە جاروبار پەیدا دەبوو و دەچووە شەڕی ئاموونی خوای دێرینی میسر، گوتەگەلێکی تازەبابەتی دێنایەناوەوە و دەیگوت کە کۆبوونەوەی سامان لە دەستی کاهینانی ئاموون و خوایانی تر، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە سەدەها هەزار کەس لە دانیشتووانی میسر، لە هەمووتەمەنی خۆیاندا برسی و ڕووت و قەرزار و چاو لە دەست بن. ئەو سامانە کە لە ژیانی کاهینانی پەرستگای ئاموون و خواکانی میسر خەرج دەکرێ، دەبێ بەسەر خەڵك دا دابەش بکرێ. نەریتی کۆیلەتی هەڵبگیرێ و زەماوەند لە بەینی باوك و کچ و دایك و کوڕ و خوشك و برا، هەڵبوەشێتەوە. چونکە ئەمانە لەگەڵ یاسای سروشت دا ناکۆکن و زەماوەندی خوشك و برا، دەبێتە هۆی لاوازکردنی وەچە. ئاموون، خوای دێرینی میسر، دەیگوت کە لە ناوخێزانەکانی سوڵتانەکان و ئەشرافەکانی میسر، زەماوەندی بەینی خزمان لەو حیکمەتەوە سەرچاوەی گرتووە کە سامانی خێزانەکە، بۆ خێزانێکی تر نەچێ. ئەگەر کچ، شوو بە یەکێك لە خزمانی خۆی نەکا شوو بە پیاوێکی تر بکا، سامانی میراتیی خۆی بۆ ماڵی مێرد دەبا و لە ئاکامی ئەو زەماوەندەدا، سامانی خێزانی ئەشرافەکانی میسر، بۆ خێزانێکی تر ناچێ و ئەو خێزانانە سامانی خۆیان دەپارێزن و بە تێپەڕینی زەمان ئەو سامانەی خۆیان زۆر دەکەن. ئێستا لەمیسر بنەماڵەی دووهەزار ساڵەی تێدایە کە سامانی خۆیان پاراستووەو وردە وردە ئەوسامانەیان زۆر کردووە.

بەڵام حەشاماتی خەڵك و غولام و کەنیزان کە سامانیان نییە لەوەناترسن کەسامانیان بۆ خێزانێکی بچێ، لەگەڵ بێگانان‌دا زەماوەند دەکەن.

لەواقیعدا لەمیسر، زەماوەند، دوو قانوونی هەبوو، یەکێکیان قانوونی زەماوەندی فیرعەونەکان و ئەشرافەکان.

ئەوی تریان قانوونی زەماوەندی حەشاماتی خەڵك و غولام و کە نیزان.



لەخێزانی فیرعەونەکان و ئەشرافەکاندا، کوڕێك کە دەیویست هاوسەر بۆ خۆی هەڵبژێرێ، لەگەڵ یەکێك لە خزمانی خۆی، زەماوەندی دەگرت و لە خێزانەکانی ناو حەشاماتی خەڵك و کۆیلەکانیشدا، هەرکەسێك کە دەیویست زەماوەند بکا، لەگەڵ بێگانەدا زەماوەندی دەکرد. دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە فیرعەونەکان و ئەشرافەکانی میسر، بە یەك ژن وازیان نەدەهێنا. هێندێکیان (وەکو ڕامسیسی دووەم، (کە خەڵك بە باوکی مووسایان دەزانی) سەدان کەنیزیان هەبوو و لەو کەنیزانە منداڵی زۆر پەیدا دەبوون. بەڵام ئەو منداڵانە، لەمیراتی باوك و دایك بەهرەمەند نەدەبوون و تەنیا شتێکیان بۆ دابین کردنی ژیان دەدانێ تا برسی نەبن و دەرۆزە نەکەن. قانوونەکانی میسر، ئەندازەی میراتی منداڵی کەنیزەکانیان، بە وردی ئەوە لەبەرچاوگیرابوو کە ئەو بەشە میراتییەی دەدرا بەوان، کەلێنێك نەخاتە سامانی خێزانەکەوە.

هەر کاتێك کە ئاتوون پەیدا دەبوو و دەیویست باوەڕەکانی خەڵکی میسر بگۆڕێ، ئاموون بۆی دەهاتە مەیدانی شەڕ و لەو جەنگەشدا دووچەکی پێبوو: یەکێکیان باوەڕی میسرییەکان و ئەوی تریان سامان.

ئاموون، دنەی خەڵکی میسری دەدا تا لە دژی ئاتوون ڕاپەڕن و پەیڕەوانی وی قەتڵ وعام بکەن. ئەگەر ئەم چەکەش سوودی نەبووایە، ئاموون پەنای بۆ سامانی خۆی دەبرد و بەزێر یان بەزیو یان ئاژەڵ و ماڵات یان مەعدەن یان کەشتی، پەیڕەوانی ئاتوونی دەکڕی و دەنگی ئەوانی دادەمرکاندەوە. بەردەوام ئاموون بەسەر ئاتووندا زاڵ دەبوو و خوای تازەکەرەوەی میسری، لەمەیدان دەکردە دەرەوە.

تەنیا لەیەك کاتدا ئاموون، خوای کۆنی میسر، لەجەنگ لەگەڵ ئاتووندا نوشوستی دەهێنا، ئەو کاتەش ئەوەبوو کە فیرعەونی میسر، لایەنگری ئاتوون بووایە. هەروەکو لە سەردەمی پاشایەتی ئاموون هوتپی چوارەم. لەبەر ئەوەی فیرعەونی نابراو، مەیلی ئاتوونی هەبوو، ئاموون لاوازبوو، بەڵام نەك بەشێوەیەك کە بەتەواوی تێك بشکێ. پاشان لەسەردەمی پاشایەتی ئاموون هوتپی سێیەم، کەناوی ئاخن ئاتوونی لەخۆی نا، خوای کۆنی میسر، بەتەواوی نوشوستی هێنا چونکە فیرعەون ئاموون هوتپی چوارەم، لایەنگری خوای تازەکەرەوە بوو.

بەڵام ئەو سەردەمە زۆر درێژەی نەکێشا. ئاموون هوتپی چوارەم، کۆچی دوایی کرد و بەپێی یەکێك لە ڕیوایەتەکان، ئەو پزیشکەی کە چارەسەری ئەوی دەکرد، کوشتی، چونکە لایەنگری ئاموون بوو.

پاش مردنی فیرعەون، خوای کۆنی میسر توانی بێتە مەیدانەوە. خوای تازەکەرەوە تێك بشکێنێ و زوربەی پەیڕەوەکانی نابووت بکا. لە سەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەمدا — بەوجۆرەی کە خوێنەر ئاگای لێیە- بەجۆرێك ئاتوون نوشوستی هێنا، کە فیرعەون تەنانەت سەرۆکی کۆشکی پاشایەتی (کە پاش کاهینی گەورەی پەرستگای ئاموون، گەورەترین پیاوی روحانی میسر بوو) لەناوبرد لەبەرئەوەی باوەڕی بە ئاتوون هەبوو.

کاهینی گەورەی ئاموون و هەموو کاهینانی تری میسر، نەیاندەتوانی بەجۆرێکی رەسمی ژن بهێنن. بەڵام بۆ ئەوان، بەهرەمەند بوون لە ژن، کارێکی ئاسان بوو. خەڵکی میسر وایان وێنا دەکرد کە ئەوان لە هەموو تەمەنیاندا لە ژنان دوورەپەرێز بوون، لە حاڵێکدا کە رۆژێك یان شەوێك نەبوو کە ئەوان لە پەنای ژنەوە نەبن.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، کاتێك دەیویست لەماڵی خۆی بێتە دەرەوە، کەوڵی لەبەر دەکرد. بەڵام کاتێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، کەوڵەکەی بەری، کە بە گەرمای هاوینی میسر زۆر ناڕەحەت بوو، لەبەر خۆی دادەنا و کراسێکی کەتانی لەبەر دەکرد تا فێنك ببێتەوە. کەتانی میسری کە لە ریشاڵی گیا دەچنرا، لەشی مرۆڤی فێنك دەکردەوە.

کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، گەرچی خۆی بەشێوەی خەڵکی چاخی بەردین لێدەکرد تا پارێزەری رێورەسمو نەریتەکانی رابردوو بێ، بەڵام نەیدەتوانی چاپۆشی لە گوڵاو بکا.

گوڵاو، پاژێکی لەجیانەهاتووی ژیانی ئەو و هەموو کاهینەکانی میسر بوو. ئەوان، بەردەوام گوڵاویان لە لەشی خۆیان دەدا. بۆنی گوڵاوی ئەوان بە جۆرێك دەهات کە کاتێك کاهێنێك بە کۆڵانێکدا تێدەپەڕێ، تا ماوەیەك دوای رۆیشتنیشی، بۆنی گوڵاو لەهەوای ئەوکۆڵانە هەردەهات. خەڵك بەتام و چێژەوە، بۆنی ئەو گوڵاوەیان هەڵ دەمژی چونکە گوڵاوە کیمیاییەکانی ئەم زەمانە، کە هەموویان لەنەوت یان لە خەڵوزی بەردەوە وەردەگیرێ، نەدۆزرابۆوە تا هەڵمژینی بۆنەکە ببێتە هۆی ژانەسەر یان بەجۆرێکی تر، وەزعی زەلام بشێوێنی. گوڵاوە سرووشتییەکانی ئەو زەمانە کە لە گوڵ و گوڵزار وەردەگیرا، دەبووە هۆی دڵ کرانەوە و گوشاد بوون.

یەکێك لەوەزیفەکانی کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، ئەوەبوو کە لەکاتی مردنی فیرعەونێکدا، (ئەگەر ئەو فیرعەونە لەمیسر بمردبایە) لەسەر سەرینی نەخۆش ئامادە ببێ، و شتگەلێکی ئەوتۆ بڵێ کەببێتە هۆی ئەوە ئاسانکاری بۆمردنی فیرعەون پێك بهێنێ. کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، لەسەر جێگای فیرعەونی بە گیانەڵا هاتوو دەیگوت، ئەی ئەوکەسەی کە هەموو تەمەنت بە ئاسوودەیی



و بێ ئەوەی کە هەست بە ئازار و ژان بکەی، بردەسەر، ئێستا خۆت بۆ ژیان لە دنیایەکی دیکە ئامادە بکە. ئاگاداربە کە هەموو کەرەسەکانی ژیانێکی دیکە لە دنیاکەی تر ئامادەکراوە.

لەوێ خورادەمەنی زۆرت بۆ ئامادەکراوە و تۆ خاوەنی قاز و گا و مراویت و لە دنیای تر هەرچەندێك بژی، تووشی برسێتی نابی.

تۆ ئەی فیرعەون، دوای ئەوەی لەم جیهانە دەڕۆی، دەبییە خاوەنی بەلەمێکی گەورە کە سەوڵ لێدەرەکانی لەتەختەن. ئەو بەلەمە تۆ دەگەیەنێتە دنیای رۆژئاوا[٢٨].

ئەی فیرعەون، لە پەناتەوە، کۆمەڵە شەربەیەك هەیە کە پڕن لەبیرە و تۆ هەرکاتێك کە تینووت بوو، بە خزمەتچییەکانت بڵێ تابیرەت دەرخوارد بدەن و لە دنیای ئەولا تۆ هەرگیز دووچاری تینوێتی نابی. کاتێك پێ دەنێیتە دنیای ئەولا، میوزیك ژەنان، میوزیکت بۆ لێدەدەن و ئاهەنگی ئەوتۆت بۆ سازدەکەن کە لە ئاوازە ئاسمانییەکان خۆشترن. ئەو ئاهەنگانە، هێندە بە دەنگی بەرز ناخوێندنرێن کە نەهێڵێ تۆ خەوت لێبکەوێ، و ئەوەندەش دەنگیان نزم نییە کە تۆ گوێت لێ نەبێ. تۆ بەبیستنی ئەو ئاهەنگانە تام و چێژی خۆشی وەردەگری.

تۆ لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئوزیریس خوای مردن، مەترسە، چونکە لە جوانترین ژنی جوانترە، و کاتێك کە تۆ پێی دەگەی زەردەخەت پێ نیشان دەدا، و تۆ لە باشترین کۆشکی خۆی دادەنێ و لەوێ بەخوشگوزەرانی و بەختەوەری دەژی. هەموو ئەو کەسانەی کە لەم دنیایەدا تۆ خۆشت دەویستن، لە دەوروپشتی تۆ دەبن، و هەرگیز چاوت بەوکەسانەش ناکەوێ کەلەم دنیایەدا نەفرەتت لێیان هەبوو.

ئەی فیرعەون، تۆ دوای ئەوەی کە لە دنیای رۆژئاوا نیشتەجێ بووی، هەرگیز نەخۆش ناکەوی، چونکە نەخۆش کەوتن لە گرفتارییەکانی ئەم جیهانەوەیە، و لە دنیای رۆژئاوا، بەردەوام ساغ و تەندروست دەبی. بەردەوام بە حەزوئارەزووەوە خواردن دەخۆی و سەرت سووڕ دەمێنێ کە ئیشتیای خواردنت چەند زۆرە. ئەی فیرعەون ئێستا کەدەتەوێ بچیتە دنیای رۆئاوا، لە خەمی ماڵ و سامانی ئەم جیهانەت مەبە. بزانە کە پاش مردنی تۆ، چاودێری ماڵ و سامانت دەکرێ. رێگا نادرێ کە غولامان لە موڵکەکانی تۆدا تەمبەڵی بکەن و مەزراکان و

(٢٨) ئەوسا جۆرەها خورادەمەنییان لەبەرد یان لە سوفال، دەخستە نێو گۆڕی فیرعەونەکانەوە و هەروەها بەلەمێکیشیان لە تەختە لەگەڵ ژمارەیەك سەوڵ لێدەری تەختە، دادەنا تا فیرعەون بگەیەننە دنیای رۆژئاوا (دنیای مردووان) هەروەها شەربەی پڕ لە بیرەیان دەخستە نێو گۆڕی فیرعەونەوە.

درەختەکان ئاونەدەن. سەرپەرشتیارانی تۆ بە قامچی چاودێری غولامان دەکەن و ئەگەر بێتوو تەمبەڵیی بکەن، بە توندی تەمبێ دەکرێن.

ئەی فیرعەون، لەبارەی داهاتی موڵکەکانیشتەوە، نیگەرانیت نەبێ و بزانە کە پاش مردنی تۆ، سەر پەرشتیاران، داهاتی موڵکەکانت لە بازاڕی پایتەخت و باقی شارەکانی دیکەی میسر، دەفرۆشن. نرخەکەی بە ئەڵقەی زێڕ یان زیو وەردەگرن و تەسلیمی خەزێنەداری تۆی دەکەن.

ئەی فیرعەون، بێ ئەوەی نیگەران بی، بچۆرە دنیای ئەولاو بزانە کە گا و مەڕەکانت، لەم جیهانەدا بێ شوان نابن. هەموو رۆژێك شیری مانگا و مەڕەکانت دەدۆشن و رۆنی شیرەکەیان دەگرن، و لە بازاڕی پایتەخت یان شارەکانی تری وڵاتی میسر دەیفرۆشن. داهاتەکەشی دەدرێتە خەزێنەداری خۆت و ئەوەی لە شیرەکە دەمێنێتەوە دەبێتە خەرجی بۆ ئامادەکردنی شتەکانی تر.

ئەی فیرعەون، پیاوێکی وەکو تۆ چونکە لەم جیهانەدا، دووربین بووی و ئارامگای خۆت دروست کرد، نابێ لە مردن بترسی، بەڵکو دەبێ ئەوکەسانە لە مردن بترسن کە وەکو تۆ دووربین نەبوون.

تۆ لە ژیانی خۆتدا، تەلارسازێکی هەڵکەوتوت راسپارد تا ئارامگات بۆ دروست بکا. ئەویش بەردتاشانی هونەرمەندی راسپارد کە بەرد داتاشن و بەدەستی وەستایانی شارەزا، ئارمگایەکی لەبەرد بۆ دروست کردی کە تا ئەورۆژەی ئاموون، خوای گەورەی میسر ماوە، هەرگیز وێران نابێ.

ئەی فیرعەون، بەیادەوەرییەکی ئاسوودەوە لەم جیهانە بڕۆ، چونکە ئێمە بۆ مۆمیاکردنی تەرمی تۆ، باشترین دەرمان بەکاردەهێنین، و دوای ئەوەی کە سك و سنگ و کە للەسەری تۆمان بەتاڵ کرد، ئەو چاڵاییانە بەبۆن خۆشترین گیا پڕدەکەینەوە.

ئەی فیرعەون، ساڵەهای ساڵە خزمەتکارەکانت، بۆ ئەوەی چاڵەکانی تەرمی تۆ بەگژوگیای بۆنخۆش پڕ بکەنەوە، خەریکی وشك کردنەوەی جۆرەها سەوزەن. ئێستا بڕێکی زۆر، نەعنا ریحانە و تەرخون و ئاوێشن و رازیانە و گژنیژ و بابونە و شویتی وشککراوە هەیە. هەموو ئەو سەوزە وشککراوانەیان لە نێو قاپی سەرداپۆشراوی گلێنەدا، داناوە تاکو گوڵاوەکەیان لەبەین نەچێ. چونکە ئەگەر سەوزە لە نێو قاپی سەر داخراودا دانەنرێ بەکاریگەری تێپەڕبوونی زەمان، گوڵاوەکەی نامێنێ.

هەروەها بۆ پڕکردنەوەی چاڵاییەکانی هەناوت، لەوڵاتانی دیکەوە، سدر، کندر، وشا، کافور، مر و روحی گوڵی سوور و روحی گوڵی یاس — یان هێناوە. تەرمی تۆ پاش ئەوەی کە مۆمیاکرا،



بەجۆرێك گوڵاوپڕژێن دەکرێ، کە پاش هەزار ساڵ، هەرکاتێك بۆنی تەرمەکەت بکەن، بۆنی گوڵاوی لێ بێ[٢٩]

من دەزانم کە مرۆڤ هەرچەندێك پێشبینی بۆ مردنی خۆی بکا، دیسانەوە پێشبینی هەموو شتەکان ناکا. تۆ نازانی پاش ئەوەی کە دەچیتە دنیای رۆژئاوا دووچاری چ رووداوێك دەبی. بەڵام من مژدەت دەدەمێ کە لەوێ هەر رووداوێکت بۆ دێتە پێشەوە، جێگای پەسندی تۆ دەبی. تۆ هەرگیز لە جێگایەکی نائاسوودەدا ناخەوی، خوادرنێکی ناخۆش نابینی، رووخسارێکی ناشیرین ناکەوێتە بەرچاوت، بیرەیەك یان خواردنەوەیەکی ناخۆش ناخۆیتەوە و جلێکی نەگونجاو لەبەر ناکەی.

لە دنیای رۆژئاوا، ژیانت، کە لەم جیهانەدا فیرعەونێك بووی، زۆر باشتر دەبێ لەم جیهانەی ئێستات. چونکە لەو جیهانە هەموو خۆشییەکانی ئێرەت دەبێ و نەخۆشی و دەردەسەرییەکانی ئێرەشت نایەتە رێگا.

ئەو خوێنەرانەی کە ئەم دێرانە دەخوێننەوە، لەوانەیە واوێنا بکەن کە ئێمە ئەفسانە دەخوێنینەوە، لە حاڵێکدا کە دەقی مێژوو دەنووسین. کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، کە لە سەروبەندی گیانەڵاوی فیرعەون، لەسەر جێگاکەی ئامادەیە، هەموو ئەوشتانەی کە نووسیمان یان بابەتگەلێکی دیکە کە لە وانەیە باسکردنی ببێتە هۆی درێژدادڕی، بەسەرزمانیدادێ، ئەگەر گیانەڵاوی فیرعەون، درێژەی بکێشایە، ماوەی چەندین کاتژمێر بەو جۆرە بابەتانە دڵنەوایی دەکرد تا بەبێ ترس بە پێشوازی مردنەوە بچێت. ئەمە هەمان ئەو بابەتەیە کە ئەمڕۆش لە ناو هەموو میللەتان و هەموو مەزهەبەکاندا، لەکاتی گیانەڵاودا دەگوترێن. هەموو میللەتان دوعای کاتی گیانەڵاو، لەمیسرییانەوە فێربوون. ئەم دوعایانەش لە سەرینی دووهۆکارەوە، سەریان هەڵداوە: یەکێکیان ئەوەیە تا ئەو

(٢٩) لاشەی (توت ئانخ ئاموون) فیرعەونی میسر، لە فیرعەونەکانی زنجیرەی هەژدەیەمی ئەو وڵاتەیە کەلە ساڵی ١٣٥٠ تا ١٣٤٢ ی پ. ز پاشایەتی کرد و لە ساڵی ١٩٢٢ دۆزرایەوە، ئێستاش بۆنی گوڵاوی لێ دێ. لە حاڵێکدا کە زیاتر لە سێ هەزار ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە. ئەمە هەمان ئەو فیرعەونەیە کە هەموو ئەو زانا شوێنەوار ناسانەی کە گۆڕەکەیان هەڵدایەوە و تەرمەکەیان هێنایە دەرەوە، بەمردنی لەناکاو یان نهێنی مردوون و مردنی ئەوزانایانە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی ((نەفرەتی فیرعەون))ی هێنایە ئاراوە (ز — م)

کەسەی لە حاڵی گیانەڵاودایە، بەبێ ترس گیانی بسپێرێ، ئەوی تریان ئەوەیە کە تیرەی مرۆڤ، نەیدەتوانی ئەوە قبوڵ بکا کە پاش مردن، نابووت دەبێ.

ئەمڕۆش تیرەی مرۆڤ ناتوانێ ئەوە قبوڵ بکا کە پاش مردن لەبەین دەچێ. باوەڕبوون بە مانەوەی پاش مردن، لەنێو هەموو میللەتان و مەزهەبەکاندا هەیە و تەنانەت فەیلەسوفە مادییەکانیش پێیان خۆشە کە پاش مردن بمێننەوە و ناتوانن دڵیان لەم جیهانە بێتەوە.

ئەوان وابیردەکەنەوە کە بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە، مانای نووسینەکانی خۆیانەوە، دوای مردن بەزیندوویی دەمێننەوە.

لەمیسری کۆن، خەڵك یەقینیان هەبوو کە پاش مردن بەزیندوویی دەمێننەوە و تەمەنێکی نەمریان دەبێ.

ئەوان لەم جیهانەدا، تەمەنی خۆیان بە تەمەنێکی کاتی دەزانی و باوەڕیان وابوو کە تەمەنی نەمری، پاش مردن دەست پێدەکا. ئەم باوەڕە، دزەی کردۆتە ناو هەموو مەزهەبەکان و هەموو مەکتەبە عیرفانییەکان.

باوەڕی کەسانی عیرفانی ئەوەیە کە تەمەنی مرۆڤ لەم جیهانەدا تەمەنێکی کاتییە و ژیانی نەمریی (هەتاهەتایی) پاش مردن دەست پێدەکا. جا بۆ ئەوەی مرۆڤ پاش مردن بە بەختیاریی بژی دەبێ لەم جیهانەدا مرۆڤێکی چاکە کار بێ.

بەڵام چاکەکاریی لەمیسری کۆندا، تێگەیشتنێکی هاوچوون بە ئەنجامگیریی خەڵکی ئەو وڵاتەی لەوسەردەمەدا هەبوو، و لەگەڵ ڕێسا ئەخلاقییەکانی ئەمڕۆ یەکانگیر نابنەوە.

گوزارشتگەلێکی کە لە سەرەوە نووسراوە، نەتەنیا هەر لە سەروبەندی مردنی فیرعەون ، دەگوتران، بەڵکو لەکاتی مردنی هەر میسرییەکدا دەگوتران، بەڵام وێرا بەجیاوازییەکی کەلەکاتی مردنی پیاوێك یان ژنێك کە کەم دەرامەت بووایە و بێ ناوناوبانگ بووایە، ئەم گوزارشتانە، لە ئاستی حاڵ و باری ئەوکەسە دەگوتران.

ئەوانەی کە لە سەروبەندی گیانەڵاودابوون، ئەگەر دەستیان بەکاهینێك رابگەیشتایە، ئەوا بانگ دەکرا تا بێتە سەر جێگاکەی. بەڵام ئەگەر ئەمە فەراهەم نەبووایە، خۆیان، بۆ دڵنەوایی ئەو کەسە کە لە حاڵی گیانەڵاودا بوو، ئەو گوزارشتانەیان دووبارە دەکردەوە.

زۆرجار نەخۆشەکە، کە لە حاڵی گیانەڵاودا بوو، هۆشی بەسەر خۆیەوە نەبوو، و گوێی لە دەنگی تەلْقیندەر نەدەبوو. بەڵام ئەو کەسەی کە تەلْقینی دەدا، لای خۆیەوە یەقین بوو کە دەنگی دەگاتە گوێی نەخۆشەکە.



ئەگەر ئەو پیاوە یان ئەو ژنە، کەسێکی بێ دەرامەت بووایە، پێی دەگوت کە ئارخەیان بە و بێ نیگەرانی لەم دنیایە بڕۆ، چونکە تۆ گۆڕت هەیە، و دوای مردنت لاشەکەت مۆمیایی دەکەن، چونکە تۆ لەسەرافخانەی خانەی مردوواندا کەمێك زێڕت هەیە.

خانەی مردووان لەمیسری کۆن هەروەکو گوتمان — جێگایەك بوو کە مردووەکانیان تێدا مۆمیایی دەکرد. دامەزراوەی ناوبراو، بەدامەزراوەیەکی دارایی گەورەوە پەیوەست بوو کە سەرافخانەی خانەی مردووان بوو. خەڵکی میسر، کە بۆ ئەوە زیندوو بوون تا بە بەختەوەریی بمرن، تا لە ژیاندا بوون، لەو سەرافخانەیەدا پاشەکەوتیان دەکرد تا پاش مردن، لاشەکەیان بەباشی مۆمیایی بکرێ. چونکە باوەڕیان وابوو کە ئەگەر دوای مردن لاشەکەیان مۆمیایی نەکرێ، دوای مردن بەزیندوویی نامێنن.

لەمیسری کۆن، گەورەترین بەدبەختی ئەوە بوو کەسێك بەهۆی ئەوەی کە لەسەردەمی ژیانیدا کەرەسەی گۆڕی نەکڕیوە و ئامادەنەکردووە، لاشەکەی مۆمیایی نەکرێ، و لەو گۆڕەدا دابنرێ. میسرییەکان ئەو کەسەیان بە بەدبەختترین تاکی بەشەر دەزانی و پێییان وابوو کە لەجیهانەکەی تردا زیندوو نامێنێتەوە.

ئەوە بوو کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، سەرۆکی روحانییەکانی ئەو وڵاتە کە بۆ پاراستنی نەریت و رەسمە کۆنەکانی میسر، لەسەر بنەمای پەرستنی ئاموون، دڵێکی بەرد و ئیرادەیەکی وەکو برۆنزی هەبوو، گەرچی لەسەردەمی ژیانیدا لە جۆرەها خۆشی بەهرەمەند بوو، بەڵام نەیدەتوانی سامانی خۆی بۆ کوڕەکانی بەجێ بێڵێ، چونکە ئەو نەیدەتوانی ژنی رەسمیی بهێنێ و ببێتە خاوەن منداڵ و کوڕی پەیدا بێ.

زۆرێك لە کاهینانی گەورەی میسر، لە ژنانی ناشەرعییەوە دەبوونە خاوەن کوڕ، بەڵام ئەو کوڕانە بەرەسمیی بە کوڕی وی نەدەناسران، چونکە بەپێی قانوون، دەبووایە کاهین بە رەبەنی بژی، و ئەوان چونکە ژن و منداڵیان نەبوو، هەوڵی ئەوەیان نەدەدا سامان بەسەریەکەوە بنێن تا بۆ وەچەکانی پاش خۆیانی بەجێ بێڵن، هەرچی لەسەردەمی ژیانی خۆیاندا هەیانبوو، پاش مردنیان دەبوو بەموڵکی ئاموون.

ئایا بە رەبەنی مانەوەی کەشیشانی کاتۆلیك، نەریتێکە لە کاهینانی کۆنی میسرەوە وەرگیراوە؟

ئێمە لەبەرامبەر ئەم پرسیارەدا ناتوانین وەڵامێکی ئەرێنی یان نەرێنی بدەینەوە.

بەڵام دەتوانین بڵێین کە لەوانەیە سامانی لەڕادەبەدەری ڤاتیکان، مانای حکوومەتی ڕوحانیی کاتۆلیك، لەوەڕا سەرچاوەی گرتووە کە پاپا و ئەسقەفەکانی کاتۆلیك، نابێ هاوسەرگیری بکەن و ببنەخاوەن منداڵ.

ئاشکرایە ئێمە ناچینە ناو چۆنایەتی ئەم بابەتەوە و ناڵێین کە ڕەبەنیی پاپاکان و ئەسقەفەکان باشە یان خراپ، بەڵام ئاخۆ ئەگەر ئەوان حاوەنی ژن و منداڵ بوونایە، هەوڵی ئەوەیان نەدەدا کە بۆدابین کردنی خۆشگوزەرانیی منداڵەکانیان سامان بەسەریەکەوە بنێین، و پاش خۆیان بۆ ئەوانی بەجێ بێڵین؟ لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ، بەرەنجامی هەوڵدانی دارایی پاپاکان و ئەسقەفەکان بۆ کڵێسای کاسۆلیکی دەگەڕێتەوە. هەربۆیە حکوومەتی ڤاتیکان یەکێك لەدەوڵەمەندترین و لەوانەیە دەوڵەمەندترین حکوومەتی جیهان بێ. هێندێك کەسی خاوەن زانیاری، سامانی حکوومەتی ڤاتیکان بەسەد هەزار ملیون دۆلار(۳۰) دەخەملێنن.

دواجار، فیرعەون بەکاهینی گەورەی گوت: من نازانم ئێمە لەهەمبەر خواکان چ گوناهێکمان کردووە تا لە پشتەوانیی ئەوان بێبەش بین، و خوای کابرایەکی بیابانی، کە هەموو هاونەژادەکانی لەم وڵاتەدا کۆیلەن، بەسەر خوای ئێمەدا زاڵ بووە.

کاهینی گەورە وەڵامی دایەوە: ئەی فیرعەون، کەمتەرخەمی میللەتی میسر، لە هەمبەر خوایاندا، بە جۆرێك ڕوون و ئاشکرایە کە پێویستی بە درێژەپێدان نییە. ئەم میللەتە کە ئاوا خووی بە خۆپەروەری و ژیانی خۆشگوزەرانی گرتووە شایانی ئەوەیە لە پشتەوانیی خوایان بێبەش بێ. بەڵام لە کۆندا ئاوا نەبوو، و میسرییەکان وەختی خۆیان تەنیا بۆ ژیان تەرخان نەکردبوو، بەردەوام لەبیری خوایان دابوون، بۆیە هەمیشە خواکان پشتیوانییان لێدەکردن.

مەنفتە گوتی: من لە سەردەمەکانی کۆن زیندوو نەبووم تا لە وەزعی میسرییان ئاگادارېم، بەڵام لە مێژوودا نووسراوە کەمیسرییەکان لە کۆندا بەهەژاری ژیاون ونەیاندەتوانی هەموو ڕۆژێك تێرایی خۆیان خواردن بخۆن. تەنانەت ئەشرافەکانی میسریش نەیاندەتوانی جل و بەرگی کەتان بپۆشن(۳۱). لە حاڵێکدا کە ئەمڕۆ، خەڵکی میسر ،

(۳۰) ئەم ژمارانە تایبەتن بە دەیەی حەوتەمی سەدەی بیست و نزیك بە ساڵانی ١٩٦٥ — ١٩٦٨.

(۳۱) قوماشی کەتانی میسری لە ڕۆژگاری کۆندا باشترین جۆری قوماش بوو، وەکو قوماشی ئاوریشم ناسك بوو (ز — م)



بەتێریی خواردن دەخۆن، تەنانەت چینی ئاسایی خەڵك، جل و بەرگی باش لەبەر دەکەن و قوماشی کەتان تەنیا بە ئەشرافەکانەوە تایبەتمەند نییە. من لە ڕۆژانی جێژندا، تەنانەت کۆڵ هەڵگرانی سەکۆکانی سەر شەتی نیل دەبینم، هی وایان تێدایە قوماشی کەتانی لەبەرە و ئەگەر لە ڕۆژگارانی کۆندا، خواکان پشتیوانی خەڵکی میسر بوون، بۆچی میسرییەکان برسی دەبوون، و لەبەرچی نەیاندەتوانی جل و بەرگی باش لەبەربکەن؟

کاهینی گەورە گوتی: خەڵکی میسر، لەوەی کە دەتوانن هەموو ڕۆژێ تێرخواردن بخۆن و جل و بەرگی باش لەبەر بکەن، بە تەقوای میسرییانی کۆن و باوەڕی ئەوان بە خواکانی میسرەوە بەندە. هەر بەوجۆرەی کە بەرهەمی جوتیاری میسری کە لە کێڵگە هەڵدەگیرێ، بەرەنجامی ئەو زەحمەتەیە کە لە وەرزی پاییزدا کێشاویەتی و تۆوێکە کە لەو وەرزەدا چاندوویەتی. خۆشگوزەرانیی خەڵکی ئەمڕۆی میسریش، بەرەنجامی قەناعەت و تەقوا و باوەڕی میسرییانی کۆنە.

میسرییانی کۆن چاندوویانە تامیسرییانی ئەمڕۆ بیخۆن، بەڵام میسرییانی ئەم ڕۆژگارە شتێك ناچێنن تاکو میسرییانی داهاتوو بیچننەوە.

لەم سەردەمەدا. میسرییان ئەوەندە بێ باوەڕبوون کە باجی ئاموون و ئوزیریس تا کۆتایی ساڵ نادەن دانی ئەو باجە لە هەستانێکی شەتی نیلەوە تا هەستانێکی تر دوادەخەن. ئاموون و ئوزیریس دەبێ باجگری خۆیان بنێرن تا باجی خۆیان لە خەڵك وەربگرن.

تۆ دەزانی کە ئەم دووباجە (واجیب)ە و دەبێ هەموو میسرییەکان بیدەن. جگە لەم دوو باجە، ڕەسمی چەند باجێکی دیکە هەیە کە ڕواڵەتێکی نارەسمیی هەیە و دەبێ بدرێتە خواکانی تر. بەڵام میسرییەکان تەنانەت لەدانی ئەم دووباجە ڕەسمییەش خۆیان دەپارێزن.

بەم حاڵ و وەزعەوە تۆ سەرت سووڕ نەمێنێ کە بۆچی شەتی نیل دەبێتە خوێن و کوللە، کێڵگە و مەزراکانی میسر دەخوا.

فیرعەون گوتی: ئەی کاهینی گەورە، ئایا دەتەویست ئەم بابەتە زووتر بەمن بڵێیی تا من باجەکانی ئاموون و ئوزیریس، بەزۆر لە خەڵك بستێنم و بیدەمە خواکان تاکو توورە نەبن.

کاهینی گەورە گوتی: من نەمویست زەحمەت بۆ فیرعەون پێك بێنم.

مەنەفتە گوتی: تۆ زەحمەتت بۆ من پێك نەدەهێنا. من فەرمانم دەدا کە باجی خوایان لەماوەی یەك یان دووڕۆژ لە خەڵك وەربگرن و بیدەنە خواکان. تۆ ئەگەر زووتر ئەم بابەتەت بەمن بگوتبایە، میسرییەکان نەدەبوونە جێگای بێ لوتفی خواکان. ئایا تۆ یەقینی کە پاش ئەوەی خواکان قەرزی خۆیان وەرگرتەوە، لەبەرامبەر میللەتی میسر، خۆشەویستییان دەبێ و وەکو رابردوو پشتیوانی لە خەڵکی میسر دەکەن؟

کاهینی گەورە گوتی: لەبەر ئەوەی خواکان بەتووندی لە میسرییان تووڕە بوون، واوێنا ناکەم کە پاش وەرگرتنی باجەکان، ئەمساڵ تووڕەییان بڕەوێتەوە، و تووڕەیی ئەوان بگۆڕێ بۆ خۆشەویستی، بەڵام ئومێدی ئەوە هەیە کە ساڵی ئاینده، خواکان، خۆشەویستییان بۆ میسرییان هەبێ.

فیرعەون گوتی: من فەرمان دەدەم کە بەیانی، باجگران، بچنە لای خەڵك و قەرزی خواکانیان لێ وەربگرن. تۆش کاهینی گەورە دەبێ ناوی قەرزارەکان بە باجگرەکان بڵێی تاکو بزانن کە دەبێ باج لەکێ وەربگرن و کارێکی وا نەکرێ داوای باج لەکەسێك بکەن کە جارێکی تریش داویەتی. هەروەها کارێکی سرووشتییە کە خاوەن کێڵگەو باخەکان کە تووشی هێرشی کوللە بوون، دەبێ لە دانی باج ببەخشرێن.

قسەی کۆتایی فیرعەون جێگای پەسندی کاهینی گەورە نەبوو، چونکە ئەگەر خاوەن کێڵگە و باخەکان کە بەر زیان کەوتوون، لەدانی باج ببەخشرابان، داهاتی خواکان، کە لەراستیدا داهاتی خودی کاهینان بوو، زۆر کەم دەبۆوە.

بەڵام کاهینی گەورەی کۆشکی پاشایەتی، زاتی ئەوەی نەکرد کە بڵێ دەبێ باج لە خاوەن کێڵگەو باخەکانیش وەربگیرێ. چونکە ئەگەر ئەم قسەیەی بکردبایە دەبووە هۆی سەرسوورمان و نارەزایی فیرعەون و پاشای میسر دەیگوت ئەو جوتیار و باخەوانانەی کەکێڵگە و باخەکانیان کوللە خواردوویەتی، چۆن باجی خواکان بەزێڕ و زیو یان دانەوێڵە و ماڵات و میوە بدەن.

پاشان فیرعەون رووی کردە (مەمفسە)ی فەرمانڕەوای پایتەخت و گوتی: من بڕیارم وایە کە بۆ ماوەیەك هەموو کۆیلە ئیسرائیلییەکان لەشارە بچووکەکانەوە بێنمە پایتەخت چونکە من لە شارە بچووکەکان هێزی تەواوم نییە تا جڵەوی دەست درێژییەکانی کۆیلە ئیسرائیلییەکان بگرم، و دەست درێژییەکانی ئەوان لەشارە بچووکەکان، بۆسەر ماڵ و گیانی خەڵك، دەبێتە سەرمەشقێکی ناپەسەند بۆ کۆیلەکانی دیکە و ئەوانیش ورەیان دێتە



بەر و هەوڵ دەدەن دەست درێژی بکەنە سەر خەڵك. بەڵام ئەگەر لە پایتەخت کۆببنەوە، چونکە لێرە هێزێکی بەتوانام هەیە، ناهێڵم ببنە سەرمەشقێکی ناپەسند یان پیلان دژی میسر بگێرن.

تۆ ئەی ((مەمفسە))، هەر لەئێستاوە، تا ئەوکاتەی کە بتوانین خۆمان بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەوانە ئامادە دەکەین و کارێك دەکەین کە بۆ هەتاهەتایە لەشەڕی ئەوان ئاسوودە دەبین، دەبێ سێ کار ئەنجام بدەی: یەکەمیان ئەوەیە دەبێ جێگایەك بۆ نیشتەجێ بوونی کۆیلەکان لەم شارەدا لەبەرچاو بگری. دووەم ئەوەیە کە بەشەخۆراکی ئەوان لێرە بیاندەیەی و سێیەم ئەوەیە کە بەشێك لەسەربازان رابسپێری کە چاودێری بەردەوامیان بکەن تا لەنێو شاردا پەرت و بڵاوونەبن و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا نەبێ چونکە ئەگەر لەناو شاردا پەرت و بڵاو بن و لەگەڵ خەڵکدا پەیوەندی بگرن، شتگەلی ئەوتۆ دەبینن، کە حەزیان بۆی دەچێ و هەوڵ دەدەن کە بیبەن و ئەو مەیلەی ئەوان دەبێتە هۆکاری کوشتن و تاڵانکاری.

مەمفسەگوتی: ئەی پاشا، ئەگەر تۆ فەرمان بدەی، دوای ئەوەی کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان هاتنە ناو پایتەخت، من هەموویان دەکوژم و تۆ لەم قەومە سەربەگێچەڵە ئاسوودە دەکەم. فیرعەون گوتی: لە حاڵی ئێستادا من نامەوێ ئەوانە بکوژم، چونکە هەروەکو خۆشت گوێت لە کاهینی گەورە بوو، لەم کاتەدا خوایان لە بەرامبەر خەڵکی میسر، چاودێری و خۆشەویستییان نییە. من ئەگەر ئەوانە بکوژم، خوای ئەو پیاوە جادووگەرە (مانای مووسا) گرفتاریمان بۆ دروست دەکا. بەڵام حەز دەکەم ئەوانە لە پایتەخت لە ژێرچاوێریدا بن تاکو نەتوانن دەست درێژیی بکەنە سەرماڵ و گیانی خەڵك.

مەمفسە گوتی: ئەی پاشا، بەوجۆرەی کە من زانیاریم هەیە، ئەو پیاوە جادووگەرە، جگە لەوەی کە تۆ مۆڵەت بدەی هاونەژادانی وی لەمیسر بڕۆنە دەرەوە و لە بیابان بژین، داوایەکی دیکەی نییە. ئەگەر ئەم مۆڵەتە لەلایەن تۆوە دەربچێت، کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، کە ئیتر ئەمڕۆ سوود لەکاری ئەوان وەرناگیرێ، لەم وڵاتە دەرۆنە دەرەوە، و تۆهیچی تر ناچارنابی کە لە خەزێنەی خۆت خواردنیان بدەیەی و سەربازان بۆ چاودێری ئەوان رابسپێری.

فیرعەون گوتی: ئەگەر لەم وڵاتە، جگە لەوان کۆیلەی تر نەبووایە، من رازی دەبووم کە ئەوان برۆن، بەڵام ئەگەرئەوان ئازادبکەم بەجۆرێکی حەتمی، کۆیلەکانی دیکەش سەربەرز دەکەنەوە و ئازادییان دەوێ.

مەمفسە گوتی: ئەی پاشا، ئەوانە ئازاد بکە تا لەمیسر برۆنە دەرەوە و لە بیابان بژین هەرکاتێکیش کۆیلەکانی تر، پاش رۆیشتنی ئیسرائیلییەکان سەریان بەرز کردەوە و داوای ئازادییان کرد، هەموویان بکوژە.

فیرعەون گوتی: ئەگەر هەموویان بکوژم ئەی کێ کارەکانی ئەم وڵاتە بکا؟ ئەگەر من هەموو کۆیلەکان بکوژم، بەلای کەمەوە پازدە ساڵی دەوێ تا جێگای ئەوان پڕ دەبێتەوە، ئەویش بەومەرجەی کە لە شەڕەکاندا ئێمە بەسەر دوژمناندا زاڵ ببین، چونکە ئەگەر تووشی نوشوستی ببین، ئەوان سەربازەکانی ئێمە یەدیل دەگرن و دەیان کەن بە کۆیلە، ئێمە ناتوانین سەربازانی ئەوان بە دیل بگرین و بیان کەین بەکۆیلە.

مەمفسە سەلماندی کە قسەکەی فیرعەون راستە. ئەگەر هەموو کۆیلەکان بکوژن، کار، لە مەزرا و باخ و باخەخورماکان و مەعدەنی مسی ئاموون و هەروەها موڵك و مەعدەنەکانی پاشایەتی میسر و ئەشرافەکان، پەکی دەکەوێ، چونکە لەهەموو ئەو موڵك و مەعدەنانەدا، کۆیلەکان سەرگەرمی کارکردن بوون.

فیرعەون گوتی: لەبەر ئەوەی لێرە جگە لەو سێ کەسەمان کەسی تری لێ نییە، کاهینی گەورە و تۆ ئەی مەمفسە کەسی نزیکی منن، دەتوانم هەموو نهێنییەکانی خۆم بە ئێوە بڵێم، دەڵێم کە من ناتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم کە کۆیلەیەکی ئیسرائیلی، ئیرادە و حوکمی خۆی بەسەر مندا بسەپێنێ.

بۆ من زۆر سەختە کە کۆمەڵێك کۆیلە، کە بەڕوانینی من بەهایان لە خۆڵ زیاتر نییە، بتوانن کەسێکی وەکو من ناچار بکەن فەرمانی ئەوان، کە پێچەوانەی حەز و ئیرادەی منە، جێبەجێ بکەم.

لەو رۆژەوەی کەمیسر پەیدا بووە، گەرچی چەند جار وا روویداوە کە سوپای بێگانە بەسەر فیرعەونەکاندا زاڵ بن، بەڵام هەرگیز وارێك نەکەوتووە کە کۆیلەیەك بەسەر فیرعەونێکدا زاڵ ببێ، و ئیرادەی خۆی بەسەر ئەودا بسەپێنێ.



من کوڕی ئاموونم، گۆشت و خوێن و ئێسقانی من، لەهی ئاموونە. من هەمان ئاموونم کە هەموو رۆژێك لە ئاسمان هەڵ دێ و جیهان رووناك دەکاتەوە و شەو، دەچێتە جیهانی رۆژئاواوە تا بەرەبەیان جارێکی دیکە هەڵ بێتەوە.

من هەر ئەوەم کە میسرم هێناوەتە بوون، چونکە من لە گۆشت و خوێن و ئێسقانی ئاموونم، مانای خودی ئاموونم. من ئەوەم کەشتی نیل دەڕوێنم و باڵم بە باڵندە و دەست و پێ بە گیانلەبەرانی بیابان، و پەڕەی مەلەکردنیشم بە ماسییەکانی رووباری نیل داوە!

چۆن پیاوێکی وەکو من دەتوانێ تەحەمول بکا غولامێکی جادووگەر، وکۆمەڵێك کۆیلە من ناچار بکەن، کە بە پێچەوانەی ئیرادە و حەزی خۆم، ئەوان ئازاد بکەم؟!

تۆ ئەی کاهینی گەورە، هەروەها تۆش مەمفسە، ئەگەر لەجیاتی من بوونایە ئایا دەتانتوانی تەحەمولی ئەوە بکەن مشتێك کۆیلە، ئیرادەی خۆیان بەسەر ئێوەدا بسەپێنن؟

کاهینی گەورە گوتی: ئەی پاشا، ئەگەر تۆش وەکو فیرعەونەکانی کۆن، مۆڵەتت نەدابا کە پەیڕەوانی خواکانی دیکە لە میسر بژین، ئەم رووداوە نەدەهات پێش. فیرعەونەکانی میسر لە کۆندا ئەسیریان دەگرت و دەیان کردە غولام، ناچاریان دەکرد کە ئایینی ئاموون بپەرستێ. ئەگەر بهاتبایە ئامادە نەبووایە ئایینی ئاموون بپەرستێ، پێیان دەگوت کە (فدیە) بدە تا ئازاد ببی. جا ئەگەر لەرێگای خزم و کەسانی خۆیەوە نەیتوانیبایە (فدیە) دابین بکا و ئازاد ببێ و لە میسر بڕواتە دەرەوە دەیانکوشت.

فیرعەونەکانی کۆن رەزامەندییان نەدەدا ئەو کۆیلانەی لەمیسر دەخرانە بەرکار، خوایەکی تر، جگە لە ئاموون و باقی خواکانی دیکەی میسر بپەرستن. ئەوەبوو کە هەرگیز ئەوە رووی نەدا کە خوای دەستەیەك لە غولامان بەسەر خواکانی ئێمەدا زاڵ ببێ.

فیرعەونە کۆنەکانی میسر، هەر کەسێك لەم وڵاتە خوایەکی جیای لە خواکانی میسر، بپەرستبایە، دەیانکوشت. جا ئەگەر ئەو کەسە کۆیلە بووایە یان کەسێکی ئازادی میسری بووایە. بەڵام ئێستا لەمیسر، پازدە دەستەی گەورە لە کۆیلان دەژین کە هەر دەستەیەك، خواگەلێکی جیا لە خواکانی میسر دەپەرستێ. جگە لەمانەش دەستەگەلی دیکەی بچووك لە کۆیلان هەن کە ئەوانیش خوا گەلێك دەپەرستن کە لە خوایانی میسری جیاوازن.

ئەگەر ئەم نەریتە ناپەسند و ترسناکە کە کفرێکی تەواو کفرە، نەهاتبایە ئاراوە، ئەمڕۆ خوازادەیەکی وەکو تۆ، لەبەرامبەر دەستەیەك کۆیلە ئاوا دووچاری بیرکردنەوە نەدەبوو.

ئەگەر ئەمڕۆ بچیتە ماڵی یەکێك لە دۆستانی خۆت و ئەو، تۆی بۆ نان خواردن بانگهێشت کردبێ، لەوێ ببینی کە خانەخوێکەت خواگەلێکی دیکەی جیا لە خواکانی میسر دەپەرستێ و ستایشییان دەکا، تووشی چ حاڵەتێك دەبی؟ ئایا دەتوانی تەحەمولی ئەوە بکەی کە خانەخوێکەت، کە یەکێکە لە دۆستانی خۆت، خوا گەلێکی دیکە بپەرستێ؟

لەم حاڵەتەدا خواکانی ئێمە چۆن بتوانن تەحەمول بکەن کەسانی تر لەم وڵاتەدا خواگەلێکی دیکە بپەرستن. ئەگەر دەتەوێ خواکانی ئێمە، لەبەرامبەر ئەم میللەتەدا سۆز و خۆشەویستییان هەبێ، دەبێ ئەو غولامانەی کە لەم وڵاتەدا کاردەکەن، ناچار بکەی کە خواکانی ئێمە بپەرستن. جا ئەو کۆیلانە لەقەومی ئیسرائیل بن یالە قەومێکی دیکە.

جا ئەگەر ئامادە نەبوون ئایینی خۆیان بگۆڕن و خواکانی میسر بپەرستن، هەموویان بکوژە.

فیرعەون گوتی: ئەی ئێستا گوێت لێ نەبوو کە گوتم ئەگەر من فەرمانی قەلاچۆکردنی هەموو کۆیلەکان دەربکەم، تا پازدە ساڵی تر ناتوانین جێگای ئەوان پڕ بکەینەوە. ئایا تۆ، ئەی کاهینی گەورە، دەتوانی چاپۆشی لە کاری غولامان لە کێڵگەکانی ئاموون بکەی؟

کاهینی گەورە گوتی: بەڵێ ئەی فیرعەون، من دەتوانم چاپۆشی لەکاری غولامان لە کێڵگە و باخچە و باخەخورماکان و مەعدەنەکانی ئاموون بکەم.

فیرعەون بەبیستنی ئەو قسەیە زۆر سەری سووڕما، چونکە قسەی ئەو پیاوە مانای ئەوە بوو کە ئەو چاپۆشی دەکا لە داهاتی زۆروزەوەندەی کێڵگە و باخ و باخەخورما و مەعدەنەکانی ئاموون. مانای ئەو داهاتەی کە راستەوخۆ دەچووە ناو کیسەی کاهینی گەورە و باقی کاهینەکانی تری میسر.

کاهینی گەورە کەدیقەتی لە حەپەسانی فیرعەون دابوو گوتی: من ناڵێم بۆ هەتاهەتایە لە موڵکەکانی ئاموون دا، چاپۆشی لەکاری غولامان دەکەم. بەڵکو دەکرێ بەشێوەیەکی کاتی چاوپۆشی لەکاری ئەوان بکرێ تاکو غولامانی تر، کە خوایانی میسری دەپەرستن، جێگای ئەوان بگرنەوە.

فیرعەون گوتی: بەڵام غولامانی تر وا بەزوویی جێگای ئەوان ناگرنەوە، ماوەیەك درێژە دەکێشێ تاکو بتوانی جێگای ئەوان پڕ بکەیەوە.



کاهینی گەورە گوتی: دوای ئەوەی هەموو کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەکوژرێن، بۆخۆم دەست دەکەم بەکڕینی کۆیلە. واوێنا دەکەم کە لە ساڵی دووەمدا، جێگای بەتاڵی هەموو کۆیلەکان پڕ دەبێتەوە.

فیرعەون گوتی: تۆ بۆ کڕینی کۆیلە دەتوانی سوود لە خەزێنەی دەوڵەمەندی ئاموون وەربگری، بەلام ئەی من، کە خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی وەکو ئاموونم نییە، چی بکەم؟

کاهینی گەورە گوتی: ئەگەر تۆ فەرمانی قەتڵ و عام کردنی کۆیلە ئیسرائیلییەکان دەربکەی، و وەچەی ئەوان لەم وڵاتەدا ببڕێتەوە، من تا ئەو جێیەی کە لەتوانادا هەیە، لە خەزێنەی ئاموون، قەرزت دەدەمێ تا سووپایەکی گەورە پێك بهێنی و هێرش بکەیەسەر وڵاتانی تر، و ئەسیر بێنیتە میسر، و بیانکەیتە کۆیلە تاکو لە موڵکەکانتدا کارت بۆ بکەن.

فیرعەون گوتی: دەتوانرێ سوپایەکی گەورە پێك بهێنرێ، بەڵام جەنگ لەگەڵ وڵاتێکی تر مەترسی هەیە، چونکە هەر کە من هێرشم کردە سەر وڵاتێکی تر، ئەو پاشایەی کە هێرشی کراوەتە سەر، داوای یارمەتی لە کەسانیتر دەکا، هەموو پاشاکانی تر کە ناحەزییان لەگەڵ میسردا هەیە، یا خود دەیانەوێ میسر بخەنە ژێر چنگی خۆیانەوە، یاریدەی ئەو پاشایە دەدەن کە هێرشی کراوەتە سەر و من توشی نوشوستی دەبم و وڵاتی میسر، دەکەوێتە بن دەسەلاتی سوڵتانەکانی دیکە. تۆ، کە پیاوێکی زانای، دەبێ بزانی کە ئەمڕۆ هیچ کام لەو وڵاتانەی کە دراوسێی میسرن، لەگەڵ ئێمە باش نین، تەنانەت، وڵاتی میتانی دوژمنی ئێمەیە، پاشای ئەو وڵاتە، چونکە بۆ خۆی بەتەنیا ناتوانێ هێرش بێتێتە سەر میسر، چاوەڕێیە هەلێکی بۆ بڕەخسێ تا بەهاودەستیی ئەوانیتر هێرشمان بکاتە سەر.

وڵاتی میتانی، وڵاتێك بوو کە ئێمەی پاشاکانی میسر، بەردەوام زەماوەندمان لەگەڵ شازادە خانمەکانی ئەواندا دەکرد. تەنانەت پاش ئەوەی کە زەماوەندمان لەگەڵ خوشکی خۆماندا دەگرت، دیسانەوە، شازادەخانمێکمان لەو وڵاتە بۆ هاوسەرێتی خۆمان هەڵدەبژاردو دەمانهێنایە میسر. هەر بەو بۆنەیەوە، بەردەوام لەنێوان وڵاتی میسر و وڵاتی میتانی، پەیوەندی دۆستانە لەبەیندا هەبووە. پاشای میتانی، جاری واهەبووە یەکێك لەخواکانی ئەو وڵاتەی وەکو میوان ناردۆتە میسر و ئێمە لێرە پێشوازیمان لەو خوایە دەکرد. یان ئێمە

یەکێك لە خواکانی خۆمان بۆ وڵاتی میتانی دەنارد تا لەوێ پێشوازی بکەن و میوانداریی بکەن.

بەڵام ئێستا پاشای ئەو وڵاتە دوژمنی ئێمەیە. من دەزانم ئەگەر هێرش بکەمە سەر وڵاتێکی دراوسێ، تا بۆ کاری کێڵگە و باخ و باخەخورماکان و مەعدەن، کۆیلە بێنمە میسر، پاشای میتانی، بۆ یاریدەی ئەوپاشایەی کە من هێرشم بردۆتەسەر، دەکەوێتە خۆی تا من لەناوبەرێ.

کاهینی گەورە گوتی: ئەگەر ناتەوێ بۆ هێنانی کۆیلە بۆ میسر، لەشکرکێشی بکەی، بەو زێڕ و زیو و مسەی کە من دەتدەمێ کۆیلە بکڕە.

فیرعەون گوتی: یەکەمیان من زێڕی گرانبەها نادەم تا کۆیلەی پێ بکڕم، ئەمە کاری کەسانی ترە کە زێڕ بدەن تا یەك یان دوو کۆیلە بکڕن. کاری موڵکەکانی من بەیەك کۆیلە و دووکۆیلە بە ئەنجام ناگا تا من کۆیلەیەك و دووان بکڕم و لە موڵکەکانی خۆمدا بیانخەمە بەرکار.

من بۆ کارەکانی موڵکەکانی خۆم پێویستیم بە دەیان هەزار کۆیلە هەیە. ئەگەر بمەوێ زێڕ بدەم و ئەوان بکڕم، دەبێ هەموو زێڕ و زیو و مسی کە لە خەزێنەکەمدا هەمە، لەبەرامبەر نرخی ئەو کۆیلانەدا داینێم.

گریمان تۆ نرخی غولامەکانت، بەقەرز لەخەزێنەی ئاموون دامێ، دیسانەوە وەکو ئەوە وایە کەمن نرخی ئەوانە لە خەزێنەی خۆم دەدەم، چونکە کەسێك کە قەرز لە کەسێکی دیکە وەردەگرێ، پێویستە ئەو قەرزە بداتەوە.

تۆ لەکام وڵات، هەواڵی بازاڕێکت هەیە کە لەوێ دەیان هەزار غولامی لاو و بەهێزی تێدا بفرۆشن؟

لەهەر بازاڕێکی کۆیلە فرۆشیدا، ژمارەی غولامی بەهێز و لاو لەژمارەیەکی کەم تێناپەڕێ. کۆیلەکانی دیکە پیر و نەخۆشن و سوودێکیان بۆ من نییە. من ئەگەر بمەوێ بۆکاری موڵکەکانی خۆم کۆیلە بکڕم، لەچەند سەد غولامێك، ئەویش لەهەموو بازاڕەکانی میسر و سووریا و فەلەستین و بابل و میتانی، ناتوانم زیاتر بکڕم. ئەم ژمارەیە بۆ هەڵسوڕاندنی کاری موڵکەکانی من بەس نییە.



لە ڕابردووشدا پاشاکانی میسر، هەرگیز بۆ کاری موڵکەکانیان کۆیلەیان نەدەکڕی، چونکە دەیانزانی ئەگەر هەموو زێڕ و زیوی خەزێنەکەی خۆیان بدەن، ئینجا ناتوانن نیوێك لە پێداویستی کارەکانیان لە کێڵگە و باخ و مەعدەنەکان، دابین بکەن.

ئەوان بۆ دابین کردنی غولام، بە بەردەوامی سوودیان لە ئەسیرەکانی جەنگ وەردەگرت و دەیانزانی ئەسیرەکانی جەنگ، لاو بەهێزن.

لەهیچ وڵاتێکدا، پیاوێکی پیر یان نەخۆش ناکەن بەسەرباز تا بینێرنە مەیدانی شەڕ. لە هەموو جێگایەك، سەربازان، لە نێو پیاوانی لاو و ساغ و تەندروست هەڵدەبژێردرێن. سەربازانی پیر لەنێو هەر سووپایەك دا بن، بۆ مەشقی سەربازە لاوەکانە. کاتێك کە دەستەیەك لەسەربازان لەمەیدانی شەڕ ئەسیر دەکران، سەربازە پیرەکانیان دەکوشت، مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەگەر بیتوانیبایە (فدیە) بدا و خۆی ئازاد بکا. سەربازە لاوەکانیشیان بە ئەسیری دەبرد. منیش ئەگەر کۆیلەکان لەناوبەرم، ڕێگاچارەیەکم نییە جگە لەوەی کە جێگاکەی ئەوان بە ئەسیرانی جەنگ پڕبکەمەوە. بەڵام ئەمڕۆ، ناتوانم لەگەڵ کەسانیتردا بجەنگم، چونکە هێرش کردن بۆ سەر وڵاتێك، دەبێتە بایسی ئەوەی کە هەموو وڵاتانی تر کە لە نزیك و دوور دراوسێی میسرن، هێرش بکەنە سەرمان.

کاهینی گەورە گوتی: ئەی فیرعەون بەو قەرارە بێ تۆ حەز ناکەی کۆیلە ئیسرائیلییەکان بکوژی و خواکانی ئێمە خۆشحاڵ بکەی؟

فیرعەون گوتی: من زۆر حەزدەکەم کە کۆیلەکان بکوژم و خۆم لە مەترسی خوای بێگانە ئاسوودە بکەم. تۆ واگومان دەکەی کە من لەڕووی ڕەزامەندییەوە ئامادە بووم کە داواکانی کۆیلە ئیسرائیلییەکان قبوڵ بکەم و ڕازی ببم کە ئەوان لە کارگاکاندا دەست لەکاری خۆیان هەڵبگرن؟

ئایا تۆ واوێنا دەکەی کە من لەڕووی حەز و ڕەزامەندییەوە ئامادە بووم کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، لەشارەکانی میسرەوە، بێنمە پایتەخت و لێرە دایانبمەزرێنم تا ئەوان لەشارەکانی میسر، دەست درێژی بکەنە سەر ماڵ و گیانی خەڵك؟

تۆ ئەی کاهینی گەورە، هەموو کاروبارەکان لەڕووی کارەکەی خۆتەوە، هەڵدەسەنگێنی، بەڵام من کە پاشای میسرم، دەبێ کاروبارەکان لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە هەڵبسەنگێنم. ساسەت و ئابووری دەڵێ نابێ لەم وڵاتەدا کۆیلەکان قەتڵ و

عام بکرێن، هەرچەندە بەقسەی تۆ ئەوان لە پازدە میللەت و نەژاد بن و هەر گرووپە ، دەستەیەك لە خوایانی بێگانە بپەرستن.

گریمان تۆ چاوپۆشیت لە کاری غولامان لە کێڵگە و باخ و مەعدەنەکانی ئاموون کرد، منیش چاو پۆشیم لەکاری خۆم کرد، ئەی کەسانیتر کە کۆیلەیان هەیە، چی بکەن؟

ئایا من دەتوانم کۆیلەکانی ئەشراف و بازرگانەکان، کە لەمولّکەکان یان لەماڵەکانی ئەواندا کار دەکەن، بکوژم و ئەوانە، هەموویان بکەمە دوژمنی خۆم؟

جگە لە دوژمنایەتی ئەوان، ئەگەر من کۆیلەکانی ئەشراف و بازرگانەکان بکوژم، لەم وڵاتەدا، بازرگانی و سەنعەتکاریی رادەوەستێ و هاتوچۆی کەشتییەکان لە شەتی نیل رادەوەستێ. ئیتر لەم وڵاتەدا، شتێك لەمەعدەن نایەتە دەرەوە تا لە کورەخانە بتوێتەوە و لەبەر ئەوەش کە لەکێڵگەکانی میسر، کار رادەوەستێ، هەناردەی بەروبوومی کشتوکاڵی میسر، لەبەین دەچێ.

تۆ ئەی کاهینی گەورە، لەبەر ئەوەی پاشا نی و بەرێوەبردنی کاروباری وڵاتت بە ئەستۆوە نییە، دیقەتت لەهەمبەر ئەم خاڵانە نییە. تەنیا هەر بیر لەوە دەکەیەوە کە کۆیلەکان لەمیسر، خوایانی بێگانە دەپەرستن،.

بەڵام من بەسەرنجدان لەهەموو ئەم مەسەلانەیە کە بەکردەوە لەسەر قەتڵ و عامی کۆیلەکان رازی نیم. هەر بەوجۆرەش کە پێم گوتی بە دووای بیانوویەکدا دەگەڕێم تا لە هەوەڵێن دەرفەتدا، هەلومەرجێك بێنمە پێشەوە تا بەو بیانووە، بتوانم بەشێك لەوانە، مانای کۆیلە ئیسرائیلییەکان قەڵاچۆ بکەم.

کاتێك ئاخاوتنی مەنەفتە، فیرعەونی میسر، گەیشتە ئێرە، یەکێك لەکەسانی دەربار هاتەژوورەوە و گوتی: مووسا هاتووە و داوادەکا کەبێتە لای فیرعەون.

فیرعەون بە حەپەسانەوە پرسی: ئایا مووسا خۆی هاتووە یان نوونی برای هاتووە؟

پیاوەکە وەڵامیدایەوە: مووسا خۆی هاتووە.



-٢٨-

## چوونە دەرەوە لە میسر

کاتێك کاهینی گەورەی ئاموون و فەرمانڕەوای پایتەخت زانییان کە مووسا دێتە لای فیرعەون، ویستیان بڕۆن. بەڵام فیرعەون پێی گوتن: مەڕۆن با گوێتان لە قسەکانی مووسا بێ.

مووسا، لە حاڵێکدا کە وەکازەکەی خۆی بە دەستەوە بوو، هاتە ژوورەوە.

هەر جارێك کە مووسا دەچووە لای فیرعەون بە یاوەریی نوون دەچووە لای فیرعەون، بەڵام ئەو رۆژە بەتەنیا چووە لای فیرعەون.

فیرعەون گوتی: ئەی پیاو، ئەی تۆ نەتگوت ئیتر نایەمەوە ئێرە تا من نەبینی؟

مووسا وەڵامیدایەوە: من نەمدەویست بێمە ئێرە خۆشت ئاگاداری پێم نەنایەوە ئێرە و لەجیاتی خۆم نوونی برامم دەنارد.

بەڵام ئێستا خوای من، یاهوو، فەرمانی کردووە کە بێمەوە لای تۆ و لێت بپرسیم کە بۆچی دەتەوێ هاونەژادانی من لە شارەکانی میسرەوە بۆ پایتەخت بگوازییەوە؟

فیرعەون بە حەپەسانەوە پرسی: تۆ چۆن ئەم بابەتەت زانی؟ فیرعەون تا ئەورۆژە، مەرامی خۆی بەکەس نەگوتبوو، ئەورۆژە، بڕیاری خۆی بۆ کاهینی گەورە ئاموون و فەرمانڕەوای پایتەخت باس کردبوو. ئەم دوو کەسەش دوای ئەوەی گوێیان لە بڕیاری فیرعەون بوو، هێشتا لای پاشای میسر نەڕۆیشتبوون تا بەکەسانی تری بڵێن کە پاشا دەیەوێ هەموو کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە پایتەخت کۆبکاتەوە.

مووسا وەڵامیدایەوە: من ئەم بابەتەم لەخوای خۆمەوە گوێ لێبوو. ئەو بەمنی گوت کە بێمە ئێرە و لێت بپرسم کە بۆچی دەتەوێ هاونەژادانی من لە پایتەخت کۆبکەیەوە؟

مەنەفتە گوتی: خوای تۆ کە ئەوەندە ئاگادارە و دەزانێ کە من دەمەوێ کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە پایتەخت کۆبکەمەوە، ئایا بە تۆی نەگوت کە بۆچی دەمەوێ ئەوان لە پایتەختی میسر کۆبکەمەوە؟

مووسا لەم پرسیارە ناڕەحەت بوو، چونکە قسەکەی فیرعەون مەنتیقی بوو. بێگومان خوای ئەو دەزانێ کە فیرعەون بۆچی دەیەوێ کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە پایتەخت کۆبکاتەوە و پێویستی نەدەکرد کە بۆ ئاگاداربوون لەمبارەیەوە ئەو بنێرێتە لای فیرعەون .

پاش کەمێك بێدەنگی، مووسا ئاوای گوت: من ملکەچی فەرمانەکانی خوای خۆمم و هەرچییەك بڵێ جێبەجێی دەکەم و چەند چوونی تێدا ناکەم. خوای من گوتی فیرعەون نیازی وایە هەموو کوڕانی ئیسرائیل لە پایتەخت کۆبکاتەوە. بڕۆ لێی بپرسە کە بۆچی بڕیاری ئەم کارەی داوە.

من دەمتوانی بەخوای خۆم بڵێم تۆ، کە ئاگاداری هەموو شتێکیت، دەبێ بزانی کە فیرعەون بەچی مەرامێك ئەو بڕیارەی داوە، بەڵام ئەم قسەیەم نەکرد، چونکە من فەرمانی خوای خۆم دەسبەجێ و بێ ئەوەی داوای روونکردنەوەی لێبکەم، جێبەجێ دەکەم. ئێستا لێت دەپرسم بۆچی دەتەوێ هاونەژادانی من لە پایتەخت کۆبکەیەوە؟

فیرعەون گوتی: هاونەژادانی تۆ، بوونەتە مایەی دەردەسەرییەکی زۆر بۆ میللەتی میسر. سەرباری ئەوەی من خواردنی ئەوان دەدەم، بێ ئەوەی کە کاریش بکەن، دەست درێژی دەکەنە سەر خەڵك و ماڵی میسرییەکان بەتاڵان دەبەن و ئەگەر خاوەن ماڵیش، پێش بە تاڵان کردنی هاونەژادانی تۆبگرێ، ئەوا دەیکوژن.

من دیقەتم داوە کە لەشارە بچووکەکان دا، بەڕادەیەکی تەواو سەربازی لێ نییە تا ڕێگا لە دەست درێژییەکانی ئەوان بۆسەر میسرییەکان بگرن و، لەبەر ئەوەی لە پایتەخت هێزێکی تەواوی لێیە و دەتوانێ ڕێگا لەو دەست درێژییانە بگرێ، بڕیارم وایە کە فەرمان بدەم ئەوان لە هەموو جێگاکانەوە، بۆ پایتەخت بگوازنەوە.

مووسا پرسی: ئایا مەبەستی تۆ لە هێنانی هاونەژادانی من لە دەوروبەرەوە بۆ ناو پایتەخت ، هەر ئەمەیە یاخود دەتەوێ ئەوان لێرە کۆبکەیەوە تا ڕۆژێك هەموویان بکوژی؟

کاتێك فیرعەون ئەم قسەیەی لە مووسا بیست، ناڕەحەت بوو، چونکە لەناخەوە هەمان ئەو مەیلەی هەبوو کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان لە پایتەخت کۆبکاتەوە و لە یەکەمین هەلی گونجاودا هەمووان بکوژێ. بەڵام لەوەڵامی مووسا دا گوتی: ئەگەر من بمویستبایە هاونەژادانی تۆ بکوژم، ئایا نەمدەتوانی فەرمان بدەم کە لە شارەکانی میسر، هەموویان بکوژن؟

مووسا گوتی: هانەژادانی من لە شارە بچووکەکانی میسر بە هێزن و سەربازەکانی تۆ، لەوێ ناتوانن ئەوان بکوژن.



کاتێك مووسا ئەم قسەیەی کرد، مەمفسە، فەرمانڕەوای پایتەخت ، ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا، داخی بۆ نەمانی دەسەڵاتی فیرعەونەکانی میسر خوارد.

ئەو لە بیری بوو کە لەسەردەمی پاشایەتی رامسیسی دووەم، فیرعەونی بنیاتنەری میسر، ئەوەندە بەهێز بوو کە هەموو پاشاکانی دەوروبەر لە فیرعەون دەترسان. هیچیان زاتی ئەوەیان نەدەکرد هێرش بکەنە سەر میسر. رامسیسی دووەم، بەهۆی یەکێك لە دەستدرێژییەکانی، کە کەسانی سووپای وڵاتی کۆش، کردیانە سەرمیسر، خەڵکی ئەو وڵاتەی قەتڵ و عام کرد. لە سەردەمی پاشایەتی ئەودا، تەنانەت پاشای وڵاتی هاتی، کە بەهێزترین سەربازی جیهانی ئەو رۆژەی هەبوو، لە فیرعەونی میسر دەترسا و دیقەتی بەکاردەهێنا کەوەزعێکی ئەوتۆ نەیەتە پێشەوە، لەگەڵ فیرعەون تووشی جەنگ ببێ. بەڵام لەم دەمەدا توانای فیرعەونی میسر ئەوەندە لاواز بووە، کە ناتوانێ ژمارەیەك غولامی دواکەوتووی ئیسرائیلی بەسزا بگەیەنێ. ئەگەر رامسیسی دووەم، فیرعەونی میسر بووایە، فەرمانی دەدا هەموو کۆیلە ئیسرائیلییەکان بکوژن، یاخود هەردوو چاوی هەموویان هەڵکۆڵن و بە بەردی (عصاری) یاخود بە ئامووری جووت کردنیان ببەستنەوە.

فیرعەون مەنەفتە گوتی: لەدەوروبەرەوە هەواڵم پێدەگا کە هاونەژادانی تۆ لە شارە بچووکەکان، هێرش دەکەنە سەر خەڵك و ماڵیان بە تاڵان دەبەن و دەیانکوژن. من بیرم کردەوە کە هەرکاتێك هەموویان لە پایتەخت کۆبکەمەوە، خەڵکی شارە بچووکەکان لە دەردەسەری و مەترسی ئەوان پارێزراو دەبن. هاونەژادانی تۆ دوای ئەوەی بۆ پایتەخت گوازرانەوە بەشەخۆراکی خۆیان لێرە وەردەگرن.

مووسا گوتی: لەبەرچی ناهێڵی کوڕانی ئیسرائیل لەم وڵاتە بڕۆنە دەرەوە تا تۆ ناچار نەبی ئەوان لە پایتەخت کۆبکەیەوە و خواردنیان بدەیەی؟ ئێمە ئەگەر لەم وڵاتە بڕۆینە دەرەوە، تۆ ئاسوودە دەبی و کاتی ڕۆیشتنە دەرەوەش لێرە هیچمان ناوێ؟

فیرعەون گوتی: بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەڕێگای فەرمانڕەوایانی شارەکانی میسرەوە بە من دەگا، وا دەردەکەوێ کە لێڕوانینی هاونەژادانی تۆ لەوە جیاوازە کە تۆ دەیڵێی، ئایا تۆ ئاگات لە لێڕوانینی ئەوان هەیە؟

مووسا گوتی: نەخێر.

فیرعەون گوتی: من سەرم سووڕ دەمێنێ کە چۆن تۆ ئاگات لە لێڕوانینی هاونەژادانی خۆت نییە و نازانی کە ئەوان دەیانەوێ هەرچی کە خەڵکی میسر هەیانە، لەژێر چنگیان بێننە دەرێ؟

مووسا گوتی: من لە رابردوودا لەمبارەیەوە زانیاریم هەبوو. من هاونەژادانی خۆم راسپارد کە لەم بیرۆکەیە دوور بکەونەوە.

فیرعەون پرسی: ئایا تۆ دەتوانی پێم بڵێی کە هاونەژادانی تۆ بە چ بەڵگەیەك دەیانەوێ دارایی خەڵکی میسر، لەوان بستێنن؟

مووسا گوتی: بەڵگەی ئەوان ئەو زەحمەتەیە کە لەماوەی چەندین نەوەدا بۆ فیرعەونەکان و ئەشرافەکانی میسر، کێشاویانە.

فیرعەون گوتی: ئەگەر ئەوان لەم وڵاتەدا زەحمەتیان کێشاوە، لەبەرامبەر ئەوەدا خواردن و جلیان وەرگرتووە، شەوانەش ئەنوایەکیان بۆ حەوانەوە هەبووە.

مووسا گوتی: من ئەم بابەتەم بەوان گوتووە، بەڵام ئەوان باوەڕیان وایە کە ئەو خواردن و جل و بەرگەی کە بەوان دراوە لەبەرامبەر زەحمەتێکی کە لەم وڵاتەدا بۆ فیرعەونەکان و ئەشرافەکانی میسر کێشاویانە، بێ بەهایە.

فیرعەون گوتی: لەم وڵاتەدا غولامی زۆر هەن کە هەموویان زەحمەتیان بۆ فیرعەونەکان و ئەشرافەکانی میسر کێشاوە. ژمارەیەکی تریش لە کۆیلەکان، لە موڵك و کانە مەعدەنەکانی ئاموونددا خەریکی کارکردن بوون.

جگە لە غولامان، ژمارەیەکی زۆر لەمیسرییەکان، لەمەزرا و باخ و باخە خورماکان و جێگاکانی دیکە خەریکی کار بوون و ئێستاش هەرکار دەکەن. دارایی میسر، زەحمەتکێشانی هەموو ئەوانەیە نەك هەر تەنیا کۆیلە ئیسرائیلییەکان . لەم حاڵەتەدا چۆن هاونەژادانی تۆ بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دارایی خەڵکی میسر، بکەنە موڵکی خۆیان و بڵێن هەرچی لەم وڵاتەدا هەیە، بەرهەمی رەنجی ئەوانە؟

مووسا گوتی: ئەوان ناڵێن هەرچی لەم وڵاتەدا هەیە بەرهەمی رەنجی ئەوانە. ئەوان دەزانن کە لە میسر، غولامانی تریش، کاریان کردووە و ئێستاش کاردەکەن و بە گوتەی خۆت میسرییانیش خەریکی کار بوون و ئێستاش کاردەکەن. هاونەژادانی من، تەنیا بەو ئەندازەیەی کە خۆیان لەم وڵاتەدا، کاریان کردووە و سامانی میسرییەکانیان زیادکردووە، داوا دەکەن.

فیرعەون گوتی: من ناتوانم رەزامەندی بدەم کە هاونەژادانی تۆ شتێك لە خەڵکی ئەم وڵاتە وەربگرن.

مووسا گوتی: ئەم بابەتە لایەنێکی گەوهەری نییە، بەڵکو مەسەلەیەکی لاوەکییە. هەربۆیە من بەهاونەژادانی خۆمم گوتووە کە دەبێ دانبەخۆیاندا بگرن و بە هەڵپەوپەلەکردن، نەبنە مایەی



بێنیزامی. ئەگەر تۆش رەزامەندی لەسەر ئەوە بدەی کە هاونەژادانی من لەم وڵاتە برۆنە دەرەوە، ئەم بابەتە چارەسەر دەبێ.

فیرعەون گوتی: قۆناغی یەکەمی رۆیشتنە دەرەوەی هاونەژادانی تۆ لەم وڵاتە، ئەوە دەبێ کە ئەوان لە پایتەخت کۆدەکرێنەوە و بەشە خۆراکی خۆیان لێرە وەردەگرن. کاتێك هەموویان لە پایتەخت کۆبوونەوە، دەکرێ بزانرێ کە ئەوان دەڵێن چی و چییان دەوێ، چونکە بیستوومە هاونەژادانی تۆ، لەیەك تیرە نین، بەڵکو لە چەند تیرەی جۆربەجۆرن.

مووسا گوتی: راستە ئەوان دوازدە تیرەن.

فیرعەون پرسی: بێگومان هەریەك لەو دوازدە تیرەیە شتێکی دەوێ کە لەوەی تر جیایە، یان شتێکی دەوێ کە لەوەی تریان زیاترە.

مووسا گوتی: ئەمە راستە کە لەنێوان دوازدە تیرەکەی ئێمەدا، لەبارەی داواکارییەکانەوە روانینی جیاواز هەیە، بەڵام بەو ئەندازەیە نییە کە فیرعەون وێنای دەکا. ئەگەر فیرعەون رەزامەندی بدا کە کوڕانی ئیسرائیل لەم وڵاتە برۆنە دەرێ، روانینە جیاوازەکان بە زوویی لەبەین دەچن.

فیرعەون گوتی: دوای ئەوەی کە هاونەژادانی تۆ لەم شارە کۆبوونەوە، من دەڵێم کە نوێنەرانی هەر تیرەیەك هەڵبژێردرێ، ئینجا بانگیان دەکەمەلای خۆم و لێیان دەپرسم کە چییان دەوێ. بەڵام بەم وەزعەوە کە هاونەژادانی تۆ لە هەموو میسر، پەرت و بڵاون و هەرتیرەیە لەلایەکە، چۆن دەکرێ بزانرێ کە ئەو تیرە جیاجیایانە چییان دەوێ؟

مووسا لەناخی خۆیدا قسەکەی فیرعەونی سەلماند، چونکە کۆیلە ئیسرائیلییەکان بەجۆرێك لەمیسر پەرت و بڵاوبوون، کە تەنانەت تیرەیەکی تەواو لەو دوازدە تیرەیە لەیەك جێگا نیشتەجێ نەبوون.

مووسا خۆشی لەمبارەیەوە لە زەحمەتدا بوو. نەیدەتوانی لە رۆژێکی دیاریکراودا پەیوەندی بەنوێنەرانی هەموو تیرەکانەوە بکا. هەر بۆیە رازی بوو کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان، کە لە هەموو میسردا پەرت و بڵاوبوون، لە پایتەخت کۆببنەوە. بەڵام بەو مەرجەی کە بەکەشتی ئەوان بهێننە پایتەخت. مانای بە پێی پیادە ئەوان بەرەو پایتەخت نەخەنە رێگا. دوای ئەوەش کە گەیشتنە پایتەخت ، خانوویەکیان بدەنێ کە سەرباری ئەوەی ئەنوایەکیان دەبێ، ئەو خێزانە ئیسرائیلییانە، بتوانن جیا لە یەکتری بژین.

فیرعەون، داوای مووسای قبوڵ کرد. مووسا لە کۆشکی پاشایەتی هاتەدەرەوە. فیرعەون، کاهینی گەورەی ئاموون و فەرمانڕەوای پایتەختیشی بەرێکرد.

لەسەر فەرمانی فیرعەون رۆژی پاشتر، لەدەرەوەی پایتەخت لە لێواری شەتی نیل ، دەستیان کرد بە دروست کردنی (کۆمەڵە کەپرێك)ی گەورە بەسێ ریزی یەك بەدوای یەکدا، ریزەکان بە جۆرێك بوون کە لەنێوان هەر ریزێك لەو (کەپرانە) شەقامێك هەبوو و ریزی سێیەم لەو (کەپرانە) لە لێواری شەتی نیل بوو.

لەنێوان ریزی (ئەوکەپرانە) چەند کۆڵانێکیان دروست کرد تا دانیشتووانی هەر ریزێك لەو (کەپرانە) بتوانن بە ئاسانی خۆیان بگەیەننە شەتی نیل و لەوێ ئاو هەڵێنجن. هەر (کەپرێکیان) بەهۆی لەمپەرەوە بۆ پازدە ماڵ دابەش کرد، تا هەر خێزانێکی ئیسرائیلی لەهەر یەك لەوماڵانەدا ژیانێکی سەربەخۆی هەبێ.

بەو پێیە لە دەرەوەی پایتەخت ، لە لێواری رووباری نیل ، بۆ نیشتەجێ کردنی کۆیلەکان، شارێکی نوێ هاتە کایەوە، کەبەلەبەر چاوگرتنی وەزعی خەڵکی ئەو سەردەمە، شیانی نیشتەجێ بوون بوو. خێزانە ئیسرائیلییەکان کە لە کۆش دەژیان، بە کەل و پەلی خۆیانەوە، گواستیانەوە بۆ شاری تازە ئاوەدان کراوەی ئیسرائلییەکان لە پایتەختی میسر.

وەزعی ژیانی ئەوان و پیرەمێرد و پەك کەوتووانی ئیسرائیلی، دوای ئەوەی کە گوازرانەوە بۆ پایتەختی میسر، گۆڕا. ئەم وەزعە بووە بایسی دادوسکاڵای ئەوان و چوونە لای مووسا وپێیان گوت کە ئێمە لەسەر زەوینی کۆش، بە ئاسوودەیی ژیانمان دەبردەسەر. تۆ ئێمەت بۆ ئەم شارە گواستەوە و ئێمەت دووچاری ناڕەحەتی کرد.

ئەوان گوتیان: ئێمە لە سەرزەوینی کۆش مەزرای بچووك وسەوزەواتمان هەبوو. لەمەزرای خۆمان گەنم و پاقلە و لۆبیا و نۆکمان دەچاند.

لە سەوزەوات، پیاز و سیرمان دەچاند. بزنەکانی خۆمان لەبیابان دەلەوەڕاند. لێرە نە مەزرامان هەیە گەنم و دانەوێڵەی لێ بچێنن، نە جێگای سەوزەواتمان هەیە تا سیر و پیاز و نەعنا و تەڕەوتوولەی لێ بەرهەم بێنین.

ئێمە کاتێك لە سەرزەوینی کۆش بووین، مەحاڵ بوو خواردنی خۆمان بێ سەوزەی تازە بخۆین. ئەگەر تەڕەوتوولە و نەعناشمان نەبووبێ، هەرنەبێ، بە بەردەوامی پیاز و سیرمان هەبوو. بەڵام لێرە، نە تەڕەوتوولە و نەعنامان هەیە نە پیاز و سیرمان هەیە. جا لەبەر ئەوەش کە هیچمان نییە بیدەینە بزنەکانی خۆمان و نازانین لە کوێ بیان لەوەڕێنین، بزنەکانمان شیریان نییە و ئێمە شیرمان لێیان دەست ناکەوێ.



لە حاڵێکدا کە لە سەرزەوینی کۆش، رۆژنەبوو شیری بزن نەدۆشین، هەرچەند رۆژیش جارێك، گۆشتی بزنمان دەبرژاند یاخود بەشێوەی گۆشتاو دەمانخوارد. لێرە خواردنی ئێمە تەنیا بریتییە لە نان و پاقلە و ماسی و چەند رۆژ جارێکیش، مراوی.

مووسا پرسی: ئێستا چیتان لە من دەوێ، دەبێ من چ بکەم؟

ژنان و پیرەمێردانی ئیسرائیلی گوتیان: برۆ بۆ لای فیرعەون و پێی بڵێ کەزەوی بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕگامان بۆ لەوەڕی بزنەکانمان بداتێ، تا ئێمە بتوانین شتگەلێك کە خۆمان پێویستمانە، لە مەزرا و شیناوەردەکانی خۆمان رەنێوبێنین و بزنەکانمان، لە لەوەڕگا بلەوەڕێنین تا بتوانین سوود لە شیرەکەیان وەربگرین و بزنەکان، کاریلە بهێنن و ژمارەی بزنەکانمان زۆرببێ.

مووسا ویستی ژنان و بەساڵدا چووان، حاڵی بکا کە گواستنەوەی ئەوان بۆ پایتەختی میسر ، سەرەتای گواستنەوەی ئەوان دەبێ بۆ دەرەوەی میسر. هەر بۆیە گوازراونەوە بۆ پایتەخت تا زووتر لەمیسر بچنە دەرەوە. ماوەی مانەوەی ئەوان لە پایتەخت ئەوەندە ناکێشێ تاکو ئەوان دەست بەکاری کشتوکاڵ و چاندنی سەوزایی بکەن و لەشیناوەردەکاندا تەڕوتوولە و نەعناو سیر و پیاز رەنێوبێنن. بەڵام ئەوان گوتیان هەرچەندە ماوەی مانەوەیان لە پایتەخت ، تەنانەت ئەگەر یەك وەرزیش بێت، حەز دەکەن کە خواردەمەنی پەسندی خۆیان، بەتایبەتی سەوزەواتی تازە و پیاز و شیری بزن بخۆن.

مووسا، چووە لای فیرعەون و گوتی: بەشێك لەهاونەژادانی من، کە لە سەرزەوینی کۆش دەژیان، خوویان بەوەوەگرتووە کە لەوێ سەوزەواتی تازە، بەتایبەتی تەڕە و نەعنا و پیاز و سیر بخۆن و شیری بزن بخۆنەوە. ئێستا لەوەزعییەتی خواردەمەنی خۆیان کە تەنیا نان و پاقلە و ماسی و جارجارەش مراوییە، ناڕازین

فیرعەون گوتی: خواردنی ئەوان، سەرەڕای ئەوەی کە کۆیلەن، لە خواردەمەنی ژمارەیەك لە خەڵکی میسر کە ئازادن، باشترە و نەدەبووایە سکاڵا بکەن.

مووسا گوتی: ئەی فیرعەون ، ئەوان سەوزەی تازە و پیاز و سیر و شیری بزن و گۆشتی بزنیان دەوێ،ئەویش بەومەرجەی کە گیسك بێ، چونکە گۆشتی بزنی گەورە، ناتوانرێ بخورێ چونکە بۆنێکی بەدوناپەسندی لێ دێ و تامێکی یەکجار ناخۆشی هەیە.

فیرعەون بەسەرسامییەوە لە مووسای پرسی: ئایاتۆدەتەوەێ من تەڕەوتولە و نەعناو پیاز و سیر و شیر و گۆشتی بزن ، بدەمە هاونەژادانی تۆ؟

مووسا گوتی: یان ئەمانەیان بدەیە یان لە لێواری رووباری نیل، زەوی وزاریان بدەیە تا دانەوێڵە و سەوزە بچێنن، و لەوەڕگاشیان بدەیە تا بزنەکانی خۆیانی تێدا بلەوەڕێنن و بزنەکان، کاریلە بێنن و ژمارەی بزنەکانی هاونەژادانی من زۆر ببێ.

فیرعەون گوتی: بۆچی تۆ وا وێنا دەکەی ئەو زەوی و زاری شیاو بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕگاکانی لێواری رووباری نیل، بێ خاوەنە تا بیاندەمە هاونەژادانی تۆ؟ ئەو زەوی و زارانە، تەنانەت ئەوکاتەی کەهەرەمەکان دروست دەکران، خاوەنیان هەبوو تا بەمرۆ رادەگا.

مووسا گوتی ئەی فیرعەون ، ئەی ئەو زەوی و زارانەی کە ئێستا خانووەکانی هاونەژادانی منی لێیە و کەوتوونەتە لێواری شەتی نیل، چۆن دابین کرا؟

فیرعەون گوتی: ئەو زەوی و زارانە هی خۆم بوون، من زەوی و زارەکانی خۆم بۆجێگای نیشتەجێکردنی کۆیلەکانی ئیسرائیلی تەرخان کرد.

مووسا گوتی: تۆ کە بە شێك لەو زەوی و زارانەی خۆت بۆ جێگای خانووەکانی هاونەژادانی من تەرخان کردووە، بەشێکیش بۆ کشتوکاڵ و چاندنی ئەوان تەرخان بکە و رەزامەندی بدە کە بزنەکانی ئەوان لە هێندێك لە لەوەڕگاکانی تۆدا بلەوەڕێن.

فیرعەون ناچار بوو جارێکی دیکەش تەسلیم ببێ و داخوازییەکەی مووسای قبوڵ کرد. فەرمانیدا، کە بەشێك لە زەوی وزاری شیاو بۆ کشتوکاڵ، لەوانەی کە مولکی ئەوە، لە لێواری شەتی نیل، بدرێتە ئیسرائیلییەکان، تاکو هەرچی پێیان خۆش بوو بیچێنن. هەروەها رەزامەندیشی دا کە ئەو کۆیلانە، بزنەکانی خۆیان لە لەوەڕگاکانی ئەودا، کە لە لێواری شەتی نیلن، بلەوەڕێنن.

ئەم ریوایەتە لە ریزەی ئەو ریوایەتە مەزهەبییانەیە کە پەیوەستە بە کۆیلەکانی ئیسرائیلەوە.

بەڵام ریوایەتی مێژوویی بە جۆرێکی دیکەیە و ئاوایە کە مووسا بۆ ئازادکردنی قەومی ئیسرائیل لەمیسر و بردنە دەرەوەی ئەوان لەو وڵاتە، هەموو موڵکەکانی خۆی بە فیرعەون بەخشی بوو. پێش ئەوەش موڵکەکان ببەخشێ، پێشنیاری کرد کە بەشێك لە زەوی و زار و لەوەڕگاکانی وی، لە لێواری رووباری نیل لە پایتەخت بۆ نیشتەجێ کردنی کوڕانی ئیسرائیل (تا ئەوکاتەی کە ئەوان لەمیسرن) تەرخان بکرێ. دوای ئەوەی کوڕانی ئیسرائیل لەمیسر دەرۆنە دەرەوە، ئەو زەوی و زار و لەوەڕگایانەش وەکو هەموو موڵکەکانی تری مووسا ، ببێتەماڵی فیرعەون .

بۆیە ئەو ناوچەیەی کە خانووەکانیان بۆ نیشتەجێ کردنی تیرەکانی ئیسرائیلی تێدا دروست کرا، لەو زەوی و زارانە بوون کە هی مووسابوون و کێڵگە و شیناوەردەکان کە درایە ئیسرائیلییەکان، دیسان هەر بەهی مووسا دەژمێردران. بزنەکانی کۆیلەکان (کە پێویستە بە کۆیلە ئازاد بووەکان بناسرێن) لە لەوەڕگای مووسا دا دەلەوەڕان.

نیشتەجێ بوونی دوازدەتیرەکەی ئیسرائیل لە پایتەختی میسر ، بەپێچەوانەی وێنای مووسا، درێژەی کێشا. هۆکاری ئەمەش ئەوەبوو کە کوڕانی ئیسرائیل لەوێ بەخۆشی ژیانیان دەگوزەرا، چونکە ئەوبەشە خۆراکەی ئەوان، هەموو رۆژێ بەرێکوپێکی دەگەیشت. ئەوان لە رووی خواردنەوە نیگەرانییان نەبوو.

لەهەمانکاتدا، لەو زەوی و زارانەی کە بەخۆڕایی درابووە ئەوان، کشتوکاڵ و کاری چاندنیان دەکرد. جۆرەها بەروبوومیان بەدەست دەهێنا و بزنەکانیشیان کە بەخۆڕایی لە لەوەڕگاکاندا دەلەوەڕان، ژمارەیان زۆر دەبوو.

هیچ کەس نەیدەتوانی کارێکی بەخۆڕایی بەسەر ئیسرائیلییەکاندا بسەپێنێ. ئەوان، جگە لە خۆیان، کاریان بۆ کەسی دیکە نەدەکرد.

وەزعی ژیانی ئەوان لە پایتەختی میسر باش بوو. سەرەڕای ئەو بەشەخۆراکەی کە لە فیرعەونیان وەردەگرت، دەیانتوانی بۆ خۆشیان خواردنی بەتام ئامادە بکەن و جل و بەرگی باش لەبەر بکەن.

لە هێندێك لە ماڵەکانی تیرەکانی ئیسرائیل، هەموو رۆژێك گۆشتی گیسك، بەردەوام تەڕەوتوولە و نەعنا یان پیاز و سیر لەسەر خوانیان ئامادەبوو. هەموو پیاو و ژن و منداڵانی ئیسرائیل شیری بزنیان دەخواردەوە. کاتێك تیرەکانی ئیسرائیل لە پایتەختی میسر نیشتەجێ بوون، هیچیان نەبوو. لەوێ زەوی و زار و مەزرا و لەوەڕگا، بەجۆرێکی یەکسان بەسەریاندا دابەش کرا، پشکی هەر یەکێکیان، لەو بەرهەمەی کە لەمەزرا یاخود شیناوەردەکاندا هەڵیان دەگرت، لەگەڵ پشکی ئەوی دیکەدا یەکسان بوو. لەڕووی ژمارەی بزنەکانیشیانەوە، تا رادەیەك، یەکسانی لە نێوانیاندا بوو. بەجۆرێك کە لە کۆمەڵگای ئیسرائیل، لە پایتەختی میسر، نە دەوڵەمەند هەبوونە هەژار. هەمووان بە ئەندازەی خۆیان هەبوو بوون. بەڵام هێشتا لەڕووی ناوونیشانەوە هەر بە کۆیلە دەژمێردران. فیرعەون هەرگا، کەناوی ئەوانی دەهێنا دەیگوت کۆیلە ئیسرائیلییەکان.

ئەو ناوچەیەی کە ئیسرائیلییەکان تێیدا دەژیان، بەتەواوی لە پایتەخت جیابوو. مۆڵەت نەدرایە ئیسرائیلییەکان کە بچنە ناو شار تەنیا ژمارەیەك چەرچی و مامەڵەچی دەچوونە نێو شاری ئیسرائیلییەکان. شتگەلێکی کە بۆ فرۆشتن هەیانبوو، لێیان دەکڕین و بە کەشتی شەت باریان دەکرد و هەروەها شتگەلێکی کە قەومی ئیسرائیل پێویستیان بوو، پێیان دەفرۆشتن. مووسا،

خۆشی، هەر لە هەوەڵین رۆژی هاتنی ئیسرائیلییەکان بۆ پایتەخت، رەزامەندیی لەسەر ئەو چاودێرییە وردە دابوو، چونکە کاتێك ئیسرائیلییەکان چوونە نێو پایتەخت ، هیچیان نەبوو. ترسی ئەوە هەبوو کە کۆیلە ئیسرائیلییەکان ، هێرش بکەنە سەر دانیشتووان و ماڵەکانی پایتەخت. مووسا بیری کردەوە کە پێویستە ئەو چاودێرییە وردە هەبێ تاکو دانیشتووانی شار، دووچاری هێرشی هاونەژادانی وی نەبنەوە. بەڵام دوای ئەوەی ئیسرائیلییەکان لە پایتەختی میسر بوونە خاوەن سامان، مەسەلەی چاودێری تەنیا وەکو نەریتێك مایەوە و گەرچی ئیسرائیلییەکان (ئەگەر ئازادانە بچوونایەتە ناوشار) پەلاماری خەڵکیان نەدەدا، چونکە پێویستیان بەوەنەبوو رێگا بەخەڵك بگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەی چاودێری، بە گوڕوتینی خۆی هەر مابوو.

تا ئەوکات وەزعی قەومی ئیسرائیل لەوڵاتی میسر، بەئیرادەی فیرعەونەوە بەند بوو. پاشای میسر، نەیدەویست کە ئەو قەومە ئازاد بکا، بەڵام لەوەوپاش، بەرواڵەت، وەزعی ئەوان بەخۆیانەوە بەند بوو و تاڕادەیەك بوونە خاوەن بڕیاری چارەنووسی خۆیان.

ئەم بەشەی مێژووی قەومی ئیسرائیل لەریوایەتەکانی ئەوقەومەدا بەسەربەست ماوەتەوە.

کاتێك مرۆڤ ئەو ریوایەتانە دەخوێنێتەوە، وا تێدەگا رۆژێك، کە یەهودییەکان لەمیسررۆیشتن، وەکو بەندکراوێك وابوون، کە لە زیندان هەڵاتووە و ئازادی بەدەست هێناوە.

لێرەدا دەبێ کەمێك روونکردنەوە بخرێتەڕوو تا بزانرێ بۆچی یەهودییەکان کە نەیاندەویست لە وڵاتی میسر بڕۆن، هەوڵیاندا کە لەو وڵاتە بڕۆن، چونکە هەڵاتنی ئەوان لەمیسر، هەقیقەتی تێدایە بەڵام نەك بەو وەزعەی کەلە هۆشی ئێمەدا جێگیر بووە.[٣٢]

دوای ئەوەی وەزعی ژیانی یەهودییەکان لەمیسر باش بوو، هەرچەندێك کە مووسا و نوون پێداگرییان لەگەڵدا دەکردن کە لەمیسر بڕۆنە دەرەوە و بچنە بیابان و لەوێ دەست بە پەرستنی خواوەند بکەن، ئەوان، پەنایان بۆ وەخت بەڕێ کردن دەبرد و داوایان لە مووسا و نوون دەکرد کە مۆڵەتیان بدەنێ تا بەروبوومی خۆیان هەڵدەگرن، یاخوود داوایان دەکرد کە مۆڵەتیان بدەنێ تاکو مەڕەکانیان دەزێن.

---

(٣٢) (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا) بە زوویی دەبینین کە یەهودییەکان، بەڕاستی لە هەل و مەرجێکی یەکجار سەختدا لەمیسر هەڵاتن. چونکە ئەوان کە کەوتبوونە نێو داوی فیرعەونەوە، گوێڕایەڵی فەرمانی مووسایان نەکرد تاکو سەرەنجام (هەروەکو لە پاشاندا دەیبینین) ناچار بوون ئەوکارە بکەن.



کاتێك بەروبوومی کێڵگە هەڵدەگیرا، مووسا و نوون دەیانگوت، ئێستا کاتی ئەوەیە کە لەمیسر کۆچ بکەین و بچینە بیابان.

قەومی ئیسرائیل دەیانگوت تازە بەوبوومی هاوینەمان چاندووە و ناتوانین چاوپۆشی لەو بەروبوومە، کە دوای دوومانگی دیکە پێدەگا، بکەین.

کاتێك کە بیانوویەکی ئەوتۆیان نەدەبوو کەشیاوی قبوڵ کردن بێت، دەیانگوت بڕێك زێڕ و زیومان بەقەرز لای مامەڵە چییانە، ئەوانە بەروبوومی کشتوکاڵییان لە ئێمە وەرگرتووە، بڕێك زێرو زیویان داوە و ئەوی تریان بۆ دوایی هەڵگرتووە، ئێمە ناتوانین چاوپۆشی لەقەرزی خۆمان بکەین و لەم وڵاتە بڕۆین. مووسا و نوونیش ناچار بوون دان بەخۆیاندا بگرن.

هەموو ئەو بیانووهێنانەوانە لەبەرئەوە بوو کە یەهودییەکان نەیاندەویست لەمیسر بچنە دەرەوە، چونکە لەو وڵاتەدا بەخۆشی ژیانیان دەگوزەراند و دەیانزانی ئەگەر واز لەمیسر بهێنن و بچنە بیابان، دووچاری تەنگەتاوی دەبن، چونکە لەبیابان ئاونەبوو و زەوی و زاری ئەوێ وەکو زەوی و زاری لێوارەکانی رووباری نیل لیتە نەبوو تاکو بۆ رەنێوهێنانی سەوزایی سوودبەخش و شیاو بێت.

شەتی نیل، کە لە چیاکانی ناوەڕاستی ئەفریقا و چیاکانی حەبەشە، سەرچاوەی دەگرت، جۆرەها مادەی کانزایی کە بۆ رەنێوهێنانی سەوزایی سووبەخش بوو، لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. لەکاتی هەستانی رووباری نیل، لە وەرزی پاییزدا، ئەومادانە، لەبیابانی میسر، لەهەردوو بەری رووباری نیل ، دەنیشت و وەرزێرانی میسر، هەمان ئەو زەوییانەیان دەکێڵاو تۆویان دەکرد. ئیسرائیلییەکانیش دوای ئەوەی کە لە لێواری رووباری نیل، کە ئاو پاشەکشێیی دەکرد، دەستیان بەزەوی کێڵان و داچاندن دەکرد. ئەوان دەیانزانی کە لە بیابان، زەوی و زارێکی کشتوکاڵیی ئاوا پەسند، بەدەست ناکەوێ و ئەگەر زەوی شیاویشیان دەست بکەوێ، ئاو بەدەست ناکەوێ.

گەرچی ئەوان ماوەیەکی دوورودرێژ بوو لە بیابان دوور بوون و لەمیسر دەژیان، بەڵام دەیانزانی کە وەزعی ئەو بیابانەی کە لە دەرەوەی میسر، مانای لە باکووری رۆژهەڵاتی ئەوێ هەڵکەوتووە، چۆن چۆنییە. ئەوان زانیارییان هەبوو کە لەو بیابانە بەرفراوانەدا، لەهەر جێگایەك ئاو هەبێ، کۆمەڵێك لەو جێیە نیشتەجێ بوون و بۆ کشتوکاڵ و ماڵات پەروەردە کردن، سوود لەو ئاوە وەردەگرن و ناهێڵن کە سانیتر لەوێ نیشتەجێ بن،. ئەگەربیانەوێ لەو ناوچەیە نیشتەجێ بن، جگە لەوەی کە لەگەڵ دانیشتووانی ئەوێ بجەنگن، چارەیەکی تریان نەبوو. جا ئەگەر سەرکەوتوو بوونایە، دەیانتوانی لەو ناوچەیە نیشتەجێ بن. ئەگەر تووشی تێکشکانیش بوونایە، دیسانەوە گیرۆدەی کۆیلەتی دەبنەوە، و دانیشتووانی ناوچەکە، ئەوانیان دەکردە کۆیلە.

ڕۆژێك مووسا بە ساڵداچووانی قەومی ئیسرائیلی بانگهێشت کرد تا کۆببنەوە و لەبارەی چوونە دەرەوەی ئەوان لە میسر، قسەبکا.

دوای ئەوەی بەساڵداچووان کۆبوونەوە، مووسا پێی گوتن: باشە ئێوە هەر هەمان ئەو کەسانە نین کە لە رابردوودا حەزتان دەکرد لەم وڵاتە بڕۆنە دەرەوە، ئێستا چ بووە کە عەزمتان ئاوا خاوبۆتەوە و هەر جارێك کە من پێتان دەڵێم لێرە بڕۆنە دەرەوە و بەرەو بیابان بڕۆن، تا لەوێ خەریکی پەرستنی خواوەندبین، بیانوویەك دەهێننەوە و کاتێك کە ناتوانن هیچ بیانوویەك دابتاشن، دەڵێن قەرزمان لەسەر مامەڵە چییانە و، دەبێ ئەوان زێڕ و زیوتان بۆ بهێن و، ناتوانن چاوپۆشی لە قەرزی خۆتان بکەن؟

یەکێك لە بە ساڵداچووان گوتی: ئەی مووسا ، وەزعی ئێمە لەگەڵ رابردوو زۆر جیاوازی هەیە. ئێمە لە رابردوودا کۆیلە بووین و بەدرێژایی ساڵ زەحمەتمان بۆ فیرعەون دەکێشا بێ ئەوەی هەرگیز بەتێری خۆشمان خواردن بخۆین و جلێکی نوێمان لەبەر دابێ. بەڵام ئەمڕۆ لە ماڵی خۆماندا بە ئاسوودەیی دەژین و بەتێری خۆمان دەخۆین و جلی نوێ لەبەر دەکەین. ئیتر زێڕو زیو بۆ ئێمە وەکو ئەو مادە دەگمەنە نییە کە دەستمان پێڕانەگا، ئەمڕۆ لەنێو ئێمە کەس نییە هێندێك زێر و زیوی نەبێ.

ڕۆژگارێك بوو تەنانەت ژن و منداڵەکانیشمان راکێشی کۆیلەتی کرابوو، بەڵام ئەمڕۆ ئەو ژن و منداڵانەمان ئاسوودەن و، کاتی منداڵەکانمان تەنیا بە یاری کردن بەسەر دەچێ.

ئێمە ئەمڕۆ، نەك هەرتەنیا کار بۆ فیرعەون ناکەین، بەڵکو شتێکیشی لێ وەردەگرین و ئەو هەموو رۆژێك بەشەخۆراکی ئێمە دەدا.

ئەگەر ئەو بەشە خۆراکیشمان نەداتێ، ئێمە بەبرسێتی نامێنینەوە، چونکە دەتوانین بە بەروبوومی کێڵگەکان و لەرێگای پەروەردەکردنی ماڵاتەوە سکی خۆمان تێر بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا بەو بەشە خۆراکەی کە فیرعەون دەماندانێ، خۆشحاڵ دەبین چونکە ئەو بەشە خۆراکە بۆ ئێمە دۆزینەوەیە. رۆژێك کە ئێمە دەمانویست لەمیسر بڕۆینە دەرەوە، ئەم ئاسوودەیی و خواردنی زۆر و زێڕ و زیوەمان نەبوو، بەڵام ئەمڕۆ هەموو شتێکمان هەیە بێ ئەوەی ناچاربین بە خۆڕایی کار بۆ فیرعەون بکەین. ئایا ئێستا شێتایەتی نییە ئێمە ئەم ئاسوودەییە بەجێ بێڵین و بڕۆینە بیابان و خۆمان بدەینە دەست چارەنووسێکی نادیار؟



مووسا گوتی: ئاسوودەیی ئەمڕۆی ئێوە، لە پشتیوانی یاهووەیە، ئەگەر خوای ئێمە، یاهوو، پشتیوانی لە ئێوە نەکردبایە، ئێوە نەمڕۆ ئەم ئاسوودەییەتان نەدەبوو، نەتان دەتوانی نزیکی پایتەختی میسر ، کاتی خۆتان، تەنیا بە حەسانەوە بەرنەسەر.

بەو پێیە، بە سوپاسگوزاری ئەوەی کە خوای ئێمە، ئێوەی لە بەدبەختی رزگار کرد و ئەم ئاسوودەیی و خۆشییەی بۆ ئێوە فەراهەم کردووە دەبێ فەرمانی ئەو جێبەجێ بکەن و بڕۆنە بیابان و پەرستنی خواوەند بکەنە ئەرکی خۆتان.

بەساڵداچوویەکی دیکە گوتی: ئەی مووسا، من وابیر دەکەمەوە، کە دەکرێ لێرەش هەر لەو جێیە خواپەرستی بکرێ و پێویست ناکا بۆ خواپەرستی ئێمە بڕۆینە بیابان.

من ئەمە دەسەلمێنم کە ئاسوودەیی و خۆشیی ئەمڕۆی ئێمە لە چاودێری و پشتیوانی یاهووەیە، بەڵام ئەگەر برۆینە بیابان ئەم ئاسوودەیی و خۆشییە لەدەست دەدەین و لەو کاتەدا وەکو ئەوە دەبێ کە یاهوو چاودێریی ئێمەی نەکردبێ.

مووسا گوتی: ئایا دەتانەوێ ملکەچیی فەرمانی یاهوو نەکەن و لێرە بمێننەوە؟

بە ساڵداچوویەکی ترگوتی: ئەی مووسا بەخواوەند بڵێ کە چاوپۆشی لەناردنی ئێمە بۆ بیابان بکا، داوای لێبکە رەزامەندی لەسەر مانەوەی ئێمە لە میسر بدا.

مووسا گوتی: ئەمە فەرمانی خوایە، من زاتی ئەوە ناکەم داوا لەخوا بکەم بڕیاری خۆی بگۆڕێ.

پیاوە بەساڵدا چووەکە گوتی: بڕیاری خواوەند لەبارەی ئێمە، جگە لەوە کە ئێمە لە زوڵمی فیرعەون رزگار ببین، هۆکارێکی دیکەی نەبووە. ئێستا کە لە زوڵمی پاشای میسر رزگارمان بووە، چوونی ئێمە بۆ بیابان بێ سەمەرە و من سەرم سووڕ دەمێنێ تۆ چۆن زاتی ئەوە ناکەی داوا لە خواوەند بکەی کە رەزامەندی لەسەر مانەوەی ئێمە بدا! تۆ ئەگەر کەمێك لەگەڵ خواوەندا قسە بکەی و روونی بکەیەوە کە بۆچی ئێمە حەزدەکەین لەمیسر بمێنینەوە، خواوەند لە سەر مانەوەی ئێمە لەم وڵاتەدا رازی دەبێ.

مووسا گوتی: من ئامادەم لە بارەی ئێوە لەگەڵ خواوەند قسە بکەم، بەڵام دەزانم کە خواوەند بڕیاری خۆی ناگۆڕێ و دووبارە پێم دەڵێ دەبێ ئێوە لەمیسر بڕۆنە دەرەوە.

مووسا حەزی نەدەکرد لەگەڵ یاهوو، لەبارەی ئەوەی کە قەومی ئیسرائیل حەز دەکەن لەمیسر بمێننەوە ئاخاوتن بکا. مووسا دەیزانی بڕیاری خواوەند جێگیرە و شیانی گۆڕانی نییە، چونکە هەر بڕیارێك کە لەلایەن یاهووەوە دەدرێ لە رووی زانست و ئاگاداری تەواوە دراوە.

یاهوو، تاکێکی ئادەمی نییە کە کاتێك ئەمڕۆ بەرژەوەندی خۆی لەوەرگرتنی بڕیارێکدا دەبینێ و ڕۆژی دواتر بەرژەوەندێکی دیکە لەبەرچاو بگرێ و بڕیارێك وەربگرێ کە لەگەڵ بڕیاری ڕۆژی پێشوودا جیاواز بێت.

خواوەند بەر لەوەی کە بڕیارێك وەربگرێ ئەنجامەکانی تەنیا بۆ ئەمڕۆ و سبەی نا، بەڵکو بۆ هەزاران ساڵ، لەبەرچاو دەگرێ. لەبەر ئەوەی بڕیاری وی، پێشبینەیەکی زانیاری ورد، و تەواوی لەمەڕ ڕووداوەکانی ئایندە هەیە، لەداهاتوودا، پەشیمان نابێتەوە و بڕیاری خۆی ناگۆڕێ.

سەرەڕای ئەوەی کە مووسا دەیزانی بڕیاری خواوەند ناگۆڕێ، لەبەر ئەوەی بە ساڵدا چووانی قەومی ئیسرائیل پێیان گوتبوو کە لەگەڵ خواوەندا گوت و بێژ بکە و داوای لێبکە کە بڕیاری خۆی لەبارەی چوونە دەرەوەی قەومی ئیسرائیل لە میسر بگۆڕێ، ناچاربوو کە بانگی خواوەند بکا.

هەرجارێك کە مووسا بانگی خواوەندی دەکرد، دەنگی خواوەندی دەبیست. بەڵام لەوکاتەدا هەرچەندێك بانگی خواوەندی کرد، وەڵامێکی لە یاهووەوە گوێ لێ نەبوو.

مووسا ترسی لێ نیشت و بانگی کرد: ئایا کە وەڵامم نادەیەوە لە عاستی من گۆڕاوی؟ بەڵام دیسانەوە دەنگێگ وەڵامی نەدایەوە.

مووسا دەیزانی هەرجارێك کە بانگی خواوەند دەکا، دەبێ لە جێگایەکی چۆڵ بێ. ئەو، کاتی گوت و بێژ لەگەڵ یاهوو لە ئاواییەکانی لێواری ڕووباری نیل دوور دەکەوتەوە و دەچووە جێگایەك کە کەس دیار و نەدەبوو، هیچ کەسێك گوێی لە دەنگی وی نەدەبوو.

ماوەی چەند ڕۆژێك، مووسا، مەودایەك لە ئاواییەکانی لێواری ڕووباری نیل دوورکەوتەوە و چووە چەند جێگایەکی چۆڵ و بانگی خواوەندی کرد، بەڵام یاهوو وەڵامی وی نەدایەوە.

جارێك دەیگوت: خودایە، ئەگەر تۆ لە عاستی من گۆڕاوی پێم بڵێ هۆکاری گۆڕانی تۆ چییە؟ بەڵام دیسان گوێی لە دەنگی خواوەند نەبوو.

جارێك دەیگوت: ئەی یاهوو، ئایا هۆکاری گۆڕانی تۆ ئەوەیە کە من پەیامی بەساڵدا چووانی قەومی ئیسرائیلم بۆ هێناوی، ئایا تۆ باوەڕت وایە کە من نەدەبووایە پەیامی ئەوان بهێنم، و دەبێ من بزانم کە بڕیاری تۆ شیانی گۆڕانی نییە؟ دیسان خواوەند وەڵامی مووسای نەدایەوە.

کاتی شەو، لە دەمێکدا کە مووسا گەڕایەوە بۆ ناوئاوایی، نوون کە دەیزانی ئەو، هەموو ڕۆژێك بۆ ئاخاوتن لەگەڵ خواوەند، لە شەتی نیل دووردەکەوێتەوە و مەودایەك لە ئاواییەکان دوور دەکەوێتەوە، پرسی: ئایا توانیت ئەمڕۆ لەگەڵ یاهوو ئاخاوتن بکەی؟



مووسا گوتی: خواوەند لە عاستی من تووڕەیە و وەڵامم ناداتەوە. واوێنادەکەم هۆکاری تووڕەیی خواوەند هەر ئەوەیە کە بۆچی من پەیامی بە ساڵدا چووانی قەومی خۆمانم هەڵگرتووە و دەبووایە من تێیان بگەیەنم کە بڕیاری خواوەند گۆڕانی بۆ نییە و چونکە فەرمانی کردووە کە دەبێ قەومی ئیسرائیل لەمیسر بچێتە دەرەوە، دەبێ فەرمانی ئەو لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکرێ.

نوون پرسی: ئێستا دەتەوێ چ بکەی؟

مووسا گوتی: من دەبێ جارێکی دیکە لەگەڵ ریش سپیانی قەومی خۆمان قسەبکەم. تۆ ئەمشەو بڕۆ پێیان بڵێ کە سبەینێ کۆببنەوە تا قسەوگوت و بێژیان لەگەڵدا بکەم.

نوون، بۆ ئاگادار کردنەوەی ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل کەوتەڕێ. لەبەرئەوەی — هەروەکو گوتمان — لەوکاتەدا هەموو ئیسرائیلییەکان لە شارێکی تەنیشت پایتەختی میسر دا دەژیان، ئاگادارکردنەوەی هەموو ریش سپییەکان لە شەوێکدا، گرفتێکی تێدا نەبوو.

ڕۆژی پاشتر، بە ساڵدا چووانی قەوم کۆبوونەوە و مووسا پێی گوتن: خواوەند بەجۆرێك لە ئێوە تووڕەیە کە وەڵامی منیش ناداتەوە.

پیاوێك گوتی: ئەی مووسا ، لەوانەیە یاهوو لە تۆ تووڕە بێ بۆیە وەڵامت ناداتەوە و دڵی لە ئێمە نەڕەنجاوە.

مووسا گوتی: ئەگەر ئاواش بێ، دیسانەوە هۆکاری تووڕە بوونی خواوەند، ئێوەن، ئەگەر ئێوە ملتان بۆ فەرمانی خواوەند بدایە و لەم وڵاتە بچوونایەتە دەرەوە، یاهوو لە ئێمە تووڕە نەدەبوو و وەڵامی منی دەدایەوە.

لەو دەمەدا پیاوێکی پەککەوتوو کە بەهۆی بەساڵدا چوویییەوە، نەیدەتوانی پشتی ڕاست بکاتەوە، گوتی: ئەی مووسا، بڕۆ بۆ هەمان ئەو کێوەی کە لە سەر زەوینی سینایە، ئەگەر تۆ بچیتە ئەوێ یاهوو وەڵامی تۆ دەداتەوە.

مووسا گوتی: ئایا واباشتر نییە ئێوە لە میسر کۆچ بکەن و، لەم وڵاتە بچنە دەرەوە وەك لەوەی من بچمە کێوی سینا و لەوێ بانگی خواوەند بکەم بەڵکو وەڵامی من بداتەوە؟

پیرەمێردی پەك کەوتوو گوتی: ئەی مووسا تۆ یەکەمجار بڕۆ بۆ ئەو کێوەی کە لەسەر زەوینی سینایە و داواکاری ئێمە بە یاهو ڕابگەیەنە. جا ئەگەر ئەو تەئکیدی کردەوە کە دەبێ ئێمە لەمیسر بڕۆینە دەرەوە، ئەوا ناچارین، ژیانی ئاسوودەی خۆمان لێرە بەجێ بیلێن و ڕێگای بیابان بگرینەبەر. ئەگەر هاتوو خواوەند وەڵامی تۆی دایەوە، لێی بپرسە کە پاش ئەوەی لەمیسر ڕۆیشتین و چووینە نێو بیابانەوە، بۆ کوێ بچین؟

بیابان بەرفراوانە و بە شێکی زۆری وشك و بێ ئاو و بەیارە، تەنیا بە شێکی کەمی نەبێ ئاوی هەیە و دەکرێ لەوێ نیشتەجێ ببین. تۆ لەخواوەند بپرسە ئێمە بۆ کام لا بچین و لەکام بەشەی بیابان بژین کە بتوانین لەوێ لەرێگای کشتوکاڵ و پەرەوەردەی ماڵاتەوە گوزەرانی خۆمان دابین بکەین.

پیرەمێردێکی دیکە گوتی: ئازوخەی رێگاش لەبیرمەکە، چونکە بیابان ئەوەندە فراوانە کە ئەگەر ئێمە لەکاتی دەرچوونمان لەمیسر، ئازووخەی نیوەی ساڵێکمان پێ بێ، دیسانەوە لە بیابان، بەر لەوەی بگەینە ناوچەیەکی ئاوەدان، دووچاری قات و قڕیی دەبین، و دەبێ خواوەندی یاریدە و رێبەریی ئێمە بکا. پێمان بڵێ کە ئێمە لە چ رێگایەکەوە و بەرەو چ ناوچەیەك بڕۆین تا گیرۆدەی قات و قڕیی نەبین.

مووسا گوتی: من بۆ وەڵامدانەوەی داواکارییەکانی ئێوە، دەڕۆم و خۆم دەگەیەنمە ئەو کێوەی کە لە بیابانی سینایە، بێ ئەوەی بزانم کە ئاخۆ خواوەند لەوکێوە وەڵامی من دەداتەوە یان نا؟

لەهەمان کۆڕدا، مووسا لە نوونی پرسی:

ئایا تۆ لەگەڵ مندا دێی بۆ بیابانی سینا یان لێرە دەمێنییەوە؟

نوون گووتی: تۆ بۆ هەر جێیەك بچی لەگەڵ تۆدا دێم.

دوای ئەوە، مووسا و نوون، جارێکی دیکە رێگای بیابانی سینایان، ئەو رێگایەی کە جارێکی دیکەش گرتبوویانەبەر، گرتەوەبەر تا خۆیان بگەیەننە ناوچەی میدیان.

هەروەکو گوتمان ئەو رێگایە، بەدرێژایی لێواری رۆژئاوای نیمچە دوورگەی سینا، دەگەیشتە ناوچەیەك کە مووسا و نوون، لەوێ ژنیان هێنا. مووسا، لەو ناوچەیە چووە کێوی سینا و لەوەو پاش قەومی ئیسرائیل ئەو کێوەیان بەناوی ((کێوی مووسا)) ناوبردو ئەمڕۆ لەنەخشەکانی رۆژهەڵاتی نزیك دا، ئەم کێوە بە ناوی (کێوی مووسا) نووسراوە. هێڵی رێکردنی مووسا و نوون، چ لەوکاتەدا کە بۆیەکەمین جار لە بیابانی سینادا سەفەریان کرد، چ لەسەفەری دووەم لەوبیابانەدا بە جۆرێك دیار و ئاشکرایە، کە ئەمڕۆش دەتوانرێ هەمان رێگا بەفرسەخ، تەی بکرێ تا دەگاتە (جەبەل مووسا). هەر بەو جۆرەش هێڵی رێکردنی مووسا و قەومی ئیسرائیل، لەکاتێکدا کە لە میسر چوونە دەرەوە تا خۆیان بگەیەننە کەنعان، دیارو ئاشکرایە و ئەمڕۆش دەکرێ هەمان رێگا تەی بکرێ و پێ هەمان جێگادا بنرێ کە مووسا پێی پێدا نابوو.

لەو هێڵی رێکردنەدا، کە ئەمڕۆ پەیڕەوی لە نەخشە جوگرافیاکان دەکرێ، پێچاو پێچی و دەورانێك دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام ئەم پێچاوپێچ و دەورانە لەوەڕا سەرچاوەی گرتبوو کە قەومی ئیسرائیل، لەکاتێکدا کە بەڕابەری مووسا، لە میسر چوونە دەرەوە تا خۆیان بگەیننە کەنعان،



ناچاربوون خۆیان بگەیەننە ئەو نوختانە کە ئاوی هەبێ. لەرۆژگارانی کۆندا کە ئامێری گوستنەوەی خێرای وەکو رۆژگاری ئەمڕۆ بوونی نەبوو، رێبواران، بە پیادە یاخوود بە سواری گوێدرێژ (هەڵبەتە لە زەمەنی مووسا)، لە بیابانە گەرمەکانی رۆژهەڵاتی نزیك تێدەپەڕین، ناچاربوون لە جێگایەکەوە تێپەڕن کە بتوانن خۆیان و ئاژەڵەکانیان تێرئاو بکەن.

کاتێك ئەمڕۆ ئەم هێڵی رێکردنە، کە ملکەچی گەڕان بەدووای ئاودا بووە، تەی دەکەن، دەبینن کاتێك بەمزڵ دەگەن لەوێ، ئاوی لێ نییە.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە سەرچاوەکان و چاڵاوە کۆنەکان، لە هێندێك لەو نوختانە، وشك بوون، یان لم پڕی کردووەنەوە. لەماوەی ئەو سێ هەزار ساڵەدا، کە لە سەردەمی مووسا تێدەپەڕێ، گۆڕانی زۆر بەسەر گۆی زەویدا هاتووە. بیابانەکانی رۆژهەڵاتی نزیك، گەرچی لەرووی گشتییەوە نەگۆڕاوە، بەڵام لە رووی پاژەکییەوە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

لە بیابانی سینا، کۆمەڵە مێرگێك هەبوون کە ئەمڕۆ نەماون. کۆمەڵە کانییەك هەبوون کە ئەمڕۆ شوێنەوارێکیان لێ نەماوەتەوە.

لەبیابان، هەروەها لە بەشێك لە باشووری کەنعان، کە ئەمڕۆ بەناوی بیابانی نەقەبەوە ناسراوە، گیایەك، لە جۆری گیای ((مر)) کە جۆرە خۆراکێکی لێ بەدەست دەهات، سەوز دەبوو. ئەو گیایە لە زەمەنی مووسا، لەو بیابانانەدا یەکجار زۆر بوو و ئەمڕۆ زۆر کەمە.

گەرچی ماوەی سێ هەزار ساڵ، لە مێژووی ژیانی گۆی زەوی زۆر نییە و لەم ماوەیەدا گۆڕانی سەرەکی لە زەویدا پێك نایە، بەڵام گۆڕانی رووکەشیی زۆر روودەدات، بەتایبەتی لە بیابانەکان و لێواری دەریاکاندا گۆڕانکاریی رووکەشی زۆر روو دەدات.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بیابانەکانی رۆژهەڵاتی نزیك، هەمیشە لەبەردەمی کارتێکردنی بادا هەڵکەوتووە، کە (لم) لەلایەکەوە، بۆ لایەکی دیکە دەبا. هەروەها لێوارەکانی دەریا، و ئەو شەپۆلانەش نەك هەرتەنیا لێوارە لمینەکان دەگۆڕێ، بەڵکو لێوارە بەردینەکانیش، دووچاری گۆڕان دەکا. گوڕ و پاڵەپەستۆی شەپۆل بەڕادەیەکە کە بەردی مەڕمەڕیش دەسوێ و وردە وردە نابووتی دەکا.

لەو حاڵەتەدا، نابێ جێگای سەرسامی بێ کە بۆچی هەموو جادەکان و کانییەکانی، کە لە سەردەمی مووسادا لە بیابانی سینا، بیابانی نەقەب یان بیابانی کەنعان هەبووە، ئەمڕۆ بوونیان نییە.

تا هەزار ساڵ دوای مووسا ، مانـای تـا سـەردەمی عیـسا، بەشـی بـاکووری بیابـانی کـەنعان، سەرزەوینێکی سەوز و پڕ لە ئاو و لێـڕەوار بـوو. لـە حاڵێکـدا کـە ئـەمڕۆ، ئـەو شـوێنانە وشـکن و رووتەنن. مرۆڤ، کە وەزعی جوگرافیایی ئەو زەوی و زارانە لە سەردەمی عیسا وەبیر خۆی دێنێتەوە، سەرسام دەبێ و لە خۆی دەپرسی کە ئایا ئەم زەویوزارە وشکانە هەمان ئەو زەوی و زارانەیە کـە لـە سەردەمی عیسادا هەبووە و پڕ لە مێرگ و لێڕەوار بوو.

شاری ناسراوی (ئەریحا)[٣٣] کە قەومی ئیسرائیل دوای ئەوەی لەمیـسر چـوونە دەرەوە و خۆیـان گەیاندە کەنعان، لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەریحا لە باکووری دەریاچەی بەحر ئەل مەیت، هەڵکـەوتبوو و هەرکەسێك کە ئەلف و بێی مێژووی سەردەمی مووسا دەزانێ، ئاگادارە کە قەومی ئیسرائیل ئەو شارەیان بە زۆر لە دانیشتووانی ئەسڵیی ئەوێ ستاند و تێیدا نیشتەجێ بوون.

ئێستا شوێنی شاری ئەریحا لە باکووری دەریاچەی (بەحر ئەل مەیت)ە. کەسێك کە دەچـێتە نـاو ئەو جێگایە، هەر کاتێك زانیاری لە بارەی مێـژووی سـەردەمی مووسـا هـەبێ، واقـی وڕدەمـێنێ، چونکە شوێنەوارێك لە لێڕەواری بەرفراوان و لەوەڕگای سەوز، کە لە دەوروبەری شار هەبوو، نـابینێ و بۆ هەر لایەك دەڕوانێ، بیابانی وشك دەکەوێتـە بەرچـاوی و لەهێنـدێك نوختـەدا تەنانـەت چـقڵی وشترالووکیش سەوز نابێ.

کاتێك قەومی ئیسرائیل شاری ئەریحایان لە دانیشتوانی ناوچەکە ستاند، مووسا ماڵئـاوایی لـە ژیان کردبوو. لەوزەمەنەدا پیاوێك بەناوی ((یوشع))، رابەریی قەومی ئیسرائیلی بە ئەستۆوە بـوو و ئەو، کە یەهودییەکان، بە یەکێك لە پێغەمبەرانی ئیسرائیلی دەزانن، ئەو قەومەی گەیاندە باکووری دەریاچەی ((بەحرئەل مەیت)) و فەرمانی دا کە هێرش بکەنە سەر ئەریحا. لە دەوروبەری ئەوشـارە، درەختی بە تەمەنی لێڕەوار، بە جۆرێك سێبەریان کردبوو کە قـەومی ئیـسرائیل ، لـە سـپێدەوە تـا ئێوارە، کاتی خۆیان لە ژێر سێبەری درەختەکان بەسەر دەبرد. گاهێـك، کـەوی دارسـتان و جارێـك،

(٣٣) ئەریحا (جریشو) یەکێکە لە شارەکانی فەلەستین کە مرۆڤ لە سەردەمی بەردەوە تێیدا نیـشتەجێ بـوو و پاشـان جێگای دانیشتنی کەنعانیەکان (ئەوخەڵکەی کە لەولاتی کەنعان مانای فەلەستین و فینیقیە دەژیان) بووە.

ئەریحان لەلایەن یشوع کوڕی نوون داگیرکرا کە ریوایەتەکەی لە کتێبی عەهدی کۆندا هاتووە. ئەم شارە لـە پاشاندا، مانای لە زەمەنی رۆمییەکاندا لەلایەن ئەنتۆنیوس سەرۆکی رۆمییەکان (٨٣ — ٣٠ پ. ز) جێنیشنی یولیوسی سزار، وەکو دیاری پێشکەشی کیلوپاتراکرا کە ئەویش بە هیرۆدیـۆس پاشـای یـەهودی (٤٠ — ٤ پ. ز) فرۆشت! لە (المنجد) وەرگیراوە.



پۆڕیان راودەکرد. سەرەنجام هەروەکو لە مێژووی قەومی ئیسرائیل دا نووسراوە، (یوشع) فەرمانی بە شەیپورچییەکانی خۆی کرد کە شەیپور لێبدەن و هەرکە دەنگی شـەیپور بـەرزبۆوە، دیـواری بـەرز و ئەستووری شاری ئەریحا لەناکاو بەلاداهات و شار بەڕووی قەومی ئیسرائیل دا کرایەوە.

زانا روحانی و نوێخوازییەکانی یەهود، دەڵێن کە قەومی ئیسرائیل دیواری شاری ئـەریحایان بـە مادەیەکی تەقێنەرەوە، بە ئەگەرێکی بەهێزەوە، بـە بـاڕوت تەقاندۆتـەوە. یوشـع زانیـاری لـەبارەی چۆنیەتی دروست کردنی باڕوت هەبووە. ئـەوان لـە چـەند نوختەیەکـدا، لـە ژێـر شـوورەی شـارەکە، باڕوتیان داناوە، دەنگی شەیپوریش نیشانەی ئەوە بووە کە باروتـەکان ئـاگر بـدەن. بێگومـان دەبـێ بەهۆی ئەو فتیلانەوە کـە بـە باڕوتەکانـەوە بـووە، ئاگریـان داوە و تەقینـەوەی باڕوتەکـە، هۆکـاری رووخان و بەلاداهاتنی شوورەی شاری ئەریحا بووە، چونکە مەحاڵـە ئەمـە قبـوڵ بکـرێ کـە دەنگـی شەیپور شوورەی شارەکەی هەڵتەکاندبێ.

ئایا یوشع کە قوتابی مووسا بوو، شێوازی دروستکردنی بـاڕوت لـە مووسـاوە فێربـووە یـان لـە کەسێکی تر؟

لە بارەی ئەوە کە میسرییانی کۆن، زانیارییان لەبارەی کیمیاوە هـەبووە، دوودڵییـەکمان نییـە. پێکهاتە کیمیاییەکان، پاژێك بوون لە نهێنییە زانستییەکانی ئەوان و تەنیا فێری کە سانێکیاندەکرد کەمتمانەیان پێ دەکرد. مانای زانستیان نەدەایە دەست کەسانی ناشایستە نەوەکو سوودێکی خراپی لێ وەربگرێ. بەڵام نازانین ئایا زانایانی کـۆنی میـسر، کـە زانیارییـان لـە بـارەی کیمیـاوە هـەبوو، ئاگادارییان لەبارەی نهێنییەکانی دروست کردنی باڕوت هەبوو یان نا؟

لەبارەی شاری ئەریحاوە، ئـەوەی کـە زیـاتر جێگـای سـەرنجی ئێمـە بـێ، لێـڕەوارە گـەورەکان و مێرگەکانی دەوروبەری ئەم شارەیە. ئەمڕۆ، لەو لێرەوارە بەرفراوانە، کەوی دارستان و پۆڕی لێرە وار شتێك سۆراخی نییە. لقێك لە درەختی ئەو هەمموو لێڕەوارە نەماوە و لە جیاتی ئەوە بیابانی و شك و بەیار پەیدابووە.

ئایا مووسا و نوون، دوای ئەوەی کە گەیشتنە میدیان، چـوونە لای خزمـانی ژنـەکانی خۆیـان و دیارییان بۆ بردن؟

مێژوو، لەمبارەیەوە بێدەنگە و ئێمە نازانین ئاخۆ مووسا و نوون چوونە ناو میدیان یـان بەلایـدا تێپەڕین تاکو زووتر خۆیان بگەیەننە (جەبەل مووسا).

لەو دەمەدا نەریت وابوو کە هەر کەسێك، دوای ماوەیەك لە دووری،، کە لە سەفەر دەگەڕایەوە، دەچووە لای خزمەکانی و دیاری بۆ دەبردن و بەدەستی بەتاڵـەوە نەدەچـووە نێـو مـاڵی خزمـەکانی.

ئەگەر مووسا و نوون چووبنە ماڵی خزمی ژنەکانیان، بێگومان دیارییان بۆ ئەوان بردووە. وەزعی ژیانی قەومی ئیسرائیلیان لە میسر، بۆ ئەوان راڤە کردووە. ئەگەری ئەوەش هەیە کە گووتیانە خوای مووسا و نوون فەرمانی کردووە کە قەومی ئیسرائیل لە میسر بڕۆنە دەرەوە، بەڵام ئیسرائیلییەکان حەز ناکەن لەو وڵاتە بڕۆنە دەرەوە. چونکە خۆیان بە بەختەوەر دەزانن و نایانەوێ ژیانی ئاسوودەی خۆیان لەو وڵاتە بەجێ بێلێن و بچنە بیابان و دووچاری دژوارییەکانی ژیانی بیابان بن. ئەگەر مووسا چووبێتە لای خزمانی ژنەکەی، ئەوان پێی گوتوون کە خوای ئەو، وەڵامی وی ناداتەوە و وەکو ئەوەی کە لەو تووڕە بووە و ئەو بۆیە هاتۆتە سەرزەوینی سینا تا بتوانێ بچێتە کێوی سینا و لەوێ بانگی خواوەند بکا و پەیامی قەومی ئیسرائیل بە یاهوو رابگەیەنێ. جا ئەگەر یاهو رەزامەندی دا کە ئیسرائیلییەکان لە میسر بمێننەوە تا ئەو کاتەی کە دەتوانن لەو وڵاتەدا بژین، ئەگەر نا، ئەوا جگە لەوەی کە لە میسر بڕۆنە دەرەوە و بڕۆنە بیابان و لەوێ دەست بکەن بە پەرستنی یاهو، چارەیەکی تریان نییە.

دواجار، مووسا و نوون، گەیشتنە ئەو کێوەی کە پاشان بە (جەبەل مووسا) ناسرا. مووسا، غولامی پێشووی خۆی، کە بەبرا بانگی دەکرد، لە نزیکی کێوەکە دانا، خۆشی چووە ناو کێوەکە، کە لەم بەسەرهاتەدا وەزع و شێوەیمان باسکرد بوو.

دەبێ ئەوە بزانرێ کە زوربەی چیاکانی رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لەو کێوانەی کە بە لێرەوار داپۆشراون، ترسناکن و مرۆڤ ئەگەر بە تەنیایی بچێتە ناو ئەو کێوانە، مانای بچێتە ناو دۆڵەکانی ئەو کێوانەوە (لەبەر ئەوەی نەیاندەتوانی بە جۆرێکی دیکە بچنە ناویەوە) دووچاری ترس دەبۆوە، و جەبەل مووسا، کە لە سەرزەوینی سینا هەڵکەوتووە، لەبەرچاوی رێبواران، یەکێکە لە ترسناکترین کێوەکان.

کێوە وشك و رووتەنەکانی رۆژهەڵاتی نزیك، تاتەبەردی ترسناکیان هەیە. ئەو کێوانە بەرەنگی زەرد و خۆڵەمێشی و سەوز، جاری واهەیە سوور، کە لەکاتی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆردا، جوان دەکەونە بەرچاو، بەڵام لەکاتەکانی دیکەی رۆژدا، نەتەنیا هەر خەمهێنەرن، بەڵکو لەویژدانی رێبوارێکدا دیمەنێکی وەحشەت هێنیان هەیە.

رێبوار، کە بەناچاری لە دۆڵەکانەوە، رێگای خۆی تەی دەکا، چاو بۆ هەر لایەك دەگێڕێ، تاتەبەردی زەبەلاح و رەنگا و رەنگ، کە لە سەرووی خۆیەوە، هەروەکو بلێی بە ئاسمانەوە هەڵواسراون، دەبینێ. جاری واهەیە لە ژێر تاتەبەردەکانەوە، درزی گەورە دەکەونە بەرچاو کە ئەشکەوتن، و لە سەردەمانێکدا کە لای ئێمە دیار نییە، گیانلەبەری سامناك، کە ئەمڕۆ ئێسکە



پەیکەرەکانیان بۆتە بەرد و بەشێوەی (ئێسکە پەیکەری بە بەرد بوو) ماوەتەوە، کاتی خۆی لە ناو ئەو ئەشکەوتانەدا دەحەسانەوە.

رێبواری تەنیا، چاو بۆ هەر لایەك دەگێڕێ، جگە لە بەرد، شتێکی دیکە نابینێ و هەرچەندێك گوێ رادەدێرێ، گوێی لە دەنگێك نابێ.

لە نێو دارستاندا، بەردەوام دەنگی باڵندە دەکەوێتە بەرگوێ. لە بیابان، بەمەرجێك کەمێك گژوگیای هەبێ، تێپەڕینی گیانلەبەری گیاخۆر دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام لە کێوە وشکەکانی ناوچە گەرمەسێرەکانی رۆژهەڵاتی نزیك، نە دەنگی باڵندە دەکەوێتە بەرگوێ، نە تێپەڕینی گیانلەبەری گیاخۆر. نە خشۆکێك لەکێو دەژی، چونکە ماریش بۆ ئەوەی بژی پێویستی بەکەمێك شێ هەیە. لەوجێگایەی کەشێی لێ نییە، هیچ جۆرە مارێکی ژەهراوی ناتوانێ درێژە بە ژیان بدا.

ئەمریکایی و ئەورووپییەکان، ناتوانن لەوە بگەن کە وەزعی کێوە وشکەکانی ناوچەی گەرمەسێری رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چۆن چۆنییە. تەنیا ئەوانە نەبێ کە سەفەریان بۆ رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە و ئەو کێوانەیان دیتووە.

تەنانەت زنجیرە چیای (ئاند) لە ئەمریکا، لەو جێگایەی کە کەوتۆتە ناوچەی گەرمەسێر و کێوەکان رووتەن و بێ درەختن، لە کێوە وشکەکانی رۆژهەڵاتی نزیك و رۆهەڵاتی ناوەڕاست ناچن.

چونکە کاتێك رێبوارێکی کە لەناوچەی گەرمەسێری ئەمریکا، بە دۆڵە وشك و بێ دار و درەختەکانی چیای ئاند دا تێدەپەڕێ، کاتێك سەربەرز دەکاتەوە پارچەی سپی رەنگی کێو، کە بەبەفرداپۆشراوە دەبینێ، لەبەر ئەوەی لە لوتکە بەرزەکانی کێوی ئاند بەردەوام بەفری پێوەیە، دۆڵەکانی ئەم کێوە هیچ کاتێك بێ ئاو نییە.

ئەو بەفرە، لە لوتکەکان و جۆگەلە بچووکەکاندا، کە لە لێواری دۆڵەکان یان بەناوەڕاستی دۆڵەکەدا دەڕوا، رێبواری تەنیا، حاڵی دەکا کە ئەو بە کێوێکدا تێدەپەڕێ، کە شوێنەواری ژیانی تێدایە، و لەبەر ئەوەی ئاو، لەو کێوە هەیە، ئەگەریکی بەهێز هەیە کەلەوێ گیانلەبەری لێ بژی هەرچەندە کە بەرچاویش نەکەوێ.

رێبواری تەنیا، لەبەر ئەوەی واهەست دەکا کەلەو کێوە گیانلەبەر دەژی، بەتەواوی خۆی بەتەنیا نابینێ. وەحشەتێکی کە لەتەنیاییەکی رەهاوە سەرچاوە دەگرێ، بەسەر ئەودا زاڵ نابێ. بەڵام لە کێوە وشکەکانی ناوچەی گەرمەسێری رۆژهەڵاتی نزیك و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، رێبوار، بە تەواوی خۆی بەتەنیا دەبینێ و دەزانێ کە گەرمایی خۆر، لە کێو، ئەو لەپەل و پۆ دەخا (ئەگەر بێتوو رێگای ون کردبێ)

ئەو، هەر جارێك كە سەری بەرز دەكاتەوە و چاوی بەتاتەبەردە زەبەلاحەكانی سەرەوەی كێوەكە دەكەوێ، وابیر دەكاتەوە ئەوانە دێوێكن لە دنیایەكی دیكە و بۆ كوشتنی وی لەوێ لەبۆسەدان و چاوەڕێن تا ئەو دەگاتە ژێر تاتەبەردەكان تا بكەونە خوارەوە و بەجۆرێك بیفلیقێننەوە كە لەیەك سات دا ئیسقانەكانیشی ببنە تۆزو خۆڵ.

ڕێبواری تەنیا، كاتێك دەچێتە ناو یەكێك لەكێوە وشك و بەردەڵانەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وا هەست دەكا كە چووەتە نێو جیهانێكی دیكە كە لەجیهانی سەر زەوی جیایە. لەو جیهانەدا، لە سەرەتای خولڨانەوە تا دەگاتە ئەمڕۆ، هیچ شتێك نەگۆڕاوە و تا كۆتایی دنیاش هەر ناگۆڕێ.

تەنانەت ئەمڕۆش ئەگەر ڕێبوارێك، هەرچەندە خاوەن زانیاری و زەویناسیش بێ، كاتێك بەتەنیایی دەچێتە ناو یەكێك لە كێوە وشك و بەردینەكانی ناوچەی گەرمەسێری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە گەورەیی تاتەبەردەكان و درزی دۆڵەكان و بێدەنگیی ڕەها، كە بەسەر ئەو ناوچەیەدا باڵی داداوە، دووچاری وەحشەت دەبێ. دوور نییە كە بیروڕایەكی ماخولیایی لە لا دروست ببێ، تا بەسێ هەزار پێش ئێستا دەگا، كەخەڵك ئامادەیی ئەوان تێدا هەبوو كە لە دۆڵەكانی كێوە وشك و بەردینەكانی جەبەل مووسا، دووچاری بیروڕایەكی ئەوتۆ بن كە لەكاتی ئاساییدا، ئەو جۆرە ئەندێشەیە بە بیریشیاندا نەدەهات.

ئەم باسەمان بەو هۆیەوە هێنایە ناوەوە تا بڵێین كە هێندێك لە زانایانی روحانی جیاجیای یەهود، بیستنی دەنگی خوا، لە لایەن مووساوە لە جەبەل مووسا، چۆن لێك دەدەنەوە.

كات و ئاخاوتنی مووسا لەگەڵ خواوەند، بە جۆرێكی تایبەتی، لە جەبەل مووسا بوو هەرجارێك، كە مووسا دەیویست ئاخاوتنێكی درێژ لەگەڵ خواوەند دا بكا، دەبووایە بچێتە جەبەل مووسا كە لەسەر زەوینی سینایە. ئەو كێوەش جێگایەكی وشك و بێ ئاو بوو، هیچ گیانلەبەرێكی (ئەمڕۆش هەر ئاوایە) لێ نەبوو. لە كاتی ڕۆژدا، خۆر و لەكاتی شەویش دا مانگە شەو، دیمەنێكی مەزن و هێمادار و ترسهێنەری بەو كێوە دەدا.

دواجار، مووسا، لە ناوەڕاستی دۆڵێكدا، لە حاڵێكدا كەلە هەردوو لای ویدا، كۆمەڵە بەردێك سەریان بە ئاسمانەوە نابوو، گوتی: ئەی خوای من، ئەی یاهوو، ئایا وەڵامی من دەدەیەوە؟

ساتێك دواتر، ئاگرێك كە مووسا لە جارەكانی پێشوودا دیتبووی، هەڵایسا.

كاتێك مووسا ڕووناكی ئاگرەكەی بینی خۆشحاڵ بوو و گوتی: ئەی خوای من، ئەی یاهوو، ئایا وەڵامی من دەدەیەوە؟



دەنگێك كە مووسا لە ڕابردوودا، گوێی لێ ببوو و نەیدەتوانی بە هیچ دەنگێكی تری بچوێنێ، كەوتەبەرگوێی كە گوتی: بەڵێ ئەی مووسا، من وەڵامی تۆ دەدەمەوە.

مووسا گوتی: ئەی خوای من، بۆچی لەمن تووڕە بووی، لەبەرچی لە میسر وەڵامی منت نەدایەوە؟

خاوەنی دەنگەكە گوتی: من لە دروستكراوی خۆم تووڕە نابم.

مووسا گوتی: ئەی یاهوو، ئەی بۆچی لە میسر وەڵامت نەدامەوە؟

خواوەند گوتی: بۆ ئەوەی بزانی كە هەر كاتێك ویستت لەگەڵ مندا ئاخاوتن بكەی، دەبێ بێیە ئێرە.

مووسا گوتی: ئەی خوای من، ئایا ئیتر لە جێگای دیكە تۆ لەگەڵ مندا قسە ناكەی؟

خواوەند گوتی: نا ئەی مووسا. هەرگا ویستم لەگەڵ تۆدا قسە بكەم، تێت دەگەیەنم كە دەبێ تۆ بێیتە ئێرە. تۆش هەرگا ویستت لەگەڵ مندا قسە بكەی وەرە بۆ ئێرە.

مووسا گوتی: ئەی خوای من، لە ڕابردوو، هەر جارێك كە دەمویست لەگەڵ تۆدا قسە بكەم، سكاڵام لە دەست فیرعەون هەبوو، چونكە ئەو قەومی ئیسرائیلی كردبووە كۆیلە و ڕێگای نەدەدا لە میسر بڕۆنە دەرەوە. بەڵام ئەمجارەیان لەسەر داوای قەومی ئیسرائیل هاتووم قسەت لەگەڵدا بكەم.

خواوەند پرسی: قەومی ئیسرائیل دەڵێن چی؟

مووسا گوتی: ئەوان نایانەوێ لە وڵاتی میسر بڕۆنە دەرەوە و بچنە بیابان تاكو لەوێ تۆ بپەرستن، چونكە وەزعی ژیانی ئەوان لە میسر باش بووە. ئەوان هیچی تر بە خۆڕایی كار بۆ فیرعەون ناكەن. هەروەها بەشەخۆراكیش لەو وەردەگرن، بۆ خۆشیان كاری كشتوكاڵ و چاندن دەكەن.بەروبوومی خۆشیان بە مامەڵە چییانی میسری دەفرۆشن و زێر و زیویان بە دەست دەكەوێ. لەبەر ئەوەی لە میسر بە باشی دەژین، نایانەوێ خۆیان گیرۆدەی دژوارییەكانی ژیانی بیابان بكەن. ئەوان داوایان لەمن كردووە كە پێت بڵێم مۆڵەتیان بدەیەی كە لەمیسر بمێننەوە و لەوێ تۆ بپەرستن. ئەوان دەڵێن خوا پەرستی ئێمە بۆ یاهو لەمیسر و لە بیابان هەروەكو یەكە.

خواوەند گوتی: سەرەڕای ئەوەی كە ئێستا وەزعی ژیانی قەومی تۆ لەمیسر باشە، بەڵام مەترسییەكی گەورە هەڕەشەیان لێدەكا. لە ڕابردوو، كە كۆیلە بوون، مەترسی قەتڵ و عام هەرەشەی لەوان نەدەكرد، بەڵام ئێستا مەترسی قەتڵ و عام هەڕەشەیان لێدەكا.

مووسا كە وای وێنا دەكرد ئیتر قەومی ئیسرائیل لەمیسر، لەبەر هەڕەشەی هیچ مەترسییەكدا نییە، پرسی:

خودایە، ئایا دەیانەوێ قەومی ئێمە بکوژن؟

خواوەند وەڵامیدایەوە: بەڵێ.

مووسا پرسی: کێ دەیەوێ قەومی ئێمە بکوژێ؟

خواوەند وەڵامیدایەوە: فیرعەون .

مووسا گوتی: چ کاتێك دەیەوێ قەومی ئێمە قەتڵ وعام بکا؟

خواوەند گوتی: تۆ بەزوویی لێرە بگەڕێوە و بە قەومی ئیسرائیل بڵێ کە هەمووتان لەبەر هەڕەشەی مردن دان و فیرعەون ، تەنانەت چاو پۆشی لە کوشتنی منداڵانی شیرە خۆرەش ناکا. بۆ ئەوەی ئەوان لەناو نەچن، دەبێ هەرچی زووە لەمیسر برۆنە دەرەوە. تۆش رابەرایەتی ئەوان بگرە ئەستۆ و ئەوان، دوای چوونە دەرەوە لەمیسر، لە رێگای بیابانی سیناوە بەرەو کەنعان ببە.

مووسا گوتی: خودایە، ئەگەر ئەوان ئەم قسەیەیان لێ قبوڵ نەکردم و نەیانویست لەمیسر برۆنە دەرەوە من چ بکەم؟

خواوەند گوتی: ئەگەر ئەم قسەیە لەتۆ قبوڵ نەکەن و لەمیسر نەچنە دەرەوە، تا دواین کەسیان لەناو دەچن تەنانەت منداڵەکانیشیان دەکوژرێن و قەومی ئیسرائیل تۆوی دەبڕێتەوە.

مووسا گوتی: من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە و پێیان دەڵێم کەلە میسر برۆنە دەرەوە. ئایا لەکاتی چوونە دەرەوە لە میسر، دەتوانن ئەوەی هەیانە لەگەڵ خۆیاندا بیبەن؟

خواوەند گوتی: ئا، ئەوان مۆڵەتیان هەیە ئەوەی هەیانە لەگەڵ خۆیان بیبەن تابتوانن لە خانووی تازەدا سوودی لێ وەربگرن.

مووسا لە دۆڵی جەبەل مووسا گەڕایەوە. نوون بینیی کە مووسا رەنگ لە رووخساریدا نەماوە، لێی پرسی: چیت بەسەر هاتووە؟

مووسا گوتی: دەبێ ئێمە بێ ئەوەی یەك ساتیش دوابکەوین، بگەڕێینەوە و تا دەتوانین دەبێ خێراتر رێگا ببڕین چونکە قەومی ئێمە لەبەر هەڕەشەی قەتڵ وعام دایە.

نوون پرسی: کێ دەیەوێ قەومی ئیسرائیل قەتڵ و عام بکا؟

مووسا گوتی: فیرعەون . ئەگەر ئێمەش هەرچی زووترە خۆمان نەگەیەنینە میسر و قەومی خۆمان لە میسر نەبەینە دەرەوە، فیرعەون، هەموو ئیسرائیلییەکان قەتڵ وعام دەکا و تەنانەت منداڵانی شیرە خۆرەش لەناو دەبا و رەچەڵەکی قەومی ئیسرائیل، لە جیهان دا لە ریشە دەردەهێنێ.



لەوەو پاش، مووسا و نوون، تەنانەت بێ یەك سات پشوودان رێگایان تەی کرد و لەگەڵ گزنگی خۆردا، تا ئەو دەمەی دەیانتوانی رێگای خۆیان ببینن، دەکەوتنە رێ و رێگایان دەکوتا تا ئەو دەمەی ناچار دەبوون کە رابوەستن و بحەسێنەوە.

هەر بەو جۆرەی کە لەبەشەکانی پێشووی ئەم بەسەر هاتەدا گوتمان، پایتەختی میسر لەناوچەی دەلتای شەتی نیل بوو، ئەمرۆش قاهیرە کە پایتەختی میسرە، لە سەرەتای ناوچەی دەلتا (باشووری دەلتا) هەڵکەوتووە. دەلتای نیل ئەوساش و ئێستاش جێگایەکە کە لەوێ شەتی بۆ چەند لقێك دابەش دەبێ پاشان دەرژێتە نێو دەریاوە. لەبەر ئەوەی پایتەخت لەدەلتای رووباری نیل بوو، مووسا، دوای ئەوەی لە بیابانی سینا تێپەڕین و چوونە ناو میسر، بەزوویی گەیشتنە پایتەخت .

ئیسرائیلییەکان، لە پایتەخت هەروا بە ئاسوودەیی دەژیان و لەنێو ئەوان و خەڵکی پایتەخت، پەیوەندییەك نەبوو.

مووسا، لەگەڵ گەیشتنەوەیدا، بانگهێشتی بە ساڵدا چووانی کرد کە کۆببنەوە. دوای ئەوەی کۆڕی کۆبوونەوە بەسترا، ئەوەی لەکێوی سینا لە خواوەندی گوێ لێ ببوو، بۆ بە ساڵداچووانی گێڕایەوە، و گوتی: ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە و بە پیاوان و ژنانی قەومی خۆمان بڵێن کە هەر ئەمڕۆ، خۆیان ساز بدەن تا پایتەخت بەجێ بێڵن و ئێمە لەمیسر برۆینە دەرەوە و لەبیابان بژین، چونکە ئەگەر لەمیسر نەڕۆینە دەرەوە، دەکوژرێین، تەنانەت منداڵەکانیشمان ناهێڵن.

بە ساڵدا چووان بە بیستنی ئەم قسەیە زۆر نارەحەت بوون، چونکە چاوەڕوانی ئەوە بوون کە مووسا لەکاتی ئاخاوتن لەگەڵ خواوەند دا، رەزامەندی ئەوی بۆ مانەوەی ئەوان لە میسر بەدەست هێنابێ. لە حاڵێکدا مووسا دەیگوت خواوەند فەرمانی داوە کە قەومی ئیسرائیل خاکی میسر بەجێ بهێڵن.

ریش سپیان گوتیان: گریمان خواوەند فەرمانی دابێ کە ئێمە لە میسر برۆینە دەرەوە، ئەوەندە پەلەیە پێویست ناکا. دەبێ ئێمە دەرفەتی ئەوەمان هەبێ کە بەروبوومی مەزراکانی خۆمان، کۆ بکەینەوە و بیخەینە ناو جەواڵ و زارکی جەواڵەکان بدروین، تاکو ئامادەیان بکەین بیان خەینە سەر پشتی گوێدرێژەکان.

ئێمە پاش ئەوەی لە میسر چووینە دەرەوە بەناوچەیەکدا تێدەپەڕین لەوانەیە ئاوی هەبێ، بەڵام ئازووخەی بۆ خەڵکی قەومی ئێمە لێ نییە. ئێمە دەبێ هەرچی زۆرتر، ئازووخە لێرە بەرین تا لە رێگا، خۆمان و ژن و منداڵەکانمان لە برسان نەمرن. دوای ئەوەش کە دەگەینە مزڵی خۆمان، دیسانەوە پێویستیمان بە خوردو خۆراك دەبێ. چونکە دوای ئەوەی کەدەگەینە مزڵ، دەبێ زەوی

بکێڵین و تۆوی بکەین ئەمەش چەند مانگ درێژە دەکێشێ تا بەروبوومی ئێمە هەڵدەگیرێ. لەو چەند مانگەدا دەبێ ئێمە ئازووخەمان هەبێ.

قسەکانی ریش سپییان مەنتیقی بوو. مووسا، قسەکانی ئەوانی بەڕاست دانا و سەلماندی کە قسەکانیان ڕاستە.

مووسا، لە بیابانی سینا سەفەری کردبوو و دەیزانی لە هیچ یەکێك لە ئاواییەکانی بیابانی سینا ئەوەندە ئازووخەیەی لێ نییە، کە تێرایی قەومی ئیسرائیل بکا. ئەوان بۆ ماوەی سەفەرەکەیان پێویستە ئازووخەیان هەبێ و دوای گەیشتنیش بەمزڵ، دیسانەوە پێویستیان بە ئازووخە دەبێ، چونکە بەروبومی کێڵگەکانی ئەوان بە زوویی بەدەست نایە.

مووسا، نەیدەتوانی داوای خۆی لە خواوەند بەدەست بهێنێ چونکە خواوەند پێی گوتبوو کە دوای ئەوە تەنیا لە جەبەل مووسا دەتوانێ لەگەڵ ویدا ئاخاوتن بکا.

مووسا، بیری کردەوە لەبەر ئەوەی قسەی بە ساڵدا چووان، قسەیەکی مەنتیقییە، ئەو دەتوانێ رەزامەندی لەسەر ئەوە بدا کە ئەوان بەروبوومی کێڵگەکانی خۆیان هەڵبگرن، ئینجا رێگای بیابان بگرنە بەر. ئەوە بوو پێی گوتن: من رەزامەندی دەدەم کە ئێوە بەروبومی کێڵگەکانی خۆتان هەڵبگرن، بەڵام نابێ تەمبەڵی بکەن، دەبێ هەرچی زووترە بەرووبومی کێڵگەکانی خۆتان هەڵبگرن تا بیانخەنە ناو جەواڵ و سەرەکانیان بدروون.

لەو کاتەدا بەروبومی کێڵگەکانی یەهودییەکان پێگەیشتبوو و ئەوان دەیانتوانی کێڵگەکانی خۆیان بدروونەوە. بەڵام هەر چەندێك لە درەوکردندا پەلەیان دەکرد، هەرچەندە بە شەویش درێژەیان بەکاری خۆیان دەدا، دیسانەوە پێویستیان بە پازدە رۆژ هەبوو تا بتوانن گەنمی خۆیان لە کێڵگەکانەوە ببەنەوە بۆ ماڵێ و بیان خەنە ناو جەواڵەوە.

مووسا بە پیاوانی بە ساڵدا چووی گوت: ئێمە لە کات و ساتی جووڵانی فیرعەون ئاگادار نین، بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو، لەگەڵ ئامادە بوونی هێزەکانی، فەرمانیان دەداتێ کە لە یەکەمین دەرفەتدا، هێرش بۆ سەر قەومی ئێمە، کە هەمووش لەیەك ناوچەدا چڕبوونەتەوە، بکەن و تیغ بە ملی هەمووماندا بهێنن، بۆیە ئێوە بە پیاوانی قەوم بڵێن کە شمشێر و تیرو کەوان ئامادە بکەن تا ئەگەر لە ناکاو کەوتنە بەر پەلامار و هێرش، بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. لەو رۆژەوە ئیسرائیلییەکان، شمشێرو تیرو کەوانیان لەو مامەڵە چییانە کری کە بۆ کڕین و فرۆشتنی کاڵا دەهاتنە لای ئەوان، تاکو هەر کاتێك هێرشیان کرایە سەر، بتوانن بەرگری لە ژن و منداڵەکانی خۆیان بکەن.



مووسا، کە لە رابردوودا ئەفسەر سووپا و فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان بوو، لە رێگای ریش سپیانەوە بە پیاوانی قەومی ئیسرائیلی گوت: سووپای فیرعەون بە هێزە و پاشای میسر سەرەڕای سەربازی پیادە، سەربازی سوارە و گالیسکەی جەنگیشی هەیە. ئێوە ناتوانن شەڕ لەگەڵ سەربازانی سوارە و گالیسکە جەنگییەکانی فیرعەون بکەن، بەڵام لەوانەیە بتوانن لە بەرامبەر سەربازانی پیادەدا بەرگری بکەن. بۆ شەڕ کردن لەگەڵ سوارە و گالیسکە جەنگییەکانی فیرعەون، دەبێ شێوازەکانی شەڕ فێربن، من لە ماوەیەکی کەم دا، ناتوانم شێوازەکانی شەڕ فێری ئێوە بکەم.

ئەگەر پاش هێرشی سەربازانی پیادە ئێوە بەرهەڵستی بکەن و ئەفسەرەکانی سووپا تێبگەن کە ئێوە خۆڕاگری دەکەن، سەربازانی سوارە یان گالیسکەی جەنگی دێننە مەیدانی شەڕ و ئێوە بە جۆرێکی حەتمی تا دوایین نەفەر دەکوژرێن.

بۆیە ئەگەر کەوتنە بەر پەلامار، ژنان و منداڵەکان، بخەنە پێشەوە و پاشەکشێ بکەن تا دووچاری هێرشی سەربازانی سوارە و گالیسکە جەنگییەکان نەبن.

دە رۆژ دوای گەڕانەوەی مووسا لە سینا، ئەوەی ئەو پێش بینی دەکرد، رووی دا. شەوێك سەربازانی پیادەی میسر، هێرشیان هێنایە سەر ئەو شارەی کە قەومی ئیسرائیل تێیدا نیشتەجێ بوون، بەڵام نەیانتوانی قەومی ئیسرائیل غافڵگیر بکەن. چونکە مووسا ، کە لە رابردوودا ئەفسەری سووپای میسر بوو، لە دەورووبەری شار پاسەوانی دانا بوو تا ئەگەر هێرشیان کرایە سەر غافڵگیر نەبن.

شاری ئیسرائیلییەکان، لە لێواری رووباری نیل، لە باکووری پایتەخت، بوو. سەربازانی پیادەی فیرعەون، لە باشوورەوە هێرشیان هێنایە سەر ئەو شارە.

مووسا، کە پێش بینی ئەو هێرشەی دەکرد، هێزێکی پاشکۆی پێکهێنا. فەرماندەیی ئەو هێزەی بە نوون سپارد. نوون راسپێردرا لەگەڵ ئەو پیاوانە، کە لەژێر فەرماندەیی ئەودا بوون، وردە وردە خۆی بگەیەنێتە بیابانی سینا و لە هەمان حاڵ دا، پێشگیریی لەوە بکا کە سەر بازانی فیرعەون، خۆیان بگەیەننە دەستەی پێشەوە کە لەگەڵ ژنان و منداڵەکان پاشەکشێی دەکرد.

ئیسرائیلییەکان، نەیانتوانی ئەوەی هەیانە بیبەن و هێندێك کەل و پەلی ناوماڵیان بەجێ ما، بەڵام توانیان خوردوخۆراکی خۆیان هەڵبگرن و لەگەڵ ئەو بەشەدا، کە لەژێر فەرماندەیی مووسادا بوو، بیبەن.

مووسا، پێش هێرشی سەربازانی فیرعەون بە نوونی گوتبوو ئەگەر هێرشمان کرایە سەر، دەبێ خۆمان بگەیەنینە بیابانی سینا و پاش ئەوەی دەگەینە میدیان، لەوێ تێدەپەڕین و بەرەو بیابانی کەنعان دەڕۆین.

نوون، دەیزانی ئەو هێڵی ڕێگایەی کە دەبێ ئەوان پێیدا بڕۆن، هەمان ئەو ڕێگایەیە کە ئەو و مووسا بە باشی دەیانناسی، چونکە چەند جارێك لە کاتی ڕۆیشتن بۆ میدیان و گەڕانەوە لە وێوە، هەر لەو ڕێگایەوە تێپەڕیبوون.

مووسا بەنوونی گوت: ئێمە دەزانین لەو ڕێگایە لە کوێ ئاو هەیە و لە چ نوختەیەکدا دەتوانین بحەسێنەوە و شەو باروبنەی لێ بخەین.

ئێمە بۆ ڕۆیشتن لە میسر و گەیشتن بە بیابانی کەنعان، دەتوانین ڕێگایەکی کورت بگرینە بەر و پاش دەرچوون لە میسر، ڕاستە ڕێ بەرەو بیابانی کەنعان بڕۆین، بەڵام ئێمە لەو ڕێگایە شارەزا نین و نازانین لە کوێ ئاو هەیە. ئەگەرێکی بە هێزیش هەیە کە ئاوی لێ نەبێ، چونکە ئەو ڕێگایە مەودایەکی زۆر لە لێوارەکانی دەریاوە دوورە، و زەویش ئەوەندە بەرزایی تێدا نییە تا وابیر بکەینەوە کەلە بەرزاییەکانی زەوی، بتوانین کانیاوێك بدۆزینەوە.

بەڵام ئەو ڕێگایەی کە چەند جارێك، لە کاتی چوونە میدیان و هاتنەوەماندا پێیدا تێپەڕیوین، ڕێگایەکە لە هەموو جێگایەکدا بە لێواری دەریادا تێدەپەڕێ و ئاوی هەیە. ئەگەر ئاوەکەشی وشکی کردبێ، ئێمە دەتوانین بە ئاسانی لە لێواری دەریا، زەوی هەڵبکەنین و ئاو بەدەست بهێنین.[٣٤]

ئەمڕۆش کە ئێمە زانیاریمان دەربارەی وەزعی نیمچە دوورگەی سینا هەیە، تێدەگەین کە ئەگەر مووسا، پاش چوونە دەرەوە لە میسر، ڕاستەڕێ ڕێگای ڕۆژهەڵاتی بگرتبایە بەر تاکو خۆی بگەیەنێتە کەنعان، قەومی ئیسرائیل لە بیابان لە تینوێتی دەمردن، چونکە لەم ڕێگایە، ئاوی لێ نەبوو.

هێڵی ڕۆیشتنی قەومی ئیسرائیل ، پاش دەرچوونیان لە میسر، لە بیابانی سینا، لەسەر هەموو ئەو نەخشانەدا، کە بە مێژووی کۆنی قەومی ئیسرائیل پەیوەستن، هەیە. بەو کەسانەی کە ئەو نەخشەیەیان لەبەر دەست نییە، دەڵێین مووسا کە هەم ڕابەری قەومی ئیسرائیل و هەم فەرماندەی

---

(٣٤) ئەمڕۆش کە سێ هەزار ساڵ بەسەر مێژووی تێپەڕبوونی مووسا بە لێوارەکانی نیمچە دوورگەی سینادا دەڕوا، هەر کاتێك لەو لێوارانە، لە نزیکی دەریا، ئەگەر کەمێك زەوی هەڵبکەنرێ، ئاوێکی شیاو بۆ خواردنەوەی لێ بەدەست دەکەوێ. (ز-م)



جەنگیی ئەوان بوو، دوای ئەوەی قەومی خۆی لە میسر هێنایە دەرێ، ئەوانی بە درێژایی لێواری ڕۆژئاوای نیمچە دوورگەی سینا بەرەو باشوور برد تا گەیشتە کۆتایی بەشی باشووری ئەو دوورگەیە. پاشان قەومی ئیسرائیل بە درێژایی لێواری ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی سینا، قەومی ئیسرائیلی بەرەو باکوور ڕێبەریی کرد تا گەیشتە جێگایەك کە ئێستا نوختەی کۆتایی کەنداوی عەقەبەیە و بەندەری (ئالاس) لەوێ هەڵکەوتووە.

لەو ڕێگایە، ئاو زۆر هەبوو، هەروەکو ئەمڕۆش ئاوی هەیە. ئەگەر مووسا بەر لە هەڵاتنی قەومی ئیسرائیل لە میسر، نە چووبایە بۆ بیابانی سینا، ماوەیەکی لەو بیابانە بەسەر نەبردبایە و ئاگاداری تایبەتمەندییەکانی نەبووایە، نەیدەتوانی بە هاوکاری نوون، بە جۆرێك ڕابەرایەتی قەومی ئیسرائیل لەو بیابانە بە ئەستۆ بگرێ کەلە هیچ نوختەیەکدا کۆچیارانی ئیسرائیلی دووچاری تینوێتی نەبن.

دەستەی پێشەوە کە بەرابەرایەتی مووسا ڕێگای دەبڕی، دوو چاری شەڕ نەبۆوە تا تووشی زەرەرو زیان ببێ.

ئەو دەستەیە بێ ئەوەی تووشی بەربەست ببێ، پاش چوونەدەرەوە لە میسر، خۆی گەیاندە ناوچەیەك کە ئێستا بەکەنداوی سویس دەناسرێ. لەوێ ڕاوەستا.

مووسا بەو هۆیەوە لەوێ ڕاوەستا تا دەستەی پشتەوە پێیان دەگاتەوە و بتوانێ لەگەڵ ئەوان پێکەوە لە میسر بچنە دەرەوە، بەڵام دەستەی پشتەوە کە ناچار بوو لەگەڵ سەربازانی فیرعەون شەڕ بکا، زیانێکی قورسی پێکەوت.

کاتێك نوون لەگەڵ پیاوانی هێزی پشتەوە گەیشتە لای مووسا گوتی: لە هەموو جێگاکان کوژراوەکانی خۆمان بەجێ هێشتووە و دەرفەتی ئەوەمان نەبوو بیان نێژین، بەڵام بریندارەکانمان هەڵگرتنەوە و سواری پشتی گوێدرێژانمان کردوون و لەگەڵ خۆماندا هێناومانن. هێندێکیان لە ڕێگا لەبەر ئازار مردن و هێندێکیشمان گەیاندوونەتە ئێرە.

ئێمە سەرەڕای ئەوەی کە هەمیشە ڕێگامان دەبڕی، نەمانتوانی، لەسەربازانی فیرعەون زۆر دوور بکەوینەوە. ئەوان ئێستا بەدوامانەوەن و وا وێنا ناکەم، مەودای ئەوان لە نیوە ڕۆژێك زیاتر، لێمانەوە دووربن. دەبێ هەرچی زووترە لە میسر بچینە دەرەوە و ئەگەر بێتوو دوابکەوین ئەوا پێمان دەگەنەوە و هەمووومان قەتڵ و عام دەکەن.

دوای ئەمە، نوون بە پەنجە ئاراستەی باکووری پیشان داو گوتی: ئەگەر ئێمە لەو شارەوە کە لەوێ هەڵکەوتووە، تێپەڕین و بچینە ناو بیابانی سیناوە، چونکە لە سنووری میسر تێدەپەڕین، گومانم بۆ ئەوە ناچێ سەربازانی فیرعەون بەدوامان بکەون.

ئەو شارەی، کە نوون بە پەنجە ئاماژەی بۆ کرد لەو جێگایەوە کە قەومی ئیسرائیلی لێ ڕاوەستا بوو، تەنیا ڕەشایی شارەکە دەکەوتە بەر چاو، بریتی بوو لەو شارەی کە ئەمڕۆ بە (سویس) ناو دەبرێ و دەزانین کە لەوێوە، کەناڵێك بەرەو باکوور راکێشراوە و ئەم کەناڵە، دەریای قلزم بە دەریای سپی ناوەڕاست دەبەستێتەوە.

لە سەردەمی مووسادا، ئەو شارە بەناوی سویس ناو دەبرا، بەڵام شارەکە بۆ خۆی لە کۆتایی باکووری دەریای قلزم بوو. تا ڕادەیەك هەر هەمان ئەو جێیەیە کە ئێستا (بەندەری سویس)ی لێیە.

مووسا گوتی: ئەگەر ئێمە بچینە ئەو شارەوە، یاخوود بە پەنای شارەکەدا تێپەڕین، یان بەدەوری شارەکەدا بسوڕێینەوە و لەلای باکوورەوە خۆمان بگەیەنینە بیابانی سینا هەموومان بە هیلاك دەچین.

نوون پرسی: لەبەر چی؟

مووسا گوتی: جارەهای جار، من یان تۆ، بە فیرعەونمان گوتووە کە مەبەستی قەومی ئیسرائیل ئەوەیە کە پاش چوونە دەرەوە لە میسر، بڕواتە بیابان و لەوێ یاهوو بپەرستێ.

نوون گوتی: وایە.

مووسا گوتی: فیرعەون دەزانێ ئێمە بۆ ئەوەی خۆمان بگەیەنینە بیابان، هیچ ڕێگایەکمان نییە جگە لەوەی کە لەباکووری شاری سویسەوە تێپەڕین و بچینە ناو بیابانەوە [٣٥]

نوون ئەم قسەیەی سەلماند.

مووسا گوتی: لەبەر ئەوەی فیرعەون لەم مەسەلەیە ئاگادار بووە و دەزانێ کە ئێمە بۆ گەیشتن بە بیابان، جگە لەوەی کە لە باکووری شاری سویسەوە تێپەڕین، چارەیەکی ترمان نییە، ئاگاداری پاسگای ئەو شارەی کردووە کە ڕێگامان لێبگرن و هەموومان بکوژن. تۆ دەزانی سویس چونکە شارێکی سەر سنوورە، پاسگایەکی بەهێزی لێیە.

نوون گوتی: لەم مەسەلەیە ئاگادارم.

---

(٣٥) لێرەدا ناوی شاری سویس بەو هۆیەوە ئاوا دانراوە، کە هێشتا دیار نییە کەلە سەردەمی کۆندا بە چ ناوێك ناسراوە. (ز-م)



مووسا گوتی: فیرعەون یان ئەوەتا بە هۆی کەشتییەوە هەواڵی هەڵاتنی ئێمەی بە پاسگای سویس گەیاندووە، یان بە هۆی پەیکی سوارەی خۆشڕەو. لە هەردوو حاڵەتەکەشدا، من وابیر دەکەمەوە کە سەربازانی فیرعەون لە سویس، لە هەڵاتنی ئێمە ئاگادار بوون و چاوەڕێی ئێمە دەکەن بچینە ناو ئەو شارەوە تا هەموومان قەڵاچۆ بکەن. لەبەر ئەوەی کە دەبێ ئێمە بەدەوری ئەو شارەدا بسوڕێینەوە و لە باکووری سویس تێپەڕین و خۆمان بگەیەنیە بیابانی سینا، ناتوانین خۆمان لە چاوی سەربازانی فیرعەون بشارینەوە و ئەوان ئێمە دەبینن.

نوون گوتی: هەربەوجۆرەی کە ئێمە تا ئێرە شەڕمان کردووە، بەشەڕ لە شاری سویس تێدەپەڕین و خۆمان دەگەیەنینە بیابانی سینا.

مووسا گوتی: ئێمەهەرچەندێك ئازابین، ناتوانین لە شاری سویس تێپەڕین یان بەدەوریدا بسوڕێینەوە، چونکە دەکەوینە بەینی دوو شمشێرەوە، یەکێکیان سەربازانی فیرعەون کە لە سویسن، هێرشمان دەکەنە سەر، و لە پشتەوەش ئەوسەربازانەی کە بەدوای ئێمەوەن، هێرشمان بۆ دێنن.

نوون قسەکەی مووسای بەڕاست داناو تێگەیشت کە ئەوان دەکەنە نێوان دوو تیغەوە و بە زوویی تا دواین کەسیان دەکوژێ.

بەڵام لەبەر ئەوەی نوون پیاوێکی سەرکێش بوو، گوتی: لەبەر ئەوەی جگە لەوە چارەیەکی ترمان نییە کە بە دەوری شاری سویس دا بسوڕێینەوە و خۆمان بگەیەنینە بیابان، شەڕ دەکەین ئەگەر تا دواین کەسیشمان لێ بکوژرێ.

مووسا گوتی: ئەگەر ئێمە بەخێرایی تێپەڕین، دەتوانین بێ شەڕ، خۆمان بگەیەنینە بیابانی سینا.

نوون گوتی: هەرچی تۆ بیڵێی من جێبەجێی دەکەم.

مووسا گوتی: ئێستا هەڵسانی دەریا، گەیشتۆتە کۆتایی خۆی، تا یەك کاتژمێری تر نیشتنەوەی دەریا دەست پێدەکا. دوای ئەوەی نیشتنەوەی دەریا دەستی پێکرد، ئێمە دەتوانین لەو کەنداوەوە کە لای ڕۆژهەڵاتی ئێمەیە و مەودای نێوان ئێمە و بیابانی سینایە، تێبەڕین.

من پانایی کەنداوەکە ئەلێرە بە دوو فرسەخ دەخەمڵێنم، هەرکاتێك پاش نیشتننەوەی ئاوی دەریا، بۆ پەڕینەوە لەم کەنداوە بکەوینە ڕێ و پەلەبکەین، بەیاریدەی خوا دەتوانین پێش ئەوەی ئاوی دەریا دەست بەهەڵسان بکاتەوە، خۆمان بگەیەنینە لێواری ئەوبەر.

نوون گوتی: ئایا لەناو ئاودا نقووم دەبین؟

مووسا گوتی: بۆچی تۆ نەت بیستووە ئەو کەشتییانەی کە لە دەریای قلزمەوە دێن تاکو بچنە بەندەری سویس، کاتێك دەگەنە ئێرە، ئەگەر کاتی نیشتنەوەی دەریا بێ، رادەوەستن چونکە بەهۆی پاشە کشێی ئاو، ناتوانن خۆیان بگەیەننە شاری سویس. ئەگەر زیاتر بەرەوپێشەوە، مانای بەرەوباکوور بڕۆن تاکو بگەنە شار، ئەوا دەگەنە سەر گڵەکە و دەبێ ئەوان لە هەمان جێگا، بەڵکو لێرەش خوارووتر رابوەستن تاکو هەڵسانی دەریا دەست پێبکاو ئاو بێتە سەرەوە.

دوای ئەوە مووسا چاوێکی لە خۆر کرد، بەساڵداچووانی قەومی خۆی کۆکردەوە و گوتی: بەژنان و پیاوان بڵێن کە ئێمە دەبێ دوای ئەوەی ئاوی دەریا پاشەکشێ دەکا، لەم کەنداوە تێپەڕین و خۆمان بگەیەنینە لێواری ئەو بەر. پیاوانی بە ساڵدا چوو گوتیان: ئێمە هەموومان لەنێو دەریادا نقووم دەبین.

مووسا گوتی: لێرە دوای ئەوەی نیشتنەوەی دەریا، تەواو بوو، ئاو لە ئەژنۆتان زیاتر تێناپەڕێ و بە ژنان و پیاوان بڵێن منداڵەکان لە باوەشیان بگرن. ئەگەر گوێدرێژەکانیش کە جەواڵە گەنمیان لێ بارکراوە، لە نێو ئاوەکە مانەوە، پاڵەستۆیان بدەنێ و بیان خەنە رێ و ئەگەر بینیتان گوێدرێژێك توانای جووڵانی نییە، باری گەنمەکە بە شانی خۆتان دابدەن و وڵاخەکە بەرەڵا بکەن.

بەساڵداچووان گوتیان: گریمان کاتی نیشتنەوەی دەریا، ئاو لە ئەژنۆمان زیاتر سەرنەکەوت، ئێمە بەنێو لیتەی کەفی دەریادا رۆدەچینە خوارەوە و ناتوانین لەم کەنداوە بپەڕینەوە.

مووسا گوتی: ئێمە بەفەرمانی خوا لە میسر هەڵاتووین، ئەو خوایەی کە ئێمەی لە کوژران بەدەستی فیرعەون رزگار کرد، یاریدەمان دەدا کە لەکەنداویش بپەڕینەوە، دووەمیان کەفی ئەم کەنداوە، لیتەی نییە، بەڵکو هەموو لمە و ئێوە پێتان ناکەوێتە ناو لیتە. خێراکەن و بەپیاوان و ژنان بڵێن بۆ پەڕینەوە لەم کەنداوە ئامادەبن.



## -٢٩-

# لەناوچوونی لەشکری فیرعەون

ئەو کەنداوەی کە دەبووایە مووسا و قەومی ئیسرائیل لێی بپەڕنەوە، کەنداوێکی باکووری و باشوورییە کە کۆتاییەکەی لە نزیك شاری بەرتەسکی سویس هەڵکەوتووە. لە زەمانی مووسادا پانییەکەی لەدوو فرسەخ تێنەدەپەڕی. لەسەدەی رابردوودا، کاتێك دەیانویست کەناڵی سویس هەڵبکەنن، پانایییەکەی لە دوو فرسەخ کەمتر بوو، بەبۆنەی پێویستی دروست کردنی کارە بنەڕەتییەکانی بنیاتنانی بەندەر، ناچار بوون بەشێك لە لێوارەکان هەڵبکەنن تا دەریاکە پان تربێ.

ئەمڕۆ حاڵی هەڵسان و نیشتنەوەی ئاوی کەنداوی سویس، لەگەڵ زەمانی مووسا گۆڕاوە، چونکە کەناڵی سویس، دەریای قلزمی بە دەریای ناوەڕاست بەستۆتەوە.

ئەمڕۆ، کاتێك ئاو، لە کەنداوی سویس، بەهۆی نیشتنەوەی ئاوی دەریای قلزم، پاشەکشێ دەکا، ئاوی دەریای سپی ناوەڕاست، کە لەکەناڵی سویسەوە دەچێتە ناو دەریای قلزمەوە، دەبێتە بەربەست لەرێگای ئەوەی کە هەست بە نیشتنەوەی ئاوی کەنداوی سویس بکرێ. بەڵام لەزەمانی مووسا، هەڵسان و نیشتنەوەی دەریا، لەکەنداوی سویس هەستی پێدەکرا. بەڵام تەنانەت لەو زەمانەدا، هەڵسان و نیشتنەوەی دەریای قلزم و کەنداوی سویس گوڕوتینی هەڵسان و نیشتنەوەی دەریای عومان و کەنداوی فارسی نەبوو. چونکە هەڵسان و نیشتنەوەی دەریا، لە هەموو دەریاکانی زەوی، یەکسان نییە، لەهێندێك دەریاکان بەگوڕوتینە و لە هێندێکی دیکەدا لەسەر خۆیە.

مووسا کەلە رابردوودا شازادەی میسر بوو و لەناوچەی دەلتای رووباری نیل، زۆر دەگەڕا، چەندین جار هاتبووە لێواری کەنداوی سویس. لەبارەی حاڵ و باری هەڵسان و نیشتنەوەی دەریا زانیاری بەدەست هێنابوو و لەو رۆژەدا، بۆ پەڕاندنەوەی قەومی ئیسرائیل لەکەنداوی سویس، سوودی لەزانیارییەکانی خۆی وەرگرت. هەرکە ئاو پاشەکشێی کرد، فەرمانی دا کەقەومی ئیسرائیل بچنە ناو کەنداوەکە. جا بۆ ئەوەی کە

پیاوان و ژنان نەترسن و بچنە ناو ئاوەکە، بۆخۆی یەکەمین کەس بوو چووە ناو ئاوەکە، بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەك ڕۆیشت، ڕاوەستا تاکو ئەوانی تریش بگەنەوە لای ئەو.

یەکەمجار کە پیاوان و ژنانی ئیسرائیل چوونە ناو ئاوەکە، ئاوی دەریا لە کەمەریان زیاتر هەڵکشا چونکە هێشتا نیشتنەوەی ئاو نەگەیشتبووە قۆناغی تەواو. بەڵام پاشان، ئاوەکە ئەوەندە کشایەوە، کەلە ئەژنۆی ڕێبوارەکان هەورازتر نەچوو.

لەبەر ئەوەی ئاوەکە زۆر کەم بوو، گوێدرێژەکان بێ هیچ زەحمەتێك لەکەنداوەکە دەپەڕینەوە، پیاوەکان ناچار نەبوون کە پاڵەپەستۆیان بدەنێ و لەکەنداوەکە بیانپەڕێننەوە یاخوود بارەکانی ئەوان بەشانی خۆیان دابدەن.

مووسا و نوون، سات بەسات بانگیان دەکرد و تەئکیدیان دەکردەوە کە ژن و پیاوەکان پەلە بکەن و زووتر لە ئاوەکە بپەڕنەوە.

دوو فرسەخ ڕێ، ئەگەر لە وشکانی بێ، ڕێگایەکی درێژ نییە، بەڵام لەناو ئاودا، بەهۆی گیروگرفتی خۆی، ڕێگا بڕین درێژ دەبێتەوە. ئەگەر ژن و پیاوەکان پەلەیان نەکردبایە و زووتر لەکەنداوەکە نەپەڕیبانەوە، نیشتنەوەی دەریا کۆتایی دەهات و هەڵسانی دەریا دەستی پێدەکردەوە و هەموویانی نقووم دەکرد، چونکە کاتێك هەڵسانی دەریا دەست پێدەکا، سەرەڕای ئەوەی ئاوی دەریا بەرز دەبێتەوە، گوڕی ڕێژەوی ئاوەکە ڕێژەوی خێراتر دەبێ و وەکو ڕووبارێکی یەکجار بەرفراوانی لێ دێ کە بەخێرایی دەڕوا. لەو کاتەدا هەرکەسێك لەنێو ئاوەکەدا بێ، بەهیلاك دەچێ، مەگەر مەلەوانی زۆر شارەزا بن کە دەتوانن لەنێو دەریادا مەلە بکەن و لەبەرامبەر شەپۆلەکانی دەریادا خۆڕابگرن. هەموو مەلەوانێك دەزانێ کەمەلە کردن لەناو ئەستێرکێك یان لەنێو دەریاچەیەکدا، جیایە وەکو لەنێو دەریایەکدا. چونکە ئەستێرك شەپۆلی نییە وشەپۆلی دەریاچەش بچووکە. بەڵام شەپۆلی دەریا گەورەو بەهێزە و مەلەوانی نەشارەزا وەژێر خۆی دەخا.

کاتێك قەومی ئیسرائیل گەیشتنە جێگایەك کە نزیك لێواری بیابانی سینا بوو، سەربازانی فیرعەون، کە بەدووای ئەو قەومەوە بوون، گەیشتنە لێواری کەنداو. فەرماندەی سەربازەکان، کە بینی قەومی ئیسرائیل لە ئاوەکە دەپەڕنەوە، وای وێنا کرد کە ئەو جێگایە بوارە و ئەویش دەتوانێ سەربازەکانی خۆی لە ئاوەکە بپەڕێنێتەوە. فەرمانی دا کە سەربازەکان بچنە ناو ئاوەکەوە.



ئەگەر فەرماندەی سەربازان، خەڵکی ناوچەکە بووایە، یان وەکو مووسا لە بارەی حاڵ و باری هەڵسانی دەریا زانیاری هەبووایە، بە سەربازەکانی خۆی نەدەگوت کە بۆ بەدوواداچوونی یەهودییان، بچنە ناو ئاوەکەوە.

ئەو نەیدەزانی کە پێش ئەوەی سەربازان پانایی کەنداوەکە ببڕن، هەڵسانی دەریا دەست پێدەکا و هەموو سەربازەکانی لەنێو ئاودا نقووم دەبن. بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکی ناوچەکە نەبوو و دەریاشی نەدەناسی، فەرمانی دا کە بەدوای قەومی ئیسرائیل بکەون.

سەربازان، چوونە ناو ئاوەکە، لەسەر تەئکیدی فەرماندەکەیان، بە پەلەکەوتن تا بەخێرایی خۆیان بگەیەننە لێواری ئەوبەر. بەڵام دوای ئەوەی کە نزیکەی سێ چارەگە فرسەخ ئاوەکەیان بڕی، هەڵسانی دەریا دەستی پێکرد.

ئاوی، دەریا وەکو ڕووبارێکی گەورە لە لای باشوورەوە بەرەو باکوور هات. ڕێژەوی ئاوەکەش بەجۆرێك تیژو بەخوڕ بوو، کە سەربازان نەیاندەتوانی بەرهەڵستی بکەن و ئاوی دەریا، سەربازانی لەگەڵ خۆی ڕادەدا.

ئەوانەی مەلەیان دەزانی ماوەیەك مەلەیان دەکرد، بەڵام نەیاندەتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر ئاوەکە بمێننەوە و شەپۆلی دەریا ڕاپێچی دەدان، بەتایبەتیش دوای ئەوەی هەڵسانی دەریا دەستی پێکرد، بایەکی توند هەڵیکرد.

هەڵکردنی بای لەناکاو لەبەشە جیاجیاکانی دەریای قلزم، ئەمڕۆش یەکێکە لە دیاردە سرووشتییەکان و هۆکارەکەشی بۆ هەڵکەوتنی جوگرافیایی دەریای قلزم دەگەڕێتەوە.

دەریای قلزم، کەوتۆتە نێوان دوو بیابانی بەرفراوان و باشتر وایە بڵێین لە نێوان دووکیشوەری گەورەدا هەڵکەوتووە و هەردوو کیشوەرەکەش گەرمە سێرن. بەدرێژایی ساڵ، جگە لەچەند هەفتەیەکی وەرزی زستان، خۆر بەتووندی لەو دوو کیشوەرە دەدا.

یەکێك لەم دوو کیشوەرە ئاسیایە و ئەوی تریان ئەفریقایە. لە ڕۆژهەڵاتی دەریای قلزم، دوورگەی عەرەب هەیە، لەرۆژئاوای ئەوێش میسر و سودان و حەبەشە هەن.

گەرمای توندی بیابانەکانی دەوروبەری دەریای قلزم و فێنکی هەوای ئەو دەریایە، لەهەمبەر بیابانە گەرمەکانی دەوروبەردا، هۆکاری هەڵکردنی بای توند و لەناکاوە.

هەمان ئەو وەزعە لە دەریای خەزەریش هەیە و ئەو دەریایەش، کەلە واقیعدا دەریاچەیە، کەوتۆتە نێوان چەند بیابانێکی بەرفراوان، هەر بۆیە هەروەکو دەریای قلزم شەپۆلاوییە.

پاش ئەوەی بایەکی توند هەڵیکرد، شەپۆلەکانی کەنداوی سویس، کەتا ئەوکاتە ئارام بوو، کەوتنە شەپۆل دان و ئەو شەپۆلە گەورانە، سەربازەکانی خستە ژێر ئاوەوە.

تەنانەت ئەو کەسانەی مەلەیان دەزانی و دەیانتوانی لەبەرامبەر مردنێکی دەسبەجێدا بەرهەڵستی بکەن، وەبن ئاوەکە دەکەوتن و هەرکە سەریان دێنایەوە دەرێ تا هەناسەیەك وەربگرنەوە، شەپۆلێکی دیکە دەهات و دەیخستنەوە بن ئاوەکەوە.

تەنانەت سوارانی فیرعەونیش، نەیانتوانی لە بەرامبەر هەڵسانی دەریا کە بەشەپۆلەوە دەهات، بەرهەڵستی بکەن. شەپۆلی بەرز، ئەو ئەسپانەشی ڕاپێچ دەدا کە مەلەیان دەکرد، و دوای چەند جارێك کە ئەسپەکان دەکەوتنە ژێر ئاوەکەوە بێ ئەوەی بواری ئەوە بدا هەناسەیەك وەربگرنەوە، دەخنکان و بەهیلاك دەچوون.

قەومی ئیسرائیل بەیاریدە و لوتفی خواوەند، پێش ئەوەی کە هەڵسانی دەریا دەست پێبکاتەوە، لەکەنداوی سویس پەڕیبوونەوە. کاتێك کە هەڵسانی دەریا دەستی پێکرد، تەنانەت یەك کەسیش لە قەومی ئیسرائیل لەکەنداوەکەدا نەدەبینرا.

ئیسرائیلییەکان، چاویان لێبوو سەربازانی فیرعەون، کە ژمارەیەکی کەمیان سوار بوون و ئەوانی دیکە پیادە بوون، گەیشتنە لێواری ڕۆژئاوای کەنداوی سویس و تێگەیشتن کە ئەوان بۆیە هاتنە ناو ئاوەکە تاکو خۆیان بگەیەننە ئیسرائیلییەکان.

مووسا، کاتێك بینی سەربازانی فیرعەون هاتنە ناو ئاوەکە، گوتی: ئەوانە ئەگەر ئەقڵیان هەبووایە، بۆ بەدوواکەوتنی ئێمە، لەو ساتەدا نەدەهاتنە ناو ئاوەکە، چونکە بەم زووانە هەڵسانی دەریا دەست پێدەکاتەوە و هەر هەموویان نقووم دەکا.

کاتێك هەڵسانی دەریا دەستی پێکرد، پیاو و ژن و منداڵانی ئیسرائیلی، لە لێواری ڕۆژهەڵاتی کەنداوی سویس ڕاوەستا بوون. ئەوان تەماشای نقووم بوونی سەربازانی فیرعەونیان دەکرد و دەیانبینی کەنەك هەر پیادەکان بەڵکو سوارەکانیش نقووم دەبن.

لە حاڵێکدا کە هەڵسانی دەریا سات بەسات بەرفراوانتر دەبوو و، با هەڵیدەکرد، شەپۆلەکان بەیەکیان دادەدا. هەوا، لە ئاکامی هەڵکردنی بادا، کە بەخێرایی هەورەکانی نزیك دەکردەوە، هەور داپۆشی و نیوە تاریك داهات، بەڵام هێشتا کەسانی قەومی ئیسرائیل دەیانتوانی ڕووی ئاوی کەنداوی سویس ببینن. کەمێك پێش ئەوەی خۆر، بەهۆی هاتنی دەمی ئێوارەوە، ئاوا ببێ، بینییان کە لەسەر ڕووی ئاوی کەنداوی سویس، شوێنەوارێك لە مرۆڤ دیار نەماوەو هەموو سەربازانی فیرعەون نقووم بوون.



دوای ئەوە شەو داهات. لەبەر ئەوەی پیاو و ژن و منداڵانی قەومی ئیسرائیل، بەهۆی ڕێگا بڕینی بەردەوام و پەڕینەوە لە کەنداوی سویس، یەکجار ماندوو ببوون، مووسا پێی گوتن کە لەوێ پشوو بدەن.

کەسانی قەومی ئیسرائیل، بەڕادەیەك شەکەت بوون کە پاش ئەوەی خەویان لێکەوت، بارانیش لەخەو خەبەری نەکردنەوە.

بەڵام ئەو بارانە درێژەی نەکێشا، بەرەبەیان کاتێك کەسانی قەومی ئیسرائیل لەخەو خەبەریان بۆوە، بینییان کە ئاسمان ساف و سامالّە.

هێندێك لە مێژوو نووسان، وایان وێنا کردووە کە ئەو کەنداوەی قەومی ئیسرائیل لێی پەڕیونەوە، کەنداوی ڕۆژهەڵاتی بیابانی سینا، مانای عەقەبە بووە، کەبەندەری ئالاس کەوتۆتە کۆتایی باکوورییەوە. بەڵام ئەو مێژوو نووسانە بەچەند بەڵگەیەك بەهەڵەداچوون:

بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە ئەگەر سووپای فیرعەون، لە پشتەوەی قەومی ئیسرائیل چووبانایە ناو بیابانی سینا، بواریان نەدەدا ئەو قەومە خۆی بگەیەنێتە کەنداوی عەقەبە و پێش ئەوەی ئیسرائیلییەکان، خۆیان بگەیەننە کەنداوی عەقەبە و لە پانایی ئەو کەنداوە بپەڕنەوە و بەتەواوی لە بیابانی سینا بچنە دەرەوە، هەموویانیان دەکوشت.

بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە قەومی ئیسرائیل، پاش چوونی بۆ بیابانی سینا، بەدڵێکی ئارخەیانەوە ڕێگایان دەبڕی و ئەگەر سووپای فیرعەون، لە پشت قەومی ئیسرائیل بوونایە، ژنان و پیاوانی ئەو قەومە چۆن دەیانتوانی بەدڵێکی ئارخەیانەوە ڕێگا بڕن و شەوانە بێ ترس بخەون.

کەوابوو دیارەکە ئەوان، پێش ئەوەی لە بیابانی سینا دەست بەڕێگا تەیکردن بکەن، سووپای فیرعەون، کە بەدووای ئەوانەوە بوو، لە کەنداوی سویس دا کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای بیابانی سینا، لە بەین چووە. ئیسرائیلییەکان، دەیانزانی لە بیابانی سینا دا کەس بەدووای ئەوانەوە نییە و بێ ئەوەی بشڵەژێن، درێژەیان بەڕێگا تەیکردنی خۆیان دەدا.

بەڵگەی سێیەم ئەوەیە کە ئەگەر ئیسرائیلییەکان لەکەنداوی عەقەبە، کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بیابانی سینا، پەڕیبانەوە، نەك لە کەنداوی سویس، کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەو بیابانەوە، ئەوا دەبووایە بچنە ناو خاکی عەرەبستانەوە کە ئەمڕۆ وڵاتی عەرەبستانی سعودیەیە. لە حاڵێکدا کە هەموو مێژوو نووسان، چ مێژوو نووسانی مەزهەبی یان مێژوو

نووسانی غەیرە مەزهەبی دەڵێن کە ئیسرائیلییەکان لە بیابانی سیناوە بەرەو کەنعان ڕۆیشتن نەك بەرەو عەرەبستان.

کەوابوو ئەوان لە کەنداوی عەقەبەوە، کە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بیابانی سینا، نەپەڕیونەتەوە تاکو بە پێویستی حاڵ بچنە ناو وڵاتی عەرەبستانەوە.

بەڵگەیەکی دیکە کە بەڵگەیەکی بڕێنەرەوەیە چونکە بەڵگەیەکی زانستییە، پیشانی دەدا کە قەومی ئیسرائیل، پاش ئەوەی چوونە ناو بیابانی سینا، بەدرێژایی لێواری دەریای قلزم بە ئاراستەی باشوور ڕۆیشت و پاشان، هەر ئاوا بەدرێژایی لێواری دەریای قلزم، ڕێگای باکووریان گرتەبەر تا لەبیابانی سینا چوونە دەرەوە، چوونە ناو بیابانێکەوە کە باشووری کەنعان بوو و ئەمڕۆ بەناوی بیابانی نەقەبەوە دەناسرێ.

ئەم بەڵگە زانستییە ((شوڵم ئاش)) زانای هاوچەرخی ناسراوی یەهودی، گێڕاویەتیەوە و ئەو دەڵێ چەند کەسێك لەزانایانی ئەمریکا شوێن پێی جووڵانی قەومی ئیسرائیلیان لە بیابانی سینا دۆزیوەتەوە. لە ڕووی تاقیکردنەوەی (کاربۆن ١٤) وە، توانیویانە تێبگەن کە قەومی ئیسرائیل، پاش ئەوەی چوونە ناو بیابانی سینا، بۆ ئەوەی بەبەردەوامی ئاویان هەبێ، بەدرێژایی لێوارەکانی نیمچە دوورگەی سینا، یەکەمجار بەرەو لای باشوور ڕێگایان تەی کرد و پاشان ڕێگای باکووریان گرتە بەر تاکو لە بیابانی سینا چوونە دەرەوە و گەیشتنە ناو بیابانی نەقەب کە کەوتۆتە باشووری کەنعانی کۆنەوە.

تاقیکردنەوەی کاربۆنی ١٤، بە کورتی و بێ چوونە ناو توێژینەوەی زانستی، بەم شێوەیەیە:

هەروەکو دەزانین کاربۆن، یەکێکە لە توخمەکان و لەو مادانەیە کە لە بەشێکی تەنەکاندا هەیە.

جۆرێك لەو کاربۆنانەی پێی دەگوترێ (کاربۆن ١٤) تیشکدانەوەی هەیە، مانای شەپۆلی لێ دەردەچێ و کاربۆنی ١٤ ماوەی چواردە هەزار ساڵ دەدرەوشێتەوە پاشان خامۆش دەبێ.

لە هەموو ئەم ماوەیەدا، هەر کاتێك تەنێك کاربۆنی تێدابێ، لە ڕووی تیشکدانەوەوە بخرێتە ژێر پشکنینەوە، دەتوانرێ بزانرێ کە ماوەی کۆنییەکەی چەندە، بۆیە تەنێك، هەرچەندە کۆن تر بێ، تیشکدانەوەی کاربۆنەکەی کەمتر دەبێتەوە و دوای چواردە هەزار ساڵ نامێنێ.



بۆ نموونە ئەگەر دوو ئێسکەپەیکەری مرۆڤ لە ژێر خاکەوە بهێننە دەرەوە، کە یەکێکیان پێنج هەزار ساڵە بێ، ئەوی دیکەیان پێنج هەزارو پێنج سەد ساڵە بێ، ئەوەیان کە کۆنترە، تیشکدانەوەی کاربۆنییەکەی لە ئیسکە پەیکەرە پێنج هەزار ساڵییەکە، کەمترە.

ئەمڕۆ کەم وایە شتێك هەبێ کە نەتوانرێ بەرێگەی تاقیکردنەوەی کاربۆن ١٤، لەڕووی ناسینی کۆنییەکەیەوە، نەخرێتە ژێر تاقیکردنەوەوە مەگەر ئەو شتە بێت کە تەمەنی لەچواردە هەزارساڵ زیاتر بێ.

شوڵم ئاش زانای هاوچەرخ دەڵێ زانایانی ئەمریکا توانیویانە بەهۆی پشکنینی پاشماوەکانی کاروانی قەومی ئیسرائیل لە بیابانی سینا، بەهۆی تاقیکردنەوەی کاربۆن ١٤ تێبگەن کە کاروانی ناوبراو سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە بیابانی سیناوە تێپەڕیوە و چووەتە ناو بیابانی نەقەب کە کەوتۆتە باشوری کەنعانەوە.

مرۆڤ پاش بیستنی ئەم قسەیە دەکەوێتە سەر بیرکردنەوە لەوەی کە ئاخۆ پاشماوەی کاروانێك، کە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا بە بیابانی سینادا تێپەڕیوە، تاکو ئەمڕۆ دەمێنێتەوە؟

شوڵم ئاش لەسەر قسەی زانایانی ئەمریکا دەڵێ ئەم کارە دەرەتانی هەیە چونکە کاروانی قەومی ئیسرائیل، کە بەبیابانی سینادا تێپەڕی تاکو بچێتە کەنعان، لەپاش خۆیەوە تەنیا خۆڵەمێشی ئاگری بەجێ نەهێشت تاکو باو باران بەدرێژایی ماوەی سێ هەزار ساڵ، لەناوی بەرێ.

شوڵم ئاش دەڵێ کاتێك قەومی ئیسرائیل لەکەنداوی سویسەوە پەڕییەوە و چووە ناو بیابانی سینا، ژمارەیەك بریندارى پێبوو کە لەکاتی شەڕ لەگەڵ سەربازانی فیرعەون بریندار بووبوون.

ژمارەیەك لەو بریندارانە، لە ڕێگا مردن. ئیسرائیلییەکان ئەوانیان ناشت و لەهێندێك لەگۆڕەکاندا، هێشتا ئێسکە پەیکەری مردووەکان هەیە و پیشانی دەدا کە ئەو ئێسکەپەیکەرانە، هی کەسانێکە کەلە یەك سەردەمدا ژیاون. حاڵی کەللە سەرەکان دەریدەخا کەمردووەکان، لە قەومی ئیسرائیل بوون و بەو پێیە تاقیکردنەوەی زانستی کاربۆن١٤ و ریوایەتە مێژووییەکانی پەیوەست بە هێڵی ڕۆیشتنی قەومی ئیسرائیل بە بیابانی سینادا پشت ڕاست دەکاتەوە.

بەقسەی شولۆم ئاش، کەلە گومان بەدەربێ، قەومی ئیسرائیل، پاش ئەوەی لەمیسر چوونە دەرەوە، لەرێگای سەرزەوینی سیناوە بەرەو کەنعان چوون و ئەو جێگایەش کە قەومی ئیسرائیل تێیدا لە ئاوەکەیان دا، کەنداوی سویس بوو، کەلە رۆژئاوای سەرزەوینی سینا هەڵکەوتووە.

خواوەند بە مووسای گوتبوو کە پاش ئەوە ئەگەر بیەوێ لەگەڵ ئەودا قسە بکا، دەبێ خۆی بگەیەنێتە جەبەل مووسا کە لەسەرزەوینی سینایە، تەنیا لەوێ دەتوانێ گوێی لە دەنگی خواوەند بێ و لە جێگای دیکەدا خواوەند لەگەڵ ئەودا قسە ناکا.

خواوەند بە مووسای گوتبوو کە قەومی ئیسرائیل لە میسر بباتە دەرێ تا ئەو قەومە لە بیابان خەریکی خواپەرستی بن.

مووسا دەیزانی مەبەستی خواوەند لە بیابان، سەر زەوینی کەنعانە نەك بیابانی سینا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك چووە ناو بیابانی سینا، ناچار بوو کە لەبارەی جێگای نیشتەجێ بوونی قەومی ئیسرائیل لە سەر زەوینی کەنعان، پرس بەخواوەند بکا تا بزانێ ئایا لەکوێ نیشتەجێ بن، ئەگەر دانیشتووانی ناوچەکە، رێگایان نەدان لەوێ نیشتەجێ بن، ئایا شەڕیان لەگەڵدا بکەن یاخود کۆچ بکەن و بچنە جێگایەکی تر. هەروەها ئەگەر لە هەموو سەر زەوینی کەنعان دا جێگایەکیان نەدۆزییەوە چ بکەن؟

ئایا بگەڕێنەوە بۆ بیابانی سینا و لەوێ نیشتەجێ بن، یان بچنە وڵاتێکی تر؟

مووسا بۆ ئەوەی رێگای خۆی بزانێ، ناچار بوو رووبکاتە جەبەل مووسا.

ئەو رێگایەی کە قەومی ئیسرائیل، بەرابەرایەتی مووسا لەسەر زەوینی سینا گرتبوویانە بەر، ئەوانی دەگەیاندە جەبەل مووسا.

کاتێك کە ئیسرائیلییەکان لە میسر کۆچیان کرد، لەبەر ئەوەی هێرشیان کرابووە سەر و لەحاڵی هەڵاتندا بوون، نەیانتوانی جگە لە گەنم، ئازووخەیەکی تر لەگەڵ خۆیاندا بهێنن.

دوای چوونە ناو سەر زەوینی سینا، خواردنی ئەوان تەنیا نان بوو، جگە لەنان شتێکی تریان نەبوو بیخۆن. ئەوان گەنمەکەیان بە بەرد دەکردە ئارد و پاشان دەیان کردە هەویر، پاشان بە دەوەنە وشکەکانی بیابان ئاگرێکی گەورەیان هەڵ دەکرد و دوای ئەوەی کە مەشخەڵ و دووکەڵەکەی نەدەما و پشکۆکان دەمانەوە، هەویرەکەیان دەخستە ناوەڕاستی پشکۆکان تا ببرژێ، بەردەوام رووی دەرەوەی نانەکەیان بەهۆی گەرمی زۆرەوە دەسووتا.



ئیسرائیلییەکان دەیانزانی بۆ دروست کردنی نان پێویستە تەنوور دروست بکرێ تاکو نانەکە نەسووتێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لەیەك نوختەدا ڕانەدەوەستان، نەیاندەتوانی تەنوور دروست بکەن. ئەم جۆرە تەنوورە لە میسریش هەر بووە و بەبۆنەی ئەوەی کە شارستانێتی میسر کۆن بوو، دوور نییە کە ئیسرائیلییەکان دروست کردنی ئەم جۆرە تەنوورەیان لە میسرییەکانەوە وەرگرتبێ.[٣٦] یەهودییەکان کاتی ڕاوەستانیان لە پایتەختی میسر، نەریتی کۆیلەتییان لەدەست دا و لە جیاتی ئەوە خوویان بەوەوە گرت کە خواردەمەنی خۆیان بە سەوزەواتی تازە و سیر و پیاز، تەنانەت داو ودەرمانێك کەلە رۆژهەڵاتەوە دەگەیشتە میسر، بەتام و بۆنخۆش دەکرد.

مرۆڤ تا ئەو کاتەی کە خواردنی باشی نەخواردووە، دەتوانێ خواردنی خراپ بخوا و لە هەموو سەردەمەکاندا، کەسانێك هەبوون و هەن، کەتەنانەت خواردەمەنی لە کەڵك کەوتووشیان خواردووە بێ ئەوەی تامی ئەو خواردنە خراپە ناڕەحەتیان بکا، بەڵام هەر کە ماوەیەك خواردنی باشی خوارد مەحاڵە بتوانێ جارێکی تر خواردنی خراپ بخوا.

ئیسرائیلییەکان، تا ئەو رۆژەی کە کۆیلە بوون، هەرچی بەدەستیان دەکەوت دەیانخوارد، بەڵام دوای ئەوەی لە پایتەختی میسر نیشتەجێ بوون و خواردنی باشیان خوارد، سەلیقە و چێژی تامکردنیان گۆڕا. گەرچی ئەو نانەی کە لە بیابان ئامادە دەکرا، لە رووی بەهای خۆراکییەوە، لە کەڵك کەوتوو نەبوو، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی تەنیا بەنان دابین بن.

رۆژانی هەوەڵ، کەس زمانی سکاڵای نەکردەوە. بەڵام لە رۆژانی دوواییدا، وردە وردە زمانی سکاڵاکاران کرایەوە و ریشسپیانیان ناچار کرد بچنە لای مووسا و داوای لێبکەن کە خواردنەکانی ئەوان فەرەبابەت بکا.

مووسا گوتی: لەم بیابانە وشکەدا من چۆن دەتوانم خواردنەکانی ئێوە فەرەبابەت بکەم، لێرە نە سەوزەواتی تازەی لێیە نە درەختی میوەدار؟

(٣٦) جۆرەکانی تەنوور، بۆ ئامادەکردنی نان یەکێکە لە داهێنانەکانی ئێرانییەکان، یەکەمین میللەتێك کەگەنمی ناسی و کردی بە ئارد تاکو نانی لێ دروست بکا، ئێرانییەکان بوون و ئەم راستییە بەلای هەموو مێژوو ناسانەوە سەلمێنراوە و لە سەردەمە کۆنەکاندا باشترین نانی دنیا لە ئێران ئامادە دەکرا (ز — م)

ریش سپیان گوتیان: ئەی مووسا تۆ پیاوێکی کە لەگەڵ خوادا قسەت دەکرد و بە یاریدەی خوا توانیت وەکازەکەت بکەیتە مار، شەتی نیل بکەیە شەتی خوێن، چۆکت بە فیرعەون دادا، چۆن ناتوانی سەوزەواتی تازە و پیاز و سیر و خەیار و باینجان فەراهەم بکەی؟

مووسا گوتی: پێداویستی بەدەست هێنانی سەوزەواتی تازە و پیاز و سیر و خەیار و باینجان لەم خاکە وشکەدا ئەوەیە کەمن بچمە لای خواوەند و ئاخاوتنی لەگەڵدا بکەم. من لێرە ناتوانم لەگەڵ خواوەند دا ئاخاوتن بکەم، چونکە ئەو پێی گوتووم کە هەرکاتێك ئەگەر بمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم، دەبێ بچمە کێو.

ریش سپیان گوتیان بۆچی تۆ ئەوکاتەی کەلە میسر ئاوی رووباری نیلت کرد بە خوێن، چوویە کێو و لەگەڵ خواوەندا قسەت کرد؟

مووسا گوتی: ئەوسا، وەکو ئێستا نەبوو. لەو کاتەدا لەهەر نووختەیەك بوومایە دەمتوانی لەگەڵ خواوەندا قسە بکەم و هەرچی بمەوێ بیلێم، دوای ئەوە خواوەند لێی قەدەغەکردم کە جگە لە کێو، لەجێگای دیکە قسەی لەگەڵدا بکەم. هەر بۆیە من ناتوانم لەم شوێنەدا قسەی لەگەڵدا بکەم.

ریش سپیان گوتیان: تۆ قسەی لەگەڵدا بکە بەڵکو وەڵامت بداتەوە.

مووسا گوتی: خواوەند فەرمانی بەمن کردووە کە جگە لە کێو، لە جێگای دیکە قسەی لە گەڵدا نەکەم، من چۆن دەتوانم سەر پێچی لە فەرمانەکانی ئەو بکەم.

ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل ئەوندەیان پێداگریی لەگەڵ مووسادا کرد تا ناچاریان کرد کە قسە لەگەڵ خواوەند دا بکا.

مووسا لە قەومی خۆی دوورکەوتەوە و چووە جێگایەك کە نە کەسانی قەوم ئەویان دەدی و نە ئەو کەسانی قەومی دەدی. دوای ئەوە بە دەنگێکی بەرز گوتی: ئەی خوای من، ئەی یاهوو، ئایا تۆ گوێت لە دەنگی منە و وەڵامی من دەدەیەوە؟

دەنگی مووسا لەو بیابانە رووتەختەدا دەنگی نەدایەوە و کەس وەڵامی نەدایەوە.

مووسا جارێکی دیکە گوتی: ئەی یاهوو ئەی خوای من، ئایا وەڵامی من دەدەیەوە؟ بەڵام دیسانەوە وەڵامێك لە لایەن خواوە نەدرایەوە.

مووسا، کەوا بیری دەکردەوە کە بێ وەرگرتنەوەی وەڵام ناتوانێ بچێتەوە لای قەومەکەی، ئەو رۆژە تاکو نزیکی شەو، لە بیابان، دوور لە قەومی ئیسرائیل، بانگی



خواوەندی کرد، بەڵام وەڵامێکی نەبیست. کاتێك کە خۆر لە سوێگەی رۆژئاوا نزیك کەوتەوە و مووسا تێگەیشت کە بەزوویی شەو دادێ، گەڕایەوە.

کاتێك گەیشتەوە ناو ئوردووی قەومی ئیسرائیل، هەموویان خەوتبوون. مووسا، خۆشحاڵ بوو کەلەو کات و ساتەی شەودا، تووشی پرسیارو وەڵامی قەومی خۆی نەبوو. بەڵام هەرکە خۆر هەڵهات، ریش سپیانی قەومی ئیسرائیل چواردەوری مووسایان گرت و لێیان پرسی: خواوەند چ وەڵامێکی تۆی دایەوە؟

مووسا گوتی: من وەڵامێکم لە یاهووەوە نەبیست و گومانم نییە، کە خواوەند، بە هۆی ئەوەی کە بۆچی پەیڕەوییم لە فەرمانی ئەو نەکردووە و بۆ ئاخاوتن لەگەڵ ئەودا نەچوومەتە کێو، لەمن تووڕەیە.

یەکێك لە ریش سپییەکان، زنجیرە کێوێکی نزمی، لە راستیدا گردێکی کەلە لێواری دەریا لە رۆژئاوا هەڵکەوتبوو و لەو دەمەدا خۆر بە جوانی رووناکی کردبۆوە، پیشانی مووسادا و گوتی: لەوێ، چەند کێوێکی لێیەو تۆ دەتوانی بچیتە سەر یەکێك لەو کێوانە و لەگەڵ خوادا قسە بکەی.

مووسا گوتی: هەرگیز من بۆ ئاخاوتن لەگەڵ خوادا، نە چوومەتە سەر لوتکەی کێوێك، بەڵکو هەموو جارێك لە نێو دۆڵێکدا قسەم لەگەڵدا کردووە.

ریش سپییان گوتیان: لەوێ، لە بەینی دوو کێودا، دۆڵی لێیە، بڕۆ لەوێ بە خواوەند بڵێ کە ئێمە ئەوەندەی نانی رووت بخۆین پرزەمان لێبڕاوە. حەز دەکەین کە خواوەند، سەوزەی تازە و سیر و پیاز و خەیار و باینجانمان بداتێ. ئەگەر گوێت لێبوو کە خواوەند، ئامادەیە ئەو شتانەمان بداتێ، داوای لێبکەکە (کاوڕ و مەڕو بەرخمان) بداتێ تا بتوانین لە شیری مەڕەکان، رۆن بگرین و گۆشتی کاوڕەکان بخۆین و بەرخەکان پەروەردە بکەین تا گەورە ببن.

قەومی ئیسرائیل رۆژی پێشوو بە بۆنەی ئەوەی کە چاوەڕێی وەڵامی خواوەند بوون، خۆیان لە ڕێگا تەی کردن، بووارد.

لەو رۆژەشدا، چونکە دەیانویست مووسا بەرەو کێوەکە (لە ڕاستیدا گردەکە) بنێرن، لە رێگا تەی کردن خۆیان بووارد.

مووسا، کەلە سووپای میسردا ئامادە نەبوو گوێ لە دەبێ ونابێی سەربازەکانی بگرێ و هەر فەرمانێکی دەری دەکرد، جێبەجێ دەکرا، لەو کاتەدا نەیدەتوانی لە بەرامبەر

قەومی ئیسرائیل دا بەرهەڵستی بکا و وەڵامێکی نەرێتی. بداتە ریش سپییەکان و پێیان بڵێ کە ئێوە ناچارن بە نانی رووت دابین بن. جگە لەوەی کە هەیە خواردنێکی تریان بۆ نابێ، مەگەر رۆژێك بگەنە کەنعان و لەوێ دەست بەکاری کشتوکاڵ و ماڵات بە خێوکردن بکەن و دوای ئەوە خواردەمەنی فرەبابەت تام بکەن و گۆشتی مەڕ بخۆن.

مووسا، دوای ئەوەی سەر پەرشتیی قەومی ئیسرائیلی کەوتە ئەستۆ لە رووی خولْق و خووەوە گۆڕا.

مووسا، لە سووپای میسر بە پلەی فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان، پیاوێکی بە زیپك بوو، بەڵام بێ ئەوەی بێ بەزەیی بێ، فەرمانە جەنگیی و سەربازییەکانی بەوردی لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرا. بەڵام دوای ئەوەی بووە سەرپەرشتی قەومی ئیسرائیل، وەکو باوکێکی لێهات و هەر بەو شێوەی کە باوکێك، هەرچەندە کەسێکی جیددی بێ، ناتوانێ وەڵامی داواکاری منداڵەکانی نەداتەوە. مووساش هەر بەو جۆرە نەیدەتوانی لە بەرامبەر داواکارییەکانی کەسانی قەومی ئیسرائیل، کە لەرێگەی ریش سپیانەوە پێی ڕادەگەیەنرا، خۆی ببوێرێ. ئەوە بوو وەکازەکەی بەدەستەوە گرت و رێگای خۆرئاوای گرتە بەر تا خۆی بگەیەنێتە گردەکانی لێواری دەریا و لەوێ داوا لە خواوەند بکا کە وەڵامی بداتەوە.

مووسا، دوای ئەوەی کە گەیشتە گردەکان، ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە و بینی ئەوەندە لە قەومی ئیسرائیل دوور کەوتۆتەوە کە ئیتر کەسان و چوارپێیانی ئەوان نابینێ.

لەوێ گردەکان ئەوەندە نزم بوون، کە مووسا نەیدەتوانی بچێتە ناو هیچ دۆڵێکەوە چونکە لەوێ دۆڵی هەر تێدا نەبوو. بۆیە چووە سەر یەکێك لە گردەکان و چەند ساتێك چاوی لە دەریا بڕی و لەو دوو کەشتییەی دەڕوانی کە بەرەو باکوور دەچوون. پاشان سەری بەرز کردەوە و گوتی: خودایە، تۆ دەزانی کە قەومی ئیسرائیل وازم لێناهێنن و پێم دەڵێن داوات لێ بکەم کە سەوزە و سیر و پیاز و باینجان و خەیار بدەیە ئەو قەومە و ئەگەر رەزامەندیت لەسەر ئەم داواکارییەدا، ئەوان لە مەڕو بەرخ و کاوڕ بێبەش مەکە تا بتوانن لە شیرەکەیان رۆن بگرن و گۆشتی مەڕ بخۆن.

دوای ئەوەی کە ئاخاوتنی مووسا کۆتایی هات، چاوەڕێی بیستنی دەنگی خواوەند بوو بەڵام دەنگێکی نەکەوتە بەر گوێ.



مووسا چەند ساتێك گوێی هەڵخست بەڵکو گوێی لە دەنگێك بێ، بەڵام جگە لەدەنگی شەپۆلان و دەنگی یەکێك لە کەشتیوانان کە لەناو یەکێك لە کەشتییەکاندا گۆرانی دەگوت، هیچی دیکەی گوێ لێ نەبوو.

مووسا بانگی کرد: خودایە، من دەزانم کەتۆ گوێت لە دەنگی منە بەڵام ناتەوێ وەڵامم بدەیەوە، بێدەنگی تۆ لەوەڕا هاتووە کەبۆچی من نەچوومە کێوی سینا تا ئاخاوتنت لەگەڵ دا بکەم.

بەڵام لەو کاتەدا من ناتوانم قەومی ئیسرائیل بەجێ بێڵم و بۆ ئاخاوتن لەگەڵ تۆدا بچمە کێوی سینا، چونکە قەومی ئیسرائیل لەو بیابانە، کە ئەگەری ئەوەش هەیە سووپای فیرعەون هێرش بهێنێ، پێویستییان بە سەرپەرشتی هەیە.

گەرچی نوون لەوێیە بەڵام من دەزانم کە ریش سپییانی قەومی ئێمە، گوێڕایەڵیی نوون ناکەن و بەو جۆرەی کە قسەی من قبوڵ دەکەن، قسەی نوون قبوڵ ناکەن. ئەگەر من قەومی تۆ بەجێ بێڵم بۆ ئەوەی بچمە کێوی سینا، ئەوا ئەی یاهوو، شیرازەی دیسپلینی ئەوان تێکدەچێ و هەرکەسە دەبێتە خاوەن قسەی خۆی، هەر کامیان بۆ لایەك دەچێ و ئەگەر بکەونە بەر هێرشی سووپای فیرعەون، هەموویان لەناو دەچن.

من دەزانم ئەو رێگایەی کە گرتوومانەتە بەر بەرەو میدیان دەچێ و دەتوانم لە وێوە بچمە کێوی سینا و لەوێ ئاخاوتنت لەگەڵدا بکەم، بەڵام کەسانی قەومی من ئارامگرتنیان نییە، ناتوانن ئارام بگرن تا ئێمە دەگەینە میدیان و من لەوێوە بچمە کێوی سینا.

ئەو رۆژەش مووسا تا نزیکی خۆرئاوا بوون لەسەر گردەکە بوو، داواکارییەکانی قەومی ئیسرائیلی بەخواوەند ڕادەگەیاند و داوای لێدەکرد کە وەڵام بداتەوە، بەڵام هەر چەندێك بانگی کرد وەڵامێکی وەرنەگرتەوە.

ئەو کەشتیوانانەی کە بەکەشتی لە نزیکی لێوار تێدەپەڕین، بە سەرسامییەوە لە مووسایان دەڕوانی و نەیاندەتوانی تێبگەن کە ئەو پیاوە، کە لەسەر گردەکە راوەستاوە و وەکو ئەوە وایە کە قسە لەگەڵ خۆیدا دەکا، لەوێ چ دەکا

ئەوان دەیانزانی ئەوێ بیابانێکی وشك و بەیارە و تاکە نەفەر ناتوانێ لەو بیابانە بژی. هێندێك لەو کەشتیوانانە وایان وێنا دەکرد کە ئەو پیاوە، شوانە و مەڕی لێ بزر بووە و دەیەوێ مەڕەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

هێندێکیش وایان وێنا دەکرد کە مووسا پیاوێکی (زاهیدە) و بۆ زوهد، گۆشەگیری کردووە و بڕیاری داوە ژیانی خۆی بۆ خوایەك تەرخان بکا کە بەناوی وییەوە گۆشەگیری کردووە. چونکە لەو سەردەمەدا لە میسر و وڵاتانی تردا، کە سانێك هەبوون، کە دەستییان لە ژیانی ئاسایی هەڵدەگرت و لەشار یان گوند، دوور دەکەوتنەوە و دەچوونە جێگایەك کە ئادەمیزادی لێ نەبێ.

هێندێك لەوانە لە هەموو ژیانیدا ئاگری هەڵ نەدەکرد، خواردەمەنی ئامادە کراوی نە دەخوارد. لەبەر ئەوەی لە ناوچەیەکی گەرمەسێردا دەژیان، پێویستییان بە ئاگر هەڵکردن نەبوو و ئەگەر نەشیان توانیبایە گیانلەبەرێك راو بکەن بۆ ئەوەی جل و بەرگێك لە پێستەکەی ئامادە بکەن، بە ڕووتی دەمانەوە.

هێندێك کەس وایان وێنا کردووە کە ((رەهبانییەت)) لە ئایینی مەسیحەوە هاتە کایەوە و دوای ئەوەی کە ئایینی مەسیح لە رۆما کەوتە بەر هەرەشە و عیساییەکانیان دەخستە بەردەمی گیانلەبەرانی دڕندە، مەسیحییەکان، بۆ پاراستنی گیانی خۆیان، لە خەڵك دوور دەکەوتنەوە و لە شارو گوندەکان دەچوونە دەرەوە و لە جێگایەك کە کێو بوو، لەناو ئەشکەوتی کێوەکان و لە جێگای دیکە لە دارستان نیشتەجێ بوون. تا دەرەتانیش هەبووایە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ خەڵك دەبڕی. بەو پێیە بنەمای ((رەهبانییەت)) دامەزرا و لە چاخەکانی پاشتردا، تەرکی دنیا کردن و ژیان بە درێژایی تەمەن لە نێو کلێسایەکدا، بوو بە پاژێك لە نەریت.

بەڵام راستییەکەی ئەمەیە کە (رەهبانییەت) ئەوەندە دێرینە کە ناتوانرێ لەرووی مێژووەوە، پێشینەی وی دیاری بکرێ.

لە هیندستان، رەهبانییەت، بەلای کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ دە هەزار ساڵ پێش ئێستا. پیاوانی هیندی، نەریتییان وابوو، کە پاش ئەوەی ژنیان بۆ کوڕەکانیان دەهێنا و کچەکانیان بەشوو دەدا، دە بوونە (رەهبان) و لەکۆمەڵگا دوور دەکەوتنەوە و دەچوونە ناو دارستانێکی دوور لە ئاواییەکان. ئینجا پاشماوەی تەمەنی خۆیان لەو دارستانەدا بەسەر دەبرد و تێکەڵاویی هیچ کەسێکیان نەدەکرد. ئەوانە پابەندی فیکری (ئەو)، مانای (سەرەتا) بوون. سەرەتا، لە زمانی هیندییە کۆنەکاندا، ناوی نەبوو و تەنیا بەڕاناوی سێیەمی تاکە کەس، مانای (ئەو) ناوی سەرەتایان دەبرد و باوەڕیان وابوو کە لەبەر ئەوەی سەرەتا ناناسن، ئەگەر ناوێکی بۆ دیاری بکەن ئەوا کوفرە.



بەڵام تەنانەت (رەهبانییەت) ی هیندییەکان لە دەهەزار ساڵ بەر لە ئێستا، دەسپێکی رەهبانییەت نییە. رەهبانیی بوون بەر لەو سەردەمەیە کە مرۆڤ لە دیاردە سرووشتییەکانی دەترسا، با و بەفر و بروسك و هەور و بوومەلەرزە، ناچاریان دەکرد کە دۆستایەتی دیاردەکانی سرووشت بەدەست بهێنێ تا لە ئازاری ئەوان بەدوور بێ.

لەو سەردەمەدا، کە یەکجار کۆنە و ئێمە نازانین چ سەردەمێك بووە، مرۆڤ لە گۆشەیەکدا دادەنیشت و هەوڵیدەدا کە لە رێگای (زیکر) کردنەوە، مانای دووبارە کردنەوەی ناوی با یان بەفر یان هەور یان بوومەلەرزە یان گیانلەبەری خشۆکەوە ئەوان بکاتە دۆستی خۆی تا لە ئازاری ئەوان بە دوور بێ. ئەمە هەمان پێشینەیە کە لە سەدەکانی پاشتردا بە شێوەی (ریازەت) لە هیندستان و چوونە چلە (لە ئێران و عیراق و سوریا) دا خۆی نواند، لەوانەیە تا ئەمڕۆش شوێنەواری بە تەواوی لە رۆژهەڵات لە بەین نە چووبێ.

لە میسر، لە سەردەمی مووسادا، ئەو کەسانەی کە دەیانویست ببنە (رەهبان)، خۆیان بۆ یەکێك لە خواکان تەرخان دەکرد. ئینجا لە کۆمەڵگا دوورە پەرێز دەبوون و روویان دەکردە بیابان.

هێندێك لەوان، رێگای بیابانەکانی رۆژئاوای میسریان دەگرتە بەر، هێندێکیان لە بیابانی سینا، کە لە رۆژئاوای میسرە، نیشتەجێ دەبوون. لەوەو پاش، لەگەڵ بێبەش بووندا خۆیان ڕادەهێنا تا کۆتایی تەمەنیان دەهات و دەمردن. ئەوە بوو کە ئەو کەشتیوانانە وایان وێنا دەکرد کە مووسا کەسێکی رەهبانە و بۆ زوهد چووەتە سەر ئەو گردە و لەوێ زیکر دەکا.

کاتێك خۆرئاوا بوو، مووسا کە لە بیستنی دەنگی خواوەند نا ئومێد ببوو، گەڕایەوە و ئەوەندە دواکەوت تا هەمووان، لە ئوردووی قەومی ئیسرائیل خەویان لێکەوتبوو.

پاشان چووە ناو ئوردووەکە و خەوت. بەرەبەیانی رۆژی پاشتر، کاتێك ریش سپیان چوار دەوریان گرت تا لە ئەنجامی هەوڵدانی رۆژی پێشتر ئاگادار بن، مووسا گوتی: ئارام بگرن تا دەگەینە میدیان و من بچمە کێو، لەوێ لەگەڵ خواوەند دا ئاخاوتن بکەم و لەوێ داوای لێدەکەم کە سەوزە و شتی دیکە بداتە ئێوە.

ریش سپیان گوتیان: ئێمە چۆن ئارام بگرین تا دەگەینە میدیان. ئەگەر ژن و منداڵەکانی ئێمە سەوزە و پیاز و سیر و باینجان و خەیار نەخۆن هەموویان بە هیلاك دەچن.

مووسا گوتی: ئایا لە بیرتان چۆتەوە کە لە رابردوودا لە میسر چتان دەخوارد. کاتێك کە ئێوە غولام بوون، ماسی بۆگەنیان دەرخواردی ئێوە دەدا، ئێستاکە خواوەند هەموو رۆژێ نانی تازەتان دەداتێ کەچی سکاڵاتانە کە سیرو پیاز و سەوزە و باینجان و خەیارتان نییە.

ریش سپیان گوتیان: ئەی مووسا، ئایا تۆ ئێستا، کە پیاوێکی گەورەی و پێت ناوەتە قۆناغی پێگەیشتووییەوە، دەتوانی هەروەکو سەردەمی منداڵی خۆت بژی؟ ئێمەش ئاوا ناتوانین وەکو سەردەمێك بژین کە غولام بووین.

مووسا ئەو رۆژە نەیتوانی مەرامی قەومی ئیسرائیل بەجێ بێنێ و لە رۆژانی دیکە شدا نەیتوانی لە عۆدەی مەرامی ئەوان بێ. بەڵام لەو رۆژە بەدواوە تاکو ئەو رۆژە کە مووسا لە ژیاندا بوو، قەومی ئیسرائیل سکاڵایان لەو دەکرد و هیچ ئامۆژگارییەك ئەوانی رازی نەدەکرد.

* * *

لێرەدا بەسەرهاتی مووسا، دانانی هاوارد فاست کۆتایی دێ.

لەوانەیە خوێنەری بەرێز بپرسێ لەبەر چی ئەو نووسەرە ئەمریکاییە، بە سەرهاتی مووسای بە ناتەواوی بەجێ هێشت و رووداوەکانی ژیانی ئەوی تا کاتی مردن، درێژە پێنەداوە؟

راستییەکەی ئەوەیە کە هاوارد فاست دەیویست ژیانی مووسا تا ئەو زەمەنەی کە وەکو پێغەمبەر رەوانەکرا، لە رووی مێژووی کۆنی میسرەوە بنوسێتەوە. چونکە مێژووی ژیانی مووسا، دوای ئەوە کە بوو بە پێغەمبەر، لای هەمووان ئاشکرایە، کەس نییە ئەگەر خوێندەوار بێ، نەزانێ رووداوەکانی ژیانی مووسا پاش ئەوەی کەبووە پێغەمبەر، چۆن بووە.

بەڵام مێژووی ژیانی مووسا بەر لە پێغەمبەریی لای هەمووان نەزانراو بوو، هاوارد فاست، لە رووی روون کردنەوەی مێژووی مووسا لە سەردەمانی منداڵی و لاویدا، بە هەقیقەت خزمەتێکی شایانی پێشکەش بە کولتوری گشتی کردووە. ئێمەش، ئەوەی کە



هاوارد فاست نووسیویەتی وەرمان گێڕاوە و خستوومانەتە بەر چاوی خوێنەران. هەموو ئەوەی کە هاوارد فاست لە بارەی سەردەمی منداڵی و لاویی مووسا گوتوویەتی، بۆ ئێمە شتگەلێکی تازە بوون.

لە لاپەڕەکانی رابردوودا و لە هێندێك لە بەشەکانی کتێبەکەدا، گوتمان کە شولم ئاش، زانای هاوچەرخی یەهودی، راستیی نووسراوەکەی هاوارد فاستی لە بارەی مێژووی ژیانی سەردەمی منداڵیی و لاویی مووسا، پشت ڕاست کردۆتەوە. ئەو پیاوە، بۆ خۆی یەکێکە لە مێژوو نووسانی مووسا، کتێبەکەی ئەو بەناوی موسس (مووسا) لە کتێبە کلاسیکیەکانی مێژووی پێغەمبەری بەنی ئیسرائیلە، سەرەڕای ئەمە، چەند کتێبی تریشی هەیە.

سەرچاوەکانی هاوارد فاست بۆ نووسینی ئەم مێژووە بە پلەی یەکەم بەڵگەنامە مێژووییەکانی پەیوەست بە میسرە کەلە بەریتانیا و فەرەنسایە.

لە بەریتانیا و فەرەنسا بەڵگەنامەی پەیوەست بە میسری کۆن زۆرن. زانایانی بەریتانیاو فەرنسا، لەمیسر، توێژینەوەی مێژوویییان کردووە و بەڵگەنامەی زۆریان بەدەست هێناوە و گواستوویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئێستا ئەم بەڵگە نامانە، لە مۆزەخانە و کتێبخانەکانی ئەم دوو وڵاتەدا هەن.

سەرچاوەگەلی تری هاوارد فاست، بۆ نووسینی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەی مێژوویی دامەزراوەی مێژووی ئەمەریکایە. دوای ئەوەی کە نووسەر بەشێك لە بەسەرهاتی مووسای لەم سێ سەرچاوەیە وەرگرت، رووی کردە میسر. لە میسریش توانی سوود لە بەڵگەنامە مێژووییەکان وەربگرێ.

مێژووی کۆنی میسر، لە قۆناغی بیست و چوار زنجیرەی پاشاکانی ئەو وڵاتە، لە ئەنجامی کۆششی زانایان، نووسراوەتەوە. ئەمڕۆ هەموو کەسێك دەتوانێ ئاگاداری ئەو مێژووە بێ، ناوی یەکە بە یەکەی پاشاکان بخوێنێتەوە، تێبگا کەلە قۆناغی پاشایەتی هەر یەکێك لەوانە چ رووداوێك روویداوە و وەزعی ژیانی میللەتی میسر لەهەر چاخێکدا چۆن بووە.

زانایان، تەنیا لە بواری شێوازی گۆکردنی ناوی پاشاکانی میسر و هێندێك وشەی دیکەدا جیاوازییان لە نێواندا هەیە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە هیچ کەسێك ناوی پاشاکانی میسر و وشەکانی تر، کە جیاوازییان لەسەرە، بە گوێی خۆی گوێ لێ نەبووە و تەنیا خوێندوویە تییەوە. ئەمڕۆش ئێمە ئەگەر هێندێك لە زمانەکان (بۆ نموونە ئینگلیزی) بە

گوێی خۆمان نەبیستین، ناتوانین بەڕاستی وشەکە گۆ بکەین، چونکە بەشێکی زۆری وشەکانی زمانی ئینگلیزی، بەو جۆرەی کە دەنووسرێ، هەر بەو جۆرەش ناخوێندرێتەوە.

جگە لە شێوازی خوێندنەوەی وشە میسرییەکان، زانایانی میسرناس، لە بارەی دەقی مێژووی کۆنی میسرەوە، هیچ جۆرە جیاوازییەکیان لەنێواندا نییە.

سەرەڕای ئەوەی کە مێژووی کۆنی میسر نووسراوەتەوە، نابێ وا وێنا بکرێ کە هاوارد فاست بە ئاسانی لە دۆزینەوەی بەڵگەنامەکانی پەیوەست بە ژیانی سەردەمی منداڵی و لاویی مووسا، سەرکەوتوو بووە، ئەو چەند جارێك ناوی مووسای لە مێژووی میسر وەرگرت و درێژەی پێدا، پاشان سەرنجی دا کە هەڵەی کردووە، چونکە ناوی مووسا لەمیسری کۆن، ناوێکی باو بووە و تەنانەت لە سووپای میسر، کە بۆ جەنگ چووە سەرزەوینی کۆش (وەك لەم بەسەرهاتەشدا راڤە کراوە) چەندین ئەفسەری بەناوی مووسا تێدا بوو. ئەو ناوانە، هاوارد فاستی تووشی هەڵەکردن دەکرد. ئەو، دەبووایە دیقەت بدا کە خاوەنی ئەو ناوانە، لەگەڵ مووسای فەرماندەی گالیسکە جەنگییەکان و پێغەمبەری ئایندەی قەومی ئیسرائیل، تێکەڵ نەکا.

ڕێسای گشتی بەمجۆرەیە کە پیاوانی مەزن، پێش ئەوەی بچنە قۆناغی گەورەیی، ناویان ونە یاخوود کەسانی ناسراو نین و هەر بۆیە رووداوەکانی ژیانی ئەوان، پێش ئەوەی بگەنە قۆناغی گەورەیی، لە جێگایەك تۆمار ناکرێ.

مووسا، گەرچی بەرواڵەت شازادە بوو، بەڵام بەو جۆرەی کە بینیمان، بە شازادەیەکی دەرکراو، دەژمێردرا، پێویستیی حاڵ، وای دەخوازی کە رووداوەکانی تایبەت بە ژیانی وی لە مێژووی میسردا تۆمار بکرێ.

ئەو کارەی کە هاوارد فاست، بۆ بەدەست هێنانی سەرچاوەکانی ئەم بەسەر هاتە کردی، بە باوەڕی من، لەو کارە گەورەترە کە ((رنان)) نووسەری ناسراوی فەرەنسی لەسەدەی نۆزدەیەمی زایینی بۆ نووسینی مێژووی حەزرەتی مەسیح ئەنجامی داوە.

لەبەر ئەوەی لەبارەی حەزرەتی مەسیح بەڵگەنامەی مێژوویی زۆر لەبەر دەستدایە و لە شازدە سەدەوە تا دەگاتە ئێرە، کڵێساکانی کاتۆلیك و ئەرسەدۆکس، لەسەدەی دوایشدا کڵێسای پرۆتستان، بەڵگەنامەی پەیوەست بە ژیانی حەزرەتی مەسیحیان کۆکردۆتەوەو تۆمارییان کردووە. بە تایبەتی لە کتێبخانەی ڤاتیکان لە رۆما، بەڵگە نامەیەکی زۆر و تۆمارکراو لە بارەی ژیانی حەزرەتی مەسیح، دەست دەکەون. بەڵام لە بارەی ژیانی



سەردەمی منداڵی و لاویی مووسا، بەڵگە نامەیەك نەبوو. دوای ئەوەی کە زانایان، بەڵگەنامە مێژووییەکانی میسری کۆنیان بەر دەست کەوت، ئینجا ئەو بەڵگە نامانە بەدەست هاتن. لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو خەڵك دەستی پێڕانەدەگەیشت، هاوارد فاست دەبووایە لە نێو کۆمەڵە بەڵگەنامەکانی مێژووی میسردا، توێژینەوە بکا تاکو ئەو بەڵگەنامانە بەردەست بخا و پاشان تۆماریان بکا و ئینجا دەست بە نووسینی بەسەر هاتەکە بکا.

بەو جۆرەی کەلەم بەسەرهاتەدا بینیمان، کاری گەورەی هاوارد فاست، تا ئەو کاتەی کە مووسا بە پێغەمبەر رەوانە نەکرابوو، لایەنێکی مێژوویی هەبوو، ئەو لە سنووری مێژوو، تێپەڕی نەدەکرد.

بەڵام دوای ئەوەی کە مووسا بە پێغەمبەر رەوانەکرا، هاوارد فاست، ریوایەتی مەزهەبی هێنایە ناو بەسەر هاتەکە و چەند جارێکیش دەڵێ کە لەرووی ناچارییەوە ئەم ریوایەتانەی هێناوەتە ناو بەسەرهاتی مووساوە.

ئەم بابەتە گەرچی لەرووی مێژووییەوە بەسەرهاتی هاوارد فاستی، خاو کردەوە، بەڵام بەڵگەی راستگۆیی و دەستپاکی نووسەرە.

هاوارد فاست کاتێك بینی کە ئیتر ناتوانێ رووداوەکانی ژیانی مووسا بە بەڵگەی مێژوویی ئاراستە بکا، ناچار بوو کە ریوایەتی مەزهەبی بێنێتە ناو بەسەر هاتەکەی خۆی، بەڵام لەم بەشەشدا تا ئەو جێیە کە مێژوو رێگای پێدەدا، یاریدەی لە بەڵگەنامەی مێژوویی وەرگرت، هەروەکو لە بارەی نقووم بوونی سەربازانی فیرعەون ، لە کاتێکدا کە بەدووای قەومی ئیسرائیل کەوتبوون، لە رێگای دیاردەیەکی سروشتی و مێژووییەوە، نقووم بوونی سەربازانی فیرعەونی، لێك دایەوەو ئاراستە کرد.

باوەڕی هاوارد فاست لە بارەی برای مووسا، لەگەڵ ریوایەتە مەزهەبییەکان جیاوازی هەیە.

لە ریوایەتە مەزهەبییەکانی قەومی ئیسرائیل، برای مووسا، کە لە کاروباردا یاریدەی وی دەدا، بە (هارون) ناسراوە. لە بەسەرهاتی هاوارد فاست دا- هەروەکو خوێندمانەوە- ناوی برای مووسا، نوونە. نوون، یەکەمجار غولامی مووسا بوو و مووسا، بۆ ئاژۆتنی گالیسکەکەی خۆی، ئەوی کڕیبوو، پاشان بە برای خۆی بانگی دەکرد، نوونیش وردە وردە راهات کە مووسا بە برای خۆی بزانێ.

هاوارد فاست، خۆشی لەبارەی لێك جیایی ناوی نوون و هارون، روون كردنەوەی نەداوە بەڵام گوتوویەتی كە مووسا و نوون لەیەك تیرە بوون، نوون، باوكی مووسای دەناسی.

بەڵام شولم ئاش، زانای هاوچەرخی یەهودی، هەردوو ناوی نوون و هارون بەیەك شت دەزانێ. ئەو باوەڕی وایە كە نوون هەمان هارونە، بەڵام بەشێك لە وشەكە، كەم بۆتەوە و نوونی یەكەم كەلە پێش پیتی واو بووە، كەوتووە و لە كتێبە مەزهەبییەكانی یەهودییەكاندا، ناوی هارون بە شێوەی ئارسون (ئارثون) تۆمار كراوە.

ئێمە ناچینە ناو ئەم بەشەوە چونكە دۆزینەوەی ریشەی زاراوەی زمانە كۆنەكان كاری ئەو كەسانەیە كەلەو بوارەدا شارەزان و سەرچاوەی تەواویان لەبەر دەست دا بێ، بتوانن سوود لەو سەرچاوانە وەربگرن كەلە كتێبخانەكانی لەندەن، پاریس، بەرلین، رۆما، كتێبخانەی كۆنگریسی ئەمەریكا و كتێبخانەی مۆسكۆدا، هەیە.

بۆ كاری زاراوە ناسی، زماناسی پێویستە و دەبێ زمانەكان بزانرێ، تا بتوانرێ لە بارەی زاراوەكانەوە، گۆشە نیگایەك بخرێتە ڕوو. منی وەرگێڕ، لەوە نەزان ترم كە بچمە نێو مەیدانی زاراوەی زمانە كۆنەكانەوە. ئەگەر جاروبار لەمبارەیەوە شتێك دەڵێم لە ئینسكلوپیدیاكان یان لە كتێبەكانی توێژەرانەوە وەرگیراوە، كە ئەویش بە مەبەستی شیكردنەوەی چەمكی كۆمەڵە بابەتێكە كە وەردەگێڕدرێ نەك بەمەبەستی منەت فرۆشتن كە لە بیركورتییەوە سەرچاوەی گرتووە.

((زەبیحوڵڵای مەنسوری)).